

# بابەت و وەرگێڕاوەکانی

## هاوڕێ تەها رەحیمی

-----------------

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

**بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٢ ...................... لاپەڕەی: ٧**

١- نەورۆز، جەژنی کۆنی کوردەواری هاتەوە...

٢- جینایەتی جەنگی لە سووریە...

٣- تاوان، پووانێک بۆ بەرزبوونەوەی پلە و پایە...

٤- یاریی دیپلۆماسی؛ نیزیک بوونەوەی ئێران لە ئامانجە سەربازییە ناوکییەکان...

٥- جامی ژەهرێکی دیکە یا کایەی کات کڕین...

٦- پەرەگرتنی گرژییەکانی نێوان ئازەربایجان وکۆماری ئیسلامی...

٧- سووریا، ئەو بەهارەی بە خەزان دەستی پێ کرد...

٨- ئاوڕدانەوەی سەرانی ڕێژیم لە خەڵکی بوومەلەرزە لێدراو!...

٩- تێرۆری میکۆنووس، شرۆڤەی تێرۆرێکی سیاسی(وەرگێڕان)...

١٠- هۆکارەکانی ئێعدامی بە کۆمەڵی بەندییە سیاسییەکانی ساڵی ٦٧ و شوێنەوارەکانی(وەرگێڕان)...

١١- گووشارە ئابوورییەکان ئاستی خۆڕاگریی خەڵکی بە تەواوی دابەزاندوە(وەرگێڕان)...

١٢- کاروانی ڕاهیانی نوور، زیندوو کردنەوەی ئایدیۆلۆژی شەڕ...

**بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٣ ...................... لاپەڕەی: ٤٨**

١٣- ستراتیژیی دامەزرانی قەڵغانی مووشەکی لە تورکیە و کاردانەوەی ئێران...

١٤- مەشخەڵی کۆماری کوردستان ناکوژێتەوە(وەرگێڕان)...
١٥- خامنەیی، خەڵکی ئێران بەرەو چلەکێشی دەبا...
١٦- ئەحمەدی نژاد شوالیەی تاریکی(وەرگێڕان)...
١٧- نەورۆز توخمی هاوبەشی شوناسی نەتەوەی کورد...
١٨- گەمەی دیپلۆماسی بێ ئاکامی بەرنامەی ناوکی...
١٩- زمان ڕەنگدانەوەی هزرە لە پەراوێزی نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانەی کۆمەڵگەی کوردستان بە سووکایەتیکردن بە ژن...
٢٠- ستراتیژیی زلهێزەکان لە شەڕی نێوخۆیی سووریە...
٢١- بایکۆت و بەشداری سیاسی کورد لە رۆژهەلات...
٢٢- سیاسەتی چەند زمانی لە ئێران، پێویستییەکی ئەخلاقی یان هەڵبژاردنی سیاسی؟(وەرگێڕان)...
٢٣- کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ ناتوانێ چارەسەری قەیرانی سووریە بکا؟(وەرگێڕان)...
٢٤- لێدانی سووریە؛ گۆڕینی بالانسی هێز یان شەڕی هێژمۆنی...
٢٥- سەربازیی زۆرەملی بە چ مەبەستێک!...
٢٦- مرۆڤ لە نێوان بەرداشی گۆڕانو نەگۆڕاندا...
٢٧- رووخان یان نەڕووخانی سیستمی کۆماری ئیسلامی...
٢٨- وتوویژ دەگەڵ کۆماری ئیسلامی؟!...
٢٩- رێککەوتنی ژنێڤ دەسپێکی کایەیەکی نوێی دیپلۆماسی...

بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٤ ...................... لاپەڕەی: ١٠٣

٣٠- کوردستان! دەنگ بدەی‌و نەدەی هەر ئەوە بەشتە!...
٣١- ژنێڤی دوو...
٣٢- پێوەندیی ئێرانو تورکیە، لە سایەی قەیرانی سووریەدا...
٣٣- ئایا کریمە، جیهان بەرەو گرژی زیاتر دەبا؟...

٣٤- ساڵی ٢٠١٣، خراپترین ساڵ بووە بۆ ڕۆژنامەنووسان...
٣٥- ئاغای کۆنسوول کوردستان پاشنە ئاشیلی ئێوەیە!(وەرگێڕان)...
٣٦- پێکهەڵکردن و تۆلێرانسی ئایینی لە رۆژهەڵاتی ناڤین...
٣٧- تەرازووی لاسەنگی بەڵێنیو کردەی دەوڵەتی ڕوحانی...
٣٨- وتوویژی رۆژنامە کوردستان لەگەڵ یوسف بەنی ترۆف لەسەر کاریگەرییە سیاسییەکانی چالاکییەکانی داعش لەسەر موسلمانانی رۆژهەڵاتی ناڤین(وەرگێڕان)...
٣٩- گرنگیی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن...
٤٠- ڕۆژی جیهانیی ژینگەو ژینگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان...
٤١- کۆبانی، بووژاندنەوەی مەعریفەی رەسەنی کوردو پێگەی ژن...
٤٢- شۆڕشی فەرهەنگی، دابڕینی کەشی زانکۆ لە پێشڤەچوونی زانستەکان...
٤٣- لە پەراوێزی راپرسییەکەی دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامی لە مهاباد...
٤٤- مێژوویەکی پڕ لە ئوستورە و بەرپرسی ئوستورەساز...

**بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٥ ....................... لاپەڕەی: ١٤٦**

٤٥- گورزی گورچووبڕی نەوت لەسەر ئێران و رووسیە...
٤٦- پێوەندیی قووڵی شەڕو رەوینەوەی داتەپینی ئابووری...
٤٧- سیاسەتی ئەمریکا گۆڕینی رەفتاری رێژیمە...
٤٨- لێکتێگەیشتنی ناوکی، ئارامی بەر لە تۆفان(وەرگێڕان)...
٤٩- لاپەڕەی نوێ، بە تێڕامانێکی نوێوە...
٥٠- شێوازی ئاخاڤتن و کاریگەرییەکانی لە پەراوێزی جاشایەتیدا...
٥١- سونامی کۆچ و هەڵە مێژووییەکانی زلهێزان...
٥٢- لاپەڕەی نوێ «منفی در منفی، منفی است منفی در مثبت، مثبت است»...
٥٣- پەروەردەی سەقەت، لە ژێر دەسەڵاتی سەقەتدا بە بیانووی دەسپێکی ساڵێکی نوێی خوێندن...

٥٤- هەڵبژاردنەکانی ئێران و ستراتیژی بزاڤی ڕۆژهەڵات...

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٦ ........................ لاپەڕەی: ١٧٥

٥٥- شەڕی ئابووری ڕێژیم دژی ڕۆژهەڵات...

٥٦- هەڵبژاردنەکانی ئێران و هەڵوەستەیەک لەسەر هەڵوێستی کورد...

٥٧- خۆکوژی، کودیتا لە ژیان...

٥٨- ناتۆ و رووسیە یاریی بە ئاگر دەکەن (مەترسیی شەڕی ناوکی) (وەرگێڕان)...

٥٩- ناتەبایی زانکۆ و سیستمی کۆماری ئیسلامی...

٦٠- خۆڵبارین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کەمتەرخەمیی دەسەڵات...

٦١- ئێرە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە!...

٦٢- کرماشانەکەم ئەی خاک زیرین هاو زاراوەکەی بەدرە و خانەقین...

٦٣- پراکتیزەی ماددەکانی ١٥ و ١٩ی قانوونی بنەڕەتی یان پیلان!...

٦٤- داعش بۆ کورد نامۆ نیە...

٦٥- دەنگی گڕ و قرچنی زەنگی قوتابخانەکان...

٦٦- شوناس بەخشە بێ شوناسەکان...

٦٧- بە بووکەڵەوە مێرد کردن...

٦٨- کێشە و ئارێشەی زیندانیە سیاسیەکان لە زیندانەکانی ئێراندا(وەرگێڕان)...

٦٩- ڕەوشی میدیا لە حکوومەتی ویلایەتی فەقیهی ئێراندا(وەرگێڕان)...

٧٠- مێژوویەکی پڕ لە گومان و ئوستوورەیەکی ئەفسانەیی...

٧١- سیستمی نائەمنی گواستنەوە و ڕێگەوبانی ئێران...

بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٧، ٢٠١٨، ٢٠١٩ ...................... لاپەڕەی: ٢٢٥

٧٢- دۆخی نالەباری ژینگەیی ئێران و هاواری پەنگخواردووی جەماوەر...

٧٣- ناسیۆناڵیزم لە گوتاری بزاڤی ڕزگاریخوازییەوە هەتا کۆمەڵگە...

٧٤- بێهەڵوێستیی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات دەنێوان بەرداشی بناژۆخواز و ڕیفۆرمخوازاندا...

٧٥- چەمکی پێشمەرگە لە نێو گەلی نیشتمان داگیرکراوی کورددا...

٧٦- ڤاڵنتایەکەمان جوانە...

٧٧- بانە کۆتایی و دەستپێکی پیلانێکی بەربەرین...

٧٨- بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات، خوولانەوە لە دەوری بازنە...

٧٩- پرسی زمان بەر لەوەی بابەتێکی سیاسی بێ، پرسێکی کۆمەڵایەتییە...

٨٠- بێکەس بوون، نەبوونی کەسوکار نیە...

٨١- ئایا حدک بەها نەتەوەییەکان کاڵ دەکاتەوە؟...

٨٢- پرۆژەی ئەتکی روحی کورد تەنیا یەکرێزی تێکدەشێنێ...

# نەورۆز، جەژنی کۆنی کوردەواری هاتەوە

ململانێی مرۆڤ و سروشت بە درێژایی هەزاران ساڵ و تەنانەت زیاتر بوو بە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ لە دارِشتنی کەسایەتی و بوون و مانی خۆیدا بۆنە و بابەتی جۆراوجۆر بخوڵقێنێ کە زۆربەیان ئێستاشی لەگەڵ بێ تانوپۆی ژیانی مرۆڤیان لەخۆ گرتوە. سەرما و گەرما تووڕەیی و هێوری، بریسکەو باو باران و... هەر هەموو دیاردەکان بۆ مرۆڤێک کە شەڕی مان و نەمانی دەگەڵ هێزێکی بانئاسایی و نەناسراو و بێ بەزە دەکرد کاریان کردە سەر رەوتی ژیانی و نەمامی بیروباوەڕیان قۆناخ بە قۆناخ هەڵچنی و هەر کام بە جۆرێک کاریگەریان هەبووە لەسەر رەوتی ژیانی پڕ لە مەینەتیی تا بۆ درێژەی ژینی لە سەر ئەم گۆ گڵینە هزرو بیری خۆی پشت بە پشت بۆ نەوەکانی دوای خۆی بە جێ بێڵێ. لەم پێناوەدا لە چوار قورنەی دنیادا هەر خێڵ و عەشیرەو کۆمەڵەو نەتەوەو ئایین و رێچکە هزرییەکان بە پێی کات و ساتی داهاتن و پێکهاتن بۆنە و رێوشوێنی تایبەتیان دامەزراندوە کە ئەم بۆنانە بەرەبەرە لە گەردەلوولی مێژوودا گۆڕانیان بەسەردا هاتوە شتیان لێ زیاد کراوە، پاژێکیان لێ قرتاوەو بە پێی پێویستیی خاوەنەکانیان هەڵشێلدراونەتەوەو تەنانەت زەوت کراون، چەواشە بوون و بەلارێدا براون و بە هەزاران چیرۆکی دیکە. کە لەم نێوەدا ئەوانەی کە زیاتر بندەست بوون زیاتر پێخوستی گێژەڵووکەی دەسەڵاتی تیژپەڕی ئاژاوەگێڕان و سەربە گۆڵمەزان هاڕیونی. ئەو نەتەوانەی بە رێکەوت و بە ئانقەست ملکەچ کراون دەگەڵ شێواندنی کەسایەتی و مێژووو شانازی و کەلەپوورو فەرهەنگەکەیان، دەسکەوتەکانی زووشیان بە تاڵان براوەو لە بیروڕای گشتی دا بێ هیچ شانازی و سەروەرییەک ماونەتەوە. گەلی کورد کە بە سەدان ساڵە وڵاتەکەی داگیر کراوەو جار دوا جار پارچە پارچە کراوە، دەسکەوتەکانیشی بە تاڵان براوەو لە لایەن داگیرکەرانەوە بۆنە و شانازییەکانیشی وەک خاکەکەی کەوتۆتە بەر راووڕووتی زۆردارانەوە. نەورۆز یەکێک لەم بۆنانەی وڵاتی کوردەوارییە کە سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی داگیرکەران بۆ داماڵین لە مۆرکی کوردەواری هێشتا هەر رەنگ و بۆنی کوردی و ئایین و دەنگی کوردی لێوە دەبینرێ و دەبیسترێ. داگیرکەران ئەگەرچی ئەم بۆنەیەیان بۆ نەدزراو نەیانتوانی مۆرکی کوردی لێ بتەکێنن و کوردیش لەنەورۆز داماڵن هەنووکە بووەتە بۆنەیەکی ئازادیخوازی و (اعلانی موجودیت) لە گۆرەپانی خەبات و تێکۆشاندا بۆ کوردو، کورد لەهیچ بۆنەیەک دا بە قەدەر نەورۆز یەکگرتووانە دەر ناکەوێ.

لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاخێزگەی چەند ژیاری کۆن و ئایینی گەورەی جیهانی و لە بۆنەو رێوڕەسمەکانی چەند نەتەوەدا بە شکۆو مەزنایەتییەکی زۆرەوە باس لە نەورۆز دەکەن و لە یەکەم رۆژی بەهاردا بە رێوڕەسم و خۆئامادە کردنێکی زۆرەوە بە پێشوازییەوە دەچن. ئەگەرچی روانگەو بیروبۆچوونێکی زۆر لەسەر ئەم بۆنەیە هەیە بەڵام

ڕوانگەگەلێکی یەکدەست و یەک ئاراستە بەدی ناکەین. تەنیا ئەوە نەبێ کە زۆربەیان هۆکاری وەک گۆڕانی کەشوهەواو وەرزی ساڵ لە سەردەمانی مرۆڤە سەرەتاییەکان بە ئاخێزگەی ئەم بۆنەیە دەزانن کە لەم پێوەندییەشدا زیاتر ناوی بابێل بەرچاوە. پاشان هێندێک لەسەر ئەم بڕوایەن کە نەورۆز ملکی ئیلام، کاسی، گوتی، ئۆرارتۆری و گەلانی بەر لە هاتنی ئارییەکانە چونکی مرۆڤی دانیشتووی نێوان دوو زێ و کوێستانەکان و دەوروبەری ئەم ناوچەیە بە ئاژەڵداری و وەرزێری دەژیان و دەگەڵ کۆچی ساردو سۆڵی و شکانی تەزوو و هاتنی شیناوەرد و تفاق و خواردن کە دیارە پتری مرۆڤیش هەر بە گیاوگژ ژیاوەو توانیویە لە کونەکانی خۆی بێتە دەرو قۆناخێکی نوێی تێکۆشان دەست پێ بکا، وەک شتێکی پیرۆز چاوی لەم گۆڕانە کردووەو ڕێزی لێ گرتوە. هەروەها کەسانێکی دیکەش هەن کە بە داب و داهێنراوی خودی ئارییەکانی دەزانن. بە هەر حاڵ زیاتر لەوەی لەسەر ناڕۆین چونکی ڕوانگەو تیۆری و گریمانەی زۆر لەمبارەوە هەیەو لە لایەکی دیکەشەوە هەر پادشاو دەسەڵاتدارو نەتەوەیەک بە قازانجی خۆی گریمانەو تیۆری بۆ نەورۆز داتاشیوەو دادەتاشێ و بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆی پێوە هەڵداوەسن و چیرۆک و ئەفسانەی بۆ دەهۆننەوە. خاڵێکی جێگەی رامان هەر ئەوەیە زیاتر ئەم بۆنەیە لە زۆربەی ڕوانگەکاندا نیشانی نوێبوونەوەو ژیانەوەو ژیاندنەوەیە. لەم سەردەمەدا کوردی هەموو پارچەکان، لە ئێران، تورکیە، ئەفغانستان، تاجیکستان و ئەرمەنستان بەگەرمی بە پێشوازی نەورۆزەوە دەچن.

بیروبۆچونەکان و گریمانەکان لە لایەکەوە هێند زۆر و لە لایەکیشەوە هێند لێک دوورن کە زۆر هەڵدەگرێ و هەروەها هەر نەتەوەو تەنانەت پاشاو بنەماڵەیەکی دەسرۆیشتوو و دەسەڵاتدارێک لە ڕێگەی جۆراوجۆرو تئۆریی جیاوازەوە ریشەو ڕەچەڵەکی خۆیان بە جۆرێک لە جۆرەکان دەبەنەوە سەر نەورۆز و خۆی پێوە هەڵداوەسن تا کۆن بوون و ماکەکانی هەژمۆنی خۆیانی زیاتر پێ داکوتن.

بەڵام هەر چییەک بێ دەتوانین بڵێین نەورۆز یەکەم ڕۆژی ساڵ و ڕۆژێکی نوێ لە وەرزێکی نوێ و سەرەتای دەسپێکی قۆناخێکی دوورودرێژە لە تێکۆشان و ژیان، هەروەها ئاورکردنەوەکەش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاور رۆلێکی گرنگی لە ژیانی مرۆڤدا هەبووەو دۆزینەوەی ئاور خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەرانبەرە بە داهاتنی چاپ لە سەردەمانی دواتر. یا ئەوەی وەک دەڵێین پێوەندیی بە ئایینی زەدەشتییەوە هەبێ، ئەگەرچی بە پێی لێکۆڵینەوەکان لە کتێبە پێرۆزەکەی ئاوێستادا باس لە نەورۆز کراوە بەڵام سەرچاوەو بابەتی داهاتنی ئەم بۆنەیە باسی لێ نەکراوە. کە ئەمەش بەبڕوای هێندێک لە خاوەن ڕایان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی بەشەکانی ئاوێستا فەوتاون و دواتر لە سەردەمی ساسانییەکاندا نووسراونەتەوە.

بابەتێکی حاشاهەڵنەگری کورد ریشەی هزرو بیروباوەڕی ئەم نەتەوەیە لە ئایینی زەردەشتی کە هەتا ئیسقان بە فەرهەنگ و هەڵسوکەوتی ئێستاکەی ئەم نەتەوەیەشەوە هەر دیارە. هاتنی ئایینی ئیسلام نەبووە هۆی ئەوە

کوردەکان وەک زۆربەی وڵاتانی (سوریە، عێراق، میسر، لوبنان و ......) بە عەرەب ببن (مستعرب) هێشتا پشتێنی سێ گرێ باس لە ئاکاری باش، کرداری باش، گوتاری باشی زەردەشت دەکا و زۆربەی خوو و عاداتی کوردان دەگەڕێتەوە سەر ئەم ئایینە مەزنە کە سەرچاوەو ئاخێزگەکەی و تەنانەت هەروەک دەوترێ پێغەمبەرەکەشی لە باب و باپیرانی کوردەو کتێبە پیرۆزەکەشی بە زمانی مادی نووسراوە. بە هەر حاڵ زۆر وتن لە سەر هێندێک بابەت کە گرووپ و کۆمەڵێکی زۆر خۆی بە خاوەنی دەزانن و بۆ بەدبەختی کوردیش لە بەر ئەوەی کە بندەست بووەو نەیتوانیوە بە گوێرەی پێویست کاری بۆ بکا و بەڵگەو دیکۆمێنتی بۆ بدۆزێتەوەو تەنانەت ئەو بەڵگەو دیکۆمێنتانەی هەشی بووە گۆڕیوەو لێیان دزیوەو بە ناوی نەتەوە باڵادەستەکانەوە لە جیهان دا ناسراون وتۆمار کراون ئاکامێکی لێ ناکەوێتەوە. ئەوەی بەرسەرنجی ئەم نووسینەیە گرنگیی بۆنەی نەورۆز لە کاتی ئێستا دایە کە لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە گوڕو تینێکی زۆرەوە بەڕێوە دەچی و جگە لە باشووری کوردستان کە هێندێک لە مافەکانی دەستەبەر بووەو حکوومەتێکی کوردی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە لە پارچەکانی دیکە نەورۆز وەک بۆنەیەکی جیاکەرەوەی کورد چاو لێ دەکرێ و بووەتە دەرفەتێک بۆ خۆ پێناسە کردنەوەو دەگەڵ بەڕێوەبردنی رێوڕەسمی بەشکۆ و تایبەتەوە رۆژێکە بۆ دەربڕینی بێزاری لە داگیرکەران و هێنانە ئارای داواو داخوازییە نەتەوەییەکان. کە ئەم رێوەڕەسم و بۆنە خۆشییانە لە باکووری کوردستان بە لوتکەی خۆی دەگاو ساڵانە جەژنێکی بە شکۆ لە دیاربەکر ناوەندی ئەم پارچەیە بەڕێوە دەچێ. لە رێوڕەسمەکانی شاری دیاربەکردا کە هەموو ساڵێ دەیان هەزار کەس ئامادەی دەبن ناسنامە و پێگەی سیاسی و داخوازییەکانی دیکە بەرز دەکرێنەوەو تەنانەت چەند رۆژ پێش نەورۆز ئامادەکارییەکانی رۆژی نوێ دەست پێ دەکرێن. لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش لە شارو گوندەکان زۆر بە شکۆوە بەرەو پیلی ئەم بۆنەیەوە دەچن و کوردستان یەکدەست رێز لەم بۆنەیە دەگرن. هەروەها سەرەڕای نەورۆز سێزەبەدەریش هەروەک چوارشەمە سووری لە رۆژهەڵات بە شکۆیەکی مەزنەوە بەڕێوە دەچێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی مارچی ٢٠١٢

---------------------------------------------------

## جینایەتی جەنگی لە سووریە

هەڵچوونی گشتیی گەلانی عەرەب زیاتر بەرهەمی ناکارامەیی سیاسی،کۆمەڵایەتی، ئابووری و هتد ئەو حکوومەتە سیکۆلار و دیکتاتۆر و گەندەڵانە بوو کە هەر کام ماوەی چەند دەیە وڵاتەکانیان بۆ خەڵکەکەیان کردبووە زیندانێکی بەربەرین و پشتیوانیی دەرەکی و هێندێک لە زلهێزەکانیان بۆ لای خۆیان راکێشابوو. دیارە هەر بەرەو

هێزێک زیاتر بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان وەک داردەست و ئەهروم کەڵکیان لە چینی دەسەڵات بەدەستی ئەو وڵاتانە وەردەگرت. ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرانە بە کڕین و دابین کردنی تاقمە خەڵکێک لە نێوخۆی وڵاتەکەیاندا توانییان لەسەر حیسابی ئەو خەڵکەی دەیانچەوساندنەوە پێگەو سەنگێک لە کۆڕو کۆمەڵە نیونەتەوەیی و ناوچەییەکان بۆ خۆیان دابین بکەن.

ساڵێک زیاتر لەم قۆناخە ناسک و هەژێنەرو پێچەڵاوپێچ و سەرەنجام ناڕوونەدا تێدەپەڕێ و وڵاتانی جیهان لە دوو بەرەدا لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەییدا لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا کەوتوونەتە تای تەرازووی دیکتاتۆران و دژبەران. سووریا یەکێک لەو وڵاتانەیە کە خەڵکە کۆستکەوتووەکەی زیاتر لە 11 مانگە لە لایەن دەسەڵات و تاقمی بەشار ئەسەدەوە بە ئاگر و ئاسن سەرکوت دەکرێن. هەوڵە جیهانییەکان لەپێناو ڕاگرتنی توندوتیژی و پێکدادان ئێستاشی لەگەڵ بێ سەرەڕای ئاماری باڵای خەسارە گیانییەکان و پێشێلکردنی قانوونە نێونەتەوەیی و مافی مرۆڤ و داواو داخوازی بەرەکانی ئۆپۆزیسیۆن و چالاکانی مەدەنی و وڵاتانی ڕۆژئاواو یەکیەتی عەرەب بەئاکام نەگەیوەو بەشار ئەسەد لە هیچ تاوانێک ناسڵەمێتەوە. تا ئێستا دوو کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایش لە سۆنگەی ڤیتۆی رووسیاو چین کە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەگەڵ ئەمریکاو ڕۆژئاوا بە ناتەبا دەزانن ئاکامی لێ نەکەوتوەتەوە. تەنانەت کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو کۆبوونەوانەی لەپێناو چارەسەری قەیرانی سووریە و ڕاگرتنی توندوتیژییەکان و پێشگیری لە شەڕێکی نیوخۆیی ماڵوێرانکەر لە سووریا تا ئێستا گیراون ڕۆڵی ئەرێنییان نەگێڕاوە. هەرچی بەرەی ڕۆژئاواشە پاش ئەوەی لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا ناتوانێ کۆدەنگییەک بۆ بڕیار لەسەر دۆخی سووریا مسۆگەر بکا؛ کۆمەڵە سزایەکی توندتر بە سەر حکوومەتی ئەسەد و دەستوپێوەندەکانیدا دەسەپێنێ و بەدوای پێکهێنان و خستنەوە بەرباسی تەنگەژەکانی سووریاو بەکار هێنانی ئەهرومی دیکە بۆ کۆتایی هێنان بە دۆخەکەیە.

ڕۆژئاوا هەر لەم سۆنگەیەدا بۆ ئەوەی زیاتر لەوە بیروڕای خەڵکی ناوچە و تووڕەیی موسلمانان دژی خۆی هەڵنەخڕێنێ زیاتر لە ڕێگەی یەکیەتیی عەرەب و تورکیەوە خەریکی پراکتیک کردنی پرۆژەکانی خۆی لەسەر سووریایە. ئەمریکاو بەرەی ڕۆژئاوا هەروەک ئۆپۆزیسیۆنی خوێناویی سووریە بڕیاری کۆتایی خۆی بۆ لابردنی بەشار ئەسەدی داوەو هیچ جۆرە سازشێک لەسەر مانەوەی ئەسەدو دەسەڵاتەکەی ناکاو لەم لایەشەوە بەشار بە پشتگەرمی و پشتیوانی یارمەتیی دارایی و سەربازی و فیکری و هەمەلایەنەی رووسیا و ئێران و چین بەبێ گوێدان بە یاساورێسا نێونەتەوەیی و ڕێککەوتن و جاڕنامەکانی مافی مرۆڤ بەهەمموو هێزو تواناوە سەرکوتی نەیاران دەکا. هێرشی ئاسمانی و زەوینیی بەربڵاوی بەشار ئەسەد بۆ ماوەی ٢٧ ڕۆژ بۆ سەر شاری حومس سێیەمین شاری گەورەی سووریاو بەردەوامیی کوشتنی خۆپیشاندەران لە سەر شەقامەکان نیشانەی کەللە ڕەقیی ئەم پیاوە باڵابەرزەن بۆ پاراستنی پێگە لەرزۆکەکەی. ئەرتەشی ئازادی سووریە دوای نزیک بە مانگێک خۆڕاگری لەگەڕەکی بابا عەمرو

ئاماژە بە تاکتیکی بوونی چۆڵ کردنی شار دەکا لەپێناو پاراستنی گیانی خەڵکی مەدەنی و لە لایەکی دیکە ئەنجومەنی میللییش ئامادەیی خۆی بۆ پڕچەک کردنی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی وڵات دەربڕی. زۆربەی وڵاتانی وەک ئەمریکا، بریتانیا، فەڕەنسا، میسرو ... باڵوێزخانەکانی خۆیان لە سووریە داخستوە و رووداوەکان ئاماژە بە گرژتر بوونەوەو شەڕێکی نێوخۆیی کارەساتبار لە سووریەدا دەکەن. کوژرانی رۆژانە نزیک بە ١٠٠ کەس لە منداڵ گەنج و پیر، ژن و پیاو زیاتر بیروڕای جیهان هەڵدەخڕێنێ و خەڵکی وەزاڵەهاتووی سووریەش زیاتر بەرەو رادیکاڵتر دەباو هەستی تۆڵەساندنەوەو کوشتنیان لە لا ئاسان دەکا. بە پێی ئامارەکان قوربانییەکانی شۆڕشی گەلانی سووریە لە حەوت هەزارو پێنجسەت کەس تێپەڕیوە. ئەمە لە حاڵێکدایە بەشار ئەسەد وەک بڵێی تازە لە گوێی گادا وەخەبەر هاتبێ، دوای نزیک بە ساڵێک تازە خەریکی چاکسسازییە و کە لە نێو ئاگرو خوێندا راپرسییەکی فورمالیتەی بۆ هەڵخەڵەتاندنی بیروڕای گشتی و کەم کردنەوەی گوشاری جیهانی بۆ سەر خۆی و پشتیوانەکانی و هەروەها کڕینی کاتی زیاتر بۆ سەرکوتی نارازییان بەڕیوە برد. ئەو راپرسییەی ئۆپۆزیسیۆن و رۆژئاوا گاڵتەیان پێ هات! لە حاڵێکدا کۆڕو کۆمەڵە ماڤپارێزو هێندێک لە وڵاتان باس لە جینایەتی دژی مرۆیی لە سووریادا دەکەن و رێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە سووریە مەحکووم دەکا، هەموو ئاماژەکان و ئەو فیلم و گرتە ئاماتۆرییانەی شەقامە ئاڵۆزەکانی سووریە نیشانسەری خوڵقانی جیناتێکی جەنگین بەڵام ناکۆکی وڵاتانی جیهان و وڵاتانی ناوچە کە دیارە هەمووی شەڕی بەرژەوەندی و هێژمۆنیخوازییە قەیرانی ئەم وڵاتە بەرەو قووڵبوونەوە دەبەن. ئەگەرچی رێژیمی سووریە لە ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە زۆرینەی دەنگ مەحکووم کراوە بەڵام بڕیارەکانی ئەم ناوەندانە گرەنتیی جێبەجێکردنیانی لە پشت نییەو تەنیا لایەنی نمایشی هەیە. هەروەها خاچی سووری نێودەوڵەتی دوای چەند جار داوا بۆ گەیاندنی پێداویستییە سەرەکییەکان و دەرمان بۆ ئەو خەڵکەی لە شارو ناوچەکانی شوێنی پێکدادانی ئەرتەش و دژبەران بە تایبەت شاری حومس و گەڕەکی بابا عەمەرو هتد کەوتوونەتە گەمارۆوە رێگەی پی نەدراوە. دەوڵەتی بەشار ئەسەد بە کەڵک وەرگرتن لە جیدی نەبوونی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ناکۆکیی ئەم دوو بەرەیەی رۆژئاواو رۆژهەڵات و هەڵکەوتەی جوگرافیایی و گرنگیی ژیئۆپۆلتیک، پەلەیەکی رەشی لە کوشتنی خەڵکی بێ دیفاع بۆ مێژوو تۆمار کرد کە تا ئێستا وێنەی نەبووە. لە حاڵێکدا رۆژبە رۆژ باڵوێزخانەی وڵاتان لە سووریە دادەخرێن و داخوازی وڵاتانی یەکیەتیی عەرەب و کەنداو و تورکیە بۆ هەنگاوی جیددی و بەپەلە لە بەرز بوونەوە دایە دەسەڵات گرژتر بە گژ خەڵک دا دەچێتەوەو بە کوشتنی سەربازانی نارازی و خۆپێشاندەران زیاتر چنگەکانی دەخوێندا دەسوێ. وەک بڵێی بەشار ئەسەد حەزی لە خوێن بێ و ئەم ئاڵۆزییانە بە دەرفەت بۆ بینینی خوێن ببینێ. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا کەڵەوەکێشیی پووتین، هاوپەیمان و پشتیوانی ملهوڕی ئەسەد تا کەی درێژە دەکێشێ؟ ئایا رۆژئاواو جیهان هەروا دەستەوەستان لە بەرانبەر ملهوڕیی رووسیا و سووریە دادەمێنێ و شایەتی کوشتنی خەڵکی ئاشتیخوازی سووریە دەبن. یان ئەوەی کە هەوڵەکان لە رێگەی هێڵی سعوودیە - قەتەر - تورکیەوە بە پشتیوانیی بەرەی رۆژئاوا بۆ بڕیارێکی جیهانپەسندو

قانوونی لەپێناوی کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ئەسەد درێژەی دەبێ کە ئەمەش هەروەک تا ئێستا بینەری بووین دژکردەوەی بەرەی پشتیوانانی بەشار ئەسەدی لێدەکەوێتەوە تا بە کۆسپ و تەگەرە خستنە بەر هەوڵە جیهانییەکان لە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەشداری نەکردن و بایکۆتی ئەم کۆبوونەوانەی بۆ بڕیار لەسەر توندوتیژییەکان و چارەسەری قەیرانی سووریا دەگیرێن ببنە هۆی ئاڵۆزیی کێشەکان لەم وڵاتە و درێژکردنەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆرو خوێنڕێژی حکوومەتی ئەسەد.

بانی کی مۆن کە ماوەیەک بەر لە ئێستا کوفی عەنانی بە نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی عەرەب دیاری کردبوو، لە نوێترین هەڵوێستی خۆی دژی کارەساتی دەسەڵاتی ئەسەد دژ بە خەڵکی بەشمەینەتی ئەو وڵاتە وێڕای تاوانبار کردنی دەسەڵات بە ئەنجامی جینایەتی دژی مرۆیی ئاماژە بە کەمکاری و کەمتەرخەمی کۆمەڵگەی جیهانی لەهەمبەر ڕووداوەکانی سووریە دەکا.

لە ژمارە ٥٧٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠١٢

---------------------------------------------------------

## تاوان، پووانێک بۆ بەرزبوونەوەی پلە و پایە

سەعید مورتەزەوی دادستانی پێشووی تاران و ناوێکی ناسیاوو بەگوێ ئاشنای زۆربەی چالاکانی خوێندکاری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆژنامەنووسان پاش دوو ساڵ و نیو هەڵپەساردن لە لایەن سەرکۆماری دادپەروەرخوازی! کۆماری ئیسلامییەوە بوو بە بەڕێوەبەری گەورەترین ڕێکخراوی ئابووری حکوومەتی ئێران. ڕێکخراوی (تامین اجتماعی) کە گەورەترین ڕێکخراوی بیمەیی وڵاتەو نزیک بە ٤٠ میلیۆن کەس دەخاتە ژێر بیمەی خۆیەوە کە لەمێژە دەگەڵ گێرەو کێشەی جۆراوجۆر دەستەویەخەیە. ئێستاو لە کاتێکدا کە ڕێکخراوی (تامین اجتماعی) پێویستی بە بەڕێوەبەرو بەڕێوەبەریی تۆکمە و پسپۆرو لێهاتوو هەیە سەرکۆماری کەسێکی بە سەرۆکایەتی بۆ ئەم ڕێکخراوە ئابووریی و گەورە وەبەرهێنەرە داناوە کە سەرەڕای ئەوەیکە هیچ پسپۆرییەکی لەو بوارەدا نییە هیچ، هیچ شانازی و سەرکەوتنێک لە کارنامەی ڕابردوویدا جگە لە تاوان و سەرکوتی خەڵکدا شک نابا. سەعید مورتەزەوی کاتێک ناوی لە بیروڕای گشتی ئێراندا زایەڵەی ڕەشی دایەوە کە بانەمەڕی ساڵی ١٣٧٩ بە جارێک ١٦ ڕۆژنامەی

ئیسلاحتەڵەبی بۆ ماوەی کاتی داخست کە دواتر قەت پێنووسیان لێنووسی رەش نەکردەوە. ناوبراو یەکێک لەئەکتەرە گرنگ و لەمێژینەکانی داڕێژەری پرۆژە ئەمنییەتیەکان دژی خوێندکاران و کەسیکە کە کارنامەیەکی درەوشاوەی لە رابردووی ئەم چەند ساڵەی دوایی کۆماری ئیسلامیدا هەیە. ئاساییە کەسێک کە بە بێ هیچ خوێندن و بڕوانامەیەکی حقووقی ئەویش لە تەمەنی ١٩ ساڵەییدا دەبێ بە (دادیار) و ساڵێک دواتر سەرۆکی دادگەیەک و رۆژ بە رۆژ پلەو پێگەکان دەبڕێ دەبێ چ خۆشخزمەتێک بێ کە سەرەڕای تاوان و کوشتنی چەند هاووڵاتی و تەنانەت هاووڵاتیانی بیانیش بە بێ ئەوەی لە گوڵ کاڵتری پێ بڵێین دوای ماوەیەک کارێکی باشتری پێ بسپێرن.
مورتەزەوی یەکێک لە تاوانبارانی کوشتنی زارا کازمی هاووڵاتی ئێرانی کانادایی کە بە تۆمەتی وێنەگرتن لە بەندیخانەی ئەوین بە شێوەیەکی گوماناوی و لە ژێر دەستی ناوبراودا کوژرا، قەت لێیان نەپرسییەوە؛ ئەگەرچی ئەم کەیسە بوو بە هۆی دەنگ هەڵبڕینی هێندێک وڵاتی ئورووپایی و ساردوسڕی پێوەندیی کانادا دەگەڵ ئێران.
خاتوو زەهرا کازمی هاووڵاتی ئێرانی کانادایی رۆژی دوویەمی پووشپەڕ ساڵی ٨٢ لە کاتێکدا وێنەی لە کۆبوونەوەی ناڕازییانی بنەماڵەی گیراوان دەگرت دەسبەسەر کراو دوای دوو رۆژ واتە چوارەمی پووشپەڕ درایەوە بە هێزە ئینتزامییەکان و رۆژێک دواتر بە هۆی خوێنڕێژی مێشک گوزرایەوە نەخوشخانە و گیانی لە دەست دا.
مورتەزەوی هەروەها یەکێک لە تاوانبارانی بڵاوکردنەوەی پرسیارەکانی تێستی کۆنکوری زانکۆ ئازادیش بوو کە سەرەڕای داوای نوێنەرانی مەجلیس بۆ روون بوونەوەی رۆڵی ناوبراو لەم کارەدا دۆسیەکە بە نیوەچڵی مایەوە.
مورتەوەزی لە پێوەندیی لەگەڵ ئەم دۆسیەیەدا بەمجۆرە هەڕەشە لە بنەماڵەی چەند خوێنکارێکی زانکۆ ئەمیرکەبیر دەکا کە »هێشتا ئەشکەنجەی جینسیم نەداون کە بزانن ئەشکەنجە چییە ....»

مورتەزەوی تا بەر لە رووداوەکانی دوای هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری و گیران و کوژرانی گوماناوی قوربانیان لە گرتووخانەی کەهریزەک چەند جار بە ئاشکرایی قانوونی پێشێل کردوەو هەموو جارێ «مصونیت»ێکی پۆڵایین و بێ مانا کە تەنیا لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا هەیە رزگاری کردوەو سەرەڕای هەموو تاوانەکان دیسان بەرپرسایەتی پێ بەخشراوەتەوە. بەڵام لە رەوتی رووادوەکانی دوایی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٣٨٨دا بەدوای کوژرانی روحوڵڵا ئەمینی کوڕی یەکێک لە گەورەبەرپرسانی نزیکی خامنەیی قازی سەعید «مصونیت» خۆی لە دەست دەدا. دیارە قازی سەعید هەموو ئەو کارانەی بۆ خۆشخزمەتی و زیاتر چوونە ژێر باڵی رێبەریی کردوەو هەموو جارێ بە ئاماژەی خامنەیی بووە کە قۆڵی لەم پێشێڵکارییانە هەڵماڵیوە، دوور نەچین خامنەیی کاتێک وتی هێندێک لە راگەیانەکان بوونەتە بنکەو پێگەی دوژمن دەسبەجێ سەدان رۆژنامەنووسی بێکار کردو شیری لە رۆژنامان لە کالان دەرێنا.
ئیبرایم نەبەوی لەم پێوەندییەدا بە رادیۆ فەردا دەڵێ» مورتەزەوی بەرنامەی دادەڕشت کێشە بۆ رۆژنامەکان بخوڵقێنێ یا دایانخا، چونکی خامنەیی وتبووی ئەو رۆژنامانە لاقیان لە بەڕەی خۆیان زیاتر راکێشاوە. سەعید مورتەزەویش کە موریدیی خۆی بۆ خامنەیی پاراستبوو دادەنیشت و بیری دەکردەوە خامنەیی چی مەبەستە بیکا.

ناوبراو لە هیچ کارێکی ناشایست لە پێوەندیی دەگەڵ گرتن و دەسبەسەر کردنی چالاکانی مەدەنی و ژنان و رۆژنامەنووسان و هتد دوایی نەوەستا. بە جۆرێک کە نەسرین ستودە پارێزەری دادگوستەری تاران بە رادیو فەردا دەڵێ» سەعید مورتەزەوی بە پێی ئەزموونێک کە لە داخستنی فەلەیی چالاکان و رۆژنامەنووسانی ئیسلاحتەلەب هەیبوو دەستی کرد بە گرتن و راوەدوونانی چالاکانی کرێکاری، ژنان، خوێندکاری و کۆڕو کۆمەڵە مەدەنییەکانی دیکەو لە ژێر ناوی پرۆژەی کۆ کردنەوەی لات و لووتان (اراذل و اوباش) دا کە بە دەستوری راستەوخۆی سەرکۆمار بەڕێوە دەچوو خەڵکێکی زۆر لە بەدنیخانەکان پەستاوت. کەواتە ئەوە هەموو ئاکامی خۆشخزمەتی مورتەزەوییە کە بە جێ ئەوەیکە محاکمە بکرێ پلەی بەرز دەکرێتەوە.

ئەگەرچی پاراستن و پشتیوانی لە مۆرەکانی وەفادار بە رێژیم و پارێزگاری لەو کەسانەی کە لە سەرکووتی خەڵکی نارازی و ئازادیخوازدا ئاڵقە لەگوێن و بە ئاماژەی گەورەکان تیرو شیر لە خەڵکی دەسوون لایەکی مەسەلەکەیە، دەبێ هۆکاری سەرەکیی ئەم گوێ نەبزووتن و بە هێند نەگرتنەی بیروڕای گشتی و تەنانەت کۆڕو کۆمەڵە مەدەنی و هەروەها مەجلیسیش لە لایەن ئەحمەدینژادەوە بە قووڵبوونەوەی هەرچی زیاتری کێشەی نێوان دوو شەریکە دەسەڵاتە نەگریسەکەی رێژیم واتە باندی ویلایەتی فەقیە و باندی سەرکۆماری بزانین کە ئەم ئینتسابە رووهەڵماڵداراوانە نەیەکەمێتی و نەک دواییینیشی دەبێ. مەجلیسی هەشتەم کە دوایی ساتەکانی خۆی تێدەپەڕێنی لە گرژترین دژکردەوەدا هەڕەشەی لە سەر کار لابردنی (استیضاح) وەزیری (تعاون و رفاە) لەسەر ەڵبژاردنی مورتەزەوی بۆ سەرۆکایەتی رێکخراوی (تامین اجتماعی) هێنایە گۆڕێ کە راستەوخۆ بە کەسێک دادەنرێ ناوبراوی بۆ ئەم پۆستە هەڵبژاردبێ. ئەگەرچی مورتەزەوی دوای دوو ساڵ و نیو هەڵپەساردن لە لایەن دەزگاکانی سەر بە باندی ویلایەتی فەقیهەوە (قوە قضایە) پشتی بە پشتی سەرکۆمارەوە ناوەو تەنانەت لە کاتی خۆناساندنیشدا بە جۆرێک خۆی پێ بە هەڵبژاردەی ئەحمەدینژاد بوو کە سوکانی گەورەترین و دەولەمەندترین دەزگەی ئابووری ئێران واتە (سازمانی تامین اجتماعی) وەئەستۆ دەگرێ.

کێبەرکێ ئەندامگیری و راکێشانی کەسانی دەسڕۆیشتوو و وەفادار و تاقیکراوە لە دوای هەڵبژاردنی خولی نۆیەمی مەجلیسەوە رەوتێکی خێراتری بەخۆە گرتووە ئەحمەدینژاد دەیەوێ لە کۆتایی تەمەنی مەجلیسی هەشتەمدا کە باندی رێبەری ئەو زۆرینە رەهای هۆڵی مەجلیس نییە لانی کەمی مۆرەکانی سەر بەخۆی لە سەفحەی شەترەنجی بەرەبەرەکانی لایەنی دیکەی ئوسوولگەرا بچنێ تا بتوانێ بەستێنێکی لەبارتر بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سەرکۆماری بخووڵقێنێ کە هەموو هەوڵەکان لە پێناوی ئەم ململانێیەدان. لە لایەکی دیکەشەوە حکوومەت ئەگەرچی دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٨٨ هاوکات دەگەڵ هەڵخرانی بیروڕای گشتیی و ئاڵۆز بوونی کەشوهەوای نێوخۆیی و دەرەکی و حەساسییەت بە هێندێک رووماى دیاری گۆپاڵ بەدەستی وەک مورتەزەوی کە لە لایەن خودی دەسەلاتی پاوانخوازیشەوە بە هۆکاری سەرکوت و کوشت و بڕین ناسران؛ بۆ ماوەی کاتی و لە پێناو هێورکردنەوەی

بارودۆخەکە هێندێک بڕیارو وەلانانی ئەمجۆرە مۆرانەی رەچاو کرد. بەڵام ئێستا دەگەڵ ئاڵۆز بوونەوەی ناوچەکەو نزیک بوونەوەی هەرچی زیاتری شەپۆلی گۆڕانەکان لە جوگرافیای ئێران و شپڕێوی هاوپەیمانە ستراتیژیک و زیاتر تەریککەوتنەوەو شکستی دیپلۆماسی رێژیم بێ بایەخ بوون و لە دەستدانی پێگەی کۆمەڵایەتی لە نێوخۆو دەرەوە، سەرکۆمارو بە قەولێ حاکمییەت بە هێنانەوەی ئەو مۆرانەی کە لە بیروڕای نێوخۆی وڵاتدا بێزراون جۆرێک چاو سوورکردنەوە لە خەڵکەیە کە هەر سات ئەگەری سەرهەڵدان و گەشانەوەی پۆلووی بن خۆڵەمێشیان لێ دەکرێ. واتە دەوڵەت دەیەوێ بە خەڵک بڵێ کە لە ئەگەری سەربزێوی و ئاڵۆزیدا هەمان کەسانێک کە پێشتر پێشنیەی رق و کینەیان سەبارەت بەو خەڵکە سەلماوە لە مەیدان دان بۆ خنکاندن و دەمکوتیان. هەر لەم پێناوەدا دەبێ بڵێین سەرکۆمار کە بەشێکە لە بەرەی پاوانخوازان باش دەزانێ پلەو پێگەی لە چاو کەسانی دیکەی بێزراوی خەڵکی نێوخۆو دەرەوە باشتر نییە و پشت بەستن بە کەسانی سەرکووتکەر کە زیاتر خەم لە چارەنووسی داهاتووی خۆیان دەخۆن و زیاتر لە خەمی مانەوەی سیستمدان بە هەر نرخێک، هەوڵ بۆ خڕکردنەوەی ئەم قوماشە خەڵکە دەدا لە پاڵ خۆی و لەم سۆنگەیەوە دەگەڵ باندی بەرانبەری پێشبڕکێیەتی کە لەمەودوا زیاتر بینەری قووڵ بوونەوەی ئەم ململانییە دەبین.

لە ژمارە ٥٨٠ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠١٢

---------------------------------------------------------

## یاریی دیپلۆماسی؛ نیزیک بوونەوەی ئێران لە ئامانجە سەربازییە ناوکییەکان

نزیک بە دوو دەیەیە بەرنامەو چالاکییە ناوکییەکانی ئێران بوونەتە هۆی ململانێی نێوان ئەو وڵاتەو وڵاتانی رۆژئاوا بە تایبەت ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لە لایەک ئێران دەڵێ لە پێناوهی بە دەست هێنانی تیکنۆلۆژی و پێویستییە پزیشکییەکان و بەکورتی ئامانجی ئاشتیخوازانەدا لە سەر هەوڵە ناوکییەکانی شێلگیرە و لە لایەکی دیکەشەوە کۆمەڵگەی جیهانی بە پێی شوناس و ماهییەتی سیستمی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی و کردەوەکانی لە کاتی هاتنە سەر کارەوە، گومانیان لە چالاکییەکانی ئەو وڵاتە لەم بوارەدا هەیەو ترسی دەسڕاگەیشتنی سیستمی کۆماری ئیسلامی بەم رێوشوێن و رێگە پێچەوانە نێونەتەوەییەی گرتوویەتەبەر بووەتە هۆی ئەوەیکە گوشارێکی زۆری لە لایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکانەوە بخرێتە سەری.

بەم پێیە لە ساڵی ٢٠٠١ ەوە کە بە دوای هێرشە بە ناوبانگەکەی ١١ی سێپتامبر کە ئاراستەی سیاسەتی جیهانیی تا رادەیەک گۆڕی، ئێران و چەند وڵاتێکی دیکە کەوتنە لیستەی رەشی ئەمریکاوەو لەم کاتەوە چارەسەری ئەم پرسە یا کێشەیە سەرەڕای هەوراز نشێوێکی زۆر لە رێگەی دیپلۆماسی و پاکەتی هاندانەوە (مشوق) و هەڕەشەوە گەیشتۆتە کۆبوونەوەی ١٤ی ئاوریلی ٢٠١٢ی ئیستامبول. دوای ١٥ مانگ، دانوستانی وڵاتانی ٥+١ لەگەڵ ئێران لە حاڵێکدا دەستی پێکردوە کە ئێستاشی دەگەڵ دابێ پاش چەند بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایش و چەندین دەور گەمارۆ بۆ سەر دامەزراو و ئەو کەسانەی گومان دەکرێ پێوەندییان بە کاروباری دامەزراوە ناوکییەکانی ئێرانەوە هەبێ، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە هەڵوێستەکانی خۆیان نەک پاشەکشەیان نەکردوەو گوێیان بە هیچ بڕیارێکی نێونەتەوەیی نەبزووتووە بەڵکوو تەنیا یارییان بە بیروڕای گشتی و نیازپاکیی وڵاتانی جیهان کردوەو بە جۆرێک لە جۆرەکان کاتیان بۆ درێژەدانی بەرنامەو پرۆگرامەکانی خۆیان کڕیوە. کە هەر ئەمەش ناڕەزایەتیی توندی ئیسرائیلی لێ کەوتوتەوە و ئەم چەند مانگەی رابردوو شەڕە دندووکەکانی تا ئاست شەڕێکی سەربازی بەرز بوونەوە.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە سەرەڕای ئەو هەمووە پێویستییە هەنووکەییەی خەڵکی ئێران دروشمی «وزەی ناوکی مافی خۆمانە» یان هەڵگرتوە تا ئێستا هەنگاوێکی ئەوەندە قانیعکەریان نەناوە کە گومان و دڕدۆنگییەکانی کۆمەڵگەی جیهانی بە گوێرەی پێویست بڕەوێنێتەوە و هەر جارە بە بیانوویەکی رێگە بە هاتنی چاوەدێرانی ئاژانسی ناوکی نادەن و کۆبوونەوەکان رادەگرن، ئەو رێژیمە ئێستاش لە حاڵێکدا دێتەوە سەر میزی دانوستان کە لە هەموو کاتێک زیاتر لە بواری ئابوورییەوە لە دارمان دایەو ئاڵۆگۆڕەکانی ساڵی رابردووی جیهان بەتایبەت جیهانی عەرەب پشت بە پشتی ئێرانەوە دەنێ. ئایا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دیسانیش بۆ کات بە فیرۆدان یا خافڵاندنی وڵاتانی رۆژئاوا هەروەک سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلیش دوای کۆبوونەوەی ٢٦ی خاکەلێوەی ئیستامبول ناڕەزایەتی دەربڕی و ئەم کۆبوونەوانەی بە پێدانی کات بۆ درێژەدان و گەیشتن بە ئامانجە سەربازییەکان وەسف کرد، هاتۆتەوە سەر میزی دانوستان؟ یا وادەو بەڵێنی رۆژئاوا و لە سەرووی هەموویانەوە ئەمریکا؟ - بە پێی وتەکانی ئەم دواییانەی هیلاری کلینتۆن ٥+١ دانی گرەنتی بۆ ئێرانی لەبەر چاوە - و لەوانەشە ئەمە ویلایەتی فەقیهی هێنابێتە سەر ئەم بڕوایەی کە دانوستان لە شەڕی ئیسرائیل و هەڕەشەی گۆڕینی سیستمی سەدە ناڤینی کۆماری ئیسلامی باشترە..

رۆژئاوا دەیەوێ ئێران پیتاندنی ٢٠% راگرێ و سایتی فردوو لە قوم داخا و بە دانی ئیمتیاز بەرنامەیەکی ناوکیی ئاشتیخوازانەیە بە ئۆرانیۆمی (٣.٥%) لە ژێر چاوەدێریی ئاژانسدا، ئێران رازی بکاو دەروازەی وتووێژەکان بۆ چارەسەری ئەم پرسە بە کراوەیی بهێڵێتەوە.

بەڵام بە بڕوای زۆربەی کارناسان کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بە داخستنی سایتی فردوو رازی بێ، چونکی بە داخستنی ئەم سایتە پاشخانی سەرەکی خەساری قورسی پێ دەگا. هەروەها پاساوی ئەم کارە بۆ بیروڕای نێوخۆی وڵات دژوارە. بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە پێشتر بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی رایانگەیاندوە کە ئەگەر بە رادەی پێویست سووتەمەنی ٢٠% بەرهەم بێنن، لەوانەیە پیتاندنی ٢٠% راگرن. کەواتە دەبێ بڵێین راگرتنی پیتاندنی ٢٠% لە پێشدا بواری بۆ خۆش کراوە کە لە دۆخی ئەستەمدا گوێ بۆ ئەم داوایە رادێرن.

وتووێژەکانی ئەم خولەی وڵاتانی پێنج کۆی یەک دەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە سەر بەرنامە ناوکییەکانی ئەم وڵاتە لە بارودۆخێکدا کە هەر جۆرە بە ئاکام نەگەیشتنی لەوانەیە پاشهاتی نێگەتیڤی بۆ هەردووک لایەن هەبێ مەحکووم بە سەرکەوتنی رێژەییە. بەهۆی ناکۆکییە جیهانییەکان لە سەر رەوشی سووریە کە کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوە هەروەک روون و ئاشکرایە ئێرانیش لە بەرەی رووسیا و چیندا دەتوانێ رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لەو بوارەدا هەبێ و سەفەری ئەردۆغان سەرۆک وەزیرانی تورکیا و لەم دواییانەشدا کۆفی عەنان راسپێردراوی بان کی مۆن و یەکیەتیی عەرەب لە پێوەندیی دەگەڵ ئاڵۆزییەکانی سووریە دەرخەری ئەم راستییەن. هەروەها توندتر بوونی هەڕەشەکانی وڵاتانی دژبەری کۆماری ئیسلامی و بە تایبەت لە سەر هێرش بۆ سەر دامەزراوە ناوکییەکانی ئێران یەکێک لە هۆکارەکانی دیکەی مەحکووم بە سەرکەوتنی ئەم کۆبوونەوەیەن. ترس لە جیددی بوونی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران لەم ماوەیەدا بە جۆرێک زیادی کردوە کە چەند جار لە لایەن وڵاتانی وەک فەڕانسە، رووسیە، چینەوە هۆشداری دراوە و هەر لەم پێوەندییەدا تەنانەت یەکێک لە ئەندامانی پارلەمانی رووسیا دوما، ئێرانی لە دووپات کردنەوەی هەڵەکانی سەددام حوسێن ئاگادار کردەوە. لەم لایەشەوە ئێران بە هۆی گەمارۆ ئابوورییەکانی رۆژئاواوە و کێشە نێوخۆییەکان لە هەلومەرجێکی تایبەت دایە و بەتایبەت لەم چەند مانگەی ئەم دواییانەدا شایەتی دارمانی ئابووری و دابەزینی سەرسامی بەهای دراوی ئەم وڵاتە لە بەرانبەر دراوەکانی دیکەدا بووین و داخرانی کارگەکان و بێکاری و... بووە بەهۆی کێشەو ئاریشەو سەرئێشەیەکی زۆر بۆ ئێران و کۆڵدان بۆ گەڕانەوە بۆ سەر مێزی دانووستانەکانیش دەبێ هەر بەم هۆیەوە بزانین. تەریککەوتنەوەی هەرچی زیاتری ئێران بوو بەهۆی ئەوەی کە ویلایەتی فەقیە مل بۆ داوای ئەندامانی ٥+١راکێشێ کە ئەمەش خۆی لە قبوولی دووبارەی ئێران بۆ شوێنی دانوستانەکاندا خۆی دیتەوە. دوای سەفەری عەلی باقری جێگری نێونەتەوەیی شووڕای تەناهیی ئێران بۆ بەغدا لە رۆژی سێی ئاوریل دەنگۆی ئامادە نەبوونی ئێران بۆ شوێنی دانوستانەکان بڵاو بۆوە. قبووڵی دووبارەی شوێنی دانوستانەکان دوای رەخنەی توندی ئەردۆغان لە پێوەندی لەگەڵ نەبوونی سەداقەتی ئێران نیشانەی ئەوپەری تەریکی ئێران و پاشەکشەی لە هەڵوێستەکانی پێشوویەتی.
ئایا ئەمە دوایین دانوستان دەبێ و یان وەک بەرپرسانی ئەمریکا وتنی دوایین شانسی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییە؟ یان بەرپرسانی ئێران هەر وەک رابردوو یاریی دیپلۆماسی درێژە پێ دەدەن و بە زیز بوون و دوای ماوەیەک گەڕانەوە بۆ سەر مێزی دانوستانەکان کاتی پێویست بۆ گەیشتن بە پرۆژەو ئامانجەکانی خۆیان دەکرن؟

هێشتا زوویە کە وڵامی ئەم پرسیارانە دەرکەوێ، بەڵام بەگوێرەی هەڵوێستی ئوباما و هیلاری کلینتۆن و یەکیەتیی ئورووپا وا دیارە بەرەی دژبەرانی ئێران ئەم جارە زۆر جیددیانە هاتوون تا دوایین قسەی خۆیان دەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران بکەن. هەر لە ئێستاوە باسی توندتر کردنی گەمارۆکان لە ئەگەری شکست هێنانی دانیشتنەکاندا دەکەن.

لە ژمارە ٥٨١ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی ئەپریلی ٢٠١٢

------------------------------------------------------------

## جامی ژەهرێکی دیکە یا کایەی کات کڕین

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دوای ئەوەی کە پاش ١٥ مانگ زیزبوون لە دانوستان دەگەڵ وڵاتانی ٥ کۆی ١ گەڕایەوە سەر مێزی دانوستانەکان ڕۆژی ١٤ی مای لە ڤییەن کۆتایی بە سێ مانگ پچڕانی پێوەندییەکانی دەگەڵ ئاژانس هێنا دیارە دوای دوو ڕۆژ وتوویژ لە پشت دەرگە داخراوەکان درێژەی ئەو کۆبوونەوانە بۆ حەوتووی داهاتوودا دوا خرا. سەرەڕای جەختی کاربەدەستان و پیاوە ئایینییەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ئاشتیخوازانە بوونی بەرنامە ناوکییەکانی ئەو وڵاتە، هێشتا کێشەکان لە سەر ڕەواندنەوەی گومانەکان لەمەڕ ئاشتیخوازانە بوونی چالاکییە ناوکییەکانی بەردەوامە.

پاش کۆبوونەوەکانی ئیستامبول دامودەزگاو مێدیای سەر بە ویلایەتی فەقیە پرۆپاگەندە بۆ سەرکەوتوو بوونی کۆبوونەوەی ئیستامبول دەکا و لە لایەکی دیکەشەوە ڕۆژاوا و ئەمریکا زۆر بە گەرموگوڕی بەو کۆبوونەوانەدا هەڵنالێن کە بە ڕێژەیەکی کەم بووە هۆی بەرز بوونەوەی بەهای تمەن لە بەرانبەر دراوەکانی دیکە کە ماوەیەک و بە تایبەت دوای پەسندی گەمارۆی نەوت و بانکی ناوەندی ئێرانەوە ڕووی لە دابەزین کردبوو. هەروەها بەرەی ڕۆژئاوا لە سەر هەڵوێست و بڕیارەکانی خۆیان سوور و پێداگرن. بەو ئاکامەرا دەردەکەوێ ئەم ساتوسەودایانە زیاتر بۆنی پرۆپاگەندە و مەسرەفی نێوخۆییان لێ دێ هەتا ئاکامێکی مەنتیقی بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە لە پێناو بایەخ بەخشینەوەی دووبارە و ئێعتیمادسازی جیهانی بۆ وڵاتی ئێران.

یەکێک لە ناکامییەکانی کۆبوونەوەی ئەم دواییانەی ئیستامبول ئەوە بوو کە ئێران ئیزنی پشکنینی دامەزراوە ناوکییەکانی پارچینی بە ئاژانس نەدا. ئاژانس لە راپۆرتی نوامبەری ٢٠١١ دا دەڵێ ئێران لەم سایتە تاقیکاریی گوماناوی کردوە. نەدانی ئیزنی پشکنین گومانەکان قووڵتر دەکاتەوە و هەر لەم ماوەیەدا ئەمریکا رایگەیاند رێژیم خەریکی راگوازتن و خاوێن کردنەوەی سایتی پارچینە. هەر لە پێوەندی دەگەڵ سایتی پارچیندا «دامەزراوی زانست و تەناهی نێونەتەوەیی» لە نوێترین راپۆرتی ١٩ی بانەمەڕدا رایگەیاند مانگە دەسکردەکان نیشان دەدەن لەم سایتەدا جموجۆڵ و چالاکیی نوێ هەیە. ئەو چالاکییانە لە دەوروبەری بینایەک دەبنیرێن کە لەوانەیە شوێن یا پەناگەی تەقینەوەیی بێ کە بۆ تاقیکردنەوەی چەکی ناوکی بە کار بێ. هەروەها ئەم دامەزراوە دەڵێ کەرەسەکانی دەوروبەری بیناکە وەک کەرەسەی خاوێنکردنەوەو شۆردنەوە دەچن، چونکی وێنەکانی چەند مانگ لەمەوبەر ئەم کەلوپەلە لە پاڵ بیناکە نیشان نادەن.

دەگەڵ ئەوەشدا هۆشداریی چاوەدێران و لایەنە سیاسییەکان لە پێوەندی لەگەڵ گەمەی کات کڕینی ئێران و هەروەها گوشاری ئیسرائیل و چالاکییە دیپلۆماسییەکانی بۆ زەختی زیاتر خستنە سەر رێژیم، بەرەی رۆژئاوا و ئاژانسی هێناوەتە سەر ئەم بڕوایەی کە بەر لە کۆبوونەوەی بەغدا نیازپاکیی سەرانی رێژیم و فەتوا پووچەکانی خامنەیی لە ڤییەن لە سەنگی مەحەک بدەن. هەر بۆیە لە دانیشتنی دووشەممە و سێشەممە ١٤ و ١٥مای دەبێ رێژیم مل بۆ مەرجەکانی رۆژاوا کە سەرەکیترینیان هەڵپەساردنی پیتاندنی بیست لە سەدی و بە تایبەت لە سایتی فیردۆ و ئیزنی پشکنینی کتوپڕی ئاژانس و قبووڵی پرۆتۆکۆلی ئیلحاقییە، راکێشێ.

لە بەرەبەری ئەم کۆبوونەوانەدا و نزیکبوونەوەی دانیشتنی بەغدا هێرشی پرۆپاگەندەیی و هەڕەشەی ئەمریکا و رۆژاوا و ئیسرائیل بۆ سەر ئیران نەک هەر کەمی نەکردوە و تەنانەت جۆ بایدن جێگری سەرکۆماری ئەمریکا ١٩ی بانەمەڕ رایگەیاند دەوڵەتی ئەمریکا توانیویە روانگەی جیهان سەبارەت بە کێشەی ناوکیی ئێران بگۆڕێ و هەروەها جەختیشی کردوە کە «واشنگتۆن هەر جۆرێک بێ ناهێڵێ ئیران دەستی بە چەکی ناوکی رابگا». ویلیام هیگ وەزیری دەرەوەی بریتانیا رۆژی دووشەممە ٢٥ی بانەمەڕ رایگەیاند ئەگەر ئێران لە ئاراستەی کەم کردنەوەی نیگەرانییە نێونەتەوەییەکان لە سەر بەرنامە ناوکییەکانی «هەنگاوی دیاریکراو» ناوێژێ یەکیەتیی ئورووپا «گەمارۆی سەختتر» دژی تاران دەگرێتە بەر.

کاربەدەستانی رێژیم کیسەیان بۆ ئەم خولەی دانوستانەکان دەگەڵ ٥ +١ هەڵدوریوەو بەردەوام وەک سەرکەوتن بە گوێی خەڵک و لایەنگرانی خۆیاندا دەیخوێنن بەڵام رۆژئاوا زۆر بە سەرکەوتووی نازانێ و لە لایەن دەزگە و کەسایەتییەکان و سیاسەتزانانەوە وریا دەکرێتەوە کە نەکەوێتەوە داوی کات بە فیرۆدانی ئێران و ئەم مەجالە بە ئێران نەدا کە ئەم دانیشتنانە بکا بە شوێنی چەلەحانێ و شوێنەونکە بۆ کڕینی کات. هەر بۆیە تا ئێستا گوێی بە

داوای راگرتنی گەمارۆن بۆ سەر ئێران نەبزووتوە و بە پارێز و وردبینییەوە دێتە نێو بازنەی کایەکانەوە.

لە لایەکی دیکەوە لە جەنگەی کۆبوونەوەی ئاژانس و شاندی ئێرانی لە ڤییەن رێکخراوی موجاهیدینی خەلق باس لە ٦٠ توێژەرو پسپۆر دەکا کە لە ژێر چاوەدێریی وزارەتی بەرگریدا خەریکی دروستکردنی چەکی ناوکین. لەم راپۆرتەدا باس لە پێکهاتەیەکی توێژینەوەی «تۆکمە، پێچەڵاوپێچ و زۆر نهێنی» دەکا کە سەرقاڵی دروست کردنی چەکی ناوکییە. ئەگەرچی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە پارێزەوە ئەم هەواڵە وەردەگرێ بەڵام گومانای بوونی بەرنامە و چالاکییە ناوکییەکانی رێژیم و خۆدزینەوەی لە بڕیارەکان و نەدانی ئیزنی کتوپڕ بە چاوەدێرانی ئاژانس بۆ پشکنینی سایتە ناوکییەکان جێی هەموو ئەگەرێک لەم پێوەندییەدا دێڵێتەوە.

هەروەها پڕۆپاگەندەکانی باندی ویلایەتیی فەقیە دەریدەخەن لایەنێکی دەسپێکردنەوەی ئەم کۆبوونەوانە هێزی فشار و ئامرازێکە بۆ پاشەکشە بە رەوتی لادان و هێنانەوە کایەی رەفسەنجانی و رەوتە سیاسییەکەی. کە ئەم بابەتە بە روونی لە راگەیەنەکانی سەر بە ئەحمەدینژاد رەنگی دایەوەو باس لە وەلانانی ئەحمەدینژاد لە دۆسییەی ناوکی دا دەکەن و دەگەڵ ئەوەشدا کێشەو ئاریشەی لایەنگرانی ئەم دوو رەوتە ئوسوولگەرایە زیاتر و قووڵتر دەبێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە بە هاتنەوە سەر کاری پووتین لە رووسیا، ئەگەرچی چاوەڕوانیی گۆڕانی بنەڕەتی و ستراتیژی لە سیاسەتی ئەم وڵاتە لە ناوچەکەدا ناکرێ بەڵام بەهۆی گوشارە دەرەکیی و نێوخۆییەکان تارادەیەک سەنگی جارانی پووتینی دابەزاند و پووتینیش بە لە بەر چاو گرتنی ئەم بابەتە دەیەوێ بە روویەکی کراوەوە ئاوڕ لە رۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا بداتەوە و بە هاتنە نێو پرۆژەکانی رۆژئاوا بۆ چارەسەری کێشەکان هەروەک لە چەند بابەت لە سەر سووریا بینیمان لە رێگەی پرۆژە و گەڵاڵە جۆرواجۆرەوە خۆی دەکا بە خاوەن کێشەکان و دەیەوێ شوێن پەنجەی بە سەر رەوتی رووداوەکانەوە هەبێ. هەر لەم پێناوەدا سێرگێئی ریابکۆڤ جێگری وەزیری دەرەوەی رووسیا لە مۆسکۆ باس لە گەڵاڵەی «هەنگاو بە هەنگاو» دەکاو ئێرانیش پێی باشترە پشت بە کرملینی کۆنزەرڤاتیڤەوە ببەستێ هەتا تورکیە کە هەست بە ساردوسڕیی پێوەندییەکانیان و سیاسەتی ناوچەییان دەکرێ بۆیە کۆبوونەوەی دواتری راگوازتە عێراق کە ئەم ماوەیە بە قووڵی تووشی قەیران هاتوە و داهاتوویەکی ناڕوون چاوەڕوانییەتی.

لە ژمارە ٥٨٣ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠١٢

## پەرەگرتنی گرژییەکانی نێوان ئازەربایجان و کۆماری ئیسلامی

دەگەڵ زیاتر تەریککەوتنەوەی رێژیم و توندبوونی گەمارۆکانی لە لایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە، کاربەدەستانی رێژیم جار دەگەڵ جار زیاتر پەنا بۆ خوڵقاندن و داتاشینی دوژمن و نەیاران دەبەن و بە بیانووی هەڕەشەو پیلانی دەرەکی بە ئاراستەی ئامانج و مەبەستە نێوخۆییەکانی خۆیان لە هیچ کردەوەیەکی قێزەون ناپرینگێنەوە. کاربەدەستانی رێژیم لەم دۆخەی هەنووکەییدا کە رۆژ دەگەڵ رۆژ ناچار بە دانی ئیمتیازی زیاتر و پاشەکشەن دیسان بە باشیان زانی لە تۆڵەی گوشارەکانی سەر سیستمەکەیان دەست بە تیرۆر بکەنەوەو سیاسەتی دەیەکانی ٧٠ی کۆچی تاقی بکەنەوە. لەو دەیەیەدا بە فەرمانی راستەوخۆی سەرانی کۆماری ئیسلامی بە دەیان و سەدان کەس لە دژبەران و ئازادیخوازانی ئێران لە کورد و تورک و فارس و... لە نێو جەرگەی وڵاتانی ئازاد و لانکەی دیموکراسیخوازییدا گیانیان لێ ئەستێندرا.

باندی پاوانخوازی دەسەڵاتبەدەست لە رەوتی نوێی ترساندن و تۆقاندندا هەوڵ دەدا لە هێندێک لە وڵاتانی وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هیندوستان، مالزی و ئازەربایجان دیپلۆماتکارانی وڵاتە جۆراوجۆرەکانی بەرەی رۆژئاوا بە تایبەت ئیسرائیل تیرۆر بکا و بەو خەیاڵەی کە دیسان بە بەرمیلە نەوت و دانی پووانی ئابووریی (هەروەک لە کارەساتی تیرۆری رێبەری شەهید، سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان، عەبدولرەحمانی قاسملوودا کردی) ئەم کردەوانەی پووشبەسەر بکاو لە لایەکیشەوە دەبێتە هۆی پاشەکشە کردن بە بریارەکانی رۆژئاواو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی سەربارەت بە ئێران. هەروەها بە ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی و سیخۆڕی لە وڵاتانی وەک کوەیت، دەسوەردان لە کاروباری بەحرەین و یەمەن بێزاریی هەرچی زیاتری خەڵکی ئەو وڵاتانەی بۆ خۆی کریوە. قووڵبوونەوەی کێشە و تەنگەژەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و بەحرەین و بە گشتی وڵاتانی عەرەبیی دەڤەری کەنداوو نێوان ناخۆشیی ئێران و ئەفغانستان، شەڕە دندووکەی نێوان کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئازەربایجان، هەڵوێستی ناڕوون و دوور لە پرەنسیپی دەسەڵاتدارانی ئیسلامی دژ بە هەرێمی کوردستان دەکرێ بڵێین بەشێکن لەو فەرتەنانەی باندی ویلایەتی فەقیە رەچاویان دەکا.

رۆژنامەی واشنگتۆن پۆست لە سەر قسەی بەرپرسانی فەرمیی ئەمریکا لە راپۆرتێکدا دەڵێ ئێران بە هاوکاریی حیزبوڵڵا لە پیلانی تیرۆری دوو بەرپرسی سعودی، چەند ئەمریکی و ئیسرائیلی لە هێندێک وڵات بە تایبەت ئازەربایجان دا دەستی هەبووە

لە چەند مانگی رابردوودا چەند گرووپ و تاقمی سەر بە سپا لە خاکی ئازەربایجاندا ئاشکرا کراون و گیراون. تەنانەت لە راپۆرتی ١٩ی خاکەلێوەی وزارەتی تەناهیی کۆماری ئازەربایجان لە سەر تیمی ٢٠ کەسیی ئەلقاعیدە بە رێبەرایەتیی پارادۆف کە دواتریش ٢٢ کەسی دیکەیان لێ گیران، باس لە راهێنانی ئەو کەسانە لە ئێران، سووریە و پاکستان دەکرێ. لە ماوەی ساڵی رابردوودا جگە لەوانە ٤٠ کەس بە تاوانی سیخۆری بۆ سپا و وزارەتی ئیتلاعاتی ئێران و ئەنجامی کاری تیرۆریستی و تێکدانی تەناهیی ئەو کۆمارە دەسبەسەر کراون. لەم لایەشەوە ئێران ئەم تۆمەتانە رەت دەکاتەوەو باس لەوە دەکا کە رێکخراوی سیخۆریی موسادی ئیسرائیل بە هاوکاریی کۆماری ئازەربایجان بیرمەندە ناوکییەکانی ئێرانی کوشتوە.

بەدوای گرژبوونەوەی پێوەندییەکان، ئەم دوو وڵاتە باڵوێزەکانی خۆیان لە خاکی یەکتر کێشاوەتەوە. هەر لە پێوەندی دەگەڵ پیلانە تیرۆریستییەکانی ئێران لە ئازەربایجاندا رۆژنامەی واشنگتۆن پۆست لە سەر قسەی بەرپرسانی فەرمیی ئەمریکا لە راپۆرتێکدا دەڵێ ئێران بە هاوکاریی حیزبوڵڵا لە پیلانی تیرۆری دوو بەرپرسی سعودی، چەند ئەمریکی و ئیسرائیلی لە هێندێک وڵات بە تایبەت ئازەربایجان دا دەستی هەبووە.

لە درێژەی تەنگەژەی سیاسیی نێوان ئەو دوو وڵاتەدا، بەرپرسانی فرۆکەخانەی ئازەربایجان ئێزنیان بە نوێنەری خامنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامی نەدا کە لە وڵاتەکەیان دابەزێ. رێژیمی ئێران لە راگەیەنراوێکدا وێڕای بەداخ بوون لەم هەڵسوکەوتەی بەرپرسانی ئازەربایجان لە سەر گەڕاندنەوەی بەرپرسی فەرهەنگیی ((بیت رهبری)) ئەم کارە بە شتێکی نادیپلۆماتیک پێناسە دەکا. بە دوای خۆپێشاندان لە بەردەم باڵوێزخانەی ئێران لە باکۆ و دروشم دژی گەورەبەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت خامنەیی و بانگ کرانەوەی باڵوێزی ئێران لە باکۆ، خولی نوێی گرژییەکانی نێوان ئێران و باکۆ هاوکات بە نزیکبوونەوەی بەڕێوەچوونی رێورەسمەکانی یوروڤیژێن و بانگەوازی هێندێک لە ئاخوندەکانی رێژیمی ئێران بۆ خۆپێشاندان دژی ئازەربایجان و بە تایبەت سەرکۆماری ئەو وڵاتە رووبەکی گرژتری بەخۆوە گرت. کۆماری ئیسلامی باش کەڵکی لە بارمتەگیریی وەرگرتوەو دەبێ بوترێ هەر لە سەرەتاوە بە بارمتەگیری، کۆڵەکەکانی دەسەڵاتەکەی پتەو و قایم کردوە. هەر بۆیە هەر کات لە لایەن وڵاتێکەوە کە پیلانەکانی ئاشکرا دەکرێن و بە دەستی عەدالەت دەسپێردرێن ئەویش لە تۆڵەدا هەوڵی داوە بە بیانوو و لە رێگەی جۆراوجۆرەوە تێی هەڵێنێتەوە. واتا هەرکە تیمە تیرۆریستی و سیخۆرییەکانی لە وڵاتێک حوکمیان بە سەر دا دەسەپی خێرا ئەویش شارۆمەندانی ئەو وڵاتە لە ئێران لە بریان دەگرێ و هەوڵی گۆڕینەوەیان دەدا. هەر بۆیە لە پێوەندیی دەگەڵ ئازەربایجانیشدا لە مانگی رابردووە دوو شاعیری لاوی ئەو وڵاتەی لە تەورێز گرتوە و تا ئێستاش هەوڵە دیپلۆماتییەکانی بەرپرسانی ئازەربایجان بۆ ئازاد کردنی ئەو دوو شاعیرە بێ ئاکام ماوەتەوە. ئەم دوو شاعیرە لاوە ئازەرییە کە بۆ فێستیڤاڵی شێعری مەراغە بانگهێشت کرابوون پاش تەواوبوونی فێستیڤاڵی 2ی مای لە تەورێز دەسبەسەر کراون و تا ئێستا چارەنووسیان ناڕوونە.

ئەگەر ئاوڕێک لە رابردووی پێوەندییەکانی ئێران و کۆماری ئازەربایجان بدەینەوە باشتر داهاتوو و جۆری پێوەندیی نێوان ئەو دوو وڵاتەمان بۆ دەردەکەوێ. پاش رووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت و سەربەخۆیی نەتەوەکانی ئەم ئیمپراتۆرییە کێشە لە سەر سنوور لە نێوان ئەو کۆمارە تازەپێگەیشتووانە کە دیارە پێشتریش بە پێی سیستمی فیدرالیی بەرێوە دەچوون، دوور لە چاوەڕوانی نەبوو. کۆماری ئازەربایجان و ئەرمەنستان لە سەر سنوورەکانی قەرەباخ کێشەی سنوورییان هەیە و تەنانەت شەڕ و لێکدانی سەربازییشی لێکەوتەوەو هێشتاش هەر بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. بەڵام ئەو شتەی لەم نێوەدا جێی رامانە هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی بوو لەم کێشانەدا. کۆماری ئیسلامی کە خۆی بە پێشەوای موسولمانان دەزانێ و بەردی حەقخوازیی ئیسلام لە سنگ دەدا، لەم کێشانەدا لایەنی ئەرمەنستانی گرت و پشتیوانی لە ئەرمەنەکان کرد لەبەر ئەوەی نەکا ئازەرییەکانی ئێران لە ئەگەری سەرکەوتنی کۆماری ئازەربایجاندا هەستی ناسیۆنالیستی و نەتەوەییان بەهێزتر بێ و داوای مافە نەتەوەییەکانی خۆیان بکەن.

لە ژمارە ٥٨٤ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی جوونی ٢٠١٢

------------------------------------------------------------

## سووریا، ئەو بەهارەی بە خەزان دەستی پێ کرد

لە حاڵێکدا رۆژ بە رۆژ قەیرانی سووریە قووڵتر دەبێتەوە و رێژیمی بەشار ئەسەد بە هەموو تواناوە بە پشتیوانی رووسیا و ئێران لە هیچ جینایەتێک ناپرینگێتەوە، گەمە سیاسی و دیپلۆماتیکەکانی وڵاتان بەردەوامەو شەڕی ساردی نێوان بەرەی رۆژئاواو رووسیە و هاوپەیمانانی لە سەر خوێنی خەڵکێکی بێ تاوانی سووریە درێژەی هەیە. بە پێی ئاماری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سێزدە هەزارو بە پێی راگەیەنراوی ئۆپۆزیسیۆن چاردە هەزار کەس کوژراوە، کە ژمارەیەکی زۆریان ژن و منداڵن. ئایا بەڕاستی کۆمەڵگەی مرۆیی لە چارەسەریی ئەم قەیرانە داماوە؟ ئایا بەراستی دەرەنجام و پاشهاتەکانی رووخانی حکوومەتەکەی ئەسەد لەم دۆخەی ئێستا کارەساتبارترە کە کۆمەڵگەی جیهانی لێی ترساوە؟ یا ئەوەی کە رووسیە لە بەردەوامیی پرۆژەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەترسێ کە هەنووکە شەقامەکانی مۆسکۆشی گرتۆتەوە؟

دوایین هەوڵە دیپلۆماسییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی عەرەب لە ڕێگەی کوفی عەنانەوە جگە لەوەی چەند ڕۆژی سەرەتا کە زیانە گیانییەکانی دابەزاند هیچ ئاکامێکی نەبوو و بەڵکوو لە شەش بەندی، یەک بەندی رەچاو کراو و هێزە کلاوشینەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چاوەدێریی بارودۆخەکە چوونە سووریە. بەڵام هاتنی ئەم هێزانەش هیچی لە رەوشەکە نەگۆڕی و نەک هەر تانک و سوپای ئەسەد لە شارەکان و دەوری شارەکان دوور نەکەوتنەوە بەڵکوو قۆناخێکی دڕاندانەتری شەڕ دژی خەڵکیان دەست پێکرد. گەڵاڵەی شەش ماددەیی کۆفی عەنان شکستی هێنا. ئەگەرچی شەڕێکی نێوخۆیی بە تەواو مانا لە چەند مانگ لەوە پێشەوە لە سووریە لە ئارا دایە بەڵام وڵاتانی جیهان هەروا بە مەترسیی ئەگەری هەڵایسانی شەڕی نێوخۆیی بیروڕای جیهان هەڵدەفریوێنن. لە لایەکەوە کە شەڕی ساردی نێوان بەرەکانی کاریگەر لە سەر قەیرانی سووریە لە ڕێگەی کۆڕ و کووبوونەوەکان و شەرەدندووکەی بەرپرسان درێژەی هەیە، شەڕی بەشار ئەسەد دژی خەڵکی سووریەش قۆناخی نوێ دەبڕێ. سوپای ئەسەد لە نوێترین هێرشەکانیدا بە کۆپتێری تۆپدار شاڵاوی بردۆتەوە سەر ئەو شارانەی لە ژێر کۆنترۆڵی ئۆپۆزیسیۆن دان کە ئەمەش زەرەر و زیانێکی قورسی لە خەڵکی مەدەنیی نیشتەجێی ئەم ناوەندانە داوە. بەشار ئەسەد بەهۆی یەکگرتوو نەبوونی بیروڕا و بەرژەوەندی زلهێزەکان دەرفەتی بۆ هەڵکەوتوە و هیچ جینایەتێک نەما بە سەر خەڵکی سووریەی نەهێنێ. لە تازەترین جینایەتەکانی سوپای ئەسەد دروستکردنی قەڵغانی منداڵان لە دەوری تانک و سوپاکەیدایە. بە پێی دوایین ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ژمارەیەکی زۆر منداڵ ناچار کراون کە سواری تانکەکانی سوپا بن تا دژبەران خۆ لە هێرش بۆ سەریان ببوێرن. هەروەها رادیکا کواراسووامی، نوێنەری تایبەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکدا لە سەر دۆخی منداڵان لە رەوتی ئاڵۆزییەکاندا دەڵێ، لە گرتووخانەکانی هێزە ئەمنییەتییەکاندا منداڵان ئەشکەنجە دراون و وەک گەورەکان لە رەوتی شەڕی شاری دا کوژراون. لەم لایەشەوە دژبەرانی حکوومەت لە شەڕدا باشتر راهاتوون و زەبری قورستر لە هێزەکانی بەشار ئەسەد دەوەشێنن.

هەوڵە نێونەتەوەییەکان بەڕوونی نیشانەی شکستیان پێوە دیارە. هیلاری کلینتۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە ئاشکرا باسی لە لاوازی و دەستەوەستانیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە پێوەندی دەگەڵ قەیرانی سووریەدا کرد، کاتێک وتی کە گومانم هەیە دوای تەواوبوونی مەئمووریەتی ئێستای چاوەدێرانی ئاشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سووریە، ئەنجومەنی ئاسایش ئەو مەئمووریەتە درێژ بکاتەوە. هەروەک بینیشمان ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان چالاکی ئەم هێزانەی لە سووریە هەڵپەسارد.

رووسیە و چین کە تا ئێستا دوو جار شکستیان بە هەوڵەکانی ئەنجومەنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هێناوە دەگەڵ هەر هەنگاوێکی سەربازیی نێونەتەوەیی و هەر گەڵاڵەیەک کە لێکەوتنی بەشار ئەسەدی لێبکەوێتەوە دژایەتی دەکەن و هەڕەشەی بەکارهێنانی ڤیتۆی ئەم جۆرە بڕیارنامانە دەکەن. بە تایبەت رووسیە کە لە رۆژهەڵاتی

نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا کاریگەریی تەنیا لە سەر حکووتەکانی ئێران و سووریە هەیە، دەترسێ هەر حکوومەتێک کە بێتە جێی سووریە چ دیموکراتیک چ ئیسلامگەرا نەیەوێ پێوەندیی جارانی دەگەڵ ئەو وڵاتە بمێنێ. هێندێک لە کارناسان پێیان وایە پووتین کە لە نێوخۆی وڵات لایەنگری کەم بووەتەوە و تارادەیەک شەقامەکانی هێندێک شاری گەورەی رووسیەی لێ راست بووەتەوە، نایەوێ قەیرانی سووریە بەم زووانە کۆتایی پێ بێ بەڵکوو درێژەی ئەم قەیران و پاشهاتە مەنتقییەکانی بۆ پتەوکردنی پلە و پایەی خۆی بەکەڵک دەزانێ. هەروەها ئەم خاوەنڕایانە پێیان وایە ئەگەر بە هەر جۆرێک وڵاتانی رۆژئاوا یا وڵاتانی لایەنگری رۆژاوا چ تورکیە یا وڵاتانی عەرەبی تووشی دەسوەردانی سەربازیی لە سووریە بن پووتین بە بیانووی «هەڕەشەی رۆژئاوا» بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی رووسیە و هەروەها جیابوونەوەی کەمینەی موسلمانی ئەو وڵاتە لە ژێر دروشمی «یەکگرتوویی» و «پاراستنی کەوشەن»ی رووسیە هەنگاوی کاریگەرتر بۆ سەرکوتی دژبەرانی دەنێ.

لەم لاشەوە لەگەڵ هەڵچوونی بێزاریی خەڵکی سووریە لە کاربەدەستانی رووسیە، چین و ئێران؛ پووتین پێی باشە دەستپێشخەریی چارەسەری قەیرانی سووریە بەدەستەوە بگرێ و لەلایەکیشەوە هاوتای لێک کۆبوونەوەی دوستانی سووریە کە لە توونێس و تورکیە کۆبوونەوەتەوە، کۆنفرانسی نێونەتەوەیی لە سەر قەیرانی سووریە بە بەشداریی ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش، یەکیەتیی عەرەب و رێکخراوی ئیسلامی و هەروەها وڵاتانی دراوسێ و گرنگی ناوچەکە وەک لوبنان، ئۆردن، عێراق، تورکیە و ئێران، عەرەبستانی سەعودی و قەتەر وەڕێ بخا. سێرگێی لاورۆڤ سیاسەتزانی لێهاتووی رووس لە تاران ئەم پێشنیارەی خستە بەردەم وڵاتانی رۆژئاوا کە هەر زوو بەشدارکردنی ئێران لەو کۆنفرانسەدا، دژایەتیی ئەمریکا، فەڕەنسا و بریتانیای لێکەوتەوە. جێگری وەرزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چووە مۆسکۆ تا هانبدا هەوڵەکانی بۆ دەست لە کار کێشانەوەی بەشار ئەسەد چڕ بکاتەوە. هەر لەو سەفەرەی جیگری وەرزیری دەرەوەی ئەمریکادا رووسیە هاوڕایی خۆی دەگەڵ پراکتیکی «رێگەچارەی یەمەنی» راگەیاند کە وێدەچێ پەیامی پاراستن و گرەنتیی بەرژەوەندییەکانی دوایی بەشار ئەسەدی بۆ دەوڵەتەکەی پووتین پێ بووبێ.

لە ژمارە ٥٨٥ رۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بڵاو بۆەتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠١٢

---------------------------------------------------

## ئاوڕدانەوەی سەرانی ڕێژیم لە خەڵکی بوومەلەرزە لێدراو!

ئێران وڵاتێکە لە سەر پشتێنەی بوومەلـەرزە. کە جـار نـا جـار تـوێـیـەکانی ژیـانی خەڵکەکەی لیکدەترازێنێ و لـە نەکاو داماوی و لێقەوماوی دەکا بە دیاری بۆ دانیشتووانی.

سەر لە ئێوارەی ٢١ گەلاوێژ بوومەلەرزەیەک بە پلەی ٦،٣ و ٦،٢ بە پلەی ریشتێر ناوچە ئـازەری نشینەکانی لە دەوروبەری تەورێز و شاری ئەهەر و وەرزقان هەژاند و تەنانەت خەڵکی لە پارێزگای ورمێش هەراسان کرد. ئامار و راپۆرتی جۆراجۆر لە سەر وێرانییەکانی ئەم بوولەرزەیە بڵاو کراونەتـەوە کە بـە گـوێرەی هێنـدێکیان ١٢ هەزار خانوو لە نێوان ٢٠ تا ١٠٠ لە سەد تێکڤرماون و پێویستیان بە نۆژەنکاری هەیە. ئـەم هەژانـە کە زیـاتر شاری ئەهەر و وەرزقانی گرتەوە، زۆربەی گوندەکانی دەوروبەری ئەم شارانەی بە تەواوی کاول کردوە.

ئەم کورتـە نووسینە ناپرژێتە سەر کاولکـاری و ماڵوێرانییـەکانی ئـەو ڕووادوە سروشـتییە، بـەڵکو زیـاتر شێوەی ڕووبەرووبوونەوەی دەوڵەت و حاکمییەت بە کورتی دەخاتە بەر باس. هەر دەوڵـەت و دەسەڵاتێک بـۆ ڕووداوی لە نەکاو دامەزراوێکی هەیە و لە کاتی ئەم جۆرە بەڵایانەدا بە هەموو تواناوە بـە هانـای خەڵکەکەیـەوە دەچێ و لـە زۆربەی وڵاتـان دەبینین کە ئەگەرچی پانتـایی کارەساتەکە بـەمجۆرەش نییـە دەسـەڵاتدارانی پلە یـەکی وڵات بـۆ دڵدانەوەی خەڵکی ناوچە و خێرابوونی ڕەوتی یارمەتی و بەهاناوە چوون سەردانی شوێنی ڕووداوە دەکەن. دەوڵـەت سەرەڕای هەموو ئەرکە پێناسەکراوەکانی دیکەی دەبێ پشتیوان و مایەی دڵگەرمیی خەڵکەکەی بێ و لە کاتێکدا کە دیاردەیەک تووشی لێقەومانیان دەکا بێ کەس و دەستەوئەژنۆ نەبن. بەڵام لە سیستمی کۆمـاری ئیسلامیی ویلایـەتی فەقیهی دا بینیمان کە نەک دەوڵەتێک بە کردەوە بوونی نەبوو بـەڵکوو ڕێژیمی بـە زۆر سـەپاو بـە بـێ گوێدانێکی ئەوتۆ بە خەڵکی لێقەوماو، خەریکی ساتوسەودا و پیلانەکانی بۆ دەسوەردان لە ناوچە دابـوو و سـەرۆکی یەکەمی دەوڵـەت، ئەحمەدینـەژاد لـە پێنـاو ئـەوەی بەشـار ئەسـەد لـە ئەندامـەتیی ڕێکخـراوی هاوکـاریی وڵاتـانی ئیسلامی نەکەوێ، بە خۆی و تـاقمێک کاربەدەستەوە ملی ڕێگەی عەرەبستانی گرتە بەر. لە بۆشایی نەبوونی دەولەتدا ئەوە خەڵک و دامەزراوە خەڵکییەکان و خەڵکی ناوچە و نەتـەوەکانی دیکـەی ئێـران بـوون کە خۆبەخشـانە قۆڵیـان لـێ هەڵماڵی و هەر کەس و بە گوێرەی توانـای خـۆی ڕووی لـە شـوێنی ڕووداوەکە کـرد کـە دیـارە ئـەم یارمەتییانـەش کاردانەوەی دەسەڵاتیان لێ کەوتەوە و یارمەتیی زۆربەی ئەو تـاقم و کەس و گرووپانە لە لایەن سپاوە ئەنبار کرا و دەسەڵات رایگەیاند یارمەتییەکان دەبێ لە ڕێگەی ئۆرگانێکی دەوڵەتییەوە دابەش کرێن؛ نەکا ئـەم کـارە ببێتـە هۆی زیاتر لێکنزیک بوونەوەی خەڵک و گەلانی ئێران.چونکی یەکگرتوویی و بەشداریی ئەم خەڵکە لە شین و شایی

یەکتردا دەبێتە هۆی هاوهەڵوێستیی خەڵک و ئەوەش بە قازانجی مانەوەی زیاتری ڕێژیمی سەدە نێوەڕاستی خامنەیی و سیستمی ویلایەت فەقیهی نییە. دەوڵەتی نابی محەممەدی بە جۆرێک لە راگەیانەکاندا بێدەنگیی لێ کرد و گوێی بە ماڵوێرانی ئەم خەڵکە نەبزووت  کە ئەو کەسانەی بەناوی نوێنەری خەڵکی ئەم شارانە لەمەجلیسن ناچار دەنگیان هەڵبڕی و ناڕەزایەتیی خۆیان لەم کەمتەرخەمییە دەربڕی.

کاناڵە تلویزیۆنییەکانی ئێران نەک هەر گوێیان لە هەواڵی ئەم بوومەلەرزەیە خەواند، بەڵکوو وەکو رۆژانی ئاسایی درێژەیان بە بەرنامەکانی خۆیان دا و تەنانەت کانال ۳ بەرنامەی کۆمێدیی «خنده بازار» پشی رانەگرت کە هەڵوێستی توندی نوێنەرانی شارەکانی مشکین شار و ورمێ و ئەهەر و هەریسی بە دواوە بوو. نوێنەری مشکین شار ئاماژەی کرد کە کاناڵە بێگانەکان لە هی خۆمان باشتر هەواڵەکانی پێوەندیدار بە کارەساتی ئازەربایجانیان باس کرد. ئەگەرچی بەرپرسان دوای بیست کاتژمێر رایانگەیاند کە راگوازتنی بریندارەکان بۆ نەخۆشخانە کۆتایی پێهاتوە ، بەڵام هێندێک لەو کەسانەی خۆیان چوونەتە یارمەتیی خەڵکەکە، دەڵێین هێندێک لە گوندەکان بە تەواوی کاول بوون و دەسپێڕاگەیشتنیان دژوارە و هێشتاش هەن ئەوانەی لە ژێر تەپێک دار و گڵ و بەرددا چاوەڕێی یارمەتی و رزگارین. رۆژنامەکانی سەر بە ویلایەتی فەقیهە بەمجۆرە پاساوی سانسۆری هەواڵەکانی پێوەندیدار بە بوولەرزەی ئازەربایجان دەهێننەوە: «ئەم رووداوە بیانوویەکی باشە بۆ خۆڕێکخستنەوە و روحیەی گرووپە» لێکهەڵوەشاوەکانی «ئۆپۆزسیۆن» (کیهان). ڕەش پیشاندان (سیاه نمایی) لە بوارەدا هەنگاونان دژی ئەمنیەتی نەتەوەییە.)) (رسالت).

بە دوای هاودەردی و گلەیی و گازەندەی خەڵک لە دەسەڵات، ڕێژیمی ویلایەتی فەقیە کاری یارمەتی گەیاندن و کۆنترۆڵی ئەو ناوچە بەڵالێدراوەی بە سوپا سپارد کە بە دوای ئەودا سایتی (کلمە) باس لە ئەنبار کردنی یارمەتییەکان لە لایەن ئەم دامەزراوە تەواو ئاڵقە بەگوێیە دەکا و تەنانەت باس دەکرێ سوپا ئیزن نادا فیلم و راپۆرتیش لەم شوێنانە هەڵبگیرێتەوە و هەر لەم بارەوە سایتی کەلەمە لە زاری یەکێک لە شاهیدانەوە دەگێڕێتەوە کە تەنانەت یارمەتییەکانی دەرەوەی وڵاتیش لە لایەن سوپاوە دەستی بە سەر دا دەگیرێ و مانگی سووریش چاوەدێری رەوشەکەیە و تەنیا بینەرە و هیچی لە دەست نایە.

هەمووی ئەوانە بەڕوونی نیشان دەدەن کە لە ڕوانگەی سەرانی ڕژێمەوە  لەقنەبوونی دیکتاتۆرێکی وەک ئەسەد لە بە هاناوە چوون و رزگار کردنی گیانی سەدان هاووڵاتی زیاترە و دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهی نەک خەم لە ئاوارەبوون و ماڵوێرانیی هاونیشتمانان ناخوا بەڵکوو شپرزی و سەرقاڵ بوونی هاونیشتمانان لەبەرژەوەندی خۆی دا دەبینێ. ئەو ڕێژیمەی خەڵک و هێزەکانی بۆ رزگاریی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان بەسیج دەکا و بەردەوام باس لە عەداڵەت و کەرامەت دەکا و پێشکەوتن بنێشتە خۆشکەی سەر زاری بەرپرسانێتی، ئەتوم و مووشەک و چەک،

هێمای پاراستنەکەین، بەمجۆرە ئاوڕی خێری لە خەڵکە لێقەوماوەکەی خۆی دایەوە کە دەیەوێ ببێ بە مودیری جیهانی و پێشەوا و سەرۆکی وڵاتانی ئیسلام.

لە ژمارە ٥٨٩ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٢

------------------------------------------------------

## تێرۆری میکۆنووس، شرۆڤەی تێرۆرێکی سیاسی

ئەم وتارە بە تایبەتی بۆ راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و رۆژنامەی "کوردستان"( ژمارەی تایبەت بە یادی ٢٠ ساڵەی د.شەرەفکەندی و هاوڕێیانی) نووسراوە.

لە بلاوکراوەکانی: ناوەندی بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤی ئێران گەلاوێژی ١٣٨٦

**وەرگێرانی: تەها رەحیمی**

ئەم بابەتەی خوارەوە هەڵبژاردەیەکە لە پەرتووکێک بە ناوی « قتل در میکونوس تجزیه و تحلیل یک ترور سیاسی» کە»مرکز اسناد حقوق بشر ایران» گەلاوێژی ١٣٨٦ بلاوی کردۆتەوە. هاوکارمان تەها رەحیمی لە دەستەی نووسەرانی رۆژنامە ، لە سەر داوای «کوردستان»، ئەم پەرتووکەی بە بۆنەی ٢٠ ساڵەی تێرۆری د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی. دەقی تەواوی وەرگێڕدراوەکە، لە سایتی «کوردستانوکورد» دا دەخرێتە بەرچاوی خوێنەران. لەم ژمارە تایبەتەی «کوردستان»دا، هەڵبژاردەیەک لە ناوەرۆکی ئەم پەرتووکە، کە لێکۆڵینەوەیەکی شرۆڤەکارانەی تیرۆری میکۆنووسە، دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی ئەم ژمارە تایبەتە.

«کوردستان»

## پێشەکی

لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە تا ئێستا، کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە لە سەر هەناردە کردنی شۆڕشەکەی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران جیددییە. یەکێک لە رەهەندەکانی هەناردەکردنی شۆڕش، هەوڵدان بۆ کپ کردنی دەنگی رەخنەی کۆمەڵگەی ئێرانییەکانی دەرەوە لە سەرانسەری جیهانە. لە سەرماوەزی ١٣٥٨ ەوە، مەئموورانی ئیتلاعاتی ئێران، چالاکانی پاشایەتیخواز، نەتەوەیی و دێموکراتیان لە وڵاتانی جۆراوجۆری وەک ئەمریکا، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، فەڕانسە و تورکیە تێرۆر کردوە.

... لەم بارەیەوە، دۆسیەی میکۆنووس گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە دەڵاقەیەکمان بەرەو جیهانی شاراوە لێ دەکاتەوە. موحاکەمەی زۆرێک، دیارە بە داخەوە نەک هەموو ئەو کەسانەی لە تیرۆرەکەدا دەستیان هەبوو، بچووکترین وردەکارییە پراکتیکییەکانی لە سەر تیرۆرەکانی ئێران و جۆر و کەسایەتیی ئەم کەسانەی بۆ کوژران هەڵدەبژێردرێن لە قاو دەدا. شایەتیی گەورە بەرپرسێکی ئیتلاعاتی پێشووی ئێران کە ئەزموونی راستەوخۆی لەو تیرۆرانە دا هەیە، بووە هۆی دروستبوونی روانگەیەکی بێوێنە لە سەر فەرمانی سیاسیی پشت ئەم هێرشانە. بڵاوبوونەوەی بێ وێنەی بەڵگە و دیکۆمێنتە زانیارییەکانی ئاڵمان، سترەکتۆری چالاکیی ئیتلاعاتیی ئێران لە ئورووپای رۆژئاوا بۆ پێداچوونە خستە بەردەستی خەڵک...

## پوختە

لە ٢٦ خەرمانان ١٣٧١ دا مەئموورانی کۆماری ئیسلامیی ئێران سێ کەس لە ئەندامانی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیەکانیان لە هۆڵێکی تایبەتیی رێستورانی میکۆنووس لە گەڕەکی ویلمێرز دۆرف (wilmersdorf) ی بێرلینی ئاڵمان تیرۆر دەکەن. ئەم هێرشە یەکێکە لەم زنجیرە تیرۆرە بەرنامە بۆ دارێژراوانەی کۆماری ئیسلامی کە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ بە مەبەستی ترساندن و تێکدانی چالاکییە سیاسییەکانی دژبەرانی رێژیم جێبەجێ کرا.

* فەرمانی جێبەجێ بوونی تیرۆری میکۆنووس لە لایەن کۆمیتەی کاروباری تایبەتیی کۆماری ئیسلامییەوە دەرکرا کە ئەو کات عەلی خامنەیی سەرۆکایەتیی دەکرد و سەرکۆمار، ئەکبەری هاشمی رەفسەنجانی، وەزیری ئیتلاعات، عەلی فەللاحیان و وەزیری دەرەوە، عەلی ئەکبەری ویلایەتیی ئەندامی بوون.

* کۆمیتەی کاروباری تایبەت بەرپرسایەتیی جێبەجێ کردنی ئەم تیرۆرەی بە عەلی فەللاحیان سپارد.

٭ تیرۆری میکۆنووس لە لایەن پێرسۆنێلی ئەنجومەنی چالاکیی تایبەتیی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی و کەسانێکی سەربەخۆ کە لە لایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوەبەکرێگیرابوون، ئەنجام درا.

٭ عەلی فەللاحیان، عەبدولرەحمانی بەنی هاشمیی بۆ سەرپەرستیی تیمی میکۆنووس هەڵبژارد و بەنی هاشمی لە لایەن یەکێک لە ئەندامانی وەزارەتی ئیتلاعاتی دانیشتووی ئاڵمان بە ناوی کازم دارابییەوە یارمەتی کرا. دارابی چوار هاووڵاتیی لوبنانیی دانیشتووی ئاڵمانی بە ناوەکانی یوسف محەممەد ئەلسەید ئەمین، عباس حوسێنی رائیل، محەممەد عەتریس و ئەتائوڵڵا ئەیاد کە بە هۆی پێوەندییانبە حیزبوڵڵا یان ئەمەلەوە دەناسین بۆ هاوکاری لە جێبەجێکردنی تیرۆرەکەدا بەکرێ گرت.

٭ ئامانجی سەرەکیی هێرشی میکۆنووس، دوکتور محەممەد سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، فەتاح عەبدولی، نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئورووپا و هومایون ئەردەڵان، نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئاڵمان بوون. نووروڵڵا دێهکوردی، برادەری دوکتور سادق شەرەفکەندییش لەم هێرشەدا کوژرا و عەزیزی غەففاریش، خاوەنی رێستورانت بریندار بوو.

٭ کوشتنەکان بە هۆی عەبدولرەحمان بەنی هاشمی و عەباس حوسێن رائیل کە کەسێکی بەئەزموونی سەر بە حیزبوڵڵا بوو و دوا گوللەش هەر ئەو لە سەری ئەردەڵان و د.شەرەفکەندیی دا، بەڕیوە چوون. یوسف ئەمین لە کاتی تیرۆرکردنەکەدا بە داخستنی دەرکی هاتنە ژوورەوەی رێستورانت ئەمنییەتی تێرۆریستانی دەپاراست. فەرەجوڵڵا حەیدەر لێخوڕینی ئەو ترۆمبێلەی لە ئەستۆ بوو کە بۆ هەڵاتن لە بەر چاو گیرابوو و هاووڵاتییەکی ئێرانیی دیکەش کە تەنیا بە محەممەد ناسراوە چاوەدێریی شوێنی تێرۆرەکەی تا کاتی تیرۆرەکە لە ئەستۆ بوو.

٭ ئەگەر چی بەنی هاشمی، حەیدەر و محەممەد توانییان هەر زوو لە ئاڵمان هەڵێن بەڵام زۆربەی ئەو کەسانەی کە راستەوخۆ لە تیرۆری میکۆنووسدا دەستیان هەبوو دەستگیر کران. دادوەرەکانی ئاڵمان، رائیل، دارابی و ئەمینیان بە کوشتنی چوار کەس و هەوڵ بۆ تیرۆری کەسێکی دیکەش تاوانبار کرد. دوو کەسەکەی دیکەش بە هاوکاریی لە ئەنجامدانی تاوان، تاوانبار کران.

٭ دادگای میکۆنووس سێ ساڵ و نیوی پێ چوو. دادگا لەم ماوەیەدا ٢٤٦ جار کۆ بۆوە و ١٧٦ کەس لە دادگا دا شایەتیان دا. یەکێک لە شایەدەکان مەئمووری پێشووی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بوو و بەڵگەنامەکان هەر لە پەروەندە ئیتلاعاتییەکانەوە بگرە تا بەرنامە تۆمار کراوەکانی کاناڵی هەواڵی تەلەڤیزیۆنی ئێرانتاوتۆی کران. دادوەرەکان توانیان ٤ کەس لەو ٥ کەسە تاوانبارکراوە، مەحکووم بکەن. رائیل و دارابی

بەهۆی ئەوەکە هێرشیان کردبووە سەر ڕێستورانت سزای هەتاهەتاییان بۆ دەرچوو.

* بەرپرسانی ئاڵمان بەم ئاکامە گەیشتن کە دەوڵەتی ئێران «راستەوخۆ» دەستی لە تیرۆری میکۆنووس دا هەبووە و لە بانەمەڕی ١٣٧٤ دا، دادستانی گشتیی فیدراڵی ئاڵمان، کەی نێهم (kaynehm)، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بریاری دەستبەسەر کردنی نێونەتەوەیی، عەلی فەللاحیان وەزیری ئیتلاعاتی ئێرانی دەرکرد. ئەم بڕیارە روونی دەکردەوە کە فەللاحیان دەستی لەم تیرۆرەدا هەبووە.

* بڕیاری دەستگیری بۆ دوو مەئمووری دیکەی وەزارەتی ئیتلاعات کە لەتاران دەبوون و رۆڵی سەرەتاییان لە داڕشتنی تیرۆرەکەدا هەبوو، دەرچوو. هەرسێکیان ئێستا داواکراون.

* بڕیاری دەستگیریی عەبدولڕەحمانی بەنی هاشمی و حەیدەر هەروا لەسەر جێی خۆیەتی، وێدەچی هەردووکیان ئێستا بە ئاسایشی تەواوەوە لە ئێران بژێن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گرنگترین پارتی سیاسی کوردەکانی ئێرانە و، یەکێک لە سەرەکیترین پارتە سیاسییەکانی دژ بە کۆماری ئیسلامییە. ئەم حیزبە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ لە مەهاباد دامەزرا و ئامانجەکەی ئۆتۆنۆمیی ئیداری، حقووقی و پەروەردەیی بۆ کوردستانە بە بێ لەت کردنی ئێران. درووشمەکەی «دێموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان»ە.

بە دوای لێکەوتنی محەمەد موسەدیق، سەرۆک وەزیر بە هۆی کودیتای ساڵی ١٣٣٢ ەوە محەمەد رەزا شای پەهلەوی زۆربەی گرووپە دژبەرەکانی قەدەغە کرد. حیزبی دێموکراتی کوردستانیش یەکێک لەم پارتە قەدەغەکراوانە بوو و لە ئاکامدا ناچار بوو بە شیوەی نهێنی درێژە بە چالاکی خۆیان بدا. رووخانی حکوومەتی پەهلەوی لە ساڵی ١٣٥٧ دا هەلێکی دووبارەی بۆ کوردان رەخساند کە دیسان داوای ئۆتۆنۆمی بهێننەوە گۆڕێ و زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کورد بە خرۆشەوە دەگەڵ شۆڕش کەوت. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە رەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ دا چالاکی ئاشکرای خۆی راگەیاند و خێرا دەستی کرد بە پرۆپاگەندە بۆ خودموختاری بۆ کوردستان.

... خومەینی حیزبی دێموکراتی بە حیزبی «شەیتان» ناوبرد و رێژیم ئەندامەتی لەو حیزبەی دا بە تاوان دانا و بە پێی قانوونی ئیسلام و ئێران سزای بۆ لەبەر چاو گرت.

حیزبی دێموکراتی کوردستان دیسان ناچار بە چالاکیی نهێنی بۆوە و شەڕی چەکداریی هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی

دەوڵەت درێژەی کێشا.

بە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی داوای لە حیزب دەکرد بەر لە هەموو شتێک چەک دانێ هەوڵەکان بۆ ئاگربڕ ئاکامیان نەبوو. هەلایسانی شەڕی نێوان عیراق و ئێران لە خەرمانانی ١٣٥٩ دا بووە هۆی ئەوەی ڕێژیم هێرش بکاتە سەر کوردستان و زۆربە شارە گرنگەکان داگیر بکا لە حاڵێکدا هێشتاش زۆربەی ناوچەکان بەتایبەت گوندەکان لە دەست حیزبی دێموکرات دابوون.

دەگەڵ ئەوەی ڕێبەرایەتیی حیزب کەوتە دەرەوەی سنووری وڵات، دیسان ڕێژیم هەوڵی دا بە تیرۆری ئەوان کار و چالاکییەکانی حیزب لەنگ بکا، ئەو شێوازەی کە زۆربەی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دژ بە دەسەڵاتی ئاخوندەکانی گرتبۆوە. کۆماری ئیسلامی پێ و شوێنی ئەندامانی چالاکی حیزب لە عێراق، ئاڵمان، ئۆتریش، تورکیە، سوئێد و دانمارکی هەڵگرت و دەستی کرد بە هێندێک تیرۆر. کە بەر لە تیرۆری میکۆنووس بەرچاوترینی ئەم هێرشە ناجوانمێرانانەیە تیرۆری دوکتور عەبدلڕەحمانی قاسملوو، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٥٢ەوە کە لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ بەرپرسانی ئێران بۆ گەیشتن بە ڕێگەچارەسەرێکی ئاشتیخوازانەدا، لە پووشپەڕی ١٣٦٨ لە ڤییەنی ئۆتریش بە دەستی نەیارانی ئاشتی تیرۆر کرا.

## بەرنامەڕێژی و جێبەجێ کردنی تیرۆر دەرچوونی بڕیاری تیرۆر

سەرچاوەی دەرکردنی بڕیاری تیرۆری میکۆنووس دەتوانین ببەینەوە سەر بڕیاری کۆمیتەی کاروباری تایبەتی کۆماری ئیسلامی بۆ دانانی عەلی فەللاحیان وەزیری ئەوکاتی ئیتلاعات بۆ چاوەدێریی و سڕینەوەی فیزیکی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

دوای مردنی خومەینی لە ساڵی ١٣٦٨ دا، کۆمیتەی کاروباری تایبەت بۆ بڕیاردان لەسەر بابەتە گرینگەکان پێک هات. پێکهێنانی ئەم کۆمیتەیە لە قانوونی بنەڕەتیدا پێشبینی نەکراوە چونکی ڕێبەری ڕێژیم خامنەیی، سەرۆکایەتی ئەم کۆمیتەیە دەکا و لە لایەکیشەوە تێزی ویلایەتی فەقیە دەسەڵاتێکی بائاسایی بە ڕێبەری دەبەخشێ، کەواتە ئەم کۆمیتەیە بە کردەوە وەسەر دەوڵەت و پارلمان کەوت. لە سەردەمی تیرۆری میکۆنووس دا ئەندامانی هەمیشەیی ئەم کۆمیتەیە بریتی بوون لە: ئەکبەری هاشمی ڕەفسەنجانی، سەرکۆماری ئەو کاتی ڕێژیم، عەلی فەللاحیان، وەزیری ئیتلاعات، عەلی ئەکبەر ویلایەتی، وەزیری دەرەوە، محەمەد ڕێی شەهری، وەزیری ئیتلاعاتی پێشوو، موحسێن ڕەزایی، فەرماندەی سوپای پاسداران، ڕەزا سەیفوڵلاهی، فەرماندەی پاراستنی ئیتلاعاتی هێزی ئینتیزامیی کۆماری ئیسلامیی ئەوکات و ئایەتوڵلا خەزعەلی، ئەندامی شووڕای نیگەهبان.

دوای ئەوەی بڕیاری کۆتایی درا کە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە ئاڵمان تیرۆر بکرێن، وەزارەتی ئیتلاعات یەکێک لە مەئموورانی دانیشتووی ئاڵمانی بۆ ئامادەکاریی و پشتیوانی جێبەجێ کردنی هێرشی تیرۆریستی ڕاسپارد. ئەو کەسە کازمی دارابی ئەندامی سوپای پاسداران بوو کە لە ساڵی ١٣٥٩ ەوە نیشتەجێی ئاڵمان بوو. دارابی ئەندامی دەستەی بەڕێوبەری «یەکیەتی ئەنجومەنی ئیسلامییەکانی خوێندکارانی ئورووپا» (UISA) بوو و پێشینەی کاری توندووتیژی دژی ئۆپۆزیسیۆنی دانیشتووی ئاڵمانی هەبوو. دارابی چوار لوبنانی بە ناوەکانی یوسف محەمەد و ئەلسەید ئەمینی، عەباس حوسێنی ڕائیل، محەمەد عەتریس و عەتائوڵلا ئەیادی کە لە ڕێگەی پێوەندییەکانی پێشوویانەوە لەگەڵ گرووپە میلیشیاکانی لوبنان، حیزبوڵلا و (ئەمەل) ەوە دەناسی بۆ ئەم تیرۆرە دەستنیشان کرد.

قۆناخی کۆتایی پیلان، بەهەواڵی گەیشتنی دوکتور محەمەد سادق شەرەفکەندی، هومایون ئەردەڵان و فەتاح عەبدولی لە ٢٣ی خەرمانانی ١٣٧١ بە برلین بۆ بەشداریی لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی سۆسیالیستەکان (Congress of the Socialist International) تەواو بوو.

بڕیار بوو شاندی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ڕێبەرانی گرووپە دژبەرەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی و چالاکانی ئێرانی دانیشتووی برلین لە پێنجشەممەی ٢٦ی خەرمانان کۆببنەوە. ڕستورانتی میکۆنووس بۆ ئەم کۆبوونەوەیە دەستنیشان کرا. ئەمە ئەو هەلە بوو کە وەزارەتی ئیتلاعات چاوەڕوانی دەکرد و ڕۆژی ١٦ی خەرمانانی ١٣٧١ یا ئەو نزیکانە عەبدولڕەحمان بەنی هاشمی بۆ فەرماندەیی تیرۆری میکۆنووس گەیشتە برلین.

## ئامادەکاریی تیرۆر

٢٢ی خەرمانانی ١٣٧١، ئەندامانی تیمی تیرۆری میکۆنووس لە ماڵە دارابی هەڵکەوتوو لە شەقامی (Detmolderstrabe) ژمارەی B 64، یەکتریان بینی. بەنی هاشمی، دارابی، محەمەد، ئەمین، حەیدەر و ڕائیل بەشداری کۆبوونەوەکە بوون. دوای کۆتایی کۆبوونەوە، دارابی تیمەکەی بردە بنکەیەک لە زێنفتین بێرگێر ڕینگ (RingSenftenberger)، ژمارە ٧ لە برلین کە بۆ ئەم هێرشە لەبەر چاو گیرابوو.

## هێرش

دوکتور شەرەفکەندی، ئەردەڵان عەبدولی و دێهکوردی نزیک ساعەتی ٧:٣٠ی دوای نیوەڕۆ لە دەرکی ڕیستۆرانێت چوونە ژووری. داوا لە عەزیز غەفاری خاوەنی ڕیستۆرانتەکە کرابوو کە پێوەندی بە نوێنەرانی ڕێکخراوە و گرووپە سیاسییە ئێرانییەکان لە بێرلین بکا و بانگهێشتی کۆبوونەوە شاندی نوێنەرانی حیزبی دێموکراتیان بکا. بەڵام

پێموا غەفاری کەمتەرخەمی کردبوو و کەسانی پێوەندیداری بۆ دوانیوەڕۆی رۆژی دواتر بانگهێشت کردبوو. کە زانی هەڵەی کردوە خێرا دەستی کرد بە تەلیفون بۆ ئەو کەسانەی کە دەبوایە هاتبانە کۆبوونەوە.

.... نزیک بە کاتژمێری ١٠:٥٠ی شەو، دوو تیرۆریستەکە، عەبدولڕەحمان بەنی هاشمی و عەباس حوسێن رائیل هاتنە ریستۆرانتەوە. یوسف محەمەد ئەمین لە دەرەوەی ریستۆرانت ئاگای لە ولات بوو کەس نەیەتە ژوورەوە. بەنی هاشمی و رائیل وێنەی قوربانییەکانیان پێ بوو و هەروەها شارەزایی تەواوی نەخشەی ریستۆرانتیش بوون و هەر بۆیە زۆر ئاسان توانیان دەستبەجێ بگەنە شوێنی کۆبوونەوە و خێرا تیرۆرەکە بکەن. بەنی هاشمی چەکی یوزی کەلە نێو جانتا وەرزیشییەکەی بوو و رائیلیش چەکی کەمەری ئۆتۆماتیکی هەڵگرتبوو. هەرتک چەک ئامێری دەنگبڕیان لە سەر بوو.

بەنی هاشمی و رائیل دەگەڵ وەژوور کەوتن راست بەرەو دیوی پشتەوەی ریستۆرانت، کە لەوێدا شاندی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات و میوانەکانیان خەریک نانخواردن بوون، چوون. لە لای راستی هۆدەکە دوومێز نزێک بە یەکتر بە قەراخ دیوارەکەوە دانرابوون، میرراشدی لەوسەری میزی لای راستەوە دانیشتبوو. دەستماڵچی، عەبدوولی و ئەردەلان بە ئاراستەی چرکەژمێری ساعەت لەلای چەپییەوە دانیشتبوون. شەرەفکەندی، دێهکوردی، ئیبراهیم زادەی ئیسفەهانی و سادق زادە لەوبەری مێزەکە بوون. غەفاری لە پشتی مێزی دوویەم کە هێندێک لەوی دیکە ئەولاتر بوو، دانیشتبوو. گۆشەی خوارەوەی مێزەکە بەتاڵ بوو.

پەرویز دەستماڵچی بەمجۆرە باس دەکا:

باسی سەرەکیی کۆبوونەوەکە، دۆخی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە دەرەوە، چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها هەماهەنگیی چالاکییەکانی بوو. بەر لە وتووێژەکان، باس لەسەر تیرۆرەکانی دەرەوەی ولات کرا. دوکتور شەرەفکەندی وتی: «من لە چیاکانی کوردستان دەگەڵ پێشمەرگەیەکی کورد لەسەر ژیان و مردن قسەم دەکرد. (پێشمەرگەکە)دانیشتبوو، هەستا و بەسەر پنجە درووپەک دا بازیدا و پاشان پێی وتم کاک دوکتور سەعید ئەوەندەیە مەودای ژیان و مردن. ئیبراهیم زادەی ئیسفەهانییش دەڵێ:

بەر لە تیرۆر، دوکتوور شەرەفکەندی، دەستماڵچی و میرراشدی لەسەر پرسە نێونەتەوەییەکان و تەواوییەتی ئەرزیی ئێران و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی دەگەڵ ئۆتۆنۆمی قسەیان دەکرد..

لەم کاتەدا بەنی هاشمی هاتەژوورەوە و بە فارسی وتی «دایک قاحبەینە» و تەقەی کرد.

بە تەقەکەڕا دیار بوو شەرەفکەندی، ئەردەلان و عەبدولیی مەبەستە. دوای دوو دەسڕێژ تەقەی یوزی بەنی هاشمی، رائیل کە پاش بەنی هاشمی هاتبووە ژوور فیشەکی کۆتایی لە ئەردەڵان و شەڕەفکەندیدا. تیرۆریستەکان بە گشتی ٣٠ فیشەکیان تەقاندبوو.

بەنی هاشمی یوزیی بەرەو شاندی رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان گرت و ٢٦ فیشەکی لە عەبدولی، ئەردەلان و شەڕەفکەندی و دێهکوردی دا. غەفاری کە لەلای ئەردەڵانەوە راوەستابوو بەهۆی شوێنەکەیەوە وەبەر رەهێڵەی یوزی هات. غەفاری دوو فیشەکی بەرکەوتبوو؛ یەکیان لاقی راستی گرتبوو یەکیشیان (گورچیلەی) گرتبوو بەڵام بەو حاڵەشەوە نەمرد. رائیل فیشەکێکی بە پشت سەری ئەردەلان و دوو فیشەکی بەسەر و مل و زگی وەنابوو، سییەکان و جەرگ و گورچیلەی بریندار ببوون. پێویستی بە گوللەی کۆتایی رائیل نەدەکرد. ئەردەلان چوار فیشەکی بەر سینگی کەوتبوو. پشکنینەکانی توێکاری نیشانی دا ئەگەر فیشەکی کۆتایی بەسەری ئەردەلانەوە نەنرابایە لەوانەبوو بژی. عەبدولییش چوار فیشەکی یوزیی بەرکەوتبوو، یەکێک لە فیشەکەکان دڵی گرتبوو یەکجێ کوشتبووی. دێهکوردی حەوت فیشەکی بەرکەوتبوو، گوازرایەوە کلینیکی شتێق لیتز (steglitz)و کاتژمێر ١٢:٢٥ی پارشێوی ٢٧ ی خەرمانانی ١٣٧١ بەهۆی خوێن لەبەر چوونی زۆری ئەو فیشەکەی بەرسینگی کەوتبوو گیانی دا.

## راکردن

دوای ئەوەی کە رائیل گوللەی کۆتایی لە شەڕەفکەندی و ئەردەڵان دا ،هەر دوو بکوژەکە بەورێگەیەیدا کە هاتبوونە ژوور، لە ریستۆرانەکە وەدەر کەوتن. لە دەرەوەی ریستورانت، رائیل و بەنی هاشمی دەگەڵ ئەمین بەرەو شەقامی پرینتس ریجنتن،(Prinzregentstraße)، ئەو شوێنەی محەمەد و فەرەجوڵڵا ئەبووحەیدەر لە ترۆمبێلی راکردن دا چاوەروانیان دەکرد، پێیان پێوە نا.

## فەرمانی دەستبەسەر کردنی عەلی فەللاحیان دەردەچێ.

سێ حەوتوو بەر لە دەستپێکی دادگای میکۆنووس، وەزیری ئیتلاعات عەلی فەللاحیان گەیشتە «بون» تا چاوی بە بەرزترین بەرپرسی ئیتلاعاتیی ئاڵمان، بێرند شمیت باوێر، (Bernd Schmidbauer) بکەوێ. فەللاحیان داوای کرد ئەو پێنج تاوانبارەی لەم پێوەندییەدا گیراون ئازاد بکرێن و هەوڵی دا پێش بە بەرێوەچوونی دادگا بگرێ. بەڵام شمیت باوێر بە گوێی نەکرد.

لە راستیدا، دادستانەکانی ئاڵمان ئەوەندە لە دەست تێدابوونی ئێران لە تێرۆرەکەدا دڵنیا بوون کە دادستانی گشتی فێدراڵی ئاڵمان، کێی نێم (kaynehm)، بە شێوەیەکی چاوەڕوانی نەکراو بڕیاری دەست بەسەر کرانی

فەللاحیانی لە ٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٧٤ دەرکرد. بڕیاری دەستبەسەر کردن بە ڕوونی باسی لەوە دەکرد کە فەللاحیان فەرمانی تیرۆرەکەی داوە. هەواڵی بڕیاری دەستبەسەر کردنی فەللاحیان کۆمەڵێک خۆپێشاندانی لە ئێران لێکەوتەوە.

ڕەفسەنجانی، سەرکۆماری ئەو کات لە وتوویژ دەگەڵ «شپیگێل» (Der Spiegel) دا وتی کە بۆ دادگای میکۆنووس و دەرچوونی بڕیاری دەستبەسەر کردنی فەللاحیان دەوڵەتی ئاڵمان بە تاوانبار نازانێ. ڕەفسەنجانی وتی «بەرپرسانی ئەمریکایی و ئیسرائیلی دەستیان لەم کارەدا هەبووە و یان ئەوەی دەزگای قەزایی ئاڵمان تووشی هەڵە بووە»

## بڕیاری دادگا

سەرەنجام دادگای بەرزی بێرلین لە ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦ بڕیاری خۆی دەرکرد. کازم دارابی زیندانی هەتاهەتایی بۆ دەرچوو. بڕیارەکە دەیوت: « دارابی..... تیرۆرەکانی بۆ سرویسی نهێنیی ئێران ڕێکدەخست. ناوبراو ئاگای لە تاوانەکان هەبووە و بۆیە لە تیرۆرەکەدا بەشدار بووە.» عەباسی رائیلیش زیندانی هەتاهەتایی

بۆ درچوو. دادگا رائیلی بە تاوانی لانیکەم ئەوگوللانەی بوونە هۆی کوشتن، بە تاوانبار لە قەڵەمدا. یۆسف محەمەد ئەلسەید ئەمین بە تاوانی هاوکاری لە کوشتنی چوار کەسدا، ١١ ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە. محەمەد عەتریسیش بە تاوانی هاوکاری لە کوشتندا ٥ ساڵ و سێ مانگ زیندانی بۆ بڕایەوە. عەتائوڵڵا بێتاوان ناسرا و ئازاد کرا، لە حاڵێکدا بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ڕەوتی محاکەمەدا دەستبەسەر بوو.

دادگا شتی سیاسیی بە هاندەری تاوانبارەکان بۆ ئەم تێرۆرە سیاسییە زانی. چونکی ئەوان سەر بە ڕێژیمی بناژۆخوازی ئێران بوون و ئامادە بوون بە تێرۆری ڕێبەری گرووپە دژبەرەکان پشتیوانیی خۆیان بسەلمێنن. سەرۆکی دادگا، فریتهۆف کووبش (frithjofkubsch) لە حوکمە ٣٩٥ لاپەڕەییەکەیدا گونجاندی کە موحاکەمە «دەرچوونی بڕیاری تێرۆر لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوەی سەلماند». کۆبش ناوی هیچ بەرپرسێکی لە حوکمەکە دانەهێنا بەڵام ڕوونی کردەوە کە شایەدەکان و بەڵگەنامەکانی دیکە سەلماندیان کە کۆمیتەی کاروباری تایبەت بڕیاری تێرۆرەکەی داوە و ڕێبەری، سەرکۆمار، وەزیری دەرەوە و وەزیری ئیتلاعات هەموویان ئەندامی چالاکی ئەم کۆمیتەیە بوون.

لێدوانەکانی پێشوو دەریان خست کە تێرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سکرتێریی دوکتور شەڕەفکەندی نەک تێرۆرێکی تایبەتی و نە بەرهەمی جیاوازیی بیروڕای نێوان گرووپە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی

رێژیم، بەڵکوو ئەم تێرۆرە لە لایەن بەرپرسە باڵاکانی رێژیمەوە رێکخراوە.

تاوانباران.... هیچ پێوەندییەکی تاکەکەسییان لەگەڵ کوژراوەکان نەبووە و هیچ قازانج و هۆگرییەکیش بۆ کوشتنیان هانی نەداون. تەنانەت دارابی سەرەڕای پێوەندی بە دەزگا زانیارییەکانەوە و رەپێش خستنی بەرژەوەندی سیستم بە سەر قازانجی خۆیدا نەیدەتوانی بە بێ بڕیاری پێویست پلان بۆ تیرۆر دابڕێژێ و تەنانەت لە بواری لۆجیستیکییەوە بە بێ یارمەتیی ئەم مەئموورییەتە جێبەجی بکا.

بەڵگەکان دەری دەخەن کە باندی دەسەڵاتبەدەستی رێژیم نەک هەر بڕیاری تێرۆری دەرەوەی وڵاتی پەسەند کردوە و رێز لەو تێرۆریستانە دەگرێ، بەڵکوو راست بۆ خۆیان بڕیاری جێبەجێکردنی تێرۆری جیابیران ئەویش تەنیا بەو تاوانە کە لە باری سیاسییەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی رێژیم هاوڕا نین، (بە دەستوپێوەندەکانی) جێبەجێ دەکا. ئەوان بە پتەو کردن و پاراستنی دەسەڵاتەکەیان بە شێوەی فیزیکی هەوڵی سڕینەوەی دژبەرانی سیاسیی خۆیان دەدەن.

لە ئاکامدا «کووبش» لە حوکمەکەی خۆیدا بە بێ ناوهێنان و بە شێوەی ئاماژەیی خامنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامی، هاشمی سەرکۆمار، ویلایەتی وەزیری دەرەوە و وەزیری ئیتلاعات عەلی فەللاحیانی مەحکووم کرد:

رێبەرانی سیاسیی ئێران تەنیا بۆ پاراستن و پتەوکردنی کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی خۆیان بڕیاری تێرۆریان دەرکردوە. ئەو کەسانەی بڕیاریان داوە بەرپرسانی دەوڵەتی ئێران بوون. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی حوقووقیی ئاڵماندا، دادگایەکی بەرز راشکاوانە دەوڵەتێکی دیکەی بە بەرپرسی دۆسییەیەکی تێرۆریستی لە قەڵەمدا. ئاڵمان باڵوێزەکەی خۆی لە ئێران کشاندەوە و ولاتە ئورووپاییەکانی دیکەشی هاندا کە باڵوێزەکانیان بکشێننەوە. بە پشتیوانی لە ئاڵمان، چاردە وڵاتی ئورووپایی جگە لە نیوزلەند و ئوسترالیا پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی خۆیان دەگەڵ تاران هەڵپەسارد. بەڵام زۆربەیان دوای مانگێک گەڕانەوە تاران.

دەوڵەتی ئێران بە روونی نارەزایەتیی خۆی لەم حوکمەی دادگا دەربڕی. بۆ ماوەی چەند رۆژ زنجیرەیەک خۆپێشاندان لە تاران و قوم درێژەی هەبوو. سەرکۆمار رەفسەنجانی لەوتاری نوێژی هەینیدا وتی بڕیارەکە سیاسی بووە و پێشبینیی کرد کە لە مێژوودا وەک بڕیارێکی «بێشەرمانە» تۆمار بکرێ. هاشمی وتی ئاڵمان «دڵی میلیۆنان کەسی شکاندوە» و «ئەو بڕیارە لە بیر ناکرێ و بێ وڵامیش نابێ» لە درێژەی قسەکانیدا بەشێوەی ناڕوون هەرەشەی کرد کە ئاڵمان «قازانجەکانی خۆیلە» ئێران لە دەست دەدا.

خامنەیی دەوڵەتی ئاڵمانی بۆ دەرکردنی ئەم بڕیارە لۆمە کرد و رایگەیاند کە ئاڵمان بڕوا پێکراویی خەڵکی ئێرانی لە دەست داوە. کاتێ ئاڵمان بریاریدا بگەڕێتەوە تاران، خامنەیی فەرمانی تایبەتیی بە وەزیری دەرەوەدا کە ئیعتیبارنامەکەی قبووڵ نەکا چونکە دەوڵەتی ئاڵمان بە ناحەق ئێرانی بە تاوانێک کە ئەنجامی نەداوە، تاوانبار کردوە.

## ئاکام

کۆماری ئیسلامی لە مێژە هەوڵ دەدا بنکە و ناوەندەکانی گرووپە سیاسییەکانی دژی رێژیم لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات لە نیو بەرێ. لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٥٨ تا ١٣٧٥ دا، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بڕیاری زنجیرە تێرۆرێکیان دژی دژبەرانی سیاسیی رێژیم دەرکرد کە زۆربەی ئەم تێرۆرانە لە ئورووپای رۆژئاوا جێبەجی کران. دوای مردنی خومەینی لە ساڵی ١٣٦٨، بەرپرسایەتیی بەڕێوەبردنی ئەم تێرۆرانە بە کۆمیتەی کاروباری تایبەت بە سەرۆکایەتی خامنەیی، (جێنشینی خومەینی)سپێردرا. هەروەها بەرپرسایەتیی جیبەجێ بریارەکانی کۆمیتەش بە ئەنجومەنی چالاکیی تایبەت سەر بە وەزارەتی ئیتلاعات سپێردرا.

دۆسییەی میکۆنووس تا ئێستاش باشترین نموونەیە بۆ ناسینی چالاکیی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تێرۆری دژبەرەکانی لە دەرەوەی وڵات دا. ئەم چالاکییانە بە روونی بە کارهێنانی رێکخراوە تێرۆریستییە دەرەکییەکان بۆ راوەدوونانی دژبەرەکانی لە لایەن ئێرانەوە دەردەخا. تێرۆری میکۆنووس کەم تێچوو لە هەمان کاتدا کاریگەر بوو. ئەو میتۆدەی گرووپی تێرۆری میکۆنووس بە کاریان هێنا ئەگەر چی ئەگەری دەست تێدابوونی وەزارەتی ئیتلاعاتی کەم دەکردەوە بەڵام هەوڵێکی زۆر بۆ شاردنەوەی سەرچاوەی تیرۆر یا بەلارێدا بردنی مەئموورانی لێکۆڵینەوە نەدرابوو. نەک هەر هیچ هەوڵێک نەدرابوو بۆ سڕینەوەی ژمارە سڕیاڵی ئەو چەکانەی تیرۆرەکەیان پێ کردبوو بەڵکوو هەوڵێکی ئەوتۆش بۆ لەنێو بردنی چەکەکانیش نەدرابوو تا پێوەندیی ئەو چەکانە بە ئێرانەوە دەرنەکەوێ. کە ئەمەش خۆێ نیشاندەری ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی پێی وایە ئەگەر دژبەران بزانن کەدەوڵەتی ویلایەتی فەقیهی لە پشت ئەو تیرۆرانەوەیە، بەقازانجیەتی.

رەنگە گرینگترین تایبەتمەندیی رووداوی میکۆنووس، دوژمنایەتیی پاساو هەڵنەگری کۆماری ئیسلامی دەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ. لە ماوەی سێ ساڵدا، دوکتور شەرەفکەندی دوویەمین سکرتێری گشتیی حیزب بوو کە لە یەکێک لە شارە ئورووپاییەکاندا تیرۆر دەکرا. بە گشتی، ناوەندی بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤی ئێران لەو تیرۆرانەی لە دەرەوەی وڵات لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان کراون، زانیاریی زیاتری لە سەر ئەو تیرۆرانە هەیە کە لە عێراق لە دژی ژمارەیەکی زۆر لەتێکۆشەران و ئەندامانی پایەبەرزی ئەو حیزبە ئەنجام دراون.

لێزانیی تیرۆریستەکان و جێبەجێکردنی لەسەرەخۆیانە و بە شێنەیی تیرۆرەکە لە لایەن بکوژانەوە لە عەمەلیاتی میکۆنووسدا نیشاندەری بێ بەزەیی ڕێژیمی ئێرانە کە هەمیشە لە هەوڵی کوشتن و تیرۆری

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

---------------------------------------------

# هۆکارەکانی ئێعدامی بە کۆمەڵی بەندییە سیاسییەکانی ساڵی ٦٧ و شوێنەوارەکانی

ئارەش لۆرستانی

و: تەها ڕەحیمی

ئێعدام و ئەشکەنجە لەو حکوومەتانەی کە خۆیان بە نوێنەری مەزهەب و یان خودا دەزانن، جینایەتی سیستمی دەسەڵاتدار پەرە پێ دەدەن و دەبنە هۆی یەکگرتوویی هێزە دژبەرەکان و لە کۆتایی دا ڕووخانی ئەو ڕێژیمەی، ڕووخانێک کە ئیدی گەڕانەوە بۆ ئەو حکوومەت ئایینییە محاڵ دەکا.

کۆماری ئیسلامی لە چوار قۆناخدا کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی خۆی قایم کرد. سەرەتا هاوکاری و هاوئاراستەیی لەگەڵ پارتە ئوپۆزیسیۆنەکان تا قۆناخی گەیشتن بە دەسەڵات، دووەم کەڵکوەرگرتن لە پێشینەی ئایینی و ئاستی نزمی خوێندەواری و فەرهەنگیی خەڵک، کە لەم قۆناخەدا بە تۆمەت و کەش خوڵقێنی ئوپۆزیسیۆنی بە دژی شۆڕش ناساند و ئەوانی لە مەیدانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی دوور خستەوە، سێیەم کوشتن، ئەشکەنجە، زیندانی کردن و دوور خستنەوەی دژبەران، چوارەم تیرۆر کە بە واتایەکی دیکە سزای بان قانوونی پێدەوترێ.

ئەشکەنجە و ئێعدامی دژبەرانی ڕێژیم دەکەوێتە فازی سێیەمی پتەوکردنی بنەماکانی کۆماری ئیسلامی؛ کە ئاڵقەیەک بوو لە شێواز و لۆژیکی دەسەڵاتی ئیدیۆلۆژیکی دەسەڵاتدار کە دەبوو لە قۆناخێکی دیاریکراو جێبەجێ بکرێ تا پرۆسەی سەقامگیری تەواو بێ. ئێعدامی زیندانیانی سیاسی و دژبەران لە ساڵەکانی ٦٥ تا ٦٨ کە خەرمانانی ساڵی ٦٧ ئەو چڵ و پۆپەی ئەم ئێعدامانە بوو نەک لە لاوازی و بێدەسەڵاتیی سیستمەوە سەرچاوەی نەدەگرت بەڵکوو بەشێک بوو لە پیلانێکی لە پێشدا بەرنامە بۆ داڕێژراو لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە کە زۆر ڕوون میتودی فیکری و هزری ڕەهای خومەینی و شوێنکەوتووانی دەردەخا کە بۆ حکوومەت کردن ئەم شێوازەیان بە

شوناس و ئەرکی شەرعیی خۆیان دەزانی و ئەگەر مێژوو چەندین جار دووپات بێتەوە ئەم ئاڵقە نگریسە بەردەوام لە مێژوودا روو دەداتەوە.

بڕاوەیی خومەینی وەک کاریزمای ئایینی کە خۆی پێ نوێنەری ئیمامی دوازدەیەمی شیعەکان دەزانێ و رەوابوونی دەسەڵاتەکە لە رێگەی سیغەی ویلایەتی فەقیهەوە بە خواوە دەبەستەوە، بناخە و بنەمایەکە کە لە ژیانی کۆماری ئیسلامی دا هەمیشە وەک گەورەترین فاکتەری یەکگرتوویی لایەنگرانی سیستم و گەورەترین کێشەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان خۆی دەرخستوە.

کۆماری ئیسلامی بە دروست کردنی دووبەرەی ئایین و کفر کەڵێنی خستۆتە نێوان خەڵکی رەمەکی و دژایەتی کردن لەگەڵ ئەو حوکمانەی دەردەچن بە دژایەتی خودا دەناسێنێ و بە شێواندن و لەرزۆک کردنی هزری کۆمەڵایەتی بواری بۆ درێژەپێدان و مانەوەی حکوومەتی ویلایەت فەقیهی خۆش کردوە.

کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ٦٧دا کە بە بیانووی ئۆپراسیۆنی «فروخ جاویدان»ی موجاهیدینی خەلق و لەق کردنی کۆڵەکەکانی حکوومەتی ئیسلامی و هەرەوەزی کفر لە بەرانبەر ئیسلام دا ئەنجام درا، بوو بە هۆی دەسپێشخەریی کۆماری ئیسلامی تا پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان تووشی قەیران بکا و پێگەی کۆمەڵایەتی و بوونیان لە نێو خەڵک دا دابەزێنێ. لەم نێوەدا تەنیا پارتە کوردستانییەکان کە خاوەن پاشخانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی باشتر بوون لە کۆمەڵگەی کوردەواری دا باشتر بوون کە ئەم هێژمۆنییە رێژەییەی پارتە کوردییەکان بوو بە هۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامی کوردستان بکا بە مەیدانی شەڕ، بەڵام پارتە کوردستانییەکان بە کەڵکوەرگرتن لە پێگەی خەڵکی و فەزای نەتەوەیی، درێژەیان بە چالاکیی خۆیان دا.

فازی سێیەمی پیلانی کۆماری ئیسلامی کە هەمەن کوشتاری زیندانییە سیاسییەکان لە هەلومەرجێکی هەستیار و ئاڵۆزی شەڕی هەشت ساڵەدا رووی دا، شەڕێک کە تەواوی خەڵکی ئێرانی تووشی قەیرانێکی جیددی کردبوو کە هێزە دژبەرەکانی سیستم و چالاکانی سیاسی بە کردەوە لە هەر هەنگاوێک دا دەبوو سەرەڕای پاراستنی بوونی خۆیان و نۆژەنکردنەوەی سترەکتوری رێکخراوەیی، کەشی شەڕ و حەساسییەتەکانی خەڵکی ئێران و تێچووە. گرانەکانی بەردەوامی خەبات لەبەر چاو بگرن. کوژرانی لاوانی ئێران لە شەڕی ٨ ساڵەدا، بەدیل گیران و برینداربوونی زۆرێک لە سەربازان لە بەرەکانی شەڕدا، وره و روحیەی بنەماڵەی کوژراوان و برینداران و بەدیل گیراوان، ئابووریی لاوازی خەڵکی، نەبوونی هەلومەرجێکی لە باری پروپاگەندەیی و دەرفەتی زۆر سەرەتایی میدیایی و چاپەمەنی بۆ پڕوپاگەندە و برەوپێدانی بەرەی دژی کۆماری ئیسلامی و میدیایی زۆر بەهێز و پرۆپاگەندەی بە بڕی رێژیم و کەڵکوەرگرتن لە ئیحساساتی مەزهەبی، ئەم فاکتەرانە بوون کە رەوشەکەیان بە

هێژمۆنی کۆماری ئیسلامییەوە خستە فازێکی دیکەی سەقامگیرییەوە.

کوشتاری زیندانییە سیاسییەکانی ساڵەکانی ٦٥ تا ٦٨ بوو بە هۆی دووبەرەکی و لێک دوورکەوتنەوەی ئۆپۆزیسیۆن لە سەر ئاستی ئێران و دەتوانین بڵێین یەکێک لە هۆکارەکانی ئامادەیی و کاریگەریی پارتە کوردییەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکرات بڕەوپێدانی روحیەی ناسیۆنالیستییەکە، کە لە لایەن دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندییەوە جێ خرابوو، ئەو رێبەرانەی کە لە فازی چوارەم واتە تێرۆر کەوتنە بەر رق و کینەی رێژیمەوە و لەو کەسانە بوون کە شەهید کران.

لە فازی سێیەم و بەتایبەت کوشتاری زیندانییە سیاسییەکان لەساڵی ٦٧دا، رێژیمی کۆماری ئیسلامی نەک هەر ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی قەڵتوبڕ کرد بەڵکوو لە پەنای ئەودا لەگەڵ زۆربەی دژبەرە نێوخۆییەکانی خۆشی تەسفیە حیسابی کرد و دەستی کرد بە بەهێزکردن و یەکدەست کردنی بەدەنەی دەسەڵاتدار. نیزام، ئێعدام و ئەشکەنجەی کرد بە بەشێکی جیانەبۆوەی ئیدیۆلۆژی و میتۆدی حکوومەتداری خۆی و زۆربەی بودجەی وڵاتی بۆ راهێنانی هێزە سەرکوتکەرەکان تەرخان کرد. سیستمی قەزایی و جێبەجێکار بە پێی سڕینەوەی دژبەران و نەهێشتنی هەلومەرجی دژایەتی خۆی رێکخست و سێ هێزەکەی لە چوارچێوەی پاراستن و بەردەوامیی گوشاری کوشتن رێکخست. حەوزەی علمییە دەستی کرد بە داڕشتنی تیۆری و لێکدانەوەی ئیلاهییانەی ئەو حوکمانەی دەردەچوون و سیستمی پەروەردە و بەتایبەت زانکۆ کە دەبێ حاڵەتی پەروەردەیی زانستی و پراکتیکی بە ئاراستەی پێکهێنانی کۆمەڵگە بێ دەستی کرد بە پەرەپێدانی بیروڕا و یۆتۆپیایی سیستمی ئیلاهی.

ساڵی ٦٧ ئەزموونێکی زۆر هەستیار و کارەساتبارە کە پێداچوونەوە و دۆزینەوەی هۆکارەکانی دەتوانێ زۆربەی هەڵە و کێشەکانمان بۆ دەر بخا و دروستکردنی سەرچەشن بۆ چالاکیی لە بیاڤی سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتی بە پشت گوێ خستنی ئەم رووداوە مێژوویانە کە بە نرخی شەهیدبوونی هەزاران کەس لە ئۆپۆزیسیۆن بە دەست هاتووە، دەتوانێ خاڵی لێڵ و تەنانەت پاشڤەڕۆیی چالاکییەکان لە ئاراستەی گۆڕینی سیستم و رەخساندنی بوار بۆ دامەزراندنی دیموکراسی بێ.

ئەزموونی مێژوویی و سیاسیی نێونەتەوەیی بەروونی نیشانی داوە کە هەر رێژیمێکی نادیموکراتیک تا رادەیەک دەتوانێ داخوازی و پێداویستییە مودێرنە سیاسییەکان خەوشدار بکا و دوای تێپەڕینی کات و بەهێزبوونی حقووقی دێموکراتیکی خەڵک کە لە حاڵەتی ئیحساسی دەرچووە و بووەتە پێداویستییەکی دڵخواز و پێویست، دەسەڵات بە هۆی داخوازی و سووربوونی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان و خەڵک، لە نێوخۆی و هێزەکانی دا تووشی کەلێن دەبێ و لەگەڵ درێژەی هاتنە ئارای داخوازییە دیموکراتیکەکانی خەڵک، حکوومەت زیاتر دەچێ لە کەوڵی ئیتلاعاتی و

سەربازیی خۆیەوە و دەرفەتی ئەو پلانانەی پێشتر دایڕشتبوون لێ دەبەسترێ. تەنانەت زۆربەی هاوفیکر و هاوپەیمانانی پێشووی دەبن بە هێزێک کە بە پێچەوانەی شووناس و دەسەڵاتی سیستم، هەڵوێست دەگرن.
لەم هەلومەرجەدا رێزگرتن لە فیداکاریی زیندانییەکان و شەهیدانی رێگەی ئازادی تەنیا کاتێک دەتوانێ کاریگەر بێ کە هۆکارەکانی بیچم گرتن و جێبەجێ بوونی ئەو رووداوانە لێک بدەینەوە و لە هەر رووداوێکی مێژوویی بۆ یەکگرتوویی و بەشداریی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان و هاوهەنگاوی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێرانی کەڵک وەرگرین. ئەزموونی ئۆپۆزیسیۆن و بەتایبەت پارت و رێکخراوە کوردییەکان کە لە کۆمەڵگەدا خاوەن پێگەیەکی پتەوتر و سەقامگیرترن نابێ بە ئیحساساتی تاک رەهەندی و پاوانخوازی بە لاڕێ دا بڕوا و بە ئامادەبوون لە نێو خەڵکدا و وەپێش خستنی رووخانی کۆماری ئیسلامی، بەشداری و هەڵبژاردن لە لایەن خەڵکەوە بکەین بەلۆژیکی چالاکییەکانمان.

لە ژمارە ٥٩٠ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

---------------------------------------------------------

## گووشارە ئابوورییەکان ئاستی خۆڕاگریی خەڵکی بە تەواوی دابەزاندوە

مەحمود شەریفی

و: تەها رەحیمی

لە ماوەی ئەم دووساڵەی رارابردوودا، سیاسەتە شەڕ خوازییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە و گوێ نەدان بە داخوازی کۆمەڵگەی جیهانی لەسەر راگرتنی پیتاندنی یۆرانیوم لە نێوخۆی ئێران، کۆمەڵگە گەمارۆیەکی گشتگیری لە لایەن کۆمەڵگەی جیهانییەوە بۆ ئەم دەسەڵاتە سەرەرۆیە بە دیاری هێناوە کە بووەتە هۆی ئەوەی کە ئابووری ئێران لە دارمان نزیک بێتەوە.

هەروەها لە لایەکیشەوە سیاسەتی هەڵەی ئەحمەدی نژاد لە رەوتی جێبەجێ کردنی گەلانی ناسراو بە پشکی

دادپەروەری و ئامانجدار کردنی سوبسیدەکان بۆتە هۆی زۆر بوونی پارە لە بازار و بەدوای ئەوەشدا گرانی و هەڵاوسان. کۆمەڵگەیەک کە هەڵاوسانی لە رادەبەدەری بێ و خەڵک هیچیان پێ ناکردرێ و هەژاری ئەستۆی خەڵک دەگرتەوە.

نزیک بە زۆربەی خاوەن رایان کۆمەڵناسی لە سەر پێوەندیی راستەوخۆی هەژاری و هەڵکشانی سەرپێچی و لادانە کۆمەڵایەتییەکان هاوڕان و لە راستیدا ئەم دوو چەمکە پێوەندیی هۆکار و بەرهۆیان پەیدا کردوە. لە حاڵێکدا گرانی و کێشە ئابوورییەکانی بڕستی لە خەڵکی ئێران بڕیوە و کۆمەڵگەی تووشی قەیران کردۆتەوە، ڕەنگە ئەوشتەی کەمتر کەوتۆتە بەر سەرنجی کوڕ و کۆمەڵە سیاسی و کۆمەڵگەی رووناکبیری دژی رێژیم، کاریگەری درێژخایەنی تاوان لە کۆمەڵگە و پاشهاتەکانی بۆ بەرەی داهاتوویە. ئەم بابەتەی کە ئەمرۆ رۆژئاوا و ئۆپۆزیسیۆنی رێژیم دڵی پێ خۆش کردوە ئەوەیە کە، رەنگە گوشاری ئابووری لە رادەبەدەر رەنگە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی خەڵک و هەڵچوونی ئەم خەڵکە وەزاڵەهاتوویە تا لەم رێگەیەوە دەسەلات تووشی لێکهەڵوەشان و رووخان بکەن. بێ ئاگا لەوەی کە کێشە و ئارێشە دەخاتە بەر مەترسییەوە.

ئەمرۆکە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان دا، دەوڵەتەکان بە یارمەتیی کارناسانی بواری کۆمەڵایەتی دەیانەوێ بە نەهێشتنی ئەو هۆکارە دەرەکییانەی کە کاریگەرییان لەسەر تاوان هەیە، رادەی تاوان دابەزێنن، بەڵام بە داخەوە لە وڵاتی ئێران دەسەلات خۆی بوار بۆ تاوان دەڕەخسێنێ و سەرچاوە و هاندەری زیادبوونی تاوان لە کۆمەڵگە دایە. هەڵکشانی هەژاری، بێکاری، نائەمنیی شوغلی و... لە کۆمەڵگەی ئێراندا، لە قەیران تێپەڕیوە و خەڵکی تووشی جۆرێک نەخۆشیی دەروونی کردوە کە بەرچاوترینیان تووڕەیی (پرخاشگری) و هەڵکشانی توند وتیژی لە کۆمەڵگەدایە. چاوخشاندنێک بە لاپەڕەی رۆژنامەکان و هەواڵی سایتەکان نیشاندەری ئەمەیە کە خەڵکی ئێران لەم چەند ساڵەی رابردوودا لە چاو پێشوو شەڕانیتربوون. چوونە سەری رێژەی شەڕ لەسەر شەقامەکان، راکردنی کچان لە ماڵێ، بەرەوژوور جوونی ژمارەی موعتادان و زۆربوونی ژنانی سەر شەقام، دابەزینی تەمەنی کەسانی لەشفرۆش و... هەمووی ئەو شتانە ئەو خەسارە کۆمەڵایەتییانەن کە ئەمرۆکە بەرۆکی خەڵکی ئێرانیان گرتوە، کە دەسەلاتی فەرمانڕەوا و لە سەرووی ئەویشەوە دەوڵەتی ئەحمەدینژاد هۆکاری ڕاستەقینەی ئەم خەسارانەن.زیادبوونی توندوتیژی لە کۆمەڵ لە درێژخایەندا دەبێتە هۆی کەڵەکە بوونی قین و دوژمنایەتی لە کۆمەڵگەدا کە لە ئەگەری پێکهاتنی هەر چەشنە قەیرانێکدا، کۆمەڵگە تووشی کێشە و ئارێشەی جیددی دەکاتەوە و ئەمنییەتی کۆمەڵایەتیی تاکەکان تووشی مەترسی دەکا. زۆربوونی ژمارەی ژنانی سەر شەقام و دابەزینی تەمەنی لەشفرۆشی خۆی لە کۆمەڵگەدا ئاکامی نیگەتیڤی زۆری لە دوایە کە دەتوانێ چەندین ساڵ بەرۆکی کۆمەڵگە بگرێتەوە. سوودوەرگرتنی جنسی لە ژنان و کچانی کەم تەمەن، لە راستیدا گەورەترین زوڵمێکە لە ژن کە شوینەوارە روحی و دەرونییەکانی چەندین ساڵ لە کۆمەڵگەدا هەر دەمێنێتەوە و تەنانەت کەریگەریی لەسەر

بەرەکانی دواتریش هەیە. دیاردەی ژنانی سەرشەقام و لەشفرۆش لە تەمەنی کەمدا پەیوەندیی ڕاستەوخۆی دەگەڵ هەڵکشانی هەژاری لە کۆمەڵگەدا هەیە و لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین هەژاریی گشتی هۆکاری سەرەکیی ئەم تاوانەی کۆمەڵگەیە. لە سەردەمی سەرکۆماریی محەممەد خاتەمی‌دا لەسەر داوای باڵی موحافیزەکاری ئۆپۆزیسیونی دەوڵەت فیلمیکی دۆکیۆمێنتی بەناوی هەژاری و لەشفرۆشی بەرهەم هات کە گۆشەیەکی بچووک لەم دیاردەیەی لەو کاتدا دەرخست، کە ڕەنگە ئەگەر ئێستا کەسێک یان گرووپێک بیەوێ لەم پێوەندییەدا لێکۆڵینەوە بکا و ئامار بگرێ، ڕەهەندە بەربەبڵاوەکانی ئەو دیاردەیەی بۆ دەر بکەوێ.

گوشارە ئابوورییەکان و لە ئاکامدا هەڵکشانی هەژاری لە کۆمەڵگەدا دەبنە هۆی نائەمنیی شوغڵی و قەیرانی دەروونیی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا. کۆمەڵگەی هەژار، سەرکز و پڕاوپڕ لە توندوتیژی بە دوای سوکنایی‌دەرێکەوەیە کە لانیکەم بۆ ماوەیەکی کورت ڕەوشی دەروونی سارێژ بکاتەوە و یا هەر نەبێ کێشەکان بە هێند وەربگرێ. لێرەدایە گیرۆدەیی بە مادە سڕکەرەکان و حەب و... دێتەئارا. بە وتەی ئەو شایەدانەی نیوخۆی وڵات، تەنیا یارمەتیی دەوڵەت بەو خەڵکە هەژارە و بێکارە لە بواری دەروونییەوە، کردنەوەی دەرکی بازاری مادە سڕکەرەکانە لە ئێران.

لە حاڵێکدا کە هەڵاوسانی زاڵ بە سە کۆمەڵگەدا بووەتە هۆی ئەوە کە کاتژمێر بە کاتژمێر پێداویستی‌یەکانی خەڵک بەرزتر بێتەوە، نرخی جۆرەکانی مادەسڕکەرەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لە دابەزینن و لە چاو ساڵانی ڕابروو زۆر هەرزانتر بوون. هەرزان بوون و دەستراگەیشتنی ئاسانی هەمووان بە مادە سڕکەرەکان لە سالانی ڕابردوودا ئاماری گیرۆدەیی بە شێوەیەکی سەرسامکەر بەرز کردۆتەوە و کۆمەڵگەی لە قەیران نزیک کردۆتەوە. ئەوەندەی باسمان کرد تەنیا بەشێکی کەمی کاریگەرییە ئەرێنییەکانی هەژاری لە سەر خەسارە کۆمەڵایەتییەکانە. لە ڕاستیدا ئەگەر ئەم ڕەوتەی ئێستا درێژەی هەبێ تاکە هیوای گۆڕینی دەسەڵات لە ڕێگەی سەرهەڵدانەوە نەک هەر کز دەبێ بەلکوولە ئەگەری بەردەوام بوونی درێژخایەنی ئەم بارودۆخە ئیدی گۆڕینی ڕێژیم و دەسەڵاتیش ناتوانێ کۆمەڵگەی ئێران بە ئیدەئاڵە دڵخوازەکان بگەیەنێ. چونکە لە ڕاستیدا گەورەترین سامانی وڵات کە هێزە مرۆییەکەیەتی ڕووبەڕووی خەمۆکی و کێشە و ئاڕێشەیەکی ڕۆحی و دەروونیی زۆر دەکا.

لە ژمارە ٥٩٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

## کاروانی راهیانی نوور، زیندوو کردنەوەی ئایدیۆلۆژی شەڕ

دیکتاتۆریی حکوومەتی گرووپێکی کەمینەیە بە سەر کۆمەڵگەدا کە خاوەن ئیدیۆلۆژییەکی تایبەتە و بە درێژایی مێژوو زیاتر خۆی لە چوارچیوەی ئایین و مەزهەبدا دەرخستوە تا ئەم دوو سەدەیەی دوایی کە ئیدیۆلۆژییەکانی دیکەی وەک فاشیزم و مارکسیسم و... هتد بە جۆرێک لە جۆرەکان بوونە هەوێنی ئیدۆلۆژی بۆ سیستم و دەسەڵاتی دیکتاتۆری. سیستمی دیکتاتۆری خاوەن کۆمەڵێک بەها و بایەخی بانئاسایی و پیرۆزە کە پێویستە لە پێناو پتەو کردن و مانەوەی سیستمدا بەردەوام دە مێشکی نەوەکان و بەرەکانی کۆمەڵگە خزێندرێن تاکوو هەر جۆرە ئیرادەیەک لە تاکی کۆمەڵگە بستێننەوە و تاکی کۆمەڵگە گوێڕایەڵ و پێ بە ملی ئامانج و ویستەکانی ئیدیۆلۆژی و تاکی کاریزماتیکی سیستمەکە بکەن. کەواتە بە واتایەکی دیکە سست بوون و لاواز بوونی ئیدیۆلۆژی بەرامبەرە بە داوەشان و بەرە بەرە رووخانی کۆڵەکەکانی دیکتاتۆری و گەڕانەوەی ئیرادە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە. هەر بۆیە دەستوپێوەندەکانی سەر بە سیستم و دامودەزگەکانی حکوومەتی دیکتاتۆری بەردەوام خەریک بانگەشە و هەرچی زیاتر پیرۆز نیشاندانی ئەو کۆمەڵە بەها و بایەخەن و لەم راستایەشدا بۆ پەروەردەی نەوەی نوێ بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە داهاتوودا لە هەوڵێکی بێ پسانەوە دان.

کۆماری ئیسلامیی ئێران دیکتاتۆریی سەدە ناڤینی سەردەم کە لە سەر بنەمای ئیدیۆلۆژیکی ئیسلامی و لە سەرووی ئەویشەوە فقە و شەریعەتی شیعە دامەزراوە یەکێک لە حکوومەتەکانی مێژووی هاوچەرخە کە بۆ مانەوەی خۆیان و بە ئاکام گەیاندنی ئامانجەکانیان بەردەوام لە هەوڵ و تێکۆشان دان رێژیمی ئیران لە پیناو پەروەردە و پیرۆز نیشاندانی رابردووی خۆی و لە چوارچێوەی پەروەردەی نەوەیەک بۆ دوارۆژی خۆی ساڵانە کۆمەڵێکی زۆر لە قوتابیان بە بیانووی سەیران و لە چوارچێوەی کۆمەڵە سەفەرێک بە ناوی «کاروان راهیان نور» دا رەکێشی باشوور، باشووری رۆژاوا و تەنانەت باکووری رۆژاوای وڵات، واتە شوێنی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان ئێران و عێراق و ئەو شوێنانە دەکا کە هێزەکانی دژی هێزە دژبەرەکان و بە تایبەت هێزە کوردییەکان شەڕی کردوە. ئەم لە حاڵێکدایە کە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بۆ سڕینەوە و نەهێشتنی ئاسەوارەکانی ماڵوێرانی و کوشتوکوشتاردا و هێورکردنەوەی روح و دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگە هەوڵ دەدرێ دەگەڵ تۆمارکردنی کارەساتەکان و هەروەها تۆمارکردنی مێژووی وڵات، خەڵکەکە بەرەو هێمنی ببردرێ و کەشێکی دوور لە توندوتیژی و ئاشتەوایی بهێنرێتە ئاراوە. بەڵام لە ئێراندا ئەم جۆرە گەشتانە کە لە ژێر چاوەدێریی سوپای پاسداران و هێزی بەسیجدا بەڕێوە دەچی، زیاتر بە مەبەستی گێلاندن و سەپاندنی ئەو کۆمەڵە بایەخ و بەها پڕوپووچانەی رێژیمە کە لەم سەردەمە لە مێژووی مرۆڤایەتی، دەرخوارد مێشکی لەبار و ئامادەی فێربوونی منداڵ و مێرمنداڵانێک دەدرێ کە دەبێ بە

زانست و تەکنۆلۆژیی سەردەم پۆشتە بکرێن. منداڵانی ئێرانی دەبێ سەردانی شوێنێک بکەن کە زیاتر لە یەک میلیۆنی کەس لە باب و باپیران و هاووڵاتییەکانیان بە هۆی سیاسەتی هەڵە و ئامانجێکی نەک هێندە دیار کوژراون. ئاشناکردن و دەرخواردی ئەم جۆرە هزرانە و بریندار کردنی روح و هزر و بیری منداڵێکی خوار 18 ساڵ لە لایەن چەند ئاخوندی سەر بە دەسەڵات و چەند بەسیج و پاسداری قین لە دڵ کە ئامادەن هەر جیناتەتێک لە پێناو رازی کردنی دڵی ویلایەتی فەقیە و وێنای ناڕوون و دوور لە راستیدا بکەن، کاریگەرییەکی یەکجار خراپ لە سەر دەروونی ئەو کەسانە دادەنێ کە نەوەی دواڕۆژ و داهاتووی ئەو وڵاتەن. ناچار کردنی ئەو قوتابی و مێرمنداڵانە بۆ چوون بۆ شوێنی قاقڕ و هەڵکۆڵ هەڵکۆڵ و پڕ لە ئاسنەواڵەی دوای شەڕ و خزاندنی بیری تۆڵە و قین و رک لە مێشکی ساوای ئەوان بە جێی ئاشنا کردن بە بایەخە بەرزە مرۆییەکان و هەوڵدان بۆ پەروەردەی مرۆڤێکی نۆرماڵ و، هەوڵدان بۆ پێگەیاندنی کەسێکی سەربەرز و یاسامەند بە جێ کەسێکی توندڕەو و بنئاژۆخواز، دیاری کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو قوتابی و مێرمنداڵانەیە کە لە سەدەی بیست و یەکەمدا تووشی هاتوون. دیارە ئامانجی دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ناردنی ئەو قوتابییانە بۆ شوێنی شەڕی هەشت ساڵە، زۆر لەمە زیاتر هەڵدەگرێ و رێژیم لەم پیلانەشدا رەهەند و لایەنی جۆراو جۆری لەبەرچاوە. داخستنی دنیای راگەیاندنی نێوخۆ و قەدەخەکردنی ئامرازەکانی پێوەندیی گشتی نێوخۆی ئێران بە دەرەوەی وڵات، بۆ ئەوەی خەڵکی و بە تایبەت لاوان لە دەنگ و بیر و هزر و ئیدیۆلۆژیی ئەوان زیاتر گوێیان لە دەنگێکی جیاواز نەبێ و لە بەرچاوی خەڵکەکە تەنیا دەنگی بەرهەق و هێڵی هزری (صراط المستقیم) بن. هەر لە راستای دوورخستنەوەی هزری خەڵک و لاوان لە هزرە پێشکەوتووەکانە و کۆماری ئیسلامی بە پێشاندنی ئەم شوێن و جێگەیانە دەیەوێ نۆستالۆژییەکی درەوەشاوە لە رابردوو و شەڕی دژی عێراق بە نەیارەکانییەوە (مەبەست هێزەکانی دژی کۆماری ئیسلامی کە زیاتر لەم ناوچەیە بەرەنگاری ئێران بوونەوە) بۆ ئەم نەوەیە دروست بکا. لە لایەکی دیکەوە سوپا و ئۆرگانەکانی سەر بەم مافیایە بە بێ گوێدان بە بەکەڵک هاتنی ماشین و ئامرازی راگواستن و بە بێ لەبەر چاوگرتنی رێگەو بانێک کە بەرزترین ئاماری پێکدادان و کوشتنی تێدا تۆمار دەکرێ، بە زۆرەملی قوتابیان بە سەدان کیلۆمێتر لە ماڵ و دایک و باوکیان دوور دەخەنەوە و مەترسیی ئەم رێگەیان دەخەنە بەر، کە چەندی جار بە جۆرێک کارەساتی لێ کەوتووەتەوە کە لەم دواییانە دا پرسەکەی گەیشتە پارلەمانیش. لەم چەند ساڵەی رابردووودا بۆ چەندمین جار دەچێ کە کاروانە زۆرەملییەکان تووشی رووداوی هاتووچۆ دەبن و سوپای پاسدار دوای جەرگبڕینی دایک و باوکی ئەو قوتابییانە خۆ لەو شتە دەدزێتەوە و لەم لایەشەوە ئاخوندە پلەبەرزەکانی رێژیم شتەکە بە قەزا و قەدەر دادەنێن و بەمجۆرە کارەساتەکە پووش بەسەر دەکەن. 25ی رەشەممەی ساڵی 86 بە هۆی رووداوی هاتووچۆ ٢٢ قوتابی دەکوژرێن، هەر رۆژێک دواتر ٤ کەس دەبن بە قوربانیی سیاسەتی گەوجانەی سوپا. ٢٨ رەزبەری ٩١، لەو رێگەیدا ٢١ پەپوولەی نەپشکوتوو سەر دەنێنەوە. ١٨ی خەزەڵوەری پاییزی ئەمسالیش ٢ کەس کوژران و هێندێک کەسیش بریندار بوون. لێرەدا پرسیار ئەمەیە کە ئایا بڵێی کۆماری ئیسلامی لە سەردەمی ئینتێرنێت و ئەم تەکنۆلۆژیایە بەربەرینە بتوانێ بەر بە زانیاریی و رێوشوێنە بەرزە مرۆییەکان بگرێ

و به داتاشینی دوژمنی دەرەکی و بەڵێنی بەهەشت و سازدانی ئەم سناریۆ ناڕوونانه، ئەو منداڵانه بۆ پەرەپێدان و درێژەدانی ئامانجه دوور له واقعبینییەکانی خۆی پەروەرده بکا. یان بەڕاست ئەگەر توانیوییه لەم ڕێگەیه و بەر به پشکووتنی هزری ئەو مێرمنداڵ و قوتابییانه بگرێ، ئەدی ئەو هێزه گەنجەی سالی 88 به دوای راگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنی خولی نۆیەمی سەرکۆماری دا شەقامەکانی شارەکانی ئیرانیان هەژاند، هەر ئەم قوتابی و خوێندکار و گەنجان نەبوون.

له ژماره ٥٩٧ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوه.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠١٢

--------------------------------------------------------------

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٣

---------------------------------------------

### ستراتیژیی دامەزرانی قەڵغانی مووشەکی لە تورکیە و کاردانەوەی ئێران

بەردەوامیی توندوتیژی و پێکدادانی نێوانی هێزەکانی بەشار ئەسەدی سەرکۆماری سووریا و دژبەران و چەکدارانی دژی، لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەیی دا بووە هۆی ئەوە کە زۆربەی وڵاتان و لایەنە سیاسییەکان بە روونی خۆ یەکلا بکەنەوە و پشتیوانی و لایەنگریی خۆیان لە یەکێک لەم دوو بەرەیە دەربڕن کە لە ئاستی ناوچەییدا لەگەڵ یەکتر لە ململانێ دان. بەرەی بەشار ئەسەد، رووسیا، چین، ئێران و دەستوپێوەندەکانی لە ناوچەکەدا کە زیاتر هێز و میلیشیاکانی لوبنان و فەلەستین و گرووپە چەکدارە شیعەکانی وڵاتانی عەرەبی دەگرێتەوە. لەم لایەشەوە بەرەی دژبەرانی حکوومەتەکەی ئەسەد و رۆژئاوا و تورکیا و عەرەبستان و....

شەڕ و کێشمەکێش لە سەر هەژمۆنی و بە چۆکداهێنان لە هەردوولا بەردەوامە و، کێبەرکێی دیپلۆماسی و گۆشار و پێکدادانی سەربازی و ئاسمانی و گوشاری ئابووریی لایەنەکان لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەییدا بە روونی دیارن. پاش ئەوەی چەند جار هەوڵە نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان لەسەر کێشە و قەیرانی سووریا لە ئەنجومەنی ئاسایش و ناوەندە جیهانییەکانی دیکە بە ئاکام نەگەیشت، هەرتک لایەن بە پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە و خڕکردنەوەی دۆستانی بەرەکانی شەڕ لە سووریا، هەوڵی لاوازکردنی یەکتریان دا کە دەتوانین ئاماژە بە کۆبوونەوەی دۆستانی سووریا لە توونێس و میسر و دوحە لەم لایە و کۆبوونەوەی تاران لە پێناو بەهێز کردن و ورەدانەوە بە بەشار ئەسەد و هێزەکانی بکەین. دەگەڵ شەڕی دیپلۆماسی و شەڕی مێدیایی و پڕۆپاگەندەیی لایەنەکان شەڕ و پێکدادان و قەڵتوبڕی خەڵکی مەدەنی و شەڕڤانان لە هەردووک لا لە بەرەکانی شەڕ لە نێوخۆی سووریا بەردەوامە و رۆژ بە رۆژ بەرەو گرژبوونەوە و توندوتیژترە. تەنانەت وڵاتانی دەوروبەریش لە خێروبێری تۆپی تۆپخانەکانی ئەرتەشی ئەسەد بێبەش نەبوون و ٣ هاووڵاتی لە شاری سنووری ئاقچا قەلعە بوونە قوربانی و 9 کەسیش برینداز بوون. هەروەها سنوورەکانی ئوردۆنیش لە لایەن سوپای بەشار ئەسەدەوە کەوتە بەر تۆپباران. هەر ئەم سەرکێشی و لاساریانەی ئەرتەشی بەشار ئەسەد و گوێ نەبزووتنی بە دەنگی خەڵکەکەی خۆی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەزاندنی سنووری وڵاتانی دراوسێ بوونە هۆی ئەوەی کە تورکیە و بەرەی رۆژئاوا بیر

لە ڕێگەچارەسەرێک لە دەرەوەی ئەنجومەنی ئاسایش بکەنەوە. لە لایەکی دیکەشەوە بەر بوونەوەی فڕۆکەیەکی تورکیا لە ئاوەکانی دەریای سپی نێوەڕاستدا کە گومانی ئەوە دەکرێ لە لایەن سوپای سووریاوە بەر درابێتەوە و هەروەها ترس لە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی و هێرشی موشەکی لایەنگرانی هێلی سووریا- ئێران، تورکیەی ناچار کرد داوا لە ناتۆ (ڕێکخراوی سەربازی ئەتلانتیکی باکوور) بکا کە سیستمی قەڵغانی مووشەکیی پاتریۆت لە سنوورەکانی نێوان ئەم وڵاتە و سووریا بۆ پاراستنی خەڵک و بەرپەرچدانەوەی هەر چەشنە هێرشێکی ئاسمانی بەرەی بەرانبەر بەکار بێنێ.

بەم پێیەی کە تورکیا ئەندامی ناتۆیە، بە زووترین کات لە ماوەی دوو حەوتوودا ناتۆ وەڵامی ئەرێنیی بە داواکەی تورکیا دایەوە و بڕیار درا شەش یەکە لە سیستمی قەڵغانی مووشەکی پاتریۆت لە لایەن ئەمریکا و ئاڵمان و هولەند بە ٧٥٠ سەربازەوە لە نیوەی دوویەمی ژانویەدا بگەنە تورکیا و دەوترێ نزیک بە ٩٠٠ کیلۆمەتری سنووری نێوان تورکیا و سووریا دەکەوێتە ژێر چەتری ئەم قەڵغانەوە.

ئەگەرچی خۆی بڕیاری ناردنی ئەم سیستمە و دامەزرانی لە سووریا گرنگی تایبەتی هەیە، بەڵام ئەوە هەڵوێست و دژکردەوەی وڵاتی ئێران و رووسیا و، بە تایبەت ئێرانە کە زیاتر شایانی سەرنج و هەڵوەستە کردنن. کە ئەم نیگەرانییەش دەگەڕێتەوە بۆ توانای شوێن گرتنی مووشەکی بالستیکی، کروز و فڕۆکە پێشکەوتووەکانە لە لایەن ئەم قەڵغانەوە لە هەر کەشو هەوایە و هەموو بەرز و نزمییەکدا. تا ئێستا لە ناوچەکەدا تەنیا کوێت و عەرەبستان ئەو قەڵغانەیان هەبوو. کە لە شەڕی سێیەمی کەنداودا بە شێوەیەکی بەربەرین لە خاکی کوێتەوە بۆ شوێنگرتنی مووشەکەکانی عێراق بە شێوەیەکی سەرکەوتوو بەکار هێنرا.

بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە بە رووخانی حکوومەتی ئەسەد، کۆماری ئیسلامی تووشی گەورەترین شکستی ستراتیژیی لە ناوچەکە دەبێتەوە و ئەو هەڵوێست و دژکردەوانە لە لایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە بە دامەزراندنی ئەم سیستمە قەڵغانییە لە سنوورەکانی تورکیە و سووریەدا هاتنە ئارا، بەڕوونی ئاماژە بەوەن کە نیگەرانیی ڕێژیمی ئیسلامی زۆر لەوە قووڵتر و زیاترە کە خەمی ئێران تەنیا مانەوە و پاراستنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد بێ. چونکی بە دامەزراندنی ئەم قەڵغانە سەرەڕای تێکچوونی هاوسەنگیی هێزی نێوان تورکیە و سووریا لە لایەکێشەوە هاوسەنگیی نیوان ئێران و تورکیە دەگۆڕدرێ و لە ئەگەری گواستنەوەی نائارامییەکان لە سووریای پاش ئەسەدەوە بۆ ئێران، کە ئاڵقەی نێوان هێزەکانی بەرەی رۆژاوا و ناتۆ لە ئەفغانستان و تورکیایە، گواستنەوەی ئەم سیستمە قەڵغانییە بۆ ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران و تورکیا لە ئەگەری هەڵگیرسانی هەر چەشنە بشێوی و ئاڵۆزییەکدا زۆر دژوار و ڕێگەیەکی دوور نییە. لەم لایەشەوە ئێران سەرەڕای قبووڵی تێچووی گرانی قەڵغانی مووشەکیی ئێس ٣٠٠ی رووسیا، نەیتوانی دەسەڵاتدارانی کرملین قایل بکا کە ئەم قەڵغانە بکرێ و بەم جۆرە

دەبینین هاوسەنگیی توانایی کۆنترۆڵی ئاسمانی تاران و ئانکارا بەلای تورکیە دایە. هەر بۆیە بە دوای ئەم بڕیارەی ناتۆدا ئەحمەدینژاد سەفەری خۆی بۆ یادی مەولانا کە لە قونیەی تورکیە بەڕێوە دەچوو هەڵوەشاندەوە و گەورە بەرپرسی سەربازیی سوپا، سەرلەشکر فیروزئابادی رادەگەیەنێ «شەڕ لەگەڵ سووریا، شەڕ دەگەڵ ئێرانە«. بە کورتی ئێران کە پاش رووخانی سەدام لە عێراق، هیلالی شیعەی لە ناوچەکەدا تەکمیل کردوە و هەروەها بەرەیەکی نوێشی دژی ئەمریکا کردۆتەوە بە هەر چەشنێک بێ نایەوێ پردی پێوەندیی لوبنان و فەلەستین لە دەست بدا و گەورەترین ئاڵقەی ئەم زنجیرەی لە دەست بپسێ و وەک بە ئاشکرا رایگەیاندوە دژایەتیی هەر چەشنە سناریۆیەکی رۆژئاوا بۆ لابردنی بەشارئەسەد ستراتیژیترین هاوپەیمانی لە ناوچەدا دەکا. بەڵام دوای کۆبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی بەشار ئەسەد لە دوحە، کە لە لایەن ١٣٠ وڵاتەوە بە فەرمی ناسران، بەردەوام نیشانەی لاوازیی و پاشەکشەی هەرچی زیاتری بەشار ئەسەد دەردەکەوێ. رەنگە یەکەم جارێک کە ئەم سیستمە بەکار بهێنرێ بۆ ناوچەیەکی دژەفڕین لە سووریا دابێ کە لەملاو لەولا باس لە هەرێمێک ئازاد دەکرێ و ئێرانیش وەک دەوترێ هەر لە سەرەتاوە دیار بوو کە مەرجی لە سەر ئەسپێک کردوە کە دۆڕاوە و هەموو هەوڵ و تێچووەکانی بۆ پاراستنی لک و پۆپەکانی لە ناوچەدا زۆر سەر ناگرێ و ئەوە تەنیا پارە و سامانی ئەو خەڵکەیە کە بێهودە دەڕوا لە کاتێکدا خۆیان ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین.

لە ژمارە ٥٩٩ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جانێویری ٢٠١٣

--------------------------------------------

# مەشخەڵی کۆماری کوردستان ناکوژێتەوە

**نووسینی: ناسر ئێرانپوور**

**و: تەها ڕەحیمی**

کۆماری کوردستان لە دریژخایەندا بوو بە مەشخەڵی پڕشەنگدار لە دڵی نەتەوەی کورددا و، بوو بە سەرچەشنێک بۆ خەبات و هێمایەک بۆ نەتەوەیەکی حاشالێکراو.

لە وتووێژێکدا کە لەگەڵ بەڕێز ئارەش لوڕستانی کە لە کەناڵی ئاسمانیی کوردکاناڵ، زمانحاڵی حیزبی دێموکرات، بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە هەمبوو، پرسیارم لێکرا کە گۆڕینی ناوی "کۆماری کوردستان" بۆ "کۆماری مهاباد" چ پارادۆکسێکی لەگەڵ ڕاستییە مێژووییەکانی نەتەوەی کورددا هەیە؟ هەروەها پرسیار کرا کە "ئەو کۆمارە چ کاریگەرییەکی دانایە سەر نەوەکانی دواتر؟"

**کە من بەم شێوەیە وەڵامم دایەوە:**

"ڕەنگە داڕشتنی ئەم پرسیارە بەم جۆرە دروست نەبێ، چونکی ناوێک نەگۆڕاوە و ناشتوانێ بگۆڕدرێ. دەتوانین مێژوو و ڕاستییە مێژووییەکان بە دڵی خۆمان بگۆڕین، بەڵام بە دڵی خۆمان – هەر ویست و ئیرادەیەکیش لە پشت ئەو گۆڕینە بێ - بۆمان ناگۆڕدرێ، چونکی ڕووداوێک ڕووی داوە. هەر چۆنێک بێ ناوی ئەو کۆمارە بە فەرمی "کۆماری کوردستان" بووە و بە "کۆماری کوردستان"یش دەمێنێتەوە. بەڵام ئەو کەسانەی بە کۆماری مەهابادی ناو دەبەن دوو دەستەن:

دەستەیەک کە تەنیا بۆ دیاریکردن و نیشاندانی ناونیشانی دروستی شوێنی دامەزرانی بە "کۆماری مهاباد"ی ناو دێنن، چونکی دەشزانن کوردستان زۆر لەوە گەورەترە و وڵات و ناوچەیەکی زۆر گەورەتر و بەرینتر لە خۆ دەگرێ؛ کە کۆماری کوردستان هەموویانی نەگرتۆتەوە. لەم ڕوانگەیەوە کێشەمان نییە. خۆشم، نەک وەک ناوی تایبەت، بەڵکوو بە پێی خۆشەویستیم بۆ ئەو کۆمارە و هەروەها بەهۆی ئەوەی کە ناوی مهابادم وەک قەڵایەکی پۆڵایین و خەباتگێڕ لەبەرانبەر سەرەڕۆیی دا خۆش دەوێ، زۆر جاران بە "کۆماری مەهاباد" م ناو هێناوە. هەروەک چۆن دەڵێین "حکوومەتی تاران"، "حکوومەتی ئانکارا" و (تەنانەت بە بێ ئەوەی "حکوومەت" یش بوترێ)، "پاریس"،

"واشنگتۆن"، "لەندەن" و ..) هتد، ئەویش بە بێ ئەوەی ناوی تایبەت یا چەمک و دەستەواژەی حقووقی تایبەت بن یا واتایەکی تێکەڵ بە سووکایەتی و بێڕێزی بگەیەنن.

بەڵام دەستەکەی دیکە بە ئانقەست و بۆ چکۆڵە کردنەوەی کۆمار لە بواری پانتایی جوگرافیایی و کەم کردنەوەی رەهەندە سیاسییەکەی بە "کۆماری مەهاباد"ی ناو دەبەن. ئەوانە کێشەیان لەگەڵ ئەسڵی پرسەکە هەیە، جا ئێستا چ "کۆماری مەهاباد" بێ و یان "کۆماری کوردستان".

بۆ ئاگاداریی ئەم دەستەیە دەبێ بڵێم کۆماری کوردستانی دامەزراو لە مەهاباد، لە بواری جوگرافیاییەوە هەر مەهابادی نەگرتۆتەوە، لە بواری کادری سیاسییەوە تەنانەت کوردستانی ئێرانیشی تێپەڕاندوە و لە بواری ئاسۆی سیاسییەوە رێژەی کوردستانی بوونەکەی زۆر زیاتر لە ئیرانیبوونی ئەو حکوومەتانەی کە پێیان دەڵێن "ئیرانی". راستە، تەشکیلاتی ئیداریی ئەو کۆمارە لە سەقز تێنەپەڕی کە ئەمەش هۆکاری جۆراوجۆری هەیە. بەڵام ئەمە بە هیچ جۆرێک نیشانەی ئەوە نییە کە ئەم کۆمارە هی کوردەکانی پارێزگای ئیلام و کرماشان و سنە (کوردستان) نەبووە.

منێک لە ئەڵمان کە ٥ هەزار کیلۆمێتر لە کوردستانی ئێرانەوە دوورە، دەتوانم پارتێکی سیاسی پێک بێنم و، حیزبەکەم نەک هەر بە کوردستانی بە ئێرانییش بزانم. بۆچی؟ چونکی بەرنامە و ئاسۆی سیاسیم بۆ ئەو وڵاتەیە. دوایی ئەوە بۆ مەگەر کەممان دیوە کە چوار کەس بە شێوەیەکی شاراوە بۆ وێنە لە تاران لێک کۆبوونەتەوە و رێکخراوێکیان پێکهێناوە و ئەو رێکخراوەشیان بۆ هەموو ئیران بووە، کەچی هیچ نوێنەرێکیش لە ناوچەکانی دیکەی ئیران تێیدا ئەندام نەبوون؟ ئایا ئەم کارە لە خۆی دا کێشەی لەسەرە؟ ئەرێ دەکرێ رێکخراوێکی سیاسی کە تەنانەت، ژنێکیش لە کادری رێبەرییەکەی دا نییە بە هی ژنانی نەزانین؟ یان ئەوەی حکوومەتێک لە خۆراسان پێک دێ بۆ وێنەی هی منی مەهابادییشە، بەڵام حکوومەتێک لە مەهاباد دادەمەزرێ هی کرماشانییەک نییە؟!

دەزانین کۆماری کوردستان لە خۆڕاو و بە بێ هۆکار دانەمەزرا، بەڵکوو ئاکامی بزووتنەوەیەکی هزری و سیاسی و رزگاریخوازی نەتەوەیی بوو. ئەم چەشنە بزووتنەوانە زۆر بە دەگمەن لە هەموو ئەو ناوچانەی کە بە هی خۆیانی دەزانن بە یەک ئەندازە خاوەن پلە و پێگەی کۆمەڵایەتین. کە ئەمە لە بارەی بزووتنەوەی مەشرووتە و هەر وەها بزووتنەوەی سەوزی ئێستا بە راست دەرچووە. کە ئەمەی دواییینیان تەنانەت لە چەند شار تێنەپەڕی. ئەرێ لەبەر ئەمە دەتوانین لە ئیعتیباری ئیرانی بوونەکەی کەم کەینەوە، کەچی لە زیاتر لە سەدا لە نەوەدی شارەکانی ئیران تەنانەت وەک پشتیوانییش هیچمان لێ نەدیتن.؟!

هەر وەک چۆن وشیاریی چینایەتی لە لای هەموو کریکاران وەک یەک نییە، یان وشیاریی رەگەزی لای هەموو ژنانی وڵاتێک هاوسان نییە، ئەمە لە بارەی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی خەڵکی ناوچەیەکیشەوە دروستە. بە هەر حاڵ پێکهاتنی حکوومەتەکان زیاتر بە بێ رابردووی عەینی و مێژوویی روو نادەنکە ئەم زەمینانە لە هەموو ناوچەکانی وڵاتی پێوەندیداردا وەک یەک نییە.
کەواتە بە پێی هیچ مەنتقێک ناتوانین کۆماری کوردستان بە حکوومەتی ناکوردی و تەنیا مەهاباد بزانین،هەر لە بەر ئەوەی ناوەندی دامەزرانەکەی بە هۆی بەرزبوونی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی ئەو وڵاتە، مەهاباد بووە.

ئەم کۆمارە تەنانەت کاریگەری کردە سەر پارچەکانی دیکەش، چونکی لە راستیدا هەموو بزووتنەوەی کورد لە هەر چوارپارچە لە زۆر بوارەوە خۆی بە میراتگر و قەرزباری ئەم کۆمارە دەزانێ.
ماوەیەکی زۆرە هەموو پارت و رێکخراوەکانی کوردستانی ئێران و عێراق و تورکیە و سووریە هەمان دروشمی ستراتیژیکی کۆماری کوردستان، واتە دامەزراندنی حکوومەتی نەتەوەیی لە سەر خاکی نیشتمانیان هێناوەتە گۆڕێ. ئەو شوێنەی لێیەوە سەرچاوەیان گرتوە کۆماری کوردستانە و نیازیشیان هەر هەمەن کۆمارە، جا ناوەکەی "حکوومەتی ئەیاڵەتی" بێ، "حکوومەتی فیدراڵ"، "حکوومەتی هەرێم"، "حکوومەتی خودموختار" بێ، لە راستیدا جیاوازییەی جەوهەری تێدا نییە.

ئێستاش ماوەیەکە بەرە بەرە درووشمی کۆماری کوردستان و حکوومەتی ئازەربایجان دەبێ بە بەرنامەی سیاسیی پارتە ئێرانییەکان. ئەو کاتەی پیشەوەری و قازی محەمەد باسیان لە فیدراڵیزم و گەیشتن بە مافی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئێراندا دەکرد، بەشێک لەو وڵاتە فیدراڵیستییانەی ئەمڕۆکە فدراتیڤ نەبوون. ئەو دوو حکوومەتە زۆر لە سەردەمی خۆیان لە پێشتر بوون کە سیاسییە ناوەندگەراکان تێی نەدەگەیشتن و هێشتاش لێی تێ ناگەن. تەنیا ئەو دوو حکوومەتە بوون کە بە ئارمانجەکانی شۆڕشی مەشرووتە وەفادار مانەوە و لەم پێوەندییەشدا داوای جێبەجێ بوونی نێوەڕۆکی قانوونە ئەیاڵەتی و ناوچەییەکانیان دەکرد.

بە هەر حاڵ کۆماری کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە بە شێوەی فیزیکی لە لایەن فاشیزم و شوڤێنیزمی نێوخۆییەوە رووخا لە درێژخایەندا بوو بە مەشخەڵێکی پڕشەنگدار لە دڵی نەتەوەی کورددا، بوو بە سەرچەشنێکی خەبات و هێمایەک بۆ شۆڕشی گەلێکی حاشالێکراو. کۆماری کوردستان بوو بە دامەزراوێکی سیاسی - نەتەوەیی هاوچەرخی کورد، ئەویش نەک لە سەر بنەمای کەسێک و تاکەکەسێک، وەک ئەوەی لە ئێراندا باو بوو، بەڵکوو لە سەر بنەمای ئیرادەی گشتی و بۆ یەکەمین جار بە هیممەت و هەوڵ و تێکۆشانی پارتێک بە پێی بەرنامەیەکی پێشکەوتوو. ئەو کۆمارە نیشانی داین نەک هەر دەتوانین، بەڵکوو خۆمان دەبێ خاوەن حکوومەتێکی نەتەوەیی بین، تا میکانیزمێک بۆ پاراستنی گەلی کورد لە بەرامبەر ژینۆسایدی فەرهەنگی، سڕینەوەی فیزیکی و حاشا

لێکردنی پێک بێنین. کۆماری کوردستان دژکردوەیەکی ئاشکرا و راشکاوانە بوو بە پرۆژەی "نەتەوەسازی"ی دەوڵەتی، ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگی، مافخوراویی سیاسی و داگیرکاری و چەوساندنەوە ئابوورییەکەی. کۆماری کوردستان دیارترین نیشانەی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی و بەڵگەیەکی دیکەی کورد بوون، بوو. نەسلەکانی دیکەش ورەیان پێی بەرز بۆوە و هێما و سومبولەکانیان بە هێما و سومبولی خۆیان زانی؛ لە هێزی پێشمەرگەوە بگرە تا ئاڵا و سروودی نەتەوەیی ئەی رەقیب و پێکهێنانی حکوومەتی ناوچەیی. کە ئەمەش هەمەن ئارمانج و ویستی سیاسی ئەو کۆمارە، واتە پێکهێنانی سترەکتۆرێکی سیاسی لە وڵاتدا بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی و گەیشتن بە سەروەریی نەتەوەییش دەگرێتەوە.

ئەرێ ئەگەر خەڵکی کوردستان، نەک هەر کوردستانی ئێران، ئەو کۆمارەیان بە بزووتنەوەی شارێکی بچووک و پرۆژەیەک زانیبا، کە هی خۆیان نییە، بەم قووڵییە و بەم هەستەوە خۆشیان دەویست کە نەک هەر بە هێمای خۆیانی بزانن، بەڵکو هەموو ساڵێ وەک رۆژێکی نەتەوەیی رێزی لێ بگرن و یادی لێ بکەنەوە؟! رەنگە قازی محەمەد خۆشی پێی وانەبووبێ ئەو ئاڵایەی هەڵیکردوە سنوورەکان تێدەپەڕێنێ و حەفتا ساڵ دواتر لە شارەکانی عێراق و تورکیە و سوریاوە لە لایەن خەلکی کوردستانەوە بشەکێتەوە.

رۆژێک لە سمینارێک لە ئاڵمان تووشی سەرۆکی یەکێک لە زانکۆکانی کوردستانی عێراق بووم. هەر کە زانی لە مەهابادەدوە هاتووم، وتی"هەر موسلمانێکی بەدین لە سەریەتی لانیکەم جارێک مەکە و مەدینە زیارەت بکا و پەیمانی خۆی دەگەڵ خودا نوێ بکاتەوە. بەڵام من دەڵێم هەر کوردێکی سیاسی و وشیار لە سەرێتی لە ژیانی دا لانیکەم جارێک بچێتە مەهاباد و پەیمانی خۆی لەو شارەی یەکەم کۆماری کوردی لێ دامەزرا نوێ بکاتەوە. منیش تا ئێستا نەک جارێک بەڵکوو چەند جار چوومەتە ئەو مەیدانەی کۆماری لێ راگەیەنراو پەیمانی خۆم لەگەڵ نوێ کردۆتەوە". بۆیە دەڵێم ئەو کۆمارە نەک هی مەهابادییەکان و شارەکانی دەوروبەر، نەک هی کوردستانی ئێران، بەڵکوو هەموو کوردستانە.

من هێندێکیش بەولاوەتر دەڕۆم و دەڵێم کۆماری کوردستان و حکوومەتی ئازەربایجان هی هەموو بزووتنەوەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی و دیمۆکراتیکی ئێرانە و قازی محەمەد و پیشەوەری نەک هەر رێبوارانی رێی ئازادی ئەو دوو نەتەوەیە بەڵکوو هەموو ئێرانن. یادیان بەرز و پیرۆز و رێگەیان پڕ رێبوار بێ.

لە ژمارە ٦٠٠ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٨ی جانێوێری ٢٠١٣

# خامنەیی، خەڵکی ئێران بەرەو چلەکێشی دەبا

ئێران وڵاتێکی پان و بەرین و خاوەن سەرچاوەیەکی زۆر دەوڵەمەندی سروشتی و خاوەن هەڵکەوتەیەکی تایبەتە کە ئەگەر خاوەنی هەبووایە بە پێی مێژووی کۆن و شارستانییەتی بەرزی و نزیکبوون و تێکەڵاو بوونی لەگەڵ شارستانییەتە کۆنەکان ئێستا نەک هەر وڵاتێکی پێشکەوتوو و خاوەنپیشە دەبوو بەڵکو لە بوارەکانی دیکەشدا شانی لە شانی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان دەدا. ئەمە لە خۆڕا ناوترێ کە ئێرانییەکان خاوەن بەهرە و توانان، هەر ئێستا دەبینین ئێرانییەکان کە دیارە زیاتریان دوورەمەوتن و پەرەوازە بوون لە ناوەندە گرنگەکانی جیهاندا شوێن پەنجە و رۆڵیان دیارە و بە جێی ئەوەی کە ئەم ئیلیتانە لە وڵاتی خۆیاندا خزمەتی خەڵکەکەی خۆیان بکەن و لە پێناوی بەختەوەریی وڵاتەکەیاندا هەوڵ بدەن بە هۆی سیاسەتی چەوتی حکوومەتێکی دواکەوتوو و سەدە ناڤینی ناچار بە تەرکی نیشتمان بوون و لە دوورەوە راڤەی چارەڕەشیی خەڵکەکەیان دەکەن.

حکوومەتی ویلایەتی فەقیە هەر لە بوارێکەوە بۆ خەڵکەکەی نەبۆتە کۆانی مل، بەڵکو روخسار و رووماى ئێرانی لە جیهاندا هێندێ ناشیرین کردوە کە نەک هەر دەوڵەتداران و دەسەلاتبەدەستە جۆراوجۆرەکانی دنیا (جگە لە هێند گرووپ و لایەن کە بە پارەی خەڵکی ئێران دەژین) لێی بێزارن، بەڵکوو ئەو رووماىەی کە ئاخوندانی تاڵانچی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێرانیان نیشان داوە، بوونەتە هۆی بێزرانی ئەم خەڵکە بەشمەینەتە لای جیهانییەکان. تەریک کەوتنەوەی ئەم وڵاتە کە لە زۆربەی بوارانەوە دەبێ بوترێ شاز و هەڵکەوتەیە، لە سەردەمێکدا کە جیهان دەبێ بە گوندێک دەبێ بۆ زۆر کەس بە تایبەت ئێرانییەکان مایەی سەرسوڕمان بێ وبە خۆی بڵێ ئەرێ منی ئێرانی ئەو پرسیارەم بە مێشکدا نەیە کە ئەو وڵاتەی هەردەم سەرچەشنی ژیان و شارستانییەت و فەهەرنگ بووە بۆچی دەبێ بەمجۆرە ئێستا تەریککەوتوو بێ؟ گەمارۆکانی سەر ئێران و گۆشەگیرکردنی خەڵکێک کە بەڕاستی پەراوێزخستنیان هەقی ئەوان نییە، دەمخاتە ئەو بیرەی کە پێم وابێ ئاخوندەکان و دەسەلاتبەدەستە دەمارگرژە مەزهەبییەکان لە پێناو بەهەشتە بەڵێن پێدراوەکەیاندا دەیانەوێ هەموو خەڵکی ئێران بەرەو چلەکێشی بەرن. بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستی و کاڵا سەرەکی و تەنانەت سەرەتاییەکانی ژیان لەم ماوەیەی رابردوودا و لە ژێر گاریکەری دوایین گەرمارۆی فورسی ئەمریکا بۆ سەر ئێران کە هەڵاوسانی بەرزی لێکەوتەوە و وەک دەوترێ لە هەفتا ساڵی پێشوودا نەدیتراوە، دەمخاتە بیری ئەوەی خامنەیی دەیەوێ عەبا لەبەر هەموو منداڵانی ئێران بکا و لە کەپر و کەلاوەیەکدا چلەیان پێ بکێشێ.

رۆژی ١٨ی رێبەندان و لە بەرەبەری ساڵیادی شۆڕشە مەزنەکەی گەلانی ئێران کە هەر ئێستا زۆربەی خەڵک و تەنانەت ئەو کەسانەی لە هەڵگیرسانیدا بەشدار بوون و تا دوێنێ مایەی شانازییان بوو، لێی پەشیمانن، ئەمریکا

گەمارۆیەکی قورسی دیکەی بە گەمارۆکانی سەر ئێران زیاد کرد و بە کردەوە ئێران لەمەودا ئەو نەوتەی کە بە پێی سنوورێکی دیاریکراو دەیفرۆشێ و لە سەر گەمارۆکانی پێشووی ئەمریکا و ئورووپا تەنیا هێندێک وڵات ئەمیش بە شێوەیەکی سنووردار مافی فرۆشتنی هەیە دەبێ خواردنی پێ بکرێتەوە و ناتوانێ پارەکەی وەرگرێ. واتە هەمان مەسەلەی نەوت لە بەرامبەر خۆراکدا لە سەر ئێران لەمەودا پراکتیزە دەکرێ. هەروەها وێدەچێ بەوجۆرەی کە رەوتی رووداوەکان و هەڵوێستی ئێران لە سەر پرسە نێونەتەوەیی و ناوچەیی و نێوخۆییەکان دەچێتە پێشێ ئەم بەشە کەمە نەوتەی کە هەناردە دەکرێ کەمتریش بێتەوە.

بە دوای ئەم گەمارۆ نوێیەدا کە دیارە دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامیشی گرتەوە، نرخی کەلوپەل و پێداویستییەکان بە رادەی تەقینەوە گەیشت و بە تایبەت لە بواری خانوودا بە چلەپۆپە گەیشت و نرخی زەوی و خانوو تا نزیک ٥٠% زیادی کرد. وا دیارە وەک بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی وتەنی ئەگەر گەمارۆکان کاریگەریشیان لە سەر ئابووریی ئێران نەبێ! وا بزنم بازاری ئێران ئالرژی بە چەمکی گەمارۆکان هەیە و دەگەڵ باسی گەمارۆکان، بواری دەروونیی بازار دەشڵەقێ و بەشێوەیەکی هەوسارنەکراو بەرۆکی نرخ دەگرێتەوە. پرسیاری سەرەکی لێرەدایە ئایا ئەمریکا و رۆژئاوا لەبەر ئەوە ئێران گەمارۆ دەدەن تا دەستی بە تێکنۆلۆژیی ناوکی رانەگا؟ یان ئەوەتا دەیانەوێ لە رێگەی گوشارخستنە سەر خەڵک، خەڵک ناچار بکەن هەوڵ بۆ گۆڕینی ئەم سیستمە بدەن و کارەکەی خۆیان بە دەستی خەڵکی ئێران دەکەن. یا ئەوەتا وەک دەوترێ ئۆباماش کەوتۆتە لای (اونا)، (ئاماژە بە دروشمی خۆپێشاندەرانی ناڕازییانی ساڵی ٨٨) و ئەویش وەک بەرپرسانی حکوومەتی خەریکی پووکاندنەوەی خەڵکێکن کە شۆڕشەکەیان بە فرتوفێڵ لە ساڵی ٥٧ دەستی بە سەردا گیراو و پاشان بە شانۆی جۆراوجۆر تا ئێستا خوێنیان دەمژرێ. ئەو قسەیەی بەرپرسانی ئێران و لە سەرووی هەمووان خامنەیی راستە کە دەیانکوت گەمارۆکان کاریگەرییان لە سەر ئابووریی ئێران نییە. چونکی هەتا ئێستاش بە قازانجی باندی ویلایەتی فەقیهی شکاوەتەوە و ویلایەتی فەقیهە و دەستوپێوەندەکانی بە تەواوی توانیویانە ئابووریی وڵات قۆرخ بکەن، بە تایبەت کۆمپانی و سەرچاوە داهاتەکانی سوپا لە بازرگانیی دەریا و ئاسمان و زەویدا بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆیان چالاکن و بە بێ ئەوەی گوێیان بە هیچ کەس و تەنانەت قانوونی بنەڕەتییش ببزوێ لە هەموو بوارەکاندا چالاکن و بە بێ ئەملاو ئەولا جووڵەی هەر چەشنە کەرت و لایەنێکیان بەستوە . لە حاڵێکدا جیهان لە سەر کەرتی تایبەت و بەرنامە و پرۆژەی چاکسازیی بەرەو پێش دەچێ، لە ئێران وای لێهاتوە کەرتی سوپا هەموو رەگە حەیاتییەکانی ئابووری و ژیانی خەڵکی گرتووەتە دەست بەم جۆرە توانیویەتی جوڵە لە ناڕازیانیش ببڕێ، چونکە جگە لە ماشێنی سەرکوت، شوێنی هەناسەی لە رێگەکانی دیکەش لە خەڵک بڕیوە.

لە ژمارە ٦٠٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٣ی فێبریوێری ٢٠١٣

# ئەحمەدی نژاد شوالیەی تاریکی

ئارەش لورستانی

و: تەها رەحیمی

ئەحمەدینژاد ئەو شەوەیەیە کە لە سندووقەکەی ویلایەتی فەقیهەوە سەری وەدەر نا و بوو بە ئەکتەری سەرەکیی یەکێک لە پەردە تراژێکەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەو کەسە گوماناوییە کە بە پێی چیرۆکەکە لە شانۆنامەی تاریکی بنئاژۆخوازی ئیسلامی کە بە شێوەی راستەوخۆ نەخشی چیرۆکی دڵخوازی کرێکارانی دەگێڕا، لە نێوەڕاستی شانۆکەدا بەرەبەرە بە جۆرێک دیالۆگی دەقە دیاریکراوەکە دەگۆڕێ کە دەبێتە هۆی سەرسامی و سەرسوڕمانی بینەران و حەبەسانی دەرهێنەر و ئەکتەر و ئەو کەسانەی دیکەی بەڕێوەبەری شانۆ. ئێستاکەش کە لە پەردەی کۆتایی شانۆکە نزیک دەبینەوە، کۆمەڵێک پرسیاری بە مێشکدا دێن کە بڵێی دوا پەردە چۆن تەواو ببێ و چارەنووسی ئەم ئەکتەرە ببێ بە چی؟ دیارە لەم نێوانەدا دەرهێنەریش لە بیری ئەوەدایە کە دەگەڵ بەلارێداچوونی شانۆکە لە رەوتی دڵخواز، بە چ شێوەیەک دەتوانێ نێوەرۆکی چیرۆکەکە بپارێزێ و سەرەڕای گۆڕانکارییەکان دیسان کەشەکە بگەڕێنێتەوە سەر دۆخی پێشوو.

ئەمە بە گشتی روانینێکی ئەبستراکتە لە ئەحمەدینژاد و عەلی خامنەی، بەڵام وەڵامی پرسیاری «عاقیبەتی ئەحمەدینژاد؟» و هەروەها سەرسوڕمانی زۆربەی چالاکان و شرۆڤەکارانی سیاسی لە کار و کردەوەکانی ئەم دواییانەی ئەحمەدینژاد کە لە چوارچێوەی سیستمی کۆماری ئیسلامی دا نامۆن دەبێ قسەی لە سەربکرێ و لە هێندێک لە مێدیاکانی دەرەوەدا وەک مەتەڵێک باس لە ئاکارە دوور لە چاوەڕوانییەکانی ئەحمەدینژاد کراوە، رابردووی ٣٤ ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بە روونی نیشانی داوە چونکە پێناسە و باسوخواسە میتافیزییەکانی پێوەندیدار بە سیستمی کۆماری و ویلایەتی فەقیە لە لایەن توێژێکی تایبەتی دەزگای ئایین دۆزراونەتەوە و بەرهەم هاتوون بۆیە ئاراستە بەخشین و دیاریکردنی هێڵی گشتیی ئەو رەوتە بە گوێرەی ئامانج و مەبەستەکان و هەروەها هەلومەرجی بەرهەستی بەردەمی سیستم پێناسە و دیاری کراون و تەنانەت زۆربەی قانوونەکان بە شێوەیەکی (خلق الساعه) بە بێ هیچ گرنگیدانێکی کۆمەڵایەتی و تەنیا لە پێناو قازانج و بەرژەوەندی ویلایەتی فەقیە دا داڕێژراون. تاک رەهەندی و پاوان بوونی سیستمی حکوومەتی ئەمڕۆی ئێران، بۆتە هۆی رەخسانی بوار بۆ

پێکهاتن و سەرهەڵدانی ناماقووڵترین بەرپرسان و ڕووداو و هەلومەرجی نالەباری ئەم ٣٤ ساڵەی ڕابردوو هەر قۆناخەی پێویستیی بە ئەکتەری تایبەتی خۆی هەبووە.

ئەبولحەسنی بەنی سەدر، محەممەدعەلی رەجایی، عەلی خامنەیی، ئەکبەری هاشمی، محەمەد خاتەمی و مەحموودی ئەحمەدینژاد سەرکۆمارەکانی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بوون کە خوێندنەوە و تاوتوێی ژیاننامە و چالاکییەکانیان ئاڵۆزی و گومانێکی زۆر هەڵدەگرن. هەر چەند لە چەرخی خێرایی نزیکتر دەبینەوە، بە ئامرازی بەهێزی میدیا، ناسینی تاکەکان دروستتر و ژیرانەتر بووە، هەروەها پێوەرە سیاسی و فەرهەنگی و توانایی هەڵسەنگاندن لە هەزارەی سێیەمدا ڕێگەی بۆ شرۆڤەکاران و خەڵک خۆشتر کردوە.

مەحموود ئەحمەدینژاد بە هۆی ئەوەی سەردەمەکەی هاوکات بووە لەگەڵ شۆڕشی ئینتێرنێت و فەرهەنگی زانیاری گەیاندن لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دا، لە سەرکۆمارەکانی دیکە زیاتر ئاکار و کردارەکانی تۆمار کراوە، بە جۆرێک کە تەنانەت لێدوان و قسە تایبەتە هەڵخەڵەتێنەرەکانی وەک خەرمانەی نوورەکەی کە بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی هێندێک لە ڕووما ئاینییەکان دایڕشتبوو، ئێستا وەک کلیپ بڵاو کراوەتەوە کە دواتر ناچار بوو حاشای لێ بکا. پێویستە بوترێ ئەگەر لە سەرەتای شۆڕشی ٥٧ یشدا تەکنۆلۆژیا و مێدیا ئەو بڕشتەی ئێستای هەبوایە، خەڵکی ئێران و کۆمەڵگەی جیهانی باشتریان ئەو بەرپرسانە دەناسی و ئیدی ئێران بەم جۆرە نەدەکەوتە داوی ئایدیۆلۆژییە تاک ڕەهەندەکانی وەک سیستمی کۆماری ئیسلامی.

ناسین (زانین) گەورەترین هۆکاری پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە. دوای ٨ ساڵ شەڕ و کۆتایی هاتنی سەردەمی ڕەفسەنجانی، ڕەوتی ناسراو بە ئیسلاحات بە دروستی تێگەیشتن کە خەڵکی ئێران دوای دوو دەیە گوشار و ناخۆشی دوو بەرانبەر و هەروەها کێشانی تێچووی قورسی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەبێ خێراتر بەرەو فاکتۆرەکانی ئازادی، خۆشبژێوی و دادپەروەری هەنگاو بنێ و سنووری هەڵبژاردن بەرەو گرنگیدان و ڕێز گرتن لەو چەمکانەی باس کران کشاوە، بۆیە محەمەد خاتەمی بە دروشمی چاکسازییەوە وەک سەرکۆمار دەست بە کار بوو، بەڵام سیستمی ویلایەتی فەقیە سەرسەختانە لە بەرانبەر چاکسازییەکانیدا دژکردەوەی لە خۆی نیشان دا و، بە ڕووداوەکانی وەک کوی دانیشگا و قەتڵە زەنجیرەییەکان، چاکسازیشی پاوان کرد، بەڵام خاڵی گرنگی ڕەوتی ئیسلاحات، پشتیوانی و پێڕەوی ئیسلاحتەڵەبان لە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی بوو کە بە گوێرەی ئەو قانوونەش لادانێک لە گۆڕێدا نییە و ئیسلاحتەڵەبەکان هەر پوتانسیبەلی کۆماری ئیسلامین بەڵام دیکتاتۆری و تۆتالیتەری وەلی فەقیە لە هەموو تەمەنی کۆماری ئیسلامی دا هیچ کات گوێی بە قانوونە سەقەت و تەنانەت نیو بەندی قانوونی بنەڕەتی نەبزواوە و نابزوێ. کۆمەڵگەی ئێران کە هیوای لە ئیسلاح و ریفۆرم لە کۆماری ئیسلامی دا بڕابوو و هیچ دەرفەتێکی بۆ گۆڕانی بەدی نەدەکرد بە قووڵکردنەوەی دژایەتییەکانی خۆی، ڕێژیمی

نادیموکراتیکی کۆماری ئیسلامیی ناچار کرد بۆ پاراستنی دەسەڵاتە نگریسەکەی دژکردەوە لە خۆی نیشان دا و وەلی فەقیە هانای بردە بەر هێزە سەربازی و ئیتلاعاتییەکانی و بۆ کۆنترۆڵی ڕەوشی وڵات کاندیدای نەناسراوی خۆی بە دروشمی دادپەروەری و خۆشبژێوە هێنایە مەیدان. بە شێوەی فەرمی چارشێو لە سەر ئەحمەدینژاد لادرا و مەحموود وەک بووکەڵەیەکی قورمیشکراو یا روباتێک خەریکی جێبەجێ کردن و راپەڕاندنی ئەو ئەرکانە بوو کە لە لایەن وەلی فەقیهەوە بۆی دەسنیشان دەکرا.

خولی یەکەمی سەرکۆماریی ئەحمەدینژاد بە ئامانجی دابەزاندنی ئابووریی خەڵک و هێرشی بەربڵاوی فەرهەنگی دڵخوازی رێبەری بۆ سەر خەڵک و هەروەها بەهێزکردن و گرژکردنی هێزە سەربازییەکان و، سیخۆری و ئیتلاعاتی، پشتیوانی لە رێکخراوە تیرۆریستییەکان بۆ گوشار خستنە سەر کۆمەڵگەی جیهانی و بەردەوامی لە پیتاندنی ئۆرانیۆم، تایبەتی کردنی ئابووری بە مەبەستی ئاسان گوازتنەوەی سەرچاوە داراییەکان بۆ ژێر دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیە، زۆر بە وردی جێبەجێ کران و ئەحمەدینژاد بوو بەو یاریپێکەرە خۆشەویستەی خامنەیی کە ناوبراو زۆرترین تێچوو و ئابرووچوونی بۆ پاراستنی ئەحمەدی نەژاد قبووڵ کرد. کارەساتی پاش هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ۸۸ کە بوو بە هۆی بەئاشکرا دانانەوەی ئەحمەدینژاد بە سەرکۆمار بوو کە زیاتر تووڕەیی خەڵکی لێکەوتەوە و کۆماری ئیسلامی خستە قەیراناویترین قۆناخەکانی تەمەنی.

ئەحمەدینژاد کە ساڵانی پێشتری لە پەراوێزی دەسەڵاتدا بردبووە سەر و سەرەڕای هەموو خۆشخزمەتییەکانی بە کۆماری ئیسلامی شایەد و بینەری چارەنووسی هاوڕێیانی پێشووی ئەو سیستمە واتە مووسەوی، کەڕووبی، خاتەمی، رەفسەنجانی، شاهرودی و ... بوو و هەروەها ئەو دەسەڵاتە زۆرەی لە پێگەی سەرکۆماری دا پێی بەخشرابوو، کاتێک بینی دوای ئەو هەمووە ساڵ گوێڕایەڵییەی بۆ وەلی فەقیە داهاتووی سیاسیی لێڵ و ناڕوونە و لەم لایەشەوە حەزو خۆشەویستی و کەڵکەڵەی دەسەڵاتی بێ سنووری کە تەنیا لە بەرامبەر وەلی فەقیە دا وەڵامدەر بوو، هەوڵی دا لەو قاوخی بووکەڵە شووشەییە بێ ئازارە دەربچێ و ببێ بە شوالییەیەک لە تاریکی کۆماری ئیسلامیدا بۆ رێبەر و، تاقە رێبەر و ئەربابەکەی خۆی پەراوێز بخا.

چاوخشاندنێک بە سەر هێندێک کار و کردەوە و رووداوەکانی سەردەمی ئەحمەدینژاددا بەڕوونی ترس و پاشەکشەی رێبەر و هاوباندەکانی لە بەرانبەر ئەحمەدینژاد و هاوڕێیانی دا دەردەخا. بڵاوکردنەوەی ئاماری نادروست و دوور لە راستی لەسەر هەڵومەرج و دەرفەتەکان و قەیرانەکانی وڵات، گەورەترین و قەبەترین پەروەندەی گەندەڵی دارایی و رانتخۆریی سەردەمی مودێرنی ئێران کە تا ئێستا ئاشکرا بووە، گرژترین کەشی نیزامی و ئەمنییەتیی وڵات، زۆرترین ئاماری هەژاری لە ئاستی وڵاتدا، هەلاوسان و بێکاری، زۆرترین ئاماری دەسبەسەرکردن و گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدام، کارەساتی کەهریزەک، پیتاندنی ناوکی بە بێ چاوەدێریی فەرمی و وردی چاوەدێرانی

نێونەتەوەیی، سەفەر و سەردانی لەرادەبەدەر لە پارێزگاکان بە مەبەستی خەڵەتاندن و دیماگۆژی و لێکدانەوەی وردی دەرفەتەکانی پارێزگاکان لە پێناو قازانج و سوودوەرگرتن لە بەرژەوەندی گرووپێکی تایبەت، گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی سوبسیدەکان کە بناخەی ئابووریی نادروستی دەوڵەتی گۆڕی و گوشارە ئابوورییەکانی سەر خەڵک بەوپەڕی خۆی گەیشت، سەردانە نێونەتەوەییەکان کە بە تەواوەتی روخسار و رووماى ئێرانی لە بیروڕای جیهانییەکاندا، نەرێنیتر و ناشیرینتر لە قۆناخەکانی پێشووتری تەمەنی کۆماری ئیسلامی کرد، ئەدەبیات و فەرهەنگی نابەرپرسیارانەی بەرپرسانی سیستەم کە نیشانەی وەحشیبوون و خوڵیایی بوونی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییە، لەقاودانی ئامانجدار لە پەرلەمان و هێندێک لەقاودانی تایبەتی بۆ رووخاندنی زیاتری دژبەرانی نێوخۆی سیستەم، پڕۆپاگەندە و بڕەودان بە مەهدەوییەتی تایبەت کە تەنانەت بوو بە هۆی نارەزایەتی دەربڕینی باوەڕپێکراوانی سیستەم، بەرزترین ئاماری لە سەر کار لابردن و دانانەوەی وەزیرەکان و هەروەها ئاشکرا بوونی بڕوانامەی ساختەی بەڕێوەبەران و وەزیرەکان، کەمتەرخەم بوون و بە هێند نەگرتنی کارەسات و رووداوەکانی وڵات بە تایبەت بوومەلەرزەی ئازەربایجان و ئاگرکەوتنەوە لە قوتابخانەی شیناوێ و... دیارە زۆربەی ئەو کارانە بە ئاگاداریی رێبەری و زۆربەشیان بە مەبەستی زەبردان لە خامنەیی رێکخراون.

ئەگەر دیسان بگەڕێینەوە سەر ژینگەی ئەبستراکتی شانۆکەی کۆماری ئیسلامی، چونکی ئەحمەدینژاد وەک ئەکتەری سەرەکیی ئەو پەردەیە لە شانۆکە لە نێوان ئەکتەر و دەورگێڕاندا رۆڵ دەگێڕێ، ئەمجارە سەرەڕای ئەو زەبرانەی لە پەیکەری خەڵکی دەدا، زەبر و خەسارێکی زۆریش بە دەرهێنەری شانۆ و ئەکتەرە سەرەکییەکانی دیکە دەگەیەنێ، بە جۆرێک کە لە ئەگەری مانەوەی زیاتری ئەحمەدینژاد لە پەردەکانی دیکەی شانۆدا وەک ئەکتەرێکی سەرەکی، ئەگەر دەگەڵ رێبەر لێکتێگەیشتن و رێککەوتنی نەبێ، ئەو شوالیەی تاریکی، ئەو پوتانسییەل و هێزەی هەیە کە رەوتی دارمانی سیستمی شانۆیی وەلی فەقیە بە دەستی خەڵک خێراتر بکا و تەنانەت ئەگەر دەگەڵ خامنەییش رێک بکەوێ، کارەساتەکانی ئەم ٨ ساڵەی رابردوو هیچ رێگەیەکی نەهێشتۆتەوە کە خەڵک وەلی فەقیە و ئەحمەدینژاد و کاربەدەستانی دیکەی کۆماری ئیسلامی ببەخشن.

لە ژمارە ٦٠٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٣

-------------------------------------------

# نەورۆز توخمی هاوبەشی شوناسی نەتەوەی کورد

کاتێک باس لە نەتەوە دەکرێ، ئەم چەمکە دەبێ هەڵگری هێندێک توخم‌و خەسڵەتی تایبەت بێ کە وەک بنەماو بناخەو هەروەها مەرجی هەڵگرتنی ئەم چەمکە بۆ کۆمەڵە خەڵکێک بە کار بهێنرێ، کە دیارە ئەم چەمکەش لە جەوهەری خۆیدا بەرزترین ڕادەی مافو حوقووق بۆ هەڵگرانی چەمکەکە دێنێ. یەکێک لە گرنگترین بایەخەکانی ئەم چەمکە شوناس، ئایدێنتیتی یان کەسایەتیی نەتەوایەتی‌یە کە بریتی‌یە لە شوناس‌و دەگەڵ ئاڵوگۆڕی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەردا دێ. مرۆڤی سەردەم‌و دەکرێ بڵێین مرۆڤەکانی پێشووش بە جۆرێک هەمیشە ویستوویانە سنوورێک بە دەوری خۆیی‌و بێگانەکاندا بکێشن‌و بە کۆمەڵێک ڕێوشوێن‌و بایەخ‌و نەریت، نامۆیی خۆیان لە گرووپێکی دیکە نیشان داوە‌و بە پێی قۆناخەکانی مێژووی زانراو، مرۆڤ بۆ خۆ هەڵاواردن لە گرووپێکی دیکە نیشانەو پێناسی خۆی هەبووەو هەمیشەش هەوڵی داوە ئەم پێناس‌و نیشانانە بپارێزێ‌و بە جۆرێکی شیاوو بانئاستی نیشانیان بدا.

مرۆڤ سەرەڕای هەڵگرتنی شوناسێکی تاکەکەسی، خاوەنی کۆمەڵە شوناسێکە کە دەیباتەوە سەر گرووپ‌و کۆمەڵێکی دیاریکراو، کە لە ڕابردووی مرۆڤایەتی‌دا خۆی لە سترەکتۆری هۆزو خێڵ‌و ئیمپراتۆریی‌دا دیوەتەوەو ئیستاش بە گوێرەی سەردەم گرێدراوی نەتەوەیە. بە هەر حاڵ شوناس لە ڕاستی‌دا، وەڵامدانەوەیەکی وشیارانەو ئاگایانە بە پرسیار، لە سەر کەسایەتی‌و بوون‌و نەبوونی مرۆڤ، لە سەر ڕابردوو، پێکهاتەی نەتەوەیی، ئایینی‌و ڕەگەزی‌و هەروەها وەڵامدانەوەیە بۆ دیاری‌کردنی فەرهەنگو شارستانیەتی‌و ئەو ڕۆڵە کە پێکهاتەکەی لە پرۆسەی گەشەی مرۆیی‌دا گێڕاویەتی‌و تەنانەت ئەمڕۆش بوون‌و نەبوونی گرووپەکەی لە بواری جێگەو پێگەی فەرهەنگی، ئابووری‌و سیاسی‌دا دیاری دەکا. کەواتە شوناس کۆمەڵێک تایبەتمەندی‌یە کە دەبنە هۆی جیاکردنەوەی مرۆڤ لە مرۆڤەکانی دیکەو ئەو گرووپە دیاری دەکا کە تاک لە چوارچێوەکەی‌دا جێ دەگرێ‌و بایەخەکانی لە بایەخی کەسانی دیکە هەڵداوێرێ‌و شوناسی گشتیی تاک دیاری دەکا. بەڵام شوناسی نەتەوایەتی کە دیاردەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی‌یەو دەگەڵ پەیدابوونی چەمکێک بە ناوی نەتەوە کە بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی‌یە دێتە ئاراو دەبن بە جمک. بە گوێرەی دابەشینی بیرمەندان مرۆڤێک سێ شوناس لە خۆیدا هەڵدەگرێ کە بریتین لە شوناسی تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی‌و نەتەوایەتی. دەکرێ منداڵی بنەماڵەیەک تایبەتمەندی‌یەکانی لە منداڵەکەی دیکە جیاواز بن کە هەر لە سەر ئەم بنەمایەش دیاردەیەک بە ناوی جیاوازیی تاکەکەسی وەک پڕەنسیپێکی دیمۆکراسی ڕەچاو دەکرێ. هەروەها شوناسی کۆمەڵایەتی کە مەودایەکی بەربەرینتر لە خۆ دەگرێ دەتوانێ خۆی لە شکڵ‌و فۆرمی جۆراوجۆری وەک شوناسی هۆزایەتی، ڕەگەزی، نیژادی‌و پیشەیی... دا ببینێتەوە. بەڵام لە ئاستی بەرزتر دا تاک خاوەنی

شوناسێکی نەتەوایەتی‌یە، کە ئەمەش نیشاندەری هاوپێوەندی‌و هەستو وەفاداری بۆ نەتەوەیە. کۆمەڵێک لە بیرمەندان، نیشتمانی هاوبەش، مێژووی هاوبەش بە بنەڕتی‌ترین توخمی شوناسی نەتەوایەتی‌و هێندێکی دیکەش زمانی هاوبەش‌و ئایینی هاوبەش بە توخمی سەرەکیی شوناسی نەتەوایەتی دەزانن. هەروەها لەم نێوەدا باس لە «سترەکتۆری سیاسیی هاوبەشیش» وەک توخمی شوناسی نەتەوایەتی دەکرێ. بەڵام لە ڕاستی‌دا شوناسی نەتەوایەتی هەڵگری هەموو ئەو توخمانەو توخمەکانی دیکەی وەک زمان، هونەر، ڕێوشوێن‌و داب‌ونەریتە. بە واتایەکی دیکە ئەو کۆمەڵەخەڵکەی لە جوگرافیایەکی یەکگرتوودا ژیاون‌و وێکڕا هەستیان بە بەختەوەری کردوەو چەوساونەتەوەو ئامانج‌و هەست‌و مەبەستی هاوبەشیان هەبووە، وەک شوناسی نەتەوەیی دەتوانێ بەکاریان بێنێ کە ئەم شوناسە نەتەوایەتی‌یە بۆ هاوپێوەندی نەتەوەیی‌و ئاراستەبەخشین بە ژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی گرنگترین ئامرازە.

گەلی کورد کە بە گوێرەی زۆربەی پێناسەو تیۆری‌یەکان نەتەوەیەو دەبێ لە هەموو مافە نەتەوایەتی‌یەکانی سوودمەند بێ، هەروەک دەبینین بە هۆی سیاسەتی چەوتی دوژمنانی‌و یەکرپزنەبوونی نێوخۆیی هێزەکانی، هەنووکە گەورەترین نەتەوەی بێ‌دەوڵەتە لە ئاستی جیهان‌داو سەرەڕای ئەوەش پارچە پارچە کراوەو بە هۆی ژینۆسایدو زۆرجۆرە سیاسەتی ناڕەوای دیکە لە لایەن دابەشکەرانی کوردستانەوە زۆربەی توخمە نەتەوایەتی‌یەکانی کاڵ بوونەتەوە یان روو لە کاڵ بوونەوەن. سیاسەتی کۆچ پێ‌کردن‌و وێران‌کردنی کوردستان‌و هەوڵ بۆ لێک‌دابڕینی کوردان لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەوپەڕی دڵڕقی‌یەوە ڕەچاو کراوەو دەبینین  لە چوارچێوەی هەر کام لەو یەکە سیاسی‌یانەی کوردیان بە سەردا دابەش بووە دەستکاری نیشتمانی یەکگرتوو و یەکپارچەیی کورد کراوە تا نیشتمان‌و خاکی یەکگرتووی کورد وەک یەکێک لە توخمەکانی شوناسی نەتەوایەتی لاواز بکەن. زۆرن ئەو توخمانەی کورد وەک شوناسێکی گشتی باسیان لێوە دەکاو دەیەوێ ڕەنگکێی گشتی‌و تەواو کوردستانی‌یان پێ‌ببەخشێ. یەکێک لە گرنگترین ئەو توخمانەکە گەلی کورد  بە درێژایی مێژوو وەک توخمێکی بنەڕەتیی شوناسی نەتەوایەتی هەڵی‌گرتوەو لە سەردەمی هاوچەرخدا کردوویە بە ئامرازێکو تەنانەت ڕێگەیەکی شیاوو ئاشتی‌خوازانە بۆ گەیشتن بە ئازادی نەورۆزە. ئەم بۆنە پیرۆزە دە نێو گەلانی ئاریایی ڕۆژهەڵاتی ناڤین‌دا هاوبەشەو بە پێی سەرچاوە مێژوویی‌یەکان پەیوەستە بە گەلانی کۆنی ئاریایی‌یەوە کە هەر کام لەم گەلانە بە جۆرێکو بە گوێرەی فەرهەنگو مێژووی خۆی دە نێو چوارچێوەی یادەوەری‌و ئەفسانەو فۆلکلۆری خۆی‌دا پارستوویەو بەرگی خۆماڵیی دەبەر کردوە.

بە داخەوە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌دا کاتێک نەورۆز وەک جەژنێکی نەتەوەیی بەڕەسمی ناسرا، دەگەڵ ئەوەی کورد یەکێک لە کۆنترین نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینەو کوردستان لانکەی ژیانی دێرینی مرۆڤە، ناوێک لە کوردو کوردستان نەبراو ئەو جەژنە هەر بە ناوی گەلانی دیکەوە تۆمار کرا.

ئەوەی لەم بابەتەدا بۆ نووسەر گرنگە، ئەوەیە گرنگی بدرێ بە نەورۆز وەک توخمێکی بنەڕەتی بۆ بەهێزکردنی شوناسی نەتەوایەتی کە لە لەسەر ئاستی کوردستان جگە لە هەستێکی رووت، بە پراکتیکو لە دەروونی تاکی کورددا بەو بەهێزییە نابینرێ. کاربەدەستان و رێبەرانی کورد دەبێ بە وردبوونەوە لە واقیعی کوردو کوردستان هەست بەو توخمانە بکەن کە دەتوانن یەکگرتوویی‌و شوناسی تاکی کوردی پێ بەهێز دەکرێ.

بە سەرنجدان بە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ساڵی رابردوو دەبینین کوردان لەسەر ئاستی کوردستان‌و هەندەران یادو جەژنی نەورۆز بەشکۆیەکی تایبەتەوە دەکەنەوەو ئەم بۆنەیەیان کردوە بە خاڵێکی جیاکەرەوە لە نەتەوەو گرووپەکانی دیکە. جەژنی پڕشکۆی باکووری کوردستان لە دیاربەکر، جەژنی نەورۆز لە باشوور بەوهەموو شکۆیە، ڕێوڕەسمە ڕێکوپێکو شکۆمەندەکانی رۆژهەڵات سەرەڕای ئەگەرو لەمپەری دامودەزگای ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی، شادی‌و خۆشیی رۆژئاوای کوردستان‌و ڕێورەسمی مەزنی کوردان لە لوبنان و... هەموو نیشانەیەکن لەوە کە نەورۆز خاوەنی خۆی دۆزیوەتەوە خەڵکی کوردیش بەحەق نیشان دەدەن ئەم یادە لە قووڵایی مێژووەوە ڕەگئاژۆی کردوەو، ڕێبەرانی کوردو پارتە سیاسی‌یەکان دەبێ هەوڵ بدەن توخمە بەهێزە هاوبەشەکانی ئەم گەلە پارچەپارچەکراوە بدۆزنەوەو بەهێزیان بکەن. هەروەها لەسەر ئاستی نووسین‌و لێکۆڵینەوە دەسەڵاتی کوردی ئەرکی سەرشانیەتی، زیاتر گرینگی بە هەڵێنجانی ئەفسانەو ئۆستوورەی نەورۆز لە مێژووی خۆیدا بداو تێچووی بەرەنگاربوونەوەی ئەولایەنانە کە دەیانەوێ توخمە مێژوویی‌و هاوبەشەکانی کورد چەواشە بکەن وەئەستۆ بگرێ.

کورد لەم سەردەمەدا زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستیی بە پتەوکردنی هەستی نەتەوایەتیی خۆی هەیە. ئەمەش دەبێ بە دۆزینەوەو ناساندنی شانازیە مێژوویی‌یەکانی‌و تەنانەت بە زەقکردنەوەی ئەفسانە میللی‌یەکانی بەهێز بکرێ تا گەلێک کە ناحەزانی هەمیشە بە سووکایەتی‌یەوە باسیان لە مێژووەکەی‌و شانازی‌یەکانی کردوە، ببووژێتەوەو بەخۆیدا بێتەوە.

لە ژمارە ٦٠٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٣

-------------------------------------------

## گەمەی دیپلۆماسی بێ ئاکامی بەرنامەی ناوکی

زیاتر لە دەساڵە کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی وتووێژو کۆبوونەوە دەگەڵ وڵاتانی گرووپی ٥+١ دا خەریکی بە لاڕێدابردنی ویستو داخوازی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە سەر ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانی پێوەندیدار بە کەیسە گوماناویيە ئەتۆمییەکەیەتی. سێ دەور وتوێژ لە بنکەی ڕێخکراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ماوەی ساڵانی ١٣٨٦ تا ١٣٨٩دا، ئیستانبولی یەکو دوو لە ماوەی ڕێبەندانی ١٣٨٩ تا خاکەلێوەی ١٣٩١دا، کۆبوونەوەی بەغدا، کۆبوونەوەی مۆسکۆو کۆبوونەوەی ئالمائاتی یەکو ئالمائاتیی دوو، کۆمەڵە وتووێژو کۆبوونەوەیەکن کە هەر کام لە لایەنەکان بە بیروبۆچوونو ڕوانگەو مەبەستی جیاوازو دوور لە یەکەوە لەم ماوەیەدا بەشداریان بوون. کۆماری ئیسلامی لە لایەک بە مەبەستی کاتکڕین بۆ پەرەپێدانی دامەزراوە ناوکییەکەیو دابینکردنی پێویستییەکانی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی درێژە بە کۆبوونەوەکان دەدا، لە لایەکی دیکەش بۆ هەڵفریواندنی کۆمەڵگەی جیهانیو نیشاندانی ڕوومەاو ڕوخسارێکی سازشکارانەو ڕەواندنەوەی گومانو تەمومژەکانی سەر چالاکییە ناوکییەکانیو درێژکردنەوەی هەرچی زیاتری ئەم پرۆسە دیپلۆماسییە بێئاکامە هەرجارەو بە بەرنامەو پرۆژەیەکی نوێوە بەشداری وتووێژەکان دەبێو کورد وتەنی بۆ ئەوەی کاتەکەی لە کیس نەچێ لە هەر کوێ پسا، هەر لەوێ گرێی دەداتەوە.

گرووپی ٥+١ یش بۆ ئەوەی پاساوی زیاتری بۆ گەمارۆکانی سەر کۆماری ئیسلامی هەبێو هەروەها زیاتر ڕوومایەکی نەگونجاو لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نیشانی جیهان بدا ئەم گەمە دیپلۆماسییە دەکا. بەڵام ئایا ئەم گەمەیە بە کوێ دەگاو تاقەتو تەحەممولی دنیای ڕۆژئاواو بە تایبەتی ئەمریکا چەندە دەبێ کە لاسارێکی دیکەی وەک کۆریای باکوور قبووڵ بکەن؟ یان ئایا دامودەزگە سیخۆڕیو زانیارییەکانی وڵاتانی ڕۆژاوا ئەوندە بەهێزن کە ئاگایان لە تۆڕی زانیاریو بەڕێوەبەرانی پرۆژە ناوکییەکانی کۆماری ئیسلامی هەبێ کە بەمجۆرە کاتی پێدەبەخشن؟

دوایین کۆبوونەوەی نوێنەرانی خامنەیيو گرووپی ٥+١ ڕێکەوتی ١٦ و ١٧ ی خاکەلێوەی ١٣٩٢ لە ئالمائاتیی قەزاقستان بە بێ هیچ ئاکامێکی ڕوونو چاوەڕوانکراو کۆتایی هاتو تەنانەت کاتو شوێنی کۆبوونەوەی داهاتووش باس نەکرا. کاترین ئەشتۆن دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە ڕایگەیاند هێشتا دەگەڵ ئێرانییەکان لێک دوورین، هەر ئەم وتەیە بەسە کە بڵێین ئەم گەڕەی کۆبوونەوەکان لەم قۆناخەدا کە گرژیو ئاڵۆزیی کۆریا بە لووتکە گەیشتووە شەڕی نێوخۆی سووریەش درێژەی هەیە شکستێکی جیددیی دیکە بۆ جیهان لە سەردەمێکدایە کە وەک

جان کێری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە چین گوتی: سەردەمێکی قەیراناویی ئاڵۆزە. بەڵام درێژەکێشانی ئەم کۆبوونەوانەو بێئاکامبوونیان زەرەرو زیانێکی کەمی بۆ ئێران بە دواوە نەبووە.

ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژئاوا دەگەڵ سووربوونی ڕێژیم لە سەر بەرنامە ناوکیەکانیو پەرەپێدانی دامەزراوەی ناوکیو گوێنەدانو گوێنەبزووتنی بە داوای کۆمەڵگەی جیهانی، کۆمەڵە گەمارۆیەکیان خستۆتە سەر ئێران کە ساڵانە بە سەدان میلیارد دۆلار زیان لە ئێران دەدا. کە لە دوایین کۆبوونەوەی ئاڵمائاتییشدا داوای ئێران هەڵگرتنی قەدەخەی فرۆشی نەوتو زێڕ بە ئێران بوو. بەڵام نوێنەرانی گرووپی ٥+١ داوای داخستنی سایتی پیتاندنی فێردۆسو دابەستنی کامێرای کۆنترۆڵ لە ڕێگەی دوورەوە لەم سایتەو گۆڕینی سەد کیلۆگرەم لەو ئۆرانیومە ٢٠٪ پیتاندراوە بۆ ئۆکسیئۆرانیوم بوو. هەتا ئەمڕۆش ئێران ئیددیعای ئاشتیخوازانەبوونی بەرنامە ناوکیەکانی دەکاو ئەم بابەتەش بە مافی سەلمێندراوی خۆی دەزانێو بە فڕوفیشاڵێکی زۆرەوە لە نێوخۆی وڵات پەرە بە هزری خاوەنداربوونی وزەی ناوکی دەدا، کە دیارە مەبەستی زیاتری لەو کارەش هەیە. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە لە حاڵێکدا ئێران بە توندی بەرگری لە ئاشتیخوازانەبوونی بەرنامە ناوکیەکانی دەکاو هەوڵی ڕەواندنەوەی گومانەکان دەدا بۆچی ئەحمەدینیژاد سەرکۆماری ئێران ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی خاکەلێوە واتە سێ ڕۆژ دوای کۆتایی بێئاکامی کۆبوونەوەی ئاڵمائاتیی دوو، لە ڕۆژی بە ناوتەکنۆلۆژیی ناوکیدا فەرمانی دەستبەکاربوونی کانگەی ئۆرانیۆمی ساغەندو کارگەی بەرهەمهێنانی کێکی زەردی دەرکرد. کە کرانەوەی ئەم دوو پرۆژەیە دوای شکستی ئاڵمائاتیی دوو، ئاڵۆزیو درێژەی دانوستانەکانی لە داهاتوویەکی نزیکداو هیوای چارەسەرو ڕێککەوتنی نێوان دوو لایەن کەمتر دەکاتەوەو نەک نیازپاکیی ئێران دەرناخا، بەڵکوو ئەم کەیسە گوماناویتر دەکا. چونکە دەگەڵ دەسپێکی ئەم پرۆژانە توانایی ئێران لە بەرهەمهێنانی ماددەی خاوی پێویستی پیتاندنی بەرز دەبێتەوە. ئەو بەردە ئۆرانیۆمەی لە کانگەی ساغەند دەردەهێنرێ لە کارگەی «شەهید ڕەزایینیژاد» دەکرێتە کێک ئۆکسیدی ئۆرانیۆم یان کێکی زەرد.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە وڵاتانی گرووپی ٥+١ زۆر لەمێژە خوازیاری ڕاگرتنی پیتاندنی ٢٠٪ ی ئۆرانیۆم لە خاکی ئێراندانو دەیانەوێ کۆماری ئیسلامی سووتەمەنیو ماددەی پێویست بۆ وەگەڕخستنی بنکە ناوکیەکانی بە پێی بەرنامە لە دەرەوە وەرگرێ. دوای ئەمەش، ئاشکرابوونی کارگەیەگ لە ئەڵمان کە گریمانە دەکرێ هاوکاریی دەزگەکانی پێوەندیدار بە دامەزراوە ناوکیەکانی کردبێ، ئەوەندەی دیکە بیروبۆچوونەکانی سەبارەت بە ئاشتیخوازنەبوونی بەرنامەی ناوکیی ئێران لێڵتر کرد. لە کۆبوونەوەی گرووپی ٨ دا لە لەندەن، ویلیام هیگ وەزیری دەرەوەی بریتانیا وێڕای بە داخبوون لە بێئاکامیی کۆبوونەوەی ئاڵمائاتیی دوو، ئێرانی دڵنیا کردەوە کە ئێران ئەوەندەی کات لە بەردەستدا نیەو کۆبوونەوەو وتوێژ هەتاهەتایی نیە. هەروەها هیگ داواشی لە ئێران کرد کە ڕێگە بە ئەحمەد شەهید ڕیپۆرتێری مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بدا کە سەردانی ئێران بکا.

پاشان هیگ دەگەڵ ئەوەی ئۆلتیماتۆمی دا بە ئێران، رایگەیاند ئێران تا شەش مانگ دوای هەڵبژاردنی خولی یازدەیەمی سەرکۆماری کاتی هەیە. ئۆلتیماتۆمێک کە دیارە زۆرجار دراوەو هیچیشی لە پرسەکە نەگۆڕیوە. چونکە ئەوە سەرکۆمار نیە دەسەڵاتی ڕاستەقینەی لە کاروباری کەیسی ناوکیدا هەیە بەڵکوو زۆربەی هەرە زۆری کاروبارەکانی دیکەش راستەوخۆ لە لایەن ویلایەتی فەقیهەوە بڕیاریان لە سەر دەدرێ.

ئایا ئەمریکا ئیزن دەدا ئێرانیش وەک کۆریای باکوور گرنگترین ناوچەی خاوەنوزەی جیهان ئاڵۆز بکا، یان ئەوەی پەندی لە کۆریا وەرگرتوەو جیهانو بە تایبەت ڕۆژهەلاتی ناڤین شاهیدی ئامادەباشی مووشەکە ناوکیو بۆمبە ئەتومییەکان نابێ؟

**لە ژمارە ٦٠٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٣**

-----------------------------------------------------------

## زمان ڕەنگدانەوەی هزرە لە پەراوێزی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانەی کۆمەڵگەی کوردستان بە سووکایەتیکردن بە ژن

لەم ماوەیەی پێشوودا، لە حەرەکەتێکی چاوەڕوانەکراودا، دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری مەریوان تاوانبارێکیان بە جلوبەرگی ژنانەوە بە نێو شاریدا گێڕا. ڕووداوێک کە بووە هۆی خرۆشانو وەجووڵەکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی هەم لە نێوخۆی وڵاتو، بەشێوەیەکی بەربەرینتر لە دەرەوەی وڵات. دنیای مەجازیو تۆڕی ئینتێرنێت کە ئەمڕۆکە ئامرازو کەرەسەیەکی گونجاوی بەهێزن بۆ گەیاندنی هەواڵو گواستنەوەی ڕووداوو چالاکیو بیروڕاکان، لەم نێوەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕا، بەدوای ئەم حەرەکەتە دزێوو ناحەزەی رێژیمدا کۆمەڵێک چالاکیو شەپۆلێک ناڕەزایەتی سەری هەڵدا، کە زیاتر حاڵەتی غەمخۆریو ڕەنگوڕووی سیمبۆلیکی پێوە دیار بوو.

ئەم حەرەکەتەی رێژیم بوو بە بیانوویەک بۆ ڕێکخراوو ڕەوتە جۆراوجۆرەکانو کەسایەتیو کەسە چالاکەکان تا خۆ بنوێننو رێژیمی پێ تووشی کێشە بکەن، کە حەق وایە گەلی کوردو بزووتنەوەکەی بە گشتی زیاتر کەڵک لەو جۆرە کارە ناجومێرانانەی رێژیم وەربگرنو دەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ بدەن بە ڕوونیو وردیو دروستی خوێندنەوەیان بۆی هەبێو لەم لایەشەوە شەنوکەوی کارەساتەکان بکەن.

مەسەلەیەک کە نووسەر لەم کورتە نووسینەدا دەیەوێ بیخاتە بەرباس؛ نەک حەرەکەتەکەی ڕێژیم - کە ئەمە تەنیا سووکایەتی نیە دەرحەق گەلی کورد، بۆ زیاتر شکاندنو بچووککردنەوەی کەسایەتیی تاکەکانی - بەڵکوو هەوڵ دەدرێ ڕێزو پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا بزانرێ. هەموو کردەوەو چالاکییەکی مرۆڤ بەندە بە هزرو بیریەوە، تەنانەت ئەگەر بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانیش بە بیرو هزر نەزانی چبکەیو چبڕیارێک بدەی، ناتوانی بنەڕەتیترین پێداویستیی ژیانت دابین بکەی، بۆیە هەموو ئاکارو کردارو بەتایبەت ئاخاوتنی مرۆڤ دەربڕی هزرو چۆنیەتیی بیرکردنەوەی ئەون. مەبەست ئەوەیە مرۆڤ کاتێک دەدوێ، لە جۆری دوانیدا چۆنیەتیی بیر کردنەوەو روانگەکانی سەبارەت بە دیاردەکانی دەوروبەری تا ڕادەیەکی زۆر دەردەکەوێ. کەواتە بەم پێیە دەتوانین بڵێین بیرو هزر سەرچاوەی روانگەو کارو کردارو چالاکییەکانی مرۆڤنو، مرۆڤ ئەم جۆرە دەدوێ کە بیر دەکاتەوەو، ئاستی ئاخاڤتنی مرۆڤ پێوەندە بە بیریەوەو بە پێچەوانەش.

ئەدەبیاتو گوتاری کووچەو کۆڵانی کوردی تانەو تەشەری ناخی ئەم کۆمەڵگەیە پڕ لە شکاندنو بەکەم گرتنی ژنە، هەر بۆیە دەبێ فاکتەرو ریشەکانی ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەی ڕێژیم، لە کەلێنو قوژبنی کۆمەڵگەی خۆمانو بیروبۆچوونی تاکەکانی کۆمەڵگەکەماندا بدۆزینەوە. دیارە خەسارناسیی ئەم نەخۆشییە هزرییەی بەشی پیاوی کۆمەڵگەی کوردی بە چەند دێڕێکو کەسێکی ئاسایی ناکرێو، ئەم کارە پێویستە لە لایەن کەسانی پسپۆڕ لە بواری کۆمەڵناسی مێژوو... توێژینەوەی زانستیو قووڵو بنەڕەتیی بۆ بکرێو توخمو رووداوە پێکهێنەرەکانی ئەم چەشنە روانینە روون بکرێتەوەو، هەوڵی سڕینەوەو شکاندنی نەریتە سووکایەتیپێکەرەکانی بدرێ کە نیوەی کۆمەڵگەی خەساندوەو، وەک پێویست گرنگیی پێ نەداوە. دەستەواژەو قسەی رەقی «دەرپێی ژنانت لەبەر دەکەم، ژنانیلە، ژنانیلکە، لەشکەرێک سەرکردەی ژن بێ شکست دێنێ، لەژن کەمتر، سەگ بە ژن ناوەرێ و...». لێرەوەیە کە دەڵێم باش بوو کۆماری ئیسلامی زۆر بەوردی ئەم تانەو تەشەرانەی نەخوێندبۆوە ئەگینا بێجگەلە لێچکە، خوای نەخواستە...!

کۆمەڵگەیەکی وێران کە بەردەوامیش لە لایەن دوژمنە بێ ئەژمارەکان - لە ناوچەکەدا - هەوڵی لێکترازانی فەلسەفەی ژیانیو، هزرو بیری، رماندنی کەسایەتیو، خەوشەدارکردنو رووشاندنی هەستی برینداری دەدرێ؛ خۆشی کەمترخەم نەبووە لەم برینو زامە قووڵانەی ژیانیدا.

کۆمەڵگەی کوردی بەو کەسە دەبینم کە روو بە ڕابردووی ئامبازەو لینگەفرتێیەتی بەرەوپێش، هەتا بگاتە شانی گەلانی دیکە. ئەمە پارادۆکسو سەرلێشێوانێکە، تاکی کورد لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی سەردەمدا پێوەی دوچارە، دەڵێن «هەم خوای دەوێ ،خورما «، کە ناهێڵێ ڕاستو رەوان بەپێش ئامبازی پێشەڤەوە چوونی بێو بە هەنگاوی قورسو قایمتر ئەم دۆڵو هەڵەمووتانە ببرێ کە بیگەیەننەوە خەڵکی دیکە. بەکەم گرتنو گرنگینەدان بە ژن لە

بیرو هزری کوردیدا هێند چەسپاوو هەوێنگرتووە کە تەنانەت پێی وایە سەگیش بە هۆی کەموکورتیو نوقسانییەکانی بەژن ناوەڕێو بەمجۆرە ئەگەر بە قووڵی لێی بڕوانین، دەبینین لێرەدا ئەم بەشەی کۆمەڵگە لە حەیوانێکیش سووکترە (کە دیارە ئەمەش ئەو شتەم بیر دێنێتەوە کە دەڵێن لە لای عەرەبان کە ناوی دایکو خوشکو بە گشتی لە مەجلیسی پیاواندا دێ، دەڵێن دوور لە رووی جەماعەت). یان ئەوەی لە باشترین حاڵەتدا دەڵێ «لەشکرێک ئەگەر سەرکردەی ژن بێ شکست دەخوا»؛ هەموو دەزانین بەدوور لە بیروڕا کۆنو ئایینییەکان، کە ژن بە کەمتر لە پیاو دەبینن‌و ئەمەش بەرهەمی قۆناخی پیاوسالارییە، زانستو پێگەیشتنی هاوچەرخ ئەمەی سەلماندوە، ژن‌و پیاوی کامڵ لە بواری بایۆلۆژییەوە نەبێ لە هیچ بوارێکی دیکەدا، هیچ کامیان بەسەر هیچ کامیانەوە نیە و تەنیا لە هێندێک بواردا ئەم دوو ڕەگەزە بەهرەی پێشکەوتن‌و سەرکەوتنیان لێک زۆرترە کە ئەوەش هەر پێوەندیی بە ئاستی توانایی بایۆلۆژییانەوە هەیەو کە دیارە ئەم شتەش ڕەها نیە، بەڵکوو رێژەییە. بەڵام وەک دەبینین هەڵقوڵاوی زەینی ئیلیتو هەڵکەوتەکانی کۆمەڵگەی ڕابردووە، کە تەنانەت ئێستاش وەک فاکتو گریمانەیەکی سەلمێندراوە نەک هەر ڕەگەزی نێرینە بەڵکوو زۆر جاران خودی مێینەی کۆمەڵگەش بۆ سەرکوتو سووکایەتیکردن بە ژن، وەک چەکێکی کوشندەی بەهرەکان بەکاری دێنن‌و هەستو ناخی ئافرەتی «ئافرۆدێیت» پێ دەشکێنن. لێرەوەیە پێم وایە ئەگەرچی دژکردەوەو حەرەکەتی کۆمەڵگە لە بەرانبەر ئەو کارە ناحەزەی رێژیمدا جێی رێزە بەڵام کۆمەڵگەی کوردیو تاکە ڕووناکبیرو چالاکەکانی، دەبێ نەک هەر لە ئێقدامێکی وەک جلکیژنلەبەرکردن‌دا هەوڵی نەهێشتنی ئەم هەمووە ناڕەواییو ستەمانە دژ بە ژن بدەن، بەڵکوو دەبێ زۆر بە توندی هەوڵی داماڵینی ئەم هزرە ناشیرینە لە کۆمەڵگەی کوردان بدەن کە بۆتە لەمپەری پێش کردنەوەی کۆتو بەندەکانی دەستو پێی ژن‌و مایەو هەوێنێک تا دوژمنانی ئەوەندەی دیکە بریندارمان بکەن.. وەک گوتمان هزرو بیر سەرچاوەی هەموو ئاکارو کرداری مرۆڤە؛ کەواتە دەبێ ئێمە هەوڵ بدەین زیاترو قووڵتر بە جۆری بیرکردنەوەو روانینەکانماندا بچینەوەو بە هیزی عەقڵو ئاوەز داهاتوویەکی روون‌و ساغ بنیات بنێین . ئەگەرچی رێفۆرم‌و چاکسازی بۆ هەموو بوارەکانی ژیان‌و مرۆڤ هەمیشە شتێکی گرنگو پێویستە، بەڵام کۆمەڵگەی کوردی لەم قۆناخەدا بە هۆی رێککەوتن لەگەڵ نۆرم‌و بایەخە بەرزە مرۆییەکان‌و پەسندکراوو بایەخە ئەمڕۆییەکان زیاتر لە هەمیشە پێویستیی بە رێفۆڕمە، ئەویش رێفۆرمێکی قووڵ، کە بنەڕەتی ئاوەزو ڕوانینی تاکەکانی سەبارەت بە خۆیو دەوروبەری بە ئاراستەی پۆزەتیف بگۆڕێ، دەبێ هەموومان لەمجۆرە حەرەکەتانەی دوژمنان ئەوپەڕی کەڵک وەرگرین‌و لەم نێوەشدا تەنیا تاوانەکەی، بە کەسی بەرانبەر نەبینین‌و هەوڵ بدەین ماک و ڕیشەکانی ئەم کردارە ناشیرینانە لە کەلتووری خۆماندا وشک کەین، تا چرۆیەکی نوێ لە ژیانی کۆمەڵگەماندا بپشکوێ کە مزگێنی داهاتوویەکی روونمان بێ.

لە ژمارە ٦٠٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٣

# ستراتیژیی زلهێزەکان لە شەڕی نێوخۆیی سووریە

بێگومان شەڕی نیوخۆیی سووریە کە زیاتر لە دوو ساڵە بەردەوامەو، بە گوێرەی ئامارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کوژرانی زیاتر لە ٩٣ هەزار کەسی لێکەوتۆتەوە، جگە لە کاولکردنو ماڵوێرانیو خوێنو ئاوارەییو ... دەیانو سەدان کارەساتی مرۆڤهەژێنی دیکە هیچی بۆ خەڵکی لەداوکەوتووی سووریە نەبووە. ئەدی ئەگەر ئەم شەڕە جگە لە خاپووربوونو هەڵوەدایی دیارییەکی بۆ ئەم خەڵکە نەبووە، بۆچی دانیشتووانی سووریە کەوتوونە گیانی یەکترو بە هیچ سوێندو قورئانێک لێک نابنەوە؟ یان بۆچی ئەم خەڵکە سەبرو ئارامیان لێهەڵگیراوەو بەمجۆرە بە گژ یەکدا چوونەوە ، ئەدی تێچووی قورسی ماددیی ئەم شەڕە لە کوێوە دابین دەبێو ئەگەر لەلایەکەوە دابین دەکرێ لە چ پێناوێک دایە، کێ ئاگری شەڕەکە خۆشتر دەکاو کورد گوتەنی فووی لێدەکا؟ هەروەک ئاشکرایە ئەم شەڕە هۆکارو فاکتەری نێوخۆییو ناوچەییو نێونەتەوەیی زۆری هەنو لێکدانەوەی هەر کام لەم ڕەهەندانە پێویستیی بە شیکردنەوەو لێکدانەوەی زۆر هەیەو دەبێ زۆر بەوردی لێک بدرێنەوە. یەکێک لەو بۆچوونانەی لە سەر ئەم قەیرانە باس دەکرێ ئەوەیە، کە کارناسان ئەم شەڕە بە شەڕی ڕاستەوخۆی ئەمریکاو ئێران دەزانن. چونکە ئێران تاکە وڵاتە لە جیهاندا کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو بە تاڵان چوونی ئەم شۆڕشە لە لایەن هێندێک بنئاژۆخوازی ئیسلامییەوە بە ئاشکراو بە توندی دژایەتیی ئەمریکاو سیاسەتەکانی لە ئاستی جیهانیو بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی ناڤین کردوە، کە بە مەکۆی وزەی جیهان دێتە ئەژمار. لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵی داوە وڵاتانی ناوچەکە لە هاوپەیمانیکردن لەگەڵ ئەمریکا دوور بخاتەوەو بە ناوی ئیسلامەوە دژایەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکای کردوە. ئێران بە هاوپەیمانی ستراتیژیکی دەوڵەتەکەی بەشار ئەسەدو میلیشاکانی لوبنانو فەلەستین دێتە ئەژمار کە ئەوانیش لە لایەن ئەمریکاوە ماوەیەکی زۆرە بە تیرۆریست ناسراون. هەر بۆیە ئەمریکا زۆر لەمێژەو لە چوارچێوەی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەوە کە دەوڵەتەکەی بووشی باوک هێنایە گۆڕێ هەوڵی داوە بۆ گۆڕینی پێکهاتەی سیاسیی ناوچەکەو لاوازکردنی ئەو دەوڵەتانەی لە لایەن خۆیەوە بە نەیارو دیکتاتۆر ناسراونو ئەگەر بۆی بکرێ دەیەوێ پارچە پارچە ببن. شەڕی شاراوەی ئەمریکاو ئەم بەرەیە دژی یەکتر ڕابردوویەکی دوورودرێژی هەیەو ئەگەر بە تەمەنی سێ دەیەی کۆماری ئیسلامیدا بچینەوە، دەبینین پشتیوانیی دارایی میلیشاکانی ناوچەکە بە تایبەت گرووپە توندڕەوە شیعەکانو کردەوەو چالاکییەکانی لە ئاستی جیهانیو هەروەها خۆنزیک کردنەوە لە ئەمریکای لاتین بۆ ئەوە بووە؛ کە لە دوورەوەڕا ململانێی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکاو هەتا بۆی بکرێ نەیەڵێ شەڕەکە بکێشرێتە بن سنوورەکانی خۆیو هەروا بتوانێ فشارێک بۆ سەر ئەمریکاو هاوپەیمانانی دروست بکا تا بەرنامە ناوکییەکەی خۆی بەرێتە پێش کە لە لایەنی کۆمەڵگەی جیهانییەوە گومانی سەربازیو نائاشتیخوازانەبوونی لەسەرە. بەڵام بەهاری عەرەبو ئاڵۆزانی ناوچەی

باکووری ئەفریقاو ڕۆژهەلاتی ناڤین لە کۆتاییدا ئەم دوو وڵاتەو بەرژەوەندییەکانیانی بە تەواوەتی ڕووبەڕووی یەک کردەوەو ئەم دوو وڵاتە بە شێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە شەڕی سووریەوە گلانو بە گوێرەی ڕووداوەکانی ئەم دوو ساڵ پێکدادانە، ئێران لە ڕێگەی سوپای پاسدارانەوە ڕاستەخۆ شەری بەرەیەک دەکا کە پشتیوانی سەرەکیی ئەمریکایە. ئەگەر لە سەرەتای شەڕەوە گومانی دەستێوەردانی ئێرانو حیزبوڵڵای لوبنان لە سووریە دەکراو چەندین جار ئەم دوو هێزە لە لایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە هۆشیار کرانەوە کە دەست لە کاربارۆی سووریە وەرنەدەن، و ئێرانوحیزبوڵڵا بەردەوام حاشایان لێدەکرد ئێستا لەم ماوەیەی ڕابردوودا بە گۆڕانی بالانسی هێز لە سووریەدا روون بۆوە کە بە هێرشی هەمەلایەنەی حیزبوڵڵاو سوپای پاسدارانو هێزەکانی ئەسەد شاری ئەلقوسەیر گیرایەوە. هەروەها ئەگەرچی پێشتر دەمانبینی کە سەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆن بەرچاو بوو، بەڵام دەگەڵ ئەم هێرشە هەمەلایەنەی حیزبوڵڵای لوبنانو سوپای پاسدارانو ئەرتەشی ئەسەد بۆ سەر شاری ئەلقوسەیرو گیرانەوەی بەشار ئەسەدی چاوسوورتر بوو کە سووکایەتی بە بەرەی دژبەری بکاو ئاکامی کۆبوونەوەی ئاشتیی ژێنێڤی دوو بە ناسەرکەوتوو لە قەڵەم بدا. لە لایەکی دیکەشەوە تورکیە کە یەکێک لە سەرەکیترین پشتیوانانی بەرەی ئۆپۆزیسیۆنە ماوەیەکە تووشی ئاڵۆزی هاتوەو زیاتر لە هەموو کاتێک وەرەی شەڕڤانانی ئازادیخوازی سووریەی شکاندوەو لە ڕێگەی ڕایەگەیەنەکانەوە دەبیستین کە دەنگی گلەییو گازندەی ڕێبەرانی شەڕڤان بەرز بۆتەوەو هۆشداریی ئەوە دەدەن کە لە ئەگەری پشتیوانینەکردنی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا ڕەنگە بەرهەمەکانی ئەم دوو ساڵ شۆڕشە لە دەست بدەنو هەروەک لە هەواڵەکانڕا دیارە بەشار ئەسەد دەیەوێ بە یارمەتی حیزبوڵڵای لوبنان بەرەو شاری حومسو حەڵەب هێرش بەرێ کە ئەمەش بە سەرنجدان بەم دوو ساڵ شەڕە گریمانەی کارەساتێکی گەورەی لێدەکرێ.

ئەوەی گرنگەو دەبێ زیاتر لێکدانەوەی بۆ بکرێ ڕواڵەتی ئەو شەڕە نیە کە ڕوونو بەرچاوە بەڵکوو ئەوە، ئەم قەیرانانەن کە ئەوکی ئابووریی جیهانیان گرتوە کە ئەگەر لە ڕابردووش بڕوانین زۆربەی هەرە زۆری شەڕە گەورەکان هۆکاری سەرەکییان کێشەی ئابووری بووە، وەک شەڕی جیهانی یەکەمو دووەم. ئێستاش دەبینین جیهانی ئابووری بە تایبەت ناوچەی سنووری یۆرۆ ڕووی لە دارمانەو، ئەم نەخۆشییە کە سەرەتا لە واڵ ئێستیریتەوە دەستی پێکرد، ئابووریی گشتیی جیهانی تووش کرد. بۆیە گەورە وڵاتان پێویستیان بە شەڕێکە لە لایەک چەکو بەرهەمو کەلوپەلەکانی خۆیانی پێ ورد کەنەوە تا هێندێک لە بێپارەییو نەگەرانی سەرمایەی نێوخۆییان کەم بکەنەوە، لە لایەکی دیکەشەوە وڵاتانی دژبەر لە سەر ئاستی جیهانیو ناوچەیی کورد گوتەنی خۆیان بە یەکتر لە سەر خاکی وڵاتێکی دیکە تاقی بکەنەوەو بە گشتی شەڕی هێژمۆنی خۆیان بە دەستو خوێنی خەڵکی سووریە بکەن. گریمانەیەکی دیکە کە لەم پێوەندییەدا هەیە ئەوەیە، ئەمریکا بە باشی تێگەیشتوە کە شەڕی ڕاستەوخۆی ئێران دژوارەو وەک دوو شەڕەکەی دیکەی ڕۆژهەلاتی ناڤین (ئەفغانستانو عێراق) تێیدا زەرەرمەند دەبێ یان ئەوەی تێچوویەکی زۆری بۆ هەڵدەگرێ. کەواتە باشترین هەلە بۆ ئەوەی ئەمریکا لە ڕێگەی وڵاتانی ناوچەکەو شەڕڤانە

هەڵخڕاوەکان لە سووریەوە هەوڵی کز کردنو لە نێو بردنی هێزی پاسدارانو بە تایبەت سپای قودس بدا. ئایا شەڕی هێژمۆنیو بەرژەوەندیی وڵاتان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین زیاتر بڵێسە دەستێنێ‌و، ئەگەر ئەم بڵێسەیە هەروەک ئێستاش کوردو خاکی کوردی گرتۆتەوە لەوە زیاتر خۆ بە ناخی ئەم کۆمەڵگەیەدا بکا، سەرکردەو ڕێبەرانو سیاسی‌یەکانی کورد دەبێ چۆن هەڵسوکەوت بکەن هەتا، هێلکەکان هەموو نەخەنە قەرتاڵەیەکەوەو دوای پاشەکشەو لاوازبوونی ئۆپۆزیسیۆن لە سووریە کە بەشێکی خاکی کوردستانی بە سەرەوەیە؟ چونکی دەگەڵ گەڕانەوەو بەهێزبوونەوەی ئەسەددا هیچ شتێک بۆ چاوەڕوانکردن نابێ. بۆیە دەبێ هەتا ئێرە کورد چۆنی بە کۆڵ خۆی‌دا داوە، ڕاوەستێ‌و هەڵوەستەیەک بکا، ئەگینا لە ئەگەری وشیارنەبوونو یەکنەخستنەوە ستراتیژیی هەڵوێستی لایەنەکان، ڕەنگە داخی ئەم شۆڕشە بە کورد بڕێژرێ کە دیواری لە هەموو کەس نەویترە.

لە ژمارە ٦١٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جوونی ٢٠١٣

---------------------------------------------------------------

## بایکۆت و بەشداری سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵات

چەمکە مرۆیی و کۆمەڵایەتی‌یەکان زۆر ئاڵۆز و پێچەڵپووچن و، لێکدانەوەی ڕەهەند و لایەنەکانی چەمکێک ڕەنگە باس و خواس و شرۆڤەی زۆر هەڵگرێ. بێگومان چەمکی رامیاری یەکێکە لە ئالۆزوپلۆزترین چەمک و زاراوەکان کە بە دەیان و سەدان بیرمەند و زانا پێناسە و لێدانەوەیان بۆ کردوە و بێ‌ئەژمار کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوەی لە سەر نووسراوە، کە لەم نێوانەدا کۆمەڵێک بە "زانستی هێز" و کۆمەڵێک بە زانستی دەوڵەت و هتد...ی دەزانن. یەکێک لەو بیرمەندانە هارۆڵد سۆل لە سەر ئەم بڕوایە سیاسەت؛ یانی ئەو زانستەی فێرت دەکا، کێ دەیباتەوە؟ کەی دەیباتەوە؟ بۆ دەیباتەوە؟ چۆن دەیباتەوە؟

بەڵام داخوا ئەو شتەی بە گوێرەی پێناسەکان پێی‌دەگوترێ سیاسەت، لە هەڵسوکەوتی سیاسەتوانی کورددا چۆنی ڕەنگ داوەتەوە؟ کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات بە گوێرە و لە سەر بنەما و پێوەرەکانی پێناسەی سیاسەت هەڵسوکەوتی کردوە؟ ئایا رەوت و لایەن و حیزبە کوردی‌یەکان و بە گشتی بزووتنەوەی کورد توانیویەتی یان ویستوویەتی لە هەموو ڕەهەندەکانی خەبات کەڵک وەرگرێ؟ یان بەردەوام هەوڵەکانی خۆی لە سەر یەک شێواز بە تایبەتی شێوازی چەکداری چڕ کردۆتەوە؟

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیە تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا زۆربەی هەرە زۆری هەڵبژاردنەکانی ئەم ڕێژیمەی بایکۆت کردوە و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خۆی لە بەشداریکردن لە زۆربەی ئەم پرۆژانەدا کە حکوومەت بەڕێوەی بردوون، پاراستوە. هەرچەند لە ماوەی زیاتر لە سێدەیە تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا ئەم حیزبە بێ کەموکوڕی و هەڵە نەبووە، بەڵام زۆربەی جاران هەوڵی داوە لە ڕێگەی جۆراوجۆروە دان بە هەڵەکانی خۆیدا بنێو ڕاستیان بکاتەوە. لەم لایەشەوە هەرچەند حیزبی دێموکرات هەتا ئێستاش داوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەکا، بەڵام هەوڵەکانی بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی مسەلەی کورد لە ئێراندا وەلا نەناوە و تەنانەت لەم ڕێگەیەشدا گەورەترین تیۆریسیەن و ڕێبەری خۆی قوربانی کردوە. دوای لەتبوونی حیزبی دێموکرات سەرەڕای وێکچوونی سیاسەتەکانی (حدک و حدکا) هەڵویستەکانی ئەم دوو حیزبە لە ئاستی ڕووداوە نێوخۆییەکانی ئێران و بە تایبەتی هەڵبژاردنەکانی دوو خولی دە و یازدەی سەرکۆماریدا بەڕوونی جیاوازیی پێوە دیار بووە. بایکۆتی خولی دەیەمی سەرکۆماری لە لایەن زۆربەی حیزبەکانی کوردستانەوە و بە پێچەوانەی ئەویش بایکۆتنەکردنی ئەم هەڵبژاردنە لە لایەن حیزب دیمۆکراتی کوردستانەوە، بە تەواوی ڕێچکەیەکی نوێی سیاسەت لە بزووتنەوەی ڕۆژهەلاتدا دەردەخا. هەروەها لە خولی یازدەیەمیشدا حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرەڕای بایکۆتی هەڵبژارن لە دوایین ساتەکاندا، ئەم پاراگرافە لە بەیاننامەکەیدا دەگونجێنێ:

ئێمە وێڕای ڕێزمان بۆ تەشخیش و بڕیاڕی خەڵک لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ دوو هەڵبژاردنی سەرکۆماری و شووراکان دا، چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان، بێئەوەی دەسکەوتێکیان بۆ خەڵک بە دواوە بێ، بە زیانی خەباتی ئازادیخوازیی خۆیان لە کوردستان و ئێران دەزانین. هەر لەو حالەش دا بە وریایی و هەستیارییەوە بەدواداچوونی ڕووداو و ئالوگۆڕەکانی پێوەندیدار بەم هەڵبژاردنە و ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەکەین و بە پێی پێویست خوێندنەوە و پەیام و هەڵویستی گونجاوی خۆمان، ڕادەگەینین.

بە وردبوونەوە لە بەیاننامەکەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەبینین ئەم حیزبە دیسانیش دەگەڵ ئەوەی نایەوێ زیاد لە هەموو ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات و هەروەها بە پێی لێکدانەوەی خۆی لەسەر کەشی هەڵبژاردنو فەزای داخراو و بەرتەسکی دەرفەتەکان داوا لەخەڵک بکا بەشداری بکەن، بەڵام دیسانیش ڕێز بۆ هەڵبژاردنی خەڵک و بڕیاری ئەوان دادەنێ کە ئەمەش پێوەندیی بە تێڕوانینی قووڵی فەلسەفەی ئازادیی ڕادەربڕینو مافی بڕیاری ئازادانەی تاکەکانەوە هەیە. هەروەها وەک خیانەتکار و خائین ناڕوانێتە دەنگدەر و تەنانەت مافی ئەوەش لە کەس زەوت ناکا کە بڕیاری خۆی، خۆی بیدا تەنیا ئەوە نەبێ کە بە گوێرەی کەش و فەزای هەڵبژاردن، پرۆسەکە بە پرۆسەیەکی ساغو سەلیمو دێموکراتیک نازانێو بەمجۆرە دەیەوێ نادێموکراتیکبوونی ئەم پرۆسەیە بە خەڵک بناسێنێ.

بەهەر حاڵ ئەو حیزبە کە بەردەوام بانگەشەی ئەوەی کردوە کە دەیەوێ لە هەموو دەرفەتەکان بۆ وەدیهێنانی لانی کەمی مافەکانی گەلی کورد کەڵک وەربگرێو هەموو شێوازو ڕێگەکانی خەبات بۆ گەیشتن بە ئاوات و خواستەکانی ئەم نەتەوەیە بە کار بێنێ، پێویستیی بە ریسکی زیاتر لە سیاسەتدا هەیە، هەتا بتوانێ گوتاری خۆی نوێ بکاتەوەو بتوانێ لە سەر رەوتی ڕووداوەکان کاریگەر بێ.

ئەگەرچی هارۆلد باس لە بردنەوەو چۆن بردنەوە... دەکا، بەڵام ئەوە ڕەنگە بۆ سیاسەتێکی نێودەوڵەتی زیاتر بەرچاوو گونجاو بێ هەتا حیزبو ڕەوتێک و بزووتنەوەیەکی هەژار وەک بزاڤی کوردی کە بەردەوام لە بەرگریو شەڕی مانونەماندا بووە. دەبێ بڵێین ئەگەرچی بزووتنەوەی کورد لە کێشەو ئارێشەکاندا هەمیشە هەوڵی بردنەوەی داوە، بەڵام بە هۆی شپرزەیی ڕەوشی نێوخۆیی و گەلەکۆمەکیی وڵاتانی داگیرکەر زیاتر فیکری لە نەدۆڕاندن کردۆتەوە، هەر ئەمەش بە درێژایی تەمەنی سیاسیی حیزبی دێموکڕات جۆرێک سیاسەتی خۆپارێزانەی بەسەر حیزبدا سەپاندوە. دیارە دەکرێ بڵێین گەلێک فاکتەرو هۆکار کاریگەر بوون کە حیزبی دێموکرات نەتوانێ بە شێوەی پێویست ئەم (ریسکپذیری)یە قبووڵ بکا. هەروەها هزرو هۆشیاریی گشتیی کۆمەڵگەش زیاتر بە لایەنی ئیحساسیدا بووەو هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێرانەوە ئەم هزرە بووە بە هۆی ئەوەی بە "سازشکار" لە قەڵەم بدرێ ئێستاش ئەم حیزبەو بە گشتی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ لەسەر سیاسەتی کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکان بڕواو لە ڕێگەی چالاکانی نێوخۆیی و بەشداریی خەڵکەوە بتوانێ ئەهرۆمێکی فشار بۆسەر دەوڵەت ساز بکا، تا هەم بیرو ڕای گشتی هەڵخرێنێ هەمیش گوتاری خۆی ئابدەیت بکاتەوە، چونکە لە دوای دامرکانەوەی شەڕی چەکدارییەوە گوتاری ڕۆژهەڵات ئابدەیت نەبۆتەوە. هەر ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی خەڵک بە دەم بانگەوازی حیزبەکانەوە نەیەن، چونکە ئوپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات بە گشتی گوتارێکی ئەوتۆی نەهێناوەتە ئاراوە کە خەڵک بەرەو خۆی ڕابکێشێ.

بە لانێکی دیکە دەڵێین سیاسەت هونەری مومکینە: بەو واتایەی لە دەرفەتەکان کەڵک وەرگری و تەنانەت لەویش بەرزتر خوڵقێنەری دەرفەتو هەل بێ بۆ هێنانە ئاراو بە ڕۆژەڤکردنی گوتارو داخوازی.

ئەگەر بە وردی بە لێکدانەوەو شرۆڤەی سیاسەتوانانو لێکۆڵەران لەسەر خولی یازدەیەم ورد بینەوە، دەبینین هەڵبژاردن چ بۆ ئوپۆزیسیۆنو چ بۆ باندی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی ئاکامێکی چاوەڕواننەکراوی لێکەوتۆتەوە ، چونکە زۆربەی خەڵک سەرەڕای بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بەشداری پرۆسەکە بوون. لەم نێوەشدا دەنگیان بە بەربژێرێک دا کە هەڵگری گوتارێکی جیاواز لە ویستی باندی ویلایەتی فەقیهـ بوو. کەواتە بە هەق دەبێ بڵێین ئەو هەڵبژاردنە رێفراندۆمێکی واتادار بوو.

هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان حاشا لەم دەرفەتە خوڵقاوە کە تەنیا خەڵکو لە بۆشایی گوتارێکی واحیدو یەکگرتوودا خوڵقێنەری بوون، ناکاو تەنانەت ئەم بەشدارییە بە خاڵێکی پۆزەتیڤو بە نیشانەی زیندوویی و ئەکتیڤبوونی کۆمەڵگەی ئێرانو کوردستانی دەزانێ، کە هەروەک لە ئامارەکانی بەشداریڕا دیارە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشدارییەکی بەرچاوی هەبوو.

تێبینی:

ئەم وتارانەی لە لینکی" بیروڕای ئازاد" دا بڵاو دەبنەوە، تەعبیر لە راو بۆچوونی نووسەرەکانیان دەکەن و "کوردستان و کورد" وەک ڕێز دانان بۆ بیرورای ئازاد دەیانخاتە بەر نەزەریخوێنەران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠١٣

---

## سیاسەتی چەند زمانی لە ئێران، پێویستییەکی ئەخلاقی یان هەڵبژاردنی سیاسی؟

**شاهد علوی**

**و: تەها رەحیمی**

لە ئێران ئێستاشی لەگەڵ بێ پلەو پێگەی زمانی نەتەوە بندەستەکان لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، ڕێژەی لە چاو زمانی داسەپاودا و گرنگیی لە پرۆسەی پەروەردەدا جیگەی کێشەو مشتومڕ و ئارێشەیە.

بڵاوبوونەوەی لێدوانەکانی سەید جەواد تەباتەبایی لێکۆڵەری ناسراوی فەلسەفەو هونەری سیاسی و حەمید ئەحمەدی مامۆستای سیاسەتی زانکۆی تاران لە سەر زمانەکانی غیرە فارسی و حاشاکردن لە مافی خوێندن بە زمانی زگماکی نیشاندەری ئەوەیە کە حاشاو بەکەمچاولێکردنی زمانی کەمە نەتەوەییەکانی ئێران و پشتگوێخستنی مافی ئاخێوەرانی ئەم زمانانە تەنیا پرسی سیستمی ئایدیۆلۆژیکی دەسەلاتدارو جەماوەری خەڵک نیە و بەشێکی زۆری ڕووناکبیران و بیرمەندانی ئێرانیش دەستیان لە نێو دەست و بیریان لەسەر بیروڕای سیستمی دەسەلاتدارە.

لایەنگرانی سیاسەتی تەک زمانی لە ئیران گرووپێکی جۆراوجۆر لەو کەسایەتی، ڕەوت و پارتانە دەگرێتەوە کە ڕەنگە تاقە خاڵی هاوبەش و لێکنزیکی‌یان پێویستیی پاراستنی پێگەی پاوانخوازانەی زمانی فارسی وەک زمانی فەرمیی ئیران بێ.

ڕەوتە پان‌ئیرانیستی‌یەکان، نەتەوەیی‌خوازەکان، ڕەوتە نەتەوەیی- مەزهەبی‌یەکان، کۆنزەرڤاتیڤە مەزهەبی‌یەکان، کۆنزەرڤاتیڤە سێکولارەکان کە زیاتر بە لیبراڵ دەناسرێن لە گرووپەکانی لایەنگری سیاسەتی تاکزمانین.

بەڵگە و هۆکاری ئەم گرووپ و ڕەوت و کۆمەڵانە بۆ پشتیوانی‌کردن لە سیاسەتی تاکزمانی لە ئێرانو دژایەتی دەگەڵ سیاسەتی چەندزمانی، کەم‌بوونی بەرهەمی زانستی، ئەدەبی‌و فەرهەنگی، بە کەم‌بایەخزانینی زمانەکانی دیکەی چوارچێوەی ئێرانو بە سروشتی و مێژوویی‌زانینی پەروەردەی گشتی بە زمانی فارسی و نیگەران‌بوون لە مەترسیی سەر ئەمنییەتو تەناهیی نەتەوەیی‌و یەکپارچەیی خاکو هاوپێوەندیی کۆمەڵایەتی‌یە.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم ئیدیعایانە لەم وتارەدا تێ‌دەکۆشم ڕوونی بکەمەوە کە بەڵگەهێنانەوەی دژبەرانی سیاسەتی چەندزمانی لە ئێران چەند قورسو قایمەو لە هەلومەرجی ئێستادا بۆچی قەبووڵی خوێندنو پەروەردە بە زمانی زگماکی‌و بەکارهێنانی ئازادانەی لە هەموو بیاڤەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێراندا پێش‌مەرجی پێویستی دیموکراتیزەبوونی سترەکتۆرو پێکهاتە و سیاسەتەکان لە ئێرانی داهاتوودایە.

### زمانی زگماکی؛ تواناکان

«دوو هۆکاری دیکە کە دەتوانن زمانێک ئەستێور بکەن سیاسەتی نەرێنیی دەسەڵاتی فەرمانڕەواو کەلکوەرنەگرتن لەو زمانە لە سیستمی فێرکردن‌دان.»
دژبەرانی سیاسەتی چەندزمانی لە ئێران پێیان وایە زمانەکانی غەیرە فارسی لە ئێران بەتایبەت کوردی‌و تورکی «زمانێکی فەرهەنگیی گرنگ نین و توانای گەشەو پەرەگرتنیان نیە».

زمانناسان لەسەر ئەو بڕوایەن کە گرنگترین هۆکارەکانی گەشەکردن یان وەستانی زمانێک ژمارەی ئاخێوەران، توانای بەرهەم‌هێنانی ئەدەبی و نووسراوەیی، سیاسەتە زمانی‌یەکانی دەسەڵات و پێگەی زمان لە سیستمی پەروەردەدایە.

ئامارە جۆراوجۆرەکان حەشیمەتی تورک وکوردەکان لەئێراندا نزیک بە بیست میلیۆن (تورک) و حەوت میلیۆن (کورد) نیشان دەدەن. زمانناسان ئەو زمانانە لە ژێر هەڕەشە و مەترسیی لە نێوچووندا دەبینن کە کەمتر لە سەد

هەزار ئاخێوەریان هەیە، هەروەها پیربوونی ئاخێوەرانی ئەو زمانانەی ڕێژەی قسەپێکەرانیان کەمە هۆکارێکی تەواوکەرە کە دەتوانێ زمانی بەرهەرەشە تووشی وەستان «رکود» بکا.

لەبارەی کورد و تورکەوە سەرەڕای ڕێژەی حەشیمەتی زۆریان، چونکە زمانەکەیان لە شوێنە نافەرمییەکان (ماڵەوە، بازار، دەرەوەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان)یش بەکاردێ، زمانی زگماکی هێشتا فاکتەری پێوەندیی نەوە جیاوازەکانەو هێشتا ئەم زمانانە تووشی دابڕانی زمانی «گسست زبانی» نەبوون کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی وەستانی زمان.

ئامارێکی جێی متمانە لەسەر ئەو کتێبانە کە بە زمانەکانی کوردی و تورکی لە ئێران چاپ دەکرێن، لە دەستدا نیە.
بەڵام بارستاییەکی زۆر بەرهەمی ئەدەبی و هونەری و سیاسی بە زمانەکانی تورکی و کوردی لە بازاڕی چاپی نافەرمی، بڵاوکراوە خوێندکارییەکان و چاپکراوە ناوچەییەکان کە بە دوو زمان دەردەچن، ماڵپەڕ و وێبسایتە جۆراوجۆرەکانی دەرەوەی وڵات نیشاندەری زیندوویی ئەم زمانانە لە بیاڤی ئەدەبیدان.

«دوو هۆکاری دیکە کە دەتوانن زمانێک ئەستێور بکەن سیاسەتی نەرێنیی دەسەڵاتی فەرمانڕەواو کەلکوەرنەگرتن لەو زمانە لە سیستمی فێرکردندان.»
هاوکاتبوونی دەسپێکی پەروەردەی گشتی و فەرمی لە ئێران دەگەڵ سەرهەڵدان و بەهێزبوونی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و کاریگەریی تیئۆرییەکانی ڕێبازی ئەڵمانیی نەتەوە لەسەر تازە ناسیۆنالیستەکانی ئێران بوو بە هۆی زاڵبوونی سیاسەتی تاکزمانی لە سیستمی پەروەردەی گشتی و هەوڵدان بۆ نکوولیکردن و سڕینەوەی زمان و شوناسە نافارسییەکان لە ئێران.

ئەو سیاسەتەی تا ئێستا بە توندی یان لاوازی لە ئێران ڕەچاو کراوە؛ جێبەجێکردنی پێشنیارەکانی ڕووناکبیرانی وەک مەحموود ئەفشارو حوسێنی کازمزادە و موشفیق کازمین کە لە سەرەتای سەردەمی پەهلەویدا خرابوونە ڕوو.
ئەم سیاسەتانە لە کردەوەدا گورزێکی سامناکیان لە جۆراوجۆریی شوناس و زمان لە ئێراندا داو بوون بە هۆی لەنێوچوون و مەترسیی نەمان لەسەر زمان و شێوەزارە جۆراوجۆرەکانی ئێران، جگە لە فارسی.

بەڵام بێتوانایی سترەکتۆری سیستمی سیاسی لە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی یەکڕەنگکردندا و هاوکات، بوونی گرووپی زمانیی نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە دەرەوەی وڵات، زمانەکانی تورکی، کوردی، بەلووچی، عەرەبی، تورکمەنیی لە مەترسیی سڕانەوەو توانەوە ڕزگار کرد.

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی‌یە کە تا ئەو کاتەی لە پێوەندیی گرووپێکی مرۆیی‌دا بەکار بهێنرێ لە گەشە ناکەوێ.
ڕوانینی دژبەرانی سیاسەتەکانی چەند زمانی بۆ زمانەکانی دیکەی ئێران، ڕوانینێکی نامێژوویی‌و خۆپەرستانەیە کە لە مکانیزمەکانی گۆڕانی زمان ناگاو بە لەبەرچاوگرتنی جەوهەرێکی نەگۆڕ بۆ زمان ئەو دیاردەیە بۆ پلەی بەرهەمێکی نەگۆڕ دادەبەزێنن.

ئەگەرچی قەدەخەبوونی خوێندن بە زمانی زگماکی لە ئێران، زیانێکی زۆری لە زمانەکانی تورکیی ئازەری‌و کوردی داوە، بەڵام گۆڕانی سیستمە سیاسی‌یەکانی ناوچەو بارستایی بەرچاوی بەرهەمە ئەدەبی و هونەری‌یەکانی ئەم دوو زمانە نیشاندەری ئەوەیە کە قۆناخێکی تازەی گەشەیان دەستی پێکردوە.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە گرنگیی فەرهەنگیی زمانێک بە گوێرەی پێناسەی یونسکۆ دەگەڕێتەوە سەر فاکتەرو هۆکارگەلێکی جیاواز و تەنیا بە ڕۆلی زمانەکە لەجیهانی زانستدا هەڵناسەنگێندرێ.
دژبەرانی سیاسەتەکانی چەند زمانی لە ئێراندا بە گشتی شارەزای جیاوازیی گرنگیی زانستی و سیاسیی زمان لەگەڵ گرنگیی فەرهەنگی و شوناسیی زمان نین و بە تێکەڵکردنی ئەم بوارانە لە ئاکامی سیاسیی دڵخوازی خۆیان وەردەگرن.

زمان بە بەشی سەرەکی و بنەڕەتی شوناسی نەتەوەیی و فەرهەنگیی نەتەوەیەک دەژمێردرێ، بۆیە مردن و لە نێوچوونی زمانێک نەک هەر لە دەستچوونی ئامرازێکی پێوەندیی تاقانەیە، بەڵکوو مردنی فەرهەنگێکە بە هەموو مێژوو و ڕابردووەکەیەوە کە ئەمەش واتای کەمبوونەوەی توانایی و داهێنانی مرۆڤایەتی‌یە.

## زمانی فارسی؛ چارەنووسی مێژویی یان هەڵبژاردنێکی سیاسی

دژبەرانی سیاسەتی چەند زمانی لە سەر ئەو بڕوایەن کە فەرمی‌بوونی زمانی فارسی و تەنانەت بە نەتەوەیی‌زانینیشی هەڵبژاردنێکی سیاسی نیە بەڵکوو ئاکامی هەڵبژاردنی سروشتیی خەڵکی ئێران‌و تواناکانی خودی زمانی فارسی‌یە.

**پرسیارەکە ئەوەیە، کە ئایا گریمانەی مێژوویی‌بوونی بەکارهێنانی زمانی فارسی وەک زمانی هاوبەشی نەتەوەکانی ئێران، گریمانەیەکی دروستە؟**

ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە زمانی فارسی، وەکوو تێگەیشتنی ئەم گرووپە لە زمانەکانی دیکە نامێژوویی و سەقەتە.

ئەم چەشنە ڕوانینە بۆ زمانی فارسی دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێگەی ئەم زمانە وەک زمانی ئیلیت و میرزا و ئەدەبیاتی چینی سەرەوەی کۆمەڵگەی سەردەمی پێشمودێرنی ئێران پشت گوێ بخرێ و ڕۆڵێک بەم زمانە ببەخشرێ کە دەگەڵ ڕاستی‌یە مێژوییەکان زۆر نەگونجێ.

زمانی فارسی دوای وەستانێکی درێژخایەن، بە شانامەی فێردەوسی دووبارە دەژیێتەوە. شانامەی فێردەوسی دەسپێکی قۆناغێکی تازە لە بەرهەمهێنانی نووسراوە ئەدەبی‌یەکان بە زمانی فارسی لە لایەن ئیلیت و نووسەرانی سەربەدەربارو دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەوەیە.

لە سەدەی چوارەوە هەتا سەردەمی پەهلەوی جگە لە بنەماڵەی زەندیە، هەشت زنجیرە دەسەڵاتداری دیکەی ئێران تورک بوون. هەر لەم سەردەمانەدا زۆربەی وەزیران و میرزاکانی دەربارى ئەم میرو دەسەڵاتدارانە لە نەتەوەی فارس بوونو دیارە گرنگی‌یەکی تایبەتی‌یان بە شێعرو شاعیرانی فارسی‌زمان داوە.

لەم سەردەمانەدا زمانی ئەدەبی زاڵی بژاردە دەرباری‌یەکانو شاعیران فارسی بووە، هەرچەند شاعیرو نووسەرانی ناودار و بە ناوبانگی تورکیش وەک نەسیمی، نەوایی‌و فزوولی، یان شاعیرانی کورد وەک مەلای جەزیری هەبوون کە شێعریان بە زمانی زگماکیی خۆیان داناوە. بەڵام زمانی فارسی زمانی زانستیی ئەو سەردەمە نیە بەڵکوو نزیکەی هەموو کتێبە زانستی‌یەکان بە زمانی عەرەبی نووسراون و لە مزگەوت و قوتابخانە نەریتی‌یەکانیش زمانی زانست و پەروەردە هەر عەرەبی بووە لە هێندێک بواردا کە هەلومەرجی پەروەردەیی هەڵگری بووە، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی زگماکی خوێندکاران.

هەر لەم سەردەمەدا ئەگەرچی زمانی دەربار، سەربازان و خانەدانەکانی سەر بە دەربار بە هۆی کاریگەریی زمانی زگماکی‌یان تورکی بووە، خەڵکی دیکەی ئەم وڵاتە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا، زمانی زگماکیی خۆیان هەبووە، جگە لە پیاوانی ئایینی‌و توێژێکی زۆر کەم خوێندەواری هەر ناوچەیەک کە زمانی عەرەبی‌و ڕەنگە فارسی‌و تورکییشیان زانیبێ، ئەگینا خەڵکەکەی دیکە دەرفەتیان بۆ فێربوونی زمانی دیکە جیا لە زمانی زگماکیی خۆیان بۆ نەڕەخساوەو هەر پێویستیان نەبووە زمانێکی دیکە فێربن.

لە ڕاستی‌دا تێگەیشتن لە زمانی فارسی وەک زمانی فەرمی یان هاوبەشی مێژوویی لە ئێران لە خوێندنەوەیەکی نامێژوویی بۆ بۆنە کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکانی سەردەمی بەر لە مۆدێرنی ئێران سەرچاوە دەگرێ.

لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانە تا ئەو کاتەی دەوڵەت نەتەوە دانەمەزرێ باس لە زمانی فەرمی یان تەنانەت زمانی

هاوبەشی هەموو خەڵکی ئەو چوارچێوە سنووریەی وڵاتەکە لە گۆڕێدا نیە. گرنگیدان بە زمانێکی تایبەت و هەوڵدان بۆ ئەوەی هاونیشتمانان بە تاقە زمانێک قسە بکەن، دیاردەی جیهانی مۆدێرنە و تێگەیشتنێکی تایبەتە لە چەمکی دەوڵەت - نەتەوە.

## سیاسەتی چەند زمانیو هەڕەشە لە دەسەڵاتی نەتەوەیی

ئەم ئیدیعایە کە دەڵێ بەفەرمیکردنی زمانی نەتەوەکانی دیکە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم نەتەوانە زیاتر بەرەو جودایی و جیابوونەوە بڕۆن لە زاڵبوونی تیئۆری پیلانەوە سەرچاوە دەگرێ کە مێشکی دژبەرانی سیاسەتەکانی چەند زمانی داگیر کردوە.

ئەم تیئۆریە لە سەر ئەم بنەمایە بنیات نراوە کە یەکگرتوویی زمان نیشانە و پێشمەرجی یەکگرتوویی نیشتمانیە، لەحاڵێکدا سەپاندنی زمانێک بەسەر کۆمەڵە خەڵکێکدا کە خۆیان خاوەن زمانی جیاوازن تەنیا زمانکوژیو ژینۆسایدی شوناسی گرووپە جیاوازەکانە و ئاکامەکەی نەک یەکگرتوویی نیشتمانی، بەڵکوو هاوپێوەندیەکی زۆرەملی و دەسکردی کۆمەڵە مرۆڤێکی بێشوناسە، کە هاوپێوەندیەکەیان بە کەمترین فشارو لە هەلومەرجی قەیراناویدا لێک دەترازێ.

ئەزموونی وڵاتانی جیهان نیشانمان دەدا کە لە کۆمەڵگەیەکدا هیچ پارادۆکسێک لە نێوان بە فەرمیناسینی زمانی کەمە نەتەوە/ئەتنیکیەکان دەگەڵ پاراستنی یەکپرزی و بەهێزبوونی یەکگرتوویی نیشتمانیی ئەو وڵاتەدا نابینرێو سیاسەتەکانی چەند زمانی و سیستمی پەروەردەیی چەند زمانی نەک هەر نەبوونە هۆی مەیل و حەزی لێکدوورکەوتنەوەو لێکدابڕان بەڵکوو یەکگرتوویییان بەهێز کردوەو هەرلەوکاتەدا جیاوازی و جۆراوجۆریەکانی پاراستووەو کێشە ئەمنییەتیەکانی لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا بۆ کێشە و پرسی سیاسی گۆڕیوە کە دەکرێ کۆنترۆڵ بکرێن.

## بە دەیان وڵات لە جیهاندا زیاتر لە زمانێکی فەرمییان هەیە

چاوخشاندن بەو وڵاتانەدا کە زیاتر لە زمانێکی فەرمییان هەیەو سیستمە پەروەردەییەکەیان چەند زمانیە دەری دەخا کە ئەگەرچی ڕێژەیەکی زۆرکەمی ئەم وڵاتانە کێشەی سیاسیی پێوەندیدار بە جیابوونەوەخوازییان هەیە کە دیارە ئەمیش هۆکاری ئایینی و ئابووریی هەیە، بەڵام زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەو وڵاتانە لەسایەی یەکگرتوویی و هاوپێوەندیی نیشتمانیدا خاوەنی سیستمێکی سیاسیی سەقامگیر و دیمکراتیکن.

لە راستیدا سیاسەتە دیموكراتیكەكانی ئەو وڵاتانەی چەند زمانیان بە فەرمی ناسیوە بوونەتە هۆی ئەوەی كێشەی ئەمنییەتی جیابوونەوەخوازی لەم وڵاتانەدا ببێتە پرسێكی سیاسیو پارتو ڕەوتە جیاییخوازەكان سەرەڕای ئەوە ئازادن چالاكیی خۆیان بكەن بەڵام نەیانتوانیوە بیروڕای خەڵك بەرەو خۆیان ڕاكێشن (كانادا، بلژیك، ئیسپانیا).

## پێوەندیی زمانی زگماكی بە پەروەدەو مافی مرۆڤەوە

زمانی زگماكی لایەنە دیارەكانی فەرهەنگ دەگوازێتەوە كە فۆرمو بیچم بە تێگەیشتنی تایبەتیی منداڵ لە جیهان دەدا و دەبێتە هۆی جیاوازیی ڕەفتار و هەلسوكەوتی و، سەرمەشقەكانی فێربوون و شێوازی هزریی ئەو پێك دێنن.

بەو واتایە كە ڕادەی سەركەوتنی قوتابیی‌یەك لە خوێندندا سەرەڕای توانا تاكەكەسی‌یەكان دەگەڕێتەوە سەر فەرهەنگی كۆمەڵایەتیی ئەو كە لە پێوەندیی دەگەڵ زمانی زگماكی‌دا بیچم وەردەگرێ.

سەرەڕای ئەمەش دژواریی تێگەیشتن لە زمانی پەروەردە دەبێتە هۆی ئەوەی فێرخواز زیاتر بە لای دەربڕینی زارەكی‌دا بكێشرێ و كار دەكاتە سەر ئەگەری سەركەوتنی لەو سیستمە پەروەردەیی‌یەدا كە بە پێوەر دانراوە .

ئێران لەسەر بناغەی جۆراوجۆریی زمان بەبوونی هەرنەبێ شەش زمانی لێكجیا، ڕادەو ڕێژەی لێكچوونی زۆر كەمە، بۆیە بە پێی ستانداردەكانی پەروەردەی مودێرن، سەنترالیزەكردنی پەروەردەو وەكیەكبوونی سەرچاوەكانی خوێندن لەم وڵاتەدا بەبێ ڕەچاوكردنی جیاوازیی‌یە فەرهەنگی و زمانی‌یەكان پرەنسیپی دادپەروەری پەروەردەیی پێشێل دەكاو پرۆسەی پەروەدەییش لە ژێر كاریگەریی سیاسەتە سەنترالەكانی كە پێوەندی‌یەكی دروستیان دەگەڵ پێداویستی‌یە ناوچەیی‌یەكان نیە لەدرێژخایەن‌دا تووشی كێشە دەبێ.

## لە پەیماننامە جۆراوجۆرەكان‌دا جەخت لەسەر ماف زمانی‌یەكانی هاونیشتمانان كراوەتەوە

لە بەندەكانی ٨٦ و ٩٧ی پەیمانی ڤێرسای و لەو بەڵێننامەیەدا كە كۆمیسیۆنی دەوڵەتە مودێرنەكان ئەو كات نووسییان، لە بەندی ٥ی كۆنڤانسیۆنی نەهێشتنی هەڵاواردن لە پەروەردەدا، لە بەندی ٢٧ی ڕێككەوتننامەی مافی مرۆڤ و لە ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافە زمانی‌یەكان‌دا بە تێروتەسەلی باس لە مافی زمانیی گرووپی مرۆیی و ئازادیی بەكارهینانی زمانی زگماكی لە سیستمی پەروەردەو دامەرزاوە گشتی‌یەكان و بۆنە فەرمی‌یەكان‌دا كراوە.

بە پێی كۆنڤانسیۆنی قەدەغە و سزای كۆمەلكوژی، ژینۆساید هەر كردەوەیەك دەگرێتەوە كە بە ئامانجی لە نێوبردنی زمان، ئایین یان فەرهەنگی نەتەوەیەك، گرووپێكی نەژادی یان مەزهەبی بە هۆی نەتەوەیی، ئایین یان

بیروڕای مەزهەبیی ئەندامانی ئەو گرووپەوە بکرێ.

**ئاکام**

ئێران لە چەند گرووپی نەتەوەی و ئەتنیکی پێکهاتوە کە هەر کامیان خاوەن تایبەتمەندیی فەرهەنگیی جیاوازو تایبەتن.

پێشێلکردنی مافی زمانیی ئەو خەڵکەی فارس نین، شوناسی تایبەتیی ئەو گرووپانە تووشی کێشەی جیددی دەکا و کاریگەریی خراپیشی لە سەر یەکڕیزی و پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەو خوازیارانەی گرووپە نەتەوەیی\ ئەتنیکییەکانی ئێران دەبێ.

دریژەی سیاسەتی تاکزمانیی ئێستا بە پێچەوانەی بیروڕای لایەنگرانی، ئاکامەکەی نەک یەکڕیزی و یەکگرتوویی نیشتمانی بەڵکوو دژایەتیی شوناس و لێکدابڕان و لێکترازانی سیاسی لێدەکەوێتەوە.

بۆیە دانان و جێبەجێکردنی کۆمەڵە قانوونێک کە سیستمی پەروەردە بەرەو چەند زمانی بەرن و بە کارهێنانی زمانەکانی دیکە بە فەرمی رابگەیەنن جگە لەوەی پێویستییەکی ئەخلاقی و مافی مرۆییە،هەڵبژاردنێکی بێ ئەملا و ئەولای سیاسییشە.

وەرگیراو لە ماڵپەڕی B.B.Cی فارسی

لە ژمارە ٦١٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٣

--------------------------------------------------

## کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ ناتوانێ چارەسەری قەیرانی سووریە بکا؟

**موختار نەقشبەندی**

**و: تەها رەحیمی**

چەند ساڵێک بەسەر شۆڕشی خەڵکی سووریە دژی بەشار ئەسەددا تێدەپەڕێ کە بە کردەوە جگە لە خاپوور بوونو کاول بوونی سووریەو کوژرانی زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس، کە زیاترین مەدەنینو هەروەها ئاوارە بوونی نزیک بە دوو میلیۆن کەس، چی لێ نەکەوتۆتەوەو بەسەرنجدان بە هەلومەرجی ئێستای سووریە ئەگەر کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی هەنگاوێکی جیدی بۆ چارەسەری ئەم قەیرانە نەنێ بۆ ماوەیەکی زیاتر بینەری کارەساتەکان لە سووریەدا دەبین. هەر کات راگەیانەکان هەواڵێکی نوێ کوشتوبڕی خەڵکی سووریە بڵاودەکەنەوە، پرسیارێک لای خەڵک دروست دەبێ بۆچی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی هەوڵ بۆ چارەسەری قەیرانی سووریە نادا؟ بە رواڵەت وڵامەکە ئەمەیە کە رووسیەو چینو هاوپەیمانی حکوومەتی سووریەنو بەرگری لێدەکەن. بەڵام بەراستی ئەمە هەموو شتەکەیە! زۆر جاران بە دەیان ساڵ پاش رووداني پرسێکی گرینگی سیاسیی نێونەتەوەی، هێندێک بەڵگەو دیکۆمێنت بڵاودەبنەوە کە ئەرزو ئاسمان دەگەڵ رواڵەتی رووداوەکە لێک دوورن. بۆ تێگەیشتن لە شێوەی کارکردی کۆمەڵگەی نێونەتەویی پێویستە بە کورتی چاوێک بە سەر سێ بابەت لەم پرسە گرینگە نێونەتەوەییانەی ئەم سێ ساڵەی ڕابردوودا بخشێنین. شایانی باسە وڵاتانی جیهان لە بواری تواناو هێزی دەسوەران لە پرسە گرنگە نێونەتەوەییەکان دوو دەستەن، ئەو وڵاتانەی کە تەنیا دەرکردنی راگەیانراویان لە دەست دێو ئەو وڵاتە بەهێزانەی کە ئەگەر پێویست بکا دەتوانن بە کردەوە بێنە گۆرەپانەوە کە دیارە ژماریان پەنجەژمێرە.!

### ١- ئەنفال یا ژینۆسایدی کورد لە عێراق:

کوردەکان هەمیشە لە لایەن داگیرکەرانیانەوە کەوتۆنەتە بەرشاڵاوی زوڵمو زۆریو هەڵاواردنو توندوتیژی، کە کارەساتبارترینیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵکوژی کورد لە عیراق لە ساڵەکانی ١٩٨٨ تا ١٩٩٨ لە ژێر ناوی ئەنفال بەڕێوە چووو کوشتنی ١٨٠ هەزار کەسی مەدەنی لێکەوتەوە، نموونەی بچووکی بۆمبڕێژ کردنی کیمیایی شاری هەڵەبجەیە کە لەماوەی چەند خولەکێکدا هەزار کورد بە پیرو گەنجو ژن و منداڵەوە گیانیان لە دەست دا. دیارە ئەوکات راگەیانەکان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانو کارەساتەکاندا کەمتەر خەمیان کردو کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش هیچ هەنگاوێکی بۆ بەرگری لە کوشتاری خەڵکی کورد نەنا. بەڵام بۆچی؟ بۆ ئەم پشت گوێ خستنە نێونەتەوەیی

**لە عیراق هۆکارگەلێکی زۆری هەیە کە گرنگترینیان پێوەندی سیاسیو سەربازیو ئابووری عێراقو هاوپەیمانە عەربەکانی بوو دەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەتو ئەمریکا!**

**٢- ژینۆسایدی رواندا:**

**٦ی ئاوریلی ١٩٩٤ فڕۆکەکەی سەرۆکۆماری ئەو کاتی رواندا، کە سەر بە هۆزی «هوتو» بوو لە نزیک فرۆکەخانەی کیگالی پێتەختی رواندا کەوتە بەر هێرشی مووشەکو بەربووەوە، بە دوای ئەم رووداوەدا «هوتو»ە توندڕەوەکان هۆزی تووتسی و «هوتو»ە میانەرەوەکانیان بە ئەنجامدانی ئەم کارە زانیو دەستیان کرد بە کوشتنیان، کە بە گوێرەی ئاماری رێکخراوی نەتەوەکان لە ماوەی ١٠٠ رۆژدا ٨٠٠ هەزار کەس کوژران (ئاماری دەوڵەتی رواندا ژمارەی کوژراوەکان بە زیاتر لە یەک میلیون کەس دەخەملێنێ) هەروەها لە ماوەی ئەم ١٠٠ رۆژدا ٢٥٠ هەزار ژنو کچی تووتسی دەستدرێژیان کرایە سەر کە بە قەست لەلایەن ئەو پیاوانەی نەخۆشی ئایدزیان هەبوو دەستدێژیان کرایە سەر تا نەوە و بەرەی داهاتوویان نەخۆش بن. هەزار سەربازی ئوروپایی کە بۆ هێنانەوەی هاووڵاتییەکانی خۆیان چووبوونە رواندا دەستبەجێ گەڕانەوە. ئاشتیپارێزان رێکخراوی نەتەوەکان ئەو قوتابخانەیەیان جێهێشت کە ٢ هەزار کەس هانایان بۆ بردبوو کە هەموویان تێداچوون. ئەگەرچی کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدی «هوتوە»کان لەلایەن ئەم هێزانەی لە توتسیو وڵاتەکانی دیکەی ئەفریقاوە کۆ ببوونەوە راگیرا بەڵام بوو بە پەڵەیەکی شەرمو شوورەیی بە نێوچاوانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە کە بۆچی هەنگاوێکی نەنا. بەڵام بۆ؟ بە پێچەوانەی کۆمەڵکوژی کوردەکانەوە، دەسوەردان لە رواندا هیچ قازانجێکی بۆ زلهێزەکان نەبوو!**

**٣- کۆمەڵکوژی یۆگۆسلاڤی:**

**٢٥ی ٦ی ١٩٩١ ئەیالەتەکانی کراواسی و ئێسلوونی وڵاتی یۆگۆسلاڤی سەربەخۆییان راگەیاندو سوپای یۆگۆسلاڤی کە لە ژێر دەسەڵاتی نیژادی سێبریەکاندا بوو هێرشی کردە سەر ئەم ئەیالەتانە . هەروەها بۆسنی هێرزێگوینیش ١ی ٣ی ١٩٩٢ سەربەخۆیی راگەیاند. وڵاتی یۆگۆسلاڤی سێربە دانیشتووەکانی ئەم ئەیاڵەتەی دژی حکوومەتی بۆسنیو هێرزگوین چەکدار کرد، لەم لایەشەوە ئەیاڵەتی کۆزۆڤوش ساڵی ١٩٩١ بە هۆی کەمبوونەوەی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمییەکەی سەربەخۆیی راگەیاند کە کەوتە بەر هێرش و سەرکەوتی توندی سێربەکان. شەڕ لە ناوچە جیاجیاکانی یۆگۆسلاڤی پێشوو تا ساڵی ١٩٩٩ درێژەی کێشا زیاتر لە ٢٥٠ هەزار کەس کە زۆربەیان سڤیل بوون کوژرانو چەندین میلیۆن کەس ئاوارە بوونو هەزاران ژنو منداڵیش دەستدرێژییان کرایە سەر. یەکێک لەو کارەساتانە، کارەساتی کوشتنی موسلمانانی بۆسنیی شاری سێربیرنیستا بوو. شاری سێربیرنیستا کە بە دەوروبەرییەوە لە ساڵی ١٩٩١دا نزیک بە ٣٦ هەزار کەس بوو، ٢٧ هەزار کەسی موسڵمانی بۆسنی بوون.**

ساڵی ١٩٩٣ ڕێکخراوی نەتەوەکان ئەم شارەی بە ناوچەی پارێزراو ڕاگەیاند. بەڵام ساڵی ١٩٩٥ سێربەکان لە١٣ی ژوئیەی ١٩٩٥ ئەم شارەیان گەمارۆ داو لە ماوەی کەمتر لە حەوتوویەکدا ٨٠٠٠ پیاوو کوڕی بۆسنیان بە بیانووی پاراستی گیانیان لە شار بردە دەرو کوشتیانن.

دایکانی نێو شار کە زانیان هەموو پیاوەکانیان کوژراون دەستیان کرد بە شیوەنو شینگێڕیو هێندێکیان لە تاوان خۆیان کوشت. بەڵام ئەوەی ناخۆشترە ئەمەیە ٤٠٠ کۆماندۆی هولەندی لەم شارە بوون کە لەلایەن ڕێکخراوەی نەتەوەکانەوە، پاراستنی گیانی خەڵکیان لە ئەستۆ بوو کە لەبەر هۆکاری سیاسی لەکاتی ئەنجامدانی ئەم جینایەتەدا هیچیان نەکرد! ناوچەی کۆزۆڤۆ تا ساڵی ١٩٩٩ لە ژێر توندوتیژیی سێربەکان دابوو لەئاکامدا بە هۆی لاوازی نەخشی ئەنجومەنی ئاسایش بە هۆی دژایەتی ڕووسیەو چین، ناتۆ دوای چەند جار هۆشداری ڕێکەوتی ٢٤ی مارسی ١٩٩٩ بە بێ ئیزنی ئەنجومەنی ئاسایش هێرشی کردە یۆگۆسلاڤیو دوای ٧٨ ڕۆژ بۆمبارانی ناوچە سەربازیو گرنگەکانی سێربەکان، ناچاری کردن کۆزۆڤۆ جێبهێڵن. ئەم ناوچە تا ساڵی ٢٠٠٨ کە بوو بە وڵاتێکی سەربەخۆ لە ژێر ئیدارەی ڕێکخراوەی نەتەوەکاندا بوو. بەڵام کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆچی ئەوەندە درەنگ هەنگاوی نا؟ ناوچەی بالکان گرنگییەکی تایبەتی هەیە تا ئەو کاتەی یەکیەتیی سۆڤییەت هەبوو لە ژێر دەسەڵاتی دابوو. ڕووسیە کە دەترسێ هاوپەیمانەکانی لەدەست بداو بەلای ڕۆژئاوادا بشکێنەوە پشتیوانی لێدەکردنو ئەو چەند جارەی هەواڵی ئەگەری هێرشی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ سەر یۆگۆسلاڤی بڵاو بوویەوە؛ ڕووسیە دژکردەوەی نیشاندداو وڵاتانی ڕۆژئاواییش لەترسی دەستێوەردانی سەربازیی ڕووسیە ئەم کارەیان پەک خست، ئەمریکاش دەیویست بە وڵاتانی ئورووپایی بڵێ ئەگەرچی یەکیەتیی سۆڤییەت نەماوە بەڵام مەترسیی ڕووسیە هەر هەیەو وڵاتانی ئورووپایی بە بێ پشتیوانی ئەمریکا ناتوانن کێشەکانی سەر سنوورەکانیان چارەسەر بکەن ! بۆمبارانی باڵوێزخانەی چین لە بێلگراد لە لایەن ناتۆوە ئەگەرچی دوایە داوای لێبووردنی فەرماندەری ناتۆی بە دواوەبووو ڕایگەیاند بەهەڵە هێرش کراوەتە سەری، بەڵام پەیامێکی ڕوون بوو بۆ چین. چونکە لە چەند لاوە هێرش کرابۆ سەر باڵوێزخانەکە، کە بەبڕوای کارناسانی سەربازی، هەڵەیەک لە گۆڕێدا نەبوو ! دەتوانین چوار هۆکاری سەرەکی بێنینەوە بۆ ئەوەی بۆچی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەستێوەردان لە قەیرانە نێونەتەوەییەکاندا ناکا یان لە کاتی خۆیدا هەنگاو نانێ.

١- دژایەتییو پارادۆکسی بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان، وەک کەیسی یۆگۆسلاڤی کە ڕووسیەو چین لە لایەکو ڕۆژئاوا لە لایەکی دیکەوە لە بالکان بەرژەوەندی خۆیان هەبوو کە بوو بە بەربەستی دەستوەردانی پۆزەتیڤی جیهانیی لە یۆگۆسلاڤی.

٢- نەبوونی بەرژەوەندیی ئابووریو سیاسی بۆ زلهێزەکان لە هێندێک قەیراندا، وەک قەیرانی ڕواندا.

٣- ترسی لەکیس چوونی بەرژەوەندییو هاوپەیمانان، وەک ژینوسایدی کورد لە عێراق.

٤- ناردنی پەیامی ناڕاستەوخۆ بۆ هێندێک ولاتی تایبەت، وەک کێشەی یۆگۆسلاڤی، کە ئامریکا بە هاوپەیمانانی ئورووپایی خۆی سەلماند هێشتاش پێویستییان بە پشتیوانیو یارمەتی ئەمریکایە. بۆ دەستوەرنەدانی کاریگەرتریش لە سووریەدا دەتوانین ئاماژە بەم دوو هۆکارە سەرەکییە بکەین.

١- پارادۆکسی بەرژەوەندی رووسیەو چینو هاوپەیمانە ناوچەییەکان وەکوو ئێرانو حیزبوڵڵا لە لایەکو رۆژئاواو هاوپەیمانەکانیان وەک عەرەبستانو تورکیەو ئوردۆن لە لایەکی دیکەوە. کە بوونی بنکەی دەریایی رووسیە لە سووریە ئەم بابەتە بۆ رووسیە ئەوەندە گرنگتر کردوە کە مووشەکی پیشکەوتووی «یاخونت»ی بە سووریە داوە. (یاخونت موشەکێکە بەخێرایی بان دەنگ (مافوق صوت) کە کۆنترۆڵ دەکرێو دژی ئامانجە دەریاییەکان بە کاردێ کە ئەمجۆرەی رووسیە داویەتییە سووریە ٢٩٠ کیلومێتر دەروا.) سووریە ئەوندە بۆ رووسیە گرینگە کە باس لەوە دەکرێ رووسیە هەوڵ دەدا سیستمێکی دژە ئاسمانیی پێشکەوتووی موشەکی ئێس ٣٠٠ بداتە سووریە کە ئەم چەکانە دەستوەردانی سەربازی رۆژئاوا لە سووریەدا تووشی کێشە دەکا. لەلایەکی دیکەشەوە رووخانی بەشار ئەسەد بە مانای شکستی حێزبوڵلاو بەتەنێ مانەوەی ئێرانە کە ئەم بابەتەش بووەتە هۆی ئەوەی هەم ئێرانو هەمیش حیزبوڵلا بە هەموو تواناوە هەوڵ بۆ پاراستی بەشار ئەسەد بدەن، عەرەبستانیش کە نیگەرانی هەوڵەکانی ئێرانە بۆ پەرەدانی دەسەڵاتو هێژموونی خۆی لە ناوچە، ئەم دەرفەتە بۆ تەریک خستنەوەی ئێران دەقۆزێتەوەو تورکیەش کە خەیاڵی ئیمپراتۆری عوسمانی لە سەر دایە ناتوانێ لە سووریە دەست لە بەرژەوەندییەکانی هەڵگرێ. ئەم ئاڵۆزی بەرژەوەندییانەی وڵاتە زلهێزەکانو ناوچەکە بووەتە هۆی ئەوەی کە گرێ پووچکەی سووریە بەنەکراوەیی بمێنێتەوە.

٢- روونە ئەمریکا بە دەستوەرنەدانی قەتعی لە سووریە دەیەوێ بە هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە بڵێ، ئەوان بێ پشتیوانی ئەمریکا ناتوانن بەرژەوەندییەکانیان بپارێزنو بۆ پاراستی تەناهیو ئەمنییەتی خۆیانو پێشگیری لە هێژمۆنی ئێران لە ناوچەکە پێویستیان بە ئامریکا هەیە. رووسیەو چینیش کاتێک دەست لە پشتیوانی بەشار ئەسەد هەڵدەگرن کە زیانی پشتیوانی کردنی لە پێشتیوانی نەکردنی کەمتر بێ، یا لەسەر بەرژەوەندییەکانیان لە سووریەی دوای بەشار ئەسەددا دەگەڵ ئەمریکا رێک کەون. قەیرانەکانی وەک سووریە لاوازیی رێکخراوی نەتەوەکان لە چارەسەری کێشە جیهانییەکاندا دەردەخا.

لە ژمارە ٦١٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٤ی ئاگۆستی ٢٠١٣

# لێدانی سووریە، گۆڕینی بالانسی هێز یان شەڕی هێژمۆنی

دوای زیاتر لە دوو ساڵ شەڕو پێکدادانو رووبەڕووبوونەوەی نێوخۆییو ناوچەیی و جیهانی لە سووریە، ئەسەد لە کۆتاییدا هێڵە سوورە نێونەتەوەییەکانی بەزاندو رۆژی ٢١ی ئووت گەڕەکێکی لە دیمەشق بە چەکی شیمیایی بۆمباران کرد. بە گوێرەی راپۆرتەکان لەم هێرشەدا نزیک بە ١٤٣٠ کەس کوژراون، کە دهگوترێ ٤٢٦ کەسیان منداڵن،و بە سەدان کەسیش بریندار بوون.

بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی بەکارهێنانی چەکی قەدەخەکراو لە لایەن ئەسەدەوە کە پێشتریش چەندین جار لە لایەن ئەمریکاوە ئاگادار کرابۆوە کە لە ئەگەری بەکارهێنانی ئەم چەکانەدا تووشی سزای گەورە دەبێ، بەرەی رۆژئاوا بە پێشەنگیی ئەمریکا هەڕەشەکانی خۆیان لە سەر هێرشی سنووورداری سەربازی بۆ سەر رژێمی بەشار ئەسەد چڕتر کردەوە. رێبەرانی سێ وڵاتی ئەمریکاو بریتانیاو فەڕانسە دەرکردنی ئەم بڕیارەیان بۆ پارلمانو دامەزراوە دەسەلاتبەدەستەکانی خۆیان گەڕاندەوە، ئەگەرچی جگە لە بریتانیا ئەم دوو وڵاتەی دیکە بە پێی قانوون دەتوانن بەبێدەنگوەرگرتن لە دامەزراوە قانوونییەکانیانو بە بڕیاری سەرکۆمار، هەر چەشنە بڕیارێک دەرکەن بەلام وێدەچێ بیروڕای گشتی لەهەمبەر دوو شەڕی پێشووی ئەم بەرەیە لە ئەفغانستانو عێراق بووبێتە هۆی ئەوەی کە ئۆباماو ئۆلاند هەوڵ بدەن پشتیوانیی نوێنەرانی خەڵک دەستەبەر بکەن هەتا لە ئەگەری درێژبوونەوەی شەڕو تێچووی گراندا، دەستیان کراوەتر بێ. هەڕەشەو گوڕەشەکان بەردەوامنو لەم لایەشەوە رووسیەو ئێران دژی هەر چەشنە سزاو هێرشێکی سەربازینو تەنانەت هەروەک پێشتریش بەرپرسانی ئێرانی گوتوویانە، هێرشکردنە سەر سووریە بە هێرش بۆ سەر تاران دەزانن‌و بە هەموو جۆرێک هەوڵ دەدەن بەرگری لە ئەسەدو حکوومەتەکەی بکەن کە هاوپەیمانی لە مێژینەو ستراتژیکی ئێرانە. هەرچی رووسیەشە بە هیچ جۆرێک رازی بە گورزی سەربازی لە دەرەوەی ئەنجومەنی ئاسایش نیەو تەنانەت پووتین تا ئێستاش بەڵگەکانی ئەمریکا لە سەر بۆمبارانی شیمیایی گەڕەکی (غوطە) لەرۆژهەلاتی دیمەشق کە دەگوترێ گازی ساردینی تێدا بە کار هاتوە بە جێگەی متمانە نازانێ. ئۆباما سەرەڕای سووربوونی لە سەر سزای سووریە، بڕیاری ئەم کارەی بە ڕەزامەندیی کۆنگرەوە بەستەوە کە دووشەممە ١٨ی خەرمانان دوای تەواو بوونی پشووی هاوینێ تاوتوێ دەکرێ. دەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی بەرپرسو کەسایەتییە سیاسیە دیارەکانی ئەمریکاو تەنانەت کۆمیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی سەناش بە هاوحیزبی خۆی و کۆماریخوازەکانیشەوە پشتیوانیی خۆیان بۆ بڕیاری ئۆباما دەربڕی.

بە هەرحاڵ قەیرانی سووریە بە جۆرێک ناوچەکەو جیهانی شڵەقاندوە کە هەرتک بەرە هێزەکانی خۆیان لە

ڕۆژهەڵاتی ناڤین زیاتر دەکەن‌و زیاتر بەڵگە بۆ لێدان‌و لێنەدانی سووریە دەخەنە ڕوو، جگە لە هەوڵە دیپلۆماسی‌یەکانی وڵاتانی دەرگیر لە قەیرانەکە، دەگوترێ ئەمریکا بەرژەوەندی‌یەکی ئەوتۆی لە سووریە نیەو تەنیا بۆ چاوترسێنکردنی ئیران‌و میلیشاکانی سەر بەو وڵاتە دەیەوێ هێرش بکاتە سەر سووریە بەم جۆرە پەیامێک بدا بە کۆرەی باکووریش کە لادان لە هێڵە سوورە نێونەتەوەیی‌یەکان‌و ئەو نۆرمانەی بەرژەوەندیی ڕۆژاواو ئەمریکا دەخەنە مەترسی‌یەوە، سزای بە دواوەیە. لە وتەی زۆربەی بەرپرسانی بریتانیا و فەڕانسەو ئەمریکادا زیاتر ئێران لە سەر زارەو تەنانەت ئیسرائیلیش زۆر بە پەرۆشەوە باس لە چاوسووربوونی ئێران و حیزبوڵڵاو ئەو میلیشیایانە دەکا کە لە ناوچەکەدا بە پاشکۆی ئەو وڵاتە دەژمێردرێن. ئەگەرچی دەگەڵ ئالۆزتربوونی دۆخەکەو کۆکردنەوەی هێزەکانی ئەمریکاو جیددیتربوونی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر سووریە، ڕووسیە هەڕەشەی پێدانی مووشەکی ئێس ٣٠٠ بە بەشار ئەسەد دەکا، بەڵام پووتین لە دوایین چاوپێکەوتنی خۆی دەگەڵ تیڤییەکی ڕووسی‌دا ڕای‌گەیاند لە ئەگەری سەلماندنی بەکارهێنانی چەکی قەدەخەکراودا لە لایەن ڕێژیمی ئەسەدەوە لێدانی گورزی سەربازی بە دوور نازانێ. لەم لایەشەوە ئێران کە هەتا ئێستاش بە گرنگترین هاوپەیمانی سووریە دەژمێردرێ؛ وێدەچی هەموو بەرپرسان‌و دیاریکەرانی سیاسەتی ئەم وڵاتە لە سەر تێوەگلان‌و تێچووی زیاتر لە سووریە هاوڕا نەبن، چونکە هەروەک ڕوونە بە هاتنەسەرکاری ڕووحانی، دەسەڵاتی هاشمیی ڕەفسەنجانی یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکی‌یە دامەزرێنەرەکانی گۆڕەپانی سیاسیی ئەم وڵاتە بەرز بۆتەوەو قسەکانی ئەم پیاوە لەمەودوا دیاریکەری سیاسەتی ئێران لە نێوخۆو دەرەوەدا دەبن. ڕەفسەنجانی لە لێدوانێکی بێوێنەو بە پێچەوانەی هەموو بەرپرسانی دیکەی ئێران‌دا ئەسەد بە تاوانبارو بکوژی خەڵکی سووریە دەزانێ‌و تەنانەت لە وتووێژێک‌دا ڕای‌گەیاند کە حکوومەتی عەلەوی سووریە ناتوانێ بەردەوام بێ. بە کورتی دەگەڵ نزیکبوونەوە لە وادەی بڕیاری کۆنگرەی ئەمریکا ڕکەبەرەکان زیاتر هێزی خۆیان تاقی دەکەنەوەو وێدەچێ ڕووسیە لە کۆبوونەوەی وڵاتانی پیشەسازی‌دا کە لە سێن پێتێرزبۆرگ دەگیرێ زیاتر هەوڵی خۆی بە کار بهێنێ تا بەرگری لە هێرشی سەربازی بۆ سەر سووریە بکا. دیارە ئەمە لە حاڵێک‌دایە کە نێوانی ڕووسیەو ئەمریکا لە سەر رادەستنەکردنەوەی ئێسنۆدێن کە بەڵگە نهێنی‌یەکانی ئەمریکا لە سەر کۆنترۆڵی ئامرازەکانی پێوەندیی گشتیی لە قاودا زۆر خۆش نیەو ڕێک‌نەکەوتن‌و ڕکەبەری لە سووریەو چارەسەری ئەم قەیرانە ناکۆکی‌یەکانی دوو هێندە کردوە. هەروەک لە لێدوانی هەرکام لە سەرکۆمارەکان‌دا ڕەنگی دایەوە ئەم کۆبوونەوەیە هەروەک چاوەڕوان دەکرا نەک نەی‌توانی لێکیان نزیک بکاتەوە بەڵکوو هەرکامیان بە توندی لە سەر هەڵوێستی پێشوویان ڕۆیشتن‌و تەنانەت بارقورسیی قەیرانی سووریە بە سەر کارەکانی کۆبوونەوەکەوە دیارە. لەم کۆبوونەوەیەدا ئەمریکا توانی دەنگی ١١ وڵات دەگەڵ خۆی بخاو ئەم ١١ وڵاتە لە ڕاگەیەندراوێک‌دا پێیان لە سەر سزادانی ئەسەد داگرت‌و بەکارهێنانی چەکی قەدەخەکراویان لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە مەحکووم کرد. بەڵام لەم لایەوە کە دەگوترێ ئەم هێرشە شیمانەیی‌یە زیاتر پەیامێکە بۆ ئیران‌و دەستوپێوەندەکانی. بە گوێرەی هەواڵەکان سوپای قودس‌و لکو پۆپەکانی لە عێراق لە ئەگەری هێرش بۆ سەر سووریەدا ئامادەن بەرژەوەندی‌یەکانی ئەمریکا بخەنە مەترسی‌یەوە. ئەم ڕۆژانە جیهان دەگەڵ ئەوەی بە پەرۆشەوە

چاوەڕێ‌و چاو لە ناوەندەکانی بڕیاری زلهێزەکان‌و بە تایبەت ئەمریکایە، پرسیارێکە لە سەر قەیرانی سووریە و گورزی سەربازی و شڵەقانی ناوەندی وزەی جیهان و تەنانەت جیهانیش. چونکە ئەگەر رووسیە بە ئاسانی دەستبەرداری هێژێمۆنی خۆی لە ناوچەکەو پشتیوانی لە سووریە نەبێ دەکرێ ئەم قەیرانە نەک هەر رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەڵکوو پانتایی‌یەکی زۆر گەورەتر بگرێتەوەو تێچووی زیاتر لە دوو ساڵ شەڕی نێوخۆیی سووریە داوێنی زۆر وڵاتان بگرێتەوە.

گەلی کورد کە نەتەوەیەکە لە نەتەوەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین‌و گەورەترین نەتەوەی بێ‌دەوڵەتە، کە پارچەیەک لە ئاخەکەی سەر بەو چوارچێوەیە کە قەیرانەکە تێی‌دا سەری‌هەڵداوە، ئەگەر بە وریایی‌و بە یەکگرتوویی زیاترەوە مامەڵە دەگەڵ ئاڵوگۆڕەکان نەکاو بە گوێرەی پرەنسیپ‌و سیاسەتێکی روون هەنگاو نەنێ دۆڕاوی سەرەکی دەبێ. چونکی بەداخەوە ئێستاشی دەگەڵ بێ لە پێوەندیی لەگەڵ قەیرانی سووریە و رۆژئاوای کوردستاندا، هێزە سەرەکی‌یەکانی کورد لە پارچەکانی کوردستان بە تایبەت باشوورو باکووری وڵات نەک‌هەر رەچاوی هێڵێکی سیاسیی یەکگرتوو ناکەن، بەڵکوو لە زۆر بواردا دژایەتیی یەکتر دەکەن‌و بە تەواوی کەوتوونە بەرەی دژ بەیەکەوە. لێدانی سووریە چ لە چەشنی مارسی ١٩٩٩ی کۆزۆڤۆ بێ و چ هێرشێکی هەمەلایەنی وەک ٢٠٠٣ی عێراق بێ، کورد دەتوانێ یەکێک لە براوە لاوازەکانی‌و هەروەها دۆڕاوەکانی بێ. چونکی هەروەک مێژوو و رابردووی کوردایەتیمان پێمان دەڵێ ئەگەر خۆمان هەوڵ نەدەین و وریاتر هەنگاو نەنێین‌و هەڵسوکەوت نەکەین کەس خەم لە بەرژەوەندی‌یەکانمان ناخواو تەنانەت دەبین بە قوربانیی ساتوسەودای نێوان زلهێزەکان‌و هێزە ناوچەیی‌یەکان.

لە ژمارە ٦١٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٣

---------------------------------------------------

## سەربازیی زۆرەملی بە چ مەبەستێک!

سەربازی لە فەرهەنگو وشەداندا بە واتای، گیان فیداکردن لە پێناو ئامانجو سەر دانانە لە پێناو نیشتمان. پاراستنی خاکو وڵات هەر لە سەرەتای کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤەوە کەمتاکورت دەبینریٚو کە بە رۆمانو نووسراوە کۆنەکانیشدا دەچییەوە دەبینی مرۆڤەکانی سەردەمە کۆنەکانیش هەوڵی پاراستنی ئەو سنوورو چوارچێوەیەیان داوە کە بەجۆرێک لە جۆران ئینتیمایان بۆی هەبووە. بەڵام ئەم چەمکە لە دنیای هاوچەرخداو لەگەڵ دروست بوونی دەوڵەت - نەتەوە نوێیەکان گشتگیرتر بووو بووە بە شتیکی زۆرەملی بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگە، کە دیارە زیاتر پیاوی گرتۆتەوە. ئەم دەوڵەت و پێکهاتە نوێیانە پێویست بوو لە سیفرەوە دەست بکەن بە ساغ کردنەوەی سوپا، کە دیارە ئەمەش تێچوویەکی زۆری دەخستە سەر شانیان. هەروەها کۆمەڵگەی مرۆڤیش ئەوەندە پێشنەکەوتبوو کە بەشێک لە کاروبارەکان بە دەزگاو ئامێرو ئامرازەکان جێبەجێ بکاو هەموو کاروباریکی ئیداریو دارایی‌و پەروەردەیی‌و... لە سەرشانی تاکەکان بوو. هەر بۆیە دەوڵەتەکان ناچار بوون هێزی پێویست بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری پاراستنی دەوڵەتو حکوومەت لە کۆمەڵگەی خۆیان دابین بکەن، ئەویش بە زۆرەملی کردنی خزمەتی سەربازی. گەلی کوردیش لەو سەردەمانەدا کە زیاتر بە شێوەی میرایەتی بەڕێوەچووە بە گوێرەی سەرچاوە مێژوویەکان، لە کاتی شەڕو شووڕدا هەر ئیمارەتەی لە سەری بووە بە پێی توانای خۆی هێز بدا بەو ئیمپراتۆرییە زلهێزانەی ناوچەکە، کە زیاتر بەرەی عوسمانی‌و سەفەوی گرتۆتەوە. دەگەڵ لێکهەڵوەشانی ئەم ئیمپراتوورییانەو دروست بوونی دەوڵەت. نەتەوەکان لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا، کورد دیسان پارچە پارچە دەبیٚو دروست بوونی ئەم سترەکتۆرە نوێیانە بە چاولێکەری لە جیهانی پێشکەوتوو و بە تایبەت رۆژئاوا دیاردەو چەمکەکانی دیکەی هێنایە کایەوە. سوپاو هێزی ئەو وڵاتانەی کوردیان داگیر کردوە بیٚئەم لاولا بەشێکی تاکی کوردن کە زیاتر بە زۆرەملی چەکیان پیٚ لە شان کراوە. هەروەک روونو ئاشکراشە ئەم حکوومەتانە ئێستاشی لەگەڵ دابیٚ دانی خێریان بە یەکدا نایەو لە زۆربەی قۆناغەکانی ژیانی خۆیاندا شەرو کێشەکان هەبووە کە ئەم شەرو لێکدانەیان زیاتر لە سەر خاکی کورد کردوە و کورد جگە لەوەی خاکەکەی داگیرکراوە، لە بەرەکانی شەڕی دژ بە یەکیشدا کە هیچ بەرژەوەندیو قازانجێکیشی بۆی نەبووە رۆڵەکانی بە هیچو خۆڕایی تێداچووە.

لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە دەکریٚ بڵێین پێشەنگی کوردایەتی‌و شۆڕش بووە لە قۆناغی نویٚدا، دەوڵەتو حکوومەتە داگیرکەرەکان زیاتر هەوڵیان داوە وەجاقی شۆڕس بە دەستی کورد کوێر بکەنەوەو سەرکوتی مافخوازان بە کورد، بسپێرنەوە خۆ ئەگەر ئەو هەلەشیان بۆ نەڕەخسابی زۆربەی هێزەکانی سپاو ئەرتەشی کە شەری شۆرشگێرانەیان لە کوردستان کردوە، سەربازی کوردیان دەگەڵ بووە کە بەزۆرەملی چەکیان پیٚ لە شان کراوە.

زۆرمان بیستووە کە سەربازە کوردەکان جاری وابووە لە شەڕ دەگەڵ پێشمەرگە تەقەیان لە چەکی نەهاتوو، تووشی تاوانو تۆمەت بوونەتەوە. کەم نین ئەم دایکو باوکانەی جگەرگۆشەیەکیان لە بەرەی شۆڕشو خەباتدا بووەو رۆڵەیەکیشیان سەربازی زۆرەملیو لە ریزکانی ئەرتەشو سوپای پاسداراندا بوون!.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کە لە هەموو بوارو دەرفەتێک گەڕاوەو دەگەڕێ بۆ زەبر وەشاندن لە گەلی کورد؛ لەم گۆرەپانەشدا کەمتەرخەمی نەنواندوە هەتا بۆی کراوە سەربازە کوردەکانی زیاتر خستۆتە ناوچە کوردنشینەکانو هەروەها کەنارەکانی وڵاتی ئێران کە نائەمن بوون. تەنانەت زۆر جاران تاکی کورد لە سەربازی تەسویەی دەگەڵ کراوەو کەم نین ئەو هەواڵانەی باس لە کوژرانو بێسەروشوێن بوونو مەرگی گوماناوی کورە کوردێک دەکەن لە ریزەکانی سوپاو ئەرتەشدا. جگە لەوانەش کەشو فەزای ئۆرگانو رێکخراوە سەربازییەکانی ئێران بە هۆی بێکەفایەتیو خەمخۆر نەبوونی بەرپرسە باڵاکان ئەوەندە ساڵمو خاوێن نەبووە، نەبێتە هۆی تووشبوونی لاوێکی ١٨ و ١٩ ساڵان بە مادەی هۆشبەرو ئاکارو کردەوەی دژە نۆرمی کۆمەڵگە. سەرەڕای هەموو ئەوانەش تاکی کورد قەت جێگەی متمانەی بەرپرسانو دەسەڵات بەدەستان نەبووەو خزمەتی سەربازیش نەبۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم مرۆڤە لە رێکخراوی سەربازی دا کارێکو ئەرکێکی قورسی پێبسپێرن هەتا تێیدا رابێو ببێ شارەزاییو ئەزموون وەرگرێ، بەڵکوو ئەم قۆناغە لە تەمەنی لاوێکدا، کە قۆناغی بیچم گرتنو پتەو بوونی کەسایەتییە بە پاسەوانیو کاری بێهودە، تێدەپەڕێ. کردەوەو تاوانی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێک لە بیرو زەینی تاکی کورددا ریشاوژۆ بووە، کە قۆناغی سەربازی نەیتوانی لایەنی فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی بەرمەستی ئەم پێکهاتە ئایدیۆلۆژیکییە بپێکێ. چونکی جگە لە رەهەندی، نیزامیو سەربازی، دەوڵەت- نەتەوە نوێیەکان لە قۆناغی سەربازی زۆرە ملیدا رەهەندو مەبەستی کۆمەڵایەتییو سیاسیش لەبەر چاو دەگرن. لە ماوەی دوو ساڵ (کەمتر یان زیاتر)دا لاوان بە پرۆپاگەندەی ئایدیۆلۆژیکی دەسەڵاتی زاڵ گۆش دەدرێن، هەتا بیرو هزرێکی تاقانەو بە بێ جیاوازی چێ بکەنو ئاراستەی نەتەوەسازیو یەکدەستکردنی ئێتنیکو نەتەوەکان بپێون. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان سەدا شەستو یەکی (١٢٣ وڵات) وڵاتانی جیهان سەربازی زۆرەملی یان وەلا ناوەو لە سەدا سی وڵاتانیش لە هێز زۆرەملیو داوتەڵبیان هەیەو تەنیا لە سەدا نۆی وڵاتانی جیهان خزمەتی سەربازی زۆرەملی لە ساڵێکیان زیاتر هەیە. ئەمە لە حاڵێکدایە ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە نەوتو کانگەکانی دیکەیەو دەتوانێ بە بێ زۆرەملی کردنی خزمەتی سەربازی هێزێکی ئامادەو لێهاتووتر و پرۆفشناڵ پێک بێنێو بە جۆرێک لە جۆرەکانیش هەڵی کاری زیاتر بۆ خەڵک بڕەخسێنێ، نەک ئەوەی بە بیانووی خزمەتی سەربازیو هێنانەوەی دەیان فەلسەفەی دیکە بەنرخترین تەمەنی لاوانو گەنجانی وڵات بە پاسەوانیو کاری بێهودە و پرۆپاگەندەی بێکەڵک بە فیڕۆ بدەن. راگرتنی ئەو هەمووە هێزە بۆ کۆماری ئیسلامییش تێچوویەکی زۆری هەیە کە دەتوانێ ئەم داراییە لە بواری ئاوەدان کردنەوەو رەخساندنی هەلی کاردا سوودی لێوەرگیرێ، بەڵام کۆماری ئیسلامیو بەرپرسانی کەچی دوای شەڕی ئێرانو عێراق ئێستا لە حاڵی ئاشتیدا دەژین هەمیشە بیریان لە قەیران خوڵقاندن کردۆتەوەو بە ئامانجی نائەمن

کردنی ناوچەکانی لوبنان، کەرتی غەززە، ئەفغانستان، یەمەن، سووریەو عێراق و کۆنترۆڵی نارەزایەتی نێوخۆیی‌و نیشاندانی ژێستی زلهێزێکی سەربازی‌و ملهوڕ لە ناوچەو جیهاندا هێشتاش گەنجان و لاوان بە زۆرەملی رەپێچی سەربازەگەکان دەکا.

**لە ژمارە ٦١٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٣**

---------------------------------------------------

## مرۆڤ لە نێوان بەرداشی گۆڕان و نەگۆڕاندا

گۆڕان وەڵامێکە بۆ پێداویستییە بنەڕەتیی هەنووکەییەکانی سەردەم و دۆخی ئارایی، کە لە ئەگەری وەڵام نەدانەوە بەم پێداویستییانە رەوتی ژیان تووشی گری‌و گۆڵ دەبێ‌و رووداو و هزری دووبارە بووە باڵ بە سەر بیر و مێشکاندا دەکێشێ. مرۆڤەکان چ وەک تاکو چ وەک ئەم تۆڕە ئاڵۆزە پێچەڵاوپێچەی بە دەوری داری ژیانیاندا هاڵاندوە بەردەوام پێویستە ئاڵوگۆڕ بکەن‌و خۆ دەگەڵ پێداویستی هزری و فەرهەنگی و... ژیان بگونجێنن. بەڵام ئایا گۆڕان لە بیاڤە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا هەروا سووک و ئاسان روو دەداو مرۆڤەکان دەگەڵ ئەوەی هەستیان بەوە کرد کە دەبێ لە ئاستی بیر و هزر و کردەوە و هەڵوێستەکانیاندا گۆڕانکاری بکەن بێ یەک دوو ملی بۆ رادەکێشن؟ ئایا مرۆڤەکان بە ئاسانی دەست لەو نۆرم‌و پێکهاتەو هزرانە هەڵدەگرن کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دەگەڵیان ژیاون‌و پیرۆزییەتیان پێبەخشیون. لێکۆڵینەوەکان دەری دەخەن کە مرۆڤ هەمیشە هێزێکی نادیار لە ناخەوە بەرەو بەها کۆنەکان رایدەکێشێ و هەر ئەمەشە دەگەڵ پێشەوە چوون‌و ئاسانبوونەوەی رۆژ دەگەڵ رۆژی ژیان، مرۆڤ هەر خۆزگە بۆ ساڵی پار دەخوازێ. مرۆڤ لە نێوان بەرداشی گۆڕان‌و نەگۆڕاندا دابەش بووەو گرووپێک کە قازانج‌و بەرژەوەندییان لە نەگۆڕانی رەوشی ئارایی دایە بە توندی بەرهەڵستی هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێک دەکەن‌و نایانەوێ دۆخی ئارایی لە دەست بدەن چونکی پێیان وایە گۆڕان دەسکەوت و بەرژەوەندییەکانیان دەخاتە مەترسییەوەو چونکی توانای گۆڕینی هزر و بیر و جۆری بیرکردنەوەیان نییە رەگەڵ ئەو رەوتە ناکەون. ئەو سیستمانەی لە بەر بنەمای هزر و بیری دوگم و نەگۆڕ دادەمەزرێن‌و تەمەنێک هەوڵی بە پیرۆز کردنی پرەنسیپەکانیان دەدەن زۆر لە شەپۆلی گۆڕان دەترسن‌و نایانەوێ بە هیچ نرخێک خۆ لە قەرەی بدەن. هەر بۆیەشە ئەگەرچی سوودەکانی گۆڕان هەمیشە لە زیانەکانی بەرچاوترە بەڵام سیستمە سیاسییە ئایدیۆلۆژیکەکان زیاترین زەبری لێدەبینن و زۆربەی جاران ئەم سیستمانە بە جێی ئەوەی بە گوێرەی چاوەڕوانییەکان خۆ بگۆڕن بە دژایەتی هەر چەشنە گۆڕانێک،

دەبنە هۆی پێکهاتنی هێزێکی دژبەری توندوتیژ لە کۆمەڵگەدا کە نەک هیچ قازانجێک بە کۆمەڵگە ناگەیەنن بەڵکوو دووبارەبوونەوەی ئایدیۆلۆژییەکی نالەبارتر بۆ کۆمەڵگە دەخوڵقێننو یان ئەوەی گەردەلوولێکی گۆڕانکاری بە چەشنێک دەیانپێچێتەوە کە نەک هەر دەبێتە هۆی لە نێوچوونیان بەڵکوو نەریتێکی خراپیش لە دوا خۆیان بۆ نەوەکانی داهاتوویان جێ دەهێڵن کە دەرچوون و داماڵینی تۆزێ ئەستەمە و نرخی دەوێ. سیستمی ئایدیۆلۆژیکی کە بەمە بە ناوبانگە بەردەوام دوژمن بۆ خۆی داتاشێو پڕەنسیپەکانی خۆی بە پیرۆز دەکا تا بەردەوامی بە بوونی خۆی ببەخشێ، لە ڕەوتی گۆڕان دا دەبێ نرخێکی زۆر زیاتر لەو سیستمانە بدا کە مەیلەو پێشکەوتن و گۆڕانخوازن. کۆماری ئیسلامی ئێران وەک سیستمێکی ئایدیۆلۆژیک زیاتر لە سێ دەیەیە شەیتان لە هەناو و مێشکی لایەنگران و دەستوپێوەندییەکانی دا چێ دەکا و خۆی بە لایەنی بەرهەق و لایەنێکیش بە دژەهەق دەشوبهێنێ و تەنیا چارەش بە لە نێوچوونی لایەنی بەرانبەر دەبینێ و دەگەڵ ئەوەشدا بۆ زیاتر هەڵفریواندنی هێزەکانی لایەنێکی ڕوحانی و ئیلاهی بە کار و کردەوەکانی دەدا و هەموو ئاکار و کرداری دەباتەوە ئاسمان و پیرۆزییەتییەکی تایبەتیان پێ دەبەخشێ. زیاتر لە سێ دەیە کارکردن لە سەر ئەم بیروبۆچوونانە هێزێکی هێندە دەمارگرژ و مێشک وشکی بۆ کۆماری ئیسلامی بەرهەم هێناوە کە تەنانەت  بە گوێی پیاوانی ئایینی پێشڕەویشیان نەکەن و هەروەک بینیمان پێوەندییەکی تەلەفونی رووحانی و ئۆباما لنگە کەوشی بۆ سەرکۆماری هەڵبژێردراوی خۆیان بە دوا خۆدا هێنا. کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی بێگومان لە سەر چۆنییەتی هزر و بیر تاکەکانی کۆمەڵگە بێکاریگەر نەبووە، ئۆپۆزیسیۆنیش کە بەردەوام پوتانسییەلی خۆی لە کۆمەڵگە وەرگرتوە لەم جۆرە تاک ڕەهەندی بیرکردنەوە بێبەش نەبووە. ئەگەرچی ناکرێ بە شێوەیەکی ڕەها بڵێین دژکردەوەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش کۆپی کۆماری ئیسلامی بووە چونکی سەرانسەری رابردووی ئەم چەند دەیەی خەباتی ئۆپۆزیسیۆن بە تایبەتی هێزە کوردییەکان خاوەن گوتارێکی ئاشتیخوازانە و نیشتمانپەروەرانەی بێ دەمارگرژییە. بەڵام دیسانیش ئەگەر هێندێک بە وردی و پارێزیشەوە چاوێک بە هەڵوێست و مەوزەعی ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگەنشینی کۆماری ئیسلامیش دا بخشێنین دەبینین بە داخەوە (سەرەڕای ڕێز و حورمەت بۆ هەموو تێکۆشان و کۆڵنەدانیان) سەرەڕای ئیدعای دیمۆکراسیخوازی ئەم بەرەیەش؛ تاڕادەیەک دە داوی نەگۆڕی و دوگم بوون و تاک ڕەهەندی لە بیرکردنەوە کەوتووە و لە زۆربەی دەرفەت و هەلە ڕەخساوەکان نەیتوانیوە بە گوێرەی پێویست کەڵک وەرگرێ و بە کورتی نەیتوانیوە سیاسەت بە مانای ڕاستەقینەی خۆی پراکتیک بکا و ئەگەر سیاسەت هونەری کەڵک وەرگرتن لە مومکینات بووە، لەم ماوەیەدا زۆربەی هەلەکانی بە بیانووی ئیدیلۆژیک بوونی کۆماری و ئیسلامی و سەرکردەکانی لە دەست داوە و ئێستاشی دەگەڵ دابێ وەک گەمەیەک ئەم پرۆسەیەی وەرنەگرتوە و زیاتر کاری لە مژارێکی تاک ڕەهەندی کردوە کە دیارە وەدیهاتنی زۆر ئەستەم و دژوار دەنوێنێ کە ئەویش هەوڵی رووخاندن و شۆڕشی بنەڕەتی لە ئێراندا بووە. بە هەر حاڵ کۆماری ئیسلامی لە ماوەی تەمەنی خۆی دا زۆر باش توانیویە گەمەی سیاسی و هەڵبەزدابەز دەگەڵ نەیاران و بەرەی دژ بە خۆی کە زیاتر ڕۆژاوا و ئەمریکا دەگرێتەوە بەرێتە پێش و بە هەموو دوگم و نەگۆڕی خۆی زۆر جاران و لە بەها و نۆرمەکانی خۆی پاشگەز بۆتەوە و لە پێناو پێکانی ئامانجەکانی دا گۆڕانکاری بە سەر سیاسەتی و ئاکار و کردار

و وتاری خۆی دا هێناوە و بە خواردنەوەی پیالە ژەهرێک، تەمەنی ئەو سیستمەی بەردەوام درێژ کردۆتەوە و لە قەیرانەکانی پەڕاندۆتەوە. مەلا فتوادەرەکانی کۆماری ئیسلامی دیسانیش و هەروەک بۆ زۆر کەس و لایەن چاوەڕوان دەکرا دوایین ساڵەکانی تەمەنی کۆماری ئیسلامی ببینین، بە گۆڕینی هەڵوێست و گوتاری دەرەوە و نێوخۆ سیستمی کۆماری ئیسلامییان لە دژوارترین هەڵدێر تا ردەیەک دەکرێ بڵێین رزگار کرد و بە ساتوسەودا و گۆڕینی ئەدەبیات و پاشەکشەی تاکتیکی روانگەی جیهان سەبارەت بە خۆیان گوڕی. سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە پاش هەڵبژاردنی خولی یازدەیەمی سەرکۆماری و ئەو دیپلۆماسی و (نرمشە قهرمانان)ەیە  کە هەموو جیهان و ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆشی دڵخۆش کرد. ئەم خاڵە بەهێزەی گەمەی سیاسەتی کۆماری ئیسلامییە کە بۆ دەربازبوون لە قەیرانو درێژکردنەوە تەمەنی خۆی دەینوێنێ. ئێستاشی دەگەڵدابێ زۆربەی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە چاوەڕوانی ئەوەیە لاساریيەکانی کۆماری ئیسلامی، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و بە تایبەت ئەمریکا ناچار بکا، گورزی سەربازی دژی کۆماری ئیسلامی بەکار بێنێ؛ بابەتێک کە ئەمریکا و رۆژئاوا لەمێژە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست تاقییان کردۆتەوەو ئێستاش تێیدا چەقیونو لێی دەرناچن. قەیرانی سووریە نموونەیەکی باشە بۆ جیهانیانو بە تایبەت گەلی کورد کە ئیدی بیر لە چەک (دیارە بەکارهێنانی چەک لە لایەن کوردەوە هەمیشە حاڵەتێکی بەرگریکارانەی هەبووەو هیچ کات بە دڵخوازی خۆی دەستی بۆ نەچووە) و بەکارهێنانی توندوتیژی نەکاتەوە و گوتارێک و شێوازێکی دیکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی رەچاو بکا. قەیرانی سووریە کە زیاتر لە دوو ساڵە بەردەوامەو لەم ماوەیەدا زیاتر لە سەت هەزار کەس کوژراوە هێشتاش بە هەڵپەسێرداروی ماوەتەوەو رێکنەکەوتنی زلهێزەکانی وای کردوە ئەم کێشەیە بەرۆکی وڵاتانی دراوسێش بگرێتەوە. دانەبەزین لە ویست و داخوازیی وای لە بزووتنەوەی کورد کرد کە تاراوگەنشین بێ و هەر ئەم تاراوگەنشینییە تارادەیەک دابڕانی بزووتنەوەو خەڵکی کوردی لێکەوتەوە. لەو ماوە دووردرێژە دابڕانە لە نێوخۆ بۆشاییەکی بەرین لە هەناوی کۆمەڵگەدا پێک هات کە کۆماری ئیسلامی بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە باشی توانیوە بۆ هەرچی زیاتر کەمرەنگ کردنەوەی هێزە رەسەنەکان کەڵکی خۆی لێ وەرگرێ. لە لایەکی دیکەشەوە کۆماری ئیسلامی لە رێگەی دامودەزگە ئەمنییەتییەکانەوە هەوڵی دا زیاتر فشار بخاتە سەر ئەو کەسانەی گومان دەکرا سەر بە پارت و لایەنە سیاسی و مافخوازەکانی تاراوگەنشین بن. کۆماری ئیسلامی بە باشی لەم خاڵە لاوازەی بزووتنەوە گەیشتووە کە هەتا بکرێ ئەم بزاڤە لە خەڵک دوورتر بکاتەوە کوردستانی زیاترو باشتر بۆ کۆنترۆڵ دەکرێ. هەر بۆیە سیاسەتی گوشارهێنان بۆ سەر چالاکانو لایەنگرانی ئەم پارتانە بۆ بنبڕکردنی رایەڵی پێوەندیی ئەم لایەنانە کۆمەڵگەی کوردی بوو. ئێستا و لە قۆناخەدا کە شیمانە دەکرێ گۆڕینی سیاسەتی دەوڵەتی روحانی هێندێک کرانەوەی بە کەشی کۆمەڵگەی ئێران ببەخشێ ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا ئەگەر گۆڕینی هەڵوێست و مەوزەعی بنەڕەتی و دیپلۆماسی بۆ سیستمێکی وەک کۆماری ئیسلامی رەوایە، یان ئەگەر باس لە ئاشتی و لێکنزیکبوونەوەو هەڵکردنی ئاشتیانە دەتوانێ ببێ بە مژاری بەرباسی سەرانی کۆماری ئیسلامی، بڵێی ئۆپۆزیسیۆنیش، بە تایبەت بزووتنەوەی کورد نەتوانێ کەڵک لەم دەرفەتە وەرگرێ و وێڕای ئاشتبوونەوەیەکی تاکتیکی دەگەڵ کاربەدەستانی تاران و بە ئابدەیتی گوتاری خۆی هەمان هێزی رزگاریدەری

سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران بێ. ئایا تێچووی گەڕانەوە بۆ نێو هەناوی کۆمەڵگەی رۆژهەڵات بە پێی پرۆژە و لێکدانەوەیەکی ژیرانە لە شەڕی چەکداری و تاراوگەنشینی زیاترە کە بزاڤی کوردی بیری لێناکاتەوە. یان ئەمە ریسکێکەوە و کەس ناوێرێ خۆی لێدا.

لە ژمارە ٦١٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

---------------------------------------------------

## رووخان یان نەڕووخانی سیستمی کۆماری ئیسلامی

کەس لاریی لەوە نییە کۆماری ئیسلامی واتە تەمەنێک زیاتر لە سێ دەیە جینایەت، هەڵاواردن، راوەدوونان، ئێعدام، رانتخواری، ژینۆساید، کێشەخولقێنی و... هتدییە. هەروەها بۆ جەماوەر و خەڵکی ئێرانیش و جیهانیش روونە کە زۆربەی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری ئێران و نەتەوە بندەستەکان و بە تایبەتییش پارت و لایەنە کوردییەکان هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە لە سەر رێچکە و رەوتێکی ئاشتیخوازانە رۆیشتوون و هەوڵیان داوە لە رێگەی دانووستان و خەباتی مەدەنییەوە بە ئامانجەکانیان بگەن و خۆ لە هەر چەشنە کردەوەیەکی توندوتیژ و نامرۆییانە و بێبەزەییانە بپارێزن. لەم نێوەشدا مێژوو شایەدە کە ئەوە تاڵانچییەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران و ئاخوندە هەڵخەڵەتێنەرەکان بوون شەڕو شووڕیان بە سەر گەلی کورددا سەپاند و لە بەرانبەر داوای رەوای نەتەوە کورد و ویستی دیمۆکراتیزاسیۆنی ئێراندا بە تۆپ و تانک و تەیارە وەستانەوە و تەنانەت رێبەری کاریزماتیکی دەسەڵاتی تێۆکراتیکی ئیسلامی فتوا، واتە فەرمانی کوشتنی بێ ئەملاو ئەولای خەڵکی کوردی دەرکرد. دەکرێ بڵێین هزر و ئەندێشەی ویلایەتی فەقیهی کۆماری ئیسلامی لە سەر بنەمای دوژمن داتاشین و دوژمن خولقێنی دامەزرا و لەم نێوەشدا جگە لە گەورەکردنەوەی دوژمنی دەرەکی و مەترسی درۆیین لە سەر ئیسلام و یەکیەتیی موسلمانان، مۆرکی لە ئایین و خودا هەڵگەڕانەوەی لە هەموو جیابیریکی نێوخۆیی خۆشی داو بەم جۆرە و لە پەنا شەڕ لە گەڵ عێراقدا بە توندترین شێواز و بە کەڵک وەرگرتن لە هەر میتۆدێک هەوڵی سڕینەوەی هەموو پارتە سەراسەری و نەتەوە بندەستەکانییشی دا. لە رەوتی داپلۆسینی جیابیران و مافخوازانیشدا، دیسان پشکی شێر بەر کوردان کەوت، چونکە کوردستان نەک لە باری مێژووی سیاسی خۆیەوە بەڵکوو بۆ ئێرانیش سەرچەشنی زیندوویی‌و دیمۆکراسیخوازی بووەو کۆماری کوردستان لە سەر دەستی پێشەوای نەمر قازی محەممەد وێنەی بەرچاوی ئەم ئێدیعایەیە سەرەڕای دەیان شۆڕشی مافخوازی و دیمۆکراسیخوازانەی دیکە لەم

کەوشەنەی خاکی کوردان، بەڵکوو هاناهێنانی زۆربەی ڕەوت و لایەنە سیاسییە ناڕازییەکان بۆ کوردستان و گیرسانەوەیان لە مەکۆی کورد، ئەوەندی دیکەی ڤینی ڕەشو بیری تاریکەسەلاتی دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە گەلی کورد قووڵتر کردەوە و داخی خستنە دڵەوە. هەر ئەم هەستی ئازادیخوازی و ملکەچ نەکردنی گەلی کورد لە مێژووی پڕ کارەساتی ئەم گەلەدا بووەتە هۆی ئەوەی دیکتاتۆر و دەسەڵاتە ملهۆڕە ناوەندنشینەکان بە هەموو چەشنێک سەرکوتی بیری ئازادی کوردان بکەن، نەکا ئەم بیرە لە هەموو ئێران گشتگیر بێ و هێلانەی دەسەڵاتی فاشیستی و سەرەڕۆییان لێ کاول بکا، چونکە هەروەک دەبینین ئێستاشی لەگەڵدابێ بنەمای داوای زۆرینەی لایەنە کوردییەکان دیمۆکراسی بۆ ئێران و بە جۆرێک لە جۆرەکان دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسین بۆ کوردانە. هەموو ئەو کردەوانەی کۆماری ئیسلامی ئۆپۆزیسیۆنی ناچار کرد کە خۆی بە تەواوی دەگەڵ دەسەڵاتبەدەستانی تاران یەکلا بکاتەوە و هیوابڕاو لە گۆڕانی سیستم، دروشمی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی هەڵگرێ. دیارە ئۆپۆزیسیۆنی کورد سەرەڕای هەڵگرتنی ئەم دروشمە دیسانیش لە هەوڵدان بۆ وتوویژ و ڕێگەی ئاشتیخوازانە ماندوو نەبوو و لەم ڕێگەشدا تیرۆری ڕێبەری هەڵکەوتوو حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و هاوڕێکانیان بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن لە مێژووی خەباتی کورددا لە ڕۆژهەلات. ئەگەرچی لە سەرەتاشەوە وێدەچوو ئەم دروشمە وەدیهاتنی ئەستەم بێ، بەڵام ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگەنشین، زۆری هەوڵ بۆ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە نەداو ئەم دوورکەوتنەوەیە تووشی جۆرێک لاوازی و دابڕانی کرد کە ئێستاش کاریگەری قووڵی لە سەر ڕۆڵیان لە سەر خەڵکی نێوخۆی وڵات هەیە. باس کردن لە دروست یان نادروست بوونی ئەم دروشمە دژوار و تەنانەت لێکدانەوەی بۆ کەسێک لەسەردەمی ئێستا دا کە خۆی لە کەش و فەزای ترسان و تۆقانی سەرەتای پێگەیشتنی شۆرشی گەلانی ئێراندا نەژیابێ ڕەنگە جۆرێک بێ ئینسافی دروست بکا و هەروەک وتوویانە ڕووداو و بڕیارە مێژووییەکان دەبێ بە پێی کەش و هەوای ئارایی کاتی خۆی هەڵسەنگێندرێ. هەروەها باس لەوەش ناکەین کە ڕاستە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئاوات و خواستی زۆربەی هەرە زۆری ئێرانە، بەڵکوو گرتنە بەری ڕێوشوێنێکی کردەییتر ئەویش بۆ کورد کە بتوانێ لانی کەمی داخوازییەکانی بێنێتە دی، باشتر لە هەڵگرتنی دروشمێکە کە بە هەق دروشمێکی دروستیشە. هەر بۆیە خۆ لە هەر جۆرە داوەرییەک لە سەر دروست یان نادروستی ئەم دروشمە دەبوێرم و تەنیا هەوڵ دەدەم بە گوێرەی گوتار و کەشی خوڵقاوی هەنووکەیی بە کورتی باس لە لاچوون یان مانەوە ئەم دروشمە بکەم. بە دوای هاتنەئارای گوتاری ئیسلاحتەڵەبی لە سەر دەستی خاتەمی و ڕەوتی دووی جۆزەردان و داخرانەوەی دیسانی فەزای سیاسی ئێران، تاڕادەیەکی زۆر هیواکان بە چاکسازیی لە نێوخۆی ئێران کاڵ بوونەوەو بیر و بەربژێری هێرشی سەربازی و ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی لە لایەن ڕۆژاوا و بە تایبەت ئەمریکاوە بەهێزتر بوو کە ئەمەش دڵخۆشی بەشێکی لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەگەڵ بوو. بەڵام ئەزموونەکانی ئەمریکا و ڕۆژاوا لە ئەفغانستان و عێراق و هەروەها گرنگتر لەوانەش سەرهەڵدانی «بەهاری عەرەبی» (ئەگەرچی ئێستاش وەک تاکتیک باسی لێوە دەکرێ) کە شەپۆلێکی ئاڵۆزی و شێواوی بە دووی خۆی داهێناو بووە هۆی خوڵقانی قەیرانی سووریە، دوورەدیمەنی ئەم هەڕەشە و گوڕەشانەی لێڵ کرد و دەگەڵ ئەوەش تاراوگەنشینان بە تایبەت تاراوگەنشیانی سەر بە نەتەوەی فارس

کە زیاتر خەم لە مەترسی پارچەبوونی یەکیەتیی خاکی ئێران دەخۆن هەتا بەها و بایەخە مرۆیی و نەهێشتنی تاوان و ڕەواندنەوەی دەسەڵاتی تاریکی کۆماری ئیسلامی، کەوتنە خۆ و بە وەرێخستنی نارەزایەتی واژووی بەیاننامە و کەمپەینان بە توندی دژی ئەم بەربژێرە وەستانەوە. لەم لایەشەوە گۆڕینی هێڵ و پالیسی سیاسی حکوومەت و بە تایبەت لە سەر دەستی دەوڵەتی روحانی گەشبیینییەکی دیکەی بۆ دنیای دەرەوە دروست کرد، هەتا جیهان لە ئێران زیاتر بیر لە گۆڕانی نەرم بکاتەوە تا هێرشی سەربازی و هەر لەم پێناوەدا وەک دەبینین ئەمریکا و بە تایبەت یەکیەتیی ئورووپا هێندێک لە گەمارۆکانیان وەک دەسپێشخەری هەڵوەشاندەوەو بەردەوام سیگناڵی رێککەوتن و ئاشت بوونەوە بە تاران دەدەن. لەم ئاڵۆزە بازارەدا تەنیا گۆڕانێک کە لە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی دا هەتا ئێستاش بە دی کراوە، ڕوانینی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانە، کە لە هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری ئێرانەوە هەستی پێدەکرێ و ئەگەر چاوێک بە هەڵوێست و دەرکراو و بەیاننامەکانی رێبەری ئەم پارتەدا بخشێنین دەبینین، بە پارێزەوە بەڵام کراوەتر و لە راستای گۆڕینی گوتاری پێشووتری دا هەنگاو دەنێ. دیارە گۆڕینی گوتار و ڕەچەشکێنی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە بچووکترین شتەوە بگرە زۆر دژوارە و رەنگە ئەم کارە و گۆڕینی هێڵی سیاسی بۆ رەوتێکی سیاسی خاوەن مێژوو و شانازی و ئاڵاهەڵگر تێچووی زۆریشی بوێ، بەڵام لە پێناو وەدیهاتنی ئامانجەکان گەل دا گرتنەبەری هەر چەشنە شێوازێک کە دوور بێ لە دەستهەڵگرتن لە مافی ئازادی و گەیشتنی کورد بە لانی کەمی داخوازییەکانی نە زوڵمە و نە لادان و... هتد. پشتیوانی حدک لە دروست بوونی رێکخراوی مەدەنی و هاندانی خەڵک بۆ بەشداری جەماوەری خەڵک بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە و هێنانەئارای کەشێکی دوور لە توندوتیژی و هەروەها بانگەوازی سکرتێری گشتی ئەو حیزبە بۆ نوخبەکانی نێو خۆ بۆ دانوستان لە سەر جێبەجێ کردنی خاڵەکانی قانوونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی لە سەر خوێندنی هاووڵاتیان بە زمانی زگماکی و ..هتد نیشانەی بەرچاوی تێگەشتنی ئەم بەشە لە بزاڤی رۆژهەڵاتە کە دەبێ زیاتر و دیارە وریایانەتر هەنگاوی بۆ بندرێ.

لە ژمارە ٦١٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

---------------------------------------------------

## وتوویژ دەگەڵ کۆماری ئیسلامی؟!

بە دوای توندتر بوونی هەوسارەکانی کۆماری ئیسلامی بە هۆی گەمارۆ نێونەتەوەییەکانو تێکچوونی بارودۆخی ناوچەکەو تێکچوونی بالانسی هێز لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست، سیستمی کۆماری ئیسلامیو کارەبەدەستە بالاکانی سەرەڕای سەرکوتی نارازییانو بالە رەخنەگرەکانی بە ناو ئیسلاحتەلەبی نێوخۆ، ناچار بە پاشەکشە بوو و لە دوایین خولی سەرکۆماریدا باندی بنئاژۆخوازو ئوسلگەراو خامنەیی دانی بە سەرکەوتنی بەربژێرێک دانا کە وێدەچی سیاسەتو روانگەی سیاسیی ئەویان زۆر بە دڵ نەبێ. دەگەڵ هاتنە سەرکاری دەوڵەتی هیواو تەدبیر، ئاراستەی سیاسەتی دوو فاقیەتی کۆماری ئیسلامی روو بە دەرەوەو نێوخۆ بە خێرایی بەرەو گۆڕان هەنگاوی ناو و هەرچی روو بە کۆمەڵگەی جیهانیو ناوەندەکانی بڕیاردانی توندکردنی گەمارۆکانی سەر ئەو وڵاتە بوو بەرەو نەرمی نواندن (نرمش قهرمانانه!) چوو و لە نێوخۆش جگە لە ئازاد کردنی هێندێک زیندانی سیاسی کە دیارە زۆربەیان گیراوە نارازییەکانی دوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٨٨ و سەر بە نەتەوە بالادەست بوون چی دیکەی بۆ کەمە نەتەوەکانو بە تایبەت کورد کە رێژەی بەشداریو دەنگدانی بەو دەوڵەتە بە پێی ئامارەکانی خودی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران زیاتر بوو بە دواوە نەبوو. بەم حاڵەشەوە ئەگەرچی هێشتا زووبە بڕیار لە سەر داهاتووی ئەم دەوڵەتەو ئاسۆی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی رووحانی بدەین، بەلام شەپۆلی ئێعدامو ئەمنییەتیتر بوونی کەشی ئێرانو کوردستان جارێکی دیکە هیواکان بەرەو کاڵ بوونەوە دەباو دەوڵەتی رووحانی بۆ رازی راگرتنی لایەنگرانو بڕوا هێنانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە گۆڕانکاری لە سیاسەتی سیستمی کۆماری ئیسلامی دەبێ لەوە شێلگیرتر بەرەو جێبەجێی داواکانی نێوخۆو دەرەوە هەنگاو بنێ.

ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگە کە هەر لە سەرەتاوە بە روانگەیەکی شۆڕشگێڕانە روانییە چارەسەری کێشەکانی دەگەڵ دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی، دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێرانو ئێراق لە شەڕی چەکداریو چالاکیی بەرین لە نێو کۆمەلانی خەڵک کەوتو زیاتر بە دواداچوونی کێشەکانی باندو تاقمەکانی نێو دەسەلاتی کردووە جگە لە کاری دیپلۆماسیو راگەیاندنو هەروەها هێندێک کاری تەشکیلاتیو رێکخستن (کە ئەمیش زیاتر لە لایەن هێزە کوردییەکانەوە) جگە لە رەخنە گرتنو هێنانە ژێر پرسیاری کارو کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی هیچ ئەلتەرناتیڤێکی کردەیی بۆ بەرەو پێش بردنی بوارەکانی ژیانو گۆڕینی باری سیاسیو کۆمەلایەتی کۆمەلانی خەڵکو کۆمەڵگەی ئێران نەهێناوەتەوە گۆڕ. ئێستاش هەوڵ دەدا خۆی دەگەڵ ئەم رەوشە نوێیە بگونجێنێ.

هەر لەم سۆنگەیەدا هێندێک لە هێزە کوردییەکانیش ئەم ماوەیە بە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی رەوشی هەنووکەیی باس لە دیالۆگ و وتووێژ دەگەڵ دەوڵەتی رووحانی دەکەنو هەر کامەی بە جیا لە لێدوانو راگەیاندنی جیاوازدا ئامادەیی خۆیان بۆ وتووێژ لە سەر داخوازیو ویستەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵای کوردستان دەردەبڕن.

ئەگەرچی دەکرێ بڵێین ئامادەیی بزاڤی کوردی لە رۆژهەڵات هەر لە سەرەتاوەش بێبەرێ نەبووە لەم گوتارو دیسکۆرسە، بەڵام بە هۆی مل نەدانی کۆماری ئیسلامی بە داخوازیی ئۆپۆزیسیۆنو هەروەها تیرۆری سەرکردە کاریزماتیکەکانی بزاڤ لە رێگەی دیالۆگو دانوستانی ئاشتیخوازانەدا ئەم شێوازە لە خەبات وەستابوو، بەڵام دوای لەتبوونی حیزبی دیموکرات، حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) زووتر و ماوەیەک دوای هەڵبژاردنی ٨٨ەوە لە زمانی سکرتێری گشتییەوە لە وتووێژێکی رۆژنامەنووسی‌دا ئامادەیی حیزبەکەی بۆ وتووێژ راگەیاند، ئەم حیزبە لەو دەگمەن پارتانە بوو کە بە ئیتلاف دەگەڵ هێندێک لایەنی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن، خولی دەیەمی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێرانی بایکۆت نەکردو بەم جۆرە نیشانی‌دا کە ئامادەیە بۆ خەبات لە گۆڕەپانی سیاسی ئێران‌دا. بەڵام دەگەڵ هاتنە سەرکاری دەوڵەتی رووحانی، لەنێو قسەوباسی هێندێک لە رێبەرانی حیزبەکان‌دا ئەم باسە کرایەوە. هەروەک باسکرا کورد چ لە ئێران و هەموو پارچەکانی دیکەش لەمێژ ساڵانە رایگەیاندوە چارەسەری کێشەکەی، پێویستی بە رێگەچارەی سیاسیو ئاشتیخوازانەیەو هەر لە بنەڕەتیشەوە هەوڵی داوە خەباتی نەرمو دیموکراسیخوازانە بگرێتە بەر. بەڵام ئاکارو کرداری داگیرکەرانەی دەسەڵاتی ئێران، بووەتە هۆی ئەوەی بۆ بەرگری لە خۆی دەست بۆ چەک بەرێو نکۆڵی لە ئاشتیخوازانە بوونی خەباتی رەوای کورد ناکرێ و هەروەها تێچووی گیانی بەرزی ئەم نەتەوەیە لە رێگەیەدا ناتوانرێ پشت گوێ بخرێ.

بەڵام لە رۆژهەڵات، لە دێر زەمانە کە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن پاش شەهید بوونی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی دەستیان لە چاکسازی نێوخۆیی ئێران و روانگەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی شتۆتەوە و درووشمی رووخانی ئەم سیستمەیان وەک بە بنەمایەک بۆ خەباتو گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی کورد پاراستوە.

وەرگرتوە. ئەوەی لەم نێوەدا جێی هەڵوێستە کردنە ئەمەیە کە ئایا کۆماری ئیسلامی بەم جۆرەی مڵ بۆ داواکانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی رادەکێشێ، لە کێشەکانی لە سەر وزەی ناوکی بۆ رۆژاوا دادەبەزێ، بڵێی هەر ئاواش ئاوڕ لە داوای خەڵکی ئێرانو کەمە نەتەوەکان بە تایبەت کورد بداتەوە. یان ئەوەی ئایا کۆمەڵگەی کورد لە رۆژهەڵاتو هێزەکانی ئەوەندە خاوەن قورساییو کاریگەرن کە دەسەڵاتی تاران ناچار بێ لە ئاستی‌دا پاشەکشە بکاو گوێ لە داواکانی بگرێ؟ ئایا پرۆسەی ئاشتیو دانوستان دەگەڵ دوژمنێکی سی و چەند ساڵە هێند سووک و ئاسانە کە حیزبەکانی لە تاراوگەوە بتوانن کانالیزەی بکەنو بە ئاکامی بگەیەنن. یان ئەو حیزبانە لە هەلومەرجی ئێستادا ئەوەندە خاوەنی جێگەو پێگەیەکی قورس و کاریگەرن کە بە بێ هیچ کارتێکی گوشار کۆماری

ئیسلامی ناچار بە کۆتایی هێنان بە سێ دەیە سەرکوت و چەوسانەوە و دوژمنایەتی بکەن؟ یان ئایا پرۆژەی ئاشتی، ئەویش ئاشتیی نێوان نەتەوەیەکی چەوساوەو حکوومەتو سیستمێکی بالادەستی دیکتاتۆر هێند سووکو ئاسانە کە حیزب و لایەنێک بە تەنێ بیەوێ بەڕێوەی بەرێ؟ ئەم پرۆژەیەو ئەکتەرەکانی هێند پرسیار هەڵدەگرن کە پێڕاگەیشتنیان دژوارە.

ئێمەی کوردو هێزەکانمان دەبێ بێنە سەر ئەو بڕوایەی کە هیچمان بە تەنیا نوێنەری گشتیی خەڵک لە ڕۆژهەلات نین و هیچ لایەنێکیشمان توانای بەڕێوەبردنی ئەو پرۆژەیە قورسەمان نییە کە چارەنووسی گەلێکی زیاتر لە دە میلیۆنی بۆ داهاتوو دیاری دەکا. هەروها دەبێ ئەوەش بزانین کە کۆماری ئیسلامی بە پێی داکشان و هەڵکشانی (دماسنج)ی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان یاری پاشەکشەو مل بۆ داواکانی کۆمەڵگەی جیهانی رادەکێشێ، یان باشتر بڵێین ئەوە گوشار و هێزی نێودەوڵەتیو بە تایبەت ڕۆژاواو ئەمریکایە کە جامی ژەهر بە لێوی ویلایەتی فەقیهەوە دەنێ. کەواتە هێزە کوردییەکان سەرەڕای شێلگیر بوونیان لە سەر چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسەکە نابێ لە داوی نەرمی نواندنەکانی ئەم سیستمە بکەوێ. هەروەک پێشتر لە سەر دەستی حیزبی دیموکرات و بە تێچووی گیانی گەورەپیاوانی نرخی بۆ داوە. گەلی کورد دەبێ هەوڵ بدا لەم هەلە و ئەم دیسکۆرسەی دەوڵەتی رووحانی ئەوپەڕی کەڵک وەرگرێ و هەموو میتۆدو ڕێگەکانی گەیشتنو نزیکبوونەوە لە داخوازییەکانی بەکار بێنێو لە پێش هەموو شتێکدا بیر لە یەکخستنی ریزەکانیو پاشان ئاشتیی نیشتمانی لە نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بکاتەوە جائەوجار بە یەکگرتوویی و یەکریزی بیر لەو کارتە گوشارانە بکاتەوە کە بۆی هەڵدەسووڕێ، لە دژی حکوومەت بەکاریان بێنێ تا حکوومەت ناچار بێ ئاوڕ لە خواستەکانی بداتەوە.

پارتو لایەنە کوردییەکان دەبێ بە کردەوە هەنگاو بۆ پتەو کردنی ریزەکانی خۆیان هەڵبگرن و دەست بدەنە دەستی یەک و بیر لەوە بکەنەوە کە بە یەکبوون و قورسایی تەواو دەتوانن ئەو گوشارە بن کە تاران گوێیان لێ بگرێ. ئەگینا بێ پلاتفۆرمێکی دیاریکراو کە داخوازیی هەموو ڕەوت و لایەن و چینەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەلات تێیدا ڕەنگ بداتەوە، ئەگەر هەر لایەنەی بە روانگەو تێڕوانینی خۆی بەرەورووی دەوڵەتی ناوەندی بێتەوە نەک قوورسایی کورد دەرناخا بەڵکوو زیاتر پەرتەوازەیی و لێک بلاوی بزاڤی کورد نیشان دەدا. هەروەها هێزو لایەنە سیاسییەکانی کورد بە تولێرانسو پێکەوە هەڵکردنێکی دیموکراتیکانەو قبووڵی داواو راو بۆچوونەکانی یەکتری دەبێ ئەو گرەنتییەش بە خەڵکی ڕۆژهەلات بدەن کە لە داهاتوودا توانای پراکتیزەی بیری دیموکراسیان لەم پارچەیەی کوردستاندا هەیەو هەڵەکانی رابردووی کورد چ لەم پارچەیە و پارچەکانی دیکەش دووپات ناکەنەوە.

لە ژمارە ٦١٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

# ڕێککەوتنی ژنێڤ دەسپێکی کایەیەکی نوێی دیپلۆماسی

جیهانی سیاسەت، گەرمەبازارێکە ئەگەر لە مامڵەو ساتوسەودایاندا لێهاتوو نەبی زووبەزوو مایەپووچ دەردەچی و قازانج سەری مایە دەخوا. لەم بازارەدا جاری وایە دوو یا چەند هاوچاوە و ڕەقیبی یەکتر بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراوو لە ژێرەوە دەگەڵ یەک پێک دێن و سەرەڕای هەموو ناکۆکییەکانیان لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان پیلان بۆ تێداچوونی کەسانی دیکە دادەڕێژن. جاری وایە ئەم ڕێککەوتنە نهێنییە هیچ دۆست و ناسیاویش لە بەرچاو ناگرێ و هەر کەس ئازا نەبێ دەستی بە کڵاوی خۆیەوە نەبێ با دەیباو ئەو کەوتنەی دەکەوێ هەستانەوەی ئاستەمە. لەم نێوانەداو لەم ئاڵۆزە بازارەدا هێندێک ئەکتەری قەشمەر و سەربەگۆڵمەز پەیدا دەبن کە ڕەوتی پێشەڤەچوونی پرۆسەی جێگۆرکێ و ئاڵوگۆڕەکان دەشێوێنن و هەوڵ دەدەن لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەموو یاسا و ڕێساکانی ئەم بازارە تێک بدەن و بە ئاراستەو ئاقاری چاوچنووکی خۆیاندا ڕێچکەی بۆ بکەنەوە.

یەکێک لەم ئەکتەرە قەشمەرانەی نێو بازاری سیاسەتی جیهانی کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتە تئۆکراسییەکەیەتی کە زیاتر لە سێ دەیەیە ململانێ و ڕکەبەری کۆمەڵگەی جیهانی دەکا و هەر کەسێک چ لە نێوخۆو چ لە دەرەوەی وڵات دژی ئەم گێرەشێوێنییەی وەستابێتەوە، بە هەر جۆرێک کە هێزی پێی شکابێ، سزای داوە، جا ئەم سزایە لە ئێعدام و تیرۆر و زیندان و ماڵوێرانکردنەوە بگرە... هتددا خۆی بینیوەتەوە. ئەو ئەکتەرە نەناسیاو و ناباوە، هەر لە سەرەتای پەیدابوونییەوە دەگەڵ ژێرپێنانی هەموو قانوون و پرەنسیپەکانی هەڵسوکەوت دەگەڵ مرۆڤو دەوروبەری، لە نێوخۆی وڵاتدا بووە هۆی ئازار و کوشتنو سڕینەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە جیابیر بوون وێنەی ڕوخساری کۆمەڵگەیەکی بۆ جیهان داتاشی کە قێزەونییەکەی لە باس نایە، هەروەها بە پێشێلی قانوونە نێودەوڵەتیو نێونەتەوەییەکان بۆ وێنە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ئێران ویستی ملهوڕی خۆی بە سەر جیهاندا بسەپێنێو بە دروشمی بریقدار، هەوڵی ڕاکێشانی هێزی زیاتری بۆ لای هێڵی هزری و فیکریی خۆی دا. بەڵام ئەم ئەکتەرە ناباو و نەئەزمێوتراوە سەرەڕای هەموو لاسارییو قەشمەرییەکانی لەسەر بەرژەوەندییەکانی زۆریش دانەنوێن نەبووە، بۆ وێنە لە پێناو مان و نەمانی خۆی، هەر لە سەرەتای دەسپێکی کارە دژەمرۆیی و ناپەسندەکانییەوە ژێربەژێر و بە فتوای جۆراوجۆرەوە هەوڵی داوە بەرگری لە بەسەرچوونی تەمەنی خۆی بکاو هەروەک وتمان ئەکتەرە جیهانییەکانی دیکەش کە لە پێناو بوونی بۆشکە نەوتێک چاوپۆشییان لە تێکچوونی قانوونی جیهانیو مرۆیی دەکەنو چاوپۆشی لە گیانی هەزارانو بگرە میلیۆنان مرۆڤ دەکەن، یارمەتیدەر بوون هەتا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هاوەڵە دیکتاتۆرەکانی بە دڵی خۆیان لاپەڕەکانی مێژووی مرۆڤایەتی لە وڵاتەکانیاندا

بە خوێن بنووسنەوەو هێڵی ڕەش بە نێوچاوانو ویژدانی ئەم قۆناخەی ژیاندا بێنن و هەزاران تاوان بکەن و مێشێکیشیان لێ میوان نەبێ، چونکە لەم بازارەدا بۆشکە نەوتێک بایی چاوپۆشی هەموو کردەوەکانیان بوو. زەمان هات و رابرد و کۆماری ئیسلامی بەردەوام بوو لە پێشێلکاریی و رکەبەری زلهێزەکانو ئاکار و رەفتاری ناپەسند و تیرۆر و تەقینەوە، هەتا بە شوێنێک گەیشت هەڕەشەی هێرشێ سەربازیی بۆ سەر ئەو وڵاتە بەرەو جیدیی بوون نزیک دەبۆوە. ئاڵوگۆڕی لە نەکاوی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، باڵانسی هێزو کێشەو ئاریشەکان و ریزبەندیو بەرەکانی تاڕادەیەک لێکهەڵبڕیو وڵاتانی جیهانو ناوچەکە بە گوێرەی بەرژەوەندیی خۆیان خەریک بلۆکبەندیو دیاریکردنو گۆڕینی هێڵی سیاسی بوونو لەم نێوەشدا شەڕی نێوخۆیی سووریە و پەلکێشانی ئەم قەیرانە بۆ وڵاتانی دەورووبەر و تێچووی مرۆیی و ماڵی، ئەم لێکدانە ئاگری شەڕێکی گەورەی لە ناوچەکە زیاتر کرد، تا ئەم جێیەی ئەمریکا هێزەکانی بۆ لێدانی بەشار ئەسەد بەرەو دەریای سپی نێوەڕاست راگواست. کێشەی ناوکی ئێران کە حەجمینی لە زۆربەی وڵاتە دراوسێکان و بەتایبەت ئیسرائیل لە ناوچەکە و بەرەی رۆژاوا هەڵگرتوە، یەکێک لە هەرە ترسناکترین قەیرانەکانی ئەم قۆناخەیە. دەکرێ بڵێین بە جۆرێک لە جۆرەکانی زۆربەی هەرە زۆری قەیران و کێشە هەڵپەسێردراوەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین سەرێکیان دەچێتەوە ئێران و بە ئایدۆلۆژیاو دەسەڵاتی ئاخوندی کۆماری ئیسلامییەوە گرێ دراون. قواستنەوەی هەموو دەرفەتو هەلێک لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە پێناو کڕینی زەمان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە ناوکییەکانی رەنگە ئەمریکاو هاوپەیمانانی هێنابێتە سەر ئەو بڕیارەی کە چیدی هەوڵی خولقاندنی کێشە لە ناوچەکە نەدەنو بگرە دەگەڵ خودی کۆماری ئیسلامیش لە پێناو هێورکردنەوەی گرژییەکانی ناوچەکە کە هەروەک وتمان زۆربەیان بە جۆرێک بە تارانەوە بەستراونەتەوە بکەونە دانوستان. چونکە ئێران لە قەیرانی سووریەدا بەپشتیوانی رووسیە و چین نیشانی دا کە زۆر ملهوڕترە لەوەی کە سەر بۆ بایەخە بەرزە مرۆییەکان دانوێنێو تەمەنێکە گوێ بە بڕیارنامە نێونەتەوەییو هاواری ئازادیخوازان نابزوێو بۆ گەیشتن بە چەکی ناوکی بەپەلەیە. هەر بۆیە بەرەی رۆژئاوا پێی باش بوو کە قەیرانی ناوکی ئەم وڵاتە کە بە سەرەداوی کەوتنە دیپلۆماسی دەگەڵ ئێران دێتە ئەژمار بە نێونجیگەری شازادەی عەمان لە ژێنێڤ بە جیددی تاوتوێ بکا، تا لەسەر مێزی دانوستان باشترو بە بێ تێچوویەکی گران بە شوێنێک بگا تاڕادەیەک کەشی ئاڵۆزی سیاسی ناوچەکە ئارام بکاتەوەو مەترسی شەڕێکی گەورە لەسەر ناوەندی وزەی جیهان بڕەوێنێتەوە. دەکرێ بڵێین ئەم رێککەوتنە لە نێوان ئێرانو گرووپی ٣ کۆ ٣ خاڵێکی وەرچەرخانە لە پرۆسەی دیپلۆماسی ناوچەکەداو، بە دوای ئەم رێککەوتنەدا کایەی دیپلۆماسی لە ناوچەکەدا بەرەو گەرمی هەنگاوی ناو، هەر کام لە لایەنەکان خوازیاری پشک گرتنە لەم رێککەوتنە. تەنانەت ئیسرائیلو عەرەبستانیش کە بە توندی دژی ئەم رێککەوتنەن، پشکی خۆیان لەم خاڵە وەرچەرخانە گرتو وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە سەفەر بۆ ئەو وڵاتانە رازمەندی بەدەست هێنانو بە وتەیەکی دیکە لەم مامڵەیەدا پشکی خۆیان پێدان. لە مامڵە سیاسییە جیهانییەکاندا کە زیاتر لە سەر دەستی زلهێزە جیهانیو ناوچەییەکان سەر دەگرێ، ئەوەی مامڵەی لەسەر دەکرێ، لایەنە کزو لاوازو بێدەسەڵاتەکانو رووی نەداوە لەم چەشنە رێککەوتنانەدا زلهێزێک زەرەمەند بێ تەنانەت ئەگەر زەرەمەندیش

بووبێ ئەوە نەبووە کە بیخا، یان ئەوەی گوڕچووبڕ بێ. بەڵام هەر لە مێژووی هاوچەرخی خۆماندا لە فرۆشتنی شۆڕشەکانی باشووری کوردستانەوە هەتا دەسبەسەرکردنی ئوجەلان و... هتد لە بیرەوەریی زۆربەی تاکەکانی کورددا دەشڵەقێ. هەر بۆیە ئەو شتەی پاش رێککەوتنی ژنێڤ جێگەی مەترسییە، رێککەوتنی ولاتانی ناوچەکەو زلهێزەکانە لەسەر ئەو لایەنە بێهێزو پشتیوانانە کە رەنگە کورد یەکێک بێ لەوان. لایەنەکانو بە تایبەت ئەو رەوتو لایەنو نەتەوانەی ئەگەری هەیە ببنە قوربانی بە باشی لە بارودۆخەکە دەگەن هەربۆیە بە دوای واژووی رێککەوتنی ژنێڤدا ئۆپۆزیسیۆنی سووریە دەنگی بەرز بوویەوەو رایگەیاند نابێ گەلی سووریە تێچووی داشکانی بەرنامەی ناوکیی ئێران بدا. بەڵام هەر وەک روونو ئاشکرایە بە دوای ئەم رێککەوتنەدا بوو کە ئۆپۆزیسیۆنی سووریە رووی لە کزی کردو تەنانەت پێدانی چەکی لە لایەن بریتانیاو ئەمریکاوە لێبڕاو ئێران بانگهێشتی کۆنفرانسی چارەسەری قەیرانی سووریە لە ژێنێڤ کرا. گەشتو سەفەری بەرپرسو پایەبەرزانی ولاتانی ناوچەکە لە دوای رێککەوتنی ژنێڤەوە بۆ کاری دیپلۆماسی بەرروونی دەرخەری ئەم بابەتەیە کە شنە رێککەوتن ئەم مەڵبەندە داگرێ، یان نا رەنگە پیلانێکی شاراوەی گەورەی بەرەکان دژی یەکتر لە مەیین بێ. لەم نێوانەدا کورد گەلێ ساڵە قوربانییەو لە زۆربەی هەرە زۆری رێککەوتنە ناوچەییو جیهانییەکان لەم مەڵبەندەدا قوربانی بووەو زۆر جاریش زیاتری پارچە پارچە کردوە. بەڵام ئێستاو لەم بارودۆخەدا کە لە سایەی هەرێمێکی فیدراڵیو هۆشیاری نەتەوەیی لە پارچەکانو هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەری لە رۆژاوا نەک هەر دەتوانێ قوربانی نەبێ بەڵکوو هەوڵ بدا لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیو لە ئاراستەی سیاسەتێکی گونجاو و لەبار پشکی خۆی لەم رێککەوتنە بگرێ. بەرەوپێش چوونی پرسی کود لە باکوور و هاتنە ئارای کەشێکی هێمنتر لە رۆژهەڵات (هەرچەند زۆر جێگەی متمانەش نییە) دەتوانێ وەک کارتێکی بەزەبر بێ لە دەستی سەرکردایەتی هێزە کوردییەکان هەتا بە جێی ئەوەی لە دۆران بترسن بیر لە براوە بوون بکەنەوە.

**لە ژمارە ٦٢٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٣**

---------------------------------------------------

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٤

---------------------------------------

## کوردستان! دەنگ بدەی‌و نەدەی هەر ئەوە بەشتە!

سەرەڕای هەموو بێ بەڵێنی‌و مایەپووچی وەعدەو پەیمانەکانی دەسەڵاتبەدەستانی تاران‌و دەوڵەتەکان‌و حکوومەتی ناوەندی لە ئاست ویستو داخوازی گەلی کورددا، دیسانیش لە خولی یازدەیەمی سەرکۆماری‌دا گەلی کورد بە بەسەرنجدان بە نێوەرۆکی بەیباننامەو بڵاوکراوەکانی رووحانی کە لە چاو بەرنامەو پرۆگرامی پاڵێوراوەکانی دیکە کراوەتر دەهاتە بەرچاو بە گەرموگوڕییەکی زیاترەوە بە هیوای دابینی لانی کەم‌و سەرەتاییترین مافەکانیان چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان‌و بە گوێرەی ئامارەکانی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی حکوومەت، شارو ناوچە کوردنشینەکان زیاترین دەنگیان بە حەسەنی رووحانی دا. بەڵام سەرەڕای گەشبینی جیهانی‌و نێوخۆیی سەبارەت بە گۆڕانی ستراتیژی‌و سیاسەتی دەرەوەو نێوخۆیی دەوڵەتی تەدبیرو ئومید، هەر دەگەڵ هاتنە سەرکاری دەوڵەتی نوێ، رەوتی ئێعدامەکانی لە ئێران خێراتر بوون‌و قەوڵ و بەڵێنییەکان بەرەو کاڵ بوونەوە چوون. کە لەم نێوەش‌دا دیسان رۆڵەکانی گەلی کورد لە پشکی شێر بێبەش نەکران‌و دەگەڵ ئێعدامی زیندانییە سیاسییە کوردەکان لە سەر سنووریش کوژرانی کۆڵبەران، کە لە پێناو پارووە نانێک گیان لە سەر دەستن بەردەوام بوو. کەواتە دەبێ بڵێین ئەو کوردانەی لە نێوخۆ هیوایەکیان بە دەوڵەتی تازە هەبوو، ئەمجارەش بێ هیوامانەوە! لە هەڵنەبژاردنی جێگرو بەرپرسی کاروباری پێوەندیدار بە کەمەنەتەوەکان‌و بگرە هەتا نالێهاتوویی کاراکتێری خۆجێی لە کوردستان بۆ بە دەستەوەگرتنی پارێزگارییەکانی ناوچە کوردنشینەکان... هتد دیاری ئەو حکوومەتە بنکە فراوانە بۆ کورد بوو. کە ئەم ئاکارانەی دەوڵەت بە تایبەت لە کوردستان رێک بە پێچەوانەی درووشمەکانی بەر لە هەڵبژاردن‌و بە نالێهاتوو لەقەڵەم دانی کاراکتێرە خۆجێییەکانی کورد سەرەڕای کار پێنەسپاردنیان، بە ئاشکرا سووکایەتی بە هەستو نەستی کوردە بۆ زیاتر تێکشکاندنی دەروونی تاکی کوردی.

دەوڵەتی رووحانی بە دروشم‌و بانگەشەی بریقەدارەوە هەنگاوی نایە ئەو گۆڕەپانە ئاڵۆزەی کە لە ئەحمەدینژاردی بە میرات وەرگرتبووو، بۆ هێورکردنەوەی بیروڕای جیهانی لە سەر ئێران‌و بەتایبەت کەم کردنەوەی ئەو گوشارە ئابوورییانەی بە هۆی گەمارۆ نێونەتەوەییەکان‌و لە سۆنگەی بەرنامەی ناوکی کۆماری ئیسلامی پشووی لە خەڵکو

حکوومەت سوار کردبوو، بە پشتیوانی «نرمش قهرمانانه»ی رێبەیی، دەگەڵ رۆژاوا کەوتە دانوستانو لە نێوخۆشداو سەبارەت بە بەڵێنیەکانیو بردنەسەری دروشمەکانی پێش هەڵبژاردنی، بڕوبیانووی جۆراوجۆری خستە رووو، بەردەوام بەڵێنی پووچی دیکەی بۆ خەڵک جێ هێشتەوە.

لووتکەی مایەپووچی بەڵێنەکانی رووحانی کاتێک زیاتر لە هەموان خۆی دەرخست کە لە بودجەی ساڵی 93دا بە جێی ئەوەی پشکی ناوچەو پارێزگا بێبەشەکانو بەتایبەت کوردستان زیاتر بکا، بەپێی هەڵچوونی هەڵاوسانو گرانی، نەک هەر زیادی نەکردو وەک ساڵی پێشتر دەرنەچوو، بەڵکوو کەمتریشی کرد. لە بوودجەی ساڵی 93ی دەوڵەتی رووحانیدا بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، ئەوە پشکی هێزە چەکدارو باندو تاقمە گوێ لەمستەکانی حکوومەت بوو بۆ رازی کردنی دڵی بنئاژۆخوازو هێزە سەرکوتکەرەکان، زیادی کردو هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هێندێک لە نوێنەرانی مەجلیسی ئێران، سەر بە کەمە نەتەوەکان لە ئاست ئەم نادادپەروەرییەدا دەنگ هەڵبڕنو تەنانەت نوێنەرانی خوزستان کە زیاتری دانیشتووانی سەر بە نەتەوەی عەرەبن داوای دەست لە کارکێشانەوەی خۆیان پێشکەش بە سەرۆکی مەجلیس بکەن. بە دوای ئەوانیشدا دەنگۆی دەست لە کارکێشانەوە نوێنەرانی لۆرستانو ئەردەبیلو کوردستانیش بڵاو بۆوە. چونکە پشکی ئەو پایزگایانە بە جێی ئەوەی بە گوەێری هەڵاوسانو گرانی رۆژ دەگەڵ رۆژ روو لە هەڵکشان، زیاد بکرێ، لە چاو ساڵی پێشوو کەمتریشی کرد. کەچی ئەم ناوچانە بە پارێزگا (محروم) ەکان دێنە ئەژمارو لە بواری پێڕاگەیشتنو ئاوەدانییەوە کەوتوونە بەر هەڵاواردنو پێویستە زیاتر سەرنجیان بدرێتێ.

ئەگەرچی هەتا ئێستاش ئاکامی ئەم هەڕەشەی دەستلەکار کێشانەوەیەی نوێنەرانی مەجلیسی ئێران کە سەر بە نەتەوە نافارسەکانن، روونو دیار نییە، بەڵام ئەم کارەو نارەزایەتی دەربڕینی نوێنەرانی ئەم ناوچانە بە یەکگرتوویی لە چوارچێوەیەکی نەتەوەییدا جێگەی تێڕامانەو دەکرێ بکرێ، بە بنەماو رێچکەیەک بۆ دەنگ هەڵبڕینو هێنانە ئارای ویستو داواکانی ئەم نەتەوانە لە گرنگترین شوێنی بڕیاردانی قانوونی وڵاتدا. هەر لە بنەڕەتیشدا دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە نوێنەرانی پارڵەمان دەبێ ئاگایان لەم بەرپرسایەتیو ئەرکانە بێ کە لە پێناوی دا ئامادەی پارڵەمانن. ئەگەر تا ئێستا کەموکوڕتییەکیش لە کاروباریاندا هەبووە دەبێ بە چاوکراوەییترو وردتر بیر لە راپەڕاندنی ئەرکەکانیان بکەنەوە. چونکە هەروەک دەزانین نوینەرانی پارلمانی هەر وڵاتێکو هەرێمێک دەگەڵ ئەوەی دەبێ لە پارلمان تاوتوێی کاروباری پێوەندیدار بە وڵاتەوە بکەنو قازانج و بەرژەوەندی گشتی لێک دەنەوەو بە ئاقاری خێروبێری وڵات بڕیارو پەسندکراو دەرکەن، لە ئاستی نێوخۆییشدا دەبێ بە شێوەیەکی چالاک، مزگێنیدەری پێشکەوتنو بەرەوپێش چوونی ئەو ناوچەو هەرێمە بن کە نوێنەرایەتی دەکەن. ئاوەدانیو پەرەپێدانی کارە خزمەگوزارییەکان دەکرێ بە یەکێک لە سەرەکیترینو گرنگترین ئەرکەکانی نوێنەرانی مەجلیسی ئێران دانێین. دەگەڵ ئەوەشدا نوێنەرانی ناوچە دواکەوتووەکانو بەتایبەت کوردستان کە

هەمیشە وەک خاکو خەڵکێکی نامۆ لە چوارچێوەی ئێراندا سەیری کراوەو بە درێژایی مێژوو لە لایەن حکوومەتە داپلۆسێنەرەکانەوە میلیتاریزە کراوەو سەرەڕای بە تالان بردنی سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی لە کانگە ژێرزەوی و نەوت... بگرە هەتا تالان کردنی شوێنەوارو تەنانەت کوێر کردنەوەی زۆربەی سەرچاوەکانی جوانیو ژینگەیی کوردستان، لەچاو زۆربەی بەشەکانی دیکەی ئێران لە هەرە سەرەکیترین پێشکەوتنو پێڕاگەیشتنەکان بێبەش کراوەو بە بیانووی جۆراوجۆر پەراوێز خراوە زیاتر بۆ قەرەبووی دواکەوتوویی گەلەکەیان لە رێگەیەکی گونجاوی قانوونییەوە هەوڵ بدەن. کەواتە لەسەر نوێنەرانی ناوچەو ئەیاڵەتە کوردنیشینەکانە هەموو پوناسیەلو توانای خۆیان وەگەڕ بخەن، هەتا کەمێک لە بێبەش کرانی نیشتمانو کەوشەنی لە بیرکراویان قەرەبوو بکەنەوە. هەروەها ئەوە کارکردی ئەم نوێنەرانەیە کە دەبێتە پاڵپشت بۆ ئەوەی لە دەورەکانی داهاتووی نوێنەرایەتیو کاروبارە بەرێوەبەرییەکانی دیکەدا دەنگیان بدرێتێ. کارنامەی نوێنەران لە بەرجەستەکردنو گەیاندنی دەنگو ئازاری خەڵکی ناوچەکانی خۆیان هۆکارو فاکتەرێکە بۆ پشت قایمی ئەم کارەکتەرانە لە خولەکانی دواتردا. هەروەها لەم لایەشەوە حیزب و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە دەبێ بە بەرنامە و پرۆژەیەکی تۆکمەو پلان دارێژراو کار لە سەر هەڵبژاردنەکانی نوێنەرانی مجلیس بکەن. ناکرێ بە بایکۆتی ئەم هەڵبژاردنانە، ناوچەکان لە بوونی دەنگهەڵبرێک لە پارلەمان بێبەش بکەن کە دەتوانێ لانی کەمی داواکانی خەڵک بێنێتە بەرباس. خەباتی مەدەنی رۆژهەلاتیش هاووێنەی باکوور دەتوانێ بە کەڵک وەرگرتن لە ناکۆکی باندەکانی دەسەلات لە تاران، لە پارلەمانو لەسەر دەستی نوێنەرانەوە زیاتر ریشاوژۆی کۆمەڵگەو دامودەزگاکانی وڵات بێو هاوکارییو هاوپێوەندیی دووانەی تاراوگەو هێزی چالای مەدەنی شار رێگەیەکە بۆ پێکەوە بەستنەوەی هێزو پوتانسیەل رۆڵەکانی کورد لە پێناو گەیشتن بە خەبات دا.

لە ژمارە ٦٢٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٥ی جانێوێری ٢٠١٤

-----------------------------------------------

# ژێنێڤی دوو

بەهاری عەرەبی، ئەو بەهارەی رەنگە لە سووریە قەت گوڵەکانی نەپشکوێن و خوێنی دڵی دایکانو باوکانو باخەوانانی ئەو باخە رەنگینەی چاوەڕوانی دەکرا، لە توێی شەقڵ شەقڵ کراوی دێراوە نەمام ژاکاوەکانیدا قرتماخەیەک بن بە هەنییەی مێژووی ئەم سەردەمەی بەرژەوەندخوازی مرۆڤەوە. ئەو بەهارەی ئاواتی نەوەکانی لەو وڵاتەدا بە شەختەو سایقە سپارد، هەتا بەستەڵەکە شەوێک گۆڕە بەکۆمەڵەکانی پێ بڕازێنێ. بەهارێک هەموو گەڵاکانی وەراندو هێلانەکانی تێکداو دارە سەرلە ئاسمانەکان چەماند. مرۆڤ هەموو هەوڵو تێکۆشان و ماندووبوونو شەوو شەونخوونیو... لە پێناو بەختەوەری خۆیەتی. واتە هەموو ئەو گەردوونەی خستوەتە خزمەت خۆشبژێویو بەختەوەر کردنی خۆیو، هیچ شتێک نیە لە گیانی مرۆڤ بەرزتر و بەنرختر لای مرۆڤ. بەڵام کە شەڕ هاتە گۆڕێ، ئەو جەوهەرە پڕ بایەخە، ئەو بوونە پیرۆزە، لە بێبایەخترین شتیش بێبایەختر دەبێ. بێهێزەکان ئەوەندی دیکە بێهێزو بێبەرگری دەبن. هیچ دەستێک قژی کاڵی کچە کۆڵمەئاڵەکان شانە ناک، هیچ باوەشێکی گەرم، منداڵە بەستزمانەکان لە ئامێز ناگرێ. گیانی مرۆڤ، بوونی مرۆڤ، جا لە گەورەوە بگرە هەتا منداڵی سەر لانک، دەبنە سووتەمەنی لووتبەرزی و غروورو بەرژەوەندیی نەفامانەی کۆمەڵێک. بڵێسەکانی ئاگری شەڕ لە هەناسەی ناسکی مرۆڤ دەگەڕێن بە گەردەلوولی گڕی داکەن. لە پیرۆزییەت، نامووس، شەرەف، مرۆڤایەتی دەگەڕێ هەتا لە ژێر سمی ئەسپە جەنەگرتووەکانیدا بیسمێ. ئاگری شۆڕشی گەلانی سووریە لە سۆنگەی بەهارێکەوە، کە بە زستان دەستی پێکرد، هێندەی گیانی شیرین هەستاند، گیانی لە زۆربەی هەرە زۆری هاووڵاتییانی سووریە تاڵ کرد. جگە لە ئەکتەرە دەرگیرەکانی نێوخۆی سووریە، هێژمۆنیخوازیو بەرژەوەندیی وڵاتانی دەرەوە، دەستی سەرکردەکانی جیهانیشی بە خوێنی خەڵکی بێتاوانی ئەو وڵاتە سوورکرد. ململانێی وڵاتو لایەنە تێوەگلاوەکانی شەڕی سووریە چنگیان سوور سوورە. هەر رۆژەو، بۆ یەکتر بە چۆکداهێنان، بەزمێک بەیەکتر دەگێڕن. یاریی پێک دەکەن. لێک کۆدەبنەوە. لە شاشەی تیڤییەکانو لەبەردەم کامێران، بزەیان بە فرمێسکی هەموو ئەو هەتیوانە دێ، کە خێوەتە مانگ لەسەرەکانیش هەڵیاناگرن، فشە دەکەن بە ئازاری ئەو ژنو کچانەی هەموو پاکیو بێگەردییان، ریش چڵکنێک لە چەند خولەکدا تکاندی. گاڵتە بە هاواری ئەو بێوەژنانە دەکەن، کۆڵێک داخ بەدڵەوە، وەک مێگەلە مەڕێکی گورگلێدراو رێچکە بەرەو داهاتوویەکی تاریکو لێڵ دەنێن. شەکانەوەی پەڕوویەکی رەنگاوڕەنگی پڕ واتای پڕوپووچ، زیقەو زریکری منداڵو مێرمنداڵانی دەوێ لەم کەوشەنە خاپوور بووەدا.

هەر ئەوەندە نییە، ئێستا سەرکۆمارو وەزیرو بەرپرسانی دیکەی ئەو وڵاتەی زمانیان گۆڕاوە، زیاتر بە رووسی دەدوێن، فارسیش دەزانن، چینیش فێربوون، بە ئینگلیزی داهاتوویان بۆ دیاری دەکەن، بە فەرەنسی هێڵ و

نەخشەیان بۆ دەکێشنەوە. بەڵام قەت بە زمانی خەڵکەکەی خۆیان ناگرین، هاوار ناکەن. ئەو مرۆڤە سەیرە؛ وەک گاشێتەکانی ئیسپانیا، رەنگی سوور نەبینێ، کە دیتی هارتر دەبێ، دەڵێن خوێن مرۆڤ دەگرێ، بەڵام نا دەیکا بە گاشێتەکانی ئیسپانیاو و زیاتر شاخی لە سوورکردن تیژتر دەکا. لەم مەڵبەندە کەس نەماوە، خواکانیش باریان کردوە، ئەم خاکەیان جێ هێشتوە، منداڵەکانی ئەم وڵاتە تووکیان لێکراوە، رەش بوون. تاکە تۆزقاڵێک بەزەیی لە هیچ بستێکیدا بەدی ناکرێ. تەنانەت نەگبەتی ئەو خەڵکە، دەوربەریشی گرتۆتەوە، رەنگە ترسی ئەوە هەبێ قاقای سەرۆکی زلهێزەکانیش لە کۆشکو تەلارەکاندا بشەمزێنێ. بازارە بەناو دیپلۆماسییەکانی جیهان زۆر گەرمن، بازرگانەکانی فرمێسکو خوێن خەریکی هەراجی کەرامەتی مرۆڤن، ئایدیۆلۆژیو هێژمۆنی خۆیان لەسەر حێسبی ئەو خەڵکە پێک تاقی دەکەنەوە. رۆژێک مۆسکۆبازار، نیۆیۆرکبازارو... ژنێڤی یەکو ئێستاش ژنێڤی دوو. ئەوانە دڵداری بە ماڵوێرانیو تەرکەوەتەنیو پێی پێخواسی مرۆڤەکان دەکەن. حەزیان لە دەنگی بای ساردی شەوەزەنگەکانە، کە دەستو پێی منداڵی ساوا لە ژێر کۆنە تەلیسێکدا دەقەڵەشێنن. ئەوانە گەپ بە چارەنووسی دەرەوەشاوەی هەژارە بێفیزو دڵپاکەکان دەدەن. هەروا دەڕوا دیسانیش هاوشێوەی ئەم ژنێڤانە، لە بن میچە بە نەخشو نیگارە رازوەکان، پێک هەڵدەدەن بۆ مەبەستی تاڵانی رابردووو ئێستاو داهاتووی ئەو کەسانەی زگیان بە خۆیانو خاکو هاونیشتمانەکانیان ناسووتێ. دیسانیش بە دڵۆپە خوێنی منداڵانی نیشتمانە بەڵالێدراوەکان دیواری ئاواتی کۆشەکانیان بەرزتر دەکەنەوە. شەوچەلەی کۆبوونەوەکانیان لە ژنێڤێکی دیکە، چزبزەیەکە بە عەقڵی سەرۆکو سەرکردەکانی ئەم چەشنە وڵاتانە.

لە ژمارە ٦٢٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢١ی جانێویری ٢٠١٤

---------------------------------------------------

## پێوەندیی ئێران و تورکیە، لە سایەی قەیرانی سووریەدا

مێژووی ئەو دوویە کە جوگرافیاییەی هەنووکە بە ئێران و تورکیە ناسراون، پڕە لە هەوراز و نشێو و ململانێ. لە شەڕو پێکدادانەکانی ئیمپراتۆرییەکانی سەفەوی و عوسمانییەوە بگرە؛ هەتا ململانێی هێژمۆنی سیاسیو ئابووری و سەربازیی ئاتاتورک و شایەکانی پەهلەوی. بە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە نیوی دوویەمی سەدەی بیستی زایینیداو، بە هاتنە سەرکاری حکوومەتێکی تۆخی ئیسلامیو شیعە لە ئێران لەسەر دەستی خومەینی (کە نەک هەر خۆی بە ناوەندی رێبەریی کردنی بەرەی شیعەی جیهانی ئیسلامی دەزانی بەڵکوو بانگەشەی رێبەرایەتی

جیهانی ئیسلامیشی هەڵگرت و تێکۆشا شۆڕشەکەی هەناردەی وڵاتە ئیسلامییەکانی دیکەش بکا)و هەبوونی دەسەڵاتێکی تەواو لائیک لە تورکیەی کەماڵی ئەم دوو وڵاتە ئەوەندەی دیکە لە ئایدۆلۆژیدا قووڵ بوونەوەو کەلێنیان کەوتە بەرەوە. بە هاتنە سەرکاری گرووپ و لایەنە ئیسلامگەراکان لە تورکیەداو زیندووبوونەوەی نۆستالۆژی و هەیبەتی رابردووی ئیمپراتۆری عوسمانی (کە ئەویش هەر خەون و خەیاڵی رێبەرێی جیهانی ئیسلام و ناوەندەی خەلافەتی ئیسلامی لەسەردا دەپەروەرێنێ) لە بیرو هزری ئیسلامی میانەڕۆی سیاسییە تورکەکان، بە تایبەتی بەهاتنە سەرکاری پارتی ئاکەپە کە مودێلێکی ئیسلامی سیاسی نوێی جیهانی ئیسلامەو خەون بە رێبەریی جیهانی سونەوە دەبینێو، دەگەڵ دەسپێکی ناسراو بە بەهاری عەرەبی مودێلی هاوشێوەی لە توونێس و میسر بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەو وڵاتانە دامەزران، هێندەی دیکەی کەلێنی خستە نێوان ئێران و تورکیەوە. دوو مودێلە دەسەڵات بە مێژوویەکی خوێناویو دژ بەیەک و پێوەندییەکی لەرزۆک. بەڵام خاڵی تێکگیران و رووبەڕووبوونەوەی بەرژەوەندیی ئابووری و جیاوازیی سیاسەت و ستراتیژی ئەم دوو وڵاتە لە قەیرانی سووریە و سەرهەڵدانی جەماوەری خەڵک لەم وڵاتەدا بە لووتکە گەیشت. چونکە لە لایەکەوە دەسەڵاتی بەشار ئەسەد کە کەوتبووە بەر پەلاماری ڕاپەڕیوان و جەماوەری ناڕازی بە زۆرینە سوننە، گرنگترین و نزیکترن دۆست و هاوپەیمانی ئێرانی دروشمهەڵگری بەرەی شیعە بووو، شۆڕشگێڕانیش کە سوننە بوون و، رێبەرانی ئاکەپەش بە گوێرەی رووداوەکان و شۆڕشەکانی توونێس و میسر تووڕەکەیان بۆ هەڵدرووبوو؛ لەبیری دامەرزاندنی دەوڵەتێکی سوننە و مودێلێکی دیکەی ئاکەپە بوون لە سنوورەکانی خۆیان. ئەگەرچی تورکیە زۆر زووو، بە گوێرەی رووداوەکانی ئەو چەند وڵاتە عەرەبییەی پێشتر راپەڕیبوون، لەهەمبەر رووداوەکانی سووریە هەڵوێستی وەرگرت، بەڵام ئێران بەبێ هیچ ئەملاو ئەولایەک ناچار بوو بۆ لەکیسنەدانی هەیمەنە و هێژمۆنی خۆی لە ناوچەکەداو بە تایبەتی ڕایەڵەی پێوەندیی میلیشا چەکدارەکانی لوبنان و فەلەستین و سووریە بە سەنگەری پێشەوەی خەباتی خۆی دەگەڵ بەرەی دژبەری لە قەڵەم بدا. هەر بۆیەش زۆر جاران لە گفت و لفتی بەرپرسانی حکوومەتی و تەنانەت دەوڵەتی ئەو وڵاتەشدا رەنگی دایەوە، کە شەڕی سووریە شەڕی ئێرانیشە. کەواتە هەر لە سەرەتای ئاڵۆزییەکانی سووریەوە ئەم دوو وڵاتە بە قووڵی لە شەڕی سووریەوە گلان و بە تایبەت ئێران بوو بە یەکێک لە لایەنەکانی شەڕ. بە گوێرەی هەواڵەکان لە نێوخۆی ئێران ڕا، دەردەکەوێ کە کوژراوێکی زۆر لە بەرەکانی شەڕەوە، دەهێنرێنەوە وڵات کە لەبەرەکانی شەڕی نێوخۆیی سووریەدا دەکوژرێن. تورکیەش هەتا پێش کۆبوونەوەکانی ژنێڤ زۆر بە توندی پشتی ئۆپۆزیسیۆنی سووریەی گرتبوو و بە هیچ جۆرێک لە رووخاندنی دەسەڵاتی ئەسەد دوودڵ نەبوو. رێکخستن و رێککەوتنی ئۆپۆزیسیۆن و زۆربەی هەرە زۆری کۆڕو کۆبوونەوەکانی دژبەران لە تورکیە و بە هەوڵ و تێکۆشانی دەسەڵاتدارانی تورک پێکدەهاتن. تورکیە لە گۆڕینی دەسەڵاتی ئەسەددا چەند ئامانجێکی بەدی دەکرد. هەروەک وتمان دامەزراندنێکی شێوە دەسەڵاتێکی ئیسلامی میانەڕۆ و حکوومەتێکی سوننە، کە جگە لە گەرایشی بە تورکیە و کردنەوەی دەروازەی بازارەکانی بەڕووی بەرهەمی تورکیەدا، پێگەی ئەردۆغان و ئاکەپەی دوای ئاڵۆزییەکانی پارکی گەزی و نارەزایەتییەکانی ئانکارا و ئیستامبول و ئاشکرا بوونی گەندەڵییە داراییەکانی ئەم دواییانەی

بەرپرسانی پلەبەرزی ئاکەپە دوو هێندە پتەو دەکردەوە، هەروەها پردی پێوەندیی ئێران و حیزبوڵڵای دەڕووخاندو ئەو بەرەیەی بە کردەوە شەق دەکرد، هەروەها سووریەی تازە دەبووە عێراقی دوای سەدام بۆ ئێران. چونکە هەروەک بینیمان و بە گوێرەی لێکدانەوەی خاوەن ڕایان و کارناسانی بواری سیاسەت دەردەکەوێ، ئێران سەرەکیترین براوەی رووخانی سەدام و عێراقی نوێیە، هەر بۆیە بەرپرسانی تورکیش بەم جۆرە لە سووریەی پاش ئەسەدیان دەڕوانیو بە گوێرەی لێکدانەوەکانی خۆیان پێیان وابوو، ئاڵۆزی و سەرهەڵدانی سووریەش وەک وڵاتانی دیکەی عەرەبی زۆری پێ ناچێ. هەروەها لە ئەگەری بە دەسەڵات گەیشتنی ئۆپۆزیسیۆندا تورکیە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەیتوانی گوشارێکی تازە بۆ سەر پارتی کرێکارانی کوردستان بخولقێنێ کە گەورەترین کێشەکانی تورکیەو دەسەڵاتی ئەم وڵاتەن. چونکە سەرەڕای ئەوەیکە دەسەڵاتی بەعسی سووریە لە کۆتاییەکانی سەدەی رابوردووی زایینیدا لەسەر داوای تورکیەو نێونجێتی ئێران ئەو پارتە دژبەرەو رێبەرییەکەی لە خاکی خۆی وەدەرنابوو، دیسانیش وەک کارتێک دژی تورکیەی بەکار دەهێنا. هەروەها هەروەک وتمان ئێران هەر لە سەرەتاوە سیاسەتی لەهەمبەر قەیرانی سووریەدا دیارە و خۆی بە تەواوی یەکلایی کردووەتەوە، کە رووخانی ئەو دەسەڵاتە بە واتای نزیک بوونەوەی کۆتایی تەمەنی کۆماری ئیسلامییە، هەر بۆیە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە هەر چەشنێک بۆی کراوە هەتا ئەمڕۆش کە زیاتر بە سێ ساڵ بە سەر سەرهەڵدانی خەڵکی سووریە و قەیرانی ئەو وڵاتەدا تێدەپەڕێ، جگە لە تێچووی دارایی، تێچوویەکی گیانی زۆریشی داوە.

بەڵام بە دوای کۆبوونەوەکانی ژنێڤداو، دانیشتنی رووبەڕووی ئۆپۆزیسیۆن و نوێنەرانی دەسەڵاتی ئەسەد کە لە ئاستی جیهانی و بەتایبەت ناوچەییدا شەپۆلێکی گەمەی دیپلۆماسی بەدوای خۆیدا هێناو، هەروەها داشکانی دەوڵەتی رووحانی لەسەر بەرنامەی ناوکی وڵاتەکەی کە ئەمیش بووە هۆی ئەوەیکە گەمارۆکانی سەر ئێران هێندێک بەرەو سووکی بباو، ئاسۆیەکی روون لە داهاتووی پێوەندیی ئەم وڵاتە و دەرەوە بەتایبەت رۆژئاوا نیشان بدا، تورکەکانی ناچار کرد بە سیاسەتی خۆیان دابچنەوە. هەر بۆیە سەردانی ئەردۆغان بۆ تاران و لە پێش ئەویشدا بەرپرسانی دیکەی تورکیە بۆ ئێران و بانگهێشتی روحانی بۆ تورکیە جێگەی تێڕامانە. ئەگەرچی ئەردۆغان دوای گەرانەوەی بۆ تورکیە روانگەو سیاسەتە جیاوازەکانی تورکیە و ئێرانی لە ناوچەکەو بە تایبەت قەیرانی سووریەدا نەشاردەوە، بەڵام وێدەچی لە سیاسەتی نوێی دوای کۆبوونەوەکانی ژنێڤدا، تورکەکان شیمانەی ئەوەشیان کردبێ کە رەنگە سیاسەتی ئەم وڵاتەش لە هەمبەر ئەسەددا گۆڕانی بەسەردابێ. هەر بۆیە وا زوو دەست بەکاربوون و نایانەوێ بەرژەوەندیی ئابووری خۆیان بە قوربانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەسەد بکەن کە چارەنووسیان زۆر روون و دیار نییە. هەروەها رەنگە دەسەڵاتدارانی تورک بیانەوێ بە نزیکبوونەوەی زیاتر لە ئێران و پێدانی ئیمتیازی ئابووری یان یارمەتی کردنی ئەو وڵاتە بۆ بازدان بە سەر گەمارۆکاندا کە بەڕاستی ئێرانی تووشی کێشە کردووە بیانەوێ سەرکێشییەکانی پارتی کرێکارانیش هێندێک کۆنترۆڵ بکەن کە هەنووکە بە بەدەسەڵات گەیشتن لە پارچەی رۆژئاوا لە دۆخێکی سەقامگیرتر دایەو زیاتر لە جاران ململانێی دەوڵەتی تورکیە دەکا. سەبارەت بە

گەلی کورد کە وێدەچێ ئەگەر بە گوێرەی ئوسولی و سیاسیانە لەم گۆران و گەمە نوێیانەدا دەور بگێڕێ، ئاسۆیەکی روونی بۆ گەیشتن بە مافە پێشێلکراوەکانی بەدی بکا؛ کێشەکان زۆر ئالۆزن. ئەگەرچی هەنووکە رۆژاوای کوردستان سەرەڕای ئامادەیی هێزەکانی بەشار ئەسەد لەم پارچەیەی کوردستاندا لە لایەن «پەیەدە» وە بەڕێوە دەچێ‌و، هێزەکانی ئەم پارتە نزیکە لە پارتی کرێکارانی کوردستان، تەناهی و ئاسایشی ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی بندەستی سووریە دەپارێزن، بەڵام نزیک بوونەوەی دوو دەسەڵاتی تورکیە و ئێران کە لە رابوردووی خۆیان دا لەکەی فرۆشتنی شۆڕشەکانی کوردیان لە پارچەکانی کوردستان بە نێوچاوانەوە هەیە، مەترسی لەبارابردنی ئەم دەسەڵاتە لە رۆژئاوا و پێگەی پەکەکە لە دانوستانەکانی دەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی تورکیەدا دەخەنە مەترسییەوە. لە لایەکیشەوە بە خۆگرتنەوەی دەسەڵات و هێزی سوپای ئەسەد لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی سووریەدا، پارت و لایەنە کوردییەکان، کە دەتوانن لە داهاتووو، چارەنووسی گەلی کورددا کاریگەر بن، دەبێ بیر لەوە بکەنەوە، یەکگرتووانەو، بە وەلانانی ئینتیما و بەرژەوەندیی حیزبی و بەشدارکردنی هەموو لایەنەکان لە بەڕێوەبردنی رۆژاوا، دەسەڵاتێکی سەقامگیرتر پێشان بدەن. چونکی نەک هەر سووریە، بەڵکوو تورکیەو ئێرانیش کە تا ئێستا چاویان بە هەرێمێکی کوردی لە باشوور هەڵنەهاتووە؛ چاوەڕوان ناکرێ ئیزن بدەن هەرێمێکی دیکەی کوردیش سەرهەڵێنێ‌و ببێتە هۆی زیاتر بزواندنی کوردەکانی ئەو پارچانەی داگیریان کردوون.

لە ژمارە ٦٢٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠١٤

-----------------------------------------------

## ئایا کریمە، جیهان بەرەو گرژی زیاتر دەبا؟

درێژەی شەڕی جەمسەرە ئایدیۆلۆژییەکان لە ئاستی جیهانداو، شۆڕبوونەوەی ئەم ئایدیایە بۆ هزرو بیری تاکەکانی کۆمەڵەی مرۆڤەکان لە ناوچەو، وڵاتە جیاوازەکاندا، جیهانی کردوە بە دوو بەرەو یان زیاتر لە چەند بەرە؛ کە دەگەڵ گرژبوونەوەی تەنگەژەو ململانێی زلهێزەکان لەسەر ئاستی جیهان، لکو پۆپەکانیانو یان باشتر بڵێین وڵات و دەسەڵاتەکانی سەر بە بەرەکانیش کێشەکانیان قووڵتر دەبێتەوە.

رووداوە خێراکانی ئەم چەند ساڵەی رابردوو زیاتر لە جارانو وەک سەردەمی شەڕی هێژمۆنی ئیمپریالیزمو کۆمۆنیزم خۆ دەنوێنن. لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانە رووداوێک یان پرسێک لە ئارادا هەبێ، بێگومان جێ‌پەنجەی

زلهێزەکانی جیهانیشی لێ دیارەو کەمتر کێشە، لەم گۆی زەوییەدا بەدی دەکرێ کە مرۆڤی خاوەن پرس، خۆی دەستی لە چارەسەریو بەدیهێنانی دابێ. رەنگە ئەم کێشەو ئاریشانە لەبنەڕەتدا بەجۆرێک لە جۆرەکان ئاکامی هەڵەی چەندین جارەی ئەو دەسەڵاتانە بن کە ماوەیەکە بەبێ دڵو خواستی خاوەن خاکو کەوشەنەکان، لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیان گۆڕان بەسەر جوگرافیای جیهاندا دێنن. ئەگەرچی لە پاش ساڵی ١٩٩١ەوە بەدوا کێشەو تەنگەژەکانی زلهێزەکانی جیهان لە سەرووشیانەوە ئەمریکاو رووسیە هێند گرژ نەبووەتەوە کە جیهان بخەنە بەرمەترسی پێکدادانێکی قورسەوە بەڵام سەرەتاکانی دەیەی دووەمی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستو یەکەم، بەهۆی چەندین هۆکاری سیاسیو کۆمەڵایەتی و... هتد لەوە ناچێ مێژوویەکی هێمنو لەسەرەخۆ بۆ جیهانی نەوەکانی داهاتوو تۆمار بکەن. پرسەکانی دابەشبوونی گورجستانو لاساریی رووسیە بەهۆی جیاکردنەوەی دوو هەرێمی ئابخازیاو ئۆستیا لەو وڵاتە، سەربەخۆیی کۆزۆڤۆ، دامەزراندنی قەڵغانی مووشەکی ئەمریکا لە لێوارەکانی ئورووپا و نزیک سنوورەکانی رووسیە، بەرنامەی ناوکیو موشەکی کۆرەی باکوورو کۆماری ئیسلامیو بگرە ناکۆکی بەرەی رۆژاواو رووسیەو چین و ئێرانو... لەسەر دیاردەی جیهانی عەرەبی، واتا ئەو شۆڕشە سیاسی_کۆمەڵایەتییەی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی گرتەوەو بوو بە هۆی گۆڕینی سیستمەکانیان، سەرەڕای درێژکێشانیان، هێندەی شۆڕشی مەیدانی سەربەخۆیی (استقلال) کییەڤ جیهانی نەشڵەقاند و ئەمو دوو بەرەی رۆژاواو رۆژهەڵاتی لەگژ یەکتر روا نەکردبوو. سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی کە زیاتر دەکرێ بڵێین وڵاتانی نزیک لە بەرەی رۆژهەڵاتی کردە ئامانج؛ ململانێی و کەلێنی نێوان ئەمریکاو رووسیە لە لایەکو لایەنگرانی سەر بە ئەم بەرانەی لە ناوچەکەدا لە لایەکی دیکە زیاتر کردو دەگەڵ رووداوەکانی ئۆکراین لەوە دەچێ بەرەو شپرزی بباو رەوتی رووداوەکان بەگوێرەی هەڵسوکەوتی ئەم ماوەیەی دوایی رووسیە کاریگەریی لەسەر پرسە هەڵاوەسراوەکانی پێشووش بە جیددی هەبێ.

ئەگەرچی ئەمریکاو رۆژاواو زۆر جاران هەوڵیان داوە لەرێگەی دیپلۆماسیو دانوستانەوە کێشەکانی نێوانیان دەگەڵ بەرەی بەرانبەر چارەسەر بکەنو هەروەها یەکلا بوونەوەی کێشەو ئاریشەکان لە ئاستی جیهانیو ناوچەیی و... بە پاشەکشەو شکستی لایەنێکو سەرکەوتنی لایەنێک ئەژمار نەکەن. دەگەڵ ئەوەشدا وێڕای لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی خۆیان لەسەر بەربەرینکردنەوەی پانتایی دیمۆکراسی لە جیهان داو بەتایبەت گۆڕینی سیستمی ئەو دەسەڵاتانەی لەسەر رەوتی پێشوو و سیستمی ملهوڕی هەنگاو دەنێن، نەسڵەمێنێتەوە. بۆ وێنە پێوەرەکانی یەکیەتیی ئورووپا بۆ وەرگرتنی ئەندامان، وێڕای پێکانی ئامانجو مەبەستی دیکە، خۆی لە خۆیدا هەوڵو تێکۆشانە بۆ پەرەپێدانی دیمۆکراسیو جێگیرکردنی قانوون لە دەوروبەری ئەم وشکارۆیەدا.

ناکۆکی ئەم لایەنانە لەسەر چارەسەری قەیرانەکان لە ئاستی جیهانیو ناوچەییدا، قەیرانەکانی لە قەبارەی خۆیان بردوەتە دەرو قەیرانێکی وەک سووریە کە ئەمە سێ ساڵی تێپەڕاندو لە چوارەمین ساڵی خۆی دایە، یەکێکە لەم پرسانەی ئەم دوو بەرەیە سەرەڕای هەموو هەوڵو تێکۆشانەکان هیچ چارەسەرییەکی جیددیان بۆ

بەدی نەکردووەو لایەنەکان سەرەڕای خولقانی کارەساتو قەیرانی مرۆیی لە جەمسەری ژیئۆپۆلتیکی رۆژهەلاتی ناڤین، هیچ کام لە ئاستی داخوازیو داواکانی خۆیان دانەبەزینو هێشتاش بەردەوامەو رۆژانە گیانی مرۆڤ لەپێناو لوتبەرزیو بەرژەوەندی چاوچنۆکی خۆیدا لەخوێن دەگەوزێ.

دەگەڵ هەڵواسراویی ئەم قەیرانەو وردە قەیرانەکانی دیکەی وەک بەرنامەی ناوکی ئێرانو پرسی فەلەستین و...، لە پاڵ سنوورەکانی هێمای بەرەی رۆژهەلاتو میراتگری بلۆکی جیهانی کۆمۆنیزم رووسیە جیهان شایەدی ئەم رووداوە گرنگەی ئۆکراین بوو، کە دەکرێ بڵێین زیاتر لە هەموو رووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی کاریگەریی لە سەر داهاتووی پێوەندیی ئەم دوو بەرەیە لەسەر ئاستی جیهان هەبوو و دەبێ‌و، تەنانەت تاڕادەیەک یەکلاکەرەوەیە بۆ بەچۆک داهاتن و پاشەکشەی یەکێک لە لایەنەکانو چەقینی ئایدیای لایەنێکی دیکە لە خاکو بەستێنێکی وشکدا. ئۆکراینی یانکشیچی سەر بە رووسیە، سەرەڕای بەرین بوونی پانتایی خاکی و سنوورێک لەنێوان رووسیەو ئورووپا، هێمای هێژمۆنی پۆتین بوو بەسەر یەکە فیدراڵەکانی پێشووی یەکیەتیی سۆڤییەت. هەر بۆیە لەدەست چوونی ئەم وڵاتە کە بە دوویەمین وڵاتی گەورەی یەکیەتیی ئورووپا دەژمێردرێ‌و دوومین سوپای بەهێزی سنووری ئورووپای هەیە، زبرێکی قوورسە بۆ سەر رووسیە.

بەگشتی هەڵسوکەوتی رووسیە لە ئاست رووداوەکانی ئۆکراینو داگیرکردنی هەرێمی خۆبەڕێوەبەری کریمەو ترسی داگیرکردنی رۆژهەلاتی ئۆکراین بووە بۆ مۆتەکەی بیرو هزری وڵاتانی رۆژهەلاتی ئورووپاو بەتایبەت وڵاتانی بالتیکو ئەو وڵاتانەی مێژوویەکی تاڵو بیرەوەری ناخۆشیان لە یەکیەتی سۆڤییەت هەیە. پوتین بەبێ گوێدان بە داخوازی جیهانی لەسەر چۆل کردنی کریمەو بە فەرمی نەناسینی راپرسی کریمە، لە هەوڵی بەرفراوان کردنەوەی رووبەری رووسیەدایە. پرۆپاگەندەی بەر لە رۆژی راپرسی  کریمە بۆ لکان بە رووسیەوەو مۆڵدانی هێزەکانی پوتین لەپشت سنوورەکانی ئۆکراین هێندەی دیکە ترسی خستوەتە دڵی ئەو وڵاتە ئورووپاییانە کە کەمینەیەکی رووسی لە خاکەکەیاندا بوونی هەیە.

بەگوێرەی راپۆرتی هەواڵدەرییەکانی رووسیە راپرسی رۆژی ١٦ی مارس لەسەر لکانی کریمە بە رووسیەوە بە سەرکەوتوویی‌و بەشداری بەرینی خەڵک بەڕێوەچوو. ئەم راپرسی‌یە لە لایەن وڵاتانی رۆژئاواییو ئۆکراینو تاتارو کەمینەی ئۆکراینی نیشتەجێی دورگەی کریمە بایکۆت کرابوو و کۆمەڵەی نەتەوەکانیش رایگەیاندوە بەفەرمی ناناسن. دەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکاو رۆژاوا نیگەرانی خۆیان لەم هەڵسوکەوتەی رووسیە نەشاردۆتەوەو هەر کام دژایەتی خۆیان دەربڕیوە. چارەنووسی نادیاری کێشەو پرسە هەڵاواسرەکانی جیهان هەرچی زیاتر لێڵو ناڕوونتر دەنوێنێنو گەمەی سیاسی زلهێزەکان لەپێناو ئیمتیازی زیاتر لەم کێشە و ئاڕێشانەدا وێناچێ ئاسۆیەکی روون بەدیبێنن. ئایا پوتین سووریە دەکاتە قوربانی ئۆکراینو کریمە، یان ئۆکراین کریمە بیانوویەکن بۆ کڕینی کات و

وەرگرتنی ئیمتیاز لە بەرەی ڕۆژاوادا لە کێشەکانی دیکەی نێوانیان. هەرچییەک بێ، نە رووسیەو نەک ئەمریکاش زەبرێکی ئەوتۆ نابینن، جگە لە بەدەستهێنانو لەدەستدانی کۆمەڵە ئیمتیازێک، بەڵکوو ئەوە تەنیا تۆلێرانسو پێکەوەژیانی خەڵکی ئەم ناوچانەیە کە دەبێتە قوربانی زێدەخوازیی زلهێزەکان.

**لە ژمارە ٦٢٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٤**

---------------------------------------------------

## ساڵی ٢٠١٣، خراپترین ساڵ بووە بۆ ڕۆژنامەنووسان

لەم جیهانە ئاڵۆزەو بەربڵاوەدا، کە باو باوی ئازادیو داکۆکیکردن لە خەباتگێڕانی گەشەی ئازادیو ویستو ئیرادەو ئاشکراکردنی ڕاستییەکانە، ڕۆژی ١٣ی بانەمەڕ وەک ڕۆژی «جیهانیی ئازادیی ڕاگەیاندن» ناودێر کراوە. دیارە ئەگەرچی بە پێچەوانەی زۆربەی ڕۆژە پیرۆزە ناونراوەکانی دیکە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان لەم ڕۆژەدا نەک هچ جێژنو یادو ڕێوڕەسمێک ناگیرێ، بەڵکو ئەم ڕۆژە دەرخەری ئازارو ئەزێتی دوانەهاتووی سەر ئەم توێژە بەرپرسیارەی کۆمەڵی مرۆڤایەتییە. لەم ڕۆژەدا دەگەڵ ڕێزگرتن لە خەباتو فیداکارییو هەموو تاڵو سوێرچێشتووەکانی ڕۆژنامەنووسان، بینەری تۆمارێکی لەبڕاننەهاتووی چەوساندنەوەو کپکردنی هاوارو دەنگی ڕۆژنامەنووسانین. ئاماری ڕۆژنامەنووسە کوژراوەکانی ساڵی ڕابردوو، زیندانیکرانو دەرکردنو دوورخستنەوەو نان بڕینو تەرکەنیشتمان بوونو بە گشتی هەموو تەنگو چەڵەمەکانی سەر ڕێگەی خەباتی ئەم توێژە لەم ڕۆژەدا لە لایەن ناوەندە جیهانییەکانەوە بڵاوە دەکرێتەوەو دەخرێتە بەرچاویو بیروڕای گشتی. لەم نێوەشدا ئەم وڵاتو ناوچانە دەستنیشان دەکرێن کە زیاتر لە هەموو لایەک ئازاری ئەم توێژەیان داوەو شوێنێکی نائەمنن بۆ کارکردنی ڕۆژنامەنووسان.

میدیاو ڕاگەیەنە گشتییەکان بە کۆڵەکەی چوارەمی دیمۆکراسی دێنە ئەژمار، واتە ئەگەر وڵاتێک بەپێی قانوونو سیستمێکی دیمۆکراسی بەڕێوە بچێو، تەنانەت بناغەی جیابوونی دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەری، قانووندانانو دادوەری تێدا ڕەچاو کرابێ، بەبێ بوونی میدیای ئازادو سەربەخۆ ئەم دەسەڵاتو کیانە ناچێتە چوارچێوەی پێناسەی خەڵکسالارییەوە. هەروەک ڕوونو ئاشکرایە میدیای ئازاد لە دانی هەواڵو زانیاری گەیاندن، ڕۆڵێکی ئێجگار بەرزیان لە گەشەپێدانی بیری مرۆییو بەرەوپێش بردنی کۆمەڵی مرۆیی هەیەو، دەستوەرنەدانو نەبوونی

سانسۆری دەوڵەتی دەسەڵات، خوڵقانی دەرفەتێکە بۆ هاووڵاتییانو هاونیشتمانان تا بتوانن لە ڕێگەی دەربڕینی ئازادانەو بێترسو بێ لەمپەڕ بە هونەر، ئەدەبیات، موسیقی، فەلسەفەو لەو پۆپەکانی دیکەی زانستی بەهرەکانی خۆیان پێبگەیەنن‌و خەزێنەی زانستە دوانەهاتووەکانی مرۆڤ فورستر بکەن. تا لەم ڕێگەوە مرۆڤ بەرەو ماریفەتی زیاترو ژیانێ گونجاوتر هەنگاو شل نەکاتەوە. کەواتە ئازادی چەکی گەیشتن بە زۆربەی هەرە زۆری ئاواتەکانو پێویستییەکانی ژیانی مرۆییە، کە دەبێ بە کاناڵێزەی دروست ڕێچکەی سەرکەوتنی پێ بپێودرێ.

دیسان ئێرانی دەسەڵات سەدە ناڤینی ناوی لە نێو ناوانی دژە ئەم مافە دایەو، تەنانەت یەکێکە لەو وڵاتانەی ساڵانە ڕۆژنامەنووسان تێیدا بە هەموو جۆرەکانی چەوساندنەوەو سڕینەوە، توندوتیژییان لەگەڵ دەنوێندرێ. دیارە ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە بەرەی دژایەتیی ئازادییەکان جا هەر جۆرە ئازادییەکدا نەبێ جێگەی سەرسووڕمانە، کەواتە سەیر نییە کە ساڵانە ناوی ئێران لە پلەکانی یەک تا سێی دژبەرانی ئازادی ڕۆژنامەنووسیدا دەدرەوشێتەوە.

بۆ ڕێزگرتن لە فیداکاریو ئازایەتیی رۆژنامەنووسە چاونەترسەکانی جیهان، ئەمساڵ ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور لە ژێر بابەتی «سەت پاڵەوانی بواری راگەیاندن» دا ناوی سەت ڕۆژنامەنووسی لە رۆژی ئازادی جیهانی ئازادی راگەیاندندا بڵاو کردوە، کە ناوی چوار رۆژنامەنووسی ئێرانی‌یان تێدا دەبینرێ. عەدنان حەسەنپوور، سەعید مەتین‌پوور، ژیلا بەنی‌یەعقوبو سیامەک قادری ئەم چوار رۆژنامەنووسە دەسبەسەرکراوەن، کە چالاکییە «نەترسانە«کەیان لە لیستی بڵاوکراوەکەی هەوالنێرانی بێسنووردا، ڕەنگی داوەتەوە.

عەدنان حەسەنپوور، ئەندامی دەستەی نووسەرانی حەوتوونامەی راگیراوی کوردی - فارسی «ئاسۆ»، کە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٥ گیراوەو ساڵی ٨٦ بە تۆمەتی «چالاکی دژی تەناهی نەتەوەیی، سیخۆڕیو هەڵگەڕانەوە لە خوا» ئێعدامی بۆ دەرچوو. دیارە پاشان دوای بێنەو بەرەیەکی زۆرو نارەزایەتیو خۆپێشاندانی چالاکانی دەرەوەی وڵات بە ١٥ ساڵ زیندانی حوکم درا.

سەعید مەتین‌پوور، رۆژنامەنووسو ئەندامی دەستەی نووسەرانی حەوتوونامەی ئازەری زمانی «یارپاق» هەشت ساڵ (حکم تعزیری) دەبێ، کە ساڵی ٨٦ بۆ ماوەیەکی کاتی ئازاد دەکرێ و دواتر ساڵی ٨٨ دیسان دەیگرنەوەو ئێستا لە گرتووخانەی ئێڤینە.

سیامەک قادری ڕۆژنامەنووسو وێبلاگنووس، زستانی ٨٩ دوای دەرکرانی لە ئاژانسی کۆماری ئیسلامی، «ئیرنا» بە تاوانی بڵاوکردنەوەی درۆ و دەلەسە لە وێبلاگەکەی خۆیدا بە چوار ساڵ زیندانی و ٦٠ زەربە قەمچی حوکم دەدرێ.

ژیلا بەنییەعقوب، رۆژنامەنووسو سەرنووسەری وێبسایتی «کانون زنان ایران»یش ساڵ ۸۹ بە تاوانی «پرۆپاگەندەی دژی نیزامو سووکایەتیکردن بە سەرکۆماربە چەند ساڵ زیندان و ۳۰ ساڵ بێبەش بوون لە کاری رۆژنامەنووسی حوکم دەدرێ، کە دیار ئێستاکە سزاکەی کێشاوەو هەموو چەشنە کارێکی رۆژنامەیی لێ قەدەخەیە.

ئەمانە چەند نموونەیەکی زۆر کەمن لەو هەمووە کارە نابەجێ و دژە مرۆییانەی کە سیستمی کۆماری ئیسلامی دەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی دەکا. ئاماری بەرزی هەڵاتنی چالاکانو ڕۆژنامەنووسانو چالاکانی ئێرانی بە هەموو نەتەوەکانەوە نیشاندەری ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی کەسانێکی ناوێ، بەبێ رەزامەندیی دەسەڵاتبەدەستەکانی قامک لە ئاو رۆکەنو، ئازادیو سەربەرزی تەنیا لە ڕوانگەیەکەوە دروستە کە خۆیان پێناسەیان کردووە. هەر بۆیە شان بە شانی وڵاتانی وەک تورکیەو چین هەمیشە گەورەترین زیندان بووە بۆ ڕۆژنامەنووسان، کە دیارە گەورەترین زیندانیشە بۆ زۆربەی هەرە زۆری هاووڵاتیانی خۆشی.

لە کاتێکدا کە چاوەڕوان دەکرێ دۆخو ڕەوشی ئازادیو چاوکراوەیی لە جیهاندا بەرەو پێش بچێو گەشە بستێنی، بەڵام بە گوێرەی ڕاگەیەنراوی کۆمیتەی داکۆکی لە ڕۆژنامەنووسان، وا دیارە هەر دەبێ بگوترێ هەر ئەمساڵ خۆزگە بە پارِ. چونکە ئامارەکان نیشان دەدەن لە ساڵی رابردووی زایینیدا ۲۱۱ ڕۆژنامەنووس لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان بەهۆی بەجێگەیاندنی ئەرکی ڕۆژنامەنووسی تووشی گیرانو ئازاردان هاتوون. بە وتەی ئەم کۆمیتەیە، ساڵی ۲۰۱۳ی زایینی خراپترین ساڵ بووە بۆ رۆژنامەنووسان لە جیهاندا.

هەر لە بەرەبەری ئەم یادەداو ماوەیەک پێشتر دەوڵەتە میانەڕەوکەی حەسەن رووحانی دەستی کرد بە داخستنو گرتنی چەندین ڕۆژنامەنووس و، بەمجۆرە ڕووخساری مێهرەبانانەی ئەم دەوڵەتەش تاڕادەیەک بۆ توێژی ڕۆژنامەنووسانی ئێرانی دەرکەوت.

لە ژمارە ٦٣١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٤

------------------------------------------------

# ئاغای کۆنسوول کوردستان پاشنە ئاشیلی ئێوەیە!

ئارەش لۆرستانی

و: تەها رەحیمی

ئەو ماوەیە بڵاوبوونەوەی وتارێک لە ماڵپەڕی کۆنسولگەری ئێران لە سلێمانی، نارەزایەتیی توندی خەڵکی کوردی لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستانو کوردەکانی هەندەران لێکەوتەوە. نامەیێ لەم کورتە نووسینەدا وڵامی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بدەمەوە، بەڵکوو ئامانجو مەبەستێکی گرنگترو بەبایەخترم بەرسەرنجە، کە ئەویش شرۆڤەی بارودۆخی کوردو گرنگی ئەو پێگەیەیە کە ئەمڕۆکە کورد لە هاوسەنگی ناوچەییدا هەیەتی. هیوادارم خوێنەر پاش خوێندنەوەی ئەم کورتەوتارە، واقیعبینانە لە ناسیونالیزمی کورد بگاو باشتر لە ئامانجو بەڵگەی ئەم هێرشە راستەوخۆو ناڕاستەوخۆیانەی پاوانخوازان یا ئۆپۆزیسیۆن بگا.

پرسی کورد لەم ١٠٠ ساڵەی رابردوودا، بە تایبەت دوای کۆماری کوردستان، هەمیشە لە سەرووی گرنگترین هەواڵو شۆڕشو خەباتاندا بووە. لە دوای کۆماری کوردستانەوە هەتا ئێستا ناسیۆنالیزمی کوردیو خەباتەکانی لە پێناو بەدەسهێنانی مافە رەواکانی خۆی بە سێ قۆناخی نەریتی، مودێرنو هاوچەرخدا تێپەڕیوە، کە فۆرمو شێوەی خەبات بەگوێرەی پێداویستیو حەساسییەتەکانی هەر قۆناخێک گۆڕاوە.

کوردان لە وڵاتانی ئێران، عێراق، تورکیە، سووریە، بەڕێژەیەک لە ئەرمەنستانو هەندەران، وەک ئورووپا و ئەمریکا و... دەژین. گەلی کورد بە حەشیمەتێکی زیاتر لە ٤٠ میلۆن کەسەوەو رابردووی خەباتی ناسیۆنالیستی دوورودرێژ کە قۆناخەکانی نەریتیو مودێرنی تێپەڕاندووەو لە قۆناخی هاوچەرخدا هەوڵی بەدەستهێنانی مافەکانی دەدا، بووەتە خاوەن پێگەو ئەکتیڤییەک، کە بکەوێتە سەرووی لێکدانەوە سیاسییەکانی ئەو دوڵەتو ئۆپۆزیسیۆنانەی، کوردستان بە بەشێک لە خاکی خۆیان دەزانن‌و بەردەوام لە شرۆڤەو لێکدانەوەی دان. لە لایەکی دیکەوە ئێران، تورکیە، عێراق و سووریە وڵاتگەلێکن لە لایەن زلهێزەکانەوە بە هەستیارترین ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین دەژمێردرێن‌و ئەو زلهێزانە هەوڵ دەدەن دەستیان بەسەر ئەو وڵاتانەدا بڕوا، کەواتە کوردستان خاڵی هاوبەشی ئەو وڵاتانەیە کە هەمێشە بەرسەرنجی تایبەتی هێزە ناوچەییو جیهانییەکان بووەو هەیە. هەر بۆیە شرۆڤەی ناسیۆنالیزمی کورد پرسێکی زۆر گرنگو بایەخدارە کە بچووکترین هەڵە لەم بوارەدا دەبێتە هۆی خەوشدارکردنو نەزۆککردنی هەموو ئەو لێکدانەوانە.

ئەگەر لە روانگەی کوردەوە بڕوانین، دیارە گەلێک کە، گەورەترین گەلی بێ دەوڵەتی دونیایەو هەمیشە لە مافە مرۆییەکانیو مافی دیاریکردنی چارەنووسی بێبەش کراوە، خاوەن چ هەستیارییو ئامانگەلێکە. سەرنجدانو تێگەیشتن لە راستییەکانی مێژووی گەلی کورد، جوانتر سەنگی لێکدانەوەکانمان روون دەکاتەوە. لە ئێران، لە ماوەی دەسەڵاتی پەهلەوییو کۆماری ئیسلامیدا کارەساتەکانی وەک، ئێعدامی سەرکۆماری کوردستانو هاوڕێکانی، فەرمانی جیهادی خومەینی دژی کورد، شەڕی ٨ ساڵە کە ئەوسەرو ئەمسەری کوردستانی کردبووە گۆڕەپانی تەڕاتێنی سەربازیو بۆمبارانو کاولکاریی، بۆمبارانی شیمیایی شارەکانی سەردەشتو گوندەکانی وەک (زردە) کە دوای ئەو ژینۆسایدەش ئاوڕ لە تووشبووانو بەرکەوتووەکانی نەدرایەوە، کوشتنی رۆژانەی کۆڵبەرانی کورد، میلیتاریزەو ئەمنییەتی کردنی هەموو کوردستان کە ئاکامەکەی پشکی شێری ٦٠ لەسەدی ئێعدامەکانو زیندانییە سیاسیو مەدەنییەکانی کوردە لە ئێران لەچاو هەموو ئەو وڵاتە، رێژەی سەسووڕهێنەرو باڵای بێکاری، گیرۆدەیی بە مادده هۆشبەرەکانو هەژاریو کێشەو ئارێشەی سیاسی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی گەلی کوردی لە ئێران، کوردی هێناوەتە ئەم بڕوایەی کە تەنیا بیر لە دیاریکردنی مافی چارەنووسو کۆنتڕۆڵو بەڕێوەبردنی کاروبارەکان بەدەستی هێزی کوردی بکاتەوە. کوردستانی عێراقیش لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی رێژیمەکانی عەبدولکەریم قاسمو سەدام حسێندا کارەساتەکانی ژینۆسایدی ئەنفالی بەخۆیەوە بینی کە ١٨٠ هەزار قوربانی تێچوو، بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە، جینایەتە لە ئەژمارنەهاتووەکانی دەستدرێژی کردنەسەر ماڵو حاڵو کچ و ژنی کورد، کوشتنی بەکۆمەڵ، ئێعدامو زۆر کارەساتی دڵتەزێنی نامرۆیی دیکە، ئەم بەشەی کوردستانی بەرەو هەوڵی جیددی بۆ بەدەستهێنانی مافی مرۆیی خۆی لە چوارچێوەی پێکهێنانی حکوومەتی هەرێم دا هان دا. لە کوردستانی تورکیەش سەدان هەزار کەس ژینۆساید کران، هەزاران کەس بێسەرو شوێن بوون، ئاخاڤتن بە کوردی قەدەخە کرا، ناوە کوردییەکان، تەنانەت ناوی شارو گوندەکانیش بە زەبری چەک کرانە تورکی، میلیتاریزەکردنی باکووری کوردستان هەزاران میلیۆن دولاری هەڵگرت، بەڵام گەلی کورد لەم بەشەشدا بە زیندوو راگرتنی رۆحی ناسیۆنالیزمی کوردی توانیویە ئەمڕۆکە ئەردۆغان ناچار بکا ئیمتیاز و پووان بدا بە کوردو بە مەبەستی تۆلێرانسو پێکەوەژیانی ئاشتیانە مل بۆ دانوستانو بە فەرمی ناسینی مافی گەلی کورد دانەوێنێ. لە سووریەش، لە سەردەمی دەسەڵاتی حافز ئەسەدو کوڕەکەیدا، بارودۆخی کورد زۆر نالەبارو قەیراناوی بووەو ئەم بەشەی کوردستان تاڵترین ئەزموون بیرەوەریی لە ژیانی ژێردەستەیی خۆیدا تۆمار کردوە. کوردان لەم وڵاتە لە سەرەتاییترین ماف، واتە ئاخاوتن بە زمانی زگماکیو هەبوونی پێناس بێبەش بوون، هەمیشە سەرو ماڵیان لە مەترسی دابووەو لە مەترسی دایە، تەنانەت دوای سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکانو راپەڕین دژی دەسەڵاتی ئەسەدیش، کوشتنی خاوخێزانی کورد لە رێگەی چەکە شیمیاییو تۆپ و تانک و فڕۆکە شەڕکەرەکان، ئاوارەبوونی سەدان هەزار کوردو هانا هێنان بۆ باشووری کوردستانو تورکیە، تەڕاتێنی هێزەکانی دەوڵەتی سووریەو سوپای قودسی کۆماری ئیسلامیو چالاکی ئسیلامگەرا زێدەڕۆکان لە رۆژاوای کوردستان، راستییەکی تاڵی دیکەن لە ژیانی کورددا. ئاماری کۆچی بەرزی چەندین میلیۆن کەسی پارچەکانی کوردستان بۆ ئورووپاو ئەمریکاو بە دوای ئەویشدا قەیرانی شووناس (هویت)

خاڵێکی زۆر گرنگە کە دەبێ بایەخی بدرێتێ.

ئەگەر لەو راستیانە وردبینەوەو سەرنج بدەینەوە ئەم بابەتە گرنگەی کە پارتو لایەنە کوردستانییەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان - چ پارت و لایەنە چەپ یان راستەکان - تەوەری سەرەکی خەباتیان دروشمی ناسیۆنالیستیو دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسینەو لەم چوار وڵاتەشدا گرنگترینو بەرابردووترین لایەنە سیاسییەکانن، هەروەها ئەگەر سەرنج بدەینەوە هەستی هاودەردیو هاوخەمی کوردان لە هەموو کوردستانو هەروەها وڵاتانی رۆژئاوایی، دەبینین کورد لە هەر کوێیەک بێ، پەرۆشی دەنگوباسی کوردستانە، کە دەمانگەیەنەتە ئەم راستییەی ناسیۆنالیزمی کورد هۆی یەکیەتیو هاوپێوەندی کوردەو لە راستیدا وڵاتانی ئێران، عێراق، تورکیەو سووریە بیانەوێ پێکەوەژیانێکی ئاشتیخوازانەیان هەبێو بەرەو دیمۆکراسی هەنگاو بنێنن، دەبێ رێز لە ناسیۆنالیزمی کوردی بگرن و بەرەو دابینی مافەکانی گەلی کورد هەنگاو بنێن.

روونو ئاشکرایە رێزگرتن لە مافی کوردان، مەرجی پێویستی رووەو دیمۆکراسییە بەڵام پێویستترە رێز لە ئیرادەی هەموو نەتەوەکانی چوارچێوەی ئەو وڵاتانە بگیرێو دان بە بوونو مافەکانیاندا بنرێ. رێزگرتن لەو نەتەوانەی کە دەتوانن ببنە هۆکاری گەشەو پێشکەوتنی تواناییو پوتانسیەلی نەتەوەکانی ئێران، تورکیە، عێراقو سووریە، کە هەنگاوێکی نوێ بۆ هەوێنگرتنی رۆژهەڵاتی ناڤینێکی نوێیە، ئەگەرنا بە سەرنجدان بەو زەنگە مەترسییەی بۆ دیکتاتۆران و پاوانخوازان دەنگی بەرز بۆتەوە، دەبێ چاوەڕوانی تەقینەوەی ناڕەزایەتی سیاسی و مەدەنی هەموو ئەو نەتەوە چەوساوەو بێبەشانە بین.

لە ژمارە ٦٣٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠١٤

---------------------------------------------------

# پێکهەڵکردن و تۆلێرانسی ئایینی لە رۆژهەڵاتی ناڤین

لووتکەی پێکهەڵنەکردنی هەموو دیاردەیەکی زیندوو لە گیانلەبەرانەوە بگرە هەتا مادده کیمیایی و هەر کەرەستەیەکی خاوەن دژکردەوە، ڕووبەڕووبوونەوەو پێکهێنانی یان دەرخستنی حاڵەتو دیاردەیەکی نەخوازراوە. بۆ وێنە کاتۆد و ئانۆد لە کارەبادا، ئەگەر بگەن بە یەکتری گرێکی توند دەخەنەوە و دەبنە هۆی بڕانی کارەباو ڕەنگە کارەساتیش، یان زۆر لە مادده کیمیاییەکان دەگەڵ پێکگەیشتن دەبنە هۆی تەقینەوەو یان گۆڕینی یەکتری. هەر چەند ڕەنگە زۆر جاریش ئەم پێکهەڵنەکردنە ئەرێنی بێ، بەتایبەت سەبارەت بە کارلێکی مادده کیمیاییەکان، کە بەرهەمدارە. بەڵام لە هەمووی ئەو دیاردە بێگیانانە گرنگتر پێکهەڵنەکردنی مرۆڤە، کە ئاکامی شەڕو خوێنڕێژی و هاتنە ئارای کەشێکی وەحشیانەی لێ دەکەوێتەوە. پێک هەڵنەکردنی مرۆڤەکان پێکەوە، نەک یەک تەقینەوەو بڕانی کارەباو، نەک ئاڵوگۆڕێکی ماددەیی و بەڵکوو توندوتیژییەک بەرهەم دێنێ کە هەموو پێکهەڵنەکردنەکانی دیکە دەکا بە ئامرازی پێکهەلنەکردنی خۆی. ڕابردووی مرۆڤ لە سەرەتاوە بە پێکهەڵنەکردن دەست پێ دەکاو هەتا ئەم زەمانەش هەر قوڕی نەزانی و ئەم پێکهەڵنەکردنانەی دەشێلێ. سەرەڕای پێشکەوتنی بیرو هزری مرۆیی و نووسراوەوەی دەیان و سەدان و بگرە زیاتریش قانوون و بەربەست و لەمپەڕ لەپێناو لغاوی کەفوکوڵی کوێرانەی مرۆڤ، سەرەڕای سەدان و هەزاران بەڵگەو دیکۆمێنێت و بیرەوەری تاڵی مێژوویی لەسەر ناکۆکی؛ هەمێستاش زیاتر لە جاران پێکهەڵنەکردن، گۆڕەپانی ژیانی لە میلیۆنان کەس تاڵ کردووە لێشاوی کۆچ و کۆچاندن و هەڵاتن و تەرکە زێدی و کۆمەڵکوژی ئایینی و نەژادی و نەتەوەیی مرۆڤی پێشکەوتووی سەدەی بیست و یەک دۆشداماو کردوە. هەموو ئایینەکانی جیهان بە ئەوانەی ئێستا شوێنکەوتوویان هەیەو، چ ئەوانەی هاتوونو لە لاپەڕەکانی مێژوودا دەدرەوشێنەوە، بە مەبەستی هێنانە ئارای کەشێکی تژی لە خۆشەویستی و گەیاندنی مرۆڤ بە ساغ و سەلیمییە هەتا دوا هەوارگەی ژیانو دەگەڵ ئیمانداری و خوداپەرستنی کاری چاکە و ... پێکهەڵکردن و ڕێزگرتن لە مرۆڤ بنەمایانە. بەڵام بە دوای داهێنەرانی ئەم ئایینانانەوە، شوێنکەوتوان ئایینەکانیان کرد بە ئامرازی هێنانەدیی مرازەکانی خۆیان و بە تێکەڵ کردنی وتەوبێژەی جۆراوجۆر و فرۆفیشاڵی نەدیتراو، ماکی ئایینیان بە جۆرێک گۆڕی کە ناچنەوە سەر بنەمای ڕەسەنی خۆیان و شەڕو شووری بەلێشاوی ئەمڕۆکەش هەروەک دەبینین، ئاکامی بیری هەندێک بەرژەوەندیخوازە کە بە ناوی ئایین و پاراستنی ڕەسەنایەتی خۆ، ڕێگە بۆ هاتنە دی خەونە گڵاوەکانی خۆیان خۆش دەکەن.

بەتایبەتیش ئەم پێکهەنەکردن و ئاژاوانە لە مەڵبەندی سەرهەڵدانی ئایینەکان دوور نین. ئاگری ناکۆکی جیهانی شیعی و سوننی لە بەرەکانی شەڕی سووریە پەلی هاویشتە عێراق و هەنووکە لە سەرانسەری ناوچەی

ڕۆژهەلاتی گەورەو هەروەها جیهانی ئیسلامدا بە جۆرێک لە جۆرەکان شەڕی ئەم دووبەرەیە لە ئارادایە و سەرکردەو ڕێبەرە چاچنووکەکانی هەردوو لا، بێبەزەییانە کاریگەرن لەسەر بەرین بوونەوەو قووڵبوونەوەی گرژییەکان. دەگەڵ شەڕی نێوخۆیی ئایینەکان شەڕی ئیسرائیل و فەلەستین ئەم ڕۆژانە بووەتە ڕۆژەڤی جیهان و سات و کات نیە، دەیانو سەدان ئینسانی بێتاوان گیانیان لێنەسەندرێ، کە دەکرێ بڵێین بە دیوەکەی دیکەیدا هەمان درێژەو پاشکۆی شەڕی یەکەمەو، تەنانەت پۆلوو و ژیلەمۆی گەشاوەی ئاگرێکی کۆنە کە بەدوای شۆڕشەکانی بە ناو بەهاری عەرەبیدا بەرەو قووڵبوونەوەیە.

دەگەڵ هەمووی ئەوانە، بەڵام لە ئێران، ناوەندی ڕێبەریکەری یەکێک لەبەرەکان، کە ڕاستەوخۆ دەستی لە هەموو کێشەکانی ناوچە و بگرە دوور لە ناوچەکەش دا هەیە، شەڕێکی شاراوە نەک هەر دەگەڵ ئایین و ئایینزاکانی جگە لە شیعی بەڵکوو دەگەڵ هەر چەشنە جیابیری و ئازادی و هەرچییەکی بۆنی ئازادی و مافی مرۆڤی لێ بێ، لە ئارادایە. ئێران لەمێژە سەرووی خشتەی زۆرترین زیندانیانی سیاسی، هزری، ئایینی، ڕۆژنامەنووسی و ئێعدامی گرتووە، پێ ناچی هەتا مێژەر بەسەرەکانی وەک ویلایەتی فەقیه و دەورووبەرەکانی بەم هزرانەوە دەسەلاتی ئەم وڵاتەیان بەدەستەوە بێ؛ ئەم وڵاتە پلەی یەکەمی پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ لە بیاڤە جۆراوجۆرەکاندا هەبێ.

ئەو ڕاپۆرتانەی ساڵانە لەسەر زەوتی ئازادییەکان و کردەوە نامرۆیی و دژە ڕەوشتییەکان بڵاو دەبنەوە، ناوی ئێران و کردەوەکانی لە سەرووی زۆربەیاندا دەدرەوشێتەوە. ئەمساڵیش بە گوێرەی نوێترین ڕاپۆرتەکان، ڕاپۆرتی پێشێلی مافی کەمینە ئایینیو ڕاپۆرتنێرانی بێسنوور؛ ئێران پێشەنگی وڵاتانی ئەو مافانەیە کە سەرەتاییترین مافی مرۆڤن. ڕاپۆرتی ساڵانەی ئازادی ئایینی باس لەوە دەکا پێشێلی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران تەنیا بوارەکانی بزربوون، هەڵسوکەوتە نامرۆییەکان، زوڵم و زۆری، سووکایەتی پێکردن، یان سزاکانی دەسەلاتی قەزایی وەک پەڕاندنی ئەندامانی لەش، یان لێدانی قامچی و دەیان ئازار و ئەزێت و زیندانی تاکەکەسی و مردنە گوماناوییەکانی نێو چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ناگرێتەوە، بەڵکو ڕەشبگیری سەربەخۆیی هێزە ئەمنییەکان، بەبێ ئەوەی زیندانی بتوانی پێوەندی بە دەرەوەی زیندان هەبێ، نەبوونی دادگەی سەربەخۆ و خاوەن دەسەلات و محاکمەی نادادپەروەرانە، بوونی کۆمەڵێک زیندانی سیاسی، دەسبەسەرکردنی ڕۆژنامەنووسان، بەزاندنی هەرێمی تایبەتی و تاکەکەسی و پشکنینی ماڵ و حاڵی هاووڵاتییان، سنووردارکردنی ئازادییەکانی بیروڕا و ئازادی ئاکادمیک و بەرتەسک کردنەوەی کۆبوونەوە و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە ئایینییەکان بەشێکی باس نەکراوی پێشێلی مافی مرۆڤن لەو وڵاتە. ئەو وڵاتەی کە لە ژێر ئەنجامی ئەم هەمووە کارەسات و پێشێلکارییانە ڕوو بە دنیای دەرەوە فرمێسک بۆ هەژاران و چەوساوەکان هەڵدەوەرێنێ و ڕووخساری شەیتانی باندی ویلایەت فەقیهی بە داکۆکیکاری مافی مرۆڤ نیشان دەدا. سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ڕوو بە دەرەوە سیاسەتێکی دڵۆڤانانەو دیمۆکراسیخوازانەیەو تەنانەت زۆر جار لە دەمی یەکەم کەسی دەسەلاتەوە مافی چارەی خۆنووسین و گشتپرسی بۆ

کەمە نەتەوەکانی ناوچەکە دەبیستریّ، کەچی مافی چارەی خۆنووسین بۆ چل میلیۆن کەس لە دراوسێییەتی خۆیدا، پێدەچی لە ئایات و ئەحادیسی بەردەستی خامنەییدا دژایەتی دەگەڵ کراوبێ.

هەر لە پێوەندی دەگەڵ پێشێلی ئازادییەکاندا، ڕاپۆرتنێرانی بێ سنوور ڕایگەیاند ئێران پێشەنگە لە زیندانی کردنی ڕۆژنامەنووسان و وێبنووساندا و هەنووکە ١٠ ژنی نووسەر لە زیندانەکانی ئێران دان، کە تاوانیان تەنیا نووسین و دەربڕینی بیروڕایە.

گیرانو دەسبەرکردنی کەسانی سەر بە ئایینەکانی دیکە وەک بەهایی، سووکایەتی کردن بە هاونیشتمانانی یارسان، دەسبەسەرو ئەشکەنجەی شوێنکەوتووانی ئایینی مەسیحی، هەڵاواردنو کار نەسپاردن بە سوننی مەزهەبەکان، بەشێکی ساکاری ئایدیۆلۆژی مەترسیداری کۆماری ئیسلامین کە تەشەنەی ئەستاندوە بۆ هێزە پاشکۆکانیشی لە ناوچەکەداو، هەروەها هەڵخڕاندنی دژکردەوەی توندوتیژی لایەنی بەرانبەر بۆ ئەوەی لەم کارانەدا دەست لە سیستمی کۆماری ئیسلامی بستێنێ.

کردەوەکانی داعش لە مووسڵ لەسەر دەرکردنی ئایین و ئایینزاکانی جگە لە سوننی، نیشاندەری ماکی قووڵی ئەم برینەن بە جەستەی تۆلێرانسی مرۆڤەوە. ئەگەر هەنگاوەکان بەمجۆرە بە خێرایی بەرەو دابڕان و لێکترازانی موزائیکی کۆمەڵگەکان بڕۆن، دوور نییە ئەم ناوچەیە کە پەنگخواردووی زوڵم و زۆری مێژووە لە سایەی سەری دەسەڵاتە تا ئێسک دیکتاتۆر و کۆنەپارێزەکانی وەکی کۆماری ئیسلامی ئێران بتەقێتەوەو دیسان گەورەترین کارەساتەکان تۆمار بکا.

لە ژمارە ٦٣٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٤

---------------------------------------------------

## تەرازووی لاسەنگی بەڵێنیو کردەی دەوڵەتی ڕوحانی

بە تێپەڕی ساڵێک بەسەر تەمەنی دەوڵەتی حەسەن ڕوحانیدا، کە بە کۆمەڵێک دروشمی زرقەو بریقەدارەوە هاتە مەیدان، زۆربەی هیواو ئارەزووەکانی گەلانی ئێران بە تایبەت لە بواری نێوخۆییدا بەرەو کاڵبوونەوەن. ئەگەرچی کارنامەی ڕوحانی لە ماوەی ئەمساڵەدا لە زۆر بواری وەک فەرهەنگی، ئابووری، ژینگەیی، سیاسەتی دەرەوە، سیاسەتی نێوخۆ، مافی مرۆڤ، مافی نەتەوە سەرکوتکراوەکان، سپاردنی بەرپرسایەتی بە کەسانی خۆجێیی و ... هتد جێگەی ڕاڤە و لێکدانەوەیە، لەم کورتە نووسراوەیەدا هەوڵ دەدرێ چاوێک بە بەڵێنییەکان و ڕاگەیەنراوە پرۆپاگەندەییەکانی سەردەمی هەڵبژاردنی ناوبراو بەتایبەت لە سەر ئەو دروشمانەی بۆ نەتەوە بندەستەکان هەڵیگرتبوون، بخشێنرێ.

ڕوحانیش وەک بەربژێرە بەندکراوەکانی خولی پێشووی هەڵبژاردنی سەرکۆماری زیاتر لە ڕاگەیەنراو و پرۆپاگەندەکانی پرۆپاگەندەیی هەڵبژاردن هەوڵی دا وەدوای ویست و داخوازییەکانی زۆربەی خەڵک بکەوێو لەم نێوەشدا گرنگی بە مافی پێشێلکراوی گەلە سەرکوتکراوەکانیشی دا، چونکە ئەویشی باش تێگەشتبوو کە زۆربەی گەلانی چوارچێوەی ئێران لە حاشیەکانو سنوورەکان سەر بە نەتەوەی فارس نین و لەمێژیشە سەرەتاییترین داواکانیان پێشێل دەکرێو وەک هاوڵاتی پلە دووو تەنانەت خوارترو، هەروەها نامحرەم چاویان لێکراوەو لێدەکرێ. هەر بۆیە هەوڵی دا هەتا بۆی بکرێ هێنانەی ویستە نەتەوەییو ئایینییەکانی ئەم گەلانە ڕەچاو بکاو بیهێنێتە بەرباس. کەواتە لە ڕاگەیەنراوەکانیو بەتایبەت لە ڕاگەیەنراوە ١٠ ماددەییەکەیدا بە خەستی ئاوڕی لە داواو ویستی ئایینی و نەتەوەیی گەلە بندەستەکانی ئێران دایەوەو خەڵکیش کە هانایەکی دیکەیان شک نەدەبرد بە دەنگ دروشمەکانییەوە چوونو هەروەک لە ئاکامەکانی هەڵبژاردندا دەرکەوت؛ زیاتر لە ٧٥ لە سەدەی دەنگی نەتەوە بندەستەکانی ئێرانی بەدەست هێنا، کە لە کوردستانی بندەستدا لە هەندێک ناوچە زیاتر لەم ڕێژەیەشی دەستەبەرکرد. نەتەوە بندەستەکان دڵیان بەم دروشم و بەڵێنانە خۆش کردبوو کە باسی لە سپاردنی کاروباری ناوچەکانی بە خەڵکی خۆجێی دەکردو لەم نێوەشدا هەڵبژاردنی پارێزگار، بوونی وەزیر لەم نەتەوانە لە کابینەی دەوڵەتدا، خوێندن بە زمانی زگماکی، دیاریکردنی نوێنەرێک بۆ ڕاگەیشتنی بە کاروباری نەتەوە بندەستەکان دەکرد.

بەڵام دەگەڵ دەست بەکاربوونی ڕوحانی جگە لە پشتگوێ خستنی زمان و ئایینو ئایینزای نەتەوە بندەستەکان لە بیاڤی بەشداریی گشتی لە بەڕێوەبردنی وڵات و دەسەڵاتدا، کابینەکەی ڕوحانی تاقە کەسێکی نەتەوەو ئایینە

بندەستەکانی بەخۆوە نەبینی هیچ، تەنانەت بە بیانووی جۆراوجۆریش یەک پارێزگاریش لە کەسانی خۆجێی هەڵنەبژاردران. بۆ وێنە لە پارێزگای سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ڕێژەیەکی یەکجار دەنگی بۆ پرۆژانەی ڕوحانی دابوو، سەرەڕای هەڵنەبژاردنی پارێزگار لە خەڵکی ئەیاڵەتەکە، سووکایەتیش بە کەسایەتییەکانیش کراو، لە هەندێک لێدوانی بەرپرسانی دەوڵەتدا هۆکاری هەڵنەبژاردنی پارێزگار لەم ئوستانە، نەبوونی کەسی شیاو بوو؛ کە کۆمەڵێک نارەزایەتی خۆجێی لێکەوتەوە. لەمەڕ خوێندن بە زمانی زگماکیو جێبەجێ کردنی ماددەی ١٥ قانوونی بنەڕەتی کە یەکێک لە بەڵێنە قورسو قایمەکانی ڕوحانی بووو زیاتر هەڵوێستەی لەسەر دەکرد، هێشتاش لە چوارچێوەی دروشم داماوەتەوەو تەنانەت کاتێ بەرپرسی پەروەردە باسی لێوەکرد لە لایەن «فرهنگستان فارسی» و هەروەها کۆمەڵێکی زۆر پانی فارسیزم دژایەتی دەگەڵ کرا. لە کوردستان، کە هەمیشە پشکی شێری لە سەرکوت، بێبەشی، میلیتاریزە کردن، ئەمنییەتی کردن، ئێعدام، گرتنو دەستبەسەرکردن و بەگشتی پێشێلی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بەر دەکەوێ؛ دەگەڵ هاتنە سەرکاری «دەوڵەتی تەدبیرو ئۆمێد»، نەک هەر ئەم ئازارو مەینەتانەی کەم نەبوونەتەوە، بەڵکوو دوورخستنەوەو ئێعدامی لاوان و گیراوانی سیاسیو جیابیر زۆرترو خێراتریش بووەو ڕۆژ نییە وێڕای ئێعدامی شاراوەو ئاشکرای ڕۆڵەکانی کورد لە زیندانەکانی ڕێژیمدا، لە ڕێگەو ڕێچکە و کوێرەڕێگەکانی سەر سنوورەکان، لاوان و گەنجانی کورد بە تاوانی نان پەیدا کردن نەبنە نێچیری هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی. بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە کوردستان زیاتر بەرەو هەڵدێرەو، دەوڵەتەکەی ڕوحانی کە دروشمی نان و ئازادی زیاتری هەڵگرتبوو لە دەوڵەتەکانی پێشوو زیاتر گوێی خۆی لێ ئاخنیوەو تەنانەت بە درێژپێدانی دانوستان دەگەڵ هێزە جیهانییەکان لەسەر بەرنامەی ناوکی، داوا سەرەکییەکانی خەڵکی نێوخۆی لە دیدی بیروڕای گشتی جیهانی شاردۆتەوە و پەراوێز خستوە. هەر لە کوردستان، لە پارێزگای ورمێ ئەنستیتۆ کوردییەکان دادەخرێنو تەنانەت لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ڕوحانیدا هەوڵ دەدرێ ناوی گەڕەک و کوچەو کۆڵان و ناوە کوردییەکانی دوکانانی شاری ورمێ بسڕێنەوە، کە ئەمەش خۆی خۆش کردنی ئاوری دووبەرەکیو تەنگەژەی نێوان دوو نەتەوەی دۆستو هاوسۆزی تورک و کورد خۆش دەکا. دەوڵەتی ڕوحانی لە سیاسەتی دەرەوەشدا کە دەوترێ سەرکەوتووتر بووە، هەتا ئێستا شتێکی ئەوتۆ لە گۆڕانی بنچینەیدا نابینرێ. هەروەک دەبینین ئێستاش پارەو سامانی خەڵکی ئێران لە بەرەکانی شەڕ لە سووریە و عێراق توندوتیژییەکانی ناوچەکە خەرج دەکرێ، لە حاڵێکدا بێکاریو بێبژێوی هەڕەتی لە خەڵکی ئێران بڕیوە.

تەرازوی لاسەنگی بەڵێنی و بەکردەیی کردنی بەڵێنییەکانی دەوڵەتی ڕوحانی بووەتە هۆی ئەوەی دیسان خەڵک زیاتر لە چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان ناهۆمێد بن، چونکی کاتێک دەبینن دەنگەکانیان بە هیچ لایەکدا کاریگەر نین لە هێنانەدی لانی کەمی ویستەکانیانو سیاسەتەکانی وڵاتەکەیان نەک لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە، بەڵکو لە ڕوانگەی سیستمی تئۆکراسی ئاخوندەکانو باندی ویلایەتی فەقیهەوە دادەڕێژرێو بەگوێرەی بەرژەوەندی بەرپرسانی حکوومەتی سێبەر سیاسەتی ئابووری و بوارەکانی دیکە ڕێکدەخرێنو کۆمەڵگە لە سەر

پێوەری دواکەوتوو و پاشڤەڕۆیی سیستمێکی سەدە ناڤینی چالاک دەکرێ و ئیزنی پشووهەڵکێشانی پێدەدرێ، زیاترو زیاتر هیوابڕاو دەبنو کۆمەڵی کۆچبەران و هەڵاتن لە ژێر سایەی ئەم سیستمە زیاد دەبێ. هەروەها بە درێژەکێشانی ئەم نایەکسانی و هەڵاواردنانە، بزاڤ و بزووتنەوە هێمنو مەدەنییەکان ڕەنگە جێ بدەن بە ڕەوتو بیری توندوتیژ، کە هەر ئێستا لە بنانگوێی ئێران لە ئاکامی سیاسەتی هەڵەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی لە عێراق هاتوەتە ئارا. بەلاڕێدا بردنی ویستو گاڵتەکردن بە دەنگ و ویستی خەڵک، هەڵفریواندنی گەلانی ژێردەستو مافخوراوی ئێران هەتا سەر بەم هێمنییە نامێنێ، بەتایبەت وڵاتێکی وەک ئێران کە خەڵکەکەی خاوەن ئاستی وشیاری بەرزە لە زۆر بوارانەوە. ئەم پشوودرێژییە کۆتایی دێ‌و، ئەم کاتە وڵاتەکەی ئێمەش لە ئاڵۆزی و بشێویدا دەست لە وڵاتەکانی ناوچەکە دەستێنێ، کە بوونەتە سەرچەشن بۆ توندوتیژی و هەژاندنی ویژدانی مرۆیی.

**لە ژمارە ٦٣٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٤**

---------------------------------------------------

# وتوویژی رۆژنامە کوردستان لەگەڵ یوسف بەنی ترۆف لەسەر کاریگەرییە سیاسییەکانی چالاکییەکانی داعش لەسەر موسلمانانی رۆژهەڵاتی ناڤین



**دیمانە: ئارەش لۆڕستانی**

**و: تەها رەحیمی**

**پرسیار: ئەگەرچی گرووپ و تاقمی بناژۆخوازو توندوتیژی دیکە لە رۆژهەڵاتی ناڤین هەن، هۆکاری دەرکەوتنی دیاردەی دەوڵەتی ئیسلامی ئێراق و شام (داعش) دەتوانێ چ بێ؟**

**وەڵام**: لە عێراق لە ١٤٠٠ ساڵ پێشەوە، واتە لە کاتی سەرهەڵدانی ئیسلامەوە هەتا ئێستا سونییەکان دەسەڵاتیان بەدەست بووەو شیعەکان لە ماوەی ئەم چاردە سەدەیەدا نزیک بە ٧٠ یا ٨٠ ساڵ دەستیان رۆیشتوە. شیعەکان لە سەردەمی ئالی بویە، لە سەردەمی سەفەوییەکان و رەنگە یەک دوو زنجیرەی بچووکی دیکەش هەبووبن کە دەسەڵاتیان هەبووبێ بەڵام ئەو ماوەیەی دیکە واتە سێزدە سەدە سونییەکان لەم کەوشەنە دەسەڵاتبەدەست بووون. کەواتە هەر بۆیە ئەو ئاڵوگۆڕو گۆڕانکارییانەی لە ساڵی ٢٠٠٣ ەوە تا ئێستا لە ئێراق روویان داوە بۆ عەرەبە سونییەکان هەرس کردنی دژوارە. واتە لەپڕ سوننەکان لێدەکەونو هاوبەشی وەک شیعەو کوردەکانیان لێ پەیدا دەبێ. هاوبەشی کورد لە دەسەڵاتی ئێراقدا بەهۆی رابردووو خەباتی دوروودرێژیان گەنگەشەخوڵقێن نییە. پرسی کورد لە ئێراق کەم کەم جێکەوتووە هەمیشە لە بیری چارەسەریدا بوون، هەروەها لە بواری مەزهەبیشەوە جیاواز نین، بەڵام لەبابەت شیعەکانەوە جیاوازە. کە ئەمانە بەبڕوای من ریشە مێژووییەکانی کێشەکەن. دەسوەردانو دەسڕۆیشتوویی بێوێنەی ئێران بەتایبەت لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی مالکیدا بەو کێشانەوە زیاد بکەن. ئەو دەسوەردانو دەسڕۆیشتووییەی ئێران بارەکەیان قورسترو ئاوەکەیان لێڵتر کرد. بەتایبەت لە پەراوێزخستنی

سونییەکانو رێبەرانی سونی کە لە سەردەمی مالکیدا بە لووتکە گەیشت. لەو بەرنامەو نەخشە سیاسییەی کە ساڵی ٢٠٠٣ دارێژرا جێگەو پێگەی سونیش لەبەر چاو گیراو ئەوانیش بەشدارییان کرد. کە سەرۆک پارلەمان درا بە سونیو سەرکۆماریش بەکورد، کە ئەویش هەر سونییە. کەواتە تا ئێرە سونە نەدەبوو کێشەیان هەبێ. بەڵام ئەم دابەشینە بە سەرنجدان بە هێژمۆنیو دەسەڵاتداریێتی مێژووی سونەکان زۆر کەمڕەنگ بووو لە دڵیان گران بوو. بەڵام لە سەردەمی مالکیدا ئەم پەراوێزخستنو لەسەر کار لابردنانە بەتایبەت دوا ساڵەکان بەوپەری خۆی گەیشت. واتە بە چەشنێک بوو کە تەنانەت حیزبی ئیسلامی کە بە حیزبی سونەکانی ئێراق ناسراوە کەوتە بەر شاڵاوی پرۆسیسی پەراوێزخستن. بۆ وێنە بینیمان کە چ بارودۆخێکیان بۆ تاریق هاشمی جێگری سەرۆکوەزیران پێکهێنا. هاشمی ناچار پەنای بردە هەولێرو لەوێشەوە بەرەو تورکیە دەرچوو، ئێستاش هەر لە تورکیەیە. تاریق هاشمی یەکێک لە سەمبۆل و نوێنەرە میانەڕۆیەکانی سونی بوو لە دەسەڵاتی ئێراقدا کە لە ئاکامی ئەو کارانەو لە راستیدا سەرەڕۆییانەدا ئەم دۆخەی بەسەر هات. یا ئەوەی کە ئەحمەد ئەلوانی نوێنەری شاری رۆمادی لە پارلەمانی ئێراق دەسبەسەر دەکەنو بەر لە دەسبەسەرکردنیشی براکەی لە خۆپێشاندانی هێمنانەی شاری رۆمادی کە ناوەندی پارێزگای ئەنبارە دەکوژنو ئەحمەد ئەلوانی هێشتاش لە زیندانە. لە ئاکامدا رووبەرووبوونەوەی توندوتیژانەی مالکی دژی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی شارەکانی رۆمادی و فەلوجە بۆوە کە ساڵێک درێژەی هەبوو، بەم کێشانەوە زیاد بکەن. ئەم هەمووە هۆکارانە بوونە هۆی ئەوەیکە عەرەبە سونییەکان هەست بە ستەم بکەن. لە ئاکامدا ئەم خەڵکە دەگەڵ یەکەم رەوتێکی بەهێز کەوتن کە سەریهەڵدا. من پێم وایە ئەمانە هۆکاری بەدیهاتنی دەوڵەتی ئیسلامی ئێراقو شامن.

**پرسیار**: **کۆمەڵگەی عەرەبو بەتایبەت موسلمانانی سونی لە ئێراقو سووریە کە ساڵهایە دەچەوسێنەوە چۆن دەڕواننە داعش؟ رادەی کاریگەریی داعش لەسەر ئەو خەڵکە چەوساوەیە چۆن بووە؟**

**وەڵام**: داعش یان دەوڵەتی ئیسلامی لەڕاستیدا ئەو بەربژێرە دڵخوازەی خەڵکی سونی نیە. لە نێوان خراپو خراپتردا، خەڵک بە ناچاری ئەوانیان هەڵبژاردوە. خراپترین، هەمان بارودۆخی ئارایيو دەسەڵاتی پاوانخوازانەی شیعەکان بەدەستی مالکیو هاومەزهەبو هاوبیرانێتی. من پێموایە عەرەبە سونییەکان وەک هێزێک کە دەسەڵاتی فیرقەیی- مەزهەبی شیعە تێکدەشکێنیو نفووزی ئێران لە ئێراق تووشی گرفت دەکا دەڕواننە داعش، ئەگینا پێموانیە هەموو سونییەکان لەگەڵ داعش بن. هێزە تاییفەیی شۆڕشگێڕو بەعسییەکان بە ئاشکرا رەخنە لە داعش دەگرن. من دیومە رێبەری هۆزەکان کە خاوەن دەسەڵاتو دەسڕۆیشتوون زۆر جاران لە تلویزیۆنەکاندا رەخنە لە داعش دەگرنو تەنانەت هێندێکیان ئێستا لە هەولێرن. جا بۆیە ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە دەسەڵاتی بەغداو بەتایبەت لەویش گرنگتر لە قانوونی بنەڕەتی ئێراقدا بکریو چۆرێک یەکسانی ماف بۆ سونی لەبەرچاو بگیریّ، واتە لە پەراوێز نەخرێنو بە گوێرەی حەشیمەتیان لە دەسەڵات و سامانی وڵات پشکیان بدرێتێ، عەرەبە

سونییەکانیش ئەنگیزەیەکیان بۆ مانەوە لە بەرەی داعشدا نامێنێو تەنانەت رەنگە بە پێچەوانەوە دژیشی بن. هەر ئێستاش هەندێک هەواڵ لە موسلو شارەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشەوە دەگەن کە باس لە دژایەتی گرووپە سونییەکان ئەو شارانە دژی دەوڵەتی ئیسلامی دەکەن. دیارە ئەم گرووپ و بزاڤانە زۆر بەربەرین نین بەلام لە داهاتوودا دەتوانن رۆڵیان هەبێو داعش لاواز بکەن.

**پرسیار**: بوونی ئەو رەوتە ئیسلامییانەی وەک داعش بەگشتی کۆمەڵگەی عەرەب لە میسرەوە بگرە هەتا رۆژهەڵاتی ناڤین بەرەو کوێ دەبەن؟

**وەڵام**: بوونی ئەم جۆرە گرووپە ئیسلامییە توندڕۆیە، نەک هەر بۆ کۆمەڵگەی عەرەب، بەڵکوو بۆ گشتی رۆژهەڵاتی ناڤین مەترسیدارن. ئەم رەوتانەو بەتایبەت داعش لە بنەڕەتدا دژی ژن، دیموکراسی، هونەرو مافی نەتەوەکانن. ئەوانە لەڕاستیدا توێژە خامۆشو شاراوەکانی کۆمەڵگەی عەرەبن کە بەهۆی جمانو نەجمانی سیاسی لە قووڵایی مێژووە سەریانهەڵداوە. دیارە بەهێز بوونیشیان نیشاندەری لاوازبوونی هێزە لیبراڵ، دیموکراتو چەپەکانی وڵاتانی ئێراقو سووریەشە. بەبڕوای من داعش نەک هەر هێزێکی مەترسیدارە بۆ گەلانی ئێراق و سووریە، بەڵکوو بۆ لوبنان، ئۆردۆنو سعودیەش مەترسیدارن. ئەم رەوتە دەتوانێ کاریگەریی لەسەر ئێرانیش هەبێ کە دە تا پازدە لە سەدەی خەڵکەکەی سوننین. ئەگەر چارەسەرێک بۆ بەرگری لەو گەشەسەندنی ئەو رەوتە ئیسلامییە توندڕۆیە نەدۆزرێتەوە لەراستیدا دەبێ بە فرانکنشتاین. بەبڕاوی من هێزە پێشکەوتووەکان لەبەرابەر ئەم هێزە تاریکبیرانە دەستەونەزەر نابن بەلام بەداخەوە لەم کاتەدا لاوازی و پرشو بلاوی بووەتە هۆی بەهێز بوونی دەوڵەتی ئیسلامی.

**پرسیار**: یەکیەتیی عەرەب چۆن دەگەڵ مەسەلەی داعش دەجووڵێتەوە؟ ئەم یەکیەتییە دەتوانێ بە قازانجی کۆمەڵگەی عەرەبو دژی داعش چ بکا؟

**وەڵام**: تا ئەو جێیەی من بەدواداچوونی رووداوەکانی جیهانی عەرەبم کردوە هیچ هەڵوێستێکی نەبووە، یا لانی کەم من گوێم لێ نەبووە. بەڵام لە گوتاری پێشووی ئەم یەکیەتییە سەربارەت بە رووداوەکانی سووریە لە سێ ساڵی رابردوودا پشتیوانی لە ئۆپۆزیسیۆنی وەک سوپای ئازادی سووریەو ئۆپۆزیسیۆنی لیبراڵو دیموکراتی کردوە. بە هەر حاڵ گوتاری یەکیەتی عەرەب دەزانمو بەبڕوای من بەداخەوە یەکیەتی عەرەب بە هەموو هەوڵەکانییەوە بۆ چارەسەری قەیرانی سووریە هیچی پێ نەکراوە. سەرەڕای ئەوە ئێستا کۆمەڵگەی جیهانی لە مەسەلەی داعشدا ماوەتەوە. بەبڕوای من هەوڵو تێکۆشانی کۆمەڵگەی جیهانی، یەکیەتی عەرەبو وڵاتانی کاریگەری ناوچەکە لە بەرگری لەگەشەی داعشدا ئەو کاتە دەسکەوتی دەبێ کە ئەم هەماهەنگییە لە نێوانیان بێتە دی.

**پرسیار: بەگوێرەی گرنگی مێژوویی‌و ستراتیژیکی ئێراقو سووریە بۆ رۆژهەڵاتی ناڤین، کاریگەریی چالاکییەکانی رەوتەکانی وەک داعش لەسەر ناوچەو بەتایبەت رۆژهەڵاتی ناڤین چۆن لێکدەدەنەوە؟**

**وەڵام:** ئیدە مەزهەبییەکان نزیکترین ئیدەو ئیدیۆلۆژییەکانی مرۆڤی ئاسایین. واتە مرۆڤێکی ئاسایی، هاووڵاتییەکی ئاسایی لە رۆژهەڵاتی ناڤینو بەتایبەت حێراقو سووریە، بەر لەوەی بەلای هەر ئیدیۆلۆژییەکی دیکەدا بشکێتەوە، ئەو شتەی بە شێوەی نەریتی لە ناخی دایەو لە دایەو بابانەوە بۆی بە میرات جێ ماوە مەزهەبە کە رەکێشی خۆی دەکا. ئەم دیاردەیەی کە دەیبینینو لە ئاکامدا دەبێتە هۆی پەرەسەندنی ئیدە ئیسلامییەکان لە ئێرانو وڵاتانی ناوچەکە. نابێ لەبیریشی بکەین کە دوو وڵاتی ئێراقو سووریە لە ماوەی سەدو چەندی ساڵی رابردوودا ئەندێشەو رەوتگەلی جۆراوجۆری ناسیۆنالیست، سیکۆلار، لیبراڵو چەپیشی تێدا هەڵکەوتوە. ئەگەرچی ئەم رەوتانە ئێستاکە لاوازن، بەڵکوو لە داهاتوویەکی نە هێندە دووردا لەبەرانبەرر شەپۆلی قوورسی داعشدا تۆکمەتر دەبنەوەو دژکردەوەیان دەبێ. رەنگە بەرەبەرەکانییەکانی نێوخۆیی ئیسپانیاشمان دیبێ کە لە لایەک فالانژەکانی دیکتاتۆر فرانکۆو لە لایەکی دیکەش هێزە پێشکەوتووو کۆماریخواز خەباتیان دەکرد کە لە لایەن کەسایەتیو پارتە پێشکەوتووو دیموکراتە نێونەتەوەییەکانەوە پشتیوانی دەکران. دیارە ئەمە قسەی چەند دیە پێشە. بەڵام جیاوازی ئەم سەردەمە مێژووییەیە لەوەدایە کە وڵاتە دیموکراتەکانی جیهان پشتیوانی هێزە دیموکراتەکانی ئێراقو سووریە دەکەن. کە دەسپێکەکەی لە شەڕی کورد دژی داعشدا دەبینرێ. واتە کورد وەک هێزی دیموکرات و دژی پاشڤەرۆیی دژی داعش شەڕ دەکا. دیارە مەترسی راستەوخۆی داعش دژی گەلی کورد لە پێکدادانانەدا هەبووە. بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە لە داهاتوودا رەنگە هێزەکانی دیکە لە خودی عەرەبە سیکولار، چەپو لیبراڵ دژی داعش شەڕ بکەن ئەگەر داعش بەراستی ناوچەی ژێردەسەڵاتی بەرینتر بکاتەوە. بە واتایەکی دیکە ئەگەر داعش لەم ماوەیەدا زەبرێکی قورسی لێنەدرێ لە درێژخایەندا رەنگە شەڕو بەربەرەکانیی ئەم هێزە پاشڤەرۆخوازەو هێزە پێشکەوتووەکانی ئەو دوو وڵاتەی لێبکەوێتەوە بەپشتیوانی هێزەکانی وڵاتانی دراوسێو تەنانەت هێزە جیهانییەکانیش. رەوشی ئێراقو سووریە دەگەڵ ئەفغانستان جیاوازە. ئەگەر لێرەدا بمانەوێ سەرهەڵدان داعشو تالیبان پێک بگرین، هێزەکانی دژی داعش لێرە بەرابردووترنو لە هەر دوو وڵاتدا بەریانی ناسیۆنالیستی و رەوتگەلی چەپ هەن ئەگەرچی ئێستا تووشی لاوازی هاتوون.

**پرسیار: بەسەرنجدان بە بارودۆخی قەیراناوی گەلی عەرەب لە ئێراندا، کاریگەریی کورتخایەن و درێژخایەنی گرووپەکانی وەک داعش لەسەر داهاتووی گەلی عەرەب چۆن دەبێ؟**

**وەڵام:** پرسیارێکی زۆر باشە. بەبڕوای من کاریگەریی داعش لە سەر گەلی کوردو رەنگە بەلووچو بەگشتی سونی ئێران لە عەرەبی ئێران زیاتر بێ. چۆنی هاومەزهەبنو دەتوانن بە درووشمو هێماکانی وەک خەلافەتی ئیسلامی و

ئەم چەشنە وتارانە هەست و ئیحساساتی سونییەکان هەڵخڕێنن. چونکی سوننییەکان لە ئێران بەردەوام سەرکوت کراون ڕەنگە بەشێک لە کۆمەڵگەی کورد، زیاتر لە بەلووچو سوننییەکانی دیکەی ئێران ڕەگەڵ ئەم ڕەوتە کەون. بە هەر حاڵ ئەگەرچی نموونەکانی بچووکن، بەڵام دەرکەوتوون. لە سنە خۆپێشاندان هەبووە بۆ پشتیوانی داعش کە سەلەفییەکان ڕێکیانخستوە. لە مهابادو سەقزیش دژکردەوە هەبووە کە وتەکانی من پشتڕاست دەکەنەوە. کەواتە کاریگەریی داعش لەسەر عەرەبی ئێران کە زۆریان شیعەن زۆر کەمەو لەچاو کاریگەریی لە سەر سونی وسەلەفییەکان کوردستان و بەلووچستان کەمتریشە. بەڵام بەگشتی بێ کاریگەریش نییە.

**پرسیار: لە کۆتاییدا ئەگەر پێتان وایە شتێک بۆ وتن هەیە، بفەرموون؟**

**وەڵام:** پێم وایە پەرەسەندنی لەنەکاو داعش لە پشتگوێخستن و سستی کۆمەڵگەی جیهانیو لاوازی یەکیەتی عەرەبەوە لە چارەسەری قەیرانی سووریەوە سەرچاوە دەگرێ. واتە لە ساڵی سەرەتای شۆڕشەوە ساڵی 2011 کە لە مانگی مارس لە سووریە دەستی پێکرد، ئەو کاتەی بەشار ئەسەد بەو پەری بێ‌ڕەحمی و دڵڕەقی دەستی کرد بە سەرکوتی خۆپێشاندانی ئاشتیخوازانەی خەڵکو بە جۆرێک بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە گەورەکردنەوەو سەرهەڵدانی گرووپە ئیسلامخوازە توندڕۆکانی وەک دەوڵەتی ئیسلامیو ئەوانی دیکە ڕۆڵی هەبووو ئیستخباراتی سووریە هەوڵی دروستکردنی ئەو گرووپانەی دەدا بۆ ئەوەی کە بە کۆمەڵگەی جیهانیو ئەمریکاو ئورووپا بڵێن لایەنی ئێمە سوپای ئازاد یا هێزە دیموکرات و لیبراڵەکان نین، بەڵکو توندڕۆە بناژۆخوازەکانن. دیارە بەبڕوای من ڕێژیمی سووریە لەو کارەشدا تاڕادەیەک سەرکەوتوو بووەو کۆمەڵگەی جیهانی هەڵفریواندوەو بەتایبەت ئۆباما لەم پرسەدا سستی کردوە.چارەسەر نەکردنی پرسی سووریەو نەڕووخاندنی بەشار ئەسەد کە ئەگەر ساڵی 2011 یا لانی زۆر 2012 ڕووی دابا، دەیتوانی بەر بەو گەشەو پەرەسەندنی هێزە توندڕۆیە مەزهەبییانە بگرێ. ئەگەر ئەو مەسەلەیە ئەو کات چارەسە بووایە هێزە سیکۆلار، لیبراڵ و دیموکراتەکان و تەنانەت ئیسلامگەرا میانەڕۆیەکان بەهێزتر بوون. بەڵام چارەسەر نەکردنی مەسەلەی سووریە و درێژە شەڕ و خوێنرێژی نێوخۆیی بوو بەهۆی ئەوەی کە ئەو دوو هێزە بەهێز بن. ئەم دوو هێزەش یەکیان بەشار ئەسەدە کە بوو بەهۆی ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوەو ئەی دیکەش داعش و هێزە توندڕۆ ئیسلامییەکان کە هەنووکە بە هزر و بیرە وشک و تاریکەکانیان هەڕەشە لە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینو بەتایبەت ئێراقو سووریە دەکەن

(*)یوسف بەنی ترۆف سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی خەبات دژی نیژادپەرستی و دژەعەرەبی لە ئێرانە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئاگۆستی ٢٠١٤

---------------------------------------------------

# گرنگیی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن

دەگەڵ کۆتایی هاتنی مانگی خەرمانانو بەرەبەری پاییز، کۆمەڵگە مرۆییەکان لە وڵاتەکانی سەراسەری جیهان خۆ ئامادە دەکەن بۆ دەسپێکردنەوەی قۆناخێکی دیکەی پێگەیاندن و وەبەرخوێندن نانی بەرەیەکو وەچەیەکی نوێ بە مەبەستی بنیاتنانی داهاتووی ڕوون. پەروەردەو خوێندنو بەگشتی پرۆسەی فێرکردن یەکێکە لە بنەڕەتیترین کۆڵەکەکانی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مودێرن و گەشەپێدانی بوارەکانی ژیان. ئەگەر زمان و سیستمی زمانی مرۆڤ یەکێکە لەو پێوەرانەی کە مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی دیکە جیادەکاتەوە، دەکرێ بڵێین پەروەردە و پرۆسەی فێرکردنیش فاکتەری سەرەکی جیاکردنەوەی ئەم بوونەوەرەیە لە گیانلەبەرانی دیکە. چونکە ئەوە تەنیا لە کۆمەڵگەیی مرۆیی دایە، کە پرۆسەیەک بەناوی پرۆسەی فێرکردنو فێربوون هەیەو لەم ڕەوتەشدا فێرخواز و فێرکار، لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو بەرنامە بۆ دانراودا بەرەو ئامانجەکانی خۆپێگەیاندن لە پێناو ئاسۆیەکی ڕووندا هەنگاو دەنێن. هەر بەم پێیە وڵاتانو نەتەوەکان زۆر بە وردبینیو حەساسییەتەوە ئامادەکاری بۆ خوێندنو دابینی پێداویستییەکانی پرۆسەی فێرکردن دەکەنو بە گرنگییەکی زۆرەوە بەردەوام لە هەوڵی بنەبڕکردنی کێشەو ئارێشەکانی پرۆسەکەدانو هەمیشە خەریکی دانانی پرۆگرامو بەرنامەی پێشکەوتووو گونجاون لە پێناو پەروەردەیەکی دروستو سالمدا. پرۆسەی خوێندنو فێرکردن پێویستی بە ڕەچاوی زۆر بواری وەک لەشساغی، دەروونی، تەناهی، ژینگەی ساغ، بیناو کەلوپەلی پێویستی شیکردنەوەی بابەتەکانی خوێندنو هتد هەیە، کە نەبوونی هەرکامیان کار دەکاتە سەر سەرکەوتوویی پرۆسەکە. ڕەچاوی بواری دەروونی یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی پرۆسەی خوێندن، کە لە ئێران ئیمپراتۆری ئیسلامیدا نەک ڕەچاوی ئەم لایەنە بەدروستی ناکرێ بەڵکو ڕەوتی خوێندن و بابەتەکانی خوێندن لە سایەسەری ئایدیۆلۆژی چەقبەستووی دەسەڵاتدا هەوڵ دەدرێ بیر و هزرەکانی پەلکێشی دواوە بکەن، هەتا ڕەکێشی داهاتوو. کە دەڵێین باری دەروونی؛ ئەم بابەتە زۆر هەڵدەگرێو شیکردنەوەی زۆری پێویستە چونکە تاکە لایەنێک لەخۆ ناگرێ، بەڵکو لە زۆر لایەنەوە شایانی توێژینەوەیە، بۆ وێنە دەبێ فێرخواز لەو شوێنەی دەخوێنێ دەبێ هەست بە ئارامیو ئەمنییەت بکا، لەگەڵ بەرپرسانو فێرکاران ئاسوودە بێ، گرنگتر لە هەمووان دەگەڵ ئەو شتەی دەیخوێنێو ئەو زمانەی پێی دەخوێنێ هەست بە ئارامی بکا، ئەگینا بە دڵەڕاوکێ و دوودڵی نەک هەر شتەکان وەک خۆی فێر نابێ، بەڵکوو بۆ ماوەیەکی زۆریش تووشی سەرلێشێوانو ئاڵۆزی دەبێ. ئەم پرۆسە بنیاتنەرو داهاتوو ڕوونکەرەوەیە لە هەموو وڵاتەکان بە پێی دوایین گۆڕانکارییەکانو پێشکەوتووترین میتۆدو پرۆگرامی نوێ ڕێک دەخرێو ئامانجی ستراتیژیو درێژخایەنی بۆ دیاری دەکرێ.

سیستمی ئایدیۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی وەک هەموو بوارەکانی دیکەی ژیانی مرۆیی، بواری خوێندنو پێگەیاندنیشی

سەقەت کردووەو یان بە قازانجی نەتەوەی باڵادەست، نەتەوەکانی دیکەی خستۆتە خزمەت ئەم نەتەوەوە. لە ئێرانی ئیسلامیدا هەر دەگەڵ هاتنەسەری سیستمی تئۆکراسی ئیسلامی لەژێر دروشمی بەناو شۆڕشی فەرهەنگی دەستکرا بە حەزفی زۆرێک لەم بابەتو ماددە دەرسییانەی دەبووا لە پرۆسەی خوێندندا گرنگییەکی شایانیان پێ بدرێ. ئەمە لە سیستمی سەقەتی پرۆسەکە، کە هەر جارەو بە فتواو بەبیانوویەکی خەیاڵیو لە ژێر ناوی سڕینەوەی کفرو بە ئایینی کردنی خوێندنگەو زانستگەکان، پرۆسەی فێرکردن کلۆڵتر دەکرێ. هەروەک بۆ هەمووان ئاشکرایەو ئامارەکان و ڕاپۆرتەکان لە ئاستی نێوخۆیی و جیهانیدا ئاماژەی پێ دەکەن، زەوتی سەرەتاییترین مافی مرۆڤ، واتا خوێندن بە زمانی زگماکی، هەڵاوارنو پێشێلی مافی مرۆڤ، ئازادیی، زیندانی کردن، ئێعدام و... هتد لە ئێران بەشێکین لە سیاسەتی حکوومەت، کە دیارە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئەم کردەوانە ڕەچاو نەکا دەبێ سەرمان سووڕ بمێنێ. لە سەرەتای ساڵی خوێندنی نوێدا، هەندێک ئامار و هەواڵ بەڕوونی باری ئەم پرۆسە گرنگە لە ئێران دەردەخەن. وازهێنانی یەک لە سێی فێرخوازان بە زانکۆ و بەتایبەت ئاستەکانی خواروو، خراپ بوونو ناستانداردی یەک لە سێ قوتابخانەکانو دابین نەبوونی ئامێر گەرمیو ساردیان، دەرکرانی خوێندکارانی کەمە ئایینییەکان بە بیانووی پڕوپووچ و دوور لە مرۆیی، وەرگرتنی پارە لە کاتی ناونووسی فێرخوازان، کەمی بیست و یەک لە سەدی بوودجەی وزارەتی پەروەردەو بە دەیان هەواڵی دڵتەزێنی دیکە، کە ڕەوشی خوێندن لە ئێرانی ئیسلامیدا دەردەخەن. کە لەم بابەتەشدا دیارە بەشی هەرە زۆری ئەم کەمکورییانە بەر نەتەوە نامەحرەمەکان دەکەون و هەر بۆیەش ئامارەکان نیشان دەدەن سەدا سی کچان و ژنانی سنوورنشین نەخوێندەوارن.

هەروەک لە زۆربەی سەرکوت و هەڵاواردن و زوڵمەکانی دیکەی ژیاندا لە چوارچێوەی ئێران، کوردو کوردستان پشکی شێری بەر دەکەوێ، لە بواری بێبەشی لە پەروەردەیەکی ساغو سەلیم و دابین پێداویستییەکانی پرۆسە خوێندنو ڕەخساندنی کەشێکی لەبار بۆ پێشخستنو بە ئاکام گەیاندنی پرۆسەکە، پشکی شێری بەر دەکەوێ. لە بواری پێداویستی و ئیمکاناتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڵ بەشەکانی دیکە وڵات بەراورد ناکرێ و ڕوودانی چەندی ڕووداوی دڵتەزێن لە ساڵدا ئەم ڕاستییە دەردەخا. لە کوردستانی بن دەستی کۆماری ئیسلامی ڕوومەتی هەڵقرچاوی کچانی شێناوێ، کە بۆ داهاتوویەکی گەش ڕوویان لە پۆلەکانی خوێندن کردبوو، بەڵام لە سایەسەری نابەرپرسیاربوونی دەزگای پەروەردە پۆلیان لێ بوو بە گڕکانێکی توورە، نیشانەی گرنگی نەدانی تارانە بە خوێندنی ئەو کەسانەی پێی مەحرەم نین. دیارە ئەگەر ئەم ناحەقییانە تەنیا قوتابییو خوێندکارانی سەر بە نەتەوەکانی غەیرەفارسی نەگرتووەتەوەو لەم ساڵانەی دواییدا کە دەنگی ناوەندەنشینانش بە ناڕەزایەتی بەرز بۆوە، خێروبێری دەسەڵاتی ئیسلامی ویلایەتی فەقیهـ تاڕادەیەکی ئەوانیشی گرتەوە. ئەستێرەدارکردنی دەیانو سەدان خوێندکاری جودابیر، کە وەک تاقمی دەسەڵات بەدەست بیر ناکەنەوە، کۆچی بە لێشاوی خوێندکاران بەرەو هەندەرانو بە دەیان دیاردە و بەربەستی دیکە لەبەردەم خوێندنی تاکەکان و هاووڵاتیانی ئێرانیدا دەبینرێ، کە دەیسلەمێنێ دەسەڵاتبەدەستانی تاران بەزەییان بە هیچ کەس و تاقمێکدا نایەتەوە کە بۆنی ئازادی و جیابیرییان لێ بکرێ. کۆماری ئیسلامی نەک هەر بڵێی پێشێلی قانوونە ستاندارده جیهانییەکان دەکا و بەگوێرەی یاساو

پرەنسیپی تاقیکاراوەو میتۆدی سەرکەوتوو پرۆسەی فێربوون بەڕێوە نابا بەڵکوو ماددەکانی قانوون بنەڕەتی پەسندکراوی خۆشی لەهەمبەر خوێندن بە زمانی زگماکی پشت گوێ دەخاو تەنیا لە کاتی هەڵبژاردندا بۆ ڕەکێشی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدانو هەڵفریواندنی بیروڕای گشتیو شەرعیەتدان بە سیستمەکەی پرۆپاگەندەی پێوە دەکا. لەمێژ ساڵە خەباتی گەلانی ئێرانو بەتایبەت خەباتی نەپساوە و ڕەوای گەلی کورد بۆ سەرەتاییترین مافەکان، کە خوێندن بە زمانی کوردیو پاراستنی شوناسو هوویەتی نەتەوەیی یەکێکە لەوان بێ وڵام ماوەتەوە. هەروەک وەتمان خوێندن پێویستی بە دابین کردنی پێداویستیو کەلوپەلێکی زۆرو بەجێ هەیە، جا ئەم پێداویستییە لە کەل و پەل و ئامرازەوە بگرە هەتا خوڵقاندنی کەشێکی ئارام و هێمن و ڕەچاوی بواری دەروونی فێرخواز دەگەڵ ئەم بابەت و ماددانەی لە پرۆسەی خوێندندا تووشی دەبن. منداڵێکی غەیرە فارسی وەک کورد کە لە پۆڵەکانی خوێندن بەرەووی زمانو وشەگەلێکی نامۆ دەبێتەوە، لە بواری هرزی و دەروونییەوە تووشی شپرزیو ئاڵۆزی دەبێو لە ڕەوتی خوێندندا دەبێتە جیاوازییەک لە خوێندن، لە نێوان ئەو منداڵەی بە زمانەکەی خۆیو بە وشەگەلێک کە پێی ئاشنایەو لەگەڵی ڕاهاتووە دەگەڵ ئەوەی بۆ یەکەم جار وشە و زمانێک دەبیبستێو تەقەی سەری دێ، کە هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی ئەوەی ئاماری سەرکەوتن و دەرچوونی ئەو منداڵانەی بە زمانی زگماکی خۆیان دەخوێنن لە ئاستەکانی سەرەتاییو دواتریش زیاتر لەو فێرخوازانە بێ کە بە زمانێکی دیکە دەخوێنن. بینا و جێگەو ڕێگەی خوێندن کاریگەریی تایبەت بە خۆی هەیە لەسەر سەرخستنی پرۆسەکە، ئەم فێرخوازەی لە بینای خۆش و نوێ و بە ئیمکاناتەوە دەرس دەخوێنێ بە دڵنیاییەوە چ لە بواری خوێندن و چ لە بواری لەشساغی و ئەمنییەتی گیانییەوە ئاسودەترە لەو منداڵە کوردانەی لە کون و کەلاوەکان و کەپر و بینای نارەسمیدا دەرس دەخوێنن و هەر ئەمەشە لە شیناوێ و زۆر شوێنی بێبەشی دیکەی کوردستان کارەسات دەقەومێ و کاربەدەستانی بێکیفایەتی تارانیش مێشێکیشیان لێ میوان نابێ.

لە ژمارە ٦٤٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

-----------------------------------------------

# ڕۆژی جیهانیی ژینگەو ژینگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

پرسی ژینگەو ژیان لە ژینگەیەکی تەندروستدا، بەپاڵ هەموو گیروگرفتو قەیرانەکانی دیکەوە بە شێنەییو گورچوبڕترو بێ ئەوەی خەمخۆری خەڵکێکی زۆر هەڵخڕێنی، ئاقاری ژیانی مرۆڤ و هەروەها بوونەوەرانی تاکە گۆی زیندووی ناسراوی کاکەشان و ئاسمانەکان دەخاتە بەر مەترسییەکی قورس و گران. قەیران و مەترسییەک، کە توێژەرانی ژیوارناس و کەشناس و لایەنە خەمخۆرەکانو پاراستنی ژینگە لەمێژە بە توندی دەسەڵاتداران و دەسرۆیشتووانی جیهانی لێ ئاگادار دەکەنەوە ئەگەر خەمی لێ نەخورێ، ڕەنگە ژیان و ژینگەی ئەمڕۆ و دوێنێمان وەک خۆی بە داهاتووەکان نەسپێرین و بە بەکارهێنانی زێدەڕۆییانەی ئەو سیستم و ئامێرو ئامرازانەی بۆ خۆشبژیوی و ئاسودەیی و ڕەنگە بتوانین بڵێین لە سۆنگەی چاوچنوکی و هێژمۆنیخوازی مرۆڤەکان لە بەرانبەر یەکتر لە لانکەی گەرموگوڕی گۆی ژیاندا، ڕۆڵێکی پێچەوانە بۆ داهاتووی ژیان بە دیاری بێنێ. ئەگەر لە مێژوودا، بەتایبەتی لە مێژووی زۆر دووردا دەبینین کارەساتە سروشتی و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەواو قۆناخە گەرم و ساردەکانی گۆی زەوی ژیانیان لە بوونەوەرانی سەرزەوی تاڵ دەکرد، هەمێستا و هەنووکە ئەوە مرۆڤە کە بەهۆی زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی هەندێک سیستم و وەگەڕخستنی ئامێرو ئامراز بە بێ گرنگیدان بە کاریگەرییە نەرێنی و نێگەتیڤەکانی خەریکە ژیان لە خۆیو وەچەکانی داهاتووی تاڵ دەکا. گەرم بوونی زەویو گۆڕانی نەرێنی کەشوهەوای جیهان و توانەوەی بەستەڵەکەکانی جەمسەرەکان کە چەند ساڵە بە جیددی باسی لێ دەکرێ و وڵاتان و دەسەڵاتدارانی لێ ئاگادار دەکرێتەوە، نیشانە سەرشێتانەکانی بە شەپۆلی دەریاکاندا دەرخست و سۆنامییەکان کە کاولکارییەکی زۆری لە کەنارەکانی زەریاکانی جیهان لێکەوتۆتەوە ئاکامی گۆڕانێکە لە ئەتۆمۆسفێری زەوی کە ڕەنگە کاریگەرییەکی زۆر خراپتری لە قۆناخە بەستەڵەکانی مێژووی زەوی بێ؛ کە زۆر جاران ژیانی بوونەوەرانی پەک خستووەو سەدان و هەزران ساڵی پێ چووە هەتا گیانلەبەران لەم نسکۆ پشتیان راست کردۆتەوە.

مرۆڤ تەنیا بە هۆکاری گەرمکردن زەوی نەبووەتە تێکدەر ڕەوتی ئیکۆسیستمی ژیان، بەڵکو لە سەر وشکانییەکان و بە بەکارهێنانی دەیان و سەدان ڕێگەو ماددەو چەکو تەقەمەنیو زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتیو ژێرزەمینییەکانو... خەریکە ئەم گۆ شینو ئاوەدانە دەکا بە زبڵدانێک کە بواری ژیانی تێدا ئەستەم دەبێ. لەم سۆنگەیەدا دەگەڵ زڕینگەی زەنگی هۆشداری کارناسان و ئاکامەکانی کەمتەرخەمی لەهەمبەر ژینگە، هەر وڵاتەی کە خەمخۆری خۆی هەیەو بە گوێرەی توانایی و ئەم جۆرەی بۆی دەلوێ لە بیری خاوێن ڕاگرتن و سارێژکردنەوەی بست بە بستی خاک و نیشتمانەکەی دایەو هەوڵ دەدا لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە بەرگری لەم کردانە بکا، کە زیان بە ژینگە دەگەیەنن هەروەها زۆربەی وڵاتان ئەم سیستم و وەبەرهێنانانە رادەگرن کە دەبنە هۆی زیان و خەسار

گەیاندن بە ژینگە.

ئێران، کە بەشێکی بەرینی کوردستانیشی لەبەردەست دایە لەمێژە بە هۆی زێدڕۆیی لە بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتی و ژێرزەوییەکان، بەکارهێنانی ناستانداردی بەرهەمە نەوتییەکان، بەرنامە نادروستی کەڵکوەرگرتن لە ئاو، سووتانی شیناوەرد و لێرەوارەکان، پیس کردنی ئاوی رووبارو گۆلەکان بەهۆی پاشەڕۆی کارگەکان، بەکارهێنانی دەزگەو ئامێری پارازێت، هەڵکەندنی چاڵاو بە شێوەیەکی بەرەڵلاوو نەگونجاو، راوی زێدڕۆیانەی بوونەوەرە دەگمەنەکان و سەدان کاروکردەوەی نەشیاوی دیکە خەریکە ژینگە و ئیکۆسیستم لە چوارچێوەی ئەم وڵاتەدا بەرەو هەڵدێر دەبا. زۆر لەمێژە هەندێک لە رووبارە بەناوبانگەکانی ئەو وڵاتە هاوینان تینووی چۆڕە ئاوێکن؛ لە کوردستان ئاوی جەغەتوو بەرێ شارەکانی دیکە دەکرێ و دەشتی بەبەر بەرەوەی گۆلی ورمێ لە توونیان دەبێ بە شۆرەکات. گۆلی ورمێ ئەگەرچی گۆڕانی کەش و هەواو کەمی باران و بەفر هۆکارێکن بۆ کەم کردنی ئاوەکەی، بەڵام بە گوێرەی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە هەڵبەستنی بەبێ بەرنامە و ڕەچاوی زانستی سەدان ئاوبەند لەسەر ئەم چۆمانەی دەڕژێنە ئەم گۆلەوە، هۆکارێکی گەورەی وشک بوونیەتی. هەروەها ئامار و لێکۆڵینەوەی ئاکامەکانی وشکبوونی گۆلی ورمێ کە لە دوا هەناسەکانی دایە ئاماژەن بۆ کارەساتێک کە رەنگە بە چەندان کیلۆمێتری دەوری خۆی بە دانیشتووانی چۆڵ بکاو لە ئەمانەش گرنگتر ئیکۆسیستمی ناوچەکە بخاتە ژێر مەترسییەوە. کۆماری ئیسلامی نەک لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵ بۆ سارێژی خاک و ژینگە نادات، بەڵکو ئاکارو کرداری لەهەمبەر سووتانی بە پانەوەی دارو دارستان و لێرەوارەکانی کوردستان و لوڕستان ئاماژەن بۆ شەڕی رانەگەیەنراوی کۆماری ئیسلامی دژی ئەو خاکەی کەسانێکی ئازادیخواز و نەبەردی پەروەردە کردووە مل بۆ ئایدیۆلۆژی چەقبەستووی مەندیل لەسەرەکان راناکێشن. رێژیم لە رۆژهەڵات نەک یارمەتیدەر نییە بۆ بەرگری لە پیسبوون و تێکچوونی رەوتی ئاسایی ژینگە بەڵکو رێگرە لەبەر ئەو گرووپ و دامەزراوە خۆڕسکانەی هەوڵ دەدەن خەم لە ژینگەی نیشتمانەکەیان بخۆن. ئاماری نەخۆشییەکان لە ئێران کە هۆکاریی سەرەکیی بواری دەروونی و ژینگەن، لە ناوچە کوردستانییەکان رێکوردی شکاندوە. ژینگەی پیس کاریگەریی تەواوی هەیە لەسەر تەندروستی ئەم بوونەوەرانی لەسەری دەژین. کوردستان رەنگە ئەگەر بڵێین کوردستانی گەورەش هەتا مێژوو لەبیریتی گۆڕەپانێک بووە بۆ شەڕی دەسەڵاتە جیهانی ناوچەییەکان، کە دیارە بە داهاتنی چەک و تەقەمەنی کاوڵکار، ئەم چەک و تەقەمەنییانە کاریگەریی درێژخایەن لەسەر ئەم خاکە جێ دەهێڵن. شەڕی ٨ ساڵەی زێدەخوازانەی سەدام و خومەینی لە سایەی هەناردەی شۆڕشەوە زۆربەری هەرە زۆری لەسەر خاکی رۆژهەڵات و باشووری کوردستان کرا، کە هەنووکەش پاشهاتە نەرێنییەکانی دەبنە هۆی نەخۆش بوونی دانیشتووانی. سەرەڕای ئەمانەش رێژیم هیچ شوێنێکی لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێ باشتر نییە تا چەکە نوێ و تازەکانی لێ تاقی بکاتەوەو زۆربەی مانۆرەکانی لە مەلبەندە ئەنجام دەداو بەبێ گوێدان بە سلامەتی و لەشساغی دانیشتووانی بە سەدان ئامێری پارازیتی لە شارەکانی کوردستان دامەزراندوە بە بیانووی بەرپەرچدانەوەی بەرنامەی وڵاتان کە بە شاڵاوی

فەرهەنگی ناوی دەبا ئەوەندی دیکە ژارو ماددەی ژاراوی تێکەڵ بە ئاوو خاکی ئەم نیشتمانە داگیرکراوەدا دەکا. ژینگەی برینداری رۆژهەڵاتی کوردستان خەمخۆرێکی نییە جگە لە خەڵکی کوردستان و ئەم دامەزراوانەی کە بەحەق دەبێ پارت و لایەنە کوردییەکان پشتیوانیان لێ بکەن کە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا هەوڵێکی زۆریان بۆپاراستنی ژینگەی کوردستان داوەو تەنانەت وەک بیروڕای گشتی کوردستان لێی ئاگاداره لەم پێناوەدا تووشی راوەدوونان و گرتنیش بوون. هەروەها هەڵمەتی ئاشتبوونەوە لەگەڵ ژینگە کە ئەمساڵ رۆژهەڵاتی گرتەوەو بووەتە مایەی شانازی خەڵکێک کە بەمجۆرە شارستانییەت و خەمۆخۆری خۆیان لەهەمبەر نیشتمان و باڵندە و فڕندەی خاکەکەیان نیشان دەدەن. ئەگەرچی ئەم خەڵکە بە هەموو تواناوە قۆلی هیمەتیان لێ هەڵماڵیوەو خەریک ساغ کردنەوە و سارێژکردنەوەی ئەم زام و برینانەن خاکی نیشتمانی ڕووشاندوە، بەڵام سیستمی داپلۆسێنەری کۆماری ئیسلامی بەردەوام لە هەوڵی تەگەرەخستنە بەر هەوڵی خەڵک دایە و خۆشی بە ئاشکرا لە رووتاندنەوەو خەسار گەیاندن بە ئاخی کوردستان بەردەوامە.

لە ژمارە ٦٤١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

---------------------------------------------

## کۆبانی، بووژاندنەوەی مەعریفەی رەسەنی کوردو پێگەی ژن

هەموو کۆمەڵگە و جەماوەرە مرۆییەکان لە رابردوو و ئێستا و داهاتووی خۆیاندا دەتوانن خاوەن مەعریفەی تایبەت بن بۆ بوارەکانی ژیان. مەعریفەش ئەو کاتە بەهرەدار و بەکەڵک دەبێ کە لە رەوەڕەوەی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە و لە بەستێنی رووداو و کارەسات و خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە هەوێنی گرتبێ، بە واتەیەکی دیکە هەڵقوڵاوی بیر و هزری خودی کۆمەڵگە بێ. ئەگەر بیری کۆمەڵگە (کە پێکهاتەیەکە لە بیری تاکەکانی بە درێژایی مێژوو) لە ڕێگەیەی بەسەرهات و سەربوردەکانییەوە توانی مەعریفەیەک بەرهەم بێنێ، ئەوە دەتوانین لەم مەعریفەیەوە بە دوای روحی کۆمەڵگەکەدا بگەڕێن و جەوهەر و ناخی کۆمەڵگەکەی تێدا شرۆڤە بکەین و دۆزینەوەی رۆحی کۆمەڵگەش باشترین یارمەتیدەرە بۆ ناسین و دۆزینەوەی خەم و خۆشی و پێشخستنی و گونجاندنی دەگەڵ بوارە ئاڵۆزەکانی ژیان. بەم پێیە بێ، مەعریفەی رەسەن لە ئاکامی بیری کۆمەڵگەوە بەرهەم دێ و دەتوانێ بەدرێژایی مێژوو گۆڕانی ئەستوونی لە کۆمەڵگەدا چێ بکا و سەرەڕای بەکەڵک بوونی لە قۆناخی بەدیهاتنی کە شۆڕشێک دەبێ لە ژیانی کۆمەڵگەدا، لە زۆربەی قۆناخەکانی دواتری ژینی، ئەم کۆمەڵگەیەدا دەبووژێتەوە و

مەعریفەی سەردەمیتر بەرهەم دێنێ. دەبێ ئەوەش بڵێین کە مەعریفە ناتوانێ بگوازرێتەوە، بەڵکو لە گوازرانەوەدا تەنیا شێوە و فۆرم دەگوازرێنەوە، بۆیە مەرج نییە و وێنەی دەگمەنە مەعریفەی کۆمەڵگەیەک توانیبێی بەقەدەر زێدی خۆی کاریگەریی هەبووبێ. چونکی ئەو شتانەی دەگوازرێنەوە تەنیا زانیارین، زانیاریش بەبێ ئابدەیەت کاڵ دەبنەوە و لە بیر دەچنەوە. کەواتە گواستنەوەی مەعریفە دەتوانێ بە واتای داماڵینی بێ لە رەسەنایەتیی خۆی. هەروەها بە پێچەوانەی مەعریفەی رەسەن، مەعریفەی گوازراوە تەنیا توانای گۆڕانی ئاسۆیی هەیە نەک ئەستوونی کە ئەمیش تێپەڕە و کەمتر لە ژیانی کۆمەڵگەی مرۆیی دا بیرەوەری و یادگاری لە خۆی جێ دەهێڵێ. دەکرێ بڵێین گوازتنەوەی مەعریفە لە پۆلێکەوە بۆ پۆلە مرۆیەکی دیکە بەو واتایەیە، کە کەسێکی دیکە بیرت بۆ بکەنەوە، بەو مانایەی کە دەبینین شتێک دیاردەیەک، بابەتێک لە وشکارۆ و وڵاتێکی دیکەوە بە شێوەی تیۆریک هاوردەی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو دەکرێ، ئەم مەعریفەیە کە تەنیا بریتییە لە زانیاریی و هیچ شتێکی دیکە، نەک هەر ناتوانێ ریشە داکوتێ، بەرهەمەکانی شوێنی بیچمگرتنی لێ هەڵگرینەوە بەڵکوو زۆر جاریش باری نێگەتیڤ لە کۆمەڵگەدا دادەخا. بۆیە دەڵێین گواستنەوەی مەعریفە بە پێچەوانەی داهێنان و گوورانی لە بەستێنی ژیانی کۆمەڵێک مرۆڤ دا بیرکردنەوەی کۆمەڵێکە بەجیاتی کۆمەڵێکی دیکە. وتمان بیرکردنەوە مەعریفە بەرهەم دێنێ، واتە لە ناخەوە شتێک دەبێ بە واقیع؛ بۆ وێنە بیرکردنەوە لە بەرگری لە خاکی کوردستان سەرەڕای هەموو تەنگ و چەڵەمەکانی بەری مەعریفەی خەباتی لە زەینی و روحی تاکی کوردی دا خوڵقاندووە، بەجۆرێک کە زۆربەی ئەو کەسانەی لە کۆمەڵگە گەورەکەی کوردستاندا بە جاش و خۆفرۆش دەناسرێن، بواریان بۆ هەڵکەوێ، دەسپێشخەرن لە دەرکردنی دوژمن و بەرگری لە خاکی کوردستان، کە شۆڕشە مەزنەکەی ساڵی ۱۹۹۱ لە باشووری کوردستان بە جوانی ئەمەی سەلماند. بیرکردنەوە و بڕیاری داکۆکی و بەرگری هەتا مان و نەمان لە کوبانی نەک هەر مەعریفەیەکی قووڵی لای پیاوان پشکووواند ( دیارە بە درێژایی خەباتی ئازادیخوازی گەلی کورد، ژن بەشدارییەکی چالاکی لەم کاروانە نەسرەوتووەدا هەبووە) بەڵکوو بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەگەر رووداوەکانی بەر لەمێژوو و بەتایبەت هۆزە ئەمازۆنییەکان لەبەرچاو نەگرین، ژنان و ئافرەتان (ئافرێنەر، ئافرۆدیت) ی کورد بە دنیایان سەلماند نەک ژن (ضعیفە) نیە، بەڵکوو نیوەی کۆمەڵیشەو ئافرێنەری نیوەکەی دیکەشە. ژن جیهانێک بە قەدەر و ئەندازەی ئەو جیهانەی پیاو هەیەتی، ئەم دوو جیهانە بەقەدەر یەک بە توانا، ئازاو بەهرەمەندن کە تەواوکەری یەکترین. ژنانی کورد لە کوبانی نیشانیان دا فەلسەفەی ژیان لای ئەوان رێکلام و سەماکەری و... هتد نیە، بەڵکو ئەوین، خۆشەویستی، ئازایەتی و هەموو ئەو ئەرکانەی پیاو وەک نێرینە و رەگەزی زاڵ هەتا ئێستا دایسەپاندوون، دەخەنە سەرشان و بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ئەوە ژنانی کوبانی بوون کە لە لاپەرەی مێژوودا ئەم چەشنە لە بەشداریکردن لە شەڕدا تۆمار کرد. رەنگە هۆکارەکان زۆر بن بۆ ئەوەی کە دنیای رۆژاوا بەم چەشنە بە هاواری کوبانییەوە هات، بەڵام لە روانگەی نووسەرەوە تەنیاو تەنیا فاکتەرێکی گرنگ لەم نێوەدا هەر ئەم مەعریفە و باوەڕە بوو بە هۆی سەرکەوتنی رۆڵەکانی کورد و خۆڕاگری شێرانەی کچان و کوڕان لە بەرەکانی شەڕی دژی دەوڵەتی ئیسلامی کە لە ناخی هەموو تاکێکی کوردەوە چەکەرەی کردوە و بەرەبەرە چەشنی چرۆیەک دەپشکوێ

و ئەگەر گەلی کورد لە سەرانسەری کوردستان دا بە هێنانە ئاراو و کارکردن لەسەر ئەم مەعریفانە هەڵقوڵاوی هەناوی کۆمەڵگەکەین چڕ بێتەوە، بە دڵنیاییەوە تامی سەرکەوتنی زیاتر دەچێژێ. کەواتە بە گوێرەی باسەکەی سەرەوەمان بێ بە پێچەوانەی هەڵقوڵینی مەعریفە، کاتێک مەعریفەیەکی سەرچاوەگرتوو لە ڕووداو و بیر و هزرێکی دیکەوە دێت بۆ کۆمەڵگەی دی، ئەو کاتە ئەوە ڕێک بە پێچەوانەوە لە واقیعەوە دەگەڕێینەوە، نێو بیرو هزر. نەک سەپانی واقیعە بەسەر بیر و هزر بەڵکو لێرەدا عەقڵی گشتی کۆمەڵگە زیاتر لە خەیاڵ و خەونەوە ڕۆدەچێ. وەک زۆربەی ئەو دیاردە و چەمکانەی بەهۆی بەجیهانیبوون خزاونەتە ژیانی کوردەوارییەوە. بۆ وێنە فمێنیزم کە ماوەیەکی زۆرە لە کوردستانی گەورەدا خەریکە شەپۆل شەپۆل چالاک و بنیات دادەمەزرێنێ، هەتا ئێستاش نەیتوانیوە بە شێوەی ئەم یەک دوو مانگە بەرخۆدانە لە کوبانی بایەخ و بەهای ژن لە لای تاکی کوردی بەرز کاتەوە. دیارە ئەمە بە مانای ئەوە نیە کە مێینەی کورد بێ بایەخە و کەم بەهایە لە کۆمەڵگەی کوردی دا بەڵکو کە چاو بە دەقە کۆن و چیرۆک و داستانە نەتەوەیی و میللەکانی کۆن دا دەخشێنین، هەست بە جیاوازی ئەم دوو دنیایە لای کۆمەڵگەی کوردەواری ناکرێ. بە تایبەتیش لە ئایینی زەردەشتی دا، کە مەعریفەیەکە هەڵقوڵاوی بیرو هزری تاکی کوردی. بەڵام دەگەڵ لێکترازانی کۆمەڵگەی کوردی بەهۆی شاڵاوی بیگانەکان و داسەپانی ئایین و کلتووری دیکەوە هەمێستا زەینی زۆرینەی تاکی کوردی داعش لێدراوە بەر لەوەی داعشێک هەبووبێ. گرنگ ئەوەیە کە بەرخۆدانی کوبانی، وێنەیەکی دیکەی لە کورد و ژنی کورد و بەتایبەتی ژن خستە بەرچاوی جیهانییەکانەوە. وێنەیەک کە دەتوانێ پەرچەکردارێک بۆ ئەو هەمووە مەعریفە و کلتوورەی بە باش و خراپ خزاونەتە ژیانی کوردەوە.

لە ژمارە ٦٤٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

---------------------------------------------

# شۆڕشی فەرهەنگی، دابڕینی کەشی زانکۆ لە پێشڤەچوونی زانستەکان

دامەزرانی کۆمارێک بە ناوی کۆماری ئیسلامی کە بە تەواوەتی لێکدرانی دوو چەمک دژ بە یەک بوو، واتە کۆماری کە چەشنە حکوومەتێکە لەودا بەرپرسان پشتاوپشت دەسەڵات ناگرنە دەست و سەرۆکەکانی وڵات لە رێگەی دەنگدانی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و هەروەها قۆناخی دەسەلاتدرایشیان بە گوێرەی قانوون سنووردارە، دەگەڵ حکوومەتی ئیسلامی کە تێیدا لەسەر بنەمای ئایینی ئیسلام و شەرعیەتی ئیسلامی حکوومەت بەڕێوەبەریی وڵات لەژێر فەرمانی پیاوانی ئایینی رێکدەخرێ، زۆر دیاردەو ئاکاری هێنایە گۆڕی کە بیروڕای ئێران و جیهانیش تاڕادەیەک لێی نامۆ بوون و بووە جێگەی سەرسووڕمان. تێکەڵکردنی ئەم دوو چەمکە ناتەبایە سەرەتای هاتنە ئارای کۆمەڵێک گۆڕانکاریی و دیاردە و سەهەڵدانی تێزی نامۆ و پاشڤەڕۆیی و پێکوتە بوو، کە هەتا ئێستاش بە بڕوای بەرزترین دەسەڵاتبەدەستی وڵات نەگەیشتۆتە ئاکام و دەبێ لە رێگەی جێبەجێی گوتارو راسپاردەکانی شۆڕش و کۆماری ئیسلامییەوە پاشڤەڕۆیی بە ناوی شۆڕشی خۆیانی پێ بە رۆژەڤ بکەنەوە. لە نێو گێژاوی ئەم دیاردە کەس نەدیو و نەبیستانە کە زۆربەیان لە رێگەی ئایینەوە داتاشین یەکیان شۆڕشی فەرهەنگی بوو وەک دیاری ویلایەتی فەقیە و کۆماری ئیسلامی بۆ زانکۆ و خوێندکاران کە دوای رووخاندنی دەسەڵاتی پاشایەتی و سەرەڕۆی سیاسی پەهلەوی بیریان لە ئاسۆیەکی روونتر دەکردەوە. شۆڕشی فەرهەنگی؛ لە سەرەتای بە تاڵان بردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە سەر دەستی رێبەی کۆمار واتە خومەینی بریتیی بوو لە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی لە پێوەندیی دەگەڵ سیستمی پەروەردە بەتایبەت لە ساڵەکانی ٥٩ هەتا ٦٢ی کۆچی هەتاوی کە ئامانجی پاکسازیی و دەرکردنی ئەو مامۆستا و خوێندکارانە بوو کە لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە بە لایەنگرانی رۆژاواو رۆژئاواچی دەناسران.

بەر لە دەسپێکی شۆڕشی فەرهەنگی، زانکۆکانی ئێران گرنگترین مەڵبەندی بەرەنگاربوونەوەی سیستمی کۆماری ئیسلامی بوون و لە دەسەڵاتی ئەو حکوومەتە دەرچووبوون. دیارە نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە بزووتنەوەی خوێندکاری و ئەکتیڤ بوونی بزاڤی زانستگە و زانکۆ دەگەڕێتەوە بۆ کاتێکی زۆر لەمەپێش. بەڵام دەگەڵ تەئیدی خومەینی شوورای ئینقلاب سێ رۆژی مۆڵەت دا بەو گرووپە سیاسییە چالاکانەی زانکۆ هەتا بنکە و دەفتەرەکانی خۆیان خڕ کەنەوە؛ کە لە ماوەی ئەم سێ رۆژەدا توونددوتیژیی و پێکدادانێکی زۆر لە زانکۆکان هاتنە ئاراو چەندین کەس کوژران و بریندار بوون. ئەمە دەسپێکی "شۆڕشی فەرهەنگی" کۆماری ئیسلامی بوو بۆ پەسیڤ کردن و ئیسلامیزەکردنی زانکۆکان لە ئێران کە داخرانی زیاتر لە دوو ساڵی زانکۆکانی و دەرکرانی سەدان مامۆستا و هەزاران خوێندکاری جیابیرو چەپ و لیبراڵی لێکەوتەوە. ئەم گۆڕانکارییانە بە مەبەستی یەکخستنی زانکۆ و

حەوزەی علمییەی قوم ئەنجام دران کە گۆڕانی نێوەرۆکی زۆربەی کتێب و بابەت دەرسی و زانستییەکانی لێکەوتەوە. گۆڕینی بابەتە دەرسییەکان و ئیسلامیزە و شەرعیزە کردنی هەندێک بابەتی زانستی کە فڕی بەسەر ئایین و رێچکەی ئایینییەوە نییە کاریکی زۆری کردە سەر سترەکتۆری فەرهەنگی و زانستی ئێران و ژمارەیەکی زۆر ئیلیت و سەروەتی مرۆیی رێگەی هەندەرانیان گرتە بەر.

بەڵام ئەوە یەکەم جار و دوایین جار نەبوو کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هێزی خۆیان بە زانکۆ و دەرس تاقی کردەوە؛ لە ماوەی ئەم چەندین ساڵەی تەمەنی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهـ جار نا جار هەوڵ دراوە دەسکاریی بابەتە دەرسییەکان بکرێ و بە بیانووی پڕوپووچ هەوڵی شێواندنی زانست بدرێ، لە پێناو کلۆڵ کردنی بیرو هزری نوێخوازی.

هەروەک روون و ئاشکرایە دەگەڵ هاتنە سەرکاری حەسەن روحانی، ئەم گەنگەشەیەی پێشتر لە نێو باڵەکانی کۆماری ئیسلامی دا بەدی دەکرا، زیاتر پەلی هاویشتە بوارەکانی بەڕێوەبەری وڵات و لایەنگران و کەواسوورانی بەر لەشکری دوو باڵی سەرەکی پاوانخوازی دەسەلات لە ئێران لەوسەر و ئەوسەری وڵات دژی یەکی زیاتر راست بوونەوە.

لە درێژەی ململانێی باڵەکانی دەسەڵاتخوازی نێوخۆی سیستمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو بوارەکاندا ئەم بەرانەی دژی یەکتر راگرت و لەم نێوەشدا سیستمی پەروەردەش بێبەش نەبوو. بەتایبەت کە کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای دامەزراندنییەوە گرنگی ئەوتۆی بۆ زاڵکردنی کەشێکی پۆلیسی لە زانکۆکان و قرتاندنی ئەم دەرس و وانانە داوە کە بە قەولی گەرای ئازادیخوازی و بیرکردنەوە دە ناخی قوتابییان و خوێندکاراندا دەنێنەوە داوە، لەم قۆناخەی ململانێکانیشیان دا گۆڕەپانی سیستمی پەروەردە و رەوتی پرۆسەی پەروەردە بووە بە مەیدانی چاولێک سوورکردنەوەو دەوڵەتی روحانی لەسەر دیاریکردن و دانانی وەزیری پەروەردە بارگرانی زۆری تووش بووە. ویلایەتی فەیقیهـ بەم دواییانەو هاوکات دەگەڵ تەگەرە خستنە سەر دەنگی متمانە بەخشین بە وەزیری (علوم)ی روحانی بە نامەیەک ئەنجومەنی بەرزی شۆڕشی راسپارد لە پێناو بە ئاکام گەیاندنی دڵخوازی گۆرانکارییەکانی زانستە مرۆییەکاندا مهەندیسی رژدتر بکرێ. خامنەی پێنج ساڵە پەیتا پەیتا لەسەر گۆڕانکارییەکانی وانە مرۆییەکان سوورەو چەندین جار وتوویە زانستە مرۆییەکانی ئێستا دەبنە هۆی "بێ بڕوا بوونی خوێندکاران".

هەر ماوەیەک پێش ئەم فەرمان و حوکمانەی خامنەیی، روحانیش لە کرانەوەی سەری ساڵی خوێندنی زانکۆدا رایگەیاندبوو کەسانێک دەیانەوێ هەندێک لە بەشە زانستەکان لابەرن بەڵام ئیسلامیزەکردنی خوێندن بە واتای سڕینەوەو لابردنی زانست و زانیاریی مرۆیی نییە.

به هەر حاڵ هەروەک وترا دەگەڵ دەست بەکاربوونی دەوڵەتی روحانی کە ئاکامی کۆمەڵێک درووشمی قەببە و زوورقەو برووقەدارەوە، ململانێی باندەکانی نێوخۆی دەسەڵاتخوازی سیستمی کۆماری ئیسلامی بۆ پاوانکردنی بیاجە جۆراوجۆرەکانی ژیان و کۆمەڵگەی ئێران چڕتر کردۆتەوەو بەردەوامیش شایدی تەوس و تانجی لایەنەکانیان لە یەکتری. کە دیارە هەمووی ئەو کردەوانەی دەسەڵاتخوازان بە دژی یەکتر، نەهامەتی و نەگبەتی بۆ خەڵک بە دواوە بووەو دەبێ. ئەگەر لە سەرەتای شۆڕشدا بە فەرمانی خومەینی هەوڵ درا سیستمی خوێندن لەم وڵاتەدا سەقەت بکرێ، ئێستاو لە درێژەی هەوڵەکانی تئۆکراتەکاندا، هەوڵ دەدرێ بە تەواوەتی بایەخ و بەهای پەروەردە لە بەرزترین ئاستی پووچ و کلۆڵ بکرێ و بەمجۆرە عەقڵی گشتی خوێندکاران و خەڵک لە شەمەندەفەری پێشکەوتنی زانست و جیهانێک، کە سات بە سات لە پێشڤەچوونە دابڕن و بهێڵنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

--------------------------------------------------

## لە پەراوێزی راپرسییەکەی دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامی لە مهاباد

ئەمڕۆژانە راپرسییەکی سەرپێییانەی دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامی لە مهاباد لە سەر گۆرانیبێژیی نەتەوەیی و ئیمپراتۆری دەنگ و ئاوازی کوردی و دوو لاوی فارس، لە دنیای مەجازی و هەروەها ژیانی رئیاڵی تاک و خەڵکی کورد لە نێوخۆی کوردستان و هەندەران کاریگەریی و دژکردەوەیەکی خێراو پڕتاوی لێکەوتەوە. ئەوەی کە روون و ئاشکرایە، لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیداو تەنانەت دەکرێ بڵێین بناخەی دامەزرانی ئەو سیستمە سەقەتە لە سەرەتاوە بە گشتپرسییەکی لەم چەشنە بێ بەرنامەو بەبەرنامەو! نازانستییانەو داسەپاوانە دەستی پێکرد، کە هەر ئەو کاتیش لە لایەن گەلی کوردو بزووتنەوەی خاوەن رابردووی ئەم نەتەوەیەوە بایکۆت کرا. کەواتە بە سەرنجدان بە رابردوو و سیاسەت و ئاکارو رەفتاری کۆماری ئیسلامی دەبێ لە هەموو گشتپرسی و راپرسی و کردەوەیەکی کۆماری ئیسلامیدا، ئەگەر ئاکامێکی چاوەڕوانکراو بەدی هات بەشک بین، نەک ئەم جۆرە ئاکامە بەرنامە بۆ دارێژراو و چەشنە پیلانانەییە. لەم چەند دێڕەدا نامەوێ باس لە گەورەبوون و نەخشی ئوستوورەیی حەسەن زیرەک بکەم، کە هەروەک دەزانین ئوستووره مێژووی گەلێک سازی دەکا و بە هیچ ئامراز و کەرەستەیەک لێی ناستێندرێتەوە. هەروەک چۆن لە پیلانی ساڵانی رابردووی دوژمنانماندا هەوڵێک بۆ کاڵ کردنەوەی کاوەی ئاسنگەر لە نێو هزر و بیری کوردیدا درا بە بیانووی ئەوەی کە کاوە ئەو کاراکتێرەیە کە راپەڕین لە دوایین پاشای ئیمپراتۆری ماد، سەرەکیترین ئەتنیکی پێکهێنەری نەتەوەی کورد کردوە، هیچ ئاکامێکی ئەوتۆی نەبووە بەڵکو هەمێستاش کاوە هێمای ئازایی رۆڵە کوردێکی ئازارچێشتوو و جەورچێشتەیە. بەڵام ئەو مەترسییەی

ماوەیەکی زۆر لە کۆمەڵگەی کوردی و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتدا خۆی دەرخستووە لەم لاو ئەولاش باسی لێوە دەکرێ و، بەهۆی ئاڵۆزی و شپرزی دەسەڵاتی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی خودی گەلەوە بە جیددی وەرناگیرێ بەڵکو بەسەریدا تێدەپەڕین، پرسی توانەوە و ئاسیمیلەی زمانە بە شێوەی سیستماتیک و بە پێی بەرنامەی تۆکمە و درێژخایەنی دەسەڵاتی داپلۆسێنەری تێئۆکراسی ویلایەتی فەقیهـ و کلتوور و هەموو سەرخانی فارس. ئەوەی روون و ئاشکرایە و پێویستی بە دوان نییە، دوژمنایەتی نەتەوە داگیرکەرانە دژی کورد لە هەموو بوار و لایەنەکانی ژیانەوە. جا لەم نێوەشدا ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی بە بارتەقای داگیرکەرانی دیکە رووماکیەکی هێمنتر و تەنانەت زۆر جاران خەمخۆرانەی بۆ گەلی کورد بە بیانووی نزیکایەتی نەتەوەیی نواندوە، بۆ ئەوە نەبووە بەراستی نیازپاکە، بەڵکو دەسەڵاتدارانی ناوەندنشین و دەسەڵاتبەدەست بە گورزی کلتووری فارسەوە هێدمەیەکی هێند جەرگبڕو گورچووبڕیان لە پەیکەرەی شوناسی کوردبوون داوە، کە ئەنفال و تەعریب و تەتریک و راگواستن و... تۆزی ڕیشی ناشکێنن. خزمایەتی کورد و فارس نەک نەبووەتە هۆی دەوڵەمەندکردنی کلتوور و شارستانییەتی بەرانبەر بەڵکو تەنیا داری هێژمۆنی لەقی پان فارسیزم و شێڤێنیزمی ئێرانی پێ ئەستوور کراوەو دەگەڵ ئەوەشدا کلتوور و دەسەڵاتی باڵادەست بەپێی پلانی تۆکمە زۆر لەمێژە خەریک بنەبڕ کردن و ژاکاندنی کلتوورێکە کە خۆی پێی دەگەشێتەوە.

لە هەموو پارچەکانی کوردستان ئامانج دوژمنایەتی گەلێکی رەسەن و سڕینەوەی فیزیکی نەتەوەیەکی خاوەن مێژووو داگیرکردنی خاکی ئەو نەتەوەیەو ئاسیمیلە و تواندنەوەی کەسانێکە کە خۆیان بە (ئەوی دیکە) دەزانن، واتە کەسانێک کە بە هیچ جۆرێک ملیان بۆ شۆڕانەوە لە شوناسێک هەڵنەگرتوە کە ئەویش کوردبوونە. نموونەی بەرچاوەی ئەوەش ئەو جاشەیە کە سەرەڕای خیانەت و پشت کردن لە گەلەکەی پێی بوترێ کورد نی، دژکردەوەی توندی دەبێ. هەر بۆیە دەسەڵاتدارنی تاران لەمێژە بەم شتەیان زانیوە کە کردەوەی توندوتیژانە بەرهەمەکەی تەنیا دژکردەوەی توندوتیژانەترە، ئەنفال ١٨٠ هەزار جەستەی گەرمی بە کۆمەڵ کردە ژێر خاکەوە، هەزاران کانی کوێر بوونەوە، بەڵام بابەگوڕگوڕ هەر پڕ بە هەناوی گڕی کوردایەتی چڕی. بۆیە تاراننشینان بیریان لە چارەسەری و پیلانێکی گڵاوتر کرد کە هەنووکە بەرووبوویەکەشی دەڕننەوە. شێواندنی شوناس باشترین ڕێگەیە بۆ بێدەسەڵات کردن و بە چۆکداهێنانی قارەمان. دارێک ریشەکانی پتەو نەبن سۆزە بایەکیش لە بنی دەردێنێ، شێواندنی ئەم ریشانە و هەڵبڕینی لەمێژوودا دەبێ کاری بۆ بکرێ، دەبێ مێژوو، زمان، هزر و بیر، روحی نەتەوەیەک کلۆڵ بکرێ هەتا یادگەی ئەم گەلە چی دیکە بیر لە نۆستالۆژی و رابردوو و ئازایەتی خۆی نەکاتەوە، هەتا ئوستوورەکانی خۆی لە بەر چاو سوک بێ. خوێنی سووری شەهیدانی هەڵاڵە دەروێنێ، رق و هەستی تۆڵە لە بیرەوەری تاکەکاندا چێ دەکا، رووشاندنی بستی خاکی نەتەوە، گوڕو تینی پیرۆزییەتی خاک هەڵدەچێنێ. کەواتە بەچۆکداهێنان و دەستەمۆکردن و بە کۆیلە کردن تەنیا لە زەینەوە دەست پێدەکا. هەستاندنەوەی سەربەخۆیی و نامۆکردنی تاک لە مێژوو و کلتور و ئوستوورە خۆی رێگەیەکە بۆ پێمل کردن و بە ئامرازکردنی. لێرەوەیە پرۆژەی

فارسکلتوران، بیری کۆمەڵگە دەکەنە نیشانە، کە ئەمیش خۆی لە زماندا دەبینێتەوە. چونکی مرۆڤ بەو زمانە بیر دەکاتەوە کە فرچکی پێ دەگرێ، پێی گەشە دەکا، ژینگەی پێ دەناسێ، جیهانی پێ لێکدەداتەوەو، هەر شنەبایەکی دەنگ و وشەی ئەو زمانەی پێ بێ، تاک خۆی تێدا دەبینێتەوە.

دەوترێ موسیقا زمانێکی جیهانییە و پێوەست نییە بە زمانێکی دیاریکراوەوە، دیارە ئەوە خۆی دیوێکی ڕاستی تێدایە، چونکی نۆتەکان و هاژە و لەرینی تاڵە ژێیەکان و... هتد ئامرازە موسیقاییەکان پێوەست نیە بە زمانێکەوە، دەنگێکن وەک هاژەی ڕووباران، کە لە کوردستان لای شوانێک و لە ئوتریش و ئاڵمان لای بێتهۆڤێن و باخیش یەک هاژەن، ڕەنگە چۆنیەتی چێژ وەرگرتن لای ئەو کاراکتێرانە جیاواز بێ کە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر بواری ئێستاتیکا کە پێوەندی بە زەوقی تاکەوە هەیە، کەواتە ڕاستە ئەوانە زمانێکی جیهانین. بەڵام ئایا من خۆم زیاتر لە دێڕە شێعرەی شاعیرێکی کورد دا زیاتر هەم، یان لە شێعری هەر هۆنیارێکی بیگانەدا. من لە کوێ بم سەر بەو شوێنەم، بۆیەشە هەوڵ بۆ پاراستنی دەدەم. پێی دڵخۆش دەبم، خەمبار دەبم. دەقێکی نووسراو، زمان، موسیقا و... وەک خاک شوێنن. ئەو مەقامەی منی تێدام بەقەد خاکەکەم خۆشم دەوێ. یان باشتر بڵێم خۆشەویستی بۆ خاکیش لە هەناوی دەنگەکانەوە دادەچۆڕێ. ئەگەر من لە شێعر، پەخشان، ڕەنگ و دەنگ و دواجاریش دیسان دەنگی گەلەکەم دا خۆم نەبینییەوە کەلێن دەکەوێتە شوناس و ئایدێنتیتیم و بە ئامراز بوونم هەموارە. ئەوەی هەر دوو قوڵی (سەرکوت (هەموو دامودەزگا فیزیکییەکانی وەک سوپا و دەزگەی ئەمنیەتی و هتد) ئایدیۆلۆژی (پەروەردەو دەنگ و ڕەنگ و هتد)) پارێزەری دەسەڵات و کلتووری باڵادەست، بەتایبەتی قۆڵی ئایدیۆلۆژی کارێکی نەپساوە و بە بەرنامەی بۆ کردوە هەستاندنەوە زمانە بە شێوازێکی هەستپێنەکراو. کە من وشە و چەمک و واژەی خۆم لا سوک و بێگانە بوو، خۆشم نزم دەبینم و هەوڵ دەدەم لەم نزم بوونە دەرچم. چم لەبەردەستە خۆی پێ هەڵواسم، فەرهەنگ و کلتورێکی زرقەو بیرقەداری درۆیین، مێژوویەکی درەوشاوەی پڕ لە چەواشە، ڕوومایەکی پێشکەوتووی نوورانی هەناو لەرزۆک و گنخاو. لێرەوەیە ئیدی من لە شێعری نالی دا نیم، لە خانی داتەکاوم، مەلای جزیری لە یادگەم نامۆیە، حەسەن زیرەک، عەلی ئەسغەر کوردستانی، تەحسین تەها... ئاسمانێکی پڕ لە ئەستێرە بەجێ دێڵم و خەرمانە ئوستوورەکانی خۆم لێ کز دەبن و دەریای بێ بنی زمانەکەم لا دەبێ بە شۆرەکاتەکانی لێوارە وشکبووەکەی گۆلی ورمێ و، دەچم دە نێو بۆڕەبۆڕو زیقەزیقی گەرووەکدا لە «بوون»م دەگەڕێم کە گەردەلوولێکە خودا دەزانێ لە کوێم هەڵدەدێرێ.

هەروەک لە سەرەتادا وتم نالێم ئەم ڕاپرسییەی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی دروستە، بەڵام خۆ دەتوانێ زەنگێکی مەترسیدار بێ بۆ خەمخۆران و ڕۆڵەکانی کورد. ئێستا کە دەگەڵ لاوێکی ڕۆژهەڵاتی دەدوێی وەک زمانەکەی زمانی فارسی جارانی لێهاتووە کە لە دە وشان ٩ عەرەبی بوو، کوردییەکی نەک هەر لاوان و تازەپێگەیشتوانی ڕۆژهەڵات، بەڵکو زمانی داپیران و داپیرانیش لە گرێژنە دەرچووە بۆیە لاوانی مەڵبەندی ناسیۆنالیستی ڕۆژهەڵات

خۆیان لە چریکەی زیرەک دا نابیننەوەو لە تولەرێگەکانی دەنگی بابایەکی فارسدا هەڵوەدان. ئەمە تەنیا لەسەر خەڵکی مهاباد راست دەرناچی، بەڵکو لەوسەری رۆژهەڵاتەوە بۆ ئەمسەری دۆخ ئەمەیە کە لە سابڵاغ دەرکەوت.

بەڵام دیسانیش دڵخۆشم بەو راپەڕینەی دوای ئەو راپرسییە لە زەینی تاک و کۆی کۆمەڵگەی کورددا رووی دا، رازانەوەی شەقامەکانی مهاباد بە وێنەی زیرەک نیشان لە نەکوژانەوەی ژیلەمۆیەکە، دژکردەوەی کەسایەتیی و هونەرمەندانی رۆژهەڵات باس لە پتەوبوونی ریشەکانی دارێکی هەزاران هەزار ساڵەن، بەڵام دیسانیش گەلی کوردو بەتایبەت بزووتنەوەی کوردی (بە پانەوە) نابێ کەمتەرخەم بن لە ئاست پیلانەکانی دوژمن و دەبێ ئەم راپرسییە بە راست و دروست وەرگرن و کار بۆ گەشاندنەوەو بووژاندنەوەی ژێرخان و سەرخانە تۆزگرتووە لەبن‌نەهاتووەکەی ئەم گەلە رەسەنە بکەن.

لە ژمارە ٦٤٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠١٤

------------------------------------------------

## مێژوویەکی پڕ لە ئوستورە و بەرپرسی ئوستورەساز

وشەکان و بە تایبەت ئەو چەمکانەی بەشیوەی میتافۆر لە زمانەکاندا بەکاردێن، چەند هێندەی مێژووی مرۆڤ ئاڵۆزن. هەرچەند جارناجار، کەسانێک پەیدا دەبن و بە ئیتیمۆلۆژی و رەگ و رەچەڵەکیاندا بەرەو داڵانە تاریک و بێ تیرۆژەکانی رابردوودا شۆڕ دەبنەوەو پاشان بنە و بنەچەکیان بۆ دیاری دەکەن، بەڵام هێشتاش زۆربەی هەرە زۆریان لێڵی و تارمایی سەریان نارەوێتەوە. بەڵکو مرۆڤ ناچارە وەک ئەمڕۆیان وەرگرێ.

بەگوێرەی لێکدانەوەی زمانزان و مێژووکۆڵەران ئۆستورە وەک وشە و چەمک ریشەیلە زمانە کۆنە هیندوئورووپاییەکاندایەو هەنووکەش هەروەک دەبینین ئەم چەمکە لە زمانە ئورووپاییەکاندا چەمک و واتای زۆری لێ دارێژراوە. هەرچییەک بێ ئەم وشەیە رەگی لە رابردووی مرۆڤ دایەو لەو کاتەوەی مرۆڤەکان وەک خێڵ و هۆز و پۆل و گرووپ خۆیان لە یەکتر جیاکردەوە، هەرکام بە جۆرێک پاڵەوانیان لە هزر و جیهانی فیزیکی خۆدا چێ کرد، هەتا لە بەرانبەر گووشارە دەروونی و سرووشتی و زیندەوەرانی دەورووبەریاندا سەری زیندووی دەربەدرن. بە هەر حاڵ نەتەوە نییە بێ ئوستورە بێ، جا هەر نەتەوەیەی بەڕادەی کۆن بوون و رەسەن بوونی خاوەن ئوستورەیە.

دەڵێن ئوستورە رەنگە بەرهەمی ترسی مرۆڤ لە جیهان و دەوروبەر و تەنانەت خۆشی بێ. بەڵام لە هەمان کاتیشدا رەنگە و بە ئەگەری زۆر ئوستورە بەرهەمی ئازایەتی و نەبەزی و نەبەردی کۆمەڵگەیەک بێ. گەلی کورد یەکێک لە رەسەنترین نەتەوەکانی ناوچەی رۆژهەڵات و تەنانەت جیهان، بەهۆی داگیرکاریی و کەوتنە بەر شاڵاوی دوژمنان، ئەوەی زۆری بێ ئوستورەیە. نەتەوەیەکی خاوەن رابردوو، مێژوویەکی پڕ لە کارەسات، ئازایەتییەکی بێ وێنە، خاوەن کتێب و پێغەمبەر، جوگرافیایەکی شاخاوی و هەڵەموت ناکرێ خاوەن ئوستورەی مەزن و کۆڵەکەی قایم و بەرزی هزری و مێژوویی نەبێ. ئوستورە و زانستی میتۆلۆژی لکێکی بەربەرینە بۆ تێگەیشتن لەم باسە و بۆ قاڵبوونەوە لەم پرسەدا سەرچاوان زۆرن و مژارێکی بەرفراوانە. بەڵام شتێکی گرنگ کە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە ئوستورە و پاڵەوانەکان هی نەتەوەن نەک هی خاک و وڵات، ئەگەرچی بەرهەمی خاک و وڵاتیش بن، دیسانیش بۆ نەتەوە دەگەڕێننەوەو گرێدراوی گەلن هەتا شوێن. ئەگەر لە رابردوو و مێژووی لێڵ و هەڵبڕدابڕاوی بەئەنقەستی گەلەکەمان رابێرین، ئەو گەلە هەر لەم یەک دوو سەدەیەی رابردوودا بە دەیان و بگرە سەدان پاڵەوانی لە بەرەی بەرەنگاریی داگیرکەران لە دەستداوە و پێشکەش بە رێگەی ئازادی و نەوەکانی داهاتووی گەلەکەی کردوون کە رەنگە هیچیان کەمتر لەو پاڵەوانانە نەبن دوژمنان لە کتێبە بە سفارش نووسراوەکانیاندا بە شاخ و باڵیان هەڵکووتوون. ئەگەرچی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بەشی خۆی پاڵەوان و قارەمانی پێشکەش بە سەربەستی نەتەوەکەی کردوە، بەڵام لە باشووری کوردستان بەهۆی دوژمنایەتی سەخت و دڕندەیی رێژیمەکانی بەغدا، خوێنێکی زۆر لەبەر جەستەی ئەم گەلە رۆییوە. داستانی نەبەرد و ئازایەتی رۆڵەکانی کورد لەم پارچەیە بە سەدان پاڵەوانی لە یادگە و بیرەوەری خەڵکە ئازارچێشتووەکەی بەجێ هێشتوەو، بە دەیان بەردەقارەمان بوون بە ئوستورەی ئەم گەلە. هەر ئێستاش لە بەرەکانی شەڕی دژی تاریکپەرستان و شەمشەمەکوێرە دڵ پڕ لە قینە پاپەتییەکاندا کەم نین ئەوانەی دەبێ چاونەترسییان بە داستان بنووسرێتەوە.

ژنانی کورد لە کوبانی مێژووی ژنە ئامازیخی (ئامازۆن)ییەکانی بیر مرۆڤ هێنایەوە کە تا ئێستاش وەک ئەفسانە لە بیرو هزردا هەوێنی گرتوە. لە گەرمەی شەڕ و گیانفیدایی ئەم رۆڵە بەورە و شێرغیرەتانەدا، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران، خەریکە قارەمانسازیی بۆ گەلێک دەکا، باڵای شەهیدان و گیانبەختکردووەکانی لە رێگەی بەرەنگاریی دەگەڵ کۆنەپەرستان چەند هێندەی مێژووی پڕ لە چەواشەی دراوسێ خوێنخۆرەکانییەتی. نازم دەباغ کە پێگە و پایەی بەرهەمی خوێنی هەزاران هەزار شەهیدە کە لێرەدا تەنیا ناوهێنانی مامە ریشە بەسە بۆ ئەوەی بزانێ نەتەوەی کورد خاوەن چ ئوستورەیەکە، بە کەسێک دا هەڵدەڵێ و دەیکا بە پاڵەوانی بەرەکانی شەڕ و ئەخلاق، کە تا ئێستا دیار نییە خوێنی چەندین لاوی نەتەوەکەی دەباغی لە رۆژهەڵاتی کوردستان نەڕشتبێ‌و دەستی لە قڕکردن و کیمیابارانی چەندین هەزار کەس لە باشووری وڵاتدا نەبووبێ. ئەگەر میدیای فارسان پرۆپاگەندە دەکا بۆ ئەوەی قاسم سلێمانی گەورە تیرۆریست بە خۆی و ٧٧ کەسەوە پێتەختی هەرێمی کوردستان لە دەستی داعش رزگار کردوە جێی گلەیی نییە، کەچی ئەمەش خۆی لە خۆی دا سووکایەتی بە هەموو ئەو پێشمەرگانەیە لە بەرەکانی شەڕی دژی داعشدا بەرگری لە خاک و نیشتمان دەکەن‌و

حەقە حکوومەتی هەرێم بە نوێنەرایەتی گەلی کورد لە باشوور لە ئاست ئەو هاتەران و پاتەرانانەی تاران‌نشینان‌دا بێدەنگ نەبن، بەڵام کەسێکی وەک دەباغ کە دەبێ نوێنەری گەلێکی ئاوا ئازابێ کە ئێستا لە جیهان دانی پێدادەنرێ و دەکرێ بڵێین هەروەک سەرۆکایەتی کورد بانگەشەی بۆ دەکا بە نوێنەرایەتی جیهان شەڕی تیرۆر دەکا، لە چ روانگە و تێڕوانینێکەوە کۆنە بەسیجی و پاسداران بۆ ئەم گەلە کە هەر وەچەیەکی داستانێکی پڕ لە قارەمانێتی تۆمار کردوە، دەکا بە قارەمان و پارێزەر. هەر ئەو قارەمانەی دەباغ و هاوڕێکانی نەبوون لە رۆژهەڵات فتوای داعش‌ئاسای خومەینی‌یان لەسەر کورد جێبەجێ دەکرد. نازانم یادگەی کورد لاوازە و زووی شت لەبیر دەچێتەوە یان بەراستی دەباغ و دەباغەکان لە پێناو بەرژەوەندی و ژینی نانەزگی‌دا خیانەتی ئازاری ساڵی ٧٤ چواری باپیرانی سلێمانی ئێستایان لەبیر چۆوە کە بزووتنەوە و شۆڕشێکیان لە باشووری خوێناوی لەبار برد. قوڕ وەسەر ئەو گەلەی ئوستورە و پاڵەوانەکانی خۆی وەلا بنێ و لە هەناوی کۆمەڵێکی ساختەدا بەدوای رزگاریدەرو پاڵەواندا بگەڕێ.

سەد سڵاو لە گۆڕی ئەو شەهیدانەی لە بەرانبەر هێرشی عەرەبە پاپەتییەکان لە سەرەتای هاتنیانەوە بۆ ئەم خاک و کەوشەنە سەریان بۆ دانەنواندن و میراتی سەربەرزی و ئازایەتییان بۆ گەلی کورد جێ هێشت.

سەد سڵاو لەو شەهیدانەی دیسانیش خاکی کوردستانیان لە شاڵاوی چەند پاتە رەش‌بیران پاراست و سەدان سڵاویش بۆ ئەو پێشمەرگانەی لە کوبانییەوە هەتا گەرمیان گیان بۆ بەرگری لە نیشتمان لە سەر دەستە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی دێسەمبەری ٢٠١٤

---------------------------------------------

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٥

------------------------------------------------------

## گورزی گورچووبڕی نەوت لەسەر ئێران و رووسیە

شەڕی ڕانەگەیەنراوی بەرەی رۆژهەڵات و رۆژاوا، بە دابەزینی نرخی نەوت کە داهاتی سەرەکیی بەرەی رۆژهەڵات و بەتایبەت ئێران و رووسیەیە قۆناخێکی ئەستەم و دژواری لەبەرە. سەبارەت بە ئێران کە لە سەرەتای قەیرانی سووریەوە رقەبەری رۆژاوا و ئاراستە سیاسییەکانی لە ناوچەکەدا دەکا، هەتا ئێستا سەرەڕای گەمارۆکان و تەریکخستنەوەی توانیویە لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوت تێچووی کارە تیرۆریستی و خەرجی تاقم و گرووپە تیرۆریستییەکانی سەر بەخۆی لە ناوچەکە و جیهاندا دابین بکا و دەگەڵ ئەوەشدا بە زەبری پارە ئەسەدو هێزەکانی ڕاگرێ، کە دیارە هەروەک لە گرتە ڤیدیۆییەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە دەردەکەوێ زۆربەی سوپای ئەسەد هەنووکە ئەفغانی و هاووڵاتی دیکەی غەیری سوورین کە لە لایەن ئێرانەوە بۆ پاراستنی هاوپەیمانە ستراتژیکەکەی بە کرێ دەگیرێن. ئێران بە پشتیوانی رووسیە لە ناوچەکەدا جگە لە بەربەرەکانی ئەمریکاو رۆژاوا، بەربەرەکانیی وڵاتانی عەرەبی سوننی ناوچەکەش دەکا. ئەگەر چاوێک بە بارودۆخی لوبنان، فەلەستین، عێراق، بەحرین، یەمەن، عەرەبستاندا بخشێنین؛ بە روونی شوێنپەنجەی ئێران لە ئاژاوەکانی ئەم وڵاتانەدا دیارە. لەم لایەشەوە ململانێی بەرنامەی ناوکی ئەو وڵاتە لەگەڵ جیهان هەر بەردەوامەو ئێران بە بەفیرۆدانی کات دەیەوێ خۆی لە ئامانجە ناوکییەکانی نزیک بکاتەوە، کە ئەمەش نیگەرانی قوڵی جیهانو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤین و بەتایبەتی ئیسرائیل و عەرەبستانی بەدواوەیە. دەگەڵ کێشمەکێشی قورسی ئێران دەگەڵ وڵاتانی ناوچەو بەرەی رۆژاواو جیهان، بە دوای قەیرانی ئۆکراینەوە بەرەی رۆژاواو هێندەی دیکە دەگەڵ کۆنە ڕەقیبی شەڕی سارد واتە رووسیە کەوتە ململانێکی سەخت و دژوار. رووسیە بە سەرکردایەتی پۆتین کە خەیاڵی نۆستالۆژیکی سۆڤییەت هەڵگرتووە؛ روو لە سنووری وڵاتانی دراوسێیەتی کە کەمینەیەکی رووسیان هەیەو شەڕی هێژمۆنی و بەرەنگاربوونەوەی فەرهەنگی دیموکراسی رۆژاوا دەکا. ئۆکراین کە هەتا لەسەر کارلادانی ڤیکتۆر یاکۆڤیچ سەر بە بلۆکی رووسیە بوو، هەنووکە دەگەڵ ئەوەی دوورگەی کریمەی خراوەتە سەر رووسیە، تووشی شەڕی نێوخۆیی بووە لە سنوورەکانی رۆژهەڵاتی؛ کە کەمینەی رووسی ئەو وڵاتە بە پشتیوانی و یارمەتی لۆجستیکی و چەک و تەقەمەنی رووسیە داوای جیابوونەوە لە دەوڵەتی ناوەندی دەکەن کە ئێستا روو بە ئورووپایە. پشتیوانی و ڕکەبەری رووسیە

بووە هۆی ئەوەی ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی کۆمەڵە گەمارۆیەک بخەنە سەر رووسیە، کە دابەزینی نرخی رۆبڵ یەکێک لە ئاکامە هەرە نەرێنییە بەرچاوەکانی بوو. کارو کرداری ئەمریکا و رۆژاوا، دژکردەوەو پەرچەکرداری ئێران و رووسیەی بە دواوە بووەو هەروەک دیارە توندوتیژیو شەڕی ئەمریکا و رۆژاوا دژی دەستوپێوەندەکانی ئەو وڵاتانە توندوتیژی لە لایەن رووسیە و ئێران بۆ پێکانی ئامانجەکانیانی بە دواوە بووە. لە چەقی هەرتک قەیرانی سووریە و ئۆکرایندا دەکرێ بڵێین دولاری فرۆشی نەوتی ئێران و رووسیەیە، ئاشەکەی دەگێڕێ. هەر بۆیە ئەمریکا و گەڵاڵەدارێژانی رۆژاوا بە دابەزاندنی نرخی نەوت شەڕیان بردە قۆناخێکی دیکەوە هەتا پشووی سواری ئەم دوو وڵاتە ببڕن. ئەگەرچی کارناسان دابەزینی هاوردە و هەڵکشانی هەناردە و بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە ئەمریکا، کە دەوترێ بەم زوویانە ئەمریکا دەبێ بە گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی جیهان؛ بە هۆکاری سەرەکی دابەزینی نەوت دادەنێن، بەڵام دەکرێ دابەزاندنی نەوت لە گۆشەنیگای سیاسییەوە سەیر بکرێ و وەک ئەهرومێکی فشار بۆ سەر ئێران و رووسیە بزانرێ کە بودجەی ساڵانەی بەڕێوەبردنی وڵاتەکانیان لەسەر فرۆشی نەوت راوەستاوە. ئێران لە رێگەی فرۆشی نەوتەوەیە کە دەتوانێ تێچووی ئەو هەمووە گرووپە تێکدەرە لە لوبنان، فلەستین، سووریە، یەمەن، بەحریەن، عەرەبستان، ئەفریقاو... دابین بکا. تێچووی شەڕی رەوانی و پراکتیکی حزووری ئەمریکا لە رێگەی بۆرییەکانی نەوتەوە دابین دەکرێ، هەر بۆیە دوابەدوای دابەزینی نرخی جیهانی نەوت، ئەسەد ئامادەیی خۆی بۆ ئاشبوونەوەی میللی راگەیاندو داوای کۆبوونەوەی دەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن کرد، کە هەنووکە ئەم پرۆژەیە خەریکە لە رێگەی میسرو رووسیەوە درێژەی پێ دەدرێ. کزکردنی سەرچاوەی داهاتی ئێران دەتوانێ زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە ئارخەیان بکا لەوەی کە چیدی بودجەی پێویستی بۆ بەرزەفڕییەکانی نەبێ، عەرەبستان هاوچاوەی سەرەکی ئێران لە ناوچەکەدا راگەیاندوە ئەگەر نەوت بۆ بەرمیلی ٢٠ دۆلاریش دابەزێ هێشتا، هەناردەی نەوتی کەم ناکاتەوە. ئەم هەڵوێستەی عەرەبستان بەڕوونی دەریدەخا مەبەست لە دابەزاندنی نرخی نەوت، ئەهروومێکی فشار بۆ گۆڕینی هاوکێشە سیاسییەکانی جیهان و ناوچەکە، ئامرازێکە بۆ کۆتاییهێنان بە کەڵەوەکێشی و نیوەچڵکردنی پرۆژەکانی ئێران لە وڵاتانی ناوچە. هەروەها لە رێگەی پەکخستنی ئابووری ئەو وڵاتانەوە دەکرێ، بواری نێوخۆی ئەو وڵاتانە بۆ نارەزایەتیدەربڕین و گۆڕینی سیاسەت و سیستمی سیاسی و هاوئاهەنگییان دەگەڵ ئاراستەی جیهانی بڕەخسێندرێ. ئەو شەڕی نەوتە رەنگە بۆ رووسیە نامۆ نەبێ، چونکی لە دەیەکانی نەودی سەدەی رابردوودا یەکیەتی نەوتی عەرەبستان و ئەمریکا توانی ببێ بە خاڵی دەسپێکی بەچۆک داهێنان یەکیەتیی سۆڤییەت. ئێران کە بەهۆی سووکبوونی گەمارۆکانی سەری، خەریک بووژاندنەوەی ئابووری داڕماوێتی، ئەمجارە رەنگە بۆهۆی هەرزانبوونی نەتەوە خراپتر لە گەمارۆی بەسەر بێ و ئەگەر داشکانی نەوت بەم چەشنەی ئێستا هەیە ماوەیەکی دوروودرێژ بەردەوام بێ دەبێ چاوەڕانی داتەپینی ئابووری لەقی ئەو وڵاتە بین. دیارە ترس و ناکۆکی عەرەبستان دەگەڵ ئێران رەنگە بارتەقای هەموو ناکۆکییەکانی ئەو وڵاتە بێ دەگەڵ جیهان، چونکی ئێران و عەرەبستان لەمێژ ساڵە لە شەڕێکی رانەگەیەنراو دان و هەنووکە لە سووریە ئەم دوو وڵاتەن ئاوری شەڕیان خۆشە. هەر بۆیە عەرەبستان بە کەم نەکردنەوەی

هەڵێنجانی نەوت و هەناردەی نەوت دوو ئامانج دەپێکێ، پەکخستنی ئابووری گەورەترین هاوچاوەی لە ناوچەکەداو داگیرکردنی پشکی هەناردەی نەوت لە ئۆپێکدا، کە لە ئەگەری بەرزبوونەوەی هەڵێنجانی نەوت لە ئێراق و ئێران ڕەنگە ئەم پلەیەی لە دەست بدا.

لە ژمارە ٦٤٧ی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جانیۆیری ٢٠١٥

-----------------------------------------------

## پێوەندیی قووڵی شەڕو ڕەوینەوەی داتەپینی ئابووری

دەگەڵ پشکوتتنی بیری مرۆڤ و، هەتا ئەو شوێنەی بیرەوەرییەکانی مرۆڤ هێزیی پێی دەشکێ، شەڕ وەک دیاردەیەک بە هەموو ڕەهەند و جۆرەکانییەوە لە ژیاندا هەبووە و هەتا هەتایەش دەبێ. ئەگەر سەردەمێک شەڕ بە بێ پلانی لە پێشدا دیاریکراو و ، زیاتر لە سەر بەرژەوەندی گرووپەکان، یان چاوچنۆکی فڵان پاشاو فیسار ئیمپراتۆر ڕووی دەدا، بەڵام هەنووکە، تەنانەت چەند سەدەیە شەڕە گرنگو بەرچاوەکان نەک بە هۆی ئەو هۆکارە کلاسیکانەوە، بەڵکوو بۆ ڕاگرتنی دیاردەیەک، یان گەڕخستنەوەی دیاردەیەکی دیکە دێتە گۆڕێ. بۆ وێنە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ی گەلانی ئێران و بە تاڵانبردنی لە لایەن توندڕۆ ئیسلامییەکانەوە، کە دروشمی «هەناردەی شۆڕش»ی بە دوای خۆیدا هێنا، وڵاتانی ناوچەکەو تەنانەت جیهانیش وەخۆ کەوتن، تا بەر بەو وزە ئازادبووەی شۆڕش بگرن، کە لەوانەیە پێشهاتێکی نەخوازراو بۆ جیهان بخوڵقێنێ، کە لە پێشەوەچوون دایە. هەروەها ئەگەر ئاوڕ لە دوو شەڕی گەورەی جیهانی بەتایبەتیش شەڕی دوویەمی جیهانی بدەینەوە، لێمان ڕوون دەبێتەوە، لە بنەڕەتدا هۆکاری ئەو شەڕانە داتەپینی ئابووری و قەیرانە داراییەکان بوون هەتا کێشەو ئاریشەی نێوان فڵانە پاشا و وڵات. بەڵێ دابەزینی نرخی پشک لە ٤ی سیپتامبەری ١٩٢٩ خاڵی دەسپێکی قەیرانێک بوو کە شەڕی دوویەمی جیهانی بە دوای خۆیدا هێنا. ڕەنگە ئەو وتەیەی فۆکۆیا لە جێی خۆی دابێ کە گوتوویە «شەڕ مامانی مێژوویە»، بۆ لە دایکبوونی جیهانێکی دیکە پێویستمان بە گۆڕانی قووڵ و ئەستوونییە، کە ئەویش هەڵتەکانی کۆمەڵگەی بە زۆربەی پێکهات و سترەکتۆرەکانییەوە گەرەکە. ئەم پەڕینەوانە قولابەش تەڕدەکەن، ئەویش چ تەڕکردنێک. قەیرانی هاوچەرخمان ساڵی ٢٠٠٨ چەخماخەی لێدراو، گەورەترین ئابووری و زلهێزی جیهانی تووشی تاسان کرد. ئەو قەیرانەش وەک قەیرانەکەی پێش هەڵاییسانی شەڕی جیهانی دووەم لە چەقی بازرگانی زەبەلاحە ئابووری دونیا، واتە وال ستریت هەڵیداو هەندەی پێ نەچوو بەرەو ئورووپا تەشەنەی سەندو دابەزینی پشکی بورس و

هەروەها مایەپووچ بوونی بانکەکانی بە دوای خۆیدا هێنا. هەروەک باوە، لەم چەشنە کاتانەدا، خەڵک زیاتر دەستپێوەدەگرێ، کڕین و فرۆشتن کز دەبێ، بەرهەمهێنراوەکان لە ئەنباری بازرگان و دوکاندارانیدا کەڵەکە دەبن، کارگەکان کاڵاو کەلوپەلە بەرهەمهاتووەکانیان بە سەر دەستدا دەمێنێتەوە، هەر بۆیە دەگەڵ ئەم قەیرانە، قەیرانی بێکاریی‌و دەرکردنی هەزاران و بگرە زیاتریش کرێکارو پرسنێلی بەرهەمهێن و خاوەن پیشە، کێشەو ئاریشەیەکی زۆر بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگە زیاد دەکەن. بە گشتی ئەگەر ئەم قەیرانانە ڕێگەچارەیەکیان بۆ نەدۆزرێتەوە، وزەی بەرەڵلاکراو لە شەقامەکان، قانوون و هەرچی دامەزراو و دەسکەوتە دەگنخێنێ، هەتا دەتوانین بڵێین گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایش و تەناهی نەتەوەیی و دواتریش مرۆڤایەتی. لە قەیرانەکانی پێشووو بەتایبەت قەیرانی ١٩٢٩دا بینیمان شەڕێکی گەورە بوو بە مەڵحەمی ئەو دەردە گرانە، ئەگەرچی مرۆڤ تێچوویەکی زۆریشی بۆ دا. قەیرانی ئابووری ٢٠٠٨ و ڕیکودی دارایی ئەمریکاو ئورووپا بێشک بەو شێوەیەی کە ئێستا دامرکاوە، ئەگەر شۆڕشی عەرەبەکان و قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپای بەسەردا نەهاتبووایە. ئەگەرچی هەروەک دەزانین کەمکردنەوە خەرجییەکانی دەوڵەت و ئەو ڕێکارە چاوچنۆکانەیەی ئورووپاییەکان گرتیانەبەر تا رادەیەک باری لاری ئەو وڵاتانەی راست کردەوە، بەڵام تا کۆتایی ڕێگە ئەم بارە بەراستی ناڕوا، هەر بۆیە ماستەرپلانی شەڕ، کە دیارە ڕەنگە ئامانج و هۆکاری دیکەشی لە پشتەوە بێ، لە لایەن ژوورە پشکنینەوەیی و توێژینەوەییەکانی وڵاتە خاوەن پرۆژەکان، داڕێژراو بوون بە کردە. ڕەنگە بێ ئینسافی بێ ئەگەر هۆکارەکانی دیکە وەک پەیماننامە سەقەتەکانی سایس‌پیکۆ، لۆزان، نەبوونی دیموکراسی و تۆلێرانس لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان و مل بە ملە ناوچەییەکان لەو ئاژاوانە لەبەر چاو نەگرین، بەڵام خۆ ئەو هۆکارانە ماوەیەکە لە هەناوی ئەو کۆمەڵگەیانەدا جینگڵ دەدەن‌و کوڵ بە تەواوەی ئەو گڕکانانە دەدەن، کەچی نەبوونە هۆی پەرەگرتنی شەڕی بێ سنووری وڵاتان. لێکۆڵینەوەو بنکۆڵی هۆکاری ئابووری لەسەر هەڵاییسانی شەڕەکانی ئەم قۆناخە لە برستی وتارێک و چەند نووسراوێک و نووسەرێکی ئاماتۆر بەدەرن، بەڵکو ئەمانە دەبێ بە گوێرەی تیۆرییە ئابوورییەکان و هەڵکشان و داکشانە داراییەکان لە جەنجەڕ درێن، هەتا ئامار و داتای وردتر و پەسندتر بدەنە دەست. بەڵام ئەزموونەکانی پێشوو ئەوەمان پێ‌دەڵێن شەڕ تێپەڕگەی کاروانی ژیانە بەرەو ئەودیوی سنوورەکانی دووبارەبوونەوە. هەر چەند ئەمەش بەو مانایە نییە کە پاساوتاشی بۆ ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرانە بێنینەوە، کە بە بەرچاومانەوە، سەدان و هەزاران و بگرە ملیۆنان بەستزمان گەڵای ژیانیان بە دزێوترین شێوە دادەوەرێ. لە خۆڕا نییە، سەرۆکەکانی ڕۆژاوا لە نێو هەمووشیاندا بەرپرسانی ئەمریکا باس لە درێژخایەن بوونی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکەن. لە دواین هەڵوێستی ئۆبامادا ناوبراو داوای لە کۆنگرە کرد ئیزنی سێ ساڵەی بدا لە دەرەوەی کەوشەنی ئەو وڵاتە ئۆپێراسیۆنی سەربازی ئەنجام بدا؛ ئەمە خۆی لە خۆیدا هەڵگری پەیامێکی قووڵە. دەگەڵ ئەوەشدا هەروەک لە دەنگوباس و هەواڵاندا دەبیسین، دەوترێ سەرچاوەی یارمەتی و دارایی خودی ئەو گرووپەی ئێستا بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامییەوە لە نێو جەرگەی ستیراتیژی ڕۆژهەڵاتی ناڤین تەراتێنێتی، لە لایەن ڕۆژاواشەوە دابین دەکرێ. دەگەڵ هەمووی ئەوانە ئەگەر بزوێنەری شەڕی نوێ توانیێوێ ئازارشکێنێک بێ بۆ ئابووری چەماوی جیهان،

لە هەمەن کاتدا، بووە بە هۆکارێک بۆ بەتاڵبوونەوەی ئەو پەیماننامانەی خێرو بەرەکەتیان بۆ کورد بە نێوچاوانەوە نەبووە. هەروەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێداوە، سایس پیکۆ کە کوردستانی لە دووە کرد بە چوار، بە کردە، بەتاڵ بووەتەوە، کە دیارە ئەمەش زیاتر بەرهەمی ئەو ئاڵۆزییانەیە، دەگەڵ ئەوانەشدا، هەموو ئەو چوار وڵاتە داگیرکەرەی کوردستان خەون بە پاراستنی دۆخی ئارایییەوە دەبینن، هەتا لێکترازانی تانوپۆی ئەو مافوورەی رایانخستوە، کەوتوونە باری تەنگانەوەو دژوارترین قۆناخی ژیانی سیاسی خۆیان تێدەپەڕێنن. لە رۆژاوا، گەلی حاشالێکراو و بێناسنامەی کورد، هەنووکە بەسەر گەورەترین و وەحشیترین دیاردەی مرۆڤنوێنی سەردەمدا سەرکەوتووەو، شیرەژنانی بەرگریکاری کوبانی لە کۆشکەکانی فەرەنسە پێشوازییان لێدەکرێ. لە تورکیە چ بە هۆی هۆکاری نێوخۆیی و چ لەبەر هۆکاری ناوچەیی و رەوشی ئاڵۆزی جیهانی بێ، خەریکە هەنگاوی بەبڕشت هەڵدەهێنرێتەوە، هەرچەند خاویشن. باشووری کوردستان بە تێچوویەکی کەمەوە سنوورەکانی گەیاندۆتە نزیک ئەو دەشتە لم و بێڕوونانەی لەسەر کاغەز شەڕی بۆ دەکردو، ئەگەر ساغبوونەوەی نێو ماڵی کوردو، دەسکەوتی بەرتەسکی حیزبایەتی ئیزن بدا؛ لە خەم رەویوەتەوە. هەرچەند رۆژهەڵاتیشە؛ دۆخی ناڵەباری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و... کۆمەڵگەی ئێران، کە دیاریی کۆمارە تاقانەکەی سەردەمە، زوو یان درەنگ هەڵتەکانێکی قووڵی بەبەرەوەیە. هەروەک دەشزانین ئەم شەڕەی شەپۆلەکانی دەمی بە دیواری دەسکردی سنوورەکانی ئێرانەوە ناوە، لە بنەڕەتدا گرژترین و قووڵترین کێشەی ئایدیۆلۆژیکی دەگەڵ شیرازەی دەسەڵاتی تاران هەیەو، هەر ئەمەشە تارانی وا لێکردەوە دەوروبەری ئاوڕ دا، هەتا خۆی ئاور نەگرێ، کەچی خۆشی وەک دووپشک کەوتووەتە نێو بازنەیەکی گڕو بڵێسە، کە ئاکامو دوارۆژی لێل و ناروونە.

لە ژمارە ٦٥٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠١٥

---------------------------------------------

# سیاسەتی ئەمریکا گۆڕینی رەفتاری رێژیمە

نزیک بە چوار دەیە ململانێی زلهێزێکی وەک ئەمریکا دەگەڵ هێزێکی ناوچەیی ئیدیۆلۆژیکی و بەدوور لە هەر پرەنسیپێکی سەردەمپەسند و سەربەگۆڵمەز و بەگێچەڵی وەک ئێران، لە ئاکامدا بە شوێنێک گەیشتوە، کە لە زمانی رێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە دەبیستین؛ سیاسەتی جیهانی رۆژاوا بە شوێنکەوتن لە ئەمریکا تەنیا لە گۆڕینی رەفتاری ئەم سیستمەدا خۆی دەبینێتەوە، نەک گۆڕینی بناخە و بنکۆڵی کۆڵەکە لەقەکانی ئەو رێژیمە سەرەڕۆیە کە وەک وەرهەمێک جگە لە کۆمەڵگەی ئێران، ناخی زۆربەی کۆمەڵگەکانی ناوچەکەشی داوەشاندوە و شێرپەنجەئاسا ریشاڵی نەخۆشییەکانی خزاندۆتە نەخشەی رۆژهەڵاتی ناڤینەوە.

بەشێک لە کوردستانیش کە بە چارەنووسی تارانەوە بەستراوەتەوە، بەداخەوە لە ژێر زەبروزەنگی ئەو سیستمەدا داپلۆساوە و، لە هەر رێگەیەکەوە کە لواوە، بەرەو هەڵدێر و داڕمان هەلدێشتراوە و هەروەها دەکرێ بڵێین هەنووکە بزووتنەوەی ئەم پارچەیەی کوردستان کە لە سەرەتای سەردەمی نوێوە و بە تایبەت دوای شەڕە گەورە جیهانییەکانەوە بەردەوام لە ترۆپک و پەلهاویشتن دابووە، ئێستا دوور لە سەردەمی زێڕینی خۆی دەژی و پارت و لایەنەکانی ئەم پارچەیە بەهۆی کۆمەڵێک فاکتەری جۆراوجۆر و بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی کورد، جگە لە هەندێک جموجۆڵی وەرزی و چالاکی میدیایی و رێکخستن، بە کردەوە پانتایی خەباتیان لە رۆژهەڵات چۆڵ کردوە.
لە رەوتی مێژووی کورددا بە داخەوە کەم هەڵکەوتوە هەرسێک فاکتەرە گرنگەکانی سەرکەوتن و سەرگرتنی داوا و خەونی کورد لە پارچەکانی کوردستان و بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان وێکڕا ئامادەییان هەبووبێ، مەبەست لە فاکتەری نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی. کۆماری کوردستان بە رێبەرایەتی پێشەوا قازی محەمەد بە روونی دەرخەری غایببوونی یەکێک لە هەرە گرنگترین ئەو فاکتەرانە بوو، کە هیوای لەمێژینەی گەورەترین گەلی بێدەوڵەتی جیهانی کاڵکردەوە.

بزووتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان دوای هەوراز و نشێوێکی زۆر و، لە دەستدانی کەڵەپیاو و، مەزنەرێبەری وەک د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی و... هەنووکە بە ناچاری لە سنوورەکانی رۆژهەڵات دوورکەوتۆتەوە و ماوەیەکی زۆرە لە رێگەی رێکخستن و کاناڵە پێوەندییە مێدیاییەکانەوە دەخزێتەوە نێو هەناوی کۆمەڵگە، بەڵام سنووردارבوونی ئیمکاناتی ئۆپۆزیسیۆن و گەشە نەستاندنی لە هەموو بوارەکانەوە لە چاو دەرفەت و توانایی سیستمی پاوانخوازی تئۆکراسی کۆماری ئیسلامی و گرنگتر لە هەمووش؛ دابڕان لە کۆمەڵگە و سەرچاوەی هێزی خۆی، بەردەوام تای تەرازووی بەلای رێژیمدا قورستر کردوە، ئەگەرچی لە سەردەمی لە لووتکەدابوونی بزووتنەوەی رۆژهەڵاتیشدا تای

تەرازووی هێز هەر بە قازانجی سیستم قورستر بووە.

حیزبی دیموکرات، لە قۆناخی راگرتنی شەڕی چەکداری و کەمپنشینیدا، دەگەڵ ئەوەی بە گوێرەی دەرفەت و رەخسانی هەل، جارناجار ئامادەیی فیزیکی خۆی لە ناوچەکانی کوردستان دووپات کردۆتەوە، بەڵام زیاتر خواستی ئەوە بوو و هەر لەم پێناوەشدا هەوڵەکانی چڕ کردۆتەوە کە بتوانێ بنەما سەرەکی و فەلسەفەی جەوهەری دامەزراندنی و پێکهاتنی، واتە چارەسەری پرسی کورد لە رێگەی دیالۆگ و دیپلۆماسییەوە بەئاکام بگەیەنێ و، بە رێگەی جۆراوجۆر بتوانێ دیسان وێژار و دیسکۆرسی دانوستان و وتووێژ دەگەڵ ناوەند زیندوو بکاتەوە، کە دوایین هەوڵە فەرمییەکانی لە کۆبوونەوەکانی بزاڤی کورد لە سەردەمی شۆڕشی ٥٧دا دەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی کاتی تاران بەرجەستە بووە. هەروەها حیزبی دیموکرات لە ماوەی تاراوگەنشینیدا لە زۆر بواری بنچینەیی و بنەڕەتیدا هەنگاوی قووڵی هەڵێناوەتەوە کە گۆڕینی دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ فیدراڵیزم یەکێک لەم هەنگاوانەیە.

بزووتنەوەی رۆژهەڵات و یەکێک لە سەرەکیترین هێزەکانی واتە حیزبی دیموکرات، شوێنپەنجە و مۆرکی لە رەوتی بزاڤی رزگاریخوازی رۆژهەڵات کوردستان پڕشنگدارە و بەبێ ئاوڕدانەوە لە مێژووی پڕ لە تێکۆشان و شانازی ئەم حیزبە تاووتوێی مێژووی رۆژهەڵات پڕ کەلێن و کەڵەبەرە. ئەم رەوتە سیاسییە کە بە جۆرێک لە جۆرەکانی ماکەی زۆربەی هەرە زۆری حیزب و پارتەکانی ئێستای باشوور و رۆژهەڵاتە، کەم تێچووی لە پێناوی رزگاری کورد لە هەموو پارچەکان و بەتایبەت رۆژهەڵات نەداوە. ئەم حیزبە هەردەم ویستوویەتی بە ئابدێت و گەشاندنەوەی دروشم و وێژاری خۆی، لە گۆڕەپانی سیاسی ئێران و کورستاند ئامادەیی هەبێ. ئەم حیزبە کە لە سەرەتاوە بە فەلسەفەی دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد هەنگاوی ناوەتە مەیدانی خەباتەوە؛ لەم سۆنگەیەوە رێبەرانی کاریزماتیکی خۆی قوربانی ئامانجێکی مرۆیی کردوە، کە لە لایەن داگیرکەرانەوە بە کردەوەی نامرۆیی وڵامی دراوەتەوە. ئەم حیزبە لە رەوگەی خەبات و مێژووی خۆیدا، بە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی سەردەمیانەو رەچاوی دۆخی ناوچەو پێشڤەچوونی باری دیموکراسی لە جیهان و کارامەیی سیستمەکان لە قۆناخی دوای شەڕی یەکەمی کەنداو بە وازهێنان لە ئۆتۆنۆمی سیستمی فیدراڵی بۆ چارەسەری کێشەکانی وڵاتی فرەنەتەوەی ئێران هێنایە بەرنامەی خۆی و، بۆ ماوەیەک بوو بە باسی رۆژەڤی ئۆپۆزیسیۆن و کاردانەوەی کۆماری ئیسلامی، بەڵام بە تێپەڕی کات کۆماری ئیسلامی کە لە هێنانەئارا و خوڵقاندنی گەمە و سیناریۆی جۆراروجۆر بە کوردی و بە کورتی لە قەیرانخوڵقێنیدا باڵادەستی هەیە بە هێنانە کایەی جۆراوجۆر و هەڵفریواندنی بیروڕای گشتی جیهان و دوژمنداتاشی و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک و بەڕێوەبردنی سیناریۆ و شانۆی جۆراوجۆر و تەشەنە پێکردنی ئیدیۆلۆژییە ئایینی و شیعییەکان بە مەبەستی دروستکردن و زیادکردنی پەڕپۆ لە چوارقورنەی جیهان و، بە تایبەت لە وڵاتانی ناوچەکە و رۆژهەڵاتی ناڤین، بۆ پتەوکردن و درێژکردنەوەی ژیانی پڕ لە نەگبەتی خۆی، هیوای لە جۆشی ئۆپۆزیسیۆن و خەڵکی گۆڕانخوازی وڵاتی بۆ رووخانی سیستم لە باربرد و، تەنانەت دوای

کۆتاییهاتنی دەوڵەتی خودی ئیسلاحات و دانان و هێنانی مۆرەیەکی وەک ئەحمەدی نیژاد، ئاوی پاکی بەدەست ئەوانەش داکرد کە لە نێوخۆی سیستمەوە هەوڵی چاکسازیی و ڕیفۆرمیان دەدا. ئەم هەڵسوکەوتەی بەرەی بنئاژۆخوازی ئاڵقە لەگوێی ویلایەت پەیامێکی روون و نێوەرۆکێکی بێقاوخ بوو بۆ ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی چاوی بڕیبۆ ئاسۆی چالاکییەکانی نێوخۆ. ئێستاکەش کە ئەمریکا گەورەترین شوێنندانەری سیاسی جیهان، راشکاوانە بە سەرکردایەتی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی رادەگەیەنێ؛ سیاسەتی گۆڕینی رەفتاری رێژمی هەیە نەک گۆڕینی سیستم، دەبێ ئەو بزووتنەوەیەی کە لە هەموو بوارەکانەوە؛ لە ئاست هێزو دەسەڵاتو تیۆریو دەستڕۆیشتوویی‌و... لە بەرانبەر رێژیمدا دابەزیوە، بڵێی چ سیاسەتێک بگرێتەبەر؟ بزووتنەوەی سەراسەری بە جۆرێک تەرەکەوڵات بووەو لە وڵاتانی ئورووپا هەواری خستوە کە بە دژواری دەکرێ بڵێین توانای رێکخستن و شوێندانەری لە سەر رەوتی رووداوەکانی نێوخۆی هەیە، هەروەها هیوا و ئۆمێد بە بزووتنەوەی نێوخۆییش دوای زیندانی کردنی رێبەرانی لە ماڵەکانی خۆیاندا لە کاڵی دا و، خەمی نان برستی لە کۆمەڵگەی ئێران بڕیوە؛ جارێکی دیکە شەقامان بخرۆشێنن.

بزووتنەوەی کوردیش سەرەڕای هەڵوەرینی زۆربەی هێزە چەکدارەکانی و دابەزینی هێژمۆنی لە نێوخۆ و سەرهەڵدانی پارت و لایەنی دیکە، کە کەمتاکورت توانیویانە وزە و پوتانسیەلی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی رەکێشی کاناڵی ویستەکانی خۆیان بکەن، تووشی پەتایەکی گورچوبڕی مەترسیدار هاتوە کە ئەویش لەتبوون و جیابوونەوەی حیزب و لایەنە خاوەن پێگەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە. هەر لەو سۆنگەیەوە سەرەڕای لەباربوونی ژینگەی رۆژهەڵات بۆ چالاکیی سیاسی و نەتەوایەتی؛ تووڕەیی خەڵکی کوردستان لە پارتە رەسەنەکان و بەدەنگەوەنەهاتنیان لە بۆنەکانی وەک هەڵبژاردنەکان، دەبێ ئەو بەشە لە بزووتنەوە کە نایەوێ بە پێچەوانەی رەوگەی رووبار مەلە بکا تووشی تێفکرین و تێڕامانێکی قووڵ بکا. ئاشبوونەوەی لۆژیکیانە و تووڕهەڵدانی هەندێ بیری چەوتی حیزبایەتی و پشتگوێ خستنی بەرژەوەندی تاکەکەسی و دەستەیی و گۆڕین و گونجاندنی سیاسەتی بزاڤی رزگاریخوازی دەگەڵ واقعی کۆمەڵگە و ئابدەیت و بەرۆژکردنەوەی ویست و داواکان و زۆر تەوەری دیکە رەنگە لەم هەلومەرجە گێژەن و ئاڵۆزەی ئێستای ناوچەکەدا، خوێنی مەییوی شادەمارەکانی کۆمەڵگەی کوردی ببزێوێ و، هێژمۆنی و ئیعتباری بزووتنەوەی کوردیش بگەشێنێتەوە. هەنووکە بەهۆی نەورۆز و چەندین بۆنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیکە لایەنە کوردییەکان دەتوانن بە وردبینی و دانواندن بۆ یەکتر، بە گوتار و هێڵی سیاسی یەکگرتووانە، بە لە بیرنەکردنی شێوازە کلاسیکەکانی خەبات، هەنگاو بنێننەوە گۆڕەپانی ئاڵۆزی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتەوە، کە هەروەک لە ئاستی کوردستانیدا دەبینن، چالاکی خۆڕسکی پێشکەوتنخوازنەی کۆمەڵگە، بەستێنێکی لەبارە بۆ هەوڵ و تێکۆشانی ئەرێنیتر. ئەگەر ویستی ئەمریکا و جیهان کە ئێستا بە کردەوە دەگەڵ ئێران لە چەند بەرەدا لە شەڕدان، تەنیا لە گۆڕینی رەفتاردا خۆی دەبینێتەوە، کەواتە بزاڤی کوردی بە هەڵسەنگاندنی هێز و توانای خۆی و لەباربوون و گونجاوی و توانای وەرگرتنی گوتاری خۆی لە لایەن کۆمەڵگەی

کوردستان و ئێران و تەنانەت جیهانیشەوە، بە نەسڵەمینەوە لە هەندێک چەمک و دەستەواژەی سازشکار و دانواندن، ڕێکارێکی نوێ لەپێناو هێشتنەوەی خۆی و گوتاری خۆی لە بیری تاکی ڕۆژهەڵاتدا بگرێتەبەر.

کۆمەڵگەو بزاڤی ڕۆژهەڵات چیدی بەرگەی ئەم بۆشاییو دابڕانە ناگرن، هەروەها یادگەی زامداری تاکی کوردیش کە هەموو دەرەتانەکانی لێبراوە، چیدی بەرگەی ئەم ئاڵۆزییەی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵات ناگرێ. نەورۆزی ئەمساڵ و بەڕێوەچوونی بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز بەتایبەت لە مەریوان و ناوچەکانی دەورووبەر و پشتی دەبێ بزووتنەوە بە تایبەت حیزبی دیموکرات بیر خۆی بخاتەوە، کاتێک هیواکانی دواڕۆژی وڵات بە وێنەی ڕێبەرانی ئەم حیزبەوە و بە سرودی نەتەوایەتی «ئەی رەقیب»ەوە لە ژێر هەڕەشەی داپلۆسێنەرترین ڕێژیمێکی تا سەر ئێسکان دیکتاتۆر و خوێنڕێژ لە دەوری ئاگری نەورۆز کۆدەبنەوە.

ئەگەرچی دووپاتی لێکدانەوەی هەڵەی دەرفەتەکان یارمەتیمان ناکا، بەڵام داهاتنی کۆماری ئیسلامی لە سەر هەندێک پرسی سەرەکی وەک پرسی ناوکی و بەهەند وەرگرتنی ئەحمەدشەهید ڕیپۆرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ لە ئێران، و گرژتر بوونی بەربەرەکانیی ناوچەیی دژی پیلانەکانی ڕێژیم، کە بەرەبەرە پشووی هەڵکشاوی ئێران دەخنکێنن دەتوانێ ڕێگەخۆشکەر بێ هەتا بزووتنەوە بزاڤی کوریش بە گرتنەبەری ڕێکاری نوێ و خوڵقاندنی دەرفەتی گونجاو و دەگەڵ ناوەندە بکەوێتە ململانێیەکی کەمتێچوو، نۆژەنکردنەوەی فەرهەنگی دیالۆگ دەگەڵ دەسەڵات و بەتایبەت کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان.

له ژماره ٦٥٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٥

-----------------------------------------------

# لێکتێگەیشتنی ناوکی، ئارامی بەر لە تۆفان

ئارەش لورستانی

و: تەها ڕەحیمی

بەیاننامەی سوئیس، کە بە ڕێککەوتنی ناوکی لۆزانیش بەناوبانگە؛ ناسێنەر چوارچێوەی ڕێککەوتنێکە، کە دەبێ بە هاوبەشی هەردوولا بەپێی بەرنامەیەکی گشتگیر هەتا ١٠ی پووشپەڕ بە ئاکام بگا. بەڵام ڕاستی و دروستی و ئاکامی ئەو دانوستانانە، دوو دەق و دوو گێڕانەوەی جیاوازە کە هەر کام لە لایەنەکان وەک ڕێککەوتن دەیخەنەڕوو و، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بڕیاردان لە سەر ڕاستبوون و ناڕاستبوونی هەر کام لە گێڕانەوەی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی ئێران و تەنانەت کۆمەڵگەی جیهانییش زۆر ئەستەم بێ.

ئەگەر بڕوانینە کاردانەوەی وڵاتان و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان بەم ڕێککەوتنە؛ دەبینین ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، ئەیاڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئینگلیز، فەڕەنسا، ڕووسیا، ئاڵمان، چین، تورکیە، کۆماری ئازەربایجان، ئیتالیا، عەرەبستان، عێراق، عەممان، قەتەر، ئوستralیا، ئوتریش، کورەی باشوور و تەنانەت حیزبوڵلاش کاردانەوەی ئەرێنی هەبووە و زۆربەی بەرپرسانی حکوومەتی وەک حەسەن ڕوحانی، سەرکۆمار، عەلیئەکبەر هاشمی، سەرۆکی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم، عەلی لاریجانی، سەرۆکی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، سادق لاریجانی، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری، محەممەدجەواد زەریف، وەزیری دەرەوە، عەلیئەکبەر ساڵحی، سەرۆکی ڕێکخراوی وزەی ناوکی، ئایەتوڵڵا ئیمامی کاشانی، وتاربێژی نوێژی هەینی تاران، حەسەن فیرۆزئابادی، سەرۆکی ناوەندی گشتیی هێزە چەکدارەکان، محەممەدعەلی جەعفەری، فەرماندەی سپای پاسدارانیش دەگەڵ دەربڕینی خۆشحاڵی خۆیان، هەندێکیان بە پەیامی پیرۆزباییەوە داکۆکییان لەو ڕێککەوتنە کردوە.

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دەورووژێ کە ئەویش ئەوەیە؛ هۆکاری ئەو هەمووە خۆشحاڵی و ڕەزامەندییە چییە؛ لە کاتێکدا لایەنەکان خۆیان دەڵێین ئەمە تەنیا ڕێککەوتنە لە سەر دیاریکردنی چوارچێوەیەک بۆ سازان و ئەو ڕێککەوتنە لایەنی حقووقیی نیە، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو ڕێککەوتنەی ئەمریکا باسی دەکا، دەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی ویکناچن، کەواتە ڕەنگە تێگەیشتن لە هۆکاری شادی و خۆشحاڵی زۆربەی وڵاتان و تەنانەت بەرپرسانی خودی کۆماری ئیسلامی و تێڕامانی دروست لە پرسەکە، زیاتر لە تێگەیشتنی بابەتەکە نزیکمان بکاتەوە.

ئەگەر سەرنج بدەینە دەستپێکردنی بەهاری عەرەبی کە کۆماری ئیسلامی ناوی دەنا «وشیاری ئیسلامی»، و تا ڕەوشی ئێستای ناوچەکە، چاومان بە ململانێ و بەرەنگاریی دوو ئایدیا و دوو کارکردی جیاواز و تەنانەت دژیش دەکەوێ. یەکەم حاڵەت، مەیل و بەشداریی بەربەرینی خەڵکە لە بزووتنەوەیەکدا کە ویستوویانە و دەیانەوێ وڵات بەرەو دیموکراسی بەرن و حکوومەتێکی نیشتمانی دامەزرێنن، دوویەم حاڵەتیش؛ کار و کردەوەکانی فاکتەرە دەرەکییەکانە (جا پشتیوانی کۆماری ئیسلامی بێ لە پێناو دەستبەسەرداگرتن و بەلاڕێدابردنی شۆڕشەکانی وڵاتانی ناوچە و، یا هەڵسوکەوتی ڕۆژاوا، بەتایبەت ئەمریکا بە ئاراستەی دابینبوونی بەرژەوەندییەکانی خەڵک) کە بە دوای بەرینکردنەوەی پانتایی دەسڕۆیشتوویی و سنووری دەسەڵاتی خۆیانن. بە واتایەکی دیکە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە دوای تێپەڕین لە دیکتاتۆری و دامەزراندنی ئاشتی سەقامگیر و پێشکەوتنەوەن، کەچی هێزە ڕۆژاواییەکان و بەتایبەت ئەمریکا و لەم لایەشەوە کۆماری ئیسلامی وەک هێزێکی ناوچەیی بەرەو بەلاڕێدابردنی ئەو ویستانە هەنگاو دەنێن. بەریەککەوتن و هاوبەشی بەرژەوەندیی نێوان ئێران و ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بووەتە هۆی گرژتربوونی ئەو قەیرانانەی کە ئەمریکای ناچارکرد دژکردەوەی جیددی هەبێ و هەڵوێست بگرێ. کەواتە پرۆژەی بەپیتکردنی ناوکی ئێران کە چەندین ساڵ پێش بەهاری عەرەبی ببووە هۆی کێشە و گرفت لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لە لایەن ئەمریکاوە بووە هۆی هۆکاری سەرەکی گەمارۆکان و شەڕێکی بێئاکامی لەسەر سنووری دەسڕۆیشتوویی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە نێوان ئێران و ئەمریکا لە ژێر ناوی «مەترسی دەسڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی» لێکەوتەوە. کۆماری ئیسلامیش بە بەرینکردنەوەی پانتایی شەڕ لە عێراق، سووریە، لوبنان و وڵاتانی دەوری کەنداو، ئەو ڕەوشەی قەیراناویتر کرد و تێچووەکانی کێشەکانی بۆ خۆی و ئەمریکاش هێندە زۆر بەرز کردەوە، کە ئەو شەڕە بوو بە قومارێکی دوولایەنە. بۆ وێنە کۆماری ئیسلامی لە هەندێک وڵاتان یارمەتی حکوومەتی ناوەندی کردووە تا ناڕەزایەتییەکانی خەڵک سەرکوت بکرێن و، لە هەندێک وڵاتانیش بە پشتیوانی و بەهێزکردنی گرووپە دژبەرەکان هەوڵی پێشخستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی داوە. دیارە کۆماری ئیسلامی پاش گەڵاڵە کردنی هیلالی شیعی، کارێکی زۆری بۆ بە ئاکام گەیاندن، تۆکمەکردن و پشتیوانی لە گرووپە تیرۆریستییە جۆراوجۆرەکان لە سەراسەری دنیا داوە، بە جۆرێک کە زۆربەی ئەو وڵاتانە بە هۆی ترسان لە کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی یا گرووپەکانی سەر بە ئێران، هەوڵیان داوە دژ بە کۆماری ئیسلامی هەڵوێست نەنوێنن و تەنانەت پێوەندیی ئابووری بەرینیش دانەمەزرێنن.

گرنگترین ئەو ئاماژە و سیگناڵانەی شادی و خۆشحاڵی کاتیی ئەو ڕێککەوتنەیان کردەوە بڵقی سەر ئاو و مەترسی قەیراناویتر بوونی دۆخەکەیان نیشان دا؛ کۆنگرەی ئەمریکا و دەوڵەتی ئیسرائیل لە لایەک و دژکردەوەی بەپارێزەوەی عەلی خامنەیی و قسەکانێتی دوای ڕێککەوتنی ناوکی لۆزان لە لایەکی دیکەوە. دیارە عەبباس ئێراقچی لە وتووێژێکی تلویزیۆنیدا ئاماژەی کرد کە هەموو دانوستانەکانی نێوان دەوڵەتی یازدەیەم و وڵاتانی ڕۆژاوایی تەواو بووە و لەو دانوستانانەشدا بۆچوونی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی لەبەر چاو نەگیراوە؛ بە واتایەکی

دیکە کۆماری ئیسلامیش ئەگەر پێویست بکا لەم بوارەدا مەجلیس لە بەرانبەر کۆنگرەی ئەمریکادا بە کاردێنێ.

سەرەڕای ئەو سیاسەتە یەک بان و دوو هەوایەی لایەنەکان لەم دانوستانانەدا گرتیانەبەر - ئەم دۆخە نیشاندەری ئالۆزبوونی لەڕادەبەدەری دانوستان و دژواربوونی هەلومەرجی ڕێککەوتنی کۆتاییە؛ بە چەشنێک تا دوایین ساتەکانیش ئەم شێواوی و حەساسییەتە دەبینرا - بۆوە نابێ لە ئێستاوە بڕیار بدەین و گەشبین بین، ڕەنگبێ ئەو دانوستانانە هێمنی بەر لە هەڵکردنی تۆفانێک بن و ڕووداوگەلێکی زۆر چاوەڕواننەکراو و ناخۆش ڕوو بدەن.

بەڵام لە کۆتاییدا ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر و ڕوون دیارە و، ئەویش پاشەکشەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەت وەلی فەقیهە لە هێلە سوورەکانی سەرەتای شۆڕشی ۱۳۵۷، وەک دروشمی دوژمنایەتیکردنی ئەمریکا؛ بە چەشنێ ڕێبەری ڕێژیم پاش ڕێککەوتنی لۆزان لە قسەکانیدا لە کۆڕی (مداحان)دا، ئەگەری هاوکاری و وتووێژی دەگەڵ ئەمریکا لەسەر بابەتی دیکەش بەدوور نەزانێ و بە کارکردی ڕاستگۆیانەی ئەمریکا لە فایلی ناوکی بەستەوە، واتە ڕاست وەک دروشمەکەی «نە شرقی، نە غربی، جمهوری اسلامی»، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕووسیای - یەکیەتی سۆڤییەتی جاران - نوێنەر و نوێنگەی ڕۆژهەڵاتی وەک دۆست و هاوپەیمان قبووڵ کرد، ئەمریکاش وەک نیشانە و نوێنگەی ڕۆژاوا، هەنووکە خەریکە ڕێگەی تابۆشکێنی و تێپەڕین لە هێلە سوورە حکوومەتییەکان دەبڕێ.

لە ژمارە ٦٥٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ۲۱ی جانێوێری ۲۰۱۵

---------------------------------------------

# لاپەڕەی نوێ، بە تێڕامانێکی نوێوە

یاریی سیاسیی و ملبەملەی جیهانی سەرمایەداری و بەرەی کۆمۆنیستی لە یارییەکی تۆپێن دەچێ، کە دوو زلهێزی وەک ئەمریکا لە لایەک و رووسیەش لە لایەکی دیکەوە راهێنەرین. ئەم یارییە بێ کۆتاییە ئەگەرچی ریشەی لە مێژووی خووگەملە و چاوچنۆکی پاشایەتی و تێزار و قەیسەر و... ئورووپا دایە، بەڵام دەگەڵ چەقەرەی دەسەڵاتی یاخی و سەرکێشی وشکارۆ، تازەدۆزراوەکەی گۆی زەوی، ئەم بازووشکێنەیە زیاتر لە نێوان ئەمریکا و یەکیەتیی سۆڤییەت و میراتگرە سەرەکییەکەی، رووسیەدا گڕوتینی سەندوە. رێک وەک یاریی تۆپێن؛ ئەو دوو جەمسەرە جیهانییە جاری وایە تەنیا مەبەستیان لە یارییدا ماندووکردنی یەکە، جاری واشە یەکیان هێڵی بەرگری گوشاری زۆری لەسەرەو، ئەوی دیکە لە هێرش کردندایەو، جاری واشە، وەک ئێستا دوو تیپەکە یەکسانن، بە بێ گوڵ بێ یان بە گۆڵ، هەرتکیان هێرشەکانیان خێراتر دەکەن و هەرچی یاریزانیان هەیە لە ۱۱ یاریزانە قانوونییەکەوە بگرە، هەتا چەند پرسێنێل و هاندەریشیان هەبێ دەیهێننە مەیدان و وەک شەڕە گۆپاڵی سەردەمی کۆن، یەکتر لە کەلێن و کولێنی مەیدانی بەربەرینی گۆی زەویدا خوریشۆر دەکەن. رەنگە ئەو کەسانەی یاریزان و یاریکەری سەرەکی نین لەو جەنگانەدا لە سۆنگەی دەسکەوتێکی کەم، ئەوەی هەشیانە لە قیسی بدەن، یان نا، رەنگە ئەگەر بۆیان بووز بخوا و خۆیان لە گەمەکە لێزان بن، ببن بە یاریزانێکی سەرەکی یان نزیک لە سەرەکی، یان ئەوەی دەست و پێ شکاو و بە جەمانکەوتوو بگەڕێنەوە سەر شوێنی خۆیان. یاریی بردنەوەو دۆڕانی ئەم گەمە کۆنە ئێستا چەقەکەی رۆژهەڵاتی ناڤین و دەوربەرێتی. وڵاتانی عەرەب و بەگشتی خوارەوەی دەریای سپی نێوەڕاست و دەورووبەری دەریای رەش لەمێژە شوێنی یەکتر گەوزاندن و زۆرەبانی ئەم هێزانەیە. بەداخێکی گران گەلی کوردیش کە لە پلەی یەکەمدا بەهۆی هۆکارە نێوخۆییەکان و پاشان دەسوەردانی زلهێزەکان و هۆکارە دەرەکییەکانی دیکەوە دابەشی ئەو وڵاتانە بووە، ئێستا رمبەی زەبرو پێکدادانی ئەم یارییە، دابەشی سەر دوو بەرەکە بووە، لەم یارییەدا نابێ بەبێ ئەوەی لێکیبدەیتەوە و پۆزیسیۆنی خۆت بزانی کە ئایا یاریزانی چەند خولەکیی ئەم یارییەی لەوسەر بۆ ئەوسەری مەیدان خۆت بپسێنێ. کورد وەک نەتەوە لەم یارییە دێرینانەی زۆر پێکراوە کە ئەگەر یادەوەری بەهێز بووایە نەدەبوو هەتا هەنووکە ئاوا لە دوایین چرکەکانی یارییەکەشدا لە پشتی پشتەوە ئەو یاریزانانە بێ؛ کە چاوەڕوانن چەند چرکەیەکیان یاریی بدەنێ. کورد وەک یاریزانێکی هەمیشە بەکارهێنراو بەبێ ئەوەی وانەکانی مێژووی بیر بێتەوە (ئیمپراتۆری سەفەوی و عوسمانی)، دیسانیش چووە لە کایەیەک کە دەسکەوتەکەی زیاتر بۆ یاریزانەکانی دیکەیە، نەک لەبەر ئەوەی هێزی نییە و تاقەتی بە یارییەکە ناشکێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی بە گوێرەی پێویست لە پرەنسیپەکانی یارییەکە نازانێ. هەر بۆیە یارییەکەی پێش ئەوەی بە قازانجی خۆی بێ بەرژەوەندی خەڵکی دیکە دەپارێزێ، ئەمەش لە پەرتەوازەیی و شپرزی نێوماڵە خۆی ڕا دیارە.

هەر کاراکتێرێک بۆ ئەنجامی هەر کردەوەیەک، پێویستە هاوتەریب دەگەڵ بوارەکانی دیکەی کاریگەر لە دیاریکردنی سەرکەوتنیدا، باری دەروونی و وەرەی بەهێز بێ، لەبەر ئەوەی باری دەروونی و پشت بە خۆبەستن فاکتەرێکی سەرەکین هەتا لە گۆڕەپانەکانی هەڤڕکێدا بە هەنگاوی پتەووە مەوداکان ببڕێ، کە دیارە ئەو پشت بەستن بە خۆیەو، دڵنیاییە دەروونییە لە یەکیەتی نەتەوەیی و هێزێکەوە سەرچاوە دەگرێ؛ قووڵاییەکەی تەبایی یەکریزی نێوخۆی ماڵی نەتەوەیە بە هەموو چین و توێژەوەکانەوە. دیارە دەبێ ئەوەش بزانین کاتێک تۆپەکە هاتوە لە خاکی تۆوە ناکرێ بێبەشت بکەن، تەنانەت هەر نەبێ وەک یارییەکانی پێشوو، لە پشت دەروازەکانی یارییدا تۆپمان پێدێنەوە. دەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بە هاوئاهەنگی و هەماهەنگی هەموو یاریزانە کوردەکان و یەکگرتوویی بزووتنەوەکان لەم یارییەدا بە ئامانجێکی هاوبەش و یەکریزەوە دەرکەوین و تۆپەکە لە ئاستی ناوچەییدا لە نێوان یاریزانە کوردەکان پاس پاسێنی پێ بکەین؛ کە هەنووکە وەک یاریزانێکی بەهەرەت و بەبڕست لە مەیدانەکە هەناسەبڕکێمانە، بەرهەمدار دەبێ، گەلی کورد دەبێ چاوەڕێی گۆڵێک بێ، هەمیشە چاوەڕێی بووەو، ئاراستەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و... بگۆڕێ. دەگەڵ ئەوەشدا قسە لەوەدا نییە، نابێ خۆمان لە یارییەکی وا پڕ کێشە و ئاریشە لابدەین و سەرکز، دۆشداماوی چارەنووس بین لەبەر ئەوەی یارییمان پێ نادەن، یان یارییمان پێ بکەن، بەڵکو دەگەڵ هەموو ئەو مەترسی و هەڕەشانەش ئەوە توانا و پتەوی ئیرادەی هەموو رەوت و لایەنەکانە دەتوانێ یارییەکی بەهێز لە کورد نیشان بدا، بەڵام ئایا دەبێ پرسیار لە خۆمان بکەین، لە کام لای یارییەکە، زیاتر تۆپمان دەست دەکەوێ، یان لە کام لا دەرفەتی گۆڵ لێدانمان زیاتر دەبێ، کام لا زیاترمان یاریی پێدەدا و کام لا یاریمان پێ دەکا؟

ئێستا بە خۆشییەوە لە چوارچێوەی ئەم یارییە بەرینەدا، دەرفەتێک بۆ رۆژهەڵاتی کوردستانیش رەخساوەو، حیزبی دیموکرات تا رادەیەک توانی پێشمەرگەکانی لەو شوێنانە جێگیر بکا کە بیرهێنەرەوەی سەردەمی زێڕین و نۆستالۆژی ئەم هێزەیە. کەواتە لێرەی یارییەکەدا دەبینین هەموو یاریزانەکان لە هەموو پلە و پایەیەکدا، دەتوانن بەشداری ئەم یارییە بن، تەنانەت رەنگە دەرفەتی یاریی بۆ هەندێک یاریزانیش بڕەخسێ کە بەدەر لە چاوەڕوانی بێ، بەڵام ئەگەر بە روویەکی دیکەو، لە چوارچێوەی یارییەکی دیکەی بەراستی سیاسیدا بڕوانین؛ جوڵاندنی مۆرەیەک لە شەترەنجدا، دەبێ بە پێی بەرنامەیەکی تۆکمە بێ، بە چەشنێک تۆ کە مۆرەیەک دەجوڵێنی، پاشهاتی لانیکەم چەند حەرەکەتی خۆت و مۆرەکانی لایەنی بەرامبەریش بخوێنییەوە، ئەگینا لە خراپترین حاڵەتەدا یان مۆرەکەت تێدا دەچێ، یان بە مۆریەکی کەمبایەتر دەیدۆڕێنی، یان سەر بە سەر تێدا دەچێ، کە ئەمیش هەمیشە بەخێری لایەنی بەرانبەرە، چونکی سەرپشکی دەکەی لە خواردن یان نەخواردنی، لە باشترین حاڵەتیشدا دەبێ بکشێیەوە، کە ئەمەش حەرەکەتێکت لە رەقیب دوا دەخا. لە یارییشدا، وەک یاریی سیاسیی دواکەوتنی حەرەکەتێک رەنگە شۆڕشی گەرەک بێ بۆ گەیشتنەوە بە رەوتی ئاسایی. هەر لەم سۆنگەیەوە کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ پێویستی بە نووسینەوەی چەند کتێبێکی پڕ لە بەرنامە و پرۆگرام و گەڵاڵە و خشتەی

کار هەیە، کە دەبێ بەر لە هەڵدانەوەی ئەم لاپەڕەیە، بە وردی بخوێنرێتەوە، لێک بدرێتەوە، بەتایبەتیش کە بزووتنەوەی رۆژهەڵات لە چاو پارچەکانی دیکە لەم یارییەدا بە هۆی ساتوسەودای فرتوفێڵاوی کۆماری ئیسلامی و هەندێک بەرژەوەندیی فراژتری نەتەوەیی لە ئاستی کوردستان گەورەدا فرە فرە لە دوایە و هەر حەرەکەتێکی بێ پێشڤەچوون، داکەوتنی گرانی لە دوایە. هەر بۆیە ئەگەر یەکەم هەنگاوی نووسینەوەی ئەم لاپەڕە نوێیە گەڕانەوەی پێشمەرگەکانی دیموکرات بێ بۆ هەڵگورد و کێلەشین، دەبێ مانەوە و دەسپێکردنی رەوتێکی نوێی هاوتەریبی مانەوەمان لە چیاکانی سەر سنوور لە نێوخۆ و ئاستی جیهانیش دەست پێ بکرێ و، نابێ بە هیچ شێوەیەک و لە ژێر هەر چەشنە گوشارێکدا ، ئەم حەرەکەتەی کردوومان بگەڕێینەوە، بەڵکوو پشت قایم کردن و بەرنامەمان بۆ حەرەکەتی نوێتر لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی دارێژراو، بە پێی ئەزموونەکانی پێشووتر و لێکدانەوەی هەلومەرجی نێوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی، گرەنتی هەر جووڵانێکمان بێ.

لە ژمارە ٦٥٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠١٥

-----------------------------------------------

## شێوازی ئاخاڤتن و کاریگەرییەکانی لە پەراوێزی جاشایەتیدا

زمان وەک پردی پێوەندیی نێوان مرۆڤ و دیارترین شۆڕشی ئەو بوونەوەرە ئاوەزمەندە لە رەوتی مێژووی خۆیدا، بە چڕی بە نێو هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا شۆڕ بۆتەوە. یان بە واتایەکی دیکە هیچ دیاردەیەکی فیزیکی و واتایی بەدی ناکەین کە لە سنووری زمان دەربچێ و بوونی هەبێ، چونکە لە راستیدا هەر بیر و بیرۆکەیەک ناچارە دواجار بە تونێلی زماندا تێپەڕێ و لە رێگەی زمانەوە پێناسە بکرێ، هەر بۆیە هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤ لە رێگەی تێپەڕبوون بەو رێڕەوەدا لە ژیانی راستەقینە، خۆ دەنوێنن و دێنە بوون.

کاریگەری زمان و سێحری وشە هەر لە سەرەتای پەیدابوون و سەرهەڵدان و زمان پژانی مرۆڤەوە گرنگی پێدراوە، لە راستیدا خودی زمان جگە لە هەموو کارکردەکانی دیکە لە پێناو کاریگەرییبەخشیندا بەرجەستە دەبێ، هەر بۆیە کە دەگەڕێینەوە لانکەی بیر و سەردەمی سەرهەڵدانی زۆربەی کایە رووناکبیری و زانستییەکانی جیهانیش واتە یونان، دەبینین مەزنە بیرمەندانی وەک ئەفلاتوون و ئەرەستوو باس لە گرنگی زمان و کاریگەریی پێشڤەوەچوونی کۆمەڵگە لە رێگەی زمانەوە دەکەن.

کوردیش وەک نەتەوەیەکی کۆن و تێکەڵاوێک لە هەموو ئەو گرووپ و لقە مرۆییانەی وەک میتی، هیتی، هالیدی، مانایی، کاسۆیی، مادی و... ساسانی، خاوەن پاشخان و پاشەکەوتێکی فۆلکلۆری لە بڕاننەهاتوویە؛ کە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەربردە و بەسەرهاتی ئەو مرۆڤانەی لەم ناوچە کوێستانییانە ژیاون، کە ئەمڕۆکە نەتەوەیەکی بە ناوی کورد و، زمانێکی بەرفرە و دەوڵەمەندی بەناوی کوردی بە هەموو زار و لک و پۆیەکانییەوە لێ بەرهەم هاتوە؛ لە گرنگی زمان غافڵ نەبووە و لە پەند و ئیدیۆم و پێکهاتەکانی زمانی دا ئەو بەهێزییە ڕەنگی داوەتەوە، وەک: زمان ڕاوەستێ سەر ئاسوودەیە، بە زمانی خۆش مار لە کون دێتەدەر، زمان بەڵای سەرە و ......

مرۆڤ هەموو بوون و نەبوون و گشت کایەکانی ژیانی لە ڕێگەی زمان و وشە و کەرەسەکانییەوە پۆلێن دەکا و باش و خراپ، ئەرێنی و نەرێنی و... هتد لێک هەڵداوێرێ. زمانی کوردی کە بە گوێرەی زانستی زمان خاوەن خاڵی بەهێزی مۆرفۆلۆژییە؛ کە نیشاندەری زیندوویەتی و ئەکتیڤی زمانەکەن، توانیوێ سەرەڕای کەند و کۆسپی سەر ڕێگەی و هەوڵی تواندنەوە و لاوازکردنی لە ڕێگەی دوژمنانی ئەو نەتەوەیەوە دەروەستی هەموو چەمک و واتاکانی ژیان بێ و ئاخێورانی لە ئاست هیچ دیاردەیەکدا دەستەوەستان نەکا و زاراوە و دەستەواژەی پێویست بۆ هەموو دیاردەکان دابهێنێ و دابڕێژێ.

زمان موڵکی گشتییە و کەس ناتوانی خاوەندارێتی خۆی بەسەر زماندا بسەپێنێ. کە زاراوە و دەستەواژەکانیش دادەڕێژرێن و دەکەونە چواچێوەی بەکار هێنانەوە، ئەگەر بە ڕوحی ئاخێوران نامۆ بن، جێ ناگرن و هەر زوو دەخرێنە لاوە (بۆ وێنە پێنووس و لێنووس کە لە بری قەڵەم و کاغەز ئافرێندراون، کە ڕەسەن کوردین). دەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر دەستەواژە و زاراوەیەک لە لایەن کۆمەڵگەوە بەرهەم هات و کەوتە نێو وشەکانی زمانەوە، هەتا ڕوح و ئاستی ڕووناکبیری و دەروونی ئاخێورانی گۆڕانی بەسەردا نەیەت، بە کەسێک و دوو کەس ناسردرێتەوە، چونکە زمان هێز لە کووچە و کۆڵان و بن دیوارانەوە وەردەگرێ، نەک لە کاغەز و میدیاوە (کاژێر کە تیڤی ڕووداو بە جێ کاتژمێر (سەعات) بەکاری دەهێنێ)، هەر چەند لە نێو ئاخێورانیشدا کەم نین ئەو کەسانەی جێ پەنجەیان بە سەر ڕەوتی پێشڤەچوونی زمانەوە دیارە، بە تایبەت ئەدیب و شاعیر و زمانزانان.

دەگەڵ هەموو ئەو شتانەی باس کران، زمان لە ئاستی بەکار هێناندا لە نێو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەوە جیاوازیی خۆی هەیە. بەو واتایەی زمان و ڕاوێژی چینی دوکتور و پزیشکان جیاوازە لە ئاخاڤتنی جووتیاران، یان پەیڤینی لاوان جیاوازە لە پیران، دوانی ژنان جیاوازە لە هی پیاوان. قسەش لەمە دا نییە کە زمانی دوانی کامەیان بەهێز و ڕەسەن و پاک و بێگەردە یان تێکەڵ بە وشەی بێگانەیە و هتد، بەڵکوو هەر چینێک لە بەڵگاندن و قسەکردنیدا هەوڵ دەدا بۆ تێگەیاندن و گەیاندنی واتا و ڕوونبێژی، مەبەستی خۆی بەو دیاردانەوە ببەستێتەوە کە ناسیاری دەگەڵیان زیاترە و هەوڵ دەدا بەو دیاردانەی ببەستێتەوە کە لای گوێگر هەستیارترن. هەر لەم ئاقارەدا، شێوازی دوانی کابرایەکی ئاسایی دەگەڵ نووسەرێک، شۆڕشگێڕێک دەگەڵ دژە شۆڕشێک، شوانێک دەگەڵ مامۆستایەکی

زانکۆ و سەرۆکێک دەگەڵ خەڵکی دیکە جیاوازە. هەروەک وتمان زاراوە و وشەکان دەگەڵ ئەوەی بۆ گەیاندن و ناساندنن، هەمیشە لە لایەن قسەکەرەوە هەوڵ دەدرێ زیاترین کاریگەرییش ببەخشێ. هەر لەم سۆنگەیەشەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لکێکی زانستی لە بوار زمان و ئەدەبیات سەر هەڵدەدا و گەشە دەستێنێ بە ناوی شیوازناسی. ئەم زانستە لە شیوازە جیاجیاکانی دەربڕینی زمان دەکۆڵێتەوە و هۆکارەکانی بەدیهاتن و شیوازە جیاوازەکانی بەرجەستەبوونی زمان شرۆڤە دەکا. لە ئاکامی ئەم لکە زانستییەدا دەردەکەوێ هەموو شیوازەکانی زمان بۆ یەک ئامانج هەول دەدەن ئەویش کاریگەری بەخشینە. واتە گەمەکردنی بە کەرەسە زمانییەکان لە پێناو شوێندانان و کارتێکردنی زیاتر. ئاخێورانی هەموو زمانەکان بە پێی روحی زمانەکەیان هەمیشە هەوڵیان داوە زیاترین و کاریگەرترین شێوازەکانی دەربڕین تاقی بکەنەوە. زمانی کوردیش لەم بوارەدا دەستێکی باڵای هەیە.

زاراوە و وشەی «جاش» یەکێک لەو وشانەیە کە زمانی کوردی بۆ ئەو کەسانەی بەکار دێنێ، پشتیان لە نەتەوەی خۆیان کردوە و هاوتەریب دەگەڵ داگیرکەران هەوڵی سڕینەوە و قەڵاچووی خەباتکاران و دڵسۆزانی گەل دەدەن و لە بری خزمەت لە پێناو ئازادی نەتەوەیی و پێشخستن و گەشەپێدانی رەهەندەکانی ژیانی نەتەوە، خزمەت بە ئامانج و مەبەستی داگیرکەرانی گەل و هۆز دەکەن. دەگەل ئەوەی جاش بە واتا فەرهەنگییەکەی بۆ وەچەی ئاژەڵێک بەکار دێ، بەڵام لە میتافۆر و پراگماتیکدا گوێڕایەڵی و خۆشفرۆشی دەگەیەنێ. هەڵبژاردنی ئەو وشەیە و بەکارهێنانی بۆ ئەم کەسانەی پشت لە نەتەوەی خۆیان دەکەن لە زمانی کوردیدا زۆر بەجێیە و ئاخێورانی زمانە بۆ هەڵاواردنی ئەو توێژە کەسە لە باش و خاس، وشەیەکی فەرهەنگی رەسەن و کاریگەرییان هەڵبژاردوە، کە ئەگەر سەرنج بدەین جگە لە واتا میتافۆرییەکەی، کە سەرلەبەرە خۆنان و گوێ لەمستی و پاشکۆیەتی کەسێکی غەیرە خۆ دەبینێ، دەگەڕێندرێتەوە بۆ مانا فەرهەنگییەکەی. ئەم زاراوەی جاش و دواتر جاشایەتی بێ کاریگەر نەبووە لەسەر دەروونیی ئەو کەسانەی ئەو پیشە ناماقووڵەیان رەوچاو کردوە. دەگەڵ ئەوەشدا وەک وتمان کەس و لایەنێک ناتوانێ دەسکاریی باری دەروونی قسەکەر بکا، هەتا ئەم زاراوەیە لە هەست و نەستی کۆمەڵگە بسڕێتەوە، چونکی بەکار هێنەر دەبێ لە بواری دەروونناسییەوە وەگری ئەو وشەیە بێ، بەر لە هەموو شتێک راحەت بێ دەگەڵ ئەو وشەیەی بەکاری دەهێنێ، بۆیە گۆڕینی وشە شەپۆلێکی دەروونی گشتی کاریگەریی دەکاتە سەر، هەتا کاریگەریی تاک و گرووپێک. بەڵام دەگەڵ ئەوەشدا هەروەک ئاماژەمان کرد، هەر چین و گرووپێکیش دەتوانی خاوەن شێواز و زاری خۆی بێ. لە پێناوەدا کەسانی ئیلیت و دیاری کۆمەڵگە کە وەک رێنوێنێک پێشگەنگن، روونکەرەوەی رێگەی تاریک و هەوراز و نشێوی پێشڤەچوون، بەدڵنیاییەوە هەوڵ دەدەن شێوازێکی ئاخاڤتنی کاریگەرتر بەکار بێنن، لە پێناو ئاکام و دەرکەوتی روونتر و ئاراستەکراو. کاتێک ئیلیتێکی دیاری کۆمەڵگە خۆی لە بەکارهێنانی زاراوەی جاش دەبوێرێ، بە مانای ئەوەیە نیە لە هەست و نەستی ئەودا قەباحەت و دزێوی ئەم دیاردەیە کەمرەنگ بووەتەوە یان بە چاوێکی دیکەوە لێی دەڕوانێ، بەتایبەت ئەگەر ئەو کەسە لە ریزی بزووتنەوەشدا بێ، بەڵام ئەمە پێوەندیی بە بەکارهێنان و بەکار نەهێنانی وشەیە لای کەسەکە بۆ دەرکەوتی

باشتر، یان کاریگەریی دەروونی کارلێهاتووتر لە سەر ئەو کەسانەی لە پرەنسیپەکانی گۆمەڵگە لایان داوە، ئەگینا کەسێک کە دیاردەکە بە دژی ئەو و هاوسەنگەرانی خوڵقاوە و، زیاتر لە هەموو کەسانی کۆمەڵگە زەبرەکەی بەر رەوتی هزری و فیکری ئەو کەوتووە، چۆن دەکرێ هەروا سووک و ئاسان لە تاوان و کاریگەرییە نەرێنییەکانی ببووریٚ و پێشەنگ بێ بۆ گۆڕینی رای گشتیش لەسەر دیاردەکە. بەلام بە بڕوای نووسەر دەکرێ ئەم چەشنە هەڵسوکەوتە بکرێ بە قەبیحتر نیشاندانی دیاردەکە، دەگەڵ ئەوەشدا وتارێکی نوێتر لەم بوارەدا بخرێتە گەڕ. ئەگینا بەخشین و لێبووردن لە کارێکی بەم شێوە دزێو و ناحەز نە کاری کەسێکە و نەکاری گرووپێک، بەڵکوو قانوون و دامەزراوی دەوڵەتی و دواجاریش گەل دەبێ بڕیاری وەرگرتنەوەی ئەو کەسانە بدەن بە هەر هۆکارێک تێکەڵ بەم دیاردە نگریسە بووون. دواجار پێویستە گۆمەڵگەی کوردی و بزاڤی کوردی لەو هەنووکە ساتەدا، کە هێزی مرۆیی و پوتانسیەلی گەل لە بەرانبەر دوژمناندا، دەتوانێ لە تاکێکەوە هەتا کۆمەڵێک؛ دەوری خۆی هەبێ، دەبێ هۆکار و فاکتەکانی پەرەسەندن و لاوازکردنی ئەم دیاردە بکۆڵێ و رێگەی بنەبڕ و چارەسەی دیاردەکە بدۆزێتەوە، نەک (طرد)ی هەرچی زیاتری کەسانێکی زۆری کۆمەڵگە کە بە هۆکاری جۆراوجۆر تێکەڵ بە دیاردەکە بووون. پێشینانی ئێمە لە پێناو قەشقە نیشاندانی ئەم کەسانەی کە پشت لە کۆمەڵگە و گەلی خۆیان دەکەن، بە جۆرێکی جوان و ناسک، وشەیەکی رەق و بەبڕشتیان بە سەردا بڕیون، پێویستە هزری هەنووکەیی کۆمەڵگەش دەگەڵ پاراستنی روانگەی باب و باپیرانمان سەبارەت بەو دیاردەیە، لە پێناو گەراندنەوەی ئەوانەی هەموو پردەکانی پشت سەر خۆیان نەڕووخاندوە، بە گوتار و دیسکۆرسێکی نوێ هەنگاو بێنێ.

لە ژمارە ٦٥٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٥

-----------------------------------------------

## سونامی کۆچ و هەڵە مێژووییەکانی زلهێزان

کۆچ، ئاکام و بڕیاری بەسەرداسەپاوی ژیان و حاڵێکی شپرز و، لێکەوتەی پەنگی هەزاران تەنگ و چەڵەمە و کۆڵەواری، پاڵپێوەنانی ئازارێکی بێ کۆتاییە! کۆچ هەڵاتن لە سووکبوون و سووکایەتی و ژیانی کۆڵەمەرگییە! یان دڵ هەڵکەندن لەو زێد و ئاو و خاکەیە مرۆڤ فرچگی پێوە دەگرێ و هەردەم یاد و بیرەوەرییەکانی لە سەر توێی یادە شیرینیەکانی تاک مەییون و هیچ ڕووشان و شوخت و سووتانێک لە دالانەکانی بیرەوەری داینـاکرێنێ! یان نا

کۆچ ڕێگەیەکە بۆ دۆزینەوە و بنیاتنانی داهاتویەکی گەش و بێگەرد، ڕێچکەیەکە بۆ سەربەست بوون لە کۆت و بەندی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و گەیشتن بە سنووری ئازادی!؟

شەپۆلی بەربەرینی کۆچی هەزاران سەرهەڵگرتووی، ماڵ و حاڵ شێواوی ڕۆژهەلاتی و ئەفریقایی، بە هیوای بینینی ڕۆژێکی خۆش لە ژیاندا و لانیکەم بنیاتنانی داهاتوویەکی بێ قڕە و بڕە، بۆ وەچە و منداڵانیان؛ باریکەڕێیەکی لە ڕۆژهەلات ناڤینەوە بەرەو ئەوپەڕی ئورووپا، باریکەڕێیەکی پڕ لە پشووسواری بە تەوێڵی مێژوی هاوچەرخی مرۆڤاتییەوە کێشاوە؛ باریکەڕێیەکی هێند تەنگ و کەلەبەر، کە هەزاران ژن و منداڵ، پیر و گەنج تێیدا پشوویان لێ بڕا، باریکەڕێیەکی هەروا بە پانایی هەموو ڕێگە و جادەکانی جیهان، باریکەڕێیەک بۆ غەنی بوونی هەندێک بازرگانی ویژدان، کوێرەڕێیەکی بێ ڕەزا، بێ بەزەیی، هەر هەنگاوێکی ئەم ڕێگەیە شەڕە دەگەڵ هەموو ئەو مۆتەکانەی ژیانیان لەو کۆمەڵە خەڵکە قوربانییە تاڵ کردوە. ئەو هەنگاوانەی، نیوشەقاوی بەرەو مەرگ و نەمانە و، نیوشەقاویشی بەرەو هیوایەکی لێڵ و تەمومژاوی نادیار.

ئایا بە ڕاستی هۆکاری ئەم لێشاوە کۆچ بەرەو هەندەران چییە؟ بەرپرسارێتی وڵاتانی جیهان و بە تایبەت و وڵاتانی کۆچبەرگر دەبێ لەو پێناوەدا چی بێ؟ ڕێگەچارەی ئەم سونامییە بەدەست کێیە و چۆناوچۆنن؟

ئەم جێگۆڕکێ جوگرافییە زەرەر و زیان و قازانجەکانی کێ دەگرێتەوە و بە دەیان و سەدان پرسیاری دی دە مێشکی ئەو کەسانەدا جمەی دێ کە بینەری تەرمی بێنازی بێدایک و باوکی ئەو منداڵانەن بە دەم ئاودا دراون، بینەری تەرمی بە سەریەکدا کەوتووی نێو کانتینەر و ڕەقهەڵاتووی نێو دارستان و لێرەوارە چڕوپڕەکانن، بینەری دۆشداماوی ئەو گەنج و لاوانەی بۆ پەڕینەوە لە تێلدڕوو و بەزاندنی هێڵێک زمانی نزاو پاڕانەوە بۆ کەسنەدیو و کەسنەناسان پان دەکەنەوە؟ ئایا حکوومەت و کۆمەڵگە و سیستمی ئەو وڵاتە دواکەوتووانە بۆتە هۆ ئەوەی ئەو خەڵکە ملی ڕێگەی نادیاری بگرنەبەر؟ ئایا ئاکامی سیاسەتی بەرژەوەندیخوازانەی زلهێزانی جیهانە لە پێناو ئاوەدان کردنەوەی کۆشکی خۆیان کەپری هەژاران تێکدەدەن؟ لەم چەند دێرە نووسینە هەوڵ دەدرێ بە کورتی هەڵەکانی زلهێزانی جیهان و بەرژەوەندیخوازان، بەتایبەتیش ڕۆژاواییەکان لەو سۆنگەیەدا بخرێتە بەرباس.

دابەشینی وڵاتانی ڕۆهەڵاتی ناڤین و ئەفریقایی بە پێی هۆگان هاویشتن لە لایەن ولاتانی کۆلۆنیالیستییەوە بەبێ ڕەچاوی هیچ پێوەرێکی ئاوەزمەندانە و تەنیا لەسەر بناخەی پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان، رووبارێکی خوێنی بێپسانەوە، شەڕ و کێشەیەکی هەمیشەیی، کۆچ و هەڵاتن و گرتن و، قەڵاچۆ و نائارامییەکی هەمیشەیی بۆ ئەم وڵاتانە و تارادەیەکی زۆر کەمیش بۆ خودی ئەربابە کۆنەکان لێکەوتۆتەوە، دیارە مەبەستی سەرەکی و کۆتایی ئەو کۆنە ئەربابانەش هەر ئەم دۆخ و کەشە سامناکە هەمیشەییە بووە، هەتا چۆڕایی تەڕ لە دەمار و خوێنی ئەو

ناوچەیەی جیهان هەڵچۆڕینن و لە پێناو چراخانکردنی کۆشکەکانیان، خانووچکەی مرۆڤی بەستەزمانی ئەودیوی ئاوەکان کاول بکەن. پاش پێکدادانە گەورەکانی نێوان جەمسەرە دەسەڵاتدارەکانی جیهان و دەگەڵ ئەویشدا دیاری کردنی چارەنووسی پڕ لە نەگبەتی بۆ هەندێک گەلی دواکەوتوو و سووتان و کۆڵەواربوونی خەڵک و گەلێکی زۆر بەهۆی بەرژەوەندیخوازی و زلهێزەکانەوە، رکەبەریی دوو بەرەی جیهانی بە رێبەرایەتی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤییەتی جاران، بووە هۆی ئەوەی ئەو دوو بەرەیە بە دژی یەکتر لە چوارقوڕنەی جیهاندا دەست بکەن بە پێکهێنانی دەسەڵاتی سەرەڕۆ و دیکتاتۆر؛ هەتا پشتێندە و بەرگێڕەوە لە دژی پەرەی بیر و ئایدیۆلۆژیای جەمسەرەکەی دیکە دابنێن. ئەو نەریتە بەدەیان دیکتاتۆری بەرهەم هێنا، کە تەنانەت دوای رووخانی بەرەی سۆڤییەت و کۆتایی هاتنی شەڕی ساردیش، وەک مڵۆزم بە سەر خەڵکی وڵاتەکانیاندا مانەوە و هەر ئێستاش ئاکامی زۆربەی ئەو بێسەرەبەرییانەی جیهان، فەرهەنگی بەجێماوی ئەم چەشنە دەسەڵاتانەن. شۆڕبوونەوەی ئەو چەشنە سیاسەتە تا سەر ئێسک بەرژەوەندیخوازانەیە هەتا ئێستاشی دەگەڵبێ، لە لایەن بەرژەوەندیخوازانەوە دەرهەق بە وڵاتانی دیکە و بە تایبەت ئەو وڵاتانەی خاوەن سەرچاوەی ژێرزەوی بە پیت و بەرکەتن بەردەوامە و هەر سەردەمی بە چەشنێک هەوڵی وردکردنەوەی چەکۆچۆڵی خۆیان و هەرزانکڕی مادەی خاوی ئەو وڵاتانە دەدەن. کۆچی بە هەزاران کەسی سووری و عێراقی و ئێرانی و... لە ئەفریقاش مەراکێشی و ئەلجەزیری و لیبیایی و... هتد، ئاکامی نەبوونی دیموکراسی، گەشەنەسەندووی فەرهەنگی و ئابووری و سیاسی و، دەسوەردانی دەرەکی، پشتیوانی بێجێی هەندێک وڵات لە دەسەڵات دیکتاتۆرەکانیان و...

وڵاتانی خۆشبژێوی دنیا لەپێناو رانەوەستانی دەستاری کەرتی پیشەسازییەکانیاندا، لەپێناو فرۆشتنی چەکوچۆڵ و بەرهەمی کارگە و شتومەک و کەلوپەلە سازکراوەکانیان، ئاوری شەڕێکیان خۆش کرد کە داوێنی خۆشیانی گرتەوە. زلهێزان و دەسڕۆیشتووانی جیهان بێ ئاگا لەوەی هەر رووداوێک لەو سووچی دنیا کاریگەریی لەسەر ئەوپەری جیهان دەبێ؛ بەهۆی بەرچاوتەنگی و چاوچنووکی ئابووری و هێژمۆنیخوازییەوە، سەرهەڵدانی دیموکراسیخوازانەی گەلانی سووریەیان کرد بە قەیرانێک، بۆ تواندنەوە و فرۆشی چەکوچۆڵ و هەستاندنەوەی ئەو بارە ئابوورییە نالەبارەی چەند ساڵێکە لە والئیستریتەوە بەرۆکی گرتوونەتەوە. سپاردنی هەندێک وڵاتی ناسەقامگیری وەک ئەفغانستان و عێراق بە هێزە ناوچەییە سەرەڕۆکانی وەک ئێران، رقەبەریی ناوچەیی ئەو حکوومەت و رێژیمە دیکتاتۆرانەی پاشماوەی پشتیوانی و هەڵەی جەمسەرەکانی جیهانن، بە چەشنێک ژیانیان لە خەڵک و بەتایبەت ئەو گەلە بێ دەوڵەتانەی وەک گەلی کورد کە هەر لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان و بە پێی هۆگان کێشان دابەشی چەند وڵاتی بێسەرەوبەرە کراون، هەندەی دیکە بواریان بۆ هەڵاتن لەو ناوچە تووک لێکراوە خۆش کردوە. دەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) کە زیاترین هێدمە و زیانی بۆ گەلی کورد لە باشوور و رۆژاوا هەبووە، ئەمریکا و زلهێزە هاوپەیمان و دژەکانی توورەکەیان بۆ هەڵدوریبوو کە بە چەند ساڵی دیکە ئەو رێکخراوە، تێکەوەناپێچدرێ، دیارە ئەم پرۆژەی چەندە ساڵ خایاندنەی قەیرانی داعش کە هەر رۆژە زیاتر پەل بۆ وڵاتانی

دەورووبەر دەکێشێ، پرۆژەیەک کە لە دیوە تاریکەکانی ڕێکخراوە هەواڵگرییەکانی ئەو وڵاتانەدا نەخشەی بۆ داڕێژراوە، هەتا هەرچی زیاتر بەرژەوەندی تەسکی یەکە سیاسییەکانی خۆیانی پێ دەوڵەمەند بکەن و دەگەڵ ئەوەشدا هێڵنجی کۆمەڵگەکانی خۆیانیانی تێدا بڕشێنن (ئەو کۆمەڵە خەڵکە تیرۆریستەی لە ڕۆژاوە ڕوو دەکەنە داعش). چارەسەرنەکردنی کێشە هەڵاواسراوەکان و، یەکێکیش لەوان کێشەی کورد، قەیرانی سووریە، کێشەی فەلەستین، هەوسار شلکردنی بۆ ڕەوتە بنئاژۆخوازەکان لە ئەفریقا و... هەموویان هۆکارن بۆ ئەوەی خەڵکێک بۆ پاراستنی ژیانی خۆیان و منداڵانیان ڕێگەی هات و نەهاتی هەندەران بگرنە بەر و پەڕیوەی غەریبایەتییەک بن، کە دەرکەوتەکانی لە سەر ژیانی زۆربەیان وەک ئەوی تا ئێستا بینراوە، بەتایبەت بۆ کەسانی بەتەمەن و چیرتر دڵخۆشکەر نەبووە. هەتا سیستمە سیاسییەکانی جیهان بەم چەشنە بەرژەوەندیخوازانە و چاوچنووکانە بەڕێوە بچن و بەختەوەری خۆیان لە کۆستخستنی ئەوانی دیکەدا بینن و بە چاوێکی مرۆییانەتر سەرنجی خەم و ئازار و خواستی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی جیهانی نەدرێتەوە، بەم جۆرە ئێستا دەیبینین، ئەم سیاسەتە پڕ لە فرتوفێڵانە، تفی سەربەراوژوورە و بەرووی ئەو کەسانەشدا دەگەڕێتەوە کە بۆ کەسانی دیکەی هەڵدەدەن.

لە ژمارە ٦٦٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٥

--------------------------------------------------

## لاپەڕەی نوێ

### «منفی در منفی، منفی است منفی در مثبت، مثبت است»

شاخ و کێوە هەزار بە هەزارەکانی سەر سنووری زۆرەملی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو مەڵبەندەی مێژوویەکی پڕ لە ئازایەتی و قارەمانێتی ڕۆڵە کۆڵنەدەرەکانی گەلی کوردی لە هەناوی سەربوردەیدا تۆمار کراوە، ئەو گڕەشاخ و بەرزە دوندانەی سەر لە ئاسمان دەسوون و ئەو دۆڵ و بنارە فێنکانە و، هەموو هەرد و بەردی، هەستی مرۆڤ دەهەژێنێ و ڕوحێکی سەربەرزانە و شۆرشگێڕانە بە تاک دەبەخشێ. هەتا ئێستاشی دەگەڵدا بێ ئەم دوندانە هەر کەس و لایەن و حیزبێک پشتی پێ بەستووە؛ لە هەموو هێزێک بێمنەت بووە و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان سەرەڕای هەموو دڕندەیی و بەکارهێنانی پێشکەوتووترین چەک و تێکنۆلۆژی سەردەم، نەیانتوانیوە لەم شاخە ڕژد و هەڵەمووتانە چۆک بە ڕۆڵەی تێکۆشەری کورددا دەن.

یەکێک لەو هێزانەی زێڕینترین قۆناخی خەباتی خۆی لەم شاخانە تۆمار کردوە - جگە لە سەردەمی ئیدارەی وڵات- حیزبی دێموکراتی کوردستانە، هەر بۆیە ئێستاکەش وەک قۆناخی نۆستالۆژێک و سەردەمی ئەکتیڤی خۆی لەم لوتکانە دەڕوانێ. دیارە دەتوانین بڵێین ئێستاشی دەگەڵدابێ زۆربەی هەرە زۆری ئەو لاو و گەنجانەی بۆ پێوەست بوون بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتەوە ڕوو بنکەو بارەگاکانی حیزب دەکەن، بە هەمان وێنای قەندیل و بەرخۆدانی ئەم زنجیرە شاخانەوە بەری ڕێگە دەگرن. حیزبی دێموکراتیش لەپاش دابەزین و دابڕان لەو شاخانەوە بە هۆی چەندین فاکتەری جۆراوجۆر، هەمیشە لە دەرفەتێک گەڕاوە کە بارودۆخی ناوچە و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان، کە ئیستاکە نوێنگەی دەسەڵاتی کوردییە لە جیهان و بە حەق پێویستە هەموو کوردێک یارمەتیدەری سەرکەوتن و پێشکەوتنی بن، بوار بدا بگەڕێنرێنەوە ئەو شاخانەو لە نزیکەوە ئاگایان لە ڕەوش و کەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ و بە باشترین شێوەی مومکین درێژە بە خەبات بۆ ئازادی کوردستان بدەن.

بە دوای ئاڵوگۆڕەکانی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا و بە تایبەتیش سەرهەڵدانی خەڵکی وڵاتانی ناوچەکە کە بە «بەهاری عەرەبی» ناوی دەرکرد، قووڵبوونەوەی کەلێنی سیاسی هەرچی زیاتری نێوان بلۆکبەندییە سیاسییەکانی جیهان و ناوچەکە هاتە ئاراو، لەم نێوەشدا بە خۆشییەوە داگیرکەرانی کوردستان دابەشی دوو بەرەی سەرەکیی دژ بە یەک بوون. ئەمەش دەرفەتی خولقاند، هەتا هێزە کوردییەکان کەڵکی پێویست لەم ئاڵوگۆڕانە وەربگرن و دەگەڵ ئەوەی لە باشوور و ڕۆژئاوا بە توندی بوونە سیمبۆلی بەرگریی و شەڕی دژی داعش، لە پارچەکانی دیکەش بە تایبەتی باکووری کوردستان لە ڕێگەی هەڵبژردانەوە پرۆسەی خەبات هەرچی زیاتر پێش بخەن.

لە درێژەی ئاڵوگۆڕەکان و ئارایشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا، حیزبی دێموکراتیش ئەم هەلەی قۆستەوەو بە ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە سنوورییەکان، هەوڵی دا لاپەرەیەکی نوێی خەبات هەڵداتەوە، هەر بەم جووڵانەش بیرەوەریی حیزبی دێموکراتی دەیەی ٦٠ و ٧٠ی کۆچی لە بیرو زەینی خەڵکی کورددا زیندو کردەوە کە، قۆناخێک گەورەترین هێزی چەکدارو دێموکراتی ناوچەکە بوو. ئەگەرچی حیزبی دێموکرات، هەمیشە هەوڵی داوە لە ڕێگەی جۆراوجۆروە لە نێو خەڵکەکەی خۆیدا ئامادە بێ و بە شێوەی فیزیکی هێزی پێشمەرگەی ڕەوانەی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵات کردۆتەوە، بەڵام لەم پێناوەشدا کەم تەگەرە و بەربەستی لە لایەن هێزە دەسەڵاتدارەکانی باشوور و سنوورەکان بۆ نەهاتۆتە پێش و، تەنانەت بە چەندین شەهیدیشی لە نێوخۆی کوردستان پێشکەش بارەگای ئازادی کردوە. ئێستاش بە گەڕانەوەی بۆ سەر سنوور بۆتە هۆی دڵخۆشی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵات و سنوورەکان و، هەروەها دڵگەرمی و گەشبوونەوەی پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگری حیزبی دیموکرات، بەڵام هەر لەو بابەتەوەش چەندین پرسی جێی ڕامان هەیە کە ڕەنگە جێی مەترسی بن. بە هەڵواسراوی مانەوەی زۆربەی کێشە و گرفتەکانی نێوان دوو باڵی دیموکرات دەگەڵ ئەوەی نزیک بە یەک دەیەیە لێک جیا بوونەتەوە، هەوڵی بێبایەخ نیشاندان چالاکی و تێکۆشانی لایەنێک لە لایەن مێدیای سێبەرەوە، نەرمی

نواندنی زیاتری لایەنێک لە چارەسەری کێشەکاندا لە پێناو بەرژەوەندی گشتیو نەتەوەیی، بۆتە هۆی جۆرێک تاکڕەوی و غرووری بێجێی لایەنی بەرانبەر.

بەڵام بۆ ئەوەی چیدی چاوەڕوانی رووداوی نەخوازراو نەبین، پێویستە هەرتک بە سینگ فراوانییەکی زیاترەوە هەنگاو بۆ ئەم قۆناخە نوێیە هەڵبێنەوە، چونکە ئەگەر لە بنکەو بارەگاکانیان لە باشوور ئاسایشی حکوومەتی هەرێم لە نێواندا بوو هەتا بەرگری لە هەر چەشنە گرژییەک بکا، لە چیاکانی سەر سنوور هیچ هێزێک جگە لە خۆیانی لێ نییە هەتا بەرگری لە ڕوونەدانی کارەساتێک بکا. هەر بۆیە دێموکڕات، کە گلەیی لە خۆسەپاندنی لایەنەکانی دیکە هەیە، دەبێ خۆی دەست لە تاکرەوی سیاسەتی نەفی و رەتی لایەنەکانی دیکە هەڵگرێ و واقعبینانەتر درێژە بە کار و تێکۆشانی بدا.

بە گشتی دێموکرات دەبێ لە پرۆسە ناتەواوەکانی دەشتی کۆیە دابڕێ و بە عەقڵییەتێکی نوێوە، دوور لەو عەقڵیەتەی لەت بوون و دابڕانی لێکەوتەوە هەنگاو بەرەو رۆژهەڵات بنێ. هەر هێزێک لەو هێزانە هەنووکە لە پانتایی سیاسەتی رۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەرەو سنوورەکان دەکشێن، ئەگەر زووتر بتوانێ خۆی لە هزر و میکانیزم و چۆنیەتی بەرێوەبەری دەشتەکانی هەرێمی کوردستان ڕزگار بکا، بە دڵنیاییەوە دەسکەوتی زیاتری لە نێوخۆی رۆژهەڵات دەبێ. میکانیزمێکی نوێ دەتوانێ پێوەندیی نێوان حیزب و خەڵک زیاتر لە جاران پتەوتر بکا و ئەگەر هەڵە و چەوتییەکیش لە رابردوو هەبوو قەرەبوو بکرێتەوە. کەواتە دەبێ گرێکوێرە نێوخۆییەکانی هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە دستی خۆیان بکرێنەوە، هەتا لەمپەر و بەربەستێک نەخەنە سەر رێگەی هەوڵە نوێیەکان و، وزە و پوتانسییەلی خەبات لە بەربەرەکانیی یەکتردا بە فیڕۆ نەدرێ، بەڵکوو رێبەرایەتی لایەنەکان بە گوێرەی ویست و داخوازیی زۆربەی هەرە زۆری ئەندامان و لایانگرانی خۆیان و بەتایبەتیش داوای خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە یەک گوتار و یەکریزی و یەکگرتوویی دەست بە نووسینەوەی ئەم لاپەڕەیە بکەن، ئەگینا لە جوگرافیایەکی تەواو چەکدارای و نیزامیدا هەیە؛ شیمانەی کارەساتێکی قەرەبوونەکراو چاوەروان دەکرێ، بە تایبەتیش بە پێی ئەو باکگراوەندەی لە پەیوەندیی لە نێوان هێزەکانی رۆژهەڵاتدا هەیە.

دواجار پێویستە بوترێ، ئەم لاپەڕە نوێیەی بۆ خەباتی رۆژهەڵات رەخساوە و بە تایبەتیش دێموکڕاتەکان خەریکی تۆماری تێکۆشانی خۆیانن لە سەری، نابێ پاشکۆی رووداوە تاڵەکانی ئەو چەند ساڵەی رابردوو بن کە هەم ئەو هێزە و هەمیش خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانی بریندار کرد، واتە نابێ خولانەوە لە کێشەکانی ڕابردوو قەیرانەکانی دابڕانی بزووتنەوە لە رۆژهەڵات بێ، بەڵکو دەبێ ببێتە هۆی دەرچوون لەم کێشانەی ماوەیەکە بزاڤی رۆژهەڵات تێیدا دەخولێتەوە. براوەی ئەم لاپەرەش، رەوتێکە کە زووتر خۆی دەگەڵ هەل و مەرجەکە بگونجێنێ و تاکتیکی نوێ و بەرنامەی نوێ بە گوێرەی دەرفەتەکە هەبێ، هەتا بەرزترین دەسکەوتی دەست بکەوێ و بۆ

هەمیشە ماڵئاوایی لەو پرسی و کێشە (فرسایشی)یانە بکا، زەمەنێکە هێز و پوتانسێلی حیزبی بە خۆیەوە خەریک کردوە، بەڵکو دەبێ ئەم هێز و پوتانسییەلە گوڕێکی بەبڕشت و کاریگەرە بجوڵێنن و، ئەم جارە بزاڤی رۆژهەڵات لە هێزی چاوەڕوانی دەرفەتەوە، خۆی دەرفەتخوڵقێن بێ، بۆ بەرەوپێش بردنی پرۆسەی گەیشتن بە ئامانجەکان.

لە ژمارە ٦٦٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٥

---------------------------------------------------

## پەروەردەی سەقەت، لە ژێر دەسەڵاتی سەقەتدا بە بیانووی دەسپێکی ساڵێکی نوێی خوێندن

کۆمەڵگە مرۆییەکان هەموو ساڵێک دەگەڵ لێدرانی زەنگی قوتابخانە و خوێندنگەکان، خوێنێکی گەش و گەرم بە دەماری گەشەی کۆمەڵگە و داهاتووی خۆیاندا دەگێڕن، تەزوویەک کە ئەگەر بە پێی پرنسیپی دروست زانستی و تاقیکراوە، بەرۆژ بکرێتەوە، جەستەیەکی گەش و روومەتێکی رووسوور بۆ داهاتووی کۆمەڵگە بنیات دەنێ. هەر بۆیە هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکان، بەردەوام لە هەوڵی داڕشتن و بەرۆژکردنەوەی بەرنامە و پروگرامی خوێندن و وڵاتانی جۆراوجۆر و بە تایبەت پێشکەوتوو، بێپسانەوە بە قرتاندنی هەڵەوپەڵەکانی سیستمی پەروەردە و چارەسەری کێشە و ئارێشە و کردنەوەی گرێوگۆڵی سیستمەکەوەن و هەموو ساڵێک دەگەڵ دەستپێک و کۆتاییهاتنی خوێندن، کەسانێکی شارەزا و ناوەند و دامەزراوی جۆراوجۆر کار لە سەر چۆنێتی بەکەڵکهاتوویی سیستمی پەروەردە و گونجاوی و نەگونجاوی بەرنامە و پرۆگرامەکانی دەکەن و بە هەڵسەنگاندنی ئاکام و ئاستی گەیاندنی زانیاری و مەعریفە بە نەوە یەک لە داوای یەکەکانی کۆمەڵگە، بە گشتی سیستمی ئاریایی لە مەحەک دەن.

ئێرانیش وەک کۆمەڵگەیەکی مرۆیی، کە خاوەن حەشیمەتیکی بەرچاو و گەنجە، دەسەڵاتدارانی وڵاتی خەریک هەڵەوپەڵە برینن لە سیستمی پەروەردەییەکەیدا!؟ بەڵام بە پێچەوانەی گشت دنیا و کۆمەڵگەی جیهانی. دیارە دەبێ ئەمەش لەبەرچاو بێ کە هەرکام لە وڵاتان فەلسەفەیەکی دیاریکراوی پەروەدەیی بۆخۆی هەیە. بۆ وێنە وڵاتانی ئوروپایی، ئەمریکا و... فەلسەفەی خوێندنیان بنیاتنانی وڵات و کۆمەڵەیەکی دێموکڕاتیکە، وڵاتێکی وەک کۆریای باکوور ئامانجی بنیاتنانی کۆمەڵگەیی میلیتاریستییە و فەلسەفەی خوێندنی لە سەر ئەم بابەت دەخولێتەوە.

هەر بۆیە ئێرانی بەناوی ئیسلامیش، لە پەنا شەرع و ئایینەوە، هەوڵی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئایینی چەقبەستوو و بەتایبەتیش ئایدیۆلۆژیک دەدا؛ ئایدیۆلۆژییەک کە بە ئاراستەی ویست و داخوازی دەسەڵاتدارانە. هەر لەسەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە کە بەرهەمی بە تاڵان بردنی شۆڕشی گەلانی ئێران بوو، دەسەڵاتدارە تئوکراتەکانی کۆماری ئیسلامی دەستیان کردن بە دەستکاری سیستمی خوێندن و جۆرێک پاکسازی وانە و مامۆستایانی خوێندنگە و زانکۆکان و لە ژێر ناوی «شۆڕشی فەرهەنگی»دا سیستمی سەقەتی خوێندنیان لەو وڵاتە هێندەی دیکە سەقەتتر کرد. دەگەڵ بەردەوام بوون لە سەقەتکردنی خوێندن لە ژێر ئەو ناوەدا کە هەر سەردەمە و بە چەشنێک، سیستمی پەروەردەی خستە بەر تیغی هەڵپاچ و داپاچ، سیستمی پەروەردە بەردەوام دەستەویەخی دەیان کێشەی دیکە بووە. سەرەڕای تاک زمانە بوونی خوێندن لە ئێران، کە وڵاتانێکی فرە نەتەوەیە و ئەوەش ڕاشکاوانە پێشێلکردنی سەرەتاییترین مافی مرۆڤە، کۆمەڵگەی ئیسلامی بە هۆی سەرقاڵبوون بە دەستوەردان لە وڵاتانی ناوچە و دابینکردنی چەک و جبەخانە و ململانییی بێ جێی دەگەڵ هێندێک وڵات و خۆشکردنی ئاگری شەڕی ئایینی و ئایینزایی، ناپرژێنە بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵگە و هەر بۆیە سیستمی پەروەردە کە دەبێ زیاترین گرینگی پێ بدرێ لە باری ڕێوشوێن و دابینی پێداویستییەوە، نەک هەر پشتگوێ خراوە، بەڵکو بە ئاراستەی بیر و هزری پاوانخوازانەی دەسەڵاتەوە هەنگاو دەنێ، کە نەک بەرەو پێشەوەیە؛ بەڵکو پێکوتە و تەنانەت پاشڤەڕۆییشە.

ئەگەرچی لە قانوونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا ئاماژە بە خوێندن بە زمانی زگماکی کراوە و بەندەکانی ١٥ و ١٩ی قانوونی بنەڕەتی باس لەوە دەکەن نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە پاڵ زمانی فارسییەوە کە زمانی فەرمی وڵاتە، دەتوانن بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن، بەڵام ئەوە بۆ زیاتر لە سێ دەیە دەچێ ئەو بەندەی قانوونی بنەڕەتی بە هەڵواسراوی ماوەتەوە و دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی ڕێژیم گوێی خۆیان لێخەواندوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە بە گوێرەی هەموو قانوون و مافی مرۆڤ و لێکۆڵینەوە زانستی و مەیدانییەکان، خوێندن بە زمانی زگماکی یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرکەوتوویی سیستمی پەروەردە و، فێرخوازی بە زمانی زگماکی خۆی باشتر دەتوانێ فێری زانست و زانیاری بێ و ئاسانتر ڕێگە بەرەو مەعریفەی دیاریکراو ببرێ، کە دیارە ئەم بابەتە خۆی هەڵگری نووسینێکی دوورودرێژە.

کارەساتی سووتان و داتەپین و رووخانی بینا و قوتابی و خوێندنەکان لە ئێران و بە تایبەت ناوچە بێبەشەکانی وەک کوردستان و بلوچستان، بەڵگەیەکن بۆ بێبەرنامەیی و بەهێند نەگرتنی سیستمی پەروەردەیی و بەتایبەت گرینگی نەدان بەو ناوچانەی خەڵکەکەیان بە نامەحرەم دەبینەدرێن، کارەساتی شیناوێ یەکێک لە بەرچاوترینی ئەم کارەساتانە بوو کە لەم چەند ساڵەی دواییدا، سووتانی بە دەیان منداڵی کوردی لە پیرانشار لێکەوتەوە.

خوێندن لە هەموو وڵاتانی دنیا، بە تایبەت خوێندن لە ئاستەکانی سەرەتایی هەتا زانکۆ خۆڕایی و تەنانەت لە وڵاتی پێشکەوتوو زۆرەملییە. زۆرەملی بوون بەو مانایەی ئەو کۆمەڵگەیانە نایانەوێ بەرەی دواڕۆژیان نەخوێندەوار بێ و، بەڵکو ئەوان ئاواتی نەوەیەکی خوێندەوار و تێکنۆکرات بۆ داهاتووی خۆیان دەخوازن، هەتا کۆمەڵگەیەک ساخ و سەلیم و پێشکەوتوو بنیات بنێن. بەڵام لە سیستمی خوێندنی کۆماری ئیسلامیدا ساڵانە بە دەیان و سەدان و بگرە زیاتریش منداڵی هەژار و نەدار بە هۆی خەرج و تێچووی خوێندن لە وڵاتێک کە بە هۆی سیاسەتی چەوتی دەسەڵاتدارانییەوە تووشی دەیان گەمارۆ بووتەوە و، دواجاریش ئەو گەمارۆیانە تەنگیان بە خەڵک هەڵچنیوە، بێبەش دەبن و هەروا بەکرچۆکاڵی دەخرێنە بازاری کارەوە.

سەرەڕای ئەو کێشانەی باس کران و بە دەیان کێشە دیکەش، کۆماری ئیسلامی خۆی تەگەرە بۆ خوێندنی بۆ ئەو کەسانە دروست دەکا، کە جیابیرن و بە ئاراستەی هزر و بیری دڵخوازی پاوانخوازان تێنافکرن، لە سەردەمی دەوڵەتی ئەحمەدینژاد بە سەدان کەس لە زانکۆ و خوێندنگەکان بە بیانووی جۆراوجۆر دەرکران و بە هەزاران مامۆستا و خوێندکار نەک هەر لە خوێندن بێبەش کران بەڵکوو وڵاتیان جێهێشت و سەرەکیترین سەرمایەی وڵات، ڕێگەی ئاوەدان کردنەوە و پێشخستنی هەندەرانیان گرتە بەر.

لە ژمارە ٦٦٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٥

-------------------------------------------------

## هەڵبژاردنەکانی ئێران و ستراتیژی بزاڤی ڕۆژهەڵات

لە تەمەنی نزیک بە ٤ دەیەی کۆماری ئیسلامیدا، کورد تەنیا لە سەرەتاکانی دامەزرانی ئەو سیستمە بە جیهان نامۆیەدا نەبێ، هیچ کات نەیتوانیوە و دەرفەتی ئەوەی پێ نەدراوە وەک نەتەوە و پێکهاتەیەکی جیاواز و خاوەن گوتارێکی خۆماڵی بەشدار کێبەرکێ سیاسییەکانی ئێران ببی. لە درێژایی تەمەنی ئەو سیستمەدا زۆربەی جاران کورد بە بایکۆت وڵامی ڕووداو و چالاکییە سیاسییەکانی تارانی داوەتەوە، کە لێکدانەوەیەکی دژبەرانە و ناڕازییانەی هەبووە. بزاڤی کوردی و ڕەوت و لایەنە سیاسییە کوردییەکان کە زۆربەی نزیک بە هەموویان پەڕیوەی ئەودیوی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات بوون، لە دوای ئەو تاکە هەڵبژاردنەی کە د. قاسملوو وەک نوێنەری کورد بۆ خوبرەگانی ڕیبەری هەڵبژێردرا، هیچ چەشنە بەشدارییەکی ڕاستەوخۆیان لە مەیدانی سیاسی وڵاتدا بۆ نەڕەخساوە

و، تەنیا بە لێکدانەوە و پاساوی خۆیان لەسەر رووداوە سیاسییەکانی ولات دواون و بڕیار و هەڵوێستیان نواندوە، یان هەندێک جار وەک هەڵبژاردنی مەجلیسی شەشەم و هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماری هەندێک لایەنی سیاسی و یەکێکیش لەوان حیزبی دیموکرات، خەڵکیان هان داوە بەشداری هەڵبژاردنەکان بن، ئەویش بە ئاراستەی دەنگی نا وتن بە حاکمان و بە تایبەتیش پاوانخوازانی چوارچێوەی سیستمی کۆماری ئیسلامی و لە رێگەی دەنگدان بەو کەس و لایەنانەی دوای ویست و داخوازییەکانی خەڵک کەوتوون و لە دروشمەکانی پێش هەڵبژاردنیاندا بۆنی ئازادیی و کرانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و... هتد بەدی کراوە.

ئەم چەند مانگەی داهاتوو، سیستمی کۆماری ئیسلامی و خەڵکی ئێران و هەموو ڕەوت و لایەنە سیاسییەکانی ئێران ویدەچێ بکەونە بەردەم دوو هەڵبژاردنی چارەنووسسازەوە، کە ئەگەر هەندێک بە وردبینی و لێکدانەوەی نوێترەوە هەنگاوی بۆ بێینن و بەرنامە و خوێندنەوەی تازەمان لە چوارچیوەیەکی بەدەر لە رووتی سیاسیمان بۆی هەبێ، رەنگە کورد و بزاڤی کوردی بتوانێ شوێن پێی لە چالاکییە سیاسییەکانی ئێراندا بدۆزێتەوە و دەگەڵ رچەشکێنی رەوتە جیاوازەکانی نێوخۆی کۆماری ئیسلامی، کوردیش رچەیەکی نوێ لە ژیانی سیاسی خۆی لە چوارچیوەی ئێراندا بشکێنێ.

دوو رەوتی ئووسلگەرا و ئیسلاحتەڵەبان بە هەموو لک و پۆپەکانیانەوە زۆر دەمێکە ململانێیەکی سەخت و چڕوپڕی تەبلیغاتی و مەیدانییان بۆ بالادەست بوون لەو هەڵبژاردنانەدا دەست پێکردوە و زۆر بە هەستیارییەوە بوار بۆ چالاکی و پێشبردنی ئامانجەکانی خۆیان خۆش دەکەن و لەم سۆنگەیەشەوە لە هەردووک لایەن، شایەدی شەڕەدندووکە و شیرلێک سوانین. ئەگەرچی دەوترێ سیستمی کۆماری ئیسلامی، سیستمێکی قەیرانسازە بۆ هێشتنەوە و درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی و خافڵاندنی خەڵک، بەڵام هەڵوێست و کارکردی ئەو چەند ساڵەی لایەنەکان، بەتایبەت دوای هەڵبژاردنەکانی ٨٨ ەوە، نیشاندەری ئەوەن، کە کەلێن و کێشەکانی نێوان باڵەکانی نێو سیستم زۆر لەوە زیاترە خۆی لە قەیرانسازی رواڵەتیدا ببینیتەوە، هەر بۆیە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی ولاتی سیستمی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەتیش بزاڤی رزگاریخوازی کورد، هەرچەند یەکمجار نییە دەکەوێتە بەر دەرفەتێک بۆ ئەوەی دەوری خۆی لە ئێران و بەتایبەت رۆژهەڵاتی کوردستان نیشان بدا، بەڵام ئەو جارە کە کێبەرکێی باڵەکانی نێوخۆی سیستمی کۆماری ئیسلامی بەوپەڕی خۆی گەیشتوە و، ناتوانرێ دەنگ و پشتیوانی خەڵک ون بکرێ و لەبەرچاو نەگیرێ، کەواتە باڵەکانی سیستم ناچارن لە هەموو کاتێک زیاتر ئاوڕ لە داخوازیی خەڵک بدەنەوە و بە جۆرێک لەپێناو زیادکردنی دەنگەکانیان لە بەرانبەر باڵەکەی دیکەدا دوای ویست و داخوازیی نەتەوە بێبەشەکانی ئێران بکەون، کە دیارە ئەو نەتەوانەش، یەکێک لەوان کوردیش لە کەسێک دەگرێن دەنگیان بە هەند وەرگرێ و هەندێک لە مەینەت و ئازارەکانیان کەم بکاتەوە و مەڵحەمێک لە سەر زام و برینەکانیان دابنێ.

کۆمەڵگەی کوردستان هەمیشە نیشانی داوە لە بواری هۆشیاری و ئەکتیڤی سیاسی لە بەشەکانی دیکەی ئێران، زیندووترە و بزاڤی رزگاریخوازی کوردی رۆژهەڵاتیش کەمی ئەزموون لە ماوەی چەند دەیەی دوای کۆماری کوردستانەوە لە هەناوی خۆیدا تاقینەکردۆتەوە، کە دیارە پرش و بڵاوی و لێکترازان و نەبوونی گووتارێکی یەکگرتووی لایەنە سیاسییەکان خەسارێکی حاشاهەڵنەگرە. ئەو کۆمەڵگە ئەکتیڤە و بزووتنەوە خاوەن رابردوویە بە سەرنجدان بە رەوشی ناسەقامگیر و ئاوسانی گۆڕانی ناوچەکە، کاتی ئەوەی هاتوە زۆر وردبینانە و هەستیارانە هەنگاوەکانی بۆ قۆناخێکی تازەی خەبات دەست پێ بکەن، ئەویش بە خوێندنەوەی نوێی بوار و دەرفەتەکانی خەبات لە نێوخۆ و نیشادانی سەنگ و قوورسایی خۆیان و ئاراستەبەخشینێکی مەبەستداری سیاسی بۆ شوێندانان لەسەر رەوتی رووداوەکان. هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی خوبرێگان و مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، بەتایبەتیش هەلبژاردنەکانی مجلیس دەرفەتێکی گونجاوە بۆ یارمەتیدانی گۆڕینی ئاراستەی سیاسی ئێران و بەگشتی هەروەک چۆن دەمڕاستەکانی هەرتک باڵی نێو سیستمی کۆماری ئیسلامی ئاماژەی پێ دەکەن، هەلبژاردنێکی چارەنووسسازی ئەم سەردەمەی ئێرانە، کە گەلی کورد دەتوانێ بە روانینێکی تازەوە و مامڵەی سیاسی و ریسکی سیاسی، ئەکتەرێکی ئەو رووداوە سیاسییە ببێ. لەم نێوەدا پرسیارێکی زۆر سەرهەڵدەدەن، ئایا کورد لایەنی کام دوو لایەنی نێو دەسەڵات بگرێ، یان دەنگی متمانە بەکام لایەن بدا کە هەتا ئێستاش بڕوایان بە کۆڵەکە و بنەماکانی ویلایەت و کۆماری ئیسلامی هەیە. ئایا کام لایەن جیگەی متمانە و بڕواپێکردنە، کە لەسەر بەڵێن و ئیمتیازەکانی خۆی بمێنێ، ئایا دەبێ سیاسیەتێکی یەکدەست لە هەموو رۆژهەڵات، لەهەمبەر هەڵبژاردنی مەجلیس ڕەچاو کرێ، یان بە گوێرەی ناوچەکانی کوردستان دەکرێ ڕوانینمان بۆ دەنگدان و سیاسەتی هەڵبژاردنیش لێک جیاواز بێ. بۆ وێنە لەو شارانەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران تیکەڵاون، دەکرێ مامڵەی سیاسی دەگەڵ کام بەرەی سیاسی تاران بکرێ و... بە دەیان پرسیاری دیکە، کە وڵامەکانیان پێویستی بە ژوورێکی لێکۆڵینەوە و ئاماری و... هتد هەیە. دەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگەی کورد نابێ وزە و پوتانسییەلی خۆی بۆ کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان دوو باڵە سەرکییەکەی تاران بە فیڕۆ بدا. هەروەک لە رووداوەکانی ئەو چەند مانگەی ئێرانەوە دەردەکەوێ، بەرەی پاوانخوازیی لایەنگری باندی ویلایەتی فەقیە ڕەوتی توندوتیژیی گرتۆتەبەر و رەنگە لە بەرەبەرەی هەڵبژاردندا زیاتر دەست بکەن بە ڕاوەدوونان و گرتنی لایەنگرانی ئیسلاحتەڵەب و ئەکتەرە دیارەکانیان، کە دەکرێ ئەم رەوتە توندوتیژتر کوردستانیش بگرێتەوە.

بۆیە بزاڤی کوردی کە هەتا ئێستاش نیشانی داوە ئەگەرچی ماوەیەکە بە هۆکاری جۆراوجۆر چالاکییەکی ئەوتۆی فیزیکی لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستاندا نەماوە، هێشتاش توانای ئاراستەبەخشینی سیاسی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی هەیە، ئەم بزاڤە ئەگەر بە گوتارێکی یەکگرتووانە و روون و، لە رێگەی دامەزراندنی نێوەندێک بۆ کار لە سەر هەڵبژاردنەکانی ئێران بکا، بەدڵنیاییەوە دەسکەوتی گرنگی بۆ رۆژهەڵات دەبێ. قۆناخی ژیانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، قۆناخی دیاریکردنی سنووری نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییە. واتە ئەو دابەشینە سەقەتانەی پێشتر

بە بێ رەچاوی ویستی خەڵک و پێکهاتەی جیاوازی ناوچەکە کرابوو، روو لە هەڵوەشانەوەن، بەدڵنیاییەوە لە ئێرانیش هەڵوێستی ئەو چەند مانگەی رابردووی خەڵکی ئازەری لە بەرانبەر نەتەوەکانی دیکە بەتایبەتیش کورد نیشاندەری دۆخێکن کە لە ناردنی نوێنەری سەر بە نەتەوە جیاوازەکان لەو شار و دەڤەرانەی نەتەوەکان تێکەڵن زیندووتر و بەرچاوتردەردەکەوێ، هەروەها بوونی نوێنەری سەر بە نەتەوەیەکی دیاریکراو لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی خاڵی دەسپێکی یەکلاکردنەوەی ئەتنۆگرافی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانن. بۆیە گرنگە کورد بەبێ رەچاوی هەر بەریانییەکی جیاواز و تەنانەت دژبەیەکیش بێ، دەبێ لەو دەڤەرانەی تێکەڵ بە نەتەوەکانی دیکە، هەموو قوورسایی خۆی بۆ ناردنی نوێنەرێکی کورد وەگەڕ بخا.

**لە ژمارە ٦٧٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٤ی دێسەمبەری 2015**

---------------------------------------------------

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٦

-----------------------------------------------

## شەڕی ئابووری ڕێژیم دژی ڕۆژهەڵات

بە درێژایی مێژوو کورد لە هیچ کام لەو وڵاتانەی بەسەریاندا دابەش بووە، نە بووەتە هاووڵاتیی ئەو وڵاتانەو ئەو وڵاتانەش وەک هاووڵاتی پلە یەکی خۆیان سەیریان نەکردوە. مێژووی پڕ لە شۆڕش و رابردووی خوێناوی ئەو گەلە لە هەر کام لە پارچەکانی کوردستان شایەتی نامەحرەم بوونی کورد لە چوارچێوەی ئەو زڕە وڵاتانەیە کە هەموو هەوڵ و تێکۆشانیان سڕینەوە و سڕکردنی بوون و تواناییەکانی کورد بووە، لە پێناو دروستکردنی دەوڵەت نەتەوەی مەبەستیان.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەشداری زۆربەی شۆڕش و چالاکی و ڕووداوە گرنگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران بووە، هەموو کات تا وەختی دروێنەوە و دەسکەنەی دەسکەوتەکان بە شان و باڵیدا هەڵوتراوە، بەڵام کاتی دابەشینی دەسکەوتەکان پشکی کوردستان هەر نەدامەتی و زیاترکردنی زەبروزەنگ لەسەر ئەو گەلە بووە. سەبارەت بە کردەوە و رەفتاری کۆماری ئیسلامیش لەسەر پێشێلی مافەکانی کورد، کارنامەیەکی ڕەش و چڵکنی لەچاو پێشینانی خۆی پڕ کردۆتەوە. لە ڕوانگەی ناوەندنشینانەوە کورد هەمیشە جیاییخواز و کافر (فتوای خومەینی) و تێکدەر و سەربڕ و... هتد بووە و، ئەو نەتەوەیە وەک پشتێنەیەکی بەرگری و لەڕاستیدا بەڵاگێڕەوەی پێکهاتەی سەرەکی سەیری کراوە و ڕاگواستنی کورد بۆ بەشە سنوورییەکانی دیکەی ئێرانیش سەلمێنەری ئەو ئیدیعایەن.

دەگەڵ هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، کورد ئەگەرچی یەکێک بوو لە پێکهاتە سەرەکییەکانی هەڵگیرسێنەری شۆڕشی گەلانی ئێران، بەهۆی بەفیڕۆچوون و تالانی ئەو شۆڕشە لە لایەن کۆمەڵێک ئۆپۆرتۆنیستی مەزهەبییەوە لە هەموو دەسکەوتەکان بێبەش کراو، تەنانەت کەوتە بەر تاقیکردنەوەی دژوارترین قۆناخی ژیانی لە چوارچێوەی ئەو وڵاتە و، لە لایەن گەورەترین بەرپرسی ئەو دەسەڵاتە تئۆکراسییەوەوە فتوای قەڵتوبڕی بۆ دەرچوو و، پیاوە

گوێ لەمستەکانی ویلاتی فەقیه قۆلیان لە ژینۆسایدی کورد لە ڕۆژهەلات هەلمالی. دەگەل گۆڕانی کەشی سیاسی نێوخۆی ئێران و دابەشبوونی بلۆکە سیاسییەکانی نێوخۆ، گەلی کورد زۆر جاران لە شەڕ و چنگەکوڕکێی بەرەکان لە پێناو دەسەلاتدا، هەمیشە هەولی داوە بە بەشداری نەکردن و بەشداری کردنی پەیامدار لە شانۆ و سیناریۆکانی ڕێژیمدا، ویست و ئامانج و ئاراستە سیاسییەکانی خۆی بە گوێی دەسەلاتداران بگەیەنێ و تەنانەت ئەو دەرەفەتە بەرتەسکانەش بقۆزێتەوە کە ڕێژیم و بالەکانی لە سۆنگەی پاوانخوازییانەوە دەیڕەخسێنن. لە هەردوو هەلبژاردنی سەرکۆماری ئەو دواییانەی ئێراندا نزیک بە هەمووی شار و دەڤەرە کوردییەکانی ڕۆژهەلات بە دەنگدان بە لایەنی دژبەری نێوخۆیی حکوومەت، دیسان دەنگی نامەشرووع بوونی ئەو دەسەلاتەی بە گوێی دەسەلاتداراندا خوێندەوە (کە دیارە ئەمەش هەلبژاردن لە نێوان خراپ و خراپتر دایە)، هەر بۆیە دوابەدوای هەر خولێکی هەلبژاردن، گەلی کورد لە ڕۆژهەلات دەکەوێتە بەر ڕق و کینی ناوەندە سەربازی و ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیم و چالاکان و لاوانی کورد لە گرتووخانەکان دەپەستێوترێن. هەروەها بە گوێرەی ڕەوتی ڕووداوەکان ڕا دیارە دوای هەلبژاردنەکانی ئیعدامەکان لە کوردستان دەسپێدەکەنەوە و بۆ چاوترسێنی تەنانەت ناوچەکانی دیکەش کورد دەکرێ بە قوربانی. کۆماری ئیسلامی بە کوشتار و ئیعدام و شەهیدکردنی کۆلبەران و گرتن و چەوساندنەوە و بێبێەش و دواکەوتوو ڕاگرتنی کوردستان ناوەستێ و تەنانەت ئەو سەرکەوتن و پێشکەوتنانەی کوردیش دەکەنە ئامانج کە سەرەڕای بەرتەسککردنەوەی هەموو دەرفەتەکان و خنکاندن و لەباربردنی هەلەکان، خەلکی کولنەدەری کورد دەتوانن دەستەبەری بکەن.

دوایین هێرش و نیشانەکانی شەڕێکی قورس و هەنگاو بە هەنگاوی دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی دژ بە گەلی کورد داخستنی بازار و شوێنە بازرگانییە سنوورییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەگەل باشووری کوردستانە. لە سایەسەری ملهوڕی و دژایەتیکردنی کۆمەلگەی جیهانی و سیاسەتە ناحەکیمانە و دووبەرەکی نانەوە و پشتیوانیکردنی تیرۆر و ئاژاوەنانەوە لە سەرانسەری جیهان و... دواجاریش هەولدان بۆ دروستکردنی چەکی ناوکی، نەک هەر خەلکی کورد بەلکوو بەگشتی خەلکی ئێران ماوەیەکی زۆرە لە سەردەمێکدا کە بە جیهانی بوون باوە، لە گوندی جیهانیدا تەریک خراوە و گەمارۆ و ئابلۆقە جۆراوجۆرەکانی کۆمەلگەی نێودەولەتی چەند هێندەی ژیانی خەلکی لە ژێر حوکمی دەسەلاتێکی سەدە ناڤینیدا دژوارتر و بیبەشتر کردوە. دواجاریش سەرەڕای بەفیڕۆدانی ئەو هەمووە تێچووەی لەسەر بەرنامە ناوکییەکان خستیانە ئەستۆی خەلکی ئێران، هەروەها تەرخانکردنی کات و وزە و سامانێکی زۆر و درووشمە گەوج خەلەتێنەکانی ویلایەتی فەقیە، دەولەتی ڕوحانی دەستیکردەوە بە دانوستان دەگەل ولاتە دیارەکانی جیهان و جۆرە ڕێککەوتنێکی دەگەل کۆمەلگەی جیهانی و زلهێزەکان هێنا گۆڕێ، کە بەردەوام لە لایەن گرووپی سەر بە ویلایەتی فەقیهەوە جێگەی تەوس و تەوانج و پلارە.

وێدەچوو ڕێککەوتنی دەولەتی ڕوحانی و کۆمەلگەی نێونەتەوەیی خێروبێرەکەی بگاتە کوردستانیش و ئەو بەشە لە

ئێرانیش کە ماوەیەکە باجی قورسی نەزانی و بەرزەفڕی سیاسەتڤانانی تاران نشین دەدا، پشوویەکی بێتەوە بەرخۆ و هەندێک لە کۆلەمەرگی و مەینەتەکانی لەسەر سووک بێ. گەلی کورد لە رۆژهەڵات کە سەرەڕای هەموو هەڵاواردن و بێ دەرەتانی و کەندوکۆسپەکان توانیویەتی لە زۆر بواری وەک سیاسی، کۆمەڵایەتیدا لە بەشەکانی دیکەی ئێران دوا نەکەوێ، هەروەها لە بواری ئابووریشدا رۆڵەکانی ئەو گەلە لە شارە کوردییەکان بە گرەوکردن لە سەر ژیانیان توانیویانە جۆرە بازرگانییەک لە شار و دەڤەرەکانیان دەست پێ بکەن، کە دواجار حکوومەتی تاران ئەو دەرەتانەش بە کورد بە رەوا نابینێ و بە بیانووی جۆراوجۆر هەوڵی تێکشکانی ئیرادەی سەربەخۆخوازی گەلی کورد لەم بوارەشدا دەدا و بە داخستنی بازارە سنوورییەکان و تێلبەند کردن و دیوار راکێشان لە نێوان سنوورە دەسکردەکانی رۆژهەڵات و باشووری کوردستان سەدان و بگرە هەزاران کەس نانبڕاو دەکا. ئەو هەنگاوەی رێژیم سەرەتای شەڕێکی نوێیە دژی کورد، شەڕی تێکڕماندنی بناخە ئابوورییەکانی کوردستان کە زیاتر لەسەر بازرگانی دامەزراوە. دیارە ئەمە نە یەکەم شەڕ و نە دواشەڕی تارانە دژی کوردستان. رۆژهەڵاتی کوردستان لە سنووری بازرگانەوە بگرە هەتا خوار دیهلۆرانیش چەندین ساڵە مەڵبەندی شەڕی کۆڵبەران و کاسبکارانی کوردە دەگەڵ هێزە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی. شەڕێک کە کاسبکاری کورد تەنیا بە هۆکاری نان پەیداکردن بۆ ماڵ و منداڵی لە لایەن چەک بەدەستانی رێژیم و بە بیانووی قاچاخاچی بوونەوە دەبنە بە سیلە و ئامانجی فیشەک. لە حاڵێکدا بە گوێرەی دان پێدانانی بەرزترین بەرپرسانی دەوڵەتی، گەورە قاچاخچی ئیران سوپای پاسدارانە کە بووەتە هۆی دارمان و دواکەوتوویی ئابووری ئیران و تێکشکانی هەر چەشنە هەوڵێک بۆ ساخکردنەوەی ژێرخانە ئابوورییەکانی وڵات. کۆمەڵگەی کوردستان تێچوویەکی زۆری بۆ پێکهێنان و پێکەوەنانی ئەو ئابوورییە ساوایە داوە و نابێ وا بە ئاسانی ملکەچی بڕیارەکانی رێژیم ببێ، رێژیم بە داخستنی سنوورەکان دیسان هەوڵی رەکێشی هێزی کاری کوردستان بۆ شارە ناوەندییەکانی ئێران دەدا، شوێنێک بۆ پەرتەوازەکردنی رۆڵەکانی کورد لە یەکتر و هەڵقەندنیان لە نیشتمان و هەروەها خستنە داوی دەیان پیلانی وەک ئیعتیاد و پیشە درۆییەکانی دیکە. چاونەترسی گەلی کورد لە ئێران و بەتایبەت گوێ نەبزووتنی خەڵکی کوردستان لە بۆنە نەتەوەییەکانی وەک نەورۆز کە هەموو ساڵێک زیاتر بەرەو لووتکە هەڵدەکشێن و رەنگ و بۆنی نەتەوەیی تۆختر بەخۆوە دەگرن، هەوێنی خۆی لە سەربەخۆییەکی ئابووریدا دەبیننەوە کە شارە سنوورییەکانی رۆژهەڵات توانیوویانە دەستەبەری بکەن. کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتدارانی پێشووتری ئێرانیش زۆر دیار زۆر بەجوانی ئامۆژگارییەکانی محەممەدئاغای قەجەریان لە گوێ گرتوە "ئەگەر دەتانەوێ حوکمی خەڵکی ئێران بەدەستەوە بگرن، برسییان بکەن".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٦

---------------------------------------------------

# هەڵبژاردنەکانی ئێران و هەڵوەستەیەک لەسەر هەڵوێستی کورد

لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە و، تەنانەت پێش ئەو رێژیمەش جگە لە هەڵبژاردنی سەرەتای مەیینی سیستمی کۆماری ئیسلامی کە بەربژێرەکانی حیزبی دیموکرات نزیک بە ٩٨٪ دەنگەکانی کوردستانیان بۆخۆیان مسۆگەر کرد، نە هەڵبژاردنی ئازاد و لە سەر بنەمای دیموکراتیک و هاوکات بە چاوەدێرییەکی قابیلی قبووڵ وبەپێی پێوەرە نێونەتەوەییەکان بەڕێوەچووە، نە کوردیش لە رۆژهەڵات توانیوێ وەک قەوارەیەکی دیاریکراوی نەتەوەیی و سەربەخۆ بەشداری بەناو هەڵبژاردنەکان ببێ. تەنانەت زۆر جار بینراوە کە نوێنەرێکی ناخۆجێی بۆ شارێکی کوردستان دانراوە، کە لێرەدا پێویست ناکا بەو مێژووە پڕ لە هەڵاواردنەدا بچینەوە. هەر بۆیە هەمیشە کۆمەڵگەی کوردی و بەتایبەت بزاڤی رزگاریخوازی لەو پارچەیە بەگومانەوە لەو سیناریۆیەی روانیوە و نزیک بە تێکڕای هەڵبژاردنەکانی بایکۆت کردوە، دەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە رێژەیەک لە خەڵک هەبوون کە بە هۆکاری جۆراوجۆر بەشداری هەڵبژاردنەکان بووون و رێژیمیش بۆ نیشاندانی لاوازی پێگەی هێزە سیاسییەکانی بزاڤی کوردی زیاتر فوکووسی خستۆتە سەر شانۆی هەڵبژاردن لە کوردستان و بە مێدیایی کردوە، کە هەم مەسرەفی نێوخۆیی و هەمیش مەسرەفی دەرەکی بووە و دەگەڵ ئەوەش دژایەتی هێزە شۆڕشگێڕەکانی پێ کردوە. بە کورتی ئێستاشی دەگەڵ بێ هیچ هێزێکی کوردی و زۆربەی ئەو خەڵکەی بە هۆکاری جۆراوجۆر ناچار بە بەشداری لە هەڵبژاردندا دەبن، لە هیچ کوێ حاشای لە شانۆیی بوونی پرۆسەی هەڵبژاردن لە ئێران و هەروەها نابەرابەری و ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکان بەتایبەت لە کوردستاندا نەکردوە، بۆیە ئاکامی زۆربەی نزیک بە هەمووی هەڵبژاردنەکان لە لایەن کۆمەڵگە و بزاڤەوە دانی پێدا نەنراوە و هەڵوێستی بایکۆتی بەدواوە بووە.

لە تەمەنی سیاسی کۆماری ئیسلامیدا کە بە رێژیمێکی قەیرانساز لە پێناو مانەوەی خۆیدا دەناسرێ هەندێک هەڵبژاردن هەن، کە وەک ریفراندۆم و هەستاندنەوەی چەند بارەی مەشرووعییەت لە رێژیم و بە تایبەت بالی باندی ویلایەت سەیر دەکرێن، یەکێک لە گرنگترینی ئەو قۆناخانەش ئەو هەڵبژاردنانە بوون کە رەوتێکی بەناو ریفۆرمخوازانی لە ئێران بە رێبەرایەتی خاتەمی هێنایە سەرکار و لە ماوەی دەوڵەتدارێتی ئەو کەسایەتییەدا نەک گشتی ئێران بەڵکو کوردستانیش پشوویەکی دێتەوە بەرخۆ و، بناخەی دامەزراوە مەدەنییەکان لە کوردستان دادەڕێژرێن و کەشی ئەمنییەتی زاڵ بەسەر کوردستاندا کاڵتر دەبێتەوە و چالاکانی مەدەنی پێ دەنێنە مەیدانی خەباتەوە. هەر لەو هەڵبژاردنانە دایە کە سەرەڕای نەبوونی قەوارەیەکی دیاریکراوی کوردی، حیزبی دیموکرات هەڵوێستی بەشداری دەگرێتەبەر و خەڵکی کوردستانیش بەدەم دەنگییەوە دێ. بە دوای لێکەوتنی ریفۆرمخوازەکاندا و دوو دەورە دەوڵەتداریی ئەحمەدینژادەوە، کەشی سیاسی کوردستان توندتر لە پێشوو دادەخرێ و داپلۆسین و

تۆقاندن دەگاتەوە ئەوپەڕی خۆی. هەر لەو ماوەیەشدا بزاڤی کوردیی تاراوگە تووشی قەیرانی قووڵ و کاریگەر بووە و لەتبوون و جیابوونەوەکان بەوپەڕی خۆیان دەگەن و، جگە لە تووڕەکردن و بێ هیوا کردنی کۆمەڵگەی کوردستان، پرش و بڵاویی هێزە کوردییەکان بە لووتکە دەگا. دابەزین لە شاخ و نیشتەجێ بوون لە شار، دابڕان لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات، کێشە و ئاریشەی کەمپ نشینی و دەیان هۆکاری دیکە هێندەی دیکە هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان لە سەر کۆمەڵگە کاڵتر دەکەنەوە و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ئامادەی بەشدارییە لە هەر چەشنە پلاتفۆرمێک کە لانی کەمی ویستەکانی ئەوان لە خۆ بگرێ و دیسکۆرسی دیکە و نوێ، جێی دیسکۆرس و وێژاری تۆز لەسەر نیشتووی بزاڤ دەگرێتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە لە هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماریدا کە ریفۆرمخوازان بە وێژار و دیسکۆرسی تازەوە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات هاتنە مەیدان، بە پێچەوانەی نەریت دوای ویستی خەڵک کەوتن و دوو پاڵێوراوی دیاری ئەو بەرەیە واتە مووسەوی و بەتایبەت کەڕووبی لانیکەم داخوازی و ئامانجەکانی نەتەوە بێبەشەکانیان لە بەرنامە و بەڵێن و درووشمی هەڵبژاردنی خۆیاندا گونجاند، کە ئەمە بووە هۆی ئەوە نەتەوە بێبەشەکان هەرچی زیاتر وەخۆ بکەون و بەشداری هەڵبژاردنەکان بن. هاوکات کۆمەڵگەی کوردستانیش کە بە دوای ڕووناکاییەکدا دەگەڕێ، بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەنگی خۆی دا بە پاڵێوراوی ریفۆرمخوازان. بەڵام هەروەک بۆ هەموو لایەک روون و ئاشکرایە باندی ویلایەت، ئەو جار وەک خۆرە کەوتە گیانی کەسانی جیابیری نێوخودی سیستەمەوە و جگە لە دەسبەسەرکردنی پاڵێوراوانی ریفۆرمخواز کە بە ئاکامی هەڵبژاردنەکان ناڕازی بوون و لە هەمان کاتیشدا هەرتکیان یەکێکن لە کۆڵەکانی ئەو ڕێژیمە، کارەساتی بەسەر لاوان و ناڕازییانی ناوەندنشین هێنا. بەڵام دواجار کۆماری ئیسلامی کە بەهۆی سیاسەتی ناحەکیمانە و چەوتی سەرکۆماری تاقانەی ویلایەتی فەقیهـ تەواو تەریک بۆوە و هەوڵە زێدەخوازانە و خوڵیا بەرزەفڕانەییەکانی، ئابووری ئێرانی دارماند و ڕێژیمی لە زۆر بوارانەوە تووشی قەیران کرد، لە خولی یازدەیەمی هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا خامنەیی بە پێچەوانەی ویستی خۆی ملی بۆ دەنگی خەڵک راکێشا کە لە راستیدا نا وتنێکی چەندبارە بوو بۆ باڵی حکوومەت و حەسەن روحانی بە هەندێک بەڵێن و درووشمی میانەڕۆ و پشتیوانی ریفۆرمخوازان بوو بە سەرکۆمار، ئەگەرچی ئەوە نزیک بە دوو ساڵ بە سەر هەڵبژاردنیدا تێدەپەڕێ هیچ کام لە درووشمەکانی لەسەر گۆڕینی سیاسەتی نێوخۆیی بەدی نەهاتوون.

## بزاڤی کوردی و وەرچەرخان لە هەڵوێستدا

بە دوای لەتبوون و جیابوونەوە و لێکترازانی هەرچی زیاتری هێز و لایەنە سیاسییە تاراوگەنشینەکانی کورددا، شاهیدی هەندێ گۆڕان لە درووشم و هەڵوێست و سیاسەت و تێڕوانینی جیاواز دەبین، بە جۆرێک کە لە هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماریدا یەکێک لە دیارترین هێزەکان واتە حدک بە ئاشکرا پشتیوانی خۆی لە پاڵێوراوی دیاریکراوی سەرکۆماری دەردەبڕێ و داوا لە خەڵک دەکا دەنگ بەو پاڵێوراوە بدەن، لانی زۆری ویستەکانی لە بەرنامە و درووشمی خۆیدا گونجاندوە. هەر بۆیەش لە لایەن زۆرێک لە هێزە کوردستانییەکانی دیکە

کەوتە بەر تانە و تەشەر و دەیان مۆرک و بەرچەسپی ناڕەوا لەو لایەنە دەدرێ. بەڵام حدک کە بە کۆمەڵێک درووشم و خاڵی جێگەی سەرنج بە ناوی هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی ئێمە لایەنێکی لەتبووی دیموکراتی گەورەیە، ئەو دژەباوییەی گۆڕەپانی سیاسەتی بزاڤی درێژە پێ دەداو، جگە لە دەست هەڵگرتن لە بایکۆتی پەسیڤ زیاتر گرنگی بە خەباتی نێوخۆ دەدا و پشتگیری ئەو ڕەوت و لایەنە کوردستانیانە دەکا لە نێوخۆ سەرهەڵدەدەن و بە پێچەوانەی هێزەکانی دیکەوە بە نرخ و بایەخێکی زیاترەوە دەڕوانێتە هەوڵ و تێکۆشانی نێوخۆ، هەتا ناو و ناتۆرە سازکردن و پاوانی خەبات. سەرەڕای هەوڵەکان بۆ یەکخستنەوەی ریزی هەر کام لە هێزە لەتبوو و جیابووەکانی باشوورنشین، لایەنەکان خەریک کاری سیاسی خۆیانن و لە هەمان کاتدا، جیاوازیی روانین بۆ سیاسەت کردن و رووداوە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران، لە هەڵوێستی لایەنەکاندا زیاتر دەردەکەوێ. بەتایبەتیش خولی دەیەمی هەڵبژاردنی مەجلیسی ئێران هەرچی زیاتر لایەنەکان و بەتایبەت حدک دەخاتە بەرانبەر لایەنەکانی دیکە. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دوایین هەڵوێستی خۆیدا سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئێران، ریسکێکی دیکە دەکا و بڕیار دەخاتە دەست خەڵک و لەو شار و دەڤەرانەی کورد دەگەڵ نەتەوەیەکی دیکە تێکەڵە هان دەدا دەنگ و ڕەنگی خۆیان هەبێ. هەڵوێستێک کە زۆر زوو هێزە شۆڕشگێڕەکانی دیکە دەخاتە بەرانبەر حدکەوە، بە چەشنێک هێزی فەیس بووکی ئەو لایەنانە بەدوور لە هەر چەشنە ئەخلاقێکی شۆڕشگێڕی، نیشانەکانی پاوانخوازی خەبات و پاشەڕۆژێکی پێکهەڵنەکەر بۆ کۆمەڵگەی کورد لە رۆژهەلات دەردەخەن.

### کورد لە نێوان بایکۆت و بەشداریدا

سووکە چاوخشاندنێک بە سەر ئاکامی سیاسەتی بەشداری و بایکۆتی کورد لە رۆژهەلات و هەڵسەنگاندنی دەگەڵ نەتەوەکانی دیکە بەڕوونی دەردەخا کورد، چەندها زیان و قازانجی کردوە. سەرەتا پێویستە بوترێ بزاڤی کورد لە رۆژهەلات سەرەڕای هەموو کۆڵنەدەری و فیداکاری، نەیتوانی گوتاری خۆی لە کۆمەڵگەدا گشتگیر بکا، بەوەیکە نە بایکۆت و نە بەشداری، جگە لە زیان بۆ کۆمەڵگە چی بە دواوە نەبووە. بەو واتایەی لە حەشیمەتی چەند میلیۆنی کورد لە رۆژهەلات، تەنیا ڕێژەیەکی زۆر کەم تێچووی شۆڕشی خستە سەر شان و گەورەترین هێزی رۆژهەلات لەوپەڕی بەهێزیدا پێشمەرگەکانی لە دە هەزار کەس تێنەپەڕیون، کە ئەمە خۆی نیشاندەری خۆبواردنی ڕێژەیەکی یەکجار زۆری کۆمەڵگە لە خەباتدا نیشان دەدا، سەرەڕای ئەوەی ئەو هێزە لە لایەن زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگەوە پشتیوانی دەکرێ و تێچووی دارایی و ئەرکی لەسەر کۆمەڵگەیە. سروشتییە کە کورد دژایەتی و خەباتی بەرخۆدان و خۆڕاگری لە بەرانبەر ناوەندا دەگرێتەبەر، دەبێ لە ئاستی کۆمەڵگە و پوتانسییەلی مرۆییشدا بایکۆت و بەشداری نەکردن لە بچووکترین هەتا مەزنترین دامودەزگەی بەڕێوەبەری، ئابووری، سیاسی و ئەمنییەتی و... هتد، ئەو ڕێژیمەدا بگرێتە بەر، کە لەو بوارەشدا کۆمەڵگەی کوردستان نە بەشداری و نە بایکۆتی کاریگەر ناگرێتەربەر، دیارە لە لایەن بزاڤەوە بایکۆت سفارش دەکرێ. بە دوای خەباتی خۆڕاگری و شەڕی چەکداری و لە ئاکامدا

داخزینی هێزە سیاسییە کوردییەکان بۆ قووڵایی باشووری کوردستان، ئەو هێزانە ئیدی بەگوێرەی هەلومەرج خەباتی چەکداری رادەگرن و تەنیا پەرە بە لایەنی خەباتی سیاسیی دەدەن، کە ئەویش بە هۆی دابڕان لە کۆمەڵگە و، لە هەمان کاتدا گۆڕانی خێرای کۆمەڵگە و جیاوازای کەشی فەرهەنگی و ئابووری لیک دووری دوو شوێنەکە، نەگۆڕان و ئابدەیت نەکردنەوەی ویژاری سیاسی بزاڤ، رۆژ دەگەڵ رۆژ کاریگەریی هەڵوێستی سیاسی بزاڤ لە کورتی دەدا. ئەمە لە حاڵێکدایە، نەتەوەی ئازەری لە بنان گوێچکەی کورد لە سەرەتای هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامییەوە سەرەڕای کۆمەڵکوژی ئازەرییەکان لە دەورووبەری ئەردەبێل، ئەو نەتەوەیە بەشداری ئەکتیڤ دەگرێتەبەر و، هەنووکە بگرە لە نەتەوەی باڵادەست زیاتریش جومگەکانی دەسەڵاتی لە هەموو بوارەکاندا لە دەست دایە. بەشدارییەک کە هەنووکە ئاکامەکەی لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا بەرچاوە و لە پاشەڕۆژی ئێراندا توانایییەکی شایانی بەو نەتەوەیە بەخشیوە.

### حدک و دژەباوی، ئایا حدک داخوازی کوردی دابەزاندوە!

بە دوای یەکلابوونەوەی قەیرانی پێکهەڵنەکردنی نێوخۆیی هێزە کوردییەکان لە باشوور و، سەرهەڵدانی دیاردەی لەتبوون و جیابوونەوەکان، حدک وەک هێزێکی گۆڕانخواز و گۆڕانهەڵگر، یەکەم حیزبە تەلیسمی ناردنەوەی پێشمەرگە دەشکێنێ و قووڵایی خاکی رۆژهەڵات بە بۆن و شوێن پێی پێشمەرگە شاد دەکاتەوە. هەروەها لە پێناو لێکنزیکردنەوەی پێشمەرگە و نیشتمان و ئەو حزوورەدا چەند کادر و پێشمەرگەی ئازا و بەوەجی تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی کوردستان دەبن. حدک وەک هێزێکی جێگەی ئومێدی کۆمەڵگە و بەتایبەت چینی هەڵکەوتە و خوێندەواری کۆمەڵگە، گۆڕانی بنەڕەتی لە سیاسەت و روانینی سەبارەت بە چالاکی و دامەزراوە نێوخۆییەکان بەخۆوە دەبینێ و هەرکات پشتیوانی و پشتگیری خۆی بۆ گەشاندنەوەی خەبات لە نێوخۆ و گرتنەبەری هەموو شێوازەکانی خەبات دەردەبڕێ و هەوڵی گشتگیرکردنی خەبات و ئەکتیڤ کردنی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی جیددی دەدا. هەر ئەو گۆڕانی روانینەشە وا دەکا حدک هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئێران بگۆڕێ و لە سیاسەتی بایکۆتی پەسیڤ و بەیاننامە دەرکردن دوور بکەوێتەوە و بە خوێندنەوە و بەدواداچوونی ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆ و بە تایبەت تاران و هاوکێشەی باڵەکانی دەسەڵاتداری نێو رێژیم، هەڵوێستی جیاواز لە لایەنەکانی دیکە بگرێتە بەر. دەگەڵ ناردنەوەی تیمی پێشمەرگە بۆ نێوخۆ و هاندانی بەشداربوونی خەڵک لە رووداوەکان، هاوکات دەنگۆی دانوستانی حدک و شەخسی سکرتێری تەکنۆکراتی ئەو حیزبەش لە کارنامەی نزیک بە یەک دەیە ژیانی حدکدا دەبینرێ. چالاک بوونی حدک لە زۆربەی بوارەکاندا، زیاتر لە هەموو لایەنێک، لایەنی دیکەی دیموکرات ئازار دەدا، کە هەمیشە هەوڵی داوە خەباتی ئەو لەتەی دیموکرات بە کەم نیشان بدا و چەندین جۆرە مۆرک و ناو و ناتۆرەی جۆراوجۆر وەدوای حدک بخا. حدک لە سۆنگەی گرنگیدان بە رۆژهەڵات و گەڕاندنەوەی پوتانسییەلی لاوانی رۆژهەڵات بۆ خەبات لە پێناو ئەو پارچەیەدا، ویژاری رۆژهەڵات تەوەری بەرۆژەڤ دەکا و بەم چەشنەش

هەوڵ دەدا ڕۆژهەڵات لە ژێـر سـێبەری قوورسـی هەواڵ و ڕووداوە گرنگەکـانی نـاوچەکە بخـاتەوە سـەرتیتر و بە پێکهێنانی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات لە نێوخۆی کوردستان، هێز و پێگەی جەماوەری خۆی پێشان ڕێژیمیش دەدا.
دوایین هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەر ڕووداوێکی دیکە حدکی خستە بەر هێرشی نەیارانەوە، کاتێـک ئەو هێـزە بە پـێچەوانەی زۆربەی هێزەکـانی دیـکە، کە زیـاتر لە مانگێـک پـێش هەڵبـژاردن ڕێکەوتـی بەیاننامەکانیـان دەگۆڕی، حـدک لە خـولەکی نەوەددا و، دوای خوێنـدنەوە و بەدواداچـوونێکی زۆر بڕیـار دەداتەوە دەست خەڵک و خەڵک سەرپشک دەکا لە بەشداری و بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکان و، هەروەهـا لەو شـار و دەڤەرانەش کە کورد و نەتەوەی دیکە تێکەڵن، خەڵکی کورد هان دەدا دەنگ و ڕەنگی خۆ بنوێنن و نوێنەری خۆیان ڕەوانەی مەجلیس بکەن. هەڵوێستێک کە سەرەڕای بەرهەمدار بوون و نەبوونی ئاکامەکانی خۆی لە ئەکتیڤ بـوونی نەک هەر جەماوەر، بەڵکوو پاڵێوراوانیشدا دەرخست، بە جۆرێک زۆربەی هەرە زۆری بەربژێرانی مەجلیس هەوڵیان دا تا ئەو جێیەی بۆیان دەلوێ لە درووشم و دەنگەشە و بانگەشەکانی خۆیاندا دوای ویستی خەڵـک بکەون و بـاس لەو ئامـانج و داخوازییـانە بـکەن، کە بەرمەبەسـتی کـۆمەڵگەی کوردسـتانن. هەروەهـا لەو ناوچـانەش کە کـورد و نەتەوەکـانی دیکە تـێکەڵن، بـۆ یەکەم جـار کـورد خـۆی دیـتەوە و بە یەک دەنـگ و یەکڕەنـگ سـەرەڕای چەنـدین بەربەسـت ئامـادەی سـەر سـندووقەکانی دەنگـدان بـوو لە پێنـاو هەڵبژاردنـی پـاڵێوراوە کوردەکـان. ئەگەرچـی لە حەوزەیەکـی گرنگی وەک ورمێ، ئەویش بە هـۆی لە پاوانـدابوونی هەمـوو جوومگەکـان لە دەسـتی ئازەرییەکانـدا، گەلەکـۆمەکی ئازەرییەکـان لە شـارەکانی تەورێـز و هەمەدانەوە، سـاختەکاری و تەقەلـووبی بەربـڵاو، یەکـدەنگ نەبـوونی هێـز و لایەنە کوردییەکـانی دەرەوەی وڵات، بـافتی عەشـیرەتی نـاوچەکە، مهەندیسـی دەنـگ لە لایەن بنئاژۆخوازانەوە و .... کورد نەیتوانی بەگوێرەی سەنگی خۆی، خۆی نیشان بـدا، بەڵام زەنگێکی وشیارکەرەوە بـوو بـۆ کـورد لەو نـاوچەیە و، ناوچەکـانی دیکە، هەتـا لەمەودوا چـالاکتر بەدواداچـوون بـۆ مافەکـانی خـۆی بکـا و یەکگرتووانەتر بێتە مەیدان. هەروەها لە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دەنگ نەهێنـانەوەی کـورد لەو دەڤەرە دەتوانین ئاماژە بە هێزی شۆڕشگێڕی تاراوگەنشینی ئەو ناوچەیە بکەین، کە بە داخەوە بەلای بایکۆتـدا کەوتبـوون و لە نێوخۆش بوونە هۆی دروستبوونی کەلێن لە نێوان ڕیزی جەماوەری کورد.

### دۆڕان لە ورمێ بە واتای شکستی سیاسەتی هەڵبژاردنی حدکە؟

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە بنئاژۆخواز و ڕیفۆرمیستەوە لە گوێی گادا نەنووستوون، بەڵکوو ناوەنـدی (غـرب شناسـی) لە ورمێ، تەواوی جموجـۆڵ و چـالاکی و هەڵسوکەوتی هێـز و لایەنە کوردییەکـان و تەنـانەت ڕەفتـار و دەروونناسی کۆمەڵگەی کوردی تۆمار دەکا و لێی ورد دەبێتەوە و دەیپشکنێ. ئایا دەکرێ ئەم گۆڕانە لە ڕوانینی حدک لای ناوەندە ئەمنییەتی و سیاسییەکانی ڕێژیم پشتگوێ خرابێ. ئایا چالاکی و ناردنەوەی تیم و عەمەلیـاتی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات لە قووڵایی خاکی ڕۆژهەڵات و کۆنترۆڵی گەڕەکی شارەکانی ڕۆژهەڵات بۆ چەند کـاتژمێر لە لایەن هێزەکانی سەر بە حدک، ڕێژیمی ڕانەچڵەکاندوە. چاوەنەترسی پێشمەرگە و پـارێزەر و کـادر و ڕێبەرایەتـی

حدک لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی جێگەی مەترسین و بەتایبەتیش ئەو باڵەی خۆ بە بەرهەق و پاک و بێگەرد و پارێزەری شۆڕش و دەسکەوتەکانی شۆڕش دەزانێ و هەوڵی پاوانخوازی و هەرچی زیاتر بە ئەمنییەتی کردنی کوردستان و ئێران دەدا، زیاتر دژایەتی سیاسەتی حدک و بە ئاکام نەگەیشتنی مەبەستەکانی دەدا. هەر بۆیە لە دوا هەڵبژاردنی ئێراندا، هەموو هێزێک وەگەڕ خرا شوێنەواری سیاسەتی حدک لە سەر ئاراستەی رەفتار و کرداری کۆمەڵگە بسترێتەوە. هەر بۆیە سەرەڕای داپاچین و لە هێڵەک دانێکێ زۆری پاڵێوراوان، لە حەساسترین حەوزەی هەڵبژاردنەکان، ڕێژیم و بەتایبەت باڵی بنئاژۆخواز بەوپەڕی هێزەوە هەوڵی دا رەنگ و دەنگی کورد کپ بکا، کە دیارە بە یارمەتی سیاسەتی ناوردبینانەی هێزە کوردییەکان و نابەرابەری دەرفەت و تەقەلووب، سەرکەوتنی بەدەست هێنا. ئەگەرچی لە روانگەی حدکەوە هیچ هەڵبژادنێک لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی دەگەڵ پێوەر و پێوادنگی دیموکراسی و جیهانی ناگونجێ و فرتوفێڵی ڕێژیم بۆ لە ئەرزدانی غرووری کورد کۆتایی پێ نایە و، دەنگ نەهێنانەوەی کورد لەو شار و ناوچانەی نزیک بە سێ دەیەیە، کوردی لێ نەبان کراوە و جۆرەها میکانیزم و پیلانیان بۆ سڕینەوەی بەکار هێناوە بە واتای کوردستانی نەبوونیان، نین. بەڵام هەڵوێستی حدک توانی ریزی جەماوەری نێوخۆ ڕێک بخا و بە رەنگ و دەنگی کوردانەوە بیانهێنێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان، هەتا شکستی سیاسەتی دژە کوردی ڕێژیم و پاوانخوازان لەو ناوچانە نیشان بدا. حدک نیشانی دا، دەنگ و خواستی کۆمەڵگەی بیستوە و پشتیوانی لە ئامانجیان دەکا، هەروەها نیشانی دا ئەگەر هێزە کوردییەکان وەک کۆمەڵگەی کوردستان یەکرێز دەرکەون، توانای ئەنجامی زۆر کاری نەکردەیان هەیە. هەروەها حدک نەریتی ڕێبەرانی شەهیدیشی دووپات کردەوە، هەم دانوستان لە ئاستی دەسەڵاتدا، هەم دیالۆگ و خەباتی مەدەنیانە، کە سەرەڕای هەموو بەربەست و تەگەرەیەک لەسەر ڕێبازی ڕێبەرانی و ڕێبازی دیموکرات پشوودرێژانە هەنگاو دەنێ و پاوانخوازیش دیاردەیەکی قبووڵی هێڵە گشتییەکانی نیە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١ی مای ٢٠١٦**

-----------------------------------------------

# خۆکوژی، کودیتا لە ژیان

ئەمڕۆژانە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای هەموو کێشە و ئاریشە و تەنگ و چەڵەمەکان و قەیرانە جۆراوجۆرەکان، دیاردەیەکی جەرگبڕ لە هەناوی خۆیدا تاقی دەکاتەوە، دیاردەیەک کە دەبێ دەمار و هۆکارەکانی لە گشتی بوارە نالەبارەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵگەی کوردستاندا، بۆی بگەڕێین. زنجیرەیەک خۆکوژی لە هەموو شار و ناوچەکانی کوردستان بەبێ ئەوەی سەرنجی ئەوتۆی بوارە پێوەندیدارەکان رابکێشێ، هەناسە لە گەنجان و لاوانی کوست کەوتووی کورد دەبڕێ. وەک شاعیر دەڵێ کورد هەموو جۆرەکانی مردنی پێ تاقی کراوەتەوە و تاقی کردۆتەوە، کەواتە خۆکوژی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بە هۆکاری جۆراوجۆری نێوخۆیی و فەرهەنگی و نایەکسانی رەگەزەکان و نالەباری رەوشی و... هتدیش دیاردەیەکی نائاشنا نیە، بەڵکو زۆر جار خودی نالەباری توخمەکانی کۆمەڵگە هۆکار و بەرهەمهێنەری ئەو دیاردەیە بوون. ئەگەرچی لە کەودان و دابێژتنی هۆکار و فاکتەری ئەو دیاردە کارەساتبارە لە توانای نووسەر بەدەرە و، ئەرکی کۆمەڵناسان و پزیشک و ناوەندە دەروونناسییەکان دەبێ بە وردی لەسەر ئەو بابەتانە توێژینەوە و کۆڵینەوە بکەن، بەڵام خراپ نیە لێرەدا ئاماژە بە کەمکاری و پشتگوێ خستن و گوێ پێ نەبزووتنی هەندێک لەو لایەنە پێوەندیدارانە بکرێ.

ئەوەی کە شانسی ژیان تاقە جارێکە، ئەوەی کە گیروگرفتەکان قەت کۆتاییان پێ نایە، خۆکوشتن رێگەچارە نیە، خۆکوژی زوڵمە لەخۆ و کەسوکاری خۆ و... لە دواییدا خۆکوژی کودیتایە لەو تاکە دەرەفەتەی بۆ ژیان هەمانە، شتێکی حاشاهەڵنەگرە.

باس کردن لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی، چەوتی ژیان لە سایەی ئەو دەسەڵاتەدا، پیلانگێڕی و هەوڵەکانی دەسەڵاتبەدەستانی تاران دژی کورد، پشتگوێ خستن و تاڵانی سامانی نیشتمانی کوردەواری و درێژەی پراکتیکی فتوای کوشتنی کورد لە لایەن رێژیمەوە و دوژمنانە سەیرکردنی تاکی کورد و دەیان و سەدان لاریی دیکە، بابەتێکی سواوە و لە کەس شاراوە نیە. کەواتە لێرەدا بە بێ گەڕانەوە بۆ دامودەزگەی رێژیم و چاوەڕوانی کارێکی خێر لە داگیرکەران، دەبێ ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین ئایا کۆمەڵگەی کورد بە گشت پێکهاتە و رێکخرا و لایەنییەکانەوە لە نێوخۆ و دەرەوە چ هەنگاوێکی کردەوەیی بۆ سووک کردنی هەندێک لەو بارە قوورسەی تاک ناچار دەکا هەناسەی خۆ راگرێ، کردوە. ئایا جگە لە هەواڵ گەیاندن و بەداخبوون و سەرەخۆشی، ئایا جگە لە گۆڕنانی تەرمی بێ نازی لاوی کورد کە بە قەد گرانابییەکانی ژیانی ئاوات و ئارەزووی نەپشکووتووی لە سنگدا تەرمەکە، کۆمەڵگەی کوردی و تاکەکانی، هەوڵی لە گۆڕنانی تاکە هۆکارێکی ئەو کودیتایەیان داوە. ئایا

کۆمەڵگەی کوردی و بەتایبەت چینی خوێندەوار و دەسترۆیشتووی کۆمەڵگە جگە لە فاتیحایەک هیچ تەزوویەکی هەست کردوە لەشی بتەزێنێ، ئایا ڕێکخراو و دامەزراوە مەدەنییەکانی نێوخۆ توانیوییانە بە جۆرێک لە جۆرەکانی خەمێکی گران لەو دەردە گرانە بخۆن. ئایا کۆمەڵگەی پزیشکی کوردستان تەنیا لە فکری ئەوە دایە نەخۆشێک زیاتر سەردانی بکا، تا پووڵی ویزیتێک زیاتر بستێنێ، ئایا چینی پیاوان و ژنانی ئایینی کۆمەڵگە بە هەموو ئایین و ئایینزاکانەوە کە، لە هەموو ئایینەکاندا خۆکوشتن گوناحێکی گەورە و نەبەخشراوە، توانیویەتی تۆزە شوێن پەنجەیەک بخاتە سەر ئەو کوانە چڵک کردوە، ئایا بە هەمووانەوە لە بیرمانە ژین گەورەترین سامانە، مەزنترین و چڵەپۆپەی ئەو سامانەش لاوانن. ئایا نابێ نقورچێکی توند لە کۆمگەڵگەمان بگیردرێ هەتا راچڵەکێ، خۆ سوور دەزانین، وڵاتمان داگیرکراوە، کوشتنمان حەڵاڵە، نەبوونمان سەرکەوتنە بۆ داگیرکەرانمان، ئەدی کۆمەڵگەی ئێمە بۆ هێندە بە سانایی بەسەر ئەو چەشنە دیاردانەدا تێدەپەڕێ. چینی خوێندەواران و بەتایبەتی کۆمەڵگەی پزیشکی و دامەزراوە مەدەنییەکان لە ئاست چی کۆمەڵگەدا بەرپرسیارن، ئایا من وەک تاک تەنیا لە کەڵەکەی پوول و دراو و سامان بۆ خۆم و کەسوکارم بەرپرسیارم، ئایا دایک و باوکانی کورد تەنیا لە زگی منداڵیان بەرپرسیارن، ئایا تاک و کۆمەڵگە تەنیا لە پاراستنی ئەو فەرهەنگ و سامانە مەعنەوییە بەرپرسیارن کە پێمان گەیشتوە، ئایا کۆمەڵگە تەنیا لە بەرهەمهێنان و بەکارهێنان بەرپرسیارە یان، گرنگ چۆنێتی بەرهەمهێنان و چۆنێتی بەکارهێنانە.

چونکی تاوانی ئەو کارەساتە رەهەندێک و لایەنێک نیە، بزووتنەوەی رۆژهەڵاتیش دەکەوێتە بەر ئاماژە و ئەو بەشەش کەموکوڕی خۆی لەو بارەیەوە پێوە دیارە. ئەو ماوەیە دەکرێ بڵێین رۆژ نەبووە هەواڵی خۆکوژی بڵاو نەکرێتەوە، بەڵام ئایا لە ئاستی دەنگ و رەنگی حیزبەکانی رۆژهەڵاتدا جگە لە کورتە هەواڵێک، چالاکییەک، روونکردنەوەیەک، بەرنامە و پرۆگرامێک دیتراوە، کە نیشانەی راچڵەکانی ئەو بزاڤە بێ. ئەو کارەساتەی بەرۆکی کۆمەڵگەی گرتووین زۆر ئاو هەڵدەگرێ، تەنانەت قسە لەسەرکردنیشی ئاسان نیە، بۆیە پێویستە ببێ بە خەمی تاک بە تاکمان، پێویستە کوژانەوەی چرای ژینی هەر قوربانییەکی ئەو دیاردەیە، کۆڵان بە کۆڵان، گەڕەک بە گەڕەک و... و هەموو وڵاتمان راتڵەکێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٦ی مای ٢٠١٦

-------------------------------------------------

# ناتۆ و رووسیە یاریی بە ئاگر دەکەن (مەترسیی شەڕی ناوکی)

موختار نەقشبەندی

و: تەهای رەحیمی

چەند ساتێک دوای یەکەم زەبری ناوکی دەنگی ئاژیری مەترسیی لە شارە گەورەکانی ئامریکا و رووسیە و ئورووپا و (رەنگە چیینیش) بەرز دەبێتەوە، بەڵام هیچ دەرەتانێک نیە و کەمتر لە کاتژمێرێک دواتر، هەموو دنیا بە بیستنی هەواڵی هێرشی ناوکی بۆ سەر شارە گەورە و بنکە سەربازییەکانی رووسیە و ئەمریکا و ئورووپا تووشی گومان دەبێ و هەموو وڵاتانی جیهان سەرەڕی بێلایەنیش سوپاکانیان دەخەنە حاڵەتی ئامادەباشی، بەڵام کار لە کار ترازاوە و بێلایەنی وڵاتان هیچ کاریگەرییەکی نیە تا بەر بە وێرانی وڵاتان بگرێ، تەنانەت ئەگەر نەشکەونە بەر هێرشی بۆمبی ناوکی. لە دواساتەکانی داهاتوودا و دەگەڵ هاویشتنی مووشەکە ناوکییەکانی دیکەی رووسیە و ئەمریکا لە ژێردەریایی و بنکە شاراوەکانەوە و بۆمبرێژی ناوچە هەستیارەکانی وەک ئاوبەندەکان و کارگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و چاڵە نەتەکان لە لایەن فڕۆکە بۆمبرێژە ستراتیژییکەکانەوە و هێرش بۆ سەر شارەکانی دیکە و ئاگردانی جەنگەڵ و لیرەوارەکان، لە ماوەی کەمتر لە ٢٤ کاتژمێردا دووکەڵێکی قوورس ئاسمانی زۆربەی جیهان دادەپۆشێ و بەرگری تیشکی خۆر دەگرێ و بەرەبەرە زستانێکی زۆر سارد و ناخۆش دادێ و نەخۆشێ و ئاڵۆزی و هەرەج و مەرەج هەموو شوێنەکانی دنیا دەگرێتەوە، نەخۆشی سەرچاوەگرتوو لە بۆمبە ناوکی و میکرۆبی و شیمیاییەکان بڵاو دەبێتەوە، زۆربەی ئەوانەی ماون بەو دەردەوە تێدا دەچن. زۆربەی کارناسان پێیان وایە ٩٩ لەسەدی مرۆڤ دەرباز نابێ. ئەو کورتەیە، باس لە ئاکامەکانی شەڕی ناوکی نێوان رووسیە و ناتۆ بوو، ئەگەر ئێستا روو بدا. هەتا ئێستا هاوسەنگی هێزی ناوکی یەکێک لە هۆکارەکانی روونەدانی شەڕی نێوان ئەمریکا و رووسیە بووە، بەڵام هەنووکە رووسیە پێی وایە ئەمریکا بە دامەزراندنی سیستمی دژە مووشەکی لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا و ئورووپا دەیەوێ توانای ستیراتیژیکی ناوکی رووسیە لاواز بکا و ئەو کارەی ناتۆی بە هەنگاوێکی دوژمنکارانە زانیوە. ئەو پرسە لەو رۆژانەی دواییدا بۆتە جێی باس و ئەو پرسیارەی ورووژاندوە کە رووسیە دژکردەوەی چ دەبێ. لە درێژەدا تاووتوێی ئەم پرسە دەکەین.

دوای دارمانی یەکێتی سۆڤییەت، پێوەندیی رووسیە و رۆژاوا ئەگەرچی زۆر جار تەنگەژەی تێکەوتوە، بەڵام بەگشتی، لەچاو قۆناخی شەڕی سارد زۆر باشتر بووە و ئەمریکا و رووسیە لە زنجیرە رێککەوتنێک لە ژێر ناوی ستارتدا، ژمارەی کڵاوە ناوکییەکان و ئامرازی گواستنەوەیان وەکو مووشەکە باڵستیک و ژێردەریایی و بۆمبرێژە

ستراتیژیکەکانیان کەم کردەوە و بە ڕواڵەت جیهان هەندێک ئەمنتر بوو. بەڵام دەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی کڵاوە ناوکییەکانی هەردووک لایەن هێندە زیادە کە تەنانەت بیرکردنەوە لە ئاکامەکانی شەڕی نێوان رووسیە و ئەمریکا بۆ کارناسە سەربازییەکان کارەساتبارە. کۆتایی هاتنی شەڕی ئایدیۆلۆژیکی نێوان رۆژهەڵات و رۆژاوا و کەمبوونەوەی چەک و تەقەمەنی ناوکی رووسیە و ئەمریکا بە بێ شک کۆتایی شەڕێکی سارد بوو کە دەیان ساڵ جگە لە بەفیڕۆدانی هەزاران میلیارد دولار سامانی رۆژاوا و رۆژهەڵات بۆ بەرهەمهێنانی چەک و تفاقی سەربازیی هیچ دەسکەوتێکی دیکەی نەبوو، بەڵام بە واتای کۆتایی رکەبەریی چەپەڵانە و زێدەخوازای و شەڕ لە جیهانیش نەبوو و کێشەی سنووری و نەتەوەیی و ئیتنیکی دەگەڵ رکەبەریی چەپەڵانە و زێدەخوازییە ئابوورییەکان و نایەکسان بوونی پێکهاتەی ڕێکخراوی نەتەوەکان و ئەنجومەنی ئاسایش، بەردەوام بواری بۆ دەستەبەندی و باڵ باڵێنی دیکە خۆش کردوە و بەداخەوە ئێستاش زلهێزەکان نایانەوێ ئەو کێشە و ئارێشانە چارەسەر بکەن.

بوودجەی سەربازیی ١٧٠٠ میلیارد دولاری وڵاتانی جیهان لە ساڵی رابردوودا (دامەزراوی توێژینەوەی ئاشتی ئیستێکهۆڵم) نیشاندەری بێ متمانەیی و ترس لە هێرشی لایەنی بەرانبەر یان ئامادەبوون بۆ شەڕی نێوان وڵاتانە.

سەرەڕای لێکهەڵوەشانی یەکێتی سۆڤییەت، ناتۆ هەروا لێک دەڕەوێتەوە و رەفتاری دوو ساڵی رابردووی رووسیە لە ئوکراین و لکاندنی کریمە بە وڵاتەکەیەوە بۆوەتە هۆی ترسی وڵاتانی ئورووپایی و بەتایبەت وڵاتانی دەڤەری باڵتیک و ناتۆش بەو بیانوویە زیاتر لە سنوورەکانی رووسیە نزیک بووەتەوە. بەڵام کرانەوەی بنکەی بەرگری مووشەکی لە رۆمانی و دروست کردنی بنکەیەکی هاوشێوە لە لەهیستان لە چەند ساڵی داهاتوودا بە بیانووی رووبەڕووبوونەوەی مەترسیی مووشەکی ئێران، هێندەی دیکەترس و تووڕەیی رووسیەی هەڵخڕاند، بەتایبەت چەند مانگ لەمەوبەر ئەمریکا بۆ پاراستنی دراوسێکانی کۆریای باکوور لە ئەگەری هێرشی ئەو وڵاتەدا، بڕیاری دامەزراندنی سیستمی دژەمووشەکی "تاد"ی لە کۆریای باشووری دا. هەر چەند سکرتێری گشتی ناتۆ دامەرزاندنی ئەو بنکە و سیستمانەی بە سیستمی بەرگری ناو برد، بەڵام پووتین ئامانجی ئەو کارەی ئەمریکای بە پووچەڵکردنەوەی توانایی ناوکی رووسیە زانی و رایگەیاند دەگەڵ دامەزراندنی کەرەسەی هێرشبەری پێشکەوتوو، دژکردەوەمان دەبێ. لە بواری سەربازییەوە قسەکەی پووتین راستە، چونکی ئەگەر ئەمریکایەکەم گورزی ناوکی لە رووسیە بوەشێنێ، بەکردەوە سیستمی دژە مووشەکی دامەزراوی لە ئورووپا بەر بە دژکردەوەی رووسیە دەگرێ یان لانیکەم بەشێک لە مووشەکە ناوکییەکانی رووسیە دەفەوتێنێ وئەوەش رێک بە واتای کەم کردنەوە یان پووچەڵکردنەوەی توانایی مووشەکی رووسیەیە، بە چەشنێک ئیدی سیستمە دژە مووشەکییەکانی رووسیە توانایی بەرگریی لە بەرانبەر یەکەم زەبری ناوکیی ئامریکا نیە. هەروەها ئەو بنکانە بەهۆی ئەوەی خاوەنی سیستمی وریاکردنەوەی پێشوەختە و دژکردەوەی خێران، توانایی رووسیە بۆ دەست وەشاندنی پێشوەختە زۆر دادەبەزێنن و ژمارەیەکی زۆری مووشەکە رووسییەکان بەر لەوەی بگەنە ئامریکا دەتەقێنرێنەوە و ئەوەش بە واتای تێکچوونی دەیان ساڵ هاوسەنگی ناوکی نێوان ئەو دوو وڵاتەیە. پێویستە بوترێ مەبەست لە یەکەم زەبری ناوکی، پەکخستنی لایەنی بەرانبەرە بە چەشنێک توانای دژکردەوەی لێ ببڕێ. لە سەردەمی شەڕی ساردا هەردووک وڵات

هەوڵەکانیان لەسەر ناسین و زانینی شوێنی بنکە مووشەکییە ناوکییەکان و بۆمبڕێژە ستراتژیکەکان و ژێردەریایی ناوکییەکانی لایەنی بەرانبەر چڕ کردبۆوە، هەتا بتوانن ئەگەر بەسەریان داداان یەکجێ مووشەک و بۆمبە ناوکییەکانی لایەنی بەرانبەر لە سەر زەوی و دەریا لەنێو بەرن و بەکردەوە لایەنی بەرانبەریان لە بواری ناوکییەوە چەک بکەن، بەڵام هەروەک باسکرا بە هۆی ئەوەی هەردووک لایەن خاوەن بارتەقایەکی زۆری کلاوەی ناوکی و چەکی هەڵگریی بوون، هیچ کامیان توانای پەکخستنی یەکیان لە یەکەم هێرشدا نەبوو و لە ترسی هێرشی پێچەوانە، لێکیان نەدا. بەڵام پاش لێکهەڵوەشانی یەکێتی سۆڤییەت، ئەمریکا بەهۆی هێزی ئابووری زۆر بەرزتر لە رووسیە و وەبەرهێنانی مەزن لە بەشە سەربازیی و زانستییەکاندا توانیوێ لە بواری تێکنۆلۆژی سەربازی بەتایبەت توانایی زانیاریی لە زۆر بوارەوە وەسەر رووسیە بکەوێ‌و، بە دامەزراندنی بنکە مووشەکییەکانی لە ئوروپا، رووسەکان مافی خۆیانە نیگەرانی زەبرێکی قوورس لە لایەن ئەمریکاوە بن، چونکی بە بێ گومان ئەمریکا زۆربەی مووشەکە ناوکیی و بۆمبڕێژە ستراتژیک و ژێردەریاییە رووسییەکان بەر لە هەر دژکردەوەیەک بە مووشەکی ناوکی لەنێو دەبا و بوونی سیستمی مووشەکی لە ئوروپاش دەستی رووسەکان بۆ بەکارهێنانی ئەو مووشەکانەی ماون دەبەستێ و، ئەوکات رووسیە بە میلیۆنان کوژراو و بریندار یا دەبێ بەبێ مەرج خۆ بدا بە دەستەوە یان بە هاویشتنی ئەو مووشەکانەی ماونی (کە زۆربەیان بەر لەوەی بگەنە ئامانج لە لایەن سیستمە دژە مووشەکییەکان دەپێکرێن) و وێران کردنی چەند شارێکی ئەمریکا چاوەڕوانی هاتنی سەدان بۆمبی ناوکی دیکە بێ بۆ سەر شارەکانی.

هەنووکە تۆپەکە لە زەوی رووسیە دایە و دەبێ چاوەڕوان بین بزانین دژکردەوەی چ دەبێ، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەهۆی هێژمۆنی ئابووری رۆژاوا هەر چەشنە تەنگەژەیەکی زیاتر و دەستپێکردنی شەڕێکی سارد، قازانجی بۆ رووسیە نابێ و رووسیە دەبێ بەرەبەرە لە بواری سەربازییەوە لە ئەمریکا جێ بمێنێ و بەمجۆرە لە بەرانبەر سیاسەتەکانی ئەمریکا بێدەنگ بێ ئەگینا... و لەوانەیە خۆڕاگری رووسیە بۆ پاراستنی پێگەی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناڤین و ئوروپا دوایین هەوڵەکانی ئەو وڵاتە بێ، بەر لەوەی هاوسەنگی ناوکیی بەرەبەرە بەتەواوەتی بگۆڕدرێ.

بەداخەوە مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە کوشت و کوشتار و شەڕ و تالان و ئێمە مرۆڤە مودێرنەکانیش رێگەی باب و باپیرانمان بەر نەداوە و رەنگە لەوانیش خراپتر و بە دروستکردنی چەکی کۆمەڵکوژی ترسناک، بەرەی مرۆڤمان خستبێتە بەر مەترسیی فەوتانەوە. ئەگەر هەر چەشنە شەڕێکی ناوکی لە نێوان رۆژاوا و رووسیە روو بدا، تەنانەت لە باشترین حاڵەتیشدا ئەگەر ئەمریکا بتوانێ لە یەکەم زەبردا رووسیە پەک بخا و پێویست نەکا هێرش بکاتە سەر شارەکان، دیسانیش کوژرانی چەندین میلیۆن کەسی رووسی بە سەدان مووشەکی ناوکی کە بەر بنکەکانی رووسیە دەکەون، پەڵەیەکی رەش دەبێ بە نێوچاوانی مرۆڤایەتییەوە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر واش بڕواتە پێش، رووسیە هەموو تواناییەکانی لە دەست نادا و شارە ئامریکایی و بەتایبەت ئورووپاییەکان لە دەست تۆڵەی ناوکیی

رووسیە رزگاریان نابێ، پێویستە بزانین لە دنیادا ٩ وڵات خاوەن هێزی ناوکین کە بەگشتی هێزی حەوت وڵاتیان (فەرانسە، ئینگلیس، چین، هیند، ئیسرائیل، پاکستان و کۆریای باکوور) دەگەڵ هێزی رووسیە و ئەمریکا بۆ پێکگرتن نابن و ئەگەر ئەمریکا یا رووسیە نەبووایە، ئەوی دیکەیان دەیتوانی هەموو سیاسەتەکانی بەزۆری بەسەر جیهاندا بسەپێنێ! بەگوێرەی لێکدانەوە و مەزەندەی بنیاتی گۆڵدمەن ساکس تاساڵی ٢٠٥٠ بەرهەمی (ناخالس)ی نێوخۆیی چین بە زیاتر لە ٥٢ هەزار میلیارد دولارەوە زیاتر لە ئەمریکا بە ٣٤ هەزار میلیارد دولارەوە دەبێ و هیندیش دەگاتە زیاتر لە ٢٤ هەزار و دەڤەری یۆرۆش دەگاتە ٢٢ هەزار میلیارد دولار و رووسیە دەگا بە زیاتر لە ٨ هەزار میلیارد دولار، کەواتە دەبێ چاوەڕوان بین بزانین ئایا ئەمریکا و رۆژاوا دەست لە سەر دەستدا دەنێن کە وڵاتانی برازیل و پاکستان هاوسەنگی ئابووری و سەربازی جیهان بە زەرەری رۆژاوا بگۆڕن.

لە ژمارە ٦٨١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٩ی جوونی 2016

---------------------------------------------------

## ناتەبایی زانکۆ و سیستمی کۆماری ئیسلامی

سیستمی سیاسی ئێران پاش هاتنەسەرکاری حەسەنی رووحانی زیاترین گەنگەشە و کەلێنی دەباڵ خۆدا، بەخۆوە بینیوە. رکەبەریی لایەنەکانی دەسەڵاتبەدەستی کۆماری ئیسلامی بە چەشنێک قووڵ بۆتەوە کە خامنەیی و رووحانی کە ئیدیعای بان بەرەیی (فراجناحی) بوون دەکەن لەسەر زۆربەی پرس و کێشەکان لێدوانی دژبەیەکیان داوە و کەلێنی قووڵی نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی پاوانخوازیی دەسەڵاتیان لە ئێران بە چەشنێک دەرخستوە کە بەکردەوە هێزی حکوومەتدار بە سەر دوو جەمسەردا دابەش بووە.

خامنەیی ماوەیەکە گفت و لفتی زیاتر شێوەیەکی ئامۆژگاریکارانە و وەسێت شێوەی بەخۆوە گرتوە و حوکمی حکوومەتییەکانی راستەوخۆ دەرنابڕێ، هەتا گۆپاڵبەدەستانی سەر بەرەی ئوسولگەرا بتوانن لە قۆناخ و رەوشی جیاوازدا لێکدانەوەی شیاو و گونجاوی بەرژەوەندییەکانی خۆیانی لێ هەڵبێنجن، چونکی لە چەند لێدوان و چرا سەوزی دوایی خامنەییدا کە هێرش و داگیرکردنی باڵوێزخانەکانی بریتانیا و ئەرەبستانی لێکەوتەوە، بەرەی بنئاژۆخوازی سیستمی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات تووشی حەبەسان هات. هەروەها خامنەیی کە بەهۆی نەخۆشیی و بەساڵاچوویی ئەگەری مردنی لە هەر کات و ساتێکدا هەیە، دەیەوێ بەو چەشنە لێدوانە

ڕێنوێنییکەرانە و دڵسۆزیی نوینانە، دوای مردنی پیرۆزییەت بە وتەکانی ببەخشێ هەتا سەرچاوەیەکی هەرمان بێ بۆ ئەو ڕەوتەی خۆی هەوڵ دەدا بە سەر ڕەوتەکانی دیکەی بازنەی دەسەڵاتیدا بسەپێنێ.

یەکێک لەو مژارانەی ماوەیەکە بۆتە پرسی جێی شەڕەدندووکەی خامنەیی و رووحانی پرسی پەروەردە و خویندنی زمانی بێگانە و، بەگشتی چۆنێتی روانین لە زانکۆ و کۆنترۆڵی ئەو بەشە ئەکتیڤ و زیندووەی کۆمەڵگەیە، کە بە هەق دەبێ بوترێ ژینگەی زانکۆ و بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران، بە یەکێک لە پوتانسییەلە بەهێزەکانی کۆمەڵگەی ئێران سەیر دەکرێ وخاوەن مێژوو و بەرهەمی فیکریی سەرەتای سەدەی بیستەمە، هەر بۆیەشە سیستمی ویلایەتی فەقیهـ لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە، لە ژێر ناو و بیانووی جۆراوجۆردا هەوڵی کاناڵیزەی زانکۆی بە بواری تئۆریک و پراکتیکەوە داوە.

شۆڕشی فەرهەنگی، کە راماڵینی کۆمەڵە مامۆستا و فێرکاری لێزان و هەروەها هەڵپاچ و داپاچی سەروگوێی چەند لکی زانستی زانکۆی گرتەوە، دەسپێکی کۆمەڵێک رووداو و گۆڕانکاریی بوون کە لە ژێر ناوی بە ئیسلامی کردنی زانکۆدا هاتە گۆڕێ و ئامانجی بە ئایدیۆلۆژیک کردن و کوشتنی زانکۆ لە بواری هزرییەوە بوو، کە دواتریش بە بیانووی لێک گرێدانی زانکۆی حەوزەی عیلمییە قوم ئەنجومەنێک پێکهات. چونکی بەر لەو گەمەیەی تالانبەرانی شۆڕش، زانکۆکان گرنگترین ناوەندی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بوون. فەرمانی خومەینی بۆ دەستەچن کردن و یەکدەستکردنی زانکۆکان توندوتیژی لێکەوتەوە و تەنانەت نزیک بە دوو ساڵ دەرکی زانکۆ گاڵە دران. هەموو ئەو هەوڵانەی سیستم بۆ پەسیڤ کردنی هێزی لاو و بەگوڕی زانکۆ و، پەروەردەکردن و بەرهەمهێنانی نەوەیەکی گوێڕایەڵ و پابەند بە بنەما سەدە ناڤینییەکانی ویلایەتی فەقیهـ ئەنجام دران. تەنانەت دوای شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و ئێراقیش، هەموو ساڵێ بەشێکی زۆر لە قوتابییەکانی قۆناخەکانی سەرەتایی و ناوەندی لە ژێر ناوی «راهیان نور» دەنێردرێنە شوێن و ئەو شەڕگانەی هەزاران هەزاری کەسی لە پێناو هەناردەی شۆڕشدا تێیدا فەوتان و بەم چەشنە دەیانهەوێ لە سەرەتای بیچم گرتنی کەسایەتی تاکەکان، بەریانی و سەمپاتی ئیدیۆلۆژیکی لە ناخدا بچێنن. ئەگەرچی ساڵ نەبووە لەم سۆنگەیەداو، لە ڕێگەی هاتووچۆدا بە هۆی خراپی کەرەسەی گواستنەوە و ڕێگەبان چەندین منداڵ گیانیان لە دەست نەدەن.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەش ڕێبەرانی سیستم قەت دڵیان لە زانکۆ و سیستمی پەروەردە ئاوی نەخواردۆتەوە و، تەنانەت لە سەردەمی خاتەمیشدا کە هەنووکە ریفۆرمخوازان وەک سەردەمی زێڕینی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ناوی دەهێنن، رووداوەکانی «کوی دانشگاه» وەبیرهێنەرەوەی کارەساتگەلێکن تاڵ و بەئازار، کە بە هیچ جۆرێک قەرەبوو ناکرێنەوە. باندی ڕێبەری و ڕەوت و لایەنەکانی سەر بەو باندە، زۆر جاران بە بیانووی پڕوپووچ هێرشیان کردۆتە سەر شێوەی وانە وتنەوە و لکە زانستی و فیکرییەکانی زانکۆ و، تەنانەت خامنەیی لە

چەند ساڵی رابردوودا بە بیانووی دژی ئیسلام بوون، داوای لابردن و دەسکاریی هەندێک بەشی زانستی و فەلسەفی و ... زانکۆکان کرد و پێداگرانە چەند جار لە کۆڕوکۆبوونەوەکان دووپاتی کردەوە. دوایین لێدوانی خامنەیی لەسەر ئەوەی نابێ رێگە بدرێ زانکۆ ببێ بە شوێنی دژایەتی کردنی کۆماری ئیسلامی ئیران و بەها و بایەخەکانی ئەو سیستمە، نیشاندەری شکستی هەموو پلان و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ نەزۆک کردنی زانکۆ و لەباربردنی بەرهەمی پەروەردەیە، هەرچەند لەسایەسەری ئەو حکوومەتەوە بە شێوەیەکی سەقەت و پاشقەڕۆیانە و دوور لە ستاندارده نێونەتەوەییەکان بە خەڵکی ئێران دەگا. بەڵام زانکۆ و توێژی سەر بە زانکۆ نیشانی داوە سەرەڕای زەبروزەنگ و دەرکردن و هەڵاواردن و تەواوی هەوڵەکانی رێژیم، هێشتا ناوەندێکی گرنگی هزری کۆمەڵگەیە و، لە نارەزایەتی و رووداوە ساسیی و کۆمەلایەتی و روناکبرییەکاندا نیشانی داوە لە هەناسەکێشان نەکەوتوە، هەر بۆیە ئێستاش گەورەترین دەسەڵاتبەدەستی ئێران بە شک و گومانەوە لێی دەڕوانێ. ئەگەرچی رەنگە ئەمە ئامۆژگاری و لێدوانانە بەشێک بن لە بڕگەکانی رقەبەرایەتی سیاسی نێوان دوو رەوتەکەی نێو دەسەڵات بێ، بەلام دیسانیش دەبێ بزانین هەرتک لایەن هەمیشە لە خووگەملێی خۆیاندا، ناوەندە ئەکتیڤ و جێگەی مەترسییەکانیان کردۆتە ئامانج و ویستوویانە بە بەردێک چەند کێلان بشکێنن. بەڵام ئایا حکومەتێک کە چەند دەیە نەیتوانیبێ بە دەرکردن و بێبەریی لە خوێندن و دەرپەڕاندنی هەزاران زانا و خوێندکار و قرتاندن و بەلارێدا بردنی مژارە زانستی و هزرییەکان خوێنی ئەو دامودەزگەیە لە گەڕان بخا؟، هەنووکەش بە دەرکردنی کەسانێکی دیکە لە ژێر ناوی پیلان و دزەی دوژمن، خەونی کەوی کردنی زانکۆ و ژینگەی پەروەردەیی وڵات ببینێ؟!

لە ژمارە ٦٨٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٠ی جوونی ٢٠١٦

---------------------------------------------------

# خۆڵبارین لە رۆژهەڵاتی کوردستان و کەمتەرخەمیی دەسەڵات

یەکەم خەونی مرۆڤ سەرکەوتن بەسەر ئەو دیاردە سرووشتییانەدا بوو، کە بۆ ماوەیەکی نادیار ئەو گیانلەبەرە ئاوزمەندەیان دە قوژبنی ئەشکەوتان خزاند. مرۆڤ بە تێپەڕینی کات و دەستخستنی ئەزموون و داهێنان، نەک ترسی لەو دیاردە سامناکانە رەوییەوە، بەڵکوو زۆر جار بە ئاقاری بەرژەوەندی خۆی کەڵکیشی لێوەرگرتن و بەسەریاندا سوار بوو. بەڵام ئەو چیرۆکە بەوەندە کۆتایی نەهات، دەگەڵ هەڵچوونی هێز و توانای مرۆڤ، دەسکاری باری سرووشتی گۆی زەوی و پێشڤەچوونی تێکنۆلۆژی  مرۆڤ خەریکە ژیان لەسەر ئەو گۆخۆڵێنە لە خۆی و بوونەوەرانی دیکە ناخۆشیش دەکا. بەرژەوەندیخوازی و رەچاونەکردنی تێکنەدانی هاوسەنگی توخم و بار و رەوتی ئاسایی دیاردە سرووشتییەکان هەنووکە گەورەترین کێشەی بۆ بوونەوەرانی سەر گۆی زەوی ناوەتەوە. دیاردەی نەخوازراوی گەرم داهاتنی زەوی، بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریا و زەریاکان، وشکەساڵی، رووتانەوەی دەشت و چیا و لێڕەوارەکان، کەمبوونەوەی بارین، وشکبوونی کانی و چەم و رووباران، دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی و... دەیان ئارێشەی دیکە لە سۆنگەی بەرژەوەندیخوازیی زێدەی مرۆڤەوە خەریکە ژیان تاڵ دەکەن. لە کوردستانی پارچە پارچەکراو، کە تا هەنووکەش داگیرکەران بە چاوی دوژمنایەتییەوە سەیری خاک و دانیشتوانی دەکەن، سەرچاوە و وزە و پوتانسیەلی ئەو نیشتمانە قەت لە بەرژەوەندی گەلدا کەڵکی لێوەرنەگیراوە و، تەنانەت هەمیشە دەوڵەتە داسەپاوەکان لە رێگەی جۆراوجۆرە هەوڵی کاولکردن و تێکدانی هەموو بوارەکانی ژیانیان لەو کەوشەنە داوە، چ بگا بە جێی ئەوەی بیر لە ئاوەدانکردنەوەی بکرێ، هەر بۆیە کە رووداوێکی سرووشتی یەخەی ژیان دەگرێ، دانیشتووانی کوردستان تووشی زیاترین ئارێشە دەبنەوە. مەبەست لەو چەند دێرە ئاوڕدانەوەیەکە لە ژیانی ژێر تارماییەکانی تەپ و تۆز و خۆڵبارینی هاوینانەی کوردستان و بەتایبەت رۆژهەڵاتی کوردستان، کە وەک هەمیشە دەگەڵ کێشە و ئارێشەکان بەتەنێ دەمێنێتەوە و، کە کار دەگاتە کوردستان بەرپرسان و دەسەڵاتداران هۆکار و بیانووی خەرفاوانە دەهێننەوە.

بەدواداچوون و دیاری کردنی سەرچاوەی ئەو خۆڵ و تەپ و تۆزەی روو لە کوردستان دەکەن، خۆی پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بەرینە، هەتا رێگەی چارەسەرەی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە. هەروەها وازهێنانی هەندێک دەوڵەتی ناوچەکە کە بەهۆی گرتنەوەی ئاوی رووبارە گەورەکان، کە بوونەتە هۆی وشکهەڵاتن و برینگانەوەی ناوچەیەکی پان و بەرین لە خوارووی ئێراق، لە بەرژەوەندییەکانیان چیرۆکێکی دیکەیە. روون و ئاشکرایە خۆڵبارین ساڵانە زیانێکی زۆری بۆ لەشساغی، ژینگە و رێگەوبان، بەروبوومی کشتوکاڵی و گیانلەبەران، باڵندە و بەگشتی هەوای شار و ناوچەکان  و سەرلەبەری ژیان هەیە. کەواتە تەنانەت قسەکردن لەسەر ئەو پەتایانەی

خۆڵبارین تووشی خەڵکی دەکەن خۆماندووکردنە، بەڵکوو ئەگەر دەزانین گەلەکۆمەکی وڵاتانی ناوچەکە بەهۆی باری ئاڵۆزی سیاسی رۆژهەڵاتی ناڤین لەوانەیە ئەستەم و دوورەدەست بێ، بەڵام ئایا پرسیار ئەوە نیە، خودی حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی چەند و چۆن بەرەنگاریی ئەو دیاردەیە بووەتەوە، یان ئەوەی تا چەند لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە کاولکردنی ژینگەی کوردستان و، پشتگوێخستنی بواری خزمەتگوزاری و پێڕاگەیشتن لەو بوارەدا کەمتەرخەم بووە؟

ئایا کۆماری ئیسلامی کە خۆی قەت لە خەمی ژینگەی کوردستاندا نەبووە، تەگەرە و لەمپەڕیشی بۆ ئەو خەڵک و دامەزراوە خۆجێییانە ساز نەکردوە، کە خەمێک لە ژینگە و بەتایبەت دار و دارستانی وڵات دەخۆن؟ یاخود سەرەڕای نارەزایەتی و خۆپێشاندانی خەڵکی ناوچەکە دەستی لە بەنداو هەڵبەستنی زێدەڕۆیانە و بەرێکردنی ئاوی سەرچاوەکانی کوردستان بەرەو شارەکانی دیکەی ئێران هەڵگرتووە؟ ئایا زنجیرە شاخانی زاگروس بە شینایی و دار و دارستانییەوە کە دەتوانێ وەک دیوارێک بەر بە دیاردەی لەم شێوەیە بگرێ یان زیانەکانی کەم بکاتەوە، دەسەڵات چەندی خەم لێ خواردوە؟ یان ئەوەی بەردەوام بەهۆی دەستوپێوەندەکانی حکوومەت خەریکە ئاگر دەدرێ، پاشانیش چ خەمێکی لە چیا و کێوە سووتاوەکان خواردوە؟ یان تەنانەت بۆ کووژاندنەوەی ئاگریش هەمیشە شایەتی کەمتەرخەمی نەبووین، تەنانەت زۆر جار گرفت بۆ ئەو لایەنانە دروست نەکراوە کە دڵسۆزانە بە خەمی ژینگەوە بوون؟ ساڵانە ئەو هەواڵە دڵتەزێنانە چەندین و چەندین جار دەبن بە تیتری هەواڵی رۆژنامە و هەواڵدەرییەکان. ساڵانە چەند لە رووبەری کوردستان نەمامی تێدا دەنێژرێ؟ یان چەند کارگە و یەکەی بەرهەمهێنەری زیانبەخش وریادەکرێنەوە بۆ ستاندارکردنی کار و چالاکییان؟ ئایا شار و شارۆچکەکانی رۆژهەڵات بەگوێرەی پێویست دوکتور و دەرمان و ئامێر و ئامرازی پزیشکی پێشکەوتوو و شوێنی پێڕاگەیشتنیان بۆ دابینە؟ لە حاڵێکدا شەپۆلی خۆڵبارین هەڵگری چەندین باکتری و نەخۆشی گیرۆیی (واگیردار)ن. ئایا حکوومەت ساڵانە هیچ پلان و ئامادەکارییەکی هەیە بۆ دیاردە سرووشتییەکان، بەتایبەت دیاردەی خۆڵبارین کە پێشتر لە وڵاتانی دەوروبەرەوە هەڵیدەکا و پاشان دەگاتە ئێران؟ ئایا هیچ وشیارکردنەوەی پێشوەختە هەیە، تا هاووڵاتییان خۆیانی بۆ ئامادە بکەن؟ یان هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەک لەم بارەیەوە بۆ ئەو ناوچانە دەکرێ کە شەپۆلەکانی خۆڵبارین دەیانگرێتەوە؟ شار و شارۆچکەکانی کوردستان بەگوێرەی ستاندارد خاوەن سەوزایی و شینکایی هەن. یان هەموو کات ئەو دیاردەیە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان بووە بە کارەسات و مردنی هاووڵاتییانی لێکەوتۆتەوە و بەهۆی نەبوونی هیچ رێکار و بەرەنگارییەکی تۆکمە پشووی دانیشتووانی سوار کردوە. بەڵێ نەبوونی هیچ بەرنامە و پلانێک بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ئەو دیاردەیە، ساڵانە بۆ چەندین رۆژ ژیانی دانیشتووانی رۆژهەڵاتی کوردستان قەیراناوی دەکا و، سەرەڕای دەنگ هەڵبڕینی نوێنەرانی شارە کوردییەکانیش، هێشتا دەوڵەت هیچ بوودجەیەکی بۆ بەرەنگاربوونەوە و کەمکردنەوەی زیانەکانی ئەو دیاردەیە نەگرتۆتەبەر. ئەوە جگە لە مەترسی وشک بوونی گۆلی ورمێ، کە ئەویش بەهۆی سیاسەتی لێ نەزانانە و هەڵبەستنی بەنداو و گرتنەوەی ئاوی ئەو رووبارانەی دەڕژێنە

ئەو گۆلەوە، لەوپەڕی خۆی دایە و ئەگەر بێتوو گۆلی ورمێ بەرپرسیارانە ئاوڕی لێ نەدرێتەوە کارەساتێکی بەرینتری بۆ خەڵکی ئێران و کوردستان بە دواوەیە. کۆماری ئیسلامی و بەرپرسان دیسانیش شەکریان شکاند و دوایین هەڵوێستی بەرپرسێکی دەوڵەت بوونی داعش و وڵاتانی وەک عەرەبستان و تورکیە بە هۆکار دەزانێ، وەک هەمیشە پلانی (طرح توطئە). ئەوە لە کاتێکدایە سپای پاسداران هەنووکە خەریکە بە تۆپبارانی چیاکان بە تەواوی ئەو بەرزاییانە دەرووتێنێتەوە و ئەو لەمپەڕە سرووشتییەش لەبەر شەپۆلی خۆڵبارین ناهێڵێ.

**لە ژمارە ٦٨٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جوولای ٢٠١٦**

---------------------------------------------------

## ئێرە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە!

لە هەر شوێنێک بینیت زۆربەی تاکەکانی کۆڵێکی گەورەتر لە قەڵافەتی خۆیان بە کۆڵەوەیە و، کوێرەڕێ و لاڕێکان بە ئاسپایی دەپێوێن، لە هەر کوێیەک بینیت هێزەکانی ئاسایش و پارێزەری خەڵک، ئەو هێزانەی بڕیارە قانوون بەڕێوە بەرن، خەریکن ئاسایشی خەڵک دەشێوێنن، هەرچی بێ قانوونیە دەیکەن، لە هەر شوێنێک نرخی نانێک بۆ ماڵ و منداڵ یەکسان بوو بە ژیان و گیان، ئەو شوێنەیە نان گەیشتۆتە سەر پشتی شێر و، بۆ چنگخستنی نان دەبێ بەرەنگاری فیشەک ببێیەوە، ئەوە کوردستانە، ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو خاکەیە کە خومەینی ڕێبەرە بێ ئیحساسەکەی! کۆماری ئیسلامی فتوای کوشتن و قەڵتوبڕی بۆ دانیشتووانی دەکرد، بەنی سەدەر فەرمانی بە سەربازەکانی دەکرد هەتا کوردستان سووراوی خوێن نەکەن، قەیتانی پۆتینیان نەکەنەوە، ڕەفسەنجانی دەیوت، با لە هەمەدان بۆ ئەو لاوەمان نەشبێ، مەگەر چ دەبێ و...

هەر شاخ و کێوێکتان بینی سووتاوە و دەسووتێ، هەر شیناورد و دارستانێکتان لەو هەرێمە بینی ژاکاوە، ڕووتاوە، کوردستانە. چونکی دار لێرە ئەمانی گەڵا و بەرگرتنی نیە. لێرە دەسەڵات خۆی بیابان دروست دەکا، دار نانێژێ، لێرە کانیاو باشتر وایە قڕی بێ، لێرە شاخ و دۆڵ و دەرەی دەبێ وەک بەری دەست لووس بێ هەتا ئەوسەر و ئەمسەری نەدیو نەبێ. لێرە بەپێی بەرنامە و پیلان ژیان دەخنکێندرێ، نەک بەرنامە و پلان بۆ ژیان و بووژانەوە هەبێ. کانگەکانی ئێرە لەپێناو شارە ناوەندییەکان هەڵکۆڵدراون، کاناڵە ئاوەکانی ئێرە بۆ شوێنەکانی دیکە ڕاکێشراون و...

هەموو شتێک لێرە دەتگەیەنەوە مەرگ، رێگە و بانەکانیش رێگەیەکن بەرەو مەرگ. چونکی هەر جادە و بانێکتان بینی هەڵکۆڵ هەلکۆڵ و پڕ تاسەیە، نارێک و قوڵکە قوڵکەیە، کەواتە رۆژهەڵاتە، ئێران نییە. لەڕاستیدا زۆربەی رێگەکان بۆ راگواستنی هێز و بەکرێگیراوە، بۆ زوو گەیاندنی مێگەلی سەربازانە، هەتا هیچ پشوویەک نەکا بەو سنووره و...

هەر شارێکتان بینی نوقمی خەمساردی و خەمۆکی و بێ خزمەتگوزاری، هەر گوندێکتان بینی لایەکی چۆل و کاول، کوردستانە، چونکی خەڵکەکەی خەڵکێکی نامەحرەم و بێگانەن، بۆیە تا بکرێ لاوانی گیرۆدەی دەیان ماددەی بەنگەمەنی و سڕکەر بن، یان راکێشرێن بۆ شارە گەورەکانی دیکەی ئێران و کاری ئەوانیان پێ هەڵسوورێ، باشترە. کێشە و ئارێشەکان ئێرە بنکەیانە، باری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی، مرۆیی و... هەرچی پێوەندیی بەژیانەوە هەیە، دەبێ سەرێکی بە نەخۆشییەکەوە گرێ بدرێ، چونکی ئەگەر وانەبێ دەسەڵات دواکەوتوە. دەسەڵات نابێ لە دواخستن و کاولکردن راوەستێ، پێشکەوتنی ئێرە کاولبوونی دەسەڵاتە.

رۆژ نیە لە بازرگانەوە هەتا دێهلۆڕان لەسەر ئەو سنوورە زۆرەملییەی کە نەتەوەیەکیان پێ لێک جیاکردۆتەوە، وەجاخی ماڵێک کوێر نەکەنەوە، بەڕاستی لێرە سەدەی چەندەمە، سەردەمی شێر و کەوانە، یان سەردەمی مرۆڤە سەرەتاییەکان، یان سەردەمی کۆچی هۆزەکان، رێگەکان تولە مارێکن بە قەد شاخ و دۆڵ و هەڵدێرانەوە، هەڵدەگەڕێن، دادەکشێن، کوێ ئەستەم و رژدە، خۆی پێدادەکەن، کوێ هەڵدێر و شۆڕە رێی تێدەکەن، بەم حاڵەشەوە، گرووپێک کەسی چەک بەدەست، بە چەکی گەرم و مودێرن هەمیشە لێرەو لەوێ لە بۆسە دان، بە رەنگ و روو و زمان و خووخدەشیان را دیارە نامۆ بە ئاو و هەوای ئەو کەوشەنە، هەر بۆیە دەگەڵ دەرکەوتنی مرۆڤە کۆڵ لە کۆڵەکان زۆر جاران بۆ جەفەنگ و خۆشیی خۆشیان بێ دەیانکەنە سیلە و دەیانئەنگێون، هەر بۆشیان نەکرا، هەرچی زیندەوەری بە دەوریانەوەیە دەکوژن، وەک بڵێی ئەسپ و ئێستری ئەو خاکەش لایان دوژمنە. هەر بەوەش ناوەستن، رۆژانە ئاگری ڤینی ئەو داگیرکەرانە شاخ و چیا و دار و لێڕەواری ئەو نیشتمانە هەڵدەلووشێ، سات و کات نیە بە چەندین هێکتار شینایی ئەو وڵاتە نەسووتێ، وەک بڵێی دەیانەوێ ئازاری دیلێک بدەن، هەر رۆژێ قەمچی بە شوێنێکی لەشی دادێنن، هەر ساتێ ئەندامێکی دەڕووشێنن.

بەڵێ ئێرە کوردستانە، شوێنێکی پڕ دەرد و کەم دەرمان، هەموو بازگە و جادە و بانی، هەموو کەلێن و کەلەبەری میلیشای داگیرکەر خستوویەتە ژێر چاوەدێری، هەرێمێکی تەواو ئەمنیەتی و میلیتاریزەکراو، رۆژ نیە کەسانێک بە تۆمەت و تاوانی هەڵبەستراو دە قوژبنی گرتووخانە نەپەستێوترێن، رۆژ نیە لە ژوورە داخراوەکان پلانی نەزۆککردن و پەسیف کردنی خاک و خەڵکی نەدرێ، رۆژ نیە، دایک و باوکان چاو لە دەرکا، هەناسەی نەگەڕانەوە و تووش هاتنی رۆڵەکانیان بە کارەسات، هەڵنەکێشن. هەر بۆیە نەک گرتووخانەکانی ئەو هەرێمە

بەڵکو، بەندیخانەکانی سەرانسەری وڵاتیش پڕ لە لاوی ئەو نیشتمانەیە. پەتی سێدارەش ئاشنای ئەو خەڵکەیە، چونکی زۆرداران مەیدانەکانی شارانیان لێکردوون بە پێشانگەی بە دارەوە کردنی مرۆڤەکان. رەهێڵەی فیشەک، شریخەی چەک نامۆ نیە بەو خاکە، هەتا هەیە، هەر شەڕگە بووە. تەنیا ئەو کاتانە قسەی خۆش بیستراوە، کە پاوانخوازان بۆ شەڕی دەسەڵاتخوازی خۆیان روویان لێرە کردوە و لە ژێر قسە بریقە و زریقەدارەکانیانەوە، دەیان پیلان و بەرنامەی نگریسیان بۆ کێشاون، تەنیا ئەو کاتانەی شوێنێکی باشیان بۆ درۆکانیان نەدەدۆزیوەتەوە هاتوون و باسی مافیان کردوە، ئەو چەمکەی هیچ کات جگە لە دەستەواژەیەک هیچ واتایەکی بەدوای خۆیدا بۆ کوردستان نەهێناوە، ئەگەر کەسێکیش بووبێ باسی کردبێ، دەیان ساڵیان زیندانی بۆ بڕیوەتەوە.

بەڕاستی کێشەی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تاران دەگەڵ خەڵکی کورد چییە، نەگبەتی ئەو خەڵکەیە، خاکەکەی گرتوە یان نەگبەتی خاکەکەیە خەڵکەکەی گرتوە، یان نا، ئەو خاکەیە مرۆڤی سەرشۆڕ و خۆرێکخەر و ملکەچی لێ بار نایە. بەڵێ ئەو خاکە، مرۆڤێک بار دێنێ ئازایەتی بەقەد باڵای شاخەکانی، هەر بۆیە تاکەکانی ئامادەن بۆ نانێک مل بە رێگەکەوە بنێن کە رێگەی چوون و هاتنەوەیان بەدەستە خۆیان نیە، رەنگە لە سەرەتای برینی ئەو رێگەیە بکرێ بە سیلەی سەربازێک، کە لە بنەڕەتدا و لە قانوونی وڵاتە بێقانوونەکەیدا، ئەرکی پاراستنی ئەو خەڵکەیە، یان رەنگە لە رێی گەڕانەوە، بۆ هەتا هەتایە رێگەی ماڵێی لێ ببڕنەوە و چاوی بنەماڵەیەکی چاوەڕوانی چاوەنواری دەرگا، بە فرمێسک کەن.

ئێرەیە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەو خاکەی خەڵکەکەی دەنگیان بە گشتپرسیی ٥٨ی کۆماری ئیسلامی نەداوە، یان ئەوانە "مفسد فی الارض" یان بۆ مەجلیسی خێبرێگان هەڵبژاردوە، ئێرە مەکۆی ئەو کەسانەیە هێشتاش لە خەبات نەوێستاون و هەتا گەیشتن بە بنەماکانی دیموکراسی و بایەخە مرۆییەکان هەدا نادەن و...
ئێرە کوردستان بە کاتی وێرانی و کاولی و...

لە ژمارە ٦٨٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠١٦

---------------------------------------------------

## کرماشانەکەم ئەی خاک زیرین هاو زاراوەکەی بەدرە و خانەقین

کرماشانە کەم ئەی خاک زیرین
هاو زاراوە کەی بە درە و خانەقین
جگر گوشە کەی ئیلامی دیرین
نیشتمانە کەی فرهاد و شیرین
یادگارگەی ماد و ساسانی
تو سان شارە یل گشت کوردستانی
کرمانج بی سوران گوران یا کەلهور
تو ئرای ئیمە هر مەنییتە دور
ناوت سەر رەستەی تاریخ ئیمەس
وەبی کرماشان، کوردستان دی چەس
وەختی، ئیمەی کورد دلمان شاد بوت
ئیلام، کرماشان داشدارمان بوت

کرماشان گەورەترین شاری کوردی، رۆژهەڵاتی کوردستان وەک دەروازەی ئاسیا بەرەو دەشتەکانی نێوان دوو رووبار لەمێژ زەمانەوە گرنگی خۆی هەبووە و، تەنانەت ئەگەر چاو بە مێژووی کەونار و سەرەتای دەرکەوتنی پاشماوە و شوێنەواری مرۆییشدا بخشێنین دەبینین لەو دەڤەرە دەیان و بگرە زیاتر شوێنەواری مێژووی دۆزراوەتەوە و هەنووکەش هەیە. ئەو پارێزگایە زۆر دەمێکە وەک ناوەندێکی بازرگانی، بازرگانانی نێوان دووزێ و ناوچە کوێستانی و ئەوپەڕی ئاسیای پێکەوە کۆ کردۆتەوە. شوێنەواری مێژوویی تاق وەسان بە داوێنی چیای تاق وەسانەوە بە پاڵ کانییەکی دڵڕفێنەوە دەکەوێتە باکووری رۆژاوای کرماشانەوە، کە سینگی پڕ لە مێژوویەکی دێرین و بەنرخە. گرنگییەکانی ئەو شارە وای لە داگیرکەرانی کوردستان کردوە، تێچوویەکی زۆر بۆ گۆڕینی دیموگرافی و داماڵینی فەرهەنگی کوردی لەو شارە و ناوچەکە دابنێن و هەمیشە بە پەرۆشە لە رووداوەکانی ئەو شارەیان روانیوە.

چەند حەوتوو لەمەوبەر رووحانی، سەرکۆماری کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی سەفەرە نێوخۆییەکانی خۆیدا پاش سەردانی پارێزگای ورمێ، گەیشتە شاری کرماشان و لە کۆبوونەوەیەکدا دیسان درووشمە نێوهڵۆڵ و

ترووسکەدارەکانی دووپات کردەوە، کە دیارە لە کاتی قسەکانیدا چەند جار بەهۆی درووشمدانی جەماوەری ئامادەبووی کۆبوونەوەکە، رووحانی ناچار وەدەنگ هات و قسەکانی بڕی. سەفەری روحانی لە حاڵێکدا دەوڵەتە بێدەسەڵات و کلیل نیشانەکەی کەمتر لە ساڵێکی تەمەن ماوە، زیاتر بوار خۆشکردن و راکێشانی دەنگی سنوورنشین و نەتەوە بندەستەکانی ئێرانە، هەتا بردنی خێروخۆشی بۆ ئەو ناوچانە و، هەروەها چونکە نەتەوە بیبەشەکانی چوارچێوەی جوگرافیای ئێرانیش لە دەروویەک دەگەڕێن بۆ دەستخستنی سەرەتاییترین مافەکانیان، لە زۆربەی هەڵبژاردن و رووداوە سیاسییەکانی ئیراندا دەنگیان بەو باڵ و لایەنانە داوە، بانگەشەی کرانەوەی زیاتر بۆ هەموو خەڵکی ئێران وبەتایبەت نەتەوە بندەستەکان دەکەن. بەڵام ئەو سەردانەی روحانی نەک نەبوو بەهۆی دڵخۆشیی بەرەی دەوڵەت بەدەست، بەڵکوو باندە پاوانخوازەکەی دیکەشی وەدەنگ هێنا. چونکی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت رێژیمی پێشووش زیاترین سەرمایەگوزاری بۆ تواندنەوەی کورد لەو پارێزگایە و، بە تایبەتی شاری کرماشان کردوە. بێکارترین پارێزگای ئێران، کارەساتی گیرۆدەیی بەنگەمەنییەکان، داخرانی کارگەکان و لێکەوتنی پیشەکاران، پشتگوێخستنی بەتەواوەتی پارێزگاکە لە بواری ئابووری و باری نالەباری کۆمەڵایەتی و... کێشە نەبڕاوەکانی پارێزگای کرماشان و کرماشانن کە حەوتەمین شاری ئیرانە لە بواری حەشیمەت و گەورەییەوە. کرماشان نابێ پێش بکەوێ و روویەکی خۆش بە خۆیەوە ببینێ، چونکی نەتەوەی پاوانخواز و ناسیوناڵیزمی لووتبەرز هێندەی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتێکی خەرج لەو ناوچەیە کردوە، هەتا بیانتوێنێتەوە و تیکەڵ بە فەرهەنگی نێوکلۆڵ و رووبریقەداری زاڵیان بکا، هەروەها بەو دڵخۆشییەی کە زۆربەی دانیشتوانیشی لە بواری مەزهەبییەوە شیعەن، جەواڵیان بۆ هەڵدوڕیبوو، داهێنانێکی زمانێکی بیژوو، بەناوی زمانی فارسی کرماشانی لە لایەن دەسەڵاتبەدەستانی هێژمۆنیخواز کە سەرتاپای ناسیۆناڵیزمەکەیان لەسەر بنەمای خەیاڵی پڕوپووچ و هەڵبەستراو بنیات نراوە، یەکێک لەو پیلانە نگریسانە بوو، کە تێچوویەکی زۆری خستە سەر شانیان. بەڵام کرماشانیان نەوەی فەرهادی کۆکەن کە چەند رۆژە کۆکەنی (حوسێن کۆکەن) هاوچەرخیشیان لە سینگی تاق وەسان دا بە مێژوو سپارد، نیشانیان دا، شووناس گرنگترە بە لایانەوە هەتا ئەو خەیاڵانەی دە مێشکی ئەنفالچییەکانی تاراندا رادەبرێ. هوشیاری نەتەوەیی لە ئاستی ئیلیتدا لە کرماشان دەمێکە پەتی رێژیمی خستۆتە سەر ئاو. کەواتە کرماشان ماوەیەکە دەسەڵاتی تاساندوە، هەر ئەو کاتەی نازریان دەنگبێژی مەزنی کوردی خەڵکی کرماشان کە وتی "خۆم کرماشانی فارسی نیە زمانم"، نەک هەر دەسەلات بەڵکوو، رووما بەناو رووناکبیرەکان و دامودەزگە فەرهەنگ روخسارەکانیش هەڵبەزینەوە و وڕ مان. خەباتی مافخوازی و مەدەنی کوردستانی شیعەنشینی رۆژهەڵات، دەمێکە چەخماخەی گەشانەوەی بیری کوردایەتی و شووناسی گڕ داوە و، دەمێکە هەموو ئەو چەمکە گلاوانەی بڕیار بوو ئامرازی تواندنەوەی گەلێک بن کە بالای بە بالای مێژووە لە خۆی داماڵیوە. کرماشان وڵاتی لۆلۆبی و گۆتییەکان، مەڵبەندی کوردبوون و نیشتمانی یارسانان، کە هەنووکەش هەڵگری روح و ئایینی رەسەنی کوردین، ئامانج بوو سەرەتای تواندنەوەی نەتەوەیەک بێ، چونکی گرنگی ئابووری و سیاسی و جوگرافیایی و حەشیمەتی و فەرهەنگی و. ئەو دەڤەرە بناخە و بنیاتی نەتەوەیەکن.

پاش گەڕانەوەی رووحانی، کە بە هەڵپەڕکێی کوردی و چەندین درووشم و لافیتەی بوێرانەی رەخنەگرانە و دەمولێو دوورینەوەی برایانی یارسانی و دررووشمدان لە کاتی قسەکردنی سەرکۆماردا، پێشوازی لێکرابوو، نامەیەکی بێ نێوەرۆک و کەم بایەخ کە هەر لە ئەدەبیاتی دەسەڵاتدارانی هێژمۆنیخواز دەکاڵێتەوە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو بوویەوە کە پڕە لە هەڕەشە و سووکایەتی بە فەرهەنگ و گەلێک هەنووکە لە بەرەکانی شەڕی دژی نەزانی و پاشڤەڕۆییدا هەوێنی شانازی مرۆڤایەتییە. ئەو ئۆرگانەی هۆشدارییەکەی نووسیوە کە بە دەمامکی را دیارە فەرهەنگیشە، بە ئاگا لە فەلسەفەی سەما و هەڵپەڕکێی کوردی، ئەو نواندنە پڕ لە ئازایەتی و گوتارە بە شتێکی ناحەز و ناشیرینی کۆمەڵێک ژن و قوتابیی دەزانێ و پێی وایە لە وێنەی پارتی و میوانی شەوانەی ئەو فەرهەنگەی خۆیانە کە تێیدا باب ئاگای لە کوڕ نیە و دەبێ ئەو کەڵەژنانە سزا بدرێن هەڵپەڕیون. دە نامەکەدا هاتووە ئەو هەڵپەڕینە بەداخەوە (بەخۆشییەوە) دوای بڵاوبوونەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بووەتە هۆی دڵگرانی و سەرشۆڕی و داوەشینی ئومەتی بەناو حیزبوڵلا. هەروەها لە درێژەدا دیسان ئاماژە کراوە دوای ئەوەی لە ستادیوم پێش بە هەڵپەڕینی خەڵک گیراوە ، دیسان لە کاتی بانگی نیوەڕۆدا و لە مەیدانی سەرەکی شار دیسان دەستیان کردۆتەوە بە هەڵپەڕکێ. بۆیە داوا لە دادستان دەکرێ ئەو هەڵسوکەوتە کە بە پێچەوانەی بایەخە ئایینی و ئیسلامییەکانە بەبێ وڵام نەمێنێتەوە. هەر لە درێژەدا ئاماژە بە دەستێوەردانی ئێران لە دنیا دەکا و بە ئاماژە بەوەی کە لاوانی وڵات هەزاران کیلۆمێتر دوورتر لە ئێران خەریک کوشتنی خەڵکی بێ تاوان و ئاژاوەگێڕین، نابێ ئێزن بدرێ خەڵک، بەتایبەت خەڵکی کورد، ئەویش لە کرماشان کە لەمێژ بوو پێیان وابوو، لە بواری هەستی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی کۆنترۆڵیان کردوە، شادی بکەن و بە فەرهەنگی خۆیانەوە دەرکەون. ئۆرگانی پێوەندیدار بەبێ ئەوەی ئاوڕێک لە بایەخە ئایینی و ئیسلامییەکان بداتەوە، کە دیارە ئەو بایەخانەش بێ کەموکوڕی نین، پێی وایە هەرچییەک لە بەرژەوەندی فەرهەنگی زاڵدا نەبێ دژی ئەو بایەخە ناپەیدایانەیە، لە حاڵێکدا تاڵانی کانگە ژێرزەوییەکانی ئەو وڵاتە، داگیرکردنی ئەو خاکە، گەندەڵی هەتا ملانی دەستوپێوەندییەکانی سەر بە هەموو لایەنەکانی نێوخۆی رێژیم، ئیعدامی رۆڵەکانی کورد، گیرۆدەکردنی منداڵان و لاوان کورد بە ماددە بەنگەمەنییەکان، هەڵاواردنی نامرۆییانەی تاکەکانی کورد، راکێشانی ئاوی ناوچەکە بۆ شارەکانی دیکە، سووتاندنی شاخ و شینایی کوردستان، دابین نەکردنی هەر چەشنە خزمەتگوزارییەک بۆ شارە کوردییەکان، بە کافر لە قەڵەم دان و فتوای کوشتنی خەڵکی کورد و... هەموو بایەخی ئەو ئایین و ئیسلامەن، باندە تئۆکراسییەکەی کۆماری ئیسلامی بڕوایان پێیەتی. هەروەها ناردن و بەکرێگرتنی خەڵکی وڵاتانی دیکە بۆ ئاژاوەگێڕێ و تێکدانی باری ئەمنییەتی و ژیانی خەڵک لە ناوچە بە بەرگری لەو ئیدیۆلۆژییە دەزانێ کە تێیدا نوقم بوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣ی ئاگۆستیی ٢٠١٦

# پراکتیزەی ماددەکانی ١٥ و ١٩ی قانوونی بنەڕەتی یان پیلان!

کورد وەک گەورەترین نەتەوەی بێبەشی جیهان، زۆر جار لە پانتایی نێونەتەوەیی و هەروەها لە نێو ئەو دەوڵەتانەدا کە بە سەریاندا دابەش کراوە هەلی قانوونی پێدراوە، بۆ وێنە لە پەیمانی سێڤەر سێ خاڵی ئەو پەیماننامەیە باسی مافەکانی کورد دەکا. لە قانوونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیشدا هەن، ئەو ماددە قانوونییانەی کە دەستەبەر بوونی مافە سەرەتاییەکانی کوردیش دەگرنەوە، بەڵام سەیرە دەڵێی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و دەوڵەتانیش کە دەگەن ئاستی مافی کورد، قانوونەکان و پەسندکراوەکانی دەستی خۆیان دادەوەشێن و بە هەڵاوەسراوی دەمێننەوە. ئەو ماددانەی قانوونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی کە باس لە خوێندنی زمانی نەتەوە نافارسەکان دەکەن، ١٥ و ١٩ن، بەڵام هەر لە سەرەتای پتەوبوونی کۆڵەکەکانی ڕێژیم، ڕێچکەی پان فارسی و پان ئێرانی، کە بناخەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ یەکدەست کردنی نەتەوەکانی نێو چوارچێوەی ئێران لە سەردەمی شای پەهلەویدا، ڕەگی لەو ڕێژیمە تئۆکراسییەدا داکوتاو، سەرەڕای ڕامانێنی هەر چەشنە بیرێکی جیاواز، بە توندیش درێژەی بە سەرکوت و تواندنەوەی نەتەوەکانی دیکە داو، لەو نێوەشدا بی دوودڵی کورد پشکی شێری بەر کەوت. هەروەها بە هۆی خزم بوونی زمانی فارسی و کورد، کە گۆڕانی ڕێزمانی زمانەکان بۆ گشت هەست پێناکرێ، ڕێژیم بە پێی پیلان، هەتا ئێستاش لە هەوڵی گۆڕین و خەسار گەیاندن بە زمانی کوردیە. بەڵام دەگەڵ قووڵبوونەوە و ڕکەبەریی توندوتیژی باڵەکانی نێوخۆی دەسەڵات، هەر کام لە لایەنەکان بۆ ڕاکێشان و بەدەستهێنانی دەنگی نەتەوە ژێردەستەکان هەوڵیان داوە کۆمەڵێک بەڵێن لە کات و سەروبەندی هەڵبژاردنەکان بە خەڵک بدەن. لەو بوارەشدا زیاتر باڵە چاکسازیخوازەکان دەستپێشخەر بوون. لە خولی دەیەمی هەڵبژاردنەکان لە سۆنگەی ئەو کەمە بەڵێنانەدا بوو، کە خەڵکی کورد زیاترین دەنگیان بە دوو پاڵێوەڕاوە، زیندانی کراوەکەی (کەڕووبی و مووسەوی) ڕیفۆرمخوازان دا. هەروەها لە خولی یازدەیەمیشدا ڕووحانی بە کۆمەڵێک بەڵێنی زرووقە و برووقەدارەوە هاتە مەیدان و، یەکێک لە گرنگترین بەڵێنەکانی جێبەجێ بوونی بەندەکانی ١٥ و ١٩ی قانوونی بنەڕەتی بوون. بەڵام ئەو بەڵێنەش وەک زۆربەی بەڵێنە درۆییەکانی دیکەی ڕووحانی وەک بەندەکانی قانوونی بنەڕەتی بە هەڵواسراوی مانەوە و، ئەوە نزیک بە سێ ساڵ بە سەر تەمەنی دەوڵەتە کلیلنیشانەکەی ڕووحانی ڕادەبەرێ، نەک هیچ بەڵێنێکی وەک خۆی جێبەجێ نەبوون، بەڵکوو وێدەچێ لە پەنا پراکتیزەی بەڵێندا، ستەمێکی دیکەش لە کورد بکا و، هەروەها گووشار و ئاستەنگییەکانی پێشووی سەر کوردستان نەک سووکتر نەبوون، بەڵکوو هەر کەس ڕۆژانە چاوێک بە سەر تیتری هەواڵاندا بخشێنێ، دەبینێ لەو پارچەیە چ بەسەر کورد دێ. هەر بۆیە بە ناوی خوێندنی زمانی کوردیی، هاتن لە پارێزگای سنە و ئەویش لە شارێک چەند دەقیقێیان وەک خوێندنی زمانی کوردی دانا. دیارە کۆمەڵگەش زۆر بەهۆش نییە، زوو بەڵێنەکان و قسەکانی ڕووحانی بیر چوویەوە و تەنانەت ئەو

کوردیی خوێندنەش کە زیاتر وەک پیلان دەچێ، بە سەریدا تێپەڕی. دەگەڵ سەفەرەکانی رووحانی بۆ پارێزگاکان و بەتایبەت بۆ پارێزگەی ورمێ، جارێکی دیکە یاریدەدەری سەرکۆمار لە بواری نەتەوە نافارس و ئاییزاکان، ئەو باسەی بۆ چاوبەستنی خەڵک بەرۆژ کردەوە.

ئایا خوێندن بە زمانی زگماکی بە چ واتایەک دێ؟ ئەو چەند دەقە کوردییەی ئەویش لە قۆناخی ناوەندی لە شارێک دەوترێتەوە دەتوانین چی ناو بنێن؟ مەبەستی دەسەڵات لە نەخوێندن بە زمانی نەتەوە نافارسەکان چییە؟ و...؟؟؟

زمان بریتییە لە خەزێنەی دەنگ و خەزێنەی وێنەکان، مرۆڤ خەزێنەی دەنگی زۆربەی زمانەکانی دنیای لایە، چونکی لانیکەم هەموو زمانەکان لە چەند دەنگێک(فۆنیم)دا لێک جیاوازن، بەڵام خەزێنەی وێنەکانی زمانە جیاوازەکان جاری وایە نەک هەر لێک جیاوازن، بەڵکوو دژی یەک و بە شێوەیەکی باوەڕنەکراو لێک دوورن، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ روانین و روانگەی تاکەکانی سەر بە زمانێک بۆ دیاردە و شتەکانی دەوروبەری. ئەو کورتە شیکردنەوەیە بۆ ئەمەیە کە بڵێین، منداڵێکی کورد کە تەنیا وێنای بۆ دیاردەکان ئەو کەمە خەزێنە دەنگی و وێنانەیە لە زمان دایک و باوک و دەوروبەرییەوە وەریگرتوە، کاتێک دەچێتە بەر خوێندن کە پرۆسەیەکی قورسە، یەک جێ بەجێی ئەوەی بەو پاشکەوتە خەزێنەیەی هەیەتی بۆ تێگەیشتن و بەرەوپێشچوون دەستی بگیرێ و ئاسانکاری فێرکردنی داتا و زانیاری تازەی بۆ بکرێ، تووشی بەربەستێکی گران دێ، چونکی مێشکی منداڵێک کە سەرەتای وەرگرتنێتی دەبێ بە نەرمونیانی و تەنانەت نەک هەر بە زمانی زگماکی خۆی بەڵکوو بەگوێرەی ژینگەی خۆی زانیارییە تازەکانی بە مەعریفەی پێشووی ببەسترێتەوە. واتا چۆنێتی پراکتیکی پرۆگرامی دەرسی پەروەردە لە شوێنە جیاوازەکان بە مامۆستاکان بسپێردرێ هەتا داتاکان لە رێگەی دیاردە و خەزێنەی وێنەیی ئاشنا بە منداڵان بناسێنن. چونکی لە پرۆسەی پەروەردەدا کات گرنگە و گەیشتن بە ستراتیژی خوێندن بە کاتی خوێندنەوە دەبەسترێتەوە. ئێستا ئەگەر بوار هەبێ چاوێک بە خوێندنی قۆناخی سەرەتایی زۆربەی منداڵان کورد، لە رۆژهەڵاتدا بگێڕین، ئاکامی نەخوێندن بە زمانی زگماکی دەردەکەوێ، نەک هەر لەو قۆناخە، بەڵکوو لە قۆناخی ناوەندیشدا زۆربەی ئەو فێرخواز و قوتابییانەی بە زمانێکی بێگانە دەخوێنن، کارنامەیەکی باشیان لە چاو منداڵە فارسەکان تۆمار نەکردەوە. کەواتە جگە لە نامۆکردنی زمانی زگماکی بۆ منداڵانی کورد، یەکەم خەسارەکانیشی دواکەوتن و تەنانەت جێهێشتنی هێندێکی کاریگەری نەخوازراو بۆ قوتابی بەدواوەیە.

ئایا خوێندنی چەند دەقێک، خوێندن بە زمانی کوردییە، یان چاوبەستن و زیاتر لەوەش گاڵتەکردن بە ئاقڵی دەسەڵاتە. ئەگەر خوێندن بە زمانی کوردی دەخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، کەواتە دەبێ منداڵانی کورد ئەلفوبێ بە زمانی کوردی دەست پێ بکەن و هەتا دواقۆناخی خوێندن بەو زمانە بخوێنن. تەنیا لە پاڵ زمانی کوردی دایە،

که دەتوانین لەپاش قۆناخە سەرەتاییەکانەوە زمانی فارسی و یان زمانی دیکە بخوێنین. هەروەها بۆ وانەوتنەوە بەو زمانە دەوڵەت دەبێ وانەبێژ و مامۆستای پێویست پەروەردە و دابین بکا، ناکرێ ماۆستایەکی کوردی نەزان بێ کوردی بڵێتەوە، هەروەک ئەو سیستمە سەقەتەی هەتا ئێستا لە ولات بەڕێوە دەچێ، مامۆستایەکی ئازەری زمان بە فارسی لە ناوچە کوردییەکان زمانە ئوروپاییەکان بە قوتابی و خوێندکار بڵێتەوە. دەگەڵ ئەوەشدا کاتێک خوێندن بە زمانی کوردی لە پارێزگەی سنە لە قسەکانی بەرپرساندا قەتیس دەمێنێتەوە، پیلانی رێژیم و بەرەی بەناو دڵسۆز خۆی دەردەخا. زیاتر لە دە ملیۆن کورد لە رۆژهەلات، زیاتر لە چوار پارێزگای کوردیی و چەند شار و ناوچەی دیکەی دابڕێنراو لە پارێزگا کوردییەکان، بەشی ئەوەیە لە پارێزگایەک لە زانکۆ چەند وانەیەک کوردی بخوێنرێ و لە شارێکیش چەند دەقێک لە قۆناخی ناوەندی لە لایەن مامۆستای فارسییەوە بە کوردی بە فێرخوازان بوترێ. لەوە گاڵتەجاڕیتر نابێ، زانکۆی سنە کوردی تێدا بخوێنرێ، بەلام گەورەترین شاری رۆژهەلاتی کوردستان واتە کرماشان بە کورد دانەنرێ. پیلانی کورتکردنەوەی کورد لە پارێزگای سنە لە رۆژهەلات دیاری دەولەتی کلیل نیشانی رووحانی پیلانێکی تازەی دەسەلاتە دژی کورد، نەک وەفا و بە پەیمان و بەڵێنییە تەرووسکدارە نێوهلۆڵەکانی.

شتێکی تازە نیە، دەسەلاتی ناوەندی بەتایبەت لە سەردەمی رەزاشاوە، ئەویش بە چاولێکەری لە ئاتاتورک، خەیاڵی پرۆپووچی یەکدەست کردنی نەتەوەکانی ئێران و، بەفارس کردنی خەڵکی خستە ریزی سیاسەتەکانییەوە، لەم سۆنگەیەشەوە زمانی نەتەوە نافارسەکان وێڕای گۆڕینی جلوبەرگ کەوتە بەر ئەنفاڵی دەسەلات. بەلام دەگەڵ گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکان نەک رەزاشا بەڵکوو کوڕەکەشی تۆزقاڵێک شیرنایی ئەو خەیاڵەی نەچێشت و رێژیمی سەدە ناڤینی کۆماری ئیسلامیش کە درێژەپێدەری سیاسەتە نگریسەکانی دەسەلاتی پێشوویە بە زەبروزەنگێکی زیاترەوە، هەتا ئێستاش لەو ئامانجانە نزیک نەبۆتەوە. نە زمانی کوردی و نە فەرهەنگ و روحی کورد ناتوێتەوە، ئەو مەبەستەی دەسەلات دەیەوێ لە رێگەی تواندنەوەی زمانەوە تاکی کورد لە شووناسی کوردانە نەبان بکا. هەرو بەلام دەگەڵ ئەوەشدا زمان دیاردەیەکی زیندووە، دەبێ وەک زیندەوەرێک پێیڕا بگەی، هەتا گەشە بکا، کەواتە تاک و کۆمەڵگەی کوردی نابێ لە ئاست ئەو سامانە دەوڵەمەندە کەمتەرخەم بن و کۆمەڵگەی مەدەنی وێڕای پێداگری لەسەر پراکتیزەی ماددەکانی ١٥ و ١٩ی قانوونی بنەڕەتی، خزمەتی پێویستی زمان بکەن، چونکی زمان دەگەڵ ئەوەی پردی پێوندییە، هەڵگری هەموو بەسەرهات و مێژوو و فەرهەنگ و بەگشتی هەموو بوارەکانی ژیانی رابردوو و ئێستامانە.

لە ژمارە ٦٨٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئاگۆستی ٢٠١٦

## داعش بۆ کورد نامۆ نیە

چەقینی سەرهەڵدانەکانی بەناوی بەهاری عەرەبی لە سووریە و هەڵسوکەوتی توندوتیژانەی دەسەڵاتی ئەسەد دەگەڵ جەماوەری راپەڕیوی ئەو وڵاتە و، دواجار گۆڕانی شەڕی نێوخۆیی سووریە بۆ شەڕی هێژمۆنی هێزەکانی ناوچە و زلهێزە جیهانییەکان، دیاردەیەکی ناشیرینی بە بیروڕای گشتی جیهان بە ناوی داعش ئاشنا کرد. ئەو دیاردە ناشیرین و هێزە دڵڕەق و پێکهاتە قێزەونەی کە بە کردەوە سنوورە زۆرەملییە کێشراوەکانی پەیمانی سایس پیکۆی سڕییەوە و، بوو بە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر گشت جیهان. هەر ئەو مەترسیی بوونە بۆ سەر جیهان بەس بوو، کە زلهێزەکان بە لک و پۆیەکانیانەوە شەڕە لە سەر خاکی چوارچێوە سیاسییە لەرزۆکەکانی ئێراق و سووریە بە مەبەستی جۆراوجۆری ئابووری، سیاسی و سەربازی بەرینتر و قووڵتر بکەنەوە. شەڕی جیهانی هێژمۆنی لە چوارچێوەی شەڕی نێوخۆیی سووریەدا لووتکەی بەتاڵبوونەوەی مرۆڤ لە مرۆڤایەتی، کە بەهۆی پێشکەوتنە جۆراوجۆرەکانی سەردەم و بەتایبەت میدیا و راگەیاندن و ئینتێرنێت خرایە بەرچاوی گشتی، بیرەوەریی زۆری تاڵتری کوردی لە هەموو پارچە داگیرکراوەکانی خستەوە زەینی شڵەژاوی تاکەکانی کورد و کۆمەڵگەی کورد. بە لوتفی ئینتێرنێت و تەکنۆلۆژیا خەڵکی جیهان دوور و نزیک ئەو کارەساتەی مێژوویەکە بۆ کورد ئەزموون و ژیانە، بینی، دیاردەیەک کە بیروڕای جیهانی شڵەژاند و زلهێزەکانی رەکێشی سەر کەلاکی مانگای مردووی گۆڕین کرد، کورد بە شیوەی جۆراوجۆر لە ئێراق، ئێران، تورکیە و سووریە تاقی کردۆتەوە و هەتا ئێستاش بەرەنگارییەتی. هەر ئەو ئەزموون و تاقیکارییە لەمێژیانەیە،ئەمڕۆ کوردی لە مەیدانی شەڕی دژی تیرۆر و بەتایبەت داعش سەربەرز کردوە. ئەگەر بیر مەودای دواوە بدا و هێندێک لەو کارەساتانەی لە سەردەمی حکوومەتەکانی ئێراق و بەتایبەت سەددام بەسەر کەینەوە، دەبینین، داعش بە هەموو دڕندەیی کە کۆشکە بەناوبانگەکانی جیهان لە سەروو هەمووشیانەوە کۆشکی سپی و کرملینی وەهژان خستۆتە بۆ وەحشیگەری و ئاکاری دژەمرۆیی تیتۆڵێکی لە سەددام دانەدڕییەوە، کە بە چەند کاتژمێر لە هەڵەبجە پێنج هەزار کوردی بە بۆمبی شیمیایی کوشت و هەزاران هەزار لەش بە گەرمی خۆڵیان وەسەر کرا. هەر کەس جارێک بیرەوەرییەکی دایک و باوکێکی کوڕ و کچ ئەنفال کراوی گوێ لێ بێ، دەزانێ داعش خەلیفەی بەغدادی نوێنەرێتی یان...

رۆژهەڵاتی کوردستان نزیک بە چوار دەیەیە لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی داعشی رەسەندا دەچەوسێتەوە. ئەگەر ئەبوبەکر بەغدادی بڕیاری دەرکرد کوردانی ئیزەدی قڕ بکرێن و بفرۆشترێن، خومەینی ئەو رێ نیشاندەر و رێبەرەی بڕیار بوو گەلانی موسلمان لە ئاوی نیل بپەڕێنێتەوە، فتوای قڕکردن و ناموسلمان بوونی کوردی بەگشتی لە رۆژهەڵات دەرکرد و، ئەگەر بەرگری و ئازایەتی رۆڵەکانی کورد نەبووایە خودا دەیزانی رۆژهەڵات چ کورد قڕان و

کڕین و فرۆشتنێکی بەسەر دەهات. پاشانیش کە نەیانتوانی بەمجۆرە کورد قڕ کەن، کۆماری ئیسلامی، کە بنەچەیە بۆ هەر بیر و هێزێکی توندڕۆ لە ناوچەکەدا هەموو ڕێگەکانی کوشتن و سڕینەوە کوردی تاقی کردەوە و بە هەموو هێز و ئامرازەکانی بەردەستی هەتا ئێستاش لەسەر بەردەوامە لەسەر ئاکارە داعشی‌یەکانی دەرهەق بە کورد. لە باکووری کوردستان لە جەنایەتەکانی ئاتاتورکەوە بگرە وەک ژینۆسایدی خەڵکی دەرسیم هەتا کردەوەکانی ئەمڕۆی ئەردۆغان ئەگەر لە کردەوەکانی داعش زیاتر نەبن کەمتر نین. ڕۆژاوای کوردستانیش چ لە سەردەمی حافز ئەسەد و چ لە سەردەمی بەشار ئەسەد دەیان کارەساتی بەسەر هاتووە نموونەیان لە هەڵسوکەوتی بەرزترە. بەگشتی دەمەوێ بڵێم داعشی لە چەشنی بەغدادی دەیان ساڵە لەبەر چاوی زلهێزان و تەنانەت کۆمەڵگەی ئەو وڵاتانەی کوردیان داگیر کردوە، دەرهەق بە کورد کارەسات و جینایەت ئەنجام دەدەن و خۆڕاگری کورد لە بەرانبەر داعشی بەغدادی‌دا، ئاکامی خاران و راهاتنی چەندین ساڵەی گەلی کوردە لەگەڵ داعشەکانی پێشوو.

کۆماری ئیسلامی هەروەک وترا ماکە و پشتیوانی زۆربەی هەرە زۆری بیر و حەرەکەتە توندڕۆکانی ناوچەیە و، تەنانەت لە نێوخۆی وڵاتیش بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دژایەتی کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و چاندنی بیری توندڕەوی و کاناڵیزەی وزە و پوتانسییەلی کۆمەڵگە بەرەو ئاقارێکی توندوتیژانە چەندین ساڵە ڕێگەی بۆ هەندێک گرووپ و تاقمی توندوتیژ خۆش کردوە هەتا پەرە بگرن، بەڵام کۆمەڵگەی کوردی کە بە درێژایی مێژووی بێبەری بووە لەو چەشنە بیر و هزرانە، قەت بواری بۆ گەشەی ئەو ڕەوتانە خۆش نەکرد. کەچی کۆماری ئیسلامی کە بانگەشەی ڕێبەرایەتی جیهانی ئیسلامی و بەتایبەت ڕێبەریی بەرەی شیعە دەکا، لە پیلانەکانی لە کوردستان ناوەستێ و لە دواپین هەواڵدا چەند کەس لە نێو شار کرماشان لە تێکهەڵچوون دەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم کوژراون کە لە لایەن ڕێژیمەوە بە داعشی ناسێندران. ئەگەرچی ئەو هەواڵە مێدیا و کۆمەڵگەی کوردی ڕانەچڵەکاند و بزووتنەوەشی بەخۆوە خەریک نەکرد، بەڵام لە ڕاستی‌دا دەبێ بڵێین دەسپێکی گەورەترین پیلانی ڕێژیمە بۆ شەق کردن و کەلێن خستنە نێومانێ کوردەوە لە ڕۆژهەڵات. ئەگەرچی هیچ بیرێکی ژیر و لێکدەرەوە بۆی ناچێتەوە سەر ئەوەی کە ئەگەر داعشیش لە ڕۆژهەڵات هەبێ لانیکەم لە کرماشان کە نزیک بە هەمووی بە ئایینزا شیعە و پاشان یارسانن، ناتوانێ پێگەی هەبێ، بەڵام ڕێژیم زۆر زیرەکانە چەند قەشمەرێک لە نێو شاری لە سناریۆیەکدا دەکوژێ هەتا، کوردی بە ئایینزا شیعە و یارسانان هەڵخرێنن و، بەمجۆرە لێکهەڵبەزینەوە لە نێوان شارە کوردی‌یە شیعەنشینەکان و سوننی‌نشینەکانی ڕۆژهەڵات ساز بکەن. چونکی لانیکەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد کە بە هۆکاری جۆراوجۆر نەیتوانیبوو بەگوێرەی پێویست پەل بهاوێتە کوردستانی شیعەنشین، هەنووکە شەپۆلی شووناسخوازی هەڵیگرتوە و بزووتنەوەی مەدەنی لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو گەشەیە. دیارە ڕێژیم لە سەرەتای سەپانییەوە بەسەر گەلانی ئێراندا بە هۆمێدی شیعەبوونیانەوە تێچوویەکی زۆری بۆ دابڕاندن و ژینوسایدی شووناس و فەرهەنگی ئەو ناوچانە کرد، کە خاوەن هەڵکەوتوویەکی ستراتیژین، بەڵام دواجار هەموو هەوڵەکانی بوونەوە بڵقی سەر ئاو. هەر بۆیە هەنووکە ئەگەرچی لە لایەک ڕێژیم بانگەشەی

شەڕ دژی داعش دەکا، لە لایەکیش وەک نیعمەتێک لێی دەڕوانێ هەتا بۆ بواری نێوخۆیی و دابڕاندنی نێومالی کورد کەلکی لێوەرگرێ. بەڵام بەدڵنیاییەوە گەلی کورد ئەزموونی لە پیلانەکانی ڕێژیم لە ماوەی رابردوودا وەرگرتوە و، هەروەک چۆن لە بەرەی شەڕی داعشی بەغدادیدا لەچاو جیهان سەربەرزە، لە بەرانبەر داعشی رەسەن و ویلایەتی فەقیهیشدا سەربەرز دەردەچێ. دەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوەی کورد دەبێ زۆر ژیرانە و هەماهەنگ و یەکڕیز بەرەنگاری پیلانە تازەکانی ڕێژیم ببێتەوە، کە لە هیچ بیانوویەک بۆ سڕینەوە فیزیکی و فیکری تاکەکانی کورد ناپرینگێتەوە.

لە ژمارە ٦٨٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

---------------------------------------------------

## دەنگی گڕ و قرچنی زەنگی قوتابخانەکان

دیسان پاییزە، دیسان زەنگی ژەنگگرتووی قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەیانییەکی تەمومژاوی بە دەنگێکی گڕ و نامۆی قرچنەوە دەسپێکی ساڵێک خوێندن و خۆپێگەیاندن رادەگەیەنن. هەڵبەت دەنگێک کە لە کەش و شوێنێکی نامۆتر بە کۆمەڵگەی ئەمڕۆیی و بە تۆنێکی بێگانە لە پێشکەوتن و دژ بە مافی مرۆڤ و تەواو دوژمن بە ئازادی. ئەو دەنگە گڕنەی هەموو جارێ لە بەرگێکدا و بە ناوێکەوە، وەک تارماییەکی بەدشوم خۆ بەسەر ئەو وڵاتەدا دەکێشێ، دەرەتان بە هیچ بولبولێکی ئەو نیشتمانە نادا بە جریوەی خۆی، خۆی ودڵداری بلاڵێتەوە، دیسانەکە بڕیارە لە سەر سەکۆی قوتابخانەکانەوە وانەی دژەنیشتمانی بە گوێی زارۆکانی ڕۆژهەڵاتدا بخوێنێ. دەنگێک کە بە دەنگی لایەلایەی شیرینی دایکان بێگانەیە و، دەنگێکە دوور لە نارەنارەی ئەو قوتابییە نوێیەی بە هەزار ئاوات و ئیحساسەوە پێی ناوەتە قوتابخانە. هەڵبەت بەر لەوەی بیر لەوە دەنگە گڕە جینجنۆکەیە بکەینەوە ئەگەر ئاوڕێک لە هەنگاوە شل و خاوەکانی تازەقوتابی بدەینەوە، هەر هەنگاوە و دەیان کەسەری پێوە دەبینین، ئەو هەنگاوانەی زیرەی دنیایەک ڕەنج و چەرمەسەری دایک و باوکانی دەستتەنگ و پشتچەماوەی ژێر باری قورسی گوزەران تێیدا دەزرینگێنەوە. ئەو شەقاوانەی دنیایەک بیرەوەری ناخۆش و تۆقێنەری وەک ڕووداوەکانی شیناوێ دەیتەزێنن و ڕوومای بەشمەینەتی ئەو کەسانەی لەو کارەساتە ڕزگار بوون، هێندەی دیکە گاڤەکانی تازە قوتابی خاوتر و لەرزۆکتر دەکەن و داهاتوویەکی لێڵ و ناڕوون دەکەن بە دوورەدیمەنی دوارۆژی قوتابی. لەو کەوشەنەی بە دەنگ و ڕەنگی نامۆ سواغ کراوە، زۆربەی قوتابخانەکانی وێنای ترس و شوێنگەی

ئەگەری ڕوودانی کارەساتن، پیر و پەککەوتوو وەک بیر و ئایدیۆلۆژیا و بەرپرسە بەسەرچووە داسەپاوەکان. هەر لە بنەڕەتدا زۆرێک لەو شوێنانەی قوتابخانەن، کەپرن، کەڵەکە بەردن، گەوڕن، یان بە نایلۆن و جەگەن و قامیش و گیاوگژ داپۆشراون، گەرما و سەرمایان بە ئەمری خودایە، کەلوپەلی پێویستی فێرکاریان چرافانووس و شۆقێکی کزە. دیاردە ماڵوێرانکەرەکان داخزیونەتە ناخی ناوەندە بناخەییەکانی پێگەیاندن و زانست، شۆڕبوونەتەوە هەناوی نەمامە شلک و نەرمەکانی داهاتوو، کە بڕیارە کۆڵەکەی ئەو کۆمەڵگەیە بن، بەڵێ گیرۆدەیی لە ئەمینترین شوێنی ئەو کۆمەڵگەیە خۆی مەڵۆس داوە، بەبێ ئەوەی خەمێکی لێ بخورێ و ئامارێکی ڕاست و دروستی قوربانیبوون لە کەشی پەروەردەدا بە خەڵک و کۆمەڵگە بدرێ. وانە مرۆییەکان پڕن لە دوگما ئایدۆلۆژیک و پێدرەوای چەواشەکراو. لە ژێر کولتوور و فەرهەنگی داسەپاودا، کولتووری گەلانی بندەست پشتگوێ دەخرێ و دادەپڵۆسێندرێ. لێرە، لە سەراسەری ئەو وڵاتەدا هەوڵ دەدرێ لە یەکەم ڕۆژەکانی خوێندنەوە، ئایدیۆلۆژیە ناپیرۆزەکانی دەسەڵات بە پێی بەرنامە بە روحی خوێندن و فێرخوازدا بکەن و نەوەی داهاتووی پێ گۆش بدەن. دەگەڵ داسەپاندنی ئەو دەنگە دیسانەکە کۆمەڵێک باری قورس دەخرێتە سەرشانی بنەماڵەکان، ئەو بنەماڵانەی بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان، کاسبکاری، کشتوکاڵی، کرێکاری، کۆڵبەری و... خەریکە شەڕ دەگەڵ ژیانێک دەکەن کە بەرهەمی ناتێگەیشتوویی دەسەڵاتێکی چەقیوی زڵکاوی هزرەکانە. مندالانی ڕۆژهەڵات لە کاتێکدا ڕوو دەکەنە قوتابخانە کە، ژینگەی پەروەردەیی بەتەواوەتی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەگشتی ڕووداوەکانی پیوەندیدار بە شەڕی پاوانخوازی نێوان بەرەکانی دەسەڵات بۆ قۆرخی گۆڕەپانەکانی ژیان. تەنانەت جگە لە دەنگە قرچنەکە، بڕیار لەسەر خوێندنی زمانە پێشکەوتووەکانی دیکەی دنیاش دەمەقرەی نێوان پلەبەرزەکانی وڵاتی لەسەرە، هەر لێرەشەوەیە کە جار نا جارێک کابرایەکی ریشنی عەبالەبەر لە کۆڕێکی ماتەمەوە پلان و بەرنامەی خوێندن بەگویرەی خەوە ئاڵۆزەکانی ڕۆژانی پێشووی دیاری دەکا و، مایەفیتنە و گوێ لەمستەکانیش بە سنگ کوتان دادەگرژێنە ڕێچکە و بەشە خوێندنەکان و بە بیانووی کلۆل و هلۆڵ دەکەونە هەڵپاچ و داپاچی زانستەکان.

دیسان پاییزە و کۆمەڵگە مرۆییەکان بەرد بناخەی ساڵێکی داهاتوویان ڕێک و لووس و لەبار ئامادەی ژیانێکی بێ گرێوگۆڵ دەکەن، کەچی لێرە لەژێر باری دەسەڵاتێکی داعشی ئاسا، زەنگی دەسپیکی قوتابخانەکان هەتا دێ گڕتر و قرخنتر و گرژتر و نامۆتر لەچاو ساڵی پار دەنوێنن و وانە و نێوئاخنی کتێبەکان زیاتر بەرەو بەرتەسکی و دوورەپەرێزی لە پێشکەوتن هەنگاو دەنێن. منداڵانی ئەوساڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیسانیش، دەست دەکەن بە تێپەڕاندنی ساڵێکی خوێندن، کە بەڵێن و بڕیارێکی زۆری دەوڵەتی بۆ گۆڕینی کەشی پەروەردە و خوێندن بە زمانی زگماکی و نۆژنکردنەوەی بینا و قوتابخانەکان، لەسەر بوو، بەڵام لە دەنگی گڕ و نامۆی زەنگی قوتابخانەکاندا هەمەن دەنگە فێڵاوی و بێ بەڵێنەکە نێوهلۆڵەکە خوێ دەنوێنێ، بۆیە هەتا گەیشتن بە دەنگێکی ڕەسەن و خۆماڵی دەبێ پشوودرێژ و بوێر بین.

له ژماره ٦٨٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

---------------------------------------------------

## شوناس بەخشە بێ شوناسەکان

له کۆمەڵگه و وڵاته پێشکەوتووەکانی جیهاندا، هەندێک ناوەند و دامەزراوە بەدی دەکرێن کە تایبەت کار لەسەر رەفتار و کرداری گشتیی کۆمەڵگه دەکەن و، بە تۆماری هەموو جۆرە ئاکارە گشتییەکانی کۆمەڵگه هەوڵ بۆ بەرگری لە پەرەگرتنی دیاردە ناشیرین و زیانبار و ئاراستەبەخشین بە ئاقاری پێشەوەچوونی کۆمەڵ دەدەن. دیارە بەو واتایەی ئەو ناوەندانە دەگەڵ تۆماری رەفتار و کردارەکان و تاووتوێی دیاردەکان، بەرپرسان و لایەنە پێوەندیدارەکانی لێ ئاگادار دەکەنەوە و بەرچاوڕوونی سەرهەڵدانی هەرچەشنە دیاردە و قەیران و لاڕێبوونێک دەدەن بە شوێنی دەسەڵاتدار، هەتا دەسەڵات بە گرتنەبەری ڕێچکەی دروست، بەگوێرەی رەچاوی بەرنامەی گونجاو بەر لە سەرهەڵدان و تەشەنەی نۆرمی خەسارەتبار ودارمانی بایەخە گشتییەکان، ڕێگەچارەی پێویست بگرێتە بەر. ئەو چەشنە ناوەندانە لە ئێرانیش زۆرن بەڵام بەو جیاوازییەوەی، کە هەڵسەنگاندن دەکەن بۆ چۆنێتی تووش کردنی کۆمەڵگه بە هەندێک پەتای ماڵوێرانکەر، هەتا کۆمەڵگه لە هێز و بڕستی بیرکردنەوە و ئەکتیڤ بوون بکەوێ و بە واتایەک کۆمەڵگه تووشی سڕکردن بکەن هەتا شایەدی سەربزێوی و دەنگ هەڵبڕینی کۆمەڵگه بۆ داوای مافەکانیان نەبن، یان زۆربەی ڕێکخراوەکانی لەم چەشنەی کۆماری ئیسلامی کار لەسەر چەندێتی گۆڕان و بەرزبوونەوەی وشیاری کۆمەڵگه لەسەر مافەکانی بەگشتی دەکەن، یان هەشن کار لەسەر چۆنێتی تێکدان و ئاژاوەنانەوە لە ماڵە دەرودراوسێ دەکەن و سروشتیشە، ئەو پارە و تێچووەی دەبێ بۆ ساخ و سەلیم و راگرتنی کۆمەڵگه بکرێ و دە چارەسەریی کێشە و ئارێشەکانی کۆمەڵگەدا خەرج بکرێ، بۆ ئاژاوەنانەوە و دووبەرەکی خستە نێو کۆمەڵگه و هەناردەی تیرۆر و کپ کردنی دەنگی ئازادیخوازی و سەرکوتی جیابیران تەرخان دەکرێ. هەر بۆیە کە بە ئاماری دیاردە نەرێنییەکانی کۆمەڵگه جیاوازەکاندا دەڕوانین لە زۆربەی هەر زۆریاندا ئێران پلەی یەکەم یان سەرەتاکانی داگیر کردوە. لە گیرۆدەبوون بە مادە بەنگەمەنییەکانڕا بگرە هەتا خۆکوژی، سەرپێچی، تاوان، کوشتن، دزی، کڵاوبازی و هتد، کە لە بژاردن نایەن. ئەمرۆژانە لە شارەکانی ئێراندا دیاردەیەکی دزێوی دیکە خەریکە بەها و بایەخە مرۆییەکانی کۆمەڵگەی ئێران دەباتە ژێر پرسیارەوە، ئەویش بەرەڵلا کردنی پیرەپیاو و پیرێژنانە. لە وڵاتێکدا کە بانگەشەی شارستانییەتی چەند هەزار ساڵە دەکا و، لە ناوچەکەدا پێی وایە کەس لەوان پێشکەوتووتر و بەفەرهەنگتر نیە، لە وڵاتێکدا کە ئاڵای ئایینی ئیسلامی هەڵداوە و بانگەشەی رووگە و

ڕێبەرایەتی موسلمانانێتی دەکا، لە وڵاتێکدا کە دەسەڵاتەکەی بانگەشەی هەناردەی ئایدیۆلۆژییەکەی دەکا لە پێناو خزمەت و رزگاریی مرۆڤایەتی، ئەوانەی دەبێ لەسەر شانیان داهاتووی خۆیانیان لەسەر بنیات بنێن، ئەو مرۆڤانەی دەبێ ئەوپەڕی رێز و حورمەتیان لێ بگیرێ، ئەو کەسانەی بەدەستی قەڵەشیو و پشتی چەماوە بەوڕۆیان گەیاندوون، بێ نان و بێ ئاو و بێ ناز، بەڕەڵڵای کوچە و شەقامە بێبەزەییەکانی شاران دەکرێن، ئەوانەی تا دوێنێ شوناس و ناسنامەیان بە کەسانێکی زۆر دەبەخشێ، ئەمڕۆ لە شارەکانی ئێران بە "مجهول الهویە" دەناسرێن، باشە بڵێی شوناس و هویەتی ئەو منداڵانەی باوک و دایکیان بەڕەڵڵای شەقاماە دەکەن چ بێ. ئایا چی بووەتە هۆی ئەوەی بەها و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان بەو چەشنە پێچەوانە ببنەوە، ئەو کۆمەڵگەیە چی بەسەر هاتووە وردە وردە لە هەموو شتێکی خۆی نەبان دەبێ. ئایا تاوانبار منداڵانن کە هێند بێبەزەیی و بێرەحم بوون دایک و باوکانیان هەڵوەدای کووچە و کۆڵانان بکەن، یان دەور و زەمان کوردی وتەنی گۆڕاوە باوکێک کە دەیان منداڵی بەخێو کردوە ئەوڕۆ بە دەیان منداڵ بەخێو ناکرێ و شەو تا بەیانی سەر وەسەر کارتۆن دەخەوێ و هەناسەسارد و بێکەس و بێهانا راخەری بەرد و لێفەی ئاسمانە. یان نا دیسان ئەو دوژمنی دەرەکییە خەریکە نۆرمە ئاسمانییەکانی ویلایەتی فەقیهـ تێکدەدا و لە رێگەی پیر و پەککەوتووە ئاوارەکانەوە دەیەوێ کۆڵەکە رزیوەکانی دەسەلاتە پیرۆزەکەی سەدەی بیست و یەکەم کرمێ بکا. بە گوێرەی ئامارەکان ئێران کە وڵاتێکی لاوە، بەو واتایەی رێژەی حەشیمەت زیاتری لاوە و لە زیاتر لە هەشتا ملیۆن کەس تەنیا چوار ملیۆن کەسی سەروو شەست و پێنج ساڵە، چ قەیرانێک رووی داوە تەنیا لە تاران زیاتر لە هەژدە هەزار پیر و پەککەوتوو لە کووچە و کۆڵان و کەلاوەکاندا بێشوناس "مجهول الهویە" ماونەتەوە. ئایا ئێران وڵاتێکی هێندە فەقیر و هەژار و بێداهات و ویشکەلان و قاقڕ و بێبەرهەمە، دەوڵەت و سیستمی دەسەڵاتبەدەست نەتوانێ نوایەک بۆ ئەو هەناسەساردانە ساز بکا، یان ئەوەی لەنگرگە و بەندەر و بازرگانی و بەگشتی سامان و سەرمایە وڵات کەوتۆتە دەستی تاقمێکی دەمارگرژی پاوانخواز کە بۆ رۆژێک زیاتر مانەوەی زیاتر لە دەسەڵاتدا دەیان کلک و پاشکۆیان لە ناوچەکە و سەرانسەری جیهان بۆ خۆیان ساز کردوە و، لە ژێر درووشمی پڕ و پووچدا خەریک دەسوەردانی لە ژیانی گەلانی دیکەشدان و، بەجێی ئەوەی ژیان و گوزەران و خۆشبژێویی خەڵکی ئەو وڵاتەیان لەبەر چاو بێ، بەگژ یەکداکردنی نەتەوە و ئەتنیکە جۆراوجۆرەکانی ناوچەکە بە ئاسایش نەتەوەیی خۆیان بزانن و مانەوەی خۆیان لە خوێنرێژی لە سووریە و یەمەن و فلەستین و لوبنان و ئێراق و ئەفریقا و... دا ببینن. ئەدی کوا ئەو قارەمانانەی قودوس و کەربەلا ئازاد دەکەن و سیستمی جیهانی دەگۆڕن و وتووێژی شارستانییەتەکان دێننە گۆڕێ و پەیامی رزگاری مرۆڤایەتییان پێیە، ئایا دەیانەوێ سیستمی دنیاش بەو جۆرەی بەسەر خەڵکی ئێرانیان هێناوە بگۆڕن.

لە ژمارە ٦٨٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## بە بووکەڵەوە مێرد کردن

هێشتا لە گەڕی شاییان، لە پشتی گەڕی هەڵپەڕکێ، خەریک لکی دەسماڵ گرتنن، کوڵمەیان وەک سێوی تازە هەتاودیتوو، مەیلەوزەردە، پێکەنین و زەردەخەنەکانیان هێشتاش نەبووە بە قاقا، هێشتا رەنگ و بۆنی هەنیسک و هەناسەی منداڵیان لێ دەبارێ، رەنگە ئەو چەند ساتەی بەدەرەوەن بێتاقەتی دووری دایکیان و یان بووکەڵەکانشیان بکەن. هێشتا لە گاوانی کەس دەستیان ناگرێ، سوور و سپیاویان دەست کەوێ دەموچاوی پێ دەشۆن، کە مووی سەریان بۆ دانەهێنن، یان بۆیان نەهۆنەوە، لەوانەیە ئاڵۆز و پڵۆز وەکوو بەرگن قەد بگرێ، هێشتا ئاوێنە نەبووە بە دەستەخوشکیان و هەموو پیاوی دنیا کاکە و مامەیان بن. رەنگە هەڵنەکەوتبێ لاوێکی هاوتەمەنی خۆیان تەنانەت چاوێکیشی لێ داگرتبێن، هەتا بزانن دنیای ئەوان دەبێ بەری بە کوێوە بێ، یان هیچ چاوێک هێندە لە چاویان نەئاڵقابێ، شەرم دایگرتبێن. بەبێ ئەوەی لە گاوانی بزانن بە چاوترووکانێک و بەهۆی کوڵی داگیرساوی پیاوێکی ئاڵۆش، یان نا نانی رۆژ و شەوێک، پاکبوونی قەرزی بژێوی رابردووی باوکێک، نائاگایی و دواکەوتوویی خێزانێک، لە هەمووش خراپتر تین و هانی سیستمێکی پیاوسالار، دەبێ دەسرەی سەرچۆپی بگرنە دەست. ئەویش چ دەسرەیەک، دەسرەیەک بۆ بەرێوەبردنی ماڵێک و خێزانێک، دەسرەیەک کە بنەماڵەیەک بەرەو رێرەوی ئارامی ژین بەرێ، نەک دەسرەیەک لە سەرچۆپی گەڕی شایی هەر چۆنێکی هەڵسووڕێنی گەڕی شایی رەکێش باک، سەرچۆپی گرتنی ژیان لێزانی و لێهاتووی و پێگەیشتووی هەموو بوار و ئاستەکانی جەستەیی و دەروونی و هزر و هتد گەرەکە. ئەو کیژۆڵەیەکی هەتا دوێنی بەتەواوی لەگەڵ بووکەڵەکەی نەدەحاواوە، لە بەیانییەوە دەبێ بە ژنی ماڵان و دەبێ وەک سەرەژن و کەیخوداژنێک بنوێنێ و خێزانێک بحاوێنێتەوە. هێشتا هەنیسکی خۆی گەرووی بەر نەداوە دەبێ هەنیسک و ئاسکە ئاسکە کۆرپەیەک لە کۆشیدا هێور بکاتەوە، دیارە ئەگەر لەو رێگە هەڵەمووتە دەربچێ و ئاکامە نالەبارەکانی زوو بە شوودان برستی لێ نەبڕن، تا ئەو قۆناخە بگا. چارەنووس لە وڵاتانی ئێمە و بەتایبەت لە ژێر سیستمە خۆ بە خودا بەستووەکاندا چەند سەیرە، هەموو سات و کاتێک دەبێ چاوەڕوانی هاتنەخوارێی وەحی بین، ئەگینا چ هێزێک هەیە، ئەو هەمووە ساڵەی تەمەن بە دانیشتنێکی چەند کاتژمێری و دانوستانی چەند پیاوماقووڵ نوێن و سەرەژنی سادیسم لێدراو تێپەڕێنێ، بازدان بەسەر تەمەندا چەند هێندە سووک و کردەییە لای ئەو کوڕ و کۆبوونەوانە. بەڵام بڵێی دڵ لێبوونەوەی کچۆڵە دڵناسکەکەی ئێمەش لە بووکەڵەکەی هێندەی بڕیاری ئەو گەورەنوێنانە ئاسان دەبێ. ژیان ئەوەندەی دەشیبینین ئاسان نیە، دەبێ لە هەموو بوارەکانەوە خۆی بۆ تەیار بکەی، هەتا تەنگ و چەڵەمەکانی ئەوە رێگە رژد و پڕ هەوراز و نشێوە برستت لێ نەبڕن. بەتایبەتی لە وڵاتانی دواکەوتووی ئێمە کە ژن زیاترین هەڕەشەی لەسەرە و لە هەمانکاتدا زیاترین ئەرکیشی دەکەوێتە سەر شانی دەبێ، بۆیە دەبێ زۆر پوخت و

لێهاتووتر بار بێ و لە بواری جەستەیی و ڕەوانی و هزرییەوە پێ بگا، چونکی لێرە، هەموو کەس هەڵە بکا، ژن دەبێ بێ هەڵە بێ. بەڵام ئایا ئەو کیژۆڵە پێنەگەیشتووەی ئاڵۆشی پیاوێک دادەمرکێنێ، دەشتوانێ ببێ بە کۆڵەکەی داهاتوویەکی گەش و بێ هەڵە. وەنەبێ ئەو دیاردە نەشیاوە هاوردەی کۆمەڵگەی کوردیش بێ، بەڵکوو ماکەکانی ئەو پەتایە لە نێوئاخنی توخمە فەرهەنگییەکانی کوردیشدا خۆیان حەشار داوە. گەورە بە بچووک کردن، لەسەر لانک مارەکردن، بەرخوێن دان، پێشکەش کردن و مەسڵەت کردن و... زۆر کار و کردەوەی ئەو کۆمەڵگەیەی ئێمەش لەسەر ژن هەڵدەسووڕێ و زۆر خوێن بە کچۆڵەیەک دەشوێدرێتەوە، کەچی بە هەموو کۆمەڵگە ئاشتی ژیانی ئەو مرۆڤەیان پێ دابین ناکرێ. وەنەبێ لە ژێر سایەی سیستمی بەناو خودایی کۆماری ئیسلامیدا، تەنیا کۆمەڵگەیەک، یان شار و شارۆچکەکان تووشی پەتای دواکەوتوویی و دیاردەی دزێو بن، نەخێر. بەگوێرەی ئامارەکان ناوەندی خەلافەتی وەلی فقیە، خەریکە تووشی شۆک ببێ. منداڵۆچکەی زوو بە مێرددراو و ئاکامەکانی ئەو دیارە دزێوە ڕوو لە تەشەنەیە، سەرنجی ناوەندە جیهانییەکانی مافەکانی مرۆڤ و منداڵانیشی ڕاکێشا. زۆربەی هەر زۆری دیاردە نالەبارەکانی ژیانی کۆمەڵگەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمە نابینرێن و ئەگەر هەندێ جاریش بینران، هەڵقولاو و ئاکامی سیاسەت و ئاراستەی سیاسی و ڕەفتاری دەسەڵات نین بەڵکوو هەناردەکراوی دەست دوژمن و بە پاڕانەوە لەبەر دەرگای ویلایەتی فەقیە چارەسەر دەکرێن. یەکێک لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهان، خاوەن سەرچاوەی ژێرزەوی گرنگ، خاوەن هەڵکەوتووی ستراتیژی گرنگ و... لە سایەی نالێهاتوویی دەسەڵاتدارانی، بەهۆی خەمخۆر نەبوون و قبووڵ نەکردنی بەرپرسایەتی کار و کردەوەکانیان، بۆتە کانگەی سەرهەلدانی دەیان و سەدان دیاردەی نەشیاو و ماڵوێرانەکەر. لە کاتێکدا هەموو وڵاتانی جیهان لە ڕێگەی پەروەردەوە هەوڵ دەدەن نەوەی نوێ و پێگەیشتوو و تەیار بە چەکی زانست پەروەردە بکەن و، هەڵە و پەڵە فەرهەنگییەکان بسترێنەوە و نۆرم و باوی بەکەڵک لە کۆمەڵگەدا جێ بخەن، لە کاتێکدا کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان بە هەموو تواناکانیان بەرەنگاری هەژاری و دیاردە ماڵوێرانکەرەکانی دیکە بوونەتەوە، دەسەڵات بەردەوام خەریک گۆڕینی ئەو یەکە دەرسیانەیە، کە جێگەی قبووڵی کۆمەڵگەی مرۆیین، بەهۆی گەندەڵی بەرینی باندەکانی ڕێژیم و سیاسەتە بەرزەفڕانەکانی کۆماری ئیسلامی، جیهان کۆمەڵگەی ئێرانی تەریکخستۆتەوە و کرانەوەی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی هەر بەرەو پاشەکشەیە، کەواتە ئاساییشە کۆمەڵگە ئاگای لە خۆی ببڕدرێ و بە ژان و ئێشەکانی خۆی نەزانێ. دایک و باوکێکی ماندوو کە پشتیان لە ژێر باری قووڕسی ژیاندا چەماوەتەوە، چۆن هەست پێدەکەن کیژۆڵەکەیان سبەی تووشی خەمۆکی دەبێ، چۆن هەست پێدەکەن تەنیا لەسەر لینگان بوون، بۆ دەسپێکردنی ژیانی هاوبەش بەس نیە، چۆن دەزانن سبەی ڕەنگە دووگیان بوون گیانی کچۆڵەکەیان بستێنێ، بەڵکوو ئەوانە تەنیا لە بیری ئەوە دان نان خۆرێکیان لێ کەم بێتەوە، یانیش کچۆڵەکەیان ببێ بە مایەی خێر و بەرەکەت و بیدەن بە کابرایەکی دەوڵەمەند و پێی بحەسێنەوە. یان نا سەرۆکی وڵات فتوای داوە کچان زوو دامەزرێنن، هەتا وەچەمان زۆر بێ، دیارە ئەو وەچە قوڕبەسەرەی ئێستای زۆر دابین و بەختەوەرە!؟

لە ژمارە ٦٩٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

---------------------------------------------------

# کێشە و ئاریشەی زیندانییە سیاسییەکان لە زیندانەکانی ئێراندا

ئیحسان فەتاحی

و: تەهای ڕەحیمی

١- بەرپرسە بەکرێگیراو و ئەشکەنجەدەرەکانی زیندان، زۆر بۆ ئەو زیندانیانە دێنن، کە جلوبەرگێک لەبەر بکەن نەخۆشییان پێوەیە.
٢- ئازار و ئەزێتی بنەماڵەی زیندانییە سیاسییەکان
٣- نەبوونی ڕۆژنامە و کتێب لە زیندان و گرتووخانەکان
٤- مردنی زیندانییەکان لە زیندانەکاندا، بەهۆی ئەوەی نەخۆشییەکانیان چارەسەر ناکرێن
٥- ئازار و ئەزێتی روحی و جەستەیی زیندانییە سیاسییەکان
٦- لە بواری پزیشکییەوە بە زیندانییەکان ڕاناگەن
٧- نووسینی نامە و گلەیی زیندانییەکان بۆ دامەزراوە نێونەتەوەییەکان
٨- پشتڕاستکردنەوەی حوکم نامرۆییانەی ئیعدامی زیندانییە سیاسییەکان
٩- مان لە خواردن گرتنی زیندانییە سیاسییەکان
١٠- قورقوشمی بەندەکانی زیندان
١١- هێرش کردنە سەر ماڵی بنەماڵەی زیندانییە سیاسییەکان
١٢- نەبوونی کەلوپەلی پێویستی ساغ و سلامەتی
١٣- کەم بوونی سەرچاوەکان
١٤- نەبوونی دەوا و دەرمانی گونجاو و پێویست

١٥- ئەشکەنجە و ئازار جەستەیی و روحی زیندانییەکان
١٦- تێکەڵ کردنی زیندانییە سیاسییەکان لەگەڵ ئەو گیراوانەی نەخۆشی دەروونی و ئایدزیان هەیە
١٧- دەستڕانەگەیشتنی زیندانییەکان بە تەلیفون، یان پچڕاندنی قسەکانیان لە کاتی تەلیفون کردندا
١٨- قەدەخەی سەردان و چاوپێکەوتنی زیندانییەکان
١٩- سووکایەتی کردن بە ئایینزا و بیروبۆچوونی زیندانییەکان
٢٠- ناچارکردنی زیندانییەکان بە دانپێدانانی زۆرەملی و سەدان کێشە و ئاریشەی دیکە، کە هێندێکیان دەخەینە بەر باس.

## بارودۆخی خواردن: کەمبوونی سەرچاوەکان، کوالیتی نزم

خواردنی زیندانییە سیاسییەکان وەک خواردنی بەندەکانی دیکەی زیندانی گشتی نییە، خواردنێکی زۆر خراپە، هەم لە بواری ئەو دانەوێڵە و شتانەی پێی لێ دەنێن کە جاری وایە شتی ماوە بەسەرچوون و خواردنیان ژەهراویت دەکەن، هەمیش ئەو بەرنامە خواردنەی بۆ زیندانییە سیاسییەکان لەبەرچاو گیراوە، وزەیەکی بەهێزی تێدا بەدی ناکەی و زۆربەی خواردنەکان بریتین لە پەتاتە و دانەوێڵە و گۆشت (هەر چەند زۆر خراپ) کە تاقە چەند چنکێکی تێ دەکەن، هەر بۆیە زۆربەی زیندانییەکان ناچارن خۆیان خۆیان بەخێو بکەن و بە فرۆشگای بەند تێر بخۆن، فرۆشگاش وڵامدەری ئەو ژمارە زیندانییە نییە و بۆیە زیندانییەکان ناچارن بەو خواردنە خراپەی زیندان بیگوزەرێنن. ئەو کەسانەی لە بەندی زیندانییە سیاسییەکان دان، هەموویان سەر بە توێژی هەڵکەوتە و ئیلیتی کۆمەڵگەی ئێرانن کە تەنانەت خواردنی باشیشیان چنگ ناکەوێ و کاتێ بنەماڵەکانیان رووماى لەڕ و داچۆڕاوی خۆشەویستانیان لە کاتی چاوپێکەوتنەکاندا دەبینن، سەبارەت بە پێڕانەگەیشتن بە لانیکەمی بابەتەکانی ژیانیان رەخنە دەگرن. چونکی پێیان وایە لانیکەم دەبێ دەرفەتی ئەوەیان بۆ بڕەخسێ کە لە فرۆشگا پێویستییەکانیان دابین بکەن.

هەروەها ئەو زیندانییانەی کە زۆربەیان بەهۆی هەلومەرجی نالەباری قۆناخی لێپێچینەوەکان لە بواری سلامەتییەوە زۆر باش نین، ناچارن بە چەندین کاتژمێر لە ریزی فرۆشگادا بۆ دابینی خواردن راوەستن. زۆر جارانیش فرۆشگا کێشەی سنووردارکردنی شت کڕین دەخاتە بەردەم زیندانییانەوە، کەچی ئەوان بەهۆی خراپی خواردنەوە دەبێ پیویستییەکانی خۆیان لەوێ بکڕن. جگە لەوەش فرۆشگاکان خاوەن بەرنامەیەکی کرانەوەی رێکوپێک نین و زۆر جاران بەرپرسانی زیندان بۆ گوشار خستنە زیندانییە سیاسییەکان، بە چەندین رۆژ فرۆشگاکان دادەخەن، بۆ وێنە ساڵی پار کاتێ زیندانییەکان بە نیشانەی ناڕەزایەتی خواردنی زیندانیان نەخوارد، بۆ ماوەی سێ رۆژ تەواو دەرکی فرۆشگا گاڵە درا.

**دۆخی لەشساغی: پیسبوونی ژینگەی زیندان، نەخۆشی‌یەکان زۆر ئاسان بڵاو دەبنەوە**

نزمبوونی ئاستی باری لەشساغی و ئاسان بڵاوبوونەوەی نەخۆشی‌یەکان و هەروەها پەتوو و نوێن و بانی خەوی زیندانی‌یەکانیش بەگشتی پیسن.

ئاودەست و شوێنی شوشتنی قاپ و قاچاخ لە شوێنێکە بەڕاستی نەگونجاو و ناخۆش کە لە بواری پاکوخاوێنی‌یەوە تەواو نەشیاوە.

بەرپرسانی زیندان بۆ خاوێنکردنەوەی ڕێڕەوکان، شوێنی پشووگۆڕین، ئاودەستەکانی زیندان، کار بە زیندانی‌یەکان دەکەن، کە ئەمەش خۆی جۆرێک بێگاری کردنە بە زیندانی‌یەکان. سەرەڕای ئەوەش سیستم و کەرەسەگەلی پاکوخاوێنی بەتەواوی رزیو و کۆنن کە ئەمەش خۆی دەبێتە هۆی کێشە و ئارێشە بۆ لەشساغی.

**دەوا و دەرمان: دەستپێڕاگەیشتنی سنووردارە، بەکاتی خۆی پێڕاگەیشتن نییە**

زۆربەی زیندانیان بەهۆی گووشاری جەستەیی و روحی قووڵی قۆناخی لێپێچینەوە و لێپرسینەوە، تووشی نەخۆشی و نارەحتی جەستەیی هاتوون، لە بەندی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکاندا شوێنێک بۆ بەکارهێنانی دەوا و دەرمان لە لایەن زیندانی‌یەکانەوە نییە و سرویسی پزیشکیش بوونی نییە و ئەگەر نەخۆشی‌یەک هەبێ دەبێ روو لە بێهداری زیندان بکرێ. گواستنەوەی زیندانی‌یەکانیش بۆ بێهداری و دیاریکردنی کاتی چاوپێکەوتنی پزیشکیش کێشە و ئارێشە و بەرتەسکی‌یەکی زۆر لەبەرە، بە چەشنێک هەموو رۆژێ لەو هەمووە زیندانی‌یە سیاسی‌یە بەندی ٣٥٠ی ئێڤین کەمتر لە ١٠ کەس ئیزنیان پێ دەدرێ بچنە بێهداری کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێک زیندانی کە پێویستە دەسبەجێ دەرمان بکرێن، یان پێویستیان بە دەرمانی ئازارشکێن یا دەرمانی تایبەت هەیە ماوەیەکی زۆر لە چوون بۆ بێهداری و بەکارهێنانی سرویسی دەرمانی بێبەش بن. زۆربەی کاتان زیندانی‌یەکان دەگەڵ ئەوەی پێویستییەکی زۆریان بە دەرمانی دەمودەست هەیە، بەڵام لە دەرمان و پزیشک بێبەش دەبن. بۆ وێنە زۆر جار رووی داوە زیندانی‌یەکی سیاسی نەخۆش کەوتووە و پێویستی بە چارەسەری دەسبەجێ هەبووە، بەڵام بەرپرسانی زیندان خۆیان لە ناردنی بۆ بێهداری بواردوە. ئەوان پێیان وایە تەنیا کاتێک دەبێ بنێردرێنە بێهداری کە لەخۆ بچن. ئەو رەوتە لە رەشەممەی ساڵی ٨٧ دا مردنی ئومیدرەزای میرسادقی لە بەندی حەوتی زیندانی ئێڤینی لێکەوتەوە، وێبلانووسێکی لاو کە دوو ساڵ و نیوی درابوویە و لە ئاکامدا لە زینداندا بەهۆی گوشاری کارەساتباری زیندان ئەو لاوە گیانی لە دەست دا.

## بارودۆخی جەستەیی هەندێک زیندانی سیاسی جێی نیگەرانییە

لەسەر رەوشی لەشساغی و بواری دەروونی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان رۆژ بە رۆژ راپۆرتی نیگەرانکەر بڵاو دەبێتەوە و تووشبوونی هەندێک زیندانی بە نەخۆشی جۆراوجۆری دڵ و مێشک و چاو، وەک زێنەب جەلالیان، نیشانەیەکی روونە لە گوشاری قۆناخی دەسبەسەربوونیان لە گرتووخانەکان. دەبێ لیستەیەکی دوورودرێژ لە ناوی چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەسبەسەر لە شارەکان و پارێزگاکان بە زێنەبەوە زیاد بکەین کە بەئانقەست و بەهۆی نەناسراوییان لەژێر گوشاری دووبەرانبەر دان.

سەرەڕای ئەو نیگەرانی‌یە روو لە زیادبوونانە لەسەر بواری لەشساغی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان، بەرپرسانی دادوەری و ئەمنییەتی تا ئێستاش هیچ هەوڵێکیان بۆ گۆڕینی رەوتی زاڵ ئەنجام نەداوە، بەڵکوو بە درێژەکردنەوەی مەرەخەسی هەندێک زیندانی نەخۆش، نیگەرانی‌یەکانیان لەسەر لەشساغی ئەوان چەند بەربەر کردوە. ئەو هەلومەرجەیە کە هیوای بە هەر جۆرە کارتێکەریی و کردەیی بوونی گەلاڵەکانی وەک پشکنینی گرتووخانەکانی وڵاتی بڕیوە و ئەو گومانەی بەهێز کردوە کە داموەزگەی دادوەری و ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی تەواو بە ئانقەست و سیستماتیک بەردەوام مافی زیندانی‌یەکان پێشێل دەکا.

## گوێ نەبزووتن بە قانوونەکان

بەگوێرەی ماددەی ٢٥ی ستانداردەکانی رەفتار لەگەڵ زیندانی‌یەکان کە لە یەکەمین کۆنگرەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان چاوەدێری بەرگری لە تاوان و رەفتار لەگەڵ تاوانباران لە ساڵی ١٩٥٥ لە ژنێف گیراوە "پزیشکی زیندان بەرپرسی چاوەدێری لەشساغی جەستەیی و روحی زیندانی‌یە. پزیشک دەبێ هەموو رۆژێ سەردانی نەخۆشەکانی و ئەو کەسانە بکا کە دەڵێن نەخۆشن، هەروەها کۆنترۆڵی ئەو کەسانەش بکا کە خۆی گومانی هەیە ئەو نەخۆشی‌یانەیان گرتبێتەوە،"بەندی دوویەمی ئەو ماددەیە روونی دەکاتەوە کە" هەر کاتێک پزیشک دیاری کرد بارودۆخی جەستەیی یان دەروونی زیندانی‌یەک بەهۆی بەردەوامی و یان شێوازێکی تایبەتی زیندانی بوون زیانی پێگەیشتووە یان زیانی پێدەگا، لەسەری ئەرکە راپۆرتێک بنووسێ و بیدا بە بەرپرسی زیندان."

لە قانوونە نێوخۆییەکانی ئێرانیشدا لەسەر لەبەرچاوگرتنی بواری لەشساغی زیندانی‌یەکان لە ماددەی ١٠٢ی ئاییننامەی بەڕێوەبەری زیندانەکان و هەنگاوە دابینی و پەروەردەییەکانی وڵاتدا هاتوە کە "بێهداری زیندان ئەرکێتی لانیکەم مانگێ جارێک هەموو زیندانی‌یەکان تێست و چێک ئاپی پزیشکی بکا و ماددەی ١٠٣ی هەمەن ئایینامەش چارەسەری و چوونە دەرەوەی زیندانی لە زیندان بۆ چارەسەری پزیشکی بە پشتڕاستکردنەوەی بێهداری

زیندان و ئیزنی دادوەری چاوەدێر دەبەستێتەوە، بەو حاڵەوە کارکردی بەرپرسانی دادوەری وەک سەرپەرشتیارانی زیندانی‌یەکان، لەمەڕ ئەوان پڕە لە پێشێلی مافی قانوونی زیندانی‌یەکان. بۆ وێنە زۆر کەس هەبوون کە بەرپرسانی بێهداری زیندانیان پێیان وابووە دەبێ بۆ چارەسەری پزیشکی بگەیەنرێنە نەخۆشخانەکانی دەرەوەی زیندان کەچی بەرپرسانی دادوەری گوێیان پێی نەبزووتوە و زیندانی‌یەکان لە هەلومەرجی جەستەیی و روحی خراپدا لەو دەرفەتانە بێبەش کردوە. هەندێک جاریش بەرپرسانی زیندانەکان کاتێک لەسەر مەرەخەسی زیندانی‌یەکان بۆ چارەسەری پزیشکی ئیزنیان لەسەر بووە، کە کار گەیشتۆتە جێیەک ئەگەر زیندانی‌یەکانیان راگرتبا مەترسی مردنی هەبووە.

## هەڵسوکەوتی خراپی بەرپرسانی زیندان، سوکایەتی کردن بە زیندانی‌یەکان

هەندێک لە ئەفسەر نیگابانەکان هەوڵ دەدەن هەتا بە گوشاری زیاتر خستنە سەر زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان و رەفتاری ناحەز، زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان بشکێنن.هەروها بەرپرسانی زیندان بەبەکارهێنانی ئامرازی ناقانوونی، هەوڵ دەدەن یەکگرتوویی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان تێکدەن، پەرە بە سیخوری دەدەن و نائەمنی دەروونی ساز دەکەن. بە زۆرەملی ناردنە دەرێ بۆ گۆڕینی پشوو، وەرزشی بەیانیان و پشکنین و گەڕانی ناباوی کەلوپەلی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان، هەندێک هەڵسوکەوتی نەشیاوە دەیکەن کە لە زیندانی بەندی سیاسی‌یەکان لە کۆماری ئیسلامی‌دا دەبینرێن. هەروەها بەرپرسانی زیندان هەوڵ دەدەن کە بە دوو جاران سەرژمێر کردنی زیندانی‌یەکان، سووکیان بکەن. لە کاتێکدا ئەفسەر نگابانەکان دەتوانن بچنە هەموو ژوورەکان و سەرژمێریان بکەن، بەڵام زۆربەی جاران بۆ سەرژمێرکردن، زیندانی‌یەکان ناچار دەکەن لە خانە تاکەکەسی‌یەکان بێنەدەر. ئەو کاتانەش کە لە ژوورەکان سەرژمێر دەکرێن، زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان ناچارن ماوەیەکی زۆر لە ڕیزی ڕیکوپێکدا لەسەر زەوی دانیشن هەتا بە قامک بژمیردرێن و ئەو رەفتارانەش بە شایەدی زیندانی‌یەکان زۆر سووکایەتی پێکەرن.

سەرەرای ئەوەش کێشەیەک بەناوی "لەسەر ئەرز خەوتن" شتێکی جێی داخە کە سەرەڕای هەموو ناڕەزایەتی و داواکان هێشتاش درێژەی هەیە و، زۆربەی زیندانی‌یەکان بەهۆی کەمبوونی تەختی خەو ناچارن لەسەر ئەرزی بخەون، کە زستانان بەهۆی سارد و سەرما دەبیتە هۆی زۆربوونی نەخۆشی و پەتا لە زیندانەکاندا.

## کێشە و ئارێشەی روو لە هەڵکشانی بەندی زیندانی‌یە سونی‌یەکان لە زیندانەکانی ئێراندا

لەگەڵ هاتنی وەرزی سەرما زیندانی‌یە سونی‌یەکانی زیندانی رەجایی شاری کەرج لە هۆڵێکدا جیا دەکرێنەوە کە دەرک و پەنجەرەی ناستانداردی تێ گیراوە و سیستمی گەرمکەرەوەی بۆ شەوە ساردەکانی زستان ناگونجێ. ئەو کێشەیە زیندانی بەتایبەت بۆ چەندین زیندانی نەخۆشی ئەو هۆڵە زۆر ناخۆشتر و دژوارتر کردوە.سیستمی

گەرمایی ئەو هۆڵە کە دەبێ رادیاتۆری بێ، هەندێک لوولەن کە بڕیارە ئاوی گەرمی پێدا بێ و بچێ، بەڵام بەهۆی ئەوەی سیستمی ماتۆری زیندان هەڵناکرێ، ئەو هۆڵە گەرم داناهێنێ، ئەو کێشەیە بەهۆی چۆڵبوونی بەندەکە و دەرک و پەنجەرە کۆن و ناستانداردەکان داژواریەکانی زیندانییەکانی چەند هێندە کردوە.

لەو لایەشەوە بەرپرسانی زیندانی ناهێڵن زیندانییەکان خۆیان کەرەسەیەکی گەرمایی بکڕن.

## ئازار و ئەزیەتی بنەماڵەی زیندانییە سیاسییەکان

بەڵنیاییەوە کاتی دەسبەسەرکردن و گرتنی زیندانییە سیاسییەکان، بنەماڵەکانیان لە رێگەی پەیامی تەلیفونی یان تەلیفون کردنەوە وریا دەکرێنەوە، ئەگەر بەهەر چەشنێک هەواڵی گرتنی رۆڵەکانیان بە مێدیایی بکرێ، دەگەڵ دامەزراوە ئەمنییەتییەکان رووبەڕوون.

یان مەعموورە ئەمنییەتییەکان بەبێ هیچ ئیزنێکی قانوونی بەسەر ماڵی خەڵکیدا دەدەن و وێڕای پشکنین و گەڕانی ماڵان، کەلوپەلی کەسێنی وەک لەب تاپ، گووشی موبایل و چەند کتێبێک رەگەڵ خۆیان دەبەن.

یان ئەوەی کایە بە بنەماڵەی زیندانییە سیاسییەکان دەکەن، بۆ وێنە جار نا جار پێیان دەڵێن ئەمڕۆ و سبەی لە سێدارەیان دەدەین، یان لە سێدارە دراون و یان لە سێدارە نەدراون.

لە ژمارە ٦٩١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

------------------------------------------------------

# رەوشی میدیا لە حکوومەتی ویلایەتی فەقیهی ئێراندا

**ئێحسان فەتاحی**

**و: تەهای رەحیمی**

بەبێ ئامرازی بەهێزی میدیایی و راگەیاندن کە بەجۆرێک لە جۆران کۆنترۆڵی چالاکیەکانی کۆمەڵگە دەکەن، وڵات ناتوانێ ژیانی دروست و بێ گرێوگۆڵی خۆی درێژە پێ بدا. پاش هاتنە سەرکاری حکوومەتە سەرەڕۆ و ئایدیۆلۆژیستەکان کە دەست دەخەنە هەموو یاسا و رێساکان و ئایدیۆلۆژی وەک ئامراز و خەڵک وەک کۆیلە بۆ مانی سیاسیی خۆیان بە کار دێنن، ژیانی میدیا و راگەیەنەکان و سلامەتی ئاشکراکردن و لەقاودرانی زانیارییەکانیش دەکەونە بەر مەترسی و دەتوانین بڵێین راگەیەنەکان لەو چەشنە حکوومەتانەدا یەکێک لە سەرەتاییترین ئامانجەکانن کە حکوومەتەکان هەوڵی لەباربردن و دەستەمۆکردنیان دەدەن.

لە ئێرانیشدا ئەو دەستەمۆکردنە بەهۆی نەبوونی پارت و لایەنی ئازاد و رێکخراوە کۆنترۆڵکەرەکان خێرا گۆڕێکی توندوتیژ بەخۆوە دەگرن و لە قۆناخە جۆراوجۆرە مێژووییەکانی ئەو وڵاتەدا، ئێمە بینەری داخرانی رۆژنامەکان و دەسبەسەرکران و کوژرانی رۆژنامەنووسە چالاک و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤین. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە دوو ماددەدا لە بەشی سێیەمی قانوونی راگەیاندنی ئێراندا روون کراوەتەوە "لە ئێراندا راگەیەنەکان دەتوانن بیروبۆچوون، رەخنەی بنیاتنەر، پێشنیار، شیکردنەوەکانی خەڵک و بەرپرسان بە لەبەر چاوگرتنی چوارچێوەی رێساکانی ئیسلام و بەرژەوەندیی کۆمەڵگە بڵاو بکەنەوە و بیخەنە بەر دید و رای گشتی و، هەروەها هیچ پلەدارێکی دەوڵەت و لە دەرەوەی دەوڵەتیش مافی ئەوەی نیە بۆ چاپی بابەت و یان وتارێک گوشار بخاتە سەر میدیاکان یان ئەوەی بیەوێ سانسۆڕ و کۆنترۆڵی راگەیەنەکان بکا"

رەوشی میدیا لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا لە هەواڵنێر و سینەما و کتێب و زانکۆکانەوە بگرە هەتا دامودەزگە پێوەندیدارە جیاوازەکانی دیکەوە زۆر کارەساتبارە.

بەگوێرەی راپۆرتی سەرچاوە هەواڵییە دەرەکییەکان، ئێران لە نێو ١٧٩ وڵاتی جیهاندا، خوارتر لە ئۆزبەکستان، سومالی و گینەی ئوستوایی، دەکەوێتە پلەی ١٦٩ەوە.

هەواڵنێرانی بێسنوور هەروەها دەڵێن سەرەڕای باشبوونی رێژەیی پێوەندییە دەرەکییەکانی ئێران، ئەو وڵاتە هێشتاش "یەکێکە لە سەرکوتکەرترین وڵاتانی بواری ئازادی راگەیاندن". لە راپۆرتی سالی رابردوودا، ئێران کەوتبووە پلەی ١٧١ەوە کە ئەمساڵ دوو پلە بەرزتر بۆتەوە.

## راپۆرتی ئیسنا بەبێ ئاماژە بە پلەی ئێران

## رەوشی ئازادی راگەیاندن خراپتر بووە

ئیسنا لە راپۆرتێکی تێروتەسەلدا و، بەبێ هێنانی ناوی ئێران دەنووسێ: رەوشی ئازادی راگەیاندن و میدیاکان لە جیهاندا بۆ ساڵی ٢٠١٥ خراپتر بووە. چین، سووریە، تورکەمەنستان، کورەی باکوور و ئێریتێرە لە پلەبەندی رێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنووردا، لە نێو ١٨٠ وڵاتدا، دەکەونە دوایین پلەکانەوە.

"کاتێک باسی پارەی نەوت یان پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگە دەکرێ و رەخنە لە دەوڵەت دەگیرێ، تۆمەتی سیخۆری و پیلانگێڕی بۆ رۆژنامەنووسان هەڵدەبەسترێ. هێزە ئەمنییەتییەکان، چ ئەوانەی لە بەشی میدیا و چ ئەوانەی لە دادگادا کار دەکەن، هەر بەپێی ئەو تۆمەتانە رۆژنامەنووسە سەربەخۆکان دەسبەر و زیندانی دەکەن و بە سەرکوتکردن لە ئاستەکانی خوارووی کۆمەڵگەدا بە چەشنێک درێژە بە شەڕی دەسەڵات لە ئاستەکانی سەروو دەدەن."

لە لایەکی دیکەوە حەسەن روحانی لە رۆژی میدیادا وتبووی: "قەڵەمی شکاو و زاری بەستراو چی پێدەکرێ؟ بە بیانووی پڕوپووچەوە قەڵەمەکان نەشکێنین، بە بیانووی سووک و بێبایەخەوە زارەکان گرێ نەدەین. لێگەڕێین ئەو کۆمەڵگەیە ئازادی هەبێ و لێگەڕێین ئازادیش بەرپرسانە بێ. ئەمڕۆ تەناهی و ئەمنییەت سەرەکیترین شتە بۆ ئێمە، بەڵام پێتان وانەبێ تەنیا بە چەک تەناهی بەدی دێ و، یان دەپارێزرێ، دیارە لە جێی خۆیدا چەکیش پێویستە. بەڵام قەلەم چی؟ بەڵام رادەربڕین چی؟ بەڵام فەرهەنگ؟"

لە لایەکی دیکەشەوە لاریجانی ئاشکرا ئاماژە بە روحانی دەکا و دەڵێ: "برای بەڕێز تۆ، بۆخۆت زارەکی و بەنووسین و لە رێگەی خەڵکی دیکەوە یان راستەوخۆ چەندین جارتان وتوە بۆ فڵانە رۆژنامەنووس یان فڵانە سایت وشیار ناکەنەوە، یان لای رێبەری گلەیی دەکەن بۆچی دەزگەی دادوەری فڵانە رۆژنامەی وریا نەکردۆتەوە.
بەڵام کاتێ دەگەنە لای خەڵکی رۆژنامەنووس و میدیاکار، دەنگ بۆ ئازادی میدیاکان هەڵدەبڕن و دەڵێن قەڵەمەکان مەشکێنن و زارەکان مەبەستن!"

ئەوە لێدوانە دووڕوویانانەی رێبەرانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران نیشاندەری ناکارامەیی و پاکانەکردنی ئەوانە لە کۆڕ و کۆمەڵە گشتییەکاندا.

سەرەڕای ئەوەی روحانی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی دا بە خەڵک کە من سەرهەنگ نیم، بەڵکوو مافناسم، بەڵام بەگوێرەی ئاماری رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ زیاترین ئامار و رێژەی ئیعدام و گرتنی هەواڵنێران و باشنەبوونی میدیاکان لە سەردەمی سەرکۆماری روحانیدا رووی داوە.

ئەوانەی دەڵێن ئازادی رادەربڕین ئاستی تەناهی نەتەوەیی دادەبەزێنێ، هیچ وا نیە. هەر کاتێ بینەری "بەهاری تاران" بووین، دیتوومانە سەرپێچی و گەندەڵی ئابووری و... کەم بۆتەوە، بەڵام هەر کاتێ کەشی میدیاکان، هەوایەکی تاڵ دایدەگرێ، گەندەڵیش پەرە دەگرێ.

بەناوبانگە کە دەڵێن: "ئەزموونی مرۆیی نیشانی داوە کە چەمکی ئازادی سیاسی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بەگوێرەی دۆخی دژبەران و رەخنەگرانەوە پێناسە دەکرێ. بە چەشنێک دەتوانین بڵێین ئازادی واتا ئازادیی دژبەران".

بە پێی ئەو تێگەیشتنە، پرسیارێک لای هەموومان سەرهەڵدەدا کە "ئازادیی راگەیاندن" لە کۆمەڵگەی هەنووکەیی ئێمەدا چ بارودۆخێکی هەیە؟ کە هەمان ئەو پرسیارەیە نووسەری ئەو وتارە خۆی لە وڵامەکەی دەپارێزێ!

لە ژمارە ٦٩٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

---------------------------------------------------

## مێژوویەکی پڕ لە گومان و ئوستوورەیەکی ئەفسانەیی

پێوەندی ئوستوورە، ناسیونالیزم و دواجار نەتەوە و پاشان دەولەوت ـ نەتەوە، پێوەندییەکی چڕوپڕ و بەرانبەرە، واتە ناسیونالیزم ناتوانێ بەبێ ئوستوورەیەکی ئەفسانەیی و بانئاسایی، ناسیونالیزمێکی راوەستاو و خۆبەزلزان بێ، چونکی دەبێ ئەو چەمکە بە توخمی بەهێزی نێو ژیان و سەربوردەی پێکهاتەیەکی دیاریکراو و بەتایبەت ئوستوورەیەکی ئەفسانەیی کە هەمیشە نەوەکانی دوای خۆی، ئاواتی بۆ بخوازنەوە پشتئەستوور بکرێ. هەروەها

ئەوە ناسیونالیزمێکی بەبڕشتە کە دەتوانێ چین و گرووپە جیاوازەکانی نەتەوەیەک لێک کۆبکاتەوە و لەگەڵ کەمڕەنگ کردنەوەی جیاوازییە وردەکان، هاوبەشی و خەیاڵ و خولیای گەورەتر و هاوبەش دروست بکا. کە نەتەوە بە گرێیەکی قایم و قوڵی ناسیونالیزمێکی وەها لێک قایم کرا، ئیدی فکر و بیری خەمخۆرانی نەتەوە دیاریکراوەکە ئاسودە دەبێ.

لە رۆژمێری خەڵکی ئێران و بەتایبەت قەومی فارس‌دا رۆژی حەوتی خەزەڵوەر بە ناوی رۆژی کوروش ناو نراوە، کە دەوترێ بەرانبەرە بە رێکەوتی داگیرکردنی بابێل بە دەستی کوروش. کوروش ئەو کەسایەتی‌یەی کە رەزاشای پەهلەوی لە پێناو دروستی کردنی وڵاتێکی تاک نەتەوەیی و یەکدەست کردن و، بەکورتی بە فارسکردنی هەموو پێکهاتەکانی سنووری "ممالک محروسە" لە ژێر تەپوتۆزی هەزاران ساڵی رابردووی نادیاردا دۆزییەوە و، بە چاولێکەریی ئیمپراتۆرەکانی سەدەکانی پێشوو هەم بناخەی پاشایەتی خۆی پێوە بەستەوە و هەمیش درێژە و مانەوەی دەسەڵاتی خۆی بە دەسەڵاتە رازاوە و جوانکاریکراوەکەی ئەو لە قەڵەم دا و، هەمیش لە رێگەی سیستمی پەروەردە و تیۆریسێنەکانی خۆیەوە کە ئورووپادیتوو بوون و لە نێو رووداوەکانی پاش شەڕە جیهانی‌یەکان و هەڵخڕانی کەفوکوڵە نەتەوەییەکاندا قاڵ ببوونەوە و دڵیان بۆ یەکدەستکردن و تواندنەوەی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی دیکە لە پێناس و فەرهەنگ و زمانی فارس‌دا لەفڕین بوو کە لەو کات و ساتەدا چ لە نێوخۆی ئێران و چ لە دەرەوە کاریان بۆ دامەزراندنی بناخەی دەوڵەتێکی تاک نەتەوەیی دەکرد، لە رێگەی چەند بڵاوکراوەیەکەوە کوروشیان وەک کەسایەتی‌یەکی ئەفسانەیی، پاڵەوان و رزگاریدەری قۆناخە تاریکەکانی سەردەمی ئیمپراتۆرییە کۆنەکان ناساند و بەتایبەت سەردەمی کوروشیان کە تەنیا چەند بەردەنووسێکی لێ بەجێ ماوە وەک قۆناخی زێڕین و سەردەمی ژیانی بەرزی ژیانی مرۆڤ لەو دەڤەرە رەنگاند، کە هەتا دەگاتە ئەمڕۆ چ دەزگەی پاشایەتی و چ دامودەزگەی کۆماری ئیسلامی بە شێوازی جۆراوجۆر لە گەورەکردنەوە و خەون دیتن بەو سەردەمەوە نەوەستاون. شای پەهلەوی و دەزگای چاپ و پەخشی دەسەڵاتە ناوەندییەکان دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی دەیان و سەدان وتار و هەروەها راسپێردراوان دەستیان کرد بە نووسینەوەی مێژوو و وەرگێڕانی دەیان کتێبی مێژوویی، وەک بەرهەمی مێژوونووسە مەزنەکانی یونانی کۆن. هێڵی سیاسیی هەموو ئەو چالاکی‌یانە تەنیا شتێک بوون، ئەویش بەلارێدا بردنی مێژووی راستەقینەی خەڵکی ژێر دەسەڵاتی شایەنشای پەهلەوی و، کەمڕەنگ کردن و لە بایەخ خستنی ئوستوورە و شانازییەکانی نەتەوەکانی دیکە و تۆماری هەموو سەرکەوتن و پێشکەوتن و داهێنانەکان بەناوی نەتەوەی فارس و، ئاراستەی بیری خەڵک بۆ نۆستالۆژی دەسەڵاتی هەخامنشی‌یەکان کە کوروش دامەزرێنەری بووە. پرۆژەی بەفارسکردنی نەتەوەکانی نێو چوارچێوەی دەسەڵاتی پادشایەتی، تەنیا بە فەوتاندن و تواندنەوەی نەتەوەکانی دیکە بەئاکام دەگەیشت، بۆیە رەزاشا لە شۆڕشی بەناو فەرهەنگی‌دا تەنانەت جلوبەرگی خەڵکی دیکەی غیرەفارسی قەدەخە کرد، کە کوردستان لەم بارەشەوە خاوەن داستان و چیرۆکی خۆڕاگرییە. کەسایەتی کوروش لە دەقە فارسی‌یەکاندا هێند گەورە کرایەوە و دەکرێتەوە، تەنانەت خۆ لە ئاستی

پێغەمبەرانیش دەدا. پرۆژەی گەورەکردنەوەی کوروش و سڕینەوەی پاڵەوان و ئوستوورە نەتەوەییەکانی نەتەوەکانی دیکە بەبێ پسانەوە سەرەڕای بانگەشەی کۆماری ئیسلامی بۆ شووناسی ئیسلامی خەڵکی چوارچێوەی ئێران، درێژەی کێشا. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەپێی بارودۆخ توانیویەتی زۆرباش وزە و پوتانسییەلە شاراوەکانی هەناوی کۆمەڵگە بە ئاراستەی دابینکردنی ئامانجەکانی خۆی بخاتەگەڕ. لە حاڵێکدا هەتا ئێستاش سیاسەتی رێژیم هەناردەی شۆڕشی بەناوی ئیسلامی خۆیەتی، بەڵام لەگەڵ قووڵبوونەوە و ئاڵۆزبوون و سەرهەڵدانی قەیرانەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین و هەرچی زیاتر لێکدژبوونی بەرژەوەندییەکانی رێژیم لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەت هاوپەیمانانی عەرەبستان، لە رێگەی جۆراوجۆرەوە هەوڵ دەدرێ کاراکتێرە زەینیەیە مێژووییەکان دە بیر و هزری خەڵکدا، بەتایبەت چینی هێژمۆنگەرادا گەشە بکا و هەروەها هەستی نیشتمانپارێزی خەڵک بۆ درێژەدان بە کردەوەکانی لە ناوچەکەدا زیاتر هەڵخرێنێ. بەتایبەتیش کە ماوەیەکە لە نێو خودی بەدەنەی رێژیمدا رەخنە لە سیاسەتی سیستم لە سوریە و یەمەن و عێراق و... دەبیسترێ، بەو رادەیەش مەیدان بۆ پەرەگرتنی هێژمۆنگەرایی ئاوەڵا دەکرێ. دیارە خودی کۆمەڵگەش لە هەناوی خۆیدا هەڵگری ئەو توخمە هێژمۆنگەرایانەیە. ئەگەر چاوێک بە هەواڵ و رووداوەکانی ئەو چەند ساڵەی رابردووی کۆمەڵگە و تەنانەت کۆمەڵگەی رووناکبیری ئێرانیشدا لەمبارەیەوە بخشێنین، کەم نین ئەو سووکایەتیانەی بە نەتەوە نافارسەکان کراوە و هەروەها بەشێکی زۆری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی نێوخۆ بە روونی دەرخەری بەرزبوونەوەی هەستی خۆبەزلزانیی خەڵکی ئێرانە لە ژێر توخمە ناسیۆنالیستیەکانی نەتەوەی فارسدا.

حەوتی خەزەلوەری ئەمساڵ شایەدی کۆبوونەوەیەکی بەرینی خەڵکێک بووین کە دوو دەسەڵاتی لێک دژ، کاریان بۆ سازکردنی کردوە، خەڵکێک کە دروشمە هێژمۆنیخوازەکانیان نیشاندەری هرز و بیری خاوەن پرۆژەکانی دوێنێ و ئێستای ئەو ئوستوورەیەن. لە حاڵێکدا بە دەبدەبە و کەبکەبەکەیکی زۆرەوە ناوی کوروش و یادەکەی دەخرێتە بیر و هزری ئەو نەتەوەیەی سیستمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی هەوڵی دروستکردنی دەدا، دروشمەکانی ئامادەبووانی سەر گۆڕی کوروش، پڕن لە نادادپەروەری، سووکایەتی، خۆبەزلزانی و پێکهەڵنەکەری و...

لە نێو ئەو ئاپۆرایەدا بینەری چەند تاکێکی سەر بە نەتەوە نافارسەکانیش بووین، بەتایبەت چەند کوردێک بووین کە بە جلوبەرگی کوردییەوە ئامادە بوون، کە لەوانەیە بکرێ ئەو چەند کەسە وەک بەرهەمی شۆرانەوەی هزری و تێخزاندنی تیۆری بەفارس کردن ناوزەد بکرێن.

لە ژمارە ٦٩٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

## سیستمی نائەمنی گواستنەوە و ڕێگەوبانی ئێران

ڕێگەوبان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکی‌یەکانی پێشخستنی کۆمەڵگە و، دەستەوەگرتن بە کات لە ڕێگەی سیستمێکی گوازتنەوەی ڕێکوپێک و ئامێر و ئامرازی ڕەخت و پوخت دەبێتە هۆی ئەوەی کە کاروبارەکان بەخێرایی بچنە پێش و پێداویستی‌یەکانی وڵات لە دوورەدەستترین ناوچەکانەوە بۆ نزیکترین دەڤەرەکان زوو بە زوو دابین بکرێن و ئۆرگان و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی بەڕێوەبەری پەکیان نەکەوێ. بەستنەوەی ناوەند و ڕێکخراوە هەمەچەشنەکان لە ڕێگەی تۆڕێکی ئەمین و کەم‌مەترسی بۆ دامەزراندنی پێوەندییەکی چڕوپڕ لە پێناو ئاڵوگۆڕی بازرگانی و دابینی پێویستی‌یەکان و گەیاندنی کەلوپەلە بازرگانی‌یەکان و کەم کردنەوەی مەودای نێوان شار و ناوچە جۆراوجۆرەکان پێویستی‌یەکی هەنووکەیی کۆمەڵگەی مرۆییە. گرێدانی مەڵبەندە بازرگانی و ئیداری و بە گشتی جوگرافیا جۆراوجۆرەکان لە ڕێگەی ڕێگەوبان، هێڵی شەمەندەفەر، ڕێگەی دەریایی و ڕێگەی ئاسمانی‌یەوە مەیسەر دەبێ و وڵاتان بەگوێرەی هەڵکەوتوویی جوگرافیایی گرنگی بەو چەند شێوازەی پێکەوە گرێدانە دەدەن. بەهۆی گرنگی پێکەوەبەستنەوەی شوێنەکان و هەروەها هامووشۆی مرۆیی، وڵاتان بایەخێکی تایبەت بە ئەمین بوون و ئەمنییەتی بەشە جۆراوجۆرەکانی تۆڕەکانی پێکەوەبەستنەوە و پێوەندیی گشتی دەدەن. پرسی ئەمنییەتی هێڵەکانی گواستنەوە، وەک پرسێکی پێوەندیدار بە بواری ئاسایشی نەتەوەییەوە چاو لێدەکرێن و هەر بۆیە دەبینین لە وڵاتانی دنیا گرنگی‌یەکی زۆر بە ئەمین بوونی ڕێگەوبان و هێڵەکانی شەمەندەفەڕ و مودێرن بوون و کەم مەترسیدار بوونی ئامێر و ئامرازەکانی گواستنەوە دەدرێ. وڵاتان ساڵانە و بەگوێرەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا هەوڵی تازەکردنەوەی سیستمی گواستنەوە و کەرەستەکانی دەدەن، کەچی لە ئێران بەهۆی کەمتەرخەمی و ناستانداردبوونی کەرەستەکانی گواستنەوە و پێڕانەگەشتن بە سیستمی گواستنەوە بەگوێرەی پێویست جادە و ڕێگەوبانەکانی بە جادەی مەرگ ناویان دەرکردوە و ڕووداوەکان ڕۆژانە قوربانیان لێدەکەوێتەوە و لەو بوارەشدا لە ڕیزبەندییە جیهانی‌یەکاندا ناوی ئێران دەکەوێتە پلەکانی سەرەتاوە. هەروەها ئەگەرچی هێڵی شەمەندەفەڕ لە جیهاندا بە هێڵێکی کەم مەترسیدارتر دەناسرێ و مودێلی ئیدەئاڵی سەفەر و گواستنەوەیە، بەڵام ئەمەش لەو وڵاتەدا پێچەوانەیە، خۆپێکدادانی شەمەندەفەڕ و دەرچوون لە هێڵی ئاسن لە چاو کەم بوونی ئەو خزمەتگوزارییە لە ئێران دیسان لە ڕیزبەندی نائەمین بووندا ناوی ئەو وڵاتە دەخاتە ترۆپکەوە. هێڵی ئاسمانیش کە حاشای لێ ناکرێ بەهۆی کۆنی و لەکەڵک کەوتوویی کەلوپەل و ئامرازەکانی گواستنەوەی ئەو بەشە یەکێکە لە نائەمنترین هێڵە ئاسمانییەکانی جیهان، کە هەمووی ئەوانەش بەرهەمی نابەرپرس بوونی سیستم و ئاکام و بەرهەمی سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیم و نەسپاردنی کار بە کارزان و باندبازییە.

بەهۆی هەڵکەوتوویی جوگرافیایی ئێران، ئەو وڵاتە بووە بە چوارڕێیانێک بۆ گەیشتنەوەی وشکارۆکانی ئورووپا و ئاسیا بەیەک و هەروەها بەستنەوەی وڵاتانی ئاسیای بچووک و نێوەڕاست بە ئاوە ئازادەکانەوە، هەر بۆیە ماددە خاوەکانی سەرچاوە ژێرژەوەییەکانی وڵاتانی هەندێک لە وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست و وڵاتانی دراوسێی ئێران بە جادەوبانەکانی ئێراندا دەگەنە کەنداو و لەوێوە بەرێ ناوەندە پیشەییەکانی جیهانی دەکرێن. ئامێرە بارهەڵگرەکان چەند هێندەی دیکە جادە و بانە ناستاندارەکانی ئێران قەرەباڵغتر دەکەن و تێچووی گیانی و مادی خەڵکی نێو جادە و دانیشتووی نزیک جادەکان دەبەنەسەر. ئاماری خوێپێکدادانی جادەیی، بە پاڵ دیاردە جۆراوجۆرە زیانبارەکانی دیکەوە کارەساتێکن بۆ گیانی خەڵک و دەگەڵ ناستانداردی ڕێگەوبان، ناستانداردی ماشێن و کەرەستەکانی گواستنەوە چەند هێندەی دیکە ریسکی هەنگاونان لە ڕێگەوبانەکاندا بەرز دەکەنەوە. رۆژ و کات و ساتێک شک نابەین پێکدادنێکی جادەیی تۆمار نەکرێ و کارەساتێکی دیکە بە ژیانی خەڵکەوە زیاد نەبێ، رۆژنامە و میدیا نیە رۆژانە سەردێری هەواڵەکانی بێ باس لەو ڕووداوانە تێپەڕێ، بەجۆریک بووە بە شتێکی ئاسایی لای کۆمەڵگە. زۆربەی ئەو کەرەستانەی لە نێوخۆی وڵات بۆ رکابەری بەرهەمە دەرەکی‌یەکانی داگیرکردنی بازاری وڵات دەخرێنە بازارەوە، بەهۆی بێکەڵک بوون و رەچاونەکردنی ستاندارده جیهانی‌یەکان، بە "تنظیم خانوادە" لە لایەن خەڵکەوە ناوزەد دەکرێن. دیارە هەروەک ئاشکرایە، زۆربەی کارگە و شوێنە بەرهەمهێنەرەکانیش دە دەستی باندە پاوانخوازەکان و زیاتریش سپای پاسداران دایە و، دەیان کۆمپانیای سەر بە سپاش لە چوارگۆشەی ئێران بە کاری ڕێگەوبانەوە خەریکین و، لەو کارانەشدا تەنیا وەرگرتنی بودجەکەیان لەبەر چاوە و زۆربەی پرۆژەکان بە سەقەتی و بەدوور لە ستانداردەکان ئەنجام دەدەن، کە دواجار ئەو کارەساتانەی بۆ خەڵک لێدەکەوێتەوە.

لە ئێران رێژەی بەرچاو و بەرزی پێکدادانی جادەیی، ڕووداوە کارەساتبارەکانی پێوەندیدار بە هێڵی شەمەندەفەڕی خستۆتە ژێر سێبەری خۆیەوە، لە حاڵێکدا زیاتر لە دوازدە ناوەندی پارێزگەی ئێران هێشتاش بێبەشن لە هێڵی شەمەندەفەڕ و، پشکی خەڵکی ئێران لە سەفەرکردن و بەکاری هێنانی ئەو هێڵە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی خۆیان لە چاو وڵاتانی جیهان و تەنانەت ناوچەکەش زۆر کەمترە، بەڵام هەر جارێک تووشی ڕووداوێک لەو بەشەدا دەبین، نارێکوپێکی سیستمی ئەو بەشە و دامودەزگە پێوەندیدارەکانی ئەم بوارە بەڕوونی دەردەکەوێ. دوایین ڕووداوی پێکدادانی شەمەندەفەڕ کە تێیدا نزیک بە پەنجا کەس قوربانی بوون، لە هێڵی ئاسنی تەورێز مەشهەد ڕووی دا و، دەرەنگ گەیشتنی بەرگری شارستانی و کەمتەرخەمی بەرپرسانی ئەو بوارە دەنگی خەڵک و تێچووی گیانی ئەو کارەساتەی بەرز کردەوە.

لەم بوارەشدا هەروەک زۆربەی نەهامەتی‌یەکانی دیکەی کە بەسەر خەڵکی ئێران دێ، کوردستان پشکی شێری بەردەکەوێ. سەرەڕای خراپبوونی ڕێگەوبان و شاخاوی بوونی جوگرافیای کوردستان، هەنووکە بۆتە ڕێگە گواستنەوەی نەوتی باشووری کوردستانیش. نەوتی باشووری کوردستان کە لە ڕێگەی بارهەڵگرەکانەوەی بە خاکی

ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕەوانەی باشووری ئێران دەکرێ، بەڵام کەمتەرخەمی و پێڕانەگەیشتن و تەرخان نەکردنی بوودجە بۆ ڕێگەوبانەکانی کوردستان، کارەساتەکەی بەهۆی قەرەباڵغی ئەو ڕێگەیانە کە بارهەڵگرەکانی پێدا تێدەپەڕێ چەند هێندە بەرز کردۆتەوە و، زیانە گیانی و ماددییەکانی ئەو خەڵکەی بەسەر ئەو ڕێگەیانەوەن گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی و زۆر لەمێژ نییە شایەدی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕینی هێمنانە و ئارامی خەڵکی شارەکانی مەریوان و پیرانشار بووین بۆ پێڕاگەیشتن بە ڕێگەوبانی ناوچەکە.

دوایین ئاماری پێکدادانە جادەییەکانی پارێزگەی ورمێ نیشان دەدا لە هەشتی مانگی ساڵی ڕابردوودا هەشتەت سەد کەس بوونەتە قوربانی، کە زیاتری پێکدادانەکان لە ناوچەکانی باشووری پارێزگەکە ڕوویان داوە. ئامارێک کە ئەگەر دەگەڵ شەڕە نێوخۆییەکانی وڵاتانی ناوچەکەی هەڵسەنگێنین، ڕووی ئەو شەڕانەش سپی دەکاتەوە. بەڵێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا بۆ کارەسات و قوربانی لە چوارچێوەی سیستمی کۆماری ئیسلامیدا پلە یەکەمەکان بەدەست دێنێ.

لە ژمارە ٦٩٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠١٦

-----------------------------------------------------

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٧ - ٢٠١٨ - ٢٠١٩

---------------------------------------------

## دۆخی نالەباری ژینگەیی ئێران و هاواری پەنگخواردووی جەماوەر

لە حاڵێکدا ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین، قۆناغێکی هەستیار و ئاڵۆز و یەکلاکەرەوە تێپەڕ دەکا، هەندێک وڵاتان بە بارمتەگرتنی ئاراستەی گۆڕانکارییەکان، هەوڵی پاراستنی دۆخی ئارایی دەدەن و بە بلوکبەندی و تێوەگلاندنی وڵاتان و گەلان و ئایین و ئایینزاکان دەیانەوێ بەستێنی گۆڕانکارییەکان بگرنەدەست و بە ویست وبە پێی ئایدیۆلۆژیای خۆیان ئاڵۆگۆڕەکان تێپەڕێنن و گرەنتی هێژمۆنی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا مسۆگەر بکەن و خەون بە ئیمپراتۆری و دەسەڵاتە ملهوڕەکانی مێژووە دەبینن. یەکێک لەو وڵاتانەی کە سەردەمێکی زۆرە بووەتە نەک هەر کێشە بۆ ناوچەکە و گەلانی چوارچێوەی سیاسی خۆی، بەڵکوو بە پێچەوانەی ویستی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش هەڵسوکەوت دەکا و لەم سۆنگەیەوە خەڵکی وڵاتەکەی تووشی فەقیری و هەژاری و دواکەوتوویی کردوە، ئێرانە.
ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەی خاوەن سامان و سەرچاوەی بەنرخی ئابووری و هەوڵکەوتەی بەهێزی جوگرافی، ئێرانێک کە سەرەڕای هەبوونی هێزێکی مرۆیی و پوتانسییەلێکی ناوازە و حەشیمەتێکی گەنج، هەنووکە بەهۆی بەڕێوەبەری نادروست و زاڵبوونی سیستمێکی پاوانخواز و دواکەوتوو، بە دەسەڵاتی سەدە ناڤینی ناوی دەرکردوە، هاوهەنگاو دەگەڵ ئەو شەپۆلە گۆڕانکارییەی ناوچەکەی هەڵیگرتووە، لە نێوەوەی خۆیدا دەکوڵێ و هاواری پەنگ خواردووی گەلانی ژێردەست لەو وڵاتە هەر دەم زیاتر لە تەقینەوەی جەماوەری نزیک دەبێتەوە. نزیک بە چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەگەڵ ناشیرین کردنی ناوی ئێران بۆ بیروڕای گشتیی جیهانی، دە باڵ خۆیدا زیاترین هەڵاواردن و ستەمی دەرهەق بە نەتەوە بندەستەکان پێڕەو کردوە، ئەو نەتەوانەی لە سەرەتاییترین مافە مرۆییەکان بێبەش کردوە و، ناوچە و نیشتمانی نەتەوە بندەستەکان تەنیا سەرچاوەیەکن بۆ دابین کردنی کەرەسەی خاوی کارگە و پیشەسازی ناوەند و هەڵێنجان و تاڵانی سامان و سەرچاوە ژینگەیی و ژێرزەوییەکانیان بۆ دابین کردنی تێچووی سیاسەتە چەوت و دروستکردن و تەیارکردنی گرووپ و میلیشیای سەر بە ویلایەتی فەقیهـ لە جیهان و بە تایبەت ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤینە. رووتاندنەوەی دەرودەشت و شاخ و هەردی نیشتمان، دادڕینی چیا و دۆڵ و شیو، هەڵکەندنی پێدەشت و گۆڕاییەکان، هەمووی و هەمووی تەنیا بۆ دەست خستنی هەرچی زیاتری دراو و

دارایی زیاتر لە پێناو بەهێزکردنی دامودەزگاکانی سەر بە ویلایەتی فەقیهـ و بەتایبەتی سپای پاسداران و ناوەندە ئەمنییەتەکان بووە، دەگەڵ ئەوەشدا بە بێگانە روانین لەو کەوشەن و نیشتمانە و ئاوەدانەکردنەوەی ئەو ناوچانە و پێکنەهێنانی دەرفەتی کار و ژیان لەو هەرێمانە، بووەتە هۆی ئەوەی زۆربەی خەڵک بۆ دەستخستنی بژێوی ژیان، یان روو لە ناوەند بکەن، یان ئەوەی ئەوانیش هاوکات دەگەڵ پرۆژە وێرانکەرەکانی دەسەڵات ژینگەی ناوچەکان هێندی دیکەش تێک بدەن و ئێستا بە کردەوە، هاوکات دەگەڵ تێکچوونی باری کەش وهەوای جیهانی ژیان لەو ناوچانە سەخت و ئەستەم بێ و سەرباری ئەوەش نەبوونی خزمەتگوزارییەکی شایانی پشت پێ بەستن، هێندی دیکە ژیانی ئاسایی پەک بخا. ناوچە عەرەبی‌یەکانی ناو چوارچێوەی ئێران کە زیاتر خۆیان لە باشووری رۆژاوا و بەتایبەت خوزستاندا دەبیننەوە، بەهۆی بوونی نەوت و سەرچاوەی بەکەڵکی دیکە، بەر لەو رێژیمەش کەوتوەتە ژێر چەقۆ و، سەرەڕای ئەوەی کە وەک نامەحرەم لەو چوارچێوە سیاسی‌یەدا وەک زۆربەی گەلانی دیکەی بندەست لێیان دەڕوانرێ، دەکرێ بڵێین دەگەڵ گەلی کورد لە رۆژهەڵات بەشی شێری وێرانکاریی شەڕی ماڵوێرانکەری هەشت ساڵەی ئێران و عێراقیان بەر کەوت، کە لە سایەسەری دروشمە خەیاڵاوییەکانی رێژیم و رێبەرانییەوە دوورودرێژ کرایەوە. ئەو گەلە و تێکڕای گەلە بندەستەکانی دیکەی ئێران بێبەش نەبوون لە سیاسەتی تواندنەوە و بێبەش کردن و هەڵاواردن، هەرکاتیش دەنگی نارەزایەتییان بەرز کردبێتەوە، وەک هەمیشە رێژیم دەگەڵ داتاشینی دوژمنی دەرەکی و هاندانیان لە لایەن نەیارانەوە، قسە و قسەڵۆکی بێ مانا و منداڵۆچکانەیان کردوەتە بیانووی بەرزبوونەوەی هاواری یەکسانیخوازی ئەوان و بە زیاتر ئەمنییەتی کردنی ناوچەکانیان، هەرچی زیاتر رەنگی ژیان و ئاوەدانی‌یان لێ سڕیونەتەوە و ناکارامەیی و سیاسەتە هەڵەکانی خۆیانیان بە کرداری خەڵک پینە و پەڕۆ کردوە. دەگەڵ هەموو ئەو نەهامەتییانەی لە سایە سەری دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهەوە تووشی خەڵکی ئێران بووە، پرۆژە زێدەخوازانە ئابوورییەکانی ئەو وڵاتانەی سەرچاوە ئاوییەکانی رۆژهەڵاتی ناڤینیان لێوە سەرچاوە دەگرێ و هەروەها ئاڵوگۆڕ و ئاڵۆزی و پشێوی و پێکدادانە دوانەهاتووەکانی دراوسێکانی وەک عێراق کە رووبەرێکی زۆری بیابان و بیڕوونە، دانیشتووانی رۆژاوا و باکووری رۆژاوای چەند هێندەی دیکە تووشی نەهامەتی کردوە. چەند ساڵە شارە کوردی و عەرەبییەکانی رۆژهەڵاتی ئێران، ساڵانە تووشی تۆز و خۆڵ و کەشوهەوایەکی نالەبار دێن کە زیاترین زەرەر و زیان بە مرۆڤ و بەگشتی ژیان و بوونەوەرانی ئەو ناوچانە دەگەیەنێ. دەگەڵ ئەوەی چارەسەری ئەو کێشەیە هاوهەنگاوی ناوچەیی و جیهانی پێویستە، بەڵام کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵاتدا هیچ هەنگاوێکی کردەیی بۆ بەرەنگاری ئەو گرفتارییە ژینگەیی‌یە نەناوە، بەڵکوو دەکرێ بڵێین خۆی هاندەر و فاکتەری سەرەکی زۆربەی ئەو ئاژاوە و درێژەکێشانی بارودۆخی نالەباری سیاسی و ئەمنییەتی ناوچەکەیە. کەچی بەرپرسە بەناو ئایینی‌یەکانی وڵات هۆکاری بانئاسایی و رەفتاری و ئایینی بۆ ئەو کێشانە دەدۆزنەوە و بە هێنانەوەی بیانووی پڕوپووچ و قسەی حەلەق مەلەق لە تریبۆنەکانیانەوە خەڵک و گوێڕایەڵ نەبوونیان بە دەسەڵاتی ویلایەت فەقیهەوە دەکەنە سەرچاوەی دروستبوونی ئەو کێشانە. هاوکات دەگەڵ سەرکوتی رێژیم زۆرێک لە لایەنە بەناو ئۆپۆزیسیۆنە هەندەران نشینەکانیش بە هاوگوتاری کۆماری ئیسلامی لە جیاتی قسە

لەسەر چارەسەری کێشە و ئاریشەی دانیشتووانی ناوچە بێبەشەکان، مۆرکی جیاییخوازی لە هەر چەشنە ناڕەزایەتییەکی خەڵک دەدەن و زیاتر فیکر و خەیاڵی یەکپارچەیی وڵاتێکی هەمەڕەنگی پڕ لە هەڵاواردنی ئێران، ئارا و قارای لێهەڵگرتوون و بوونەتە تریبوونی بیانووە پێکەنیناوییەکانی سەرکردە ناڵێهاتووەکانی کۆماری ئیسلامی بە چەشنێکی دیکە. لە حاڵێکدا بۆ بە یەکپارچەهێشتنەوەی سنوورێک و پێکهاتەیەک، تەنیا ڕەچاوکردنی مافە مرۆیی و بایەخە بەرزە گشت پەسندەکان و دروستکردنی بەرژەوەندی هاوبەش پێویستە نەک، زاڵکردنی ترس و تۆقاندن و کۆڵەوارکردن و کاول کردنی بەشێک لە وڵات.

لە ژمارە ٦٩٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٧

-----------------------------------------------------------

## ناسیۆناڵیزم لە گوتاری بزاڤی رزگاریخوازییەوە هەتا کۆمەڵگە

ناسنامەی کوردبوون دەگەڵ ئەوەی بە درێژایی مێژوو خۆی پاراستووە و، لە ژێر هێژمۆنیی توخمە نەتەوەیی‌یە دەسکردەکانی داگیرکەرانی کوردستاندا نەچەماوەتەوە، بەڵام دەگەڵ ئەو بەربەرەکانییە چڕ و دشوارەشدا بۆ مانەوە، لە بنەوان و سەرەوانیشدا تووشی کلۆڵی هاتوە. دیارە لەم خەسارەی کە پێی گەیشتووە، تەنیا تاک و کۆمەڵگەی کوردی بەرپرسیار نییە، بەڵکوو بزاڤی کوردی لە هەر چوارپارچەکە کە وەک پێشەنگ و ڕێنوێن ئاراستە و ئاقاری سیاسی خۆیان نواندوە بەرپرسیارییەتێکی زۆریان لە سەر شانە.

سەرهەڵدانەکانی کورد لە پارچەکانی کوردستان بەهۆی گەشەنەسەندوویی و ئایینی‌بوونی کۆمەڵگە کە زیاتریش لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم لەسەر دەستی پیاوە ئایینییەکان هەڵگیرساوە زۆر جاران توخمی عەشیرەیی و ئایینی باڵی بەسەردا کێشاون و، ڕوحی یەکگرتووی نەتەوەیی لێ کز کردوون، هەر ئەوەش وای کردوە تا بزاڤ و سەرهەڵدانەکانی کورد بەو شێوەیەی دەبووا ببن، گشتگیر نەبن.

لە سەدەی بیستەمدا کە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و یەک لەوانیش کۆمەڵگەی کوردی ئاشنا بە دیاردەی حیزبایەتی و ڕێکخستن دەبن و دواشەپۆلەکانی دەوڵەت - نەتەوە ڕوو لە ڕۆژهەڵات دەکەن، لە پارچەکانی کوردستان پێکهاتەی نوێ لە چەشنی حیزب سەرهەڵدەدەن و قۆناخی عەشیرەیی و ئایینی لەسەر بزاڤ تا ڕادەیەکی

زۆر دەرەوێـتەوە. بەڵام دەگەڵ ئەوەشدا خەون و داخوازییەکـانی کـورد وەک نەتەوە چ لە درووشـم و چ لە زەینــی تاکی کورددا تووشی دابەزین دەبێ. هەر بۆیە بەدوای ئەم قۆنـاخە لە ژیـانی سیاسیی کۆمەڵگەی کورددا، پێناسی کوردبـوون تـاڕادەی ئێرانـی و عێراقـی و تـورکی و سووری دادەبەزێ و، هەتـا ئێسـتاش زەینـی تـاکی کـورد زیـاتر ڕووخسار و بیرکردنەوەیەکی داگیرکارانە داگیری کردوە هەتـا، بیریێکی ئازادیخوازانە و شۆڕشگێڕانە. دیارە ئەوە بە واتای خۆبەدەستەوەدان و داتەکینەوە لە شوناسی سەرەکی نیە، بەڵام شوناسی سەرەکی لەو قۆناخەدا دەکەوێتە ژێر شوناسی داگیرکـارانەوە و، تەنـانەت چەشنێک ڕەشبینی و بە کەمزانینـی کوردی پارچەکـانی دیکە لە زینی تـاکی کـورددا چەکەرەی پێدەکـرێ؛ئەمە لە کاتێـکدایە کە پـێش ئەو قۆنـاخە پێنـاسی کـوردی پـارچەیەک بـۆ پـارچە داگیرکراووەکەی تەنیشتی، کوردستانی ئەودیو، یان گەرمێن بووە هەتا پێناسێکی داگیرکەرانە.

ئەم ڕەوتەی بە ئێرانـی و تـورک و... بـوونەی کـورد پـاش ئەوەی بیـری یەک دەوڵەت یەک نەتەوەیـی لای ڕەزا میرپەنجی قەزاق لە ئێران و مستەفا کەماڵ لە تـورکیە و سـەردەمی گرفەی ناسیۆنالیزمی عەرەبـی لە نـاوچەکەدا زیـاتر ڕیشـە دادەکـوتێ و دۆشـداماوی و شکسـتە پەیتـا پەیتاکـانی بـزووتنەوەی کـورد لە بەشـە داگیرکراوەکـانی کوردستانـدا، هێندەی دیکە روحی کوردبـوون کزتـر دەکەن و پێناسی داگیـرکەران لای تـاکی کـورد بەهێزتـر دەکەن، هەتـا کۆتـایی سـەدەی بیسـتەمیش ڕەوتەکە بەسـتێنێکی ڕوو لە پاشەکشـەی ئەو ناسیونالیزمەیە لە کوردسـتان. بە پـاڵ ئەمەشـەوە لەو مـاوەیەدا بەردەوام داگیـرکەران بە بەرنـامە و سیسـتماتیک هەوڵ دەدەن ئوسـتوورە و روحە نەتەوەییەکانی کورد لە زەین و بیر تاکەکانی کۆمەڵگەدا لاواز و تەنانەت سووک و بێبایەخ بکەن و، ئوستوورە و شانازییەکانی خۆیانیان بۆ زل دەکەنەوە.

بەڵام ئاڵوگۆڕەکـانی سـەدەی بیسـت و یەک و بەتـایبەتیش، ڕووداو و پاشـهاتەکانی پـاش بەهـاری عەرەبـی، بە چەشنێکی بەرچاو، غرووری پێشێلکراو و سەرکزی کوردبـوون دەگەشێننەوە و تەنـانەت تـا ئاستی نۆستالۆژییەکانی مێـژووی کـۆن و سـەربردە ئەفسانەئاسـاکان بەرزی دەکەنەوە. لێـرەدایە کوردبـوون لە ئاسـتی هەر چـوار پـارچەی کوردستان گڕ و تینێکی تایبەت بە هێز و بیـری تـاکی کـورد دەبەخشێتەوە، هەتـا شووناسـی سـەرەکی خـۆی لەژێـر هێژمـۆنی سـاختە و دەسکردی داگیـرکەراندا ڕاسـت بکـاتەوە. گیانبـازی و قارەمـانێتی گەنـج و لاوی کـورد بە ژن و پیاوەوە ئەفسانە بۆ جیهان دەخوڵقێنن، شەڕی دژی وەحشیترین تاقم و بیری تاریکی سەردەم، کورد و تـاکی کـورد لە جیهاندا وەقەدر و قیمەت دەخا و لە تاکێکی بێ نیشتمان و دەوڵەتەوە دەیکا بە پاڵەوانێک کە لەبـرِی جیهـان شەڕی دژی تیرۆر دەکا. ئەو گەشانەوەی پێناسە پێخوستکراوە تەنیـا بە کوردستان و کـۆمەڵگەی کوردی ناوەستێ، بەڵکوو لە ئاستی جیهانیـدا کوردبـوون دەکـا بە شـانازی. لە کاتێکدا پێشـتر زۆر کەس چ لە چوارچێوەی دەولەت داگیرکەرانی کوردستان و، چ لە هەندەران کوردبوونی خۆی دەشاردەوە لەجیاتی ئەوەی بە شانازییەوە ناوی بێنێ.

ئەوەنـدەی ئەو کـاریگەرییە بگەڕێتەوە سەر ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، دەبینین تەنـانەت ئەو ناوچـانەی کە تەقەی فیشکی شۆڕشەکانی کوردی پێ نەگەیشتووە و لە شۆڕش دابڕاوە، لە گۆڕەپانی شۆڕشدا قەڵەمبازی کردوە و، پۆل پۆل لاوانی باشووری ڕۆژهەڵاتن چ لە ریزی هێزە کوردیەکانی ڕۆژهەڵاتدا و چ لە باشوور و چ لەوپەڕی ڕۆژاوا بۆ پاراسـتنی ئەو شوناسـەی هەنـووکە دوای مەودایەکـی زۆر بە شـانازییەوە خـۆی پـێ دەناسـێنن، دەردەکەون. دەگەڵ ئەوەشدا بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات کە زیـاتر تـێکەڵاوی شۆڕشـن، بەهـۆی کـاریگەریی کەشی ئـازادی باشـوور لە شوناسـی کوردبـووندا تـۆختر دەبـنەوە، هەتـا رادەیەک شـتێک بەنـاوی ئێرانـی بـوون دەبـێ بە کەموکـوڕییەک. بەرزبوونەوەی ئاستی خوێنـدەواری و هۆشیاری نەتەوەیی کۆمەڵگە و هەروەهـا پەردەلاچوون لەسەر مێـژووی لێڵـی کـورد و نـاوچەکە، پێکەوەلکانـدنەوەی ئـاڵقە ونبووەکـانی مێـژووی کـورد و هەروەهـا فێربـوونی زمـانی بێگانـان و بەتـایبەت ئورووپییەکـان لە لایەن کـوردەوە کە سـەرچاوەی زۆربەی زانسـتەکانن بە مێـژوو و جوگرافیـاوە بگـرە، گرێگـۆڵ و چەواشـەکاریی و بەلاڕێدا بردنەکـانی دەسـەڵاتە داگیرکەرەکـان و ئوسـتوورە و مێـژووە بریقەدارەکانیـان دەردەخا و، کورد بەرەبەرە بەرەو ئوستووره و روحیاتی خۆی دەگێڕێتەوە.

ئەم خۆناسینەوانە و بەگشتی ڕووداوەکانی ناوچەکە هەموو کـاریگەرن کە کـۆمەڵگەی کوردی جیاوازییەکـانی خـۆی و هێـز و پوتانسییەلی خـۆی بناسـێ و لەسـەر ئەو تـوخم و بنەمایـانە پێناسـێکی جیـاواز بۆخـۆی بـدۆزێتەوە. ئەم بەئاگاهـاتنەوەیە کە نەک هەر دەسـەڵاتدارانی تـاران، بەڵکـوو کۆمەڵگەکانیشـیان دەخـاتە پەلەقـاژە و خەم لە ڕەوینەوەی هێژمۆنی تیف تیفەدراو و دروستکراوی نەتەوەیی خۆیان بخۆن و قوڕ بۆ نۆستالۆژییە خەیاڵاوییەکانیان بخۆن. هەر بۆیەشە لە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا بە دەیـان و سەدان شینگێڕ پەیدا دەبێ کە گـوایە کـورد لە فڵان شوێن نە خۆی بە عێراقی دەزانێ نە ئێرانی، کوردبـوون وەک مۆتەکە لێرەوەیە بیـر و زەینـی تـاکی ئەو کـۆمەڵگە خۆبەزلزانە خەیاڵاوییانە دەخەسێنێ کە هەموو شتێکیان تەنیا لە ڕۆچنەی پێناسەی خۆیانەوە دەوێ.

بەڵام ئایا لێرەدا برازی ڕۆژهەڵات توانیوێ خوێندنەوەی بۆ ئەم دۆخە و ئەو گۆڕانە بنەڕەتـیە هەبێ، یـان ئەوەی بە چـاولێکەریی ڕێبەرانـی پێشـوو و بـۆ ئەوەی دڵـی ناوەندنشینان لە خـۆ زویـر نەکەن، لە هەمـوو ئێرانـیەک ئێرانیتـر دەبـن. ئەوەی تـا ئێسـتا ڕوون و ئاشکرایە هـیچ پێکهـاتەیەکی شـوێندانەر و کـاریگەری ڕۆژهەڵاتـی نەک خوینـدنەوەی بـۆ ئەو گـۆڕانە هـزرییەی کـۆمەڵگەی کوردسـتان نەکـردوە و لە وتـار و وێژمـانی هـیچ لایەنێکیشدا دەرنەکەوتووە، بەڵکوو هیندێک هێز بە خۆسەرقاڵ کردن بە هەندێک درووشم کە تەنیا بـۆ سـەر کـاغەز دەگـونجێن لە بیری پێکەوەلکاندنی هەمیشەیی پارچەکـانی کوردسـتانن بە داگیـرکەرانەوە. هێـزە ڕەسـەنەکانیش لە سـەرەتای دامەزرانیانەوە بۆ ئەوەی مۆرکی جیاییخوازیی لە خۆیان دامـاڵن، خۆ بە ئێرانی بـوون پیناسە دەکەن و، دروشم و ئامانجە ستراتیژییەکانیان بـێبەرییە لە دروشمێکی رووتـی ناسیۆنـاڵیستی کە حەوجێیەتـی ئێسـتای هـزری لاوانە. تەنـانەت ئەو بـزاڤە رزگـاریخوازە نەیتوانیـوە لە تـوێی چـالاکی مێـدیایی و راگەیانـدنیشدا یارمەتیـدەر بە

بەرزرکردنەوەی هەرچی زیاتر ئەو هەستە، کە دەتوانێ داهاتووی لەسەر بنیات بنرێ. لەڕاستیدا ئەو کەمکارییە ئەوە دەردەخا کە بزاڤ هێشتاش لە بواری فیزیکییەوە دەڕوانێتە کۆمەڵگە هەتا هێزێکی فیکری، یان بە واتایەکی دیکە دینامیزمی بەدیهاتنی ستراتیژی کوردبوون لە چەکدا دەبینێ هەتا لە بواری هزری.

لە ژمارە ٧٠٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠١٧

---------------------------------------------------------

## بێهەڵوێستیی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات دەنێوان بەرداشی بناژۆخواز و ڕێفۆرمخوازاندا

شەڕی دژی کورد و کوردبوون لەو ڕۆژەوەی ڕۆژمێری مێژوو وەبیری دێ، لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەو حکوومەتانەی ئێستا چوارچێوەیەکی جوغرافیایی بەناوی ئێران لە پاش بەجێماوە، نەپساوتەوە و بەگوێرەی کات و سات لە هەڵکشان و داکشاندا بووە. بەڵام دەگەڵ گەیشتنی شەپۆلی دیاردە جیهانییەکانی ڕۆژاوا، بەتایبەتیش بابەتی دەوڵەت نەتەوە، ئیدی ڕەشەکوژی و ژینۆسایدی کورد پێی نایە قۆناخێکی تازترەوە. ڕێژیمی پەهلەوی بە داتاشینی ناوی تازە بۆ مەمالکی مەحروسەی شایە یەک لە دوای یەکەکان، تیۆریی خۆی بۆ تواندنەوەی هەموو نەتەوەکانی ئەو جوغرافیایە دەنێو نەتەوەی فارسدا چڕوپڕ دەستی پێکرد و هەر بەو بۆنەیەشەوە بۆ کڵاو لەسەر کوردنان، خزمایەتی زمانی کوردی و فارسیی کردە فاکتەر بۆ خزمبوونی کورد و فارس و بە تیۆرییە خەیاڵاوییەکانی وەک ئاریایی بوون و زنجیرەی پاتشایی هەزاران ساڵە و داتاشینی ئەفسانە و ئوستوورە هەوڵی تواندنەوەی دوو بەرابەر کرد. بەڵام دەگەڵ ئەوەشدا دەنێو نەتەوەکانی مەمالکی مەحروسەشدا کورد وەک هەمیشە لە هەمووان زیاتر لاساری کرد و دژی پلان و گەڵاڵەکانی ڕێژیمی پەهلەوی ڕاسا و ملی بۆ ویستی شا بۆ توانەوەی خۆی دانەنواند.

شۆڕشی ٥٧ دژی داخراویی سیاسی و کەشی ترساندن و تۆقاندنی سیستمی پاشایەتی بەهیوای دەستەبەربوونی دیموکراسی و پێکهێنانی دنیایەکی سەردەمیانە و ئازادتر بە خوێنی گەلانی پێکهاتەکە سەر خرا، کە دیارە کورد لێرەشدا تێچووی کەمینەدا. بەڵام شۆڕشی بەتاڵانبراو و سیستمی نامۆی ویلایەت فەقیە هەر زۆر زووتر دوژمنایەتیی خۆی دەگەڵ کورد دەربڕی و هەروەک چۆن کورد و بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە هەموو کەس باشتری ئەو پێکهاتە تازەیەی ناسی، ڕێژمی تازەش باش لە ملکەچنەبوونی کورد و هیوا و ئاواتەکانی شارەزا بوو. هەر بۆیە فتوایەک کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دەریکرد، هەتا ئێستاش بە جۆرێک لە جۆرەکان درێژەی هەیە. لە

تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا ژینۆساید و سڕینەوەی جەستەیی و فیزیکی کورد بۆ تاکە ڕۆژێکیش ڕانەوەستاوە و ڕاناوەستێ، بەڵکوو ئەو کاتەی هەست کراوە کوردستان لەوپەڕی ئەمنییەت دایە، جۆرەکانی ژینۆسایدی کورد بەتوندوتیژترین شێوەی گونجاو درێژەی هەبووە. یەکێک لەو سەدان شێوەیەی کۆماری ئیسلامی کوردی پێ کردۆتە ئامانج، کوشتنی کۆڵبەران و کاسبکاران لە سەر سنوورە دەسکردەکانی نیوان باشوور و ڕۆژهەڵاتە. ئەو پیاو و ژن و لاو و منداڵانەی لەجیاتی مل شۆڕکردن بۆ ئێرانییەکان سەری خۆیان هەڵدەگرن و بۆ دەستخستنی نانێکی سەربەرزانەوە بە ڕێگە ڕژد و هەڵەمووتەکاندا هەڵدەگەڕێن، هێندە ترسی ڕەدڵی ئێرانییەکان خستوە و بەچەشنێک بیر و زەینی دەسەڵاتدارانی تارانی داگرتوە، کە لەو سنوورانە نەک تاکی کورد تەنانەت بەزەییان بە ئەسپ و ئیستر و ئاژەڵێکیشدا نایەتەوە کە ئەم ڕێگە هەڵەمووتانەدەبڕێ.

دەگەڵ قووڵبوونەوەی کێشە و ململانێی باڵەکانی ڕێژیم بۆ پاوانی دەسەڵات، کە دوایین وێستگەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری بوو، کورد لە ڕۆژهەڵات زیاتر دە نێوان بەرداشی ئەو دوو باندەدا هاڕاوە و دەهاڕێ. ئەگەرچی گەلی کورد دەو بێنە و بەرەیەی پاوانخوازان قەت نەکەوتۆتە لایەک، بەڵکوو دە هەڵبژاردنە مەهەندیسیکراوەکاندا و ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و... ییەکانی ڕێژیمدا هەمیشە جۆرێک دەنگی ناڕەزایەتیی خۆی دەرخستوە و هەمیشە بە بەشداری و بایکۆت، ئەو ڕووداوانەی کردۆتەوە دەرفەتێک بۆ نا گوتن بە حکوومەت، بەڵام ڕێژیم و بەرەکانی داخی یەکتریشیان بە کورد و کۆمەڵگەی کوردستان ڕشتوە، دەگەڵ ئەوەی هیچ کام لەو باڵانە هەتا ئێستاشی دەگەڵ بێ، چ قازانجێکیان جگە لە زیان بۆ کورد نەبووە. شکستی بنئاژۆخوازان دەهەڵبژاردنی ئەم خولەی سەرکۆماریدا شەڕەدندووکە و ململانێکانی ئوسولگەرا و ئیسلاحتەڵەبانی بەوپەڕی خۆی گەیاندوە و، گۆڕەپانی کوردستان و، کورد وەک گشتێک کە لە موساحیبە تەبلیغاتییەکانی بەر لە هەڵبژاردنیشدا وەک بەشێک لەو یەکە جوگرافیاییە ناوی دەهات، کردوە بە شوێنی خۆ بە یەکتر تاقیکردنەوەی دوو باڵەکە و ڕاوێژی ناتەبا و ناکۆکیی مۆرە دیارەکانی ئەو دوو باڵە بە کوشتنی کورد وڵام دەدرێتەوە. بە واتایەکی دیکە کورد و کۆمەڵگەکەی بۆتە شوێنی بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی لایەنەکان و، بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێکیش سووکەئاوڕێک لە خواست و ویستی کورد بدەنەوە، مانۆڕ لە سەر ئەو گەلە دەدەن. ڕەنگە تەنیا ئەو وڵاتانەی تووشی شەڕی نێوخۆیی دەبن، ڕۆژانە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانیان هاووڵاتییان بکوژرێن، بەڵام لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە ڕێژیم مانۆری دووڕگەی ئارامی لەسەر لێدەدا، ڕۆژانە لە وڵاتێکی وەک ئوکرایندا کە هەنووکە جۆرێک تووشی شەڕی نێوخۆییە، زیاتر تاکی کورد بە سەرمایەکەوە کە ئاژەڵێک بۆ ئاودیوکردنی بارە دەفەوتێنرێ. لەو نێوەشدا کۆمەڵگەی جیهانی هیچ کە سەرقاڵی کێشەی گەورەترە ، کۆمەڵگەی نێوخۆییش جگە لە کۆمەڵگەی کوردی، ئەوانی دیکە کوژرانی گەنج و لاوی کورد سەرنجیان ڕاناکێشێ، بەڵکوو زۆربەی نزیک بە هەمیشە خاوەن تێڕوانینی حکوومەتن بە ئۆپۆزیسیۆنشەوە بۆ کورد و ویستی کورد و، تەنانەت کوژرانیرۆژانەی تاکی کوردیش کۆمەڵگەکەی خۆیشی تووشی جۆرێک بێهەڵوێستیی سەبارەت بەو ڕەشەکووژییەی ڕێژیم کردوە. کۆمەڵگەیەک کە هەتا ئێستاش وەک دەلاقەیەک بۆ گەیشتن بە ئازادی

و دیموکراسی بۆ ئەو یەکە سیاسییە چاوی لێدەکرێ، کۆمەڵگەیەک کە ئێستاشی دەگەڵ بێ خاوەن بەهێزترین بزاڤ و ماندووترین ڕێبواری ڕێی ئازادییە، هەواڵی کوژرانی هێز و سامانی مرۆیی خۆی هێندە لا ئاسان بووە، کە هیچ جۆرێک نابزوێ. ئەو کۆمەڵگەیەی مەڵبەندی ئازادیخوازانی نەتەوەکانی دیکەش بوو، هەنووکە بە چەقین دە نێوزلکاوی خەون و ئاوات یان باشتر بڵێین خەیاڵ و خوڵیای نەتەوەی باڵادەستدا، بایەخ و بەهاکانی کۆمەڵگەی خۆی لێ کاڵ بوونەتەوە و روحی کوردبوون تێیدا دەبزرکێ. ئەمە لە حاڵێکدایە بەشەکانی دیکەی کوردستان بەردەوام شانازی نەک هەر بۆ کورد، رۆژانە شانازی بۆ جیهان و مرۆڤایەتیش تۆمار دەکەن، کۆمەڵگەی رۆژهەڵات لە هێندێک بۆنە و ڕووداودا نەبێ، بەگشتی لە ئاست لە دەستچوونی سەرمایەی ئینسانی خۆی کەمتەرخەم دەنوێنێ.

لە ژمارە ٧٠٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستیی ٢٠١٧

---------------------------------------------------------------

## چەمکی پێشمەرگە لە نێو گەلی نیشتمان داگیرکراوی کورددا

چەمکێکی هەتا رادەیەک تاقانەیە. نەک بەو مانایەی دەکرێ مۆنۆپۆل بکرێ، وەک هەر دیاردەیەکی دیکە هەلپەرستان وبازرگانان بۆ ئارمانجی تایبەتی خۆیان بەکاری بێنن، بەڵکوو بەو مانایەی دەکرێ لە فەرهەنگ و ژیانی ئەم گەلەدا گشتگیرتر بکرێ و زوو زوو دووبارە پێناسە بکرێتەوە. هەروەک چۆن پاوانکردنی شۆڕش و خەبات زەبری قورس بە ئامانجی نەتەوەکەمان دەگەیەنێ، داخراو هێشتنەوە پێناسە و تەنانەت رۆڵی پێشمەرگانەش خەسارێکی قەرەبوو نەکراوە لە کاروانی خەبات و گەل دەدا. هەر بۆیە پێویستە ئەم چەمکە هەر بە چەک و رەختی شەڕەوە نەبەسترێتەوە، بەتایبەت بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، پێویستە پێناسە و تایبەتمەندییەکانی پێشمەرگە دابەشی سەر تاکەکانی کۆمەڵگە بکرێ. نیشاندانی هەندێک وێنەی ئاماتۆری پێشمەرگە یان تەسویری جەولە بە کەواوپاتۆڵی قەدی ئۆتوو نەشکا، نۆستالۆژی پێشمەرگە و ئەو وێنایەی کومەڵگە و نەوەی نوێ لە پێشمەرگەی هەیە، تووشی کاسان دەکا. بۆیە لەبەرە بەری ئەو رۆژەدا پێویستە مێدیای بزاڤی رۆژهەڵات چەمکی پێشمەرگەبوون لە هەناوی کۆمەڵگەدا نیشان بینەر بدا، واتە دەگەڵ بەرزراگرتنی یاد و ناوی پێشمەرگە، کە زیاتر بیرخەرەوەی ئەو چەکدارەیە پێوەستە بە حیزبەکان، کارەکتێرە پێشمەرگە ئاسانی نێوخۆ بکرێن بە وێنەی پێشمەرگە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٣ی دێسەمبەری ٢٠١٧

# ڤالێنتایەکەمان جوانە

چەند جووتە چەمک (هێلکە ـ مریشک،، زمان ـ هزر،، جووڵە ـ مادده و..) زۆر لەمێژە جێی باسی تاک و گشتی کۆمەڵگەن. ئەگەرچی هەتا ئێستاش وڵامێکی بڕاوەیان بۆ نەدۆزراوەتەوە. بەڵام یەک شت روون و حاشاهەڵنەگرە کە ئەوەیش ئەو چەمکانە بە بێ یەکدی مانا وەرناگرن یان پەسیڤن، یان تەواوکەری یەکتر. بۆ وێنە هەتا شتێک دە هزر و بیردا نەگووڕێ، دە زماندا رەنگ ناداتەوە، بە دیوەکەی دیکەشدا هەر راست دەردەچێ، واتە هەتا وشەیەکمان بۆ چەمک و مانایەک نەبێ، دە بنەوانی هزردا جێ ناگرێ. ئەم پێوەندییە دوولایەنەیەی هرز و زمان وای کردوە زۆر نەتەوە یەکیش لەوان کورد لەم بوارەدا تووشی هەڵخەڵەتان و هەڵخلیسکان بێ. بەو واتایەی وێنە (تێرم. زاراوە. اصطلاح)ی زۆربەی چەمکەکانی تەنیا بە روخسار وەرگرتووە بەبێ ئەوەی بوارە هزرییەکەی لانیکەم بۆ ئامادە بکا، یان بواری هزری بۆ پێکهەڵکردنی بیر و زمان (تێرم و زاراوە) خۆش کردبێ. ئەگەر بڕوانینە کۆمەڵگەی کوردی بە تەرمەک لەو ناتەباییە هزری و زمانییە دەبینین. بەرچاوترینیان دیمۆکراسییە، وەک وشە و زاراوە بنێشتەخۆشکەی زار و زمانی سیاسی و... شوانیشە، کەچی چونکی دە بنەوانی هزر و بیردا رەگەزەکانی دیموکراتی نەمەیوە، بە کردەوە لای زۆربەی تاک و رێکخراوە کوردستانییەکان نەزۆکە. ڤالانتانیش یەکێکە لەم زاراوە و چەمکە خشت و قشتیلانەی تەنیا وێنەکەیمان لە دەرەوەڕا وەک کەوشی چینی وەرگرتوە، کە ئەگەر رۆژێکمان دە پێدا بێ، ئێوارێ تیشاڵ تیشاڵ دەبێ. جا ئەوە فەیس بووک و خۆڕانان و خۆنواندنەکانی لێدەرچێ، چونکی کۆمەڵگەی هەژار بۆ کردنەوەی گرێکانی سەر دڵی هەمیشە خۆڕانانی پێ دەمێنێ. ئەگینا ئاوڕ لە هەواڵەکانی حەوتوویەک لەمەوبەر بدەوە، بزانە رۆژانە ئافرەتی کورد نەکوژراوە؟ جا لەوەی گەڕێ لەو چل ملیۆن کەسە (بیستی ئافرەت) داخوا چەندی کۆیلە و چەندی وەک مرۆڤ ژیانی پێدەدرێ. ئەم باسە زۆرە هەر ئەوەندەم داخی دڵ پێ رشترا.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٤ی فێبریوێری ٢٠١٨

-----------------------------------------

# بانە کۆتایی و دەستپێکی پیلانێکی بەربەرین

لە کەس شاراوە نیە، ئەم پیلان و کارەساتانەی کۆتایی ساڵ ٢٠١٧ و سەرەتای ٢٠١٨ بە سەر کورد هاتن، داڕێژەر و جێبەجێکەری سەرەکی کۆماری ئیسلامی (ئێران) بوو. لە کەرکووکەوە بگرە هەتا عەفرین و پاشانیش ئەو شەڕ ڕەوانی و دندووکەیەی باشوور (دیارە هێزەکانی باشوور بواری تێکدانی نێوماڵ کوردیان هەر لەمێژە تێیدا گووراوە) کە بەکردەوە بۆتەوە دوو ئیدارەیی و هەر پیلانێکی دیکەی هەنووکە بۆ کورد لە گۆڕێ دایە، یەکەم داڕێژەر و جێبەجێکاری ئێرانە. هەموو ئەو شەڕ فرۆشتنەی ئەو وڵاتەش بەهۆی ئەو پارچەیەیە دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو یەکە سیاسییەی کە نەک هەر دە هزر و بیری دەوڵەتدارانیدا، بەڵکوو بەگشتی زەین و بیری زۆربەی تاکی ئێرانی بەتایبەت فارس و تورکدا تەرمەکە تەوەهوومێکە بەدرێژایی چەندین هەزار ساڵ و خەون و خەیاڵێکی خاوی خاوە ژیار و...

داڕێژرانی بناخەی وڵاتێک بەناوی ئێران لەسەر تەرمەکە پەینێک (کۆمەڵێک تەوەهووم و درۆی شاخ و سمدار، کە ڕەزا قەزاق بۆ یەکدەستکردنی ئیمپراتورییەکەی)دە مێشکی خەڵکی خزاند دەگەڵ رووخانی بەهۆی پووچکردنی مێشکی خاوەندارانییەوە نیشتمانی نەتەوە سەردەستەکانی دە ڕیخ وەردەدا، سوور سوور دیاریشە کێ دەتوانێ ئەو خەیاڵە بە بنەما لەسەر پەین و پووش و پەڵاشە بلەقێنێ. هەر بۆیە ترسی کورد و کوردفۆبیایی لە هەموو شتێک زیاتر مەمالکی مەحرووسە دەترسێنێ، تەنانەت ڕەنگە لە هەموو ئەو دوژمنە داتاشراوانەی ڕۆژانە کۆمەڵگە کۆپیکراوەکەی خۆی پێدەترسێنێ. هەر بۆیە پێویست ئەو دەسەڵاتە دە نێوخۆدا، واتە پارچەی ڕۆژهەڵات بەدەردێکی زۆر سامناکتر لەو دوو سێ بەشەی دیکەی کوردستان بەرێ.

ئەوانەی دە کاری سیاسی و بەتایبەتیتریش ئابووریدا قاڵن و بەدواداچوون بۆ ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن، دەزانن بانە لەمێژە وەک یەکێک لە جەمسەرە ئابوورییەکانی ئێران سەیر دەکرێ، تەنانەت کاریگەریی بانە و بازاری بانە بەڕادەیەک گەیشتووە، کە بتوانێ بازارەکانی ناوەندی ئەو وڵاتە تووشی شۆک بکا.

کۆمەڵگەی کورد لە ڕۆژهەڵات کە هەتا ئێستاش وەک سەرەکیترین مەڵبەندی وەستان دە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا سەیر دەکرێ و سەرەڕای هەموو کارەسات و هەڵاواردن و... چۆکی بۆ ئێران دانەداوە، هەنووکە بۆتە خاوەن چەکێکی بەهێزی ئابووری. سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لێرە دایە دەلەنگێ، واتە نەک نەیتوانی کۆمەڵگەی کوردی کەوی و سەر بەخۆی بکا، بەڵکوو کورد دیسانیش بە شانی شاخانەوە سەربەخۆیی ئابووری دەستەبەر کردوە.

دەسەڵات بە بڕینی نانی خەڵک لە بانەوە، کە بەدڵنیاییەوە لە ئەگەری بەچۆکدا هاتن دا، لە بازرگانەوە هەتا ئێلامیش جێبەجێ دەکرێ، دەیەوێ ئەو پیلانەی بەگشتی لە سەر ئاستی کوردستانی گەورە بۆ کوردی داڕشتبوو لە بانە تەواو بکا و چەخماخەی پیلانێکیش بەتایبەتیتر بۆ رۆژهەڵات لێ بدا، کە ئەگەر هەروەک دەبینین، شارەکانی دیکەی کوردستان لێی بێدەنگن، بچێتە پێش، ناوچە بە ناوچە و شار بە شار جێبەجێ دەکرێ. یەکێک لە گرنگترین ئامانجەکانیش نەهێشتنی سەربەخۆیی ئابووری خەڵکی کورد و بەستنەوەی رسقی رۆژانەی گەڵی کوردە بە دەسەڵاتەوە. ئێستاش درەنگ نیە، بە تێکەڵبوونی شارەکانی دیکە دەکرێ رۆژهەڵات نەبێ بە باشوور و رۆژاوا، چونکی بەدڵنیاییەوە پیلانەکانی رێژیم ورد و میلیمێترین، لە ئەگەری سەرنەکەوتنی هەر قۆناخێکدا دەتوانێ قۆناخەکانی دیکە نەزۆک بکرێ، هەروەک چۆن لە کەرکووک بەرگری نەکرا، ئەفرین داگیرکرا، ئێستاش بانە دەسپێکە، ئەگەر بانە بکەوێ رۆژهەڵاتیش دەکەوێ، جا رەنگە زەبری ئەو کەوتنە زوو و قوورس هەست پێنەکرێ، بەڵام جەرگبڕتر و کارەساتبارترە

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٨

------------------------------------------------------------

## بزووتنەوەی رۆژهەڵات، خوولانەوە لە دەوری بازنە

ئەگەر بەسەر پێوە چاوێک بە سەربردەی بزاڤی رۆژهەڵات لە سەرەتاکانی سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ی گەلانی نێو چوارچێوەی یەکەی سیاسی ئێراندا بخشێنین، دەبینین ئەم بزاڤە ئێستاش ساواتر لە ساتەکانی داڕمانی حکوومەتی شایەنشیاییە. بەو واتایەی جگە لە بەکارهێنانی سەقەتی تێکنۆلۆژی بۆ شەڕی رەوانی دژی یەکتر، هیچ هەنگاوێکی کردەیی بە ئاقاری مسۆگەرکردنی مافی گەلی کورد لە رۆژهەڵات و یەکخستنی نێومالّی کورد نەناوە، بەڵکوو درزەکانی نێو ئەم خانووە کاولەی هێندی دیکەش لەبەر یەک قەڵەشاندوە. کادر و پرسێنلی ئەم لەتە حیزبانە بەڕوونی دەرخەری شکستخواردوویی سیستمی پەروەردەی سیاسی و... ئەم بزاڤەن. بزاڤێک کە سات بە سات بە گوێی چوارقورنەی دنیادا دیموکراسی و پرۆڤەی دیموکراسی دەخوێنێ، نەیتوانیوە، ئەم کەمە ئەندامانەی خۆی، کە لەسەدێکی کەمی کۆمەڵگەن، پێکهەڵکەر و خاوەن تۆلێرانس رابێنێ، هیچ، بەڵکوو کادر و پێرسێنێلی بزاڤ، تووتی ئاسا خەریک دووبارەکردنەوەی هەر چەشنە قسە و گووتارێکە، کە حیزبەکەی یان لایەنەکەی خۆی دەریدەکا. بەواتایەکی دیکە ئەو سیستمەی بزاڤی رۆژهەڵات هەتا ئێستا کاری پێکردوە، مرۆڤێکی ساغ نەکردۆتەوە رابمێنێ، بەڵکوو دیوارێکی لە مرۆڤەکان هەڵچنیوە، کە گووتاری حیزب وەک دەقی ئایینی وەرگرێ و، دە نێو

بازنەی بچووکی هاوریزانیدا بەپیرۆزی بکا. داکۆکی بێ ئەملاو ئەولای ئەندامانی هەموو ئەو حیزبانەی ڕۆژهەڵات لە گووتار و کرداری ڕێبەرانی خۆی سەلمێنەری ئەم راستییەن. دە حاڵێکدا ئێران و ناوچەکە بە هەستیارترین قۆناخدا تێدەپەڕن، تیر و شیر لێک سوانی ئەندامانی حیزبەکان، کە دیارە پاڵنەرەکەی خودی حیزبە، بەوپەڕی خۆی گەیشتووە. لە کاتێکدا دەبوو هەنووکە بزاڤی ڕۆژهەڵات خەسارناسی ڕۆژانی بەر لە شۆڕشی ٥٧ و کەموکوڕییەکانی بزاڤ لەوکات بەدوا بکا، تاق و لۆق بۆ شانتاژ و هاوینە هەوار ڕوویان دە ئوورووپا و ئەمریکا کردوە. ئەوە لە حاڵێکدایە، ئەگەر کۆبوونەوەیەک، یڵن بانگهێشتێکی گرنگ و چارەنووسساز دە گۆڕێدا بێ، نەک ئەندامانی حیزب بە پانەوە، بەڵکوو زۆربەی سرویسە جاسووسییەکانی دنیاش لێی ئاگادار نابن. چونکی دەڕاستیدا پلانە راستەکان لە پشتی پەردەو، مامله و ساتوسەودا گەورەکان لە کون ڕەشی سرویسە جاسووسییەکاندا دەکرێن، ئەوە دواترە لە کۆشک و تەلارەکان وێنەی لەسەر دەکێشن و تاڵی پێدادەکەن. دیارە ئێمەی کورد سەرەتا وێنەکەی دەکێشین، پاشان خۆمان لە کونەڕەشی ناوەندە ئەمنییەتییەکاندا دەبینینەوە.

بەکورتی ئەگەر ڕەوتی وەخۆکەوتنی بزاڤی ڕۆژهەڵات ئەم ئاقارە بپێوێ، کە هەنووکە گرتوویەتی، دەبێ بڵێم، ئەمجار بازنەی خولانەوەمان لێ تەسکتریش دەبێتەوە، بەو واتایەی، دەسکەوتی کوردی ڕۆژهەڵات لە شۆڕشی ٥٧ زۆر زیاتر دەبێ لە هەر گۆڕانێک کە بەسەر ئێراندا بێ

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٤ی جوونی ٢٠١٨

---------------------------------------------------------

## پرسی زمان بەر لەوەی بابەتێکی سیاسی بێ، پرسێکی کۆمەڵایەتییە.

بەڵام چونکی سیاسەت لە دنیای ئەمڕۆدا هەموو ڕەهەندەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤی بەپانەوە گرتۆتە باوەش، زمانیش بەتایبەتی بۆ نەتەوەیەکی وەک کوردی داگیرکراو، کە زمانەکەی بە توخمی بنەڕەتی ناسیۆنالیزمی کوردی دادەنرێ، دە سیاسەتدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە. بەڵام نابێ لێمان تێکبچێ، دەرکی دنیای سیاسەتی دروست و ئوسوولی لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش، ماف و زۆر شتی سەردەمیانەتر دەسووڕێ، هەتا وەک ئەوەی ئێمە پێوەی نووساوین. بۆ وێنە من لە دانمارکێک دەژێم بە حەشیمەتێکی سەرووی پێنج ملیۆنەوە. ئەو وڵاتە بچووکە بەبێ لەمپەڕی سرووشتی واتە شاخ و ڕووباری -- چونکی لەمپەڕە؟سرووشتییەکان لە کۆندا کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر دروستبوونی زاری جیاواز هەبووە -- گەورەوە هەر شارەو شێوەزاری خۆی هەیە، تەنانەت زۆنی حیزبایەتیشیان وەک

لای خۆمانە. لە هەڵبژاردنەکاندا کە ئاکامەکانی هەڵبژاردن لەسەر نەخشە دیاری دەکرێن،ئەو وڵاتە دەبێ بە چەند وڵاتی جیاواز، بەڵام ماف و بەرژەوەندی هاوبەش کردوونی بە دانمارک. مەبەست لەو چەند دێرە نووسینە، هڕووشمی رێکخراوی پۆلێک خەڵکە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ؟سەر سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستان خالید عەزیزی، کە بوونەوە بە سکرتێر، ئاراو و قاراوی لێهەڵگرتوون. نازانم بەڕاستی عەزیزی لەسەر زمان چی وتوون، بەڵام خۆ سیاسییەکیش دەکرێ هەڵەی هەبێ، ئەوەی بێ هەڵە بێ، هێشتا نەهاتوتە سەر زەوی و، نەک بە خالید عەزیزی بەڵکوو بە هەموو سیاسییەکانی کوردستان ناکرێ زارێی زمانەکە بسترێنەوە، یان لەبەر چاو نەگرن. بۆ ئەوەی باش تێبگەین،باشووری کوردستان روونترین و ئاشناترین نموونەیە، نەک سیاسەت نەیتوانی لە بەرژەوەندی زارێک، زارێکی دیکە بخەسێنێ، بەڵکوو بەرژەوەندی چەپەڵی حیزبایەتی وای کرد، ئەوەی هەشبوو،تێکدەن. زمانی ستانداردیش بە سیستمی ستاندارد ساز دەکرێ، نەک بە هزری حیزبایەتی پاوانخوازانە، بەر لە هەموو فاکتەرێکیش، بازار و ئابووری لەمرۆی ژیانی زماندا رۆکی سەرەکی هەیە. بەڵام دواقسەم بۆ ئەوانەی لە ئاوی لێڵ خەریک بۆق گرتن؛ پێموایە...

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٢٨ی دێسەمبەری ٢٠١٨

----------------------------------------------------------

## بێکەس بوون، نەبوونی کەسوکار نیە

ژیان بە بوونی کەسوکارەوە زۆر خۆشە، بەتایبەتیش لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا کە بوونی کەسوکار پاڵپشت و هێزی بوونە. دە کۆمەڵگەی کوردیشدا، کە دەکرێ بڵێین یەکێک لەو کۆمەڵگە نەریتییانەیە، فەرهەنگ و کەلتووری پڕە لە قسەوباسی پێوەندیدار بە بێکەس بوون. بەڵام بوونی مرۆیی تەنیا ئەو بوونە فیزیکی و جەستەییە ئاراییە نیە، بەڵکوو بوونی بنەمایی و سەرەکی، بوونێکی بەربڵاوتر لە جەستەیە، کە دەیان توخم و چەمکی پێچەڵاوپێچ نوێنگەنی. یەکێک لەو بەرزە رەهەندانەی بوون، پێوەست بوون بە نەتەوەیە، بۆیە ئەگەر لەو بوونە دابڕای، کە شارێکیشت خزموکەس هەبێ بێکەسی. لە مێژووی هاوچەرخی کورددا، پێشەوای مەزن یەکێکە لەو کەسایەتییانەی لە ساتێکی مێژووییدا ئەو بوونەی بۆ پێناسەکردینەوە و لە هەڵدێری نەبوون و بێکەسی گێڕاینەوە، هەرچەند بەر لەویش خەبات بۆ پێناسەی بوونی خۆمان لە لایەن کەڵەپیاوان و ژنانی بەئەمەگی کۆمەڵگە نەپساوەتەوە، ئاواتەخوازەم بۆ تاکە چەند چرکەیەکیش بێ، زەمەن بگەڕێتەوە دواو، لەبەر پێیانی قازی کرنۆش بەرم و پێی بڵێم، تۆ تەنیا کەسی لەسەر زەوی شیاوی کرنۆش بۆ بردنی.

دووی رێبەندان پیرۆز بێ، لەوانەی بێکەس نین.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٢٧ی جانێوێری ٢٠١٩

---------------------------------------------------------

## ئایا حدک بەها نەتەوەییەکان کاڵ دەکاتەوە؟

ئەندام، دینامیزمی زیندووی حیزب و رێکخراوەیە، واتە ئەوە هێزی مرۆییە کە وەک دینامیزمێکی زیندوو بەرگی کرداری دەپۆشێتەوە بەرنامە و پرۆگرامی رێکخراوە. بە کوردییەکەی رێکخراو بەبێ هێزی مرۆیی مانای نیە. لەم نێوەشدا هەموو ئەندامەکان دەتوانن بە بارتەقای لێهاتوویی خۆیان سەنگ و گرنگی بە رێکخراو ببەخشن و بەرەو پێش و تەنانەت بەرەو پاشی بەرن و زیندووی راگرن یان لە لێواری مردنی نزیک بکەنەوە. رێکخراو خۆی بوونێکی زیندوویە، ئەگینا تەمەن ناکا و هەرزوو نەزۆک دەردەچێ، بەڵام ئەگەر ئەو بەدەنەیەی پێکیدێنێ و هەڵیدەسوورێنێ، کەشێکی لەبار بۆ پێشڤەچوون برەخسێنێ هەتا رێکخراو بەرەو گەیشتن بە ئامانجەکانی رێنوێنی بکا و، بەردەوام لە هەموو بوارەکانی ژیانی رێکخراودا بەگوێرەی پێویست گۆڕانکاری بکا، رێکخراو تەمەنێکی دوورودرێژ دەکا، تەنانەت گرەنتی زیندوومانەوەیەتی. بەڵام ئەگەر دینامیزمی مرۆیی و دینامیزی زەینی شانبەشانی یەکتر رێگەی وەدیهێنانی ئامانجەکانی رێکخراو نەپێون، لاسەنگی روو دەدا، کە لاسەنگیش رووی دا، سەنگی و دەنگی رێکخراو لە کۆمەڵگەدا دادەبەزێ، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو رێکخراوە حیزبێکی نەتەوەیەکی بندەستی وەکوو کورد بێ، کە مێژوویەکی دوورودرێژی لە بیرەوەری بندەستەبوویدا پارێزراوە. لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بەتایبەتیش رۆژهەڵاتی کوردستان دوو حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە نیشانیان داوە خاوەن بنکە و پێگەیەکی بەرینی جەمارین، کە دەکرێ بڵێین ئەو سەنگ و قوورساییەیان ئاکامی بڕوامەندبوونی ئەم رێکخراوانە بە ئامانجە بەرزەکانی گەلی کورد لەو پارچە داگیرکراوەدا. کاروانی دوورودرێژی شەهیدانی ئەو حیزبانە نیشانەری سووربوونی ئەم حیزبانەن لەسەر خواستی رەوا و بێ ئەملا و ئەولا نەگۆڕیان لەسەر رزگاری کورد. بەتایبەتیش حیزبی دیموکرات کە لەسەرەتاوە ناسیۆنالیستتر لەدایکبووەو هێناوێتی. ئەم حیزبانە هەرتکیان بەهۆی کەمپنشینی و هۆکارگەلی دیکە، تووشی لەتبوون بوون و، لەتە نوێیەکەیان ناسیۆنالیستریش دەرکەوتن، کە حدک رەنگبێ پێشەنگبووبێ لەمبوارەدا. حدک بەهێنانە ئارای درووشم و پرۆژەی ناسیۆنالیستانەتر رووماییەکی خەستی کوردانەی لە خۆی وێناکرد و، هەر ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی لە رۆژهەڵات زیاتر بکەوێتە بەرسەرنج. ئەگەر لەوە زیاتر درێژدادڕێ نەکەم، هەمووی مەبەستم لەو بەدەنە زیندوو و ئەکتیڤەی حدکە، کەهیچ کات وەک زۆربەی ئەوانی دیکە

گوێڕایەڵی بڕیار و هەڵوێستی هەڵەی ڕێبەرایەتی نەبووەو، هەمیشە کاریگەری نەرێنی لەسەر هەڵسوکەوتی ڕێبەرایەتی هەبووە، بەڵام دواترین ڕووداوی ژیانی ئەو حیزبە دەڵێ، ئەو بەدەنەیەش ڕەنگی بەدەنەی لایەکی دیکەی گرتۆتەوە، بەکردەوە لەو بایەخانە دوور کەوتۆتە ڕۆژگارێک کردی بە پەڵپی دیموکرات لەتکردن. بەشداری ئەندامی ڕێبەری حدک گوڵاڵە شەرەفکەندی لە شووڕای گرازدا بەتەواوەتی پێشێڵی بنەماییترین خاڵی ئەساسنامەیی ئەم حیزبەیە، تەنانەت زەربی سفرکردنەوەی نەک مێژووی چەند ساڵەی خۆی بەڵکوو، مێژووی حەفتا و چەند ساڵەی دیموکراتە. ئەوەی لەم نێوەدا جێی تێڕامان و سەرنجە، تەنیا چەند ئەندامێک لە ژووره تایبەتییەکان دەنگیان هەڵبڕی، کە زۆر بە هەند نەگیرا، ئەمەش نیشانەیەکی دیکەیە، کە ڕێبەرایەتی چیدی ئەو گرنگییە بە دەنگی بەدەنە نادا بە دڵە خۆی ریسەکەی با دەدا. ئەگینا چۆن ئەندامێکی ڕێبەری (ناو ناوبانگی زل و نێو هڵوڵ) یەکەی بەشداری کۆبوونەوەیەک بێ، نەک کورد بە نەتەوە نازانێ، بەڵکوو قبووڵی نیە زمانەکەشت بخوێندرێ (بابەتێک کە هەر ئێستا کۆماری ئیسلامی پراکتیکی لە هەندێک شار جێبەجێی کردوە). کورد لە ڕۆژهەڵات لە هیچ کەسو لایەنێک قبووڵ ناکا لەوە زیاتر سووک بکرێ، بزووتنەوەی کورد و بەشە ڕێبەرایەتییەکی زەمەنێکی دووردرێژە ئاگای لە ڕۆژهەڵات نیە و، دەروونناسی ئەم کۆمەڵگەیە نازانێ، بۆیە وا سووک و ئاسان چۆک بۆ سڕەحیزب و بۆرە کاراکتێری هیچ کەس نەناس دادەداو، بایەخە نەتەوەییەکان ژێر پێ دەنێ. حدک بەو هەنگاوەی گوڵاڵە کەوتە لێژییەوەو، بێدەنگی ڕێبەریش هێندەی دیکەی بەرەو چووکبوونەوە دەبا. هیوادارم بەدەنە دیسان ڕۆڵی هەمیشەیی خۆی بگێڕێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

---------------------------------------------------------

## پڕۆژەی ئەتکی ڕوحی کورد تەنیا یەکڕیزی تێکدەشێنێ

ئێران و تورکیە کورد بە گەورەترین مەترسی سەر وڵاتە بیژووەکەی خۆیان دەزانن، بۆیە هەر چەشنە ڕووداوێک ببێ بەهۆی بەرزوونەوەی متمانەبەخۆیی و شانازی ڕوحی و دەروونی بۆ تاکی کورد چێ بکا، پێی قەڵسن. چونکی نەتەوەیەک ئەگەر تاکەکانی لە بواری ڕوحی و دەروونییەوە زیندوو بن، هەمیشە سەرکەشن و دانامرکێن. سەرکەوتن بەسەر داعشداو شەڕی ئازایانەی پێشمەرگە و شەڕڤانان ڕوحی کوردبوونی بەرز کردبۆوە، هەر بۆیە ئەو دوو وڵاتە کەوتنە بیری ئەتککردنی ڕوحی کورد. پاش کەرکووک و ئەفرین، ئێستاش بەشێکی دیکەی ڕۆژاوا، پاش ئەویش دڵنیا بن بنەماڵە بارزانی لە پێشدا و پاشانیش کوڕخاسەکانی سلێمانیش ئەتک دەکەن، هەتا ڕوحی کورد

بوون بۆ هەمیشە بخەسێنن. باشترین چارەسەریش لای خۆمانە، یەکڕیزی و هەنووکە پشتگیری ماددی و گیانی و مەعنەوی ڕۆژاوا. ئەو چەکانەی ئێستا لە ئەنباری پارتی و یەکێتیدا لە گریس گیراون، لە ڕۆژاوا سوور نەبنەوە، پاش ماوەیەکی دیکە لە هەولێر و سلێمانی ئێوەشی پێ ئەتک دەکەن. وەرن بۆ مێژوو یەکجار دەست لە بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و تاکەکەسی بێنن، ڤامیشلوو، دیاربەکر و کرماشان وەک قووڵایی ستراتیژی خۆتان ببینن و، نەک هەولێر و سلێمانی. هەروەها ئەندامانی پەکەکەش نابێ لە قۆناخەدا بەبێ ڕەخنە لە سەرۆکەکانیان تێپەڕێنن، باش دەزانین زۆربەی ئەو کارەساتانەی ەرۆکی گرتووین، ئاکامی سیاسەتی هەڵەی پەکەکەیە، باشتر وایە بە جێی پشت بەستن بە ئێران روو لە هەولێر بکا.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

---------------------------------------------------------

**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بەفرانباری ٢٧١٩ی کوردی - دێسەمبەری ٢٠١٩ی زایینی**


F-14